# سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی

نووسینی:
سەعید حەووا

وەرگێڕانی:
مامۆستا کرێکار

# سیاسەتەکانی

# دەوڵەتی ئیسلامی

نووسینی: سەعید حەووا

وەرگێڕانی: مامۆستا کرێکار

بۆ پۆلی سێیەمی ئامادەیی ئامەدی ئیسلامی

ساڵی: ٢٠٢١ز-١٤٤٣ك


ماڵپەری زادی

www.zadyreman.com

فەیسبووک

www.fb.com/zadyreman

تویتەر

twitter.com/zadyreman

ئیمەیل

Zadyreman@gmail.com

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنا وَمِنْ سَيِّئاتِ أعْمَالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَأَشهَدُ أنَّ مُحَمَّداً عَبدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ آل عمران: ١٠٢

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ النساء: ١

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ الأحزاب: ٧٠ - ٧١

أمَّا بَعْدُ:فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيثِ كِتابُ اللهِ، وَخيرَ الهَدِيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ صَلى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَمَ وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلَالَةٍ فِي النَّارِ.

## پێشەکیی زادی:

دوای ئەوەی جەنابی مامۆستا کرێکار (خوای گەورە ئازادی بکات) هەر لەزیندانەوە توانیی کتێبی (الإسلام)ـی سەعید حەووا (رحمه الله) هەمووی وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی و ئەوەی چەندین ساڵ تامەزرۆی بوو هاتەدی، وەکو خۆیشی ئەڵێت: "کتێبی (الإسلام) کتێبێکی زۆر گرنگە بۆ رۆشنبیریی سەرەتایی و زانیاریی سەرەکی و تێگەیشتنی ئیسلام بە گشتگیرییەکەی. نووسەری ڕەحمەتی بە فەقێیەتی ڕواوە و ئەکادیمیانە پێگەیشتووە، بیرمەندانە لە ئیسلام گەیشتووە، داعیانە ئیسلامی نیشانداوەتەوە، لەبەر زۆر شارەزایی خۆی لە دینەکە توانیویێتی بۆ چارەسەری زۆر کێشەی سەردەم ئیجتیهاد بکات و ڕاوتێڕوانینی جوان بخاتە بەردەست".

دوای ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی هەر یەك لە کتێبەکانی: (پێنج ڕوکنەکەی ئیسلام، زیانی وەلانانی ئیسلام، بنەماکانی دەوڵەتی ئیسلامی) کە هەموویان بەشێکن لە کتێبی (الإسلام)، کتێبی ئیسلامیش بەشێکە لە زنجیرە کتێبی (الله، الرسول، الإسلام) کە نووسەری ڕەحمەتی شێخ سەعید حەووا ناوی ناوە (الأساس)؛ بە پشتیوانی خوای گەورە توانیمان بەشێکی تری کتێبەکە بەناوی (سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی) ئامادە بکەین و بیخەینە خزمەت موسوڵمانان بە گشتی و فێرخوازانی زادی بەتایبەتی.

دووبارە زیندانیکردنەوەی مامۆستا کرێکار (خوای گەورە ئازادی بکات) ئەو دەرفەتەی پێ نەدا خۆی پێداچوونەوە بە کتێبەکەدا بکات و تەخریجی فەرموودەکان بکات، بۆیە ئێمە بەم ئەرکە هەڵساین و بەپشتیوانی خوای گەورە ئەوەی پێویست بێت بۆی کردوومانە، بێگومان بێ کەم و کوڕیش نابێت.

تێبینی: هەر پەراوێزێك بۆ کتێبەکە نوسرابێت لەلایەن وەرگێڕەوەیە، ئەوەیشی هی نووسەرە یان هی دەستەی زادی بێت ئاماژەی پێکراوە.

بەڕێوەبەرایەتیی زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی (زادی)

# پێشەکیی نووسەر

(١)

ئیســـلام هەر دەبێت حکومەتێکی هەبێت تا پیادەی بکات و ســـەرپەرشـــتیی بکات و بیپارێزێت.

- حکومەتی ئیسلامی زەروورەتێکە بۆ پاراستنی عەقیدەی ئیسلامی لە دەستێوەردان و شێواندنی، لە لێکدانەوەی لار و وێری لادەران و تەفسیری چەوتی زەندەقە و ئینحیراف پێکرنی نیمچە کافران..

زەروورییە بۆ ســـەلماندن و چەســـپاندنی حوکمی مورتەدد (لەدین هەڵگەڕاوە) لەســـەر ئەوەی لە ئیســـلام و موســـوڵمـانێتی پـاشـــگەزدەبنەوە: (مَنْ بَـدَّل دينَهُ فاقتلوهُ)[١] واتە: هەرکەسـێك دینەکەی گۆڕی بیکوژن. کوشـتن دەبێت حکومەتێك بیگرێتە ئەسـتۆ کە لە بارودۆخێکی ئاساییدا دەژی.

- حکومەتی ئیسلامی زەروورەتێکە بۆ پیادەکردنی خواپەرستیەکان:

ئەوانەی لە نوێژکردن ســـتن تەمێ دەکرێن، ئەوانەی لە زەکاتداندا سستن سەرزەنشت دەکرێن و تین و فشـــاریـان دەخرێتە ســـەر، ئەوانەی حەجیـان لەســـەر فەرزە و نایکەن هاندەدرێن، هەڕەشەیان لێدەکرێت.

- حکومەتی ئیسلامی زەروورییە بۆ پاراستنی گیانی خەڵکی:

- ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِصَاصُ فِي ٱلۡقَتۡلَى ۖ ١٧٨﴾ البقرة: ١٧٨ واتە: مافی هەقســـەندنەوەی

---

(١) بوخاری (٣٠١٧)، ئەبو داود (٤٣٥١)، ترمذی (١٤٥٨).

کوژراوتان دراوەتێ و فەرزە.

- ﴿وَلَكُمۡ فِي ٱلۡقِصَاصِ حَيَوٰةٞ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٧٩﴾ البقرة: ١٧٩ واتە: ژیانتان وا لە هەقسەندنەوەتاندایە، ئەی خاوەن هزر و ژیرییەکان، بۆیە ئەم مافەتان دراوەتێ تا مومارەسەی بکەن و لەو ڕێیەشەوە بگەنە تەقواکاری..

- حکومەتی ئیسلامی زەروورییە تا ئابڕوو و ناموسی خەڵکی بپارێزێت:

- ﴿سُورَةٌ أَنزَلۡنَٰهَا وَفَرَضۡنَٰهَا وَأَنزَلۡنَا فِيهَآ ءَايَٰتِۭ بَيِّنَٰتٖ لَّعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ١﴾ النور: ١ واتە: ئەمە (سورەتی نوور و ئەحکامەکانی سزا کە تێیدان) سوورەتێکە ئێمە ناردوومانەتە خوارەوە و فەرزمان کردووە.

- ﴿ٱلزَّانِيَةُ وَٱلزَّانِي فَٱجۡلِدُواْ كُلَّ وَٰحِدٖ مِّنۡهُمَا مِاْئَةَ جَلۡدَةٖۖ ٢﴾ النور: ٢ واتە: ئەو ئافرەتەی زینادەکات و ئەو پیاوەی زینا دەکات هەر یەکەیان سەد قامچیان لێدەن.

- ﴿وَٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ثُمَّ لَمۡ يَأۡتُواْ بِأَرۡبَعَةِ شُهَدَآءَ فَٱجۡلِدُوهُمۡ ثَمَٰنِينَ جَلۡدَةٗ ٤﴾ النور: ٤ واتە: ئەو کەسانەی تۆمەتی داوێنپیسی بۆ ئافرەتانی بەمێرد هەڵدەبەستن و دەڵێن زینایان کردووە، بەڵام ناتوانن چوار شاهید لەسەر ڕوداوەکە بهێنن، هەشتا جەلدەیان لێدەن..

- حکومەتی ئیسلامی زەروورییە تا ماڵ و سامانی خەڵکی بپارێزێت:

- ﴿وَلَا تَأۡكُلُوٓاْ أَمۡوَٰلَكُم بَيۡنَكُم بِٱلۡبَٰطِلِ ١٨٨﴾ البقرة: ١٨٨ واتە بەناهەق ماڵ و سامانی یەکتریی مەخۆن.

- حکومەتی ئیسلامی زەروورییە بۆ بەرپاکردنی جیهاد:

- ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ ٱلۡكُفَّارِ وَلۡيَجِدُواْ فِيكُمۡ غِلۡظَةٗۚ ١٢٣﴾ التوبة: ١٢٣

واتە: ئەی ئەوکەســـانەی باوەڕتان هێناوە دژی کافرانی نزیك لێتانەوە جیهاد بەرپا بکەن و بکەونە کوشتاریان و با توند و تیژیشتان لێوە ببینن.

- حکومەتی ئیســلامی زەروورییە تا هەموو زانســتیەك دەســت موســولْمانان بخات و نەوەکانیان لەسـەر ئیسـلام پەروەردەبکات و سـیستمەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سەربازی و ئەخلاقی و ڕۆشنبیریی ئیسلامی ڕاپەڕێنێت.

- حکومەتی ئیســلامی زەروورییە تا ســەروەرێتی شــەرع باڵادەســت بێت و حوکمی سەرەتا و کۆتا ئەحکامی دینەکە بێت:

ئەگەر ئیسـلام دەسەڵاتی حکومەتییان نەبوو، موسوڵمانان ناتوانن بانگەوازە خواییەکە و ئەحکامەکانی شـەرع بکەنە سەرچاوەی ئاڕاستە و ئیدارە و حوکمڕانی و ناتوانن ئیسلام و موســولْمـانـان بپـارێزن، حەتمەن بەبێ دەســەڵات و حوکمڕانی زەلیل دەبن و دەکەونە بەرەڵایی و خراپەکـاری، چونکە نەفســی مرۆڤ و حەز و ئـارەزووەکـانی نـاخوازن هیچ سنورێکیان هەبێت، ئەمەش بڵاوبوونەوەی (فەساد)ە کە وڵات دەگرێتەوە:

- ﴿وَلَوِ ٱتَّبَعَ ٱلۡحَقُّ أَهۡوَآءَهُمۡ لَفَسَدَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهِنَّۚ ٧١﴾ المؤمنون: ٧١ واتە: ئەگەر هەق شوێن هەوەسی ئەوانە بکەوتایە و بەپێی ئاڕاستەی ئەوان ڕەفتاری بکردایە، خۆ خراپەکاری هەر هەموو ئاسمانەکان و زەویی دەگرتەوە، لەگەڵ ئەوانەی تێیاندا دەژین.

کەوابوو هەر دەبێت حکومەتێك هەبێت کە دەســەڵاتی بەســەر ئەو خەڵکەوە هەبێت و بتوانێت لەهەوا و هەوەسەوە بیانهێنێت بەرەو تەقواکاری و لەبەرەڵاییەوە بەرەو پابەندی و سـەرڕاسـتی، خەلیفەی ڕاشیدیی سێیەم سەیدنا عوسمانی کوڕی عەففان (خوا لێی ڕازی بێـت) دەیفەرموو: (إن اللـه لَيَزَعُ بـالســلطـان ما لا يَزَعُ بالقرآن)، واتە: خوای گەورە ئەو کەسەی بە قورئان ڕاست نابێتەوە و نایەتەوە سەر ڕێ، بەدەسەڵات و هێز دەیهێنێتەوە سەر

ڕێ.

- تا حکومەتێکی ئیسلامی نەهێنرێتە کایەوە موسوڵمانان لە هێمنی و ئاسوودەییدا نابن:

غەیرە موسـوڵمان متمانەی ئەوەی پێناکرێت کە ئازادیی عەقیدە بۆ موسـوڵمانان دابین بکات، غەیرە موسـوڵمان متمانەی چەسـپاندنی دادپەروەریی یەکسـانی بۆ موسـوڵمانان پێناکرێت و یاسا و شەرع و بەرژەوەندیی موسوڵمان ڕەچاوناکات، موسوڵمان لەژێر سایەی حکومەتی نائیسـلامیدا دەشـێت ئیسـلامەکەی زۆر و زوو بکەوێتە مەترسییەوە و ناچار دەکرێت گوێڕایەڵی غەیرە موسوڵمان لەسەرپێچی فەرمانی خوای گەورەدا بکات.. ئەمەش تەنگژەیە، چونکە پێچەوانەکارییە لە نێوان دید و تێڕوانینی عەقائیدیی ئیسلام و ڕەفتار و ڕەوشـتی موسـوڵمانانەوە. ئەمە جگە لەوەی ئەوە ژێردەسـتەیی و زەلیلییەکە کە لایەقی موسـوڵمـان نییە ولەگەڵ ئەو عیززەت و سـەربەرزییەدا نـایەتەوە کە خوای گەورە بۆ موسوڵمانی وویستووە:

- ﴿يَقُولُونَ لَئِن رَّجَعْنَآ إِلَى ٱلْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ ٱلْأَعَزُّ مِنْهَا ٱلْأَذَلَّ ۚ وَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَٰكِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٨﴾﴾ المنـافقون: ٨ واتە: دەسـەڵات و زاڵـیی بۆ خوای گەورە و نێرراوەکەی (ﷺ) و موسوڵمانانە.

- ﴿وَلَا تَهِنُوا۟ وَلَا تَحْزَنُوا۟ وَأَنتُمُ ٱلْأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٣٩﴾﴾ آل عمران: ١٣٩ واتە: ورە بەرەمەدەن و خەم و پەژارە مەخۆن و هەر ئێوە باڵادەست دەبن بەو مەرجەی بەڕاستی موسوڵمان بن.

کاتێك موسوڵمان دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حوکمی غەیرە موسوڵمانەوە ئەم باڵادەستی و عیززەتە لەدەستدەدات.. ئەوە هەر خۆی زەلیلییە.

ئەمە بەشـێوەیەکی گشـتییە.. ئەمما حکومەتانی ئەم سـەردەمە مافیان بەخۆیانداوە کە

لەهەموو شتێکی گەورە و گچکەی کاروباری هاوڵاتیاندا حوکمیان هەبێت و بەوشێوەیەی خۆیـان بەڕاسـت وڕەوای دەزانن و دەسـتێوەردانیـان لە (وجود) یاندا هەبێت، ئەو دید و تێڕوانینەیـان لەسـەردا دەدات کەخۆی بەڕاسـتی دەزانێـت، ئەو بەرنـامەیەی خۆی پێی پەسـەندە دەیکاتە بەرنامەی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان و نەوەکانیان لەسـەر دیدو ڕێی خۆی گۆشـدەکات و لەسەر دابونەریت و ڕەوشتانێك ناچاریان دەکات کە حکومەت خۆی پێـــی وایە شـیاوترین و پەسەندترینە و بێ ئەو دابونەریت و قییەمە قبووڵیان ناکات.. ئەمـانە هەمووی مـایەی لادانی دین و ڕادانی دینـدارین، هۆکاری لاوازکردنی ئیسـلام و ریشـەکێشکردنی موسوڵمانانن، ئەگەر لەنەوەی یەکەمیشیاندا نەفەوتێن، نەوەی دووەم و سـێیەمیان جگە لەناو هیچی تریان ئیسـلامی نامێنێت، ئەگەر ناویشـیان ڕێگا بدرێت! هەرکەسـێك حاڵی موسـوڵمانانی چین و یەکێتی سـۆڤیەت و موسـوڵمانانی ژێردەسـتی حکومەتە مورتەددەکـانی جیهـانی موسـوڵمـانانی خوێندبێت دەزانێت ئەمە حەقیقەتێکی واقیعی موسوڵمانانی ئەو وڵاتانەیە.

- حکومەتی ئیسـلامی زەروورییە بۆ ئاڕاسـتەکردنی مرۆڤایەتی بەرەو ڕێگا و ئامانجی ڕاست و ڕەوا.

پێشکەوتنی مرۆڤایەتی دوو دیاردەی هەیە:

دیاردەی یەکەم: پێشکەوتن لەدەستەبەرکردنی خێراتی گەردوون بۆ ژیانی مرۆڤایەتی.

دیـاردەی دووەم: پێشـکەوتنی مرۆڤە لە بوارەکـانی ڕەوشـت و ڕەفتـار و جێگیری و ئاسوودەیی و دادپەروەری و زانینی ماف و ئەرك و بەجێهێنانیان..

ئەوە ئاسان تێبینی دەکرێت کە مرۆڤایەتی بەبێ ئیسلام لە دیاردەی یەکەمی پێشکەوتندا پێشـبرکێ دەکات، بەڵام لە دیاردەی دووەمدا دوادەکەوێت.. بۆیە دەبینیت مرۆڤایەتی بەبێ

ئیسـلام، دەگەڕێتەوە سەر ڕەفتار و ڕەوشتی هەمەجێتی دڕندەیی جارانی، ڕەوشت نزمی و لاســەنگی جـاهیلییەتی یەکەمینی.. کەوابوو مـادام بوســترێـت مرۆڤـایەتی لەدیاردەی دووەمیشـدا پێشکەوێت پێویستە ئیسلام ببێتە دید و تێڕوانین و بەرنامە و ڕێباز و ڕەفتار و ڕەوشـت و داب و قیەم و ئیدارە و دەسـەڵاتی ئاڕاستەکردنی، چونکە ئیسلام تاکە دید و ڕێی ڕاسـتە کە بتوانێت لەهەموو بوارەکانی ژیان و ڕەهەندەکانیدا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پارسەنگانە ئاڕاستە بکات..

هەرکاتێك دیاردەی یەکەمی پێشــکەوتنی مرۆڤایەتی لەدیاردەی دووەمینی جیا ببێتەوە دژواریی چارەنووسـسـازانە ڕوو لەموسوڵمانان دەکات کە هەڕەشە لە (وجود)یان دەکات، جا ئەو جیابوونەوەیە لەسـەر دەسـتی خۆیان و لەناوخۆیاندا بێتەکایەوە یان لەسـەردەستی غەیرە موسـوڵمان و لەوڵاتی غەیرە موسـوڵماندا بێتەکایەوە، وەکو ئا ئەم واقیعەی ئێستای موسـوڵمانان نیشـانی دەدات.. هیچ چارەسـەرێکیش لەبەردەم ئەهلی ئیسـلامدا نییە ئەم واقیعە سـەختەیان بگۆڕێت جگە لە دامەزراندنەوەی دەوڵەکەی ئیسلام، کە هەردوو جۆرە پێشــکەوتنەکە لەخۆ دەگرێـت و ســنوورێك بۆ ئەو چەواشــەکاری و دەســتدرێژیانەی جاهیلییەتی سەردەم دادەنێت کە بە زەبر و زێڕ و چەواشەکاری دەیەوێت بیسەلمێنێت کە ئەو ڕاست و ڕەوایە..

- حکومەتی ئیســلامی زەروورییە تـا پەیـامی جیهـانگیرێتی ئیســلام بگەێنێـت بە مرۆڤایەتیی سەرزەمین:

تا مرۆڤایەتی بهێنێتە ژێر سـایەی سـەروەرێتی شـەریعەتی خوای گەورەوە، تا کەس نـاچـاری گۆڕینی عەقیـدەکەی نەکرێـت و رەحمەتی ئیســلام مرۆڤ و گیـانلەبەرانی تر بگرێتەوە و مرۆڤ لە دەسـتدرێژی و ستەمی مرۆڤ قوتاربێت.. دادپەروەریی گشتگیر و ڕاست لە ژێر سێبەری ئیسلامدا نەبێت نایەتە دیی، بەبێ شەریعەتی ئیسلام حەتمەن تاکە

کەسێك لە ئوممەتێك حوکمڕانی ئوممەتەکە دەکات، یان چینێك حوکمی هەمووان دەکات، یـان خانەوادەیەك.. لەهەموو ئەم جۆرە حوکمانەدا مرۆڤ مرۆڤەکانیتر دەکاتە عەبدی خۆی و تەنانەت لە دیموکراسـیترین سـیسـتمی سـەردەمیشـدا هەروایە.. تەنها لە ژێر سـایەی حوکمی ئیسلامدایە کە مرۆڤ نابێتە عەبدی  غەیری خوای گەورە.

لەکۆتاییدا دەڵێین: ئیسـلام بەبێ هەبوونی حوکومەتی دەسـەڵاتداریی خۆی لەبەریەك هەڵدەوەشـێت، وەکو لە فەرموودەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتووە: (لَتُنْقَضَنَّ عُرَى الْإِسْلَامِ عُرْوَةً عُرْوَةً، فَكُلَّمَا انْتَقَضَـتْ عُرْوَةٌ تَشَـبَّثَ النَّاسُ بِالَّتِي تَلِيهَا، وَأَوَّلُهُنَّ نَقْضًـا الْحُكْمُ وَآخِرُهُنَّ الصَّــلَاةُ)[١] واتە: گرێکـانی ئیســلام دانە دانەیـان هەڵـدەوەشــێنەوە، هەرکاتێك گرێیەك هەڵـدەوەشــێـتەوە خەڵـکەکە دەســـت بەگـرێـی دواتـرەوە دەگرن، یەکەمین گرێ کە هەڵدەوەشێتەوە حوکم کردنە بە شەریعەتی خوای گەورە و کۆتاشیان نوێژە.

هیچ پێکهاتەیەکی ئیسـلام لاواز و پەککەتوو نەکەوت پێش لەدەسـتچوونی حوکمی ئیسلام و ڕمانی دەسەڵاتی موسوڵمانان.. کاتێك حکومەتی ئیسلامی پایەدار مابوو هەموو پێکهاتەیەکی ئیسلام سەلامەت مابوو..

مادام ئەمانە هەموو زەرووراتن و بۆ (وجود)ی ئیسـلام و موسوڵمانان پێویستن و بەبێ حکومەتی ئیسـلامیش نایانەدیی، کەوابوو هێنانەدیی حکومەتی ئیسـلامی فەرزە، چونکە هەرشتێك بەو نەبێت فەرز نایەنەدیی، فەرزە. بۆیە هەوڵدان بۆ دامەزراندنەوەی دەسەڵاتی حکومەتی ئیسـلامی فەرزی عەینە لەسـەرتاك تاکی موسـوڵمانان، چونکە فەرزی کیفایە خۆبەخشـانە نامێنێت تا نەیەتەدیی.. کەوابوو کارکردن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی دەسەڵاتدار فەرزە لەسەر هەموو موسوڵمانێك.

---

(١) ئەحمەد (22160)، ئیبنو حیببان (6715)، تەبەرانی (116/8)، ئەلبانیش لە (صحيح الجامع) (٥٠٧٥) دەفەرموێ: (صحيح)ە.

هەربەم بۆنەیەوە حەزدەکەین موسولمانان وەبیربهێنینەوە ئەسڵ لەپەروەردەکردنی موسوڵماندا ئەوەیە کە پەروەردەیەکی کۆمەڵکارییانەیە. ڕەسەنێتی موسوڵمانیش لەوەدایە کە دەتوانێت کۆمەڵکارانە بژی و خۆی لەگەڵ کۆمەڵکاراندا بگونجێنێت. ئەسڵ لە ژیانی ئیسلامیشدا ئەوەیە کە ژیانێکی کۆمەڵکارانەیە، مەگەر بە چەند حاڵەتێکی زۆر دەگمەندا، بۆیە موسوڵمانان دەبێت یەك دەست و یەك ریز و یەك کۆمەڵ بن، و یەك بزاوت بەیەك ئاڕاستە بکەن، هەموو ووزەیان کۆمەڵکارانە بەرەو ئەو ئاڕاستەیە بەگەڕ بخەن کە هێنانەوەی حوکمی ئیسلامە.. سەلماندن و چەسپاندنەوەی مەبەستەکانی هاتنی ئیسلامەکەیە، بۆیە هەردەبێت موسوڵمانان پەروەردەیەکی کۆمەڵکارانە ببنەوە، بەڵام لە ژێر سایەی حکومەتێکی ئیسلامی خۆیاندا.

(٢)

ئەو زەمینە مەرجەی کە حکومەتی ئیسلامیی لەسەر دادەمەزرێت و شەرعێتی پێ پەیدادەبێت پایەندبوونێتی بەشەریعەتەکەی خوای گەورە (کە پەیمان لەسەر ئەمە دەدات) و بەویست و هەڵبژاردنی موسوڵمانان دادەمەزرێت،[١] تا ئەحکامەکانی دین لە ژیاندا راپەڕێنێت و دژی هەموو بەرهەڵستکارییەك بوەستێتەوە کە ناخوازێت سەروەرێتی باڵا بۆ دینەکەی خوا بێت و بەس.

حوکمی چاك مەحاڵە بەبێ کاربەدەستی چاك بێتە دیی، ئیسلامەتیش بەبێ هەبوونی

---

(١) نووسەری رەحمەتی ئاماژەی بەو مەرجە داوە کە شەرعێتی حوکمڕانی دەناسێنێت: یەکەمیان: پەیماندان کە شەریعەتی خوا دەگرێتە خۆ و تەنها ئەو دەکاتە ئەحکامی یاسا و ڕێسای ووڵات، دووەمیان: دەبێ بە هەڵبژاردنی ئوممەت بێتەکایەوە، بۆیە ئەو حکومەتانەی شەریعەتی خوا پیادەناکەن ئیسلامی نین و ئەوانەش کە بەویستی ئوممەت نەهاتوونەتە سەر حوکم حوکمیان شەرعی نییە، ئەمە دوو خاڵی سەرەتایی و سەرەکی حوکمی ئیسلامین کە رۆژئاوا لە ئەهلی ئیسلامەوە فێربووە، جان جاك ڕۆسۆ لە ماوەردییەوە وەریگرت و کردی بە (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) کە لە دوو ڕوکنی (دەستوور) و (هەڵبژاردنی گەل) دادەمەزرێت، ئێستا سیستمی حوکم لە رۆژئاوا ئاوایە.

پیـاوچـاکـان کە دەبنە کـاربەدەسـتی دەوڵەت و کۆمەڵگەکەی مەحـاڵە پـایەداربێـت.. هەریەکێك لەدەزگاکانی دەوڵەتیش پێویسـتی بەبەرنامەی ڕاسـت و ڕەوا و شـیاو هەیە، ئەگەر ئەم بەرنـامـانە ئیسـلامی نەبوون مەحاڵە دەزگاکانی  دەوڵەت ئیسـلامی دەرچن، ئەگەر بەرنامەی دەزگاکانی دەوڵەت لەدید و ڕێی دەقەکان و واقیعی ژیانی کۆمەڵگەکەوە نەهاتبوو ئەوە ناشێت پێناسەی حوکمی ئیسلامی بەسەر ئەو دەوڵەتەدا بدرێت، بۆیە دەبێت هەموو سیستەمەکانی حوکم کە ئیدارە و ئاڕاستەی دەزگاکانی دەوڵەت دەکەن بەتەواویی ئیسلامی بن..

هەر دەوڵەتێك بە گەل و حکومەتییەوە، بە ئوممەت و دەسـەڵاتی سـیاسیەوە، بەهەموو دەزگاکانیانەوە ئیسـلامی نەبن، بەرەو ئیسلام ناچن، بەڵکو بەرەو کوفرن.. کەوابوو دەبێت یەك بەیەکی دەزگاکانی دەوڵەت ئیسلامی بن.. ئوممەتەکەش هەروا دەبێت پەروەردەکراوی ئیسـلامەکە بێت.. واتە کۆمەڵگەی ئەو دەوڵەتە ئیسـلامییە دەبێت لە هەموو لایەنەکانی شـارسـتانێتیدا بە ئیسـلامەکەوە پایەندبن و ئەویان تێدا بدرەوشـێتەوە، ئەگەر وانەبێت دەوڵەت -گەل و ئوممەتەکەی- سیفەتی ئیسلامی بەسەردا نابڕێت.

(ئەمە دەستورێتی دەوڵەتە، شەرعێتی دەزگاکانی یاسادانان (تەشریـعی) و جێبەجێکردن (ڕاپەڕاندن) و داوەرییە، واتە: پەرلەمان و حکومەت و دادگا.. ئینجا فێرخوازی و سەربازی و ڕاگەیاندن و...هتد)

هەر حکومەتێك / دەسـەڵاتدارێکی سـیاسـی وڵات بەویسـت و ئیرادەی سـەربەسـتی موسوڵمانان نەهاتبێتە پێش ستەمکارە، دەستدرێژکارە و مافی ئوممەتەکەی پێشێلکردووە.

حکومەتی ئیسـلامی جۆرێکی تایبەتی حکومەتانە، لەهەموو حکومەتی سـیستمەکانی تر جیاوازە، چونکە ئەو زەمینە و بنەمایانەی لەسـەریان دادەمەزرێت، جیاواز و تایبەتن..

چونکە ئیسلام دید و تێڕوانین و پێناسەی تایبەت بە خۆی دەربارەی ئوممەت و نیشتمان و سەرۆکایەتی دەوڵەت و چۆنیەتی ڕێکخستنیان هەیە.

ئیسلام سیستم و سیاسەت و ئاڕاستەی تایبەت بەخۆی هەیە لە ڕووی ئابووری و سەربازی و یاسایی و ڕۆشنبیرییەوە کە لە زەمینە و بنەما و ڕوانگەی خۆیەوەن.

هەر لەبەر ئەم تایبمەتمەندێتیانەیە کە دەزگاکانی دەوڵەتی ئیسلامیش لەدەزگای دەوڵەتان جیاوازن، چ لەلایەنی بەرنامە و ئامانجیانەوە، چ لەلایەن کاربەدەستان و جۆریانەوە.. لەمانەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە تیۆری حوکمی ئیسلامی دەربارەی کێشە سەرەکیەکان حوکمی تایبەتە و تەنها ئەویش مایەی بەختیارکردنی کۆمەڵگە و پارسەنگ ڕاگرتنی دەوڵەتی هەیە.

مرۆڤایەتی دەیان سیستمی حوکمکردنی داهێنا و مومارەسەی کرد و هێشتا بەردەوامە لە داهێنان و دارشتنی سیستمی تر، بەڵام واقیعی کۆمەڵگاکان سەلماندی کە هەر چەوسانەوە و ژان و ناسۆریان لێکەوتەوە، جەنگ و شەڕ و شۆڕ و دەستدرێژی و پێشێلکاری مافی تاك و کۆیان لێکەوتەوە، زەلیلی و سووکایەتی و ژێردەستەیی تاك و کۆی گەلانی لێکەوتەوە، دارمانی دابونەریت و ڕەوشتی بەرزی لێکەوتەوە.. لەڕاستیدا مرۆڤایەتی هەقە ئیتر دید و ڕێی ئیسلام بگرێتەبەر کە بزانێت چی بۆی چاکە و چی خراپە، چی خۆشحاڵی دەکات و چی پشێو و ئاڵۆز؟!

تا پیاوچاکانی واقیعناس، زانا و دانا، لەخواترس و قیامەتی؛ سەرکردایەتی و ئاڕاستەوانێتی مرۆڤایەتی نەگرنەدەست، تا ئەحکامەکانی شەریعەتی خوا حوکمی ڕەفتاری تاك و کۆی گەلان نەکات و هەمووان بەرەو لوتکەی راقێتی شارستانێتی نەبات و بە ئیسلام ئاسوودەیان نەکات، هەروا لە فەوزادا دەمێننەوە و بە ژان و ناسۆر و سەرگەردانییدا

ڕۆدەچن..

ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین وێنایەکی ئەو ژیانە گشتیە بخەینە ڕوو کە ئیسلام دەیەوێت بۆ کۆمەڵگە و دەوڵەتەکەی خۆیی دابمەزرێنێت، تا موسوڵمان ئەوەی لەبەرچاو دیاربێت کە چۆن بە دید و ڕێی ئیسلامەکەیەوە بەرە و سەرکردایەتی مرۆڤایەتی دەچێت و جارێکی تر ئاڕاستەی شارستانێتی خۆیی دەکاتەوە. بۆیە لێرەدا لەسەر کۆمەڵێك زاراوە دەدوێین و دەیانناسێنین، وەکو ئوممەت، خیلافەت، نیشتمان، سیستمی سیاسی، ئابووری، سیاسەتی فێرخوازی و ڕاگەیاندن، سیاسەتی سەربازی، سیاسەتی سزایی (جەزائی)، هەروەها هەندێك لە دەزگاکانی دەوڵەتی ئیسلامی.

ئوممەتێك لە مێژووی کۆن و نوێدا هەیە کە ئوممەتی ئیسلامە.. ئەم ئوممەتە وڵاتێکی هەیە کە دارولئیسلامە یان (دارولعەدل)ە، حکومەتێکی لێوە دێتەکایەوە کە بەسیستمی خیلافەت حوکمی دەکات کە سیایسەتی یاسا و ڕێسادانانی خۆیی بە ڕۆشنی هەیە، سیاسەتێکی دادپەروەرانەی ئابووری هەیە، سیاسەتێکی سەربازیانەی باڵا و راقیتی خۆیی هەیە، سیاسەتێکی سەرکەوتووی فێرخوازیی ڕەسەنی خۆیی هەیە، سیاسەتێکی ئاڕاستەوانی ڕاگەیاندنی (میدیا)ی هەقخوازی هەیە.. خیلافەتێکە کەدەزانێت ئەرکەکانی سەرشانی دەرهەق بەناوەوە و دەرەوەی کیانی خۆی چییە؟ ڕۆشن و ئاشکرا و ڕاشکاوە تێیدا، بۆ هەریەکێك لەم سیاسەت و سیستمانەش دەزگای تایبەت بە خۆیی هەیە کە ماف و ئەرك و دەسەڵاتیان تێدا دیاریکراوە.

پێش ئەوەی بچینە ناو بابەتەکانەوە پێویستە ئەوە بیرخەینەوە، کە ئێمەی موسوڵمان -تەنها ئێمە- حەق و دادپەروەرێتی سنووری ماف و ئەرك و دەسەڵاتمان بۆ دیاریدەکات، بۆیە مرۆڤایەتی کاتێك ڕاست و دروست خۆمان و دینەکەمان دەناسێت ترسی لێمان نابێت

مادام دڵنیای بکەین کە بە ئیسـلام حوکمی دەکەین، چونکە ئیسـلامەکە پلە و جێ و ڕێی هەموو مرۆڤێك -موسـولْمان یان کافر- شـیاوانە دیاریدەکات.. ئەوانەی لە موسـولْمان دەترسن و گوایە پەرۆشی لەدەستدانی شارستانێتی مرۆڤایەتییانە بە هەڵەداچوون، چونکە لەوە دەترسـن ئەو ئازادییە فشـە و فریوکارییەی هەیە لەدەسـت بچێت و ئازادیی ڕاستیان دەسـتنەکەوێت، ئەوانەیان لەنەزانینی ئیسـلامەوە ترسـیان بۆ دروسـتبووە، یان لە نەمانی بەرژەوەندی باتڵ و هەوا و هەوەسیان دەترسن و خەمیانە ڕێیان بگیرێت.

ئەمەش پێویسـتە بخەینەوە یاد کە ئێمە لێرەدا ئەرکەکانی دەوڵەتمان خسـتۆتەڕوو، لە شوێنێکی تردا ئەرکەکانی تاکمان باسکردووە، ئەگەر چی لێرەدا هەندێکیان پێکەوە دێنەوە بەرچاو لەوانەی کە ئەگەر دەوڵەتی ئیسـلامی دروسـت بوو چی لەسـەر تاکی کۆمەڵگە دەبێتە ئەرك؟، یان ئەگەر دەوڵەتی ئیسـلامی نەبوو چی تر دەبێتە ئەرکیان؟ بەهەرحاڵ، بە گشـتی باسـەکانی ماف و ئەرك و دەسـەڵاتی تاك و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەتی ئیسـلامی لێرەدا باسکراوە.

# بەندی دووەم[1]:
# سیاسەتی ئابووری

باسی یەکەم: ڕێساکانی خاوەنێتی لەئیسلامدا.

باسی دووەم: چارەسەری کێشە ئابوورییە کۆمەڵایەتییەکان.

باسی سێیەم: واریدات و مەسرووفاتی بەیتولمال.

باسی چوارەم: هەندێک لە مەبەستەکانی ئابووریی ئیسلامی.

---

(١) بەندی یەکەمی کتێبەکە بە جیا کراوەتە کتێب و بەناوی (بنەماکانی دەوڵەتی ئیسلامی) بڵاوکراوەتەوە، کە لە پۆلی دووەمی ئامادەیی ئامەدی ئیسلامی ئەخوێنرێت. (زادی)

## ڕێڕەوێک:

لەباسی سیاسەتی ئابووریی لە ئیسلامدا نابێت دوو بابەت تێکەڵ بکەین: باسی یاسا و ڕێسای ژیانی ئابوری وەکو ڕێسای هەبوون و ویستن (العرض والطلب) و باسی یاسا و ڕێساکانی سیاسەتی ئابووری کە پەیوەندییان بە ئەحکامە شەرعییەکانەوە هەیە.

یاسا و ڕێساکانی ژیانی ئابووری هەر وەکو ڕێساکانی گەردوون و ژیان و مرۆڤن، ڕێسای وجودن، بۆیە هەر وەکو کە تەسەور ناکرێت کەسێك کتێبێك لەسەر دەستوور و یاسای سیستمێك بنوسێت و تێیدا باسی هێزی ڕاکێشانی زەوی و خولانەوەی ئەستێرە و دوورییان لە یەکترەوە بکات، بەهەمان شێوە نابێت تەسەور بکرێت کەسێك کتێبێك لەسەر یاسا و دەستوور و ئەحکامی سیستمی ئابووری بنوسێت و باسی ڕێساکانی ئابووریی بکات وەکو هەبوون و ویستن[1].

یاسا و ڕێساکانی ژیانی ئابووری لەزانین و تێبینی کردن و ئەزموون و سۆراخ و بەدواداچوون و ئامار و دیراسەوە دێت و کتێبی تایبەت بەخۆیی لەسەرە، ئەمە پەیوەندی بەسەر یاسا و ڕێسا و ئەحکامەکانەوە نییە کە بایەخی بەپەیوەندیی ئابوورییەوە هەیە..یاسا و ڕێسا و ئەحکامی ئابووریی دەبێت دادپەروەرانە داڕێژرێن، لەبەرژەوەندیی زۆرتر و چاکتر بەرهەمهێنان بێت، هەروەها دەبارەی چۆنیەتی چارەسەریی کێشە ئابوورییەکان کە لەڕەفتار و مامەڵەی خەڵکیەوە دروست دەبێت.

هەموو سیستمێکی ئابووری دەبێت باس لەکۆمەڵێك بابەت بکات و دیدوڕا و پێناسەی

---

(١) ڕێسای هەبوون (العرض) و ویستن (الطلب) لەژیانی تاك و کۆی هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەیە کە دەڵێ ئەگەر کاڵایەك لەبازاڕدا کەمبوو زۆرتر دەخوازرێت، ئەگەر زۆربوو کەمتر بەدوایدا دەچن، چونکە پێویستییان نامێنێت، تۆ پاڵتۆ لەهاویندا عەرز بکەیت بۆ فرۆشتن صەڵکی نایکڕن چونکە پێویستییان نییە، ئەگەر لەزستاندا زۆر جۆرر پاڵتۆ عەرز بکرێت هەر کەم دەیکڕن چونکە زۆرە و ئاسا دەستییان کەوتووە/دەکەوێت، پێویستییان نەماوە، بەڵام ڕێسا و یاسای سیاسەتی ئابووری تایبەتە بەسیستم وووڵاتانەوە، وەکو یاساکانی بانق و قەرزدان. - و -

خۆیی بۆ هەبێت، وەکو دیدوڕا و پێناسەی سەرمایەداری و سۆشیالیستی دەربارەی خاوەنێتی، چۆنیەتیەکانی و شێواز و هۆکار و شیاو و نەشیاوەکانی و ئەو مافانەی لە موڵك و ساماندا هەیە، هی کێن و چەندن و چۆن دابین دەکرێن، هەروەها ئەرك و بەرپرسێتیی دەوڵەت لەژیانی ئابووریدا، واریداتی دەوڵەت و مەسروفاتی، چارەسەری کێشە ئابوورییەکانی تاکوکۆی کۆمەڵگەکەی... وە هەروەها. ئێمەش لێرەدا ئەم بابەتانە لەدیدوڕا و پێناسەی سیستمی ئیسلامدا باسدەکەین کە هەمووی دەکەینە چوار باس کە لەباسەکانیشەوە بڕگە جیادەبنەوە:

باسی یەکەم: ڕێساکانی خاوەنێتی لەئیسلامدا.

باسی دووەم: چارەسەری کێشە ئابوورییە کۆمەڵایەتییەکان.

باسی سێیەم: واریدات و مەسرووفاتی بەیتولمال.

باسی چوارەم: هەندێك لە مەبەستەکانی ئابووریی ئیسلامی.

# باسی یەکەم:

# ڕێساکانی خاوەنێتی لەئیسلامدا

بڕگەی یەکەم: شێوازە ڕێگا پێنەدراوەکانی خاوەنێتی.

بڕگەی دووەم: شێوازە ڕێگا پێدراوەکانی خاوەنێتی.

بڕگەی سێیەم: مافی گشتی و مافی تایبەت لەخاوەنێتیدا.

بڕگەی چوارەم: ئەو بەربەست و سنوورانەی سەربەستێتی مرۆڤ لە لەڕەفتارکردنیدا بەسامانیەوە دەگرن.

بڕگەی پێنجەم: چارەنووسی خاوەنێتی ماڵ و سامان لەئیسلامدا.

بڕگەی شەشەم: سیفەتەکانی ڕێسای خاوەنێتی لەئیسلامدا.

## سێ بەڵگەنەویستی ڕوانگەی ئیسلامی بۆ ئابووری:

پێش ئەوەی باسی دید و ڕێسای ئیسلام لەڕێکخستنی ئابوریدا بکەین، پێوستە سێ بەڵگەنەوست لە زەینماندا جێگیرببێت:

### - بەڵگەنەویستی یەکەم: یەکسانیی مرۆڤ ئەستەمە:

مەحاڵە لەکۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتیدا بتوانرێت ڕۆزی و بژێوی و سامان وەکو یەك بەسەر مرۆڤەکانیدا دابەش بکرێت، چونکە جگەلەوەی سروشت و تەمەن و توخمیان جیاوازە؛ ڕەفتاریشیان لەپارە سەرفکردندا جیاوازە. با نموونەیەك بهێنینەوە: ئەگەر چووینە گوندێکەوە و ویستمان هەموویان یەکسان بکەین، هەرچەندە ئەمە لەڕووی مەبدەئیەوە خەیاڵە، چونکە گوندەکە پیاو و ئافرەت، گەنج و پیر، گەورە و گچکەی تێدایە و ناشێت (یەکی هەزار دینار)ـیان بدەینێ و بڵێین یەکسان ڕەفتارمان لەگەڵداکردن، ئەمە خۆی یەکسانی نییە، چونکە پیاوێکی باڵغ و زارۆکێك لەپێداویستی و سەرفکردنی پارەکەدا وەکو یەك نابن، بەڵام با وادابنێین ڕەفتارەکەمان دادپەروەرانە بووە و یەکسانمان کردوون، دوای ساڵێك دەچینەوە لایان، تا بزانین یەکسان ماون؟ لەم ماوەی ساڵەدا بێگومان هەریەکەیان ڕەنجیداوە، کاری کردووە، ژیری و جەستە و توانای بۆ پارە پەیداکردن خستۆتەگەڕ، مەسروفی کردووە لەخۆراك و پۆشاك و هاوسەرگیری و... هتد. بێگومان دەیانبینین هەروەکو جارانن، دەوڵەمەند و هەژارییان هەروا تێدایە، هەیانە کاسبی بەهەزار دینارەکەوە کردووە و دەوڵمەندتر بووە، کەچی کەسێکی تر کە هاوشانی ئەو بوو لەهەبوونیدا هەژارە، چونکە هەزار دینارەکەی لە شتی غەیرە زەروریدا سەرف کردووە، ئەگەر بمانەوێت ئەمساڵیش (یەکسان)ـیان بکەینەوە، ئەمجارە پارە (هەزار دینار) لەدەوڵەمەندەکانیان بسێنین و بیدەینە هەژارەکانیان و پاش ساڵێك بچینەوە بزانین چەند یەکسانبوون؟ دەبینین نەك هەر یەکسان نەبوون بەڵکو لەکاسبی و ڕەنجدانیش کەوتوون! ئەو کەسەی پێشتر بەپارەکەوە کاسبی کردبوو، ووتوێتی جا بۆ کاسبی بکەم کە ڕەنجە

زیادەکەم لـــێ دەستێنرێت، منش کار و کاسبی ناکەم و چاوەڕێی هەزار دیناری ساڵی داهاتوو دەکەم! ئەوی کە هەزار دینارەکانی وەرگرت، هەر پاڵیداوەتەوە و چاوەڕێی ساڵی سێیەمە! ووتوێتی جا بۆکاسبی بکەم کە دانیشتووم و ڕەنجی دەوڵەمەند و پارەی بەیتولمالم بۆ دێت؟! ئەگەر بلێیت ئەمساڵیش پارەکەیان دەدەمێ بەلآم (موراقەبە)یان دەکەم داخۆ چی دەکەن؟ بەلآم ئەمە کار و کات و پارە بەفیڕۆدانە و پارەیەکی ئیزافی دەخوازێت بۆ موراقەبەکردنەکەیان، جگەلەوەی فێری شاردنەوە و چاوچنۆکی و خێرنەکردن دەبن! خۆ ناکرێت بەقەدەر کەسە باڵغەکانی گوندەکەش چاودێر تەعین بکرێت کە ئەوانیش یەکی هەزار دیناریان دەوێت (نەڵێی جیهازی موراقەبە دادەنێین، چونکە کارمەندانی جیهازەکەش زۆردەبن و پارەی زۆرتریان دەوێت، چونکە بەحساب (فەننی)ـین و کارەکەیان شەو و ڕۆژییە و گرنگە!).

کەوابوو هەر لەسەرەتاوە بیرۆکەی یەکسانکردنەکە هەڵەبوو، بۆیە خوای گەورە لە قورئاندا باس دەفەرموێ کە ئەگەر جیاوازیی مەعیشەت لەنێوان خەڵکیدا نەبووایە ژیانی مرۆڤایەتی پارسەنگ نەدەبوو، بۆیە هەر دەبێت ئاستی ژیان و ڕادە و بڕی هەبوونی و نەبوونی جیاوازبێت، ئەمەش ڕێسایەکی عەقائیدی و گەردوونیی ئابوورییە.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَٱللَّهُ فَضَّلَ بَعۡضَكُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖ فِي ٱلرِّزۡقِۚ ٧١﴾ النحل: ٧١ واتە: خوای گەورە ئاستی هەندێکتانی جیاواز داناوە لەئاستی هەندێکی ترتان لەڕزق و ڕۆزییدا.

حیکمەتی ئەمەشی ڕوون کردۆتەوە کە دەفەرموێ: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِي جَعَلَكُمۡ خَلَٰٓئِفَ ٱلۡأَرۡضِ وَرَفَعَ بَعۡضَكُمۡ فَوۡقَ بَعۡضٖ دَرَجَٰتٖ لِّيَبۡلُوَكُمۡ فِي مَآ ءَاتَىٰكُمۡۗ ١٦٥﴾ الأنعام: ١٦٥ واتە: ئەوە خوای گەورە کە بەبریکاریی سەرزەویی دایناون پلەی هەندێکتانی باڵاتر لەوانی تر دیاریکردووە، تا بەوەی بەهەمووتانی داوە تاقیتان بکاتەوە.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَرَفَعۡنَا بَعۡضَهُمۡ فَوۡقَ بَعۡضٖ دَرَجَٰتٖ لِّيَتَّخِذَ بَعۡضُهُم بَعۡضٗا سُخۡرِيّٗاۗ ٣٢﴾ الزخرف:٣٢

واته: ئاست و پلەی هەبوونی هەندێکیانمان باڵاتر دانا لە ئاست و پلەی هەبوونی هەندێکی تریان تا بۆ پارسەنگ ڕۆشتنی ژیانیان لەخزمەتی یەکتردابن (نەبوو بەخزمەتکردن و هەبوو بە کرێدان). ئەگەر مرۆڤایەتی ئاوا هەندێکیان لەخزمەتی هەندێکی تریاندا نەبوونایە و هەریەکەیان ووزەی خۆیی بەکرێ نەدایا کاروباری کۆمەڵگە نەدەڕۆیشت، هەموو شتێك دەوەستا.

## - بەڵگەنەویستی دووەم: ناشێت خاوەنێتی بێ یاسا و سنوور بێت:

ناشێت کۆمەڵگەیەك بێ یاسا و ڕێسای خاوەنێتی ماڵ و سامان بەڕێوەبچێت، ناشێت ڕێدراو و ڕێنەدراوی کاڵا و ڕەفتاری کڕین و فرۆشتن و کرێ و خزمەت دیاری نەکرێت، چونکە ژیانەکە دەبێتە ژیانی فەوزای دارستان و بەهێزەکان بێ هێزەکان دەکەن بە ژێرەوە، دەیانەفەوتێنێن، یان مەحرومیان دەکەن، یان بۆخۆیانیان ئیستیغلال دەکەن، ماڵ و سامان بەهەق و ناهەق دەبرێت و دەخورێت، (یاسا) دەبێتە هێزی ڕاپسکاندن و توانای فرت و فێڵ و جورئەتی دزی و ماشینەوە! دادپەروەرێتی نامێنێت، بۆیە حەتمەن دەبێت هەموو لایەن و ڕەهەند و چۆنیەتیەکی خاوەنێتی بەیاسا و ڕێسای دیار و ڕۆشن و ئاشکرا وا ڕێکبخرێت کە دادپەروەێتی بهێنێتەدی، (لانی کەم هەرهەموو دانیشتوان پێداویستییە فیزیکییەکان (خۆراك و خواردنەوە و پۆشاك و...هتد) و ئەمان (سوکنا و مافی نیشتەجێبوون و گواستنەوە و بێ خەمبوون)یان دابین بکرێت، ئەمانی ژیان، ئەمانی بژێوی، هەلی ڕەخساوی سەلماندنی بوون و گرنگی خۆ)، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە ناشێت ڕێدرێت هەموو ماڵ و سامان لەدەست کۆمەڵە کەسێکی کەمدا پەنگ بخواتەوە و پێی بوغرا ببن و لووتبەرز و هەڕاڵانە بەسەر ئەوانی تردا خۆبادەن.. ئەمانە لەملاوە (موتریف)انە بژین و هەزاران و ملیۆنەهاش لەولاوە بژێویی ڕۆژانەیان بۆ مسۆگەر نەکرێت، هەزاران لەبرسا بمرن.. لەبەر ئەمەیە کە خوای گەورە ڕێی نەداوە ماڵ و سامان لای دەوڵەمەندەکان گەنجینە بکرێت و بمێنێتەوە، یەکێك لەئامانجەکانی دابەشکردنی سامان لەئابووریی ئیسلامییدا ئەوەیە کە سامان نابێت لای دەوڵەمەندەکان گیربدرێن.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةًۢ بَيْنَ ٱلْأَغْنِيَآءِ مِنكُمْ ۚ ﴿٧﴾ ﴾ الحشر: ٧ واتە: تا ماڵ و سامان هەر لەنێوان دەوڵەمەندەکان نەمێنێتەوە.[(١)]

بەبۆنەی باسی نامەعقوڵێتی وەلکردنی کۆمەڵگە بێ یاسا و ڕێسای ئابووری جێی خۆیەتی ئاماژەیەکی تەوس ئامێز بەخەیاڵپلاوێتی کۆمۆنیستەکان بدەین کە دەڵێن دوای قۆناغی سۆشیالیزم قۆناغی کۆمۆنیزم دێت کە ئیتر هەبوونی حکومەت زەرووری نامێنێت، چونکە هەموو خەڵکەکە ئەوەندە ڕۆشنبیر دەبن کە هەریەکەیان بە قەدەر توانای خۆی ڕەنج دەدات و هەرکەسەش بەقەدەر پێداویستی خۆی هەڵگرێت، سەیر ئەوەیە کە دەڵێن ئەمە نەك هەر قۆناغی کۆتایی سۆشیالیزمە، بەڵکو مرۆڤایەتی هەر هەمووی دەگاتە ئەم قۆناغە، سەیرتریش ئەوەیە کە دەڵێن ئەم گەیشتنە ئەم قۆناغەش حەتمییە و هەر دێتە پێشێ!! بۆیە دەڵێن خەباتکردن بۆ ئەم داهاتووە (گەش و ڕووناکە) پێشکەوتووخوازییە!! هەر ئەم دیدە خەیاڵپلاوە بەڵگەیە لەسەر پووچەڵی دیدە فەلسەفی و بزاڤیەکەی کۆمۆنیستەکان، بەڵگەیە لەسەر نەبوونی بیروهۆش.. لەڕاستیدا خۆشباوەڕی گێلانەیە و ئەوەی خەڵکیشی بۆ بانگهێشت دەکەن بلّقی سەرئاوە، (هێلکەی کەڵەشێرە!). سەیر ئەوەیە کە دەڵێن ئەم ئەنجام و چارەنوسەی مرۆڤایەتی دەیگاتێ کە نەحکومەتەکان دەمێنن و نەپارە، نەخاوەنێتی و سەرمایە، ئەمە قۆناغی یەکەم وکۆتایی مرۆڤایەتییە، دەڵێن سەرەتا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کۆمۆنیستانە ژیاون، هەموو شتێك هاوبەشبووە بۆ هەموویان، بۆیە خەباتی پێشکەوتووخوازانە مرۆڤایەتی دەگەیێنێتەوە قۆناغێکی هەروەکو ئەوا! ئێ باشە کە کۆمۆنیستی یەکەم نەما و گۆڕا ئیتر چۆن کۆمۆنیستی کۆتا دروست دەبێتەوە؟! یان چۆن ئەویش - ئەگەر دروست بوو - بەردەوام دەبێت و کۆتایی نایات و ناگۆڕێت؟! ئەمە لە

(١) بڕوانە زەکاتدان چەند کاریگەرە، کە نابێت پارەی دانراوت لەبڕی (نیصاب) زیاتر بێت، واتە ئەوەندەی زەکاتی لێدەکەوێت. (وارین بۆخت) ئەمریکاییە، تەمەنی ٨٣ ساڵە و ٧٤ ملیار دۆلاری هەیە و تەنها دەژی، تەنانەت مۆبایل و کۆمپیوتەری لاپتۆپیشی نییە! ئەم ملیارانەی ئەو لە بانق هەیەتی لە ئیسلامدا زەکاتدان ناهێڵێت دانرێت، چونکە هەر ساڵە و (٤/١ = ٢،٥٪)ی دەبات.. بۆیە خاوەنەکەی ناچار دەکات بیخاتە ئیش و ئیش بۆ هەژاران مسۆگەر بێت. - و -

کاتێکدایە کە نەبەڵگەیەکی مێژوویی لەبەردەستدایە کە قۆناغێکی کۆمۆنیستی یەکەمی وا هەبووە و نەواقیعی ئێستا دەوڵەتانی سۆشیالیستی ئەوە دەسەلمێنێت کە بەرەو ئەو قۆناغە خەیاڵپڵاوە دەچن، کەوابوو کۆتا کۆمۆنیزم هەروەکو یەکەمین کۆمۆنیزم فشە دەرچوو...

## - بەڵگەنەویستی سێیەم: ناشێت دەوڵەت خاوەنی هەموو شتێك بێت و کۆمەڵگەش کرێکاری ئەو بێت:

ناشێت هەموو موڵك و سامان و هۆکارەکانی بەرهەم لەدەست دەوڵەتدابێت، کە هەر کۆمەڵێك مرۆڤن و دەبنە چینێکی سەرمایەدار و لەولاوەش کۆمەڵگە کرێکاری بۆ ژیانی کولەمەرگی و بژێویی نانە سکی بکات، چونکە ئەمە:

١- لەسنوور دەرچوونی دەوڵەتە، ئەرکی دەوڵەت ڕێکسختنی ژیانی کۆمەڵگە و دابین کردنی دادپەروەرییە لەنێوان دانیشتواندا، دەوڵەت بۆ ئەوەیە کە تاکوکۆی کۆمەڵگە دەستدرێژی نەکەنە سەریەکتری و ستەمیان لەنێواندا نەهێڵێت، نەك خۆی ڕووتیان کاتەوە و سامانیان زەوت بکات، ئەگەر لە پارسەنگی دادپەروەری ترازا حەتمەن دەکەوێتە لاسەنگی ستەمکارییەوە.

٢- لەو حاڵەتەدا کە کۆمەڵگە هەمووی دەبێتە کرێکار و جوتیار و ڕەنجدەر و خزمەتکاری چینی سەرێ، ووزە و توانایەکی زۆر بەفیڕۆ دەڕوات، چونکە خەڵکی ئەوەندەی کە بۆکاری خۆیان ڕەنجدەدەن و دڵسۆز دەبن، ئەوەندە بۆکاری حکومەت ڕەنجنادەن و وا دڵسۆزیش نابن.

٣- کاتێك هەموو دەسەڵات و هێزێك بەشێوەیەکی مەرکەزیی بنبڕ وا لەدەست دەوڵەتدا و کۆمەڵگەش هەمووی بۆتە کرێکاری دەوڵەت، بواری خۆراپسکان و گۆڕانکاری نامێنێتەوە، بۆیە بەڕاستی ئەمە کۆیلایەتییەکی بەیاساکراوی ڕازاوەیە، جا هەروەکو کە

کۆیله نـاتوانێـت له کۆیلەیی دەرچێـت و نـاتوانێت سـکاڵا بکات، هەر ئاواش کۆمەڵگە ژێردەسـتی دەوڵەتی خـاوەن هێز و سـەرمایه و دەزگای داوەری و داپڵۆسـین ناتوانێت هاواربکات زیندان دەکرێت، که سکاڵای یاساییش دەکات ڕەفتارێکی بێ مانا و بێ سوودە چونکە وەکو شکات کردنە لای داوەر هەر لەداوەرەکە خۆی! دەسەڵات زوڵمەکەی کردووە و سکاڵاکەش هەر لەو کراوە و چۆتە بەردەست ئەو بەئومێدی گۆڕانکاری.

٤- کاتێك دەوڵەت مەرکەزییە و خاوەنی هەموو شتێکە، کۆمەڵگەش کرێکاری سست و ئیهمـالکـارە، دەوڵەت دەبێ دەزگـای چـاودێری دابمەزرێنێت که هەزاران هەزار کاری تێدادەکەن! کارەکەشـیان نووسـینی راپۆرتە لەسـەر کۆمەڵگەکە! ئەم هەموو چاودێرەش دەبنە مشەخۆری سەر ڕەنجی کۆمەڵگە! ئینجا ئەمان و کۆمەڵگە سستەکە دەکەونە کاری ناقۆڵای وەکو دزی و گزی و ناشینەوە و بەرتیلدان و پێشـێلکردنی یاسا و داد و ڕەوشت! ئەمەش دیارە چ گەندەڵییەك دەخاتەوە..

دوای پێشچاوخستنی ئەم بەڵگەنەویستانە دەڵێین:

ئیسـلام تاکە سـیسـتمە کە هەموو ڕێگاکانی خاوەنێتی لەسەر بناغەی ڕاست و ڕەوای دادپەروەری داڕشتووە، سنووری وردەکارانەی داڕشتووە، مافی لایەنەکانی بەڕۆشنی تێدا دیـاریکردووە، ئەنجـامی مـاڵ و سـامـانی دیـاریکردووە کە دابەشـکردنەکەش بەڕێژە نەگۆڕەکانی میرات (کە هەتا ئێسـتاش هیچ وڵاتێکی پێشـکەوتووی دنیا نەیگەیشتۆتێ)، لەهەموو لایەکەوە بەرژەوەندیی توێژەکانی خەڵکی ڕەچاوکردووە، بێ ئەوەی دەوڵەمەندیش بچەوسـێنێتەوە، بەشـێوەیەك کە هەم لەگەڵ سـروشـتی مرۆڤدا بگونجێت هەم لەگەڵ ئەو مەبەسـتەدا کە مرۆڤی لەسـەرزەمین بۆ خەڵقکراوە، کە لەگەڵ لایەن و ڕەهەندەکانی تری ئاڕاسـتەی ئیسـلامدا سـازاوە بۆ پارسـەنگ پەروەردەکردنی مرۆڤی خێرخواز و چاکساز، لەهەمان کاتدا تاك تێر و کۆمەڵگە هێمن دەکات و یاسـا و ڕێسایەکی پارسەنگیان دەخاتە بەردەسـت کە ئابورییەکی پاك و بەسـیان بۆ دابین بکات، هەر هەمووشـی لەگەڵ حەقدا

دێتەوە، بەرژەوەندی تاکوکۆی کۆمەڵگە و دەوڵەت دەهێنێتەدی و ناهێڵێت نە مافی خاوەنێتی تاك بفەوتێت و نە بواری گەشەکاریی لەبەردەمدا تەنگ ببێتەوە، نە ڕێ بەدەوڵەتیش دەدات دەستدرێژی بکاتە سەر مافی تایبەت و گشتیی دانیشتوان و نە ڕێ دەدات هێزی دەوڵەت بکاتە ئامێری تین و فشار و مەنزیلەی دەوڵەت ببێتە هۆکاری دارِشتنی یاسای زەوتکردن و ماشینەوە و چەوساندنەوە.

پێش هەموو شتێك و دوای هەموو یاسا و ڕێسایەك هەمیشە ئەوە دەخاتەوە یاد کە ئەمە دینی خوای کارزان و دادپەروەرە کە کردوێتییە بەرنامە و ڕێبازی ژیان و مرۆڤایەتی.. جا کێش هەیە بەرنامە و ڕێبازی جوانتر لەهی خوای گەورە دارِێژێت: ﴿وَمَنۡ أَحۡسَنُ مِنَ ٱللَّهِ صِبۡغَةٗۖ ١٣٨﴾ البقرة: ١٣٨ واتە: کێ جوانتر لەدینی خوا دێنێتەکایەوە؟! بۆیە هەرسیستمێکی ئابووریی بگریت، چونکە لەدید و تێڕوانین و پێناسەی لێڵ و هەڵەوە هاتووە، دەبینیت پڕە لەخاڵی لاواز و کەلێن و کون، پڕە لە جوانکردنی زوڵم و دەستدرێژی، پڕە لەچەواشەکاریی سامان زەوت کردن و ڕەنج بردن بەناوی یاسا و دادپەروەرییەوە، دەبینیت زۆر ئاسان و بەڕادە و بڕی ئێجگار زۆر مافی تاکوکۆ - لەبەرژەوەندی چینێکدا - پێشێل دەکرێت.

ئێمە لێرەدا ڕێساکانی ئیسلام باسدەکەین کە چۆن بارودۆخی ئابووری تاکوکۆی کۆمەڵگە و دەوڵەت ڕێکدەخات، لێرەدا دەبینین کە ئیسلام تاکە دید و بەرنامەیە و لەهەموو دید و سیستمێکی تری جیهان جیاوازە، ئەگەرچی لەهەندێك لایەنی لێرە و لەوێدا دەشێت لەگەڵ ئەم سیستم و ئەو سیستمدا لێك بچن بەڵام لەجەوهەردا زۆر جیاوازن، باسەکان لێرەدا لەچەند بڕگەیەکدا ڕوون دەکەینەوە.

# بڕگەی یەکەم:
# شـــێوازە ڕێگـاپێنەدراوەکـانی خـاوەنێتی (چۆنیەتییە قەدەغەکانی):

## خاڵی یەکەم: سووخۆری (الربا):

سـەودا و مامەڵەی سـووکاریی لەئیسـلامدا حەرامە، کەم و زۆریی هەر ئەو حوکمەی هەیە، پلەی دژواری و حەرامێتییەکەی زۆر لەزینـاکردن گەورەترە، لەگەڵ ئەوەدا کە ئاشـکرایە کە حوکمی زیناکار ڕەجمکردنێتی تا مردن - ئەگەر هاوسەری هەبوو - زینا لەمە سەختترە و سزاکەی گەورەترە:

- عبداللەی کوڕی حەنزەلە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (دِرْهَمُ رِبًـا يَأْكُلُهُ الرَّجُلُ وَهُوَ يَعْلَمُ، أَشَـدُّ مِنْ سِـتَّةٍ وَثَلَاثِينَ زَنْيَةً)[1] واتە: یەك درهەمێکی سـوو کە کابرا دەزانێت سـووە و حەرامە و هەر دەیخوات لە سی و شەش جار زیناکردن گەورەترە!

- هەروەها دەفەرموێ: (الرِّبا ثَلاثَةٌ وَسَبْعُونَ بَاباً أَيْسَرُها مِثْلُ أَنْ يَنْكِحَ الرَّجُلُ أُمَّهُ)[2] واتە: گوناحی سووخۆریی حەفتا و سێ دەرگای هەیە، ئاسانترینیان بەقەدەر ئەوە گوناحە کە پیاو دایکی خۆی مارەبکات! (کە مارەییەکە باتڵە و چوونەلای لەزینای تر گوناحترە)!

ئەم گوناحە گەورە و سەختە هەموو لایەنەکانی سووکاریی دەگرێتەوە:

---

(١) ئەحمەد (21957)، بەززار (٣٣٨١)، دارەقوطنی (١٦/٣)، شـێخی ئەرنائوط لە (تخريج المسـند) و (تخريج سنن دارقطني)دا دەفەرموێ: (ضعيف مرفوعا)، بەڵام شێخی ئەلبانی لە (تخريج مشكاة المصابيح) دەفەرموێ: (إسناده صحيح).

(٢) حاکم لە (المستدرك) (٢٢٥٩ )، حازی عێراقیش دوای توێژینەوەی دەفەرموێ: (إسناده صحيح).

- جابری کوڕ عبدالله (خوا لێیان ڕازی بێت) دەفەرموێ: (لَعَنَ رَســولُ الله (ﷺ) آكِلَ الرِّبَا، وَمُؤْكِلَهُ، وَكَاتِبَهُ، وَشَـاهِدَيْه، وَقالَ: هُمْ سَوَاءٌ)[1] واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەعنەتی لەبخۆری سوو و وەکیلی و نووسەر و دووشاهیدەکەشی کردووە (دوعای لێکردوون کە لە ڕەحمەتی خوای گەورە دووربخرێنەوە)، پاشـــان فەرموویەتی: هەموو لەگوناح بەرکەوتندا وەکو یەکن..

ئا ئەم هەڕەشـــە و ســـزا ســـەختەی (کە ئەوی ئیمانداربێت لەبەرامبەریدا دەلەرزێت و ئۆقرەی لەبەهەڵدەگیرێت) لەبەرئەوەیە کە ســـووکـاریی زۆر دژوار و بەد و کـاولکارە، ئاســـەواری خراپی هەیە و فەســـادی زۆری لێ دەکەوێتەوە. کاریگەریی ســـلبی لەســـەر لایەنەکانی ئابووریی دروســـت دەکات.. ســـووکاریی وادەکات کە ســـامان لەبەردەســـتی چینێکی مشـــەخۆری بێ بەزەییدا کۆببێتەوە کە ســـووخۆرەکانن، یان لەدەســـت دەوڵەتدا دەبێت ئەوەندەی تر خەڵکی ژێردەستەدەکات پێی، چونکی سووخۆر دانیشتووە و پارەکەی پارەی تر بەرهەم دەهێنێت، دانیشتووە و ڕەنج و ماندووبوونی خەڵکی بۆ دەبێتە پارە و دێتە بەردەســـتی! پارەی ئەو هەر لەزیادبووندایە و پارەی خەڵکیش هەرکەمبووندا! کە سووخۆر لەکۆمەڵگەیەکدا زۆر دەبن چینێکی جێگیری ســـەخت کە لادانیان زۆر زەحمەت دەبێت، ڕۆژانە ســامانیان زیاد دەکات، تا وایلێدێت سەرچاوەی سامانی وڵات ڕەهن دەکەوێتە لای ئەوان (ئیتر ئەوان سوار و کۆمەڵگە پیادە!).

سووکاریی وادەکات کە خەڵکی ببنە کرێکاری خۆڕایی سووخۆر کە پارەیەکیان لـــێ وەرگرتووە، ئەســـڵەکەیـان داوەتەوە و ئیتر هەر کـاردەکەن و ئەوی پەیـدای دەکەن - لەبەرامبەر زیادەی ســـووەکەدا - دەیدەنە ســـووخۆر.. ئیتر ئاوا دەیان ســاڵ ڕەنجی خۆڕایی لەپێنـاو دەوڵەمەنـدترکردنی ســـووخۆرانـدا دەدات! ئەمە جگەلەوەی لەوانەیە ســـووگر لەبەرپێـداویســـتی خۆی (بۆنموونە دەهەزار دینـار) پـارەی لەکەســـێکی تر/ یـان لەبانق

(١) موسلیم (١٥٩٨).

وەرگرتووە تا خانووی پێبکڕێت، یان بازرگانی پێوەبکات، دەبینی دەکەوێتە زیانێکەوە کە خانووەکە دەفرۆشێت، کەچی هێشتا پارەی سوو دەبژێرێتەوە!! بازرگانییەکەی ئیفلاسی کردووە، کەچی دەبێت پارە بۆ دانەوەی زیادەی سووەکە پەیدابکات.. ئا ئەمە ڕەنج بەخەساری و داماوی و کلۆڵییە.

سووکاری بەهەزاران دەوڵەمەند بێ بەرهەم دەکات، خۆیان هیچ ناکەن و نەك هەر بەخێوەدەکرێن، بەڵکو دەوڵەمەند دەکرێن، دانیشتوون پارەیان بۆ دێتە بەردەست.. ئاسەواری بەدی سوکاریی ئەوەندە زۆر سەخت و دژوارە کە لێرەدا جێی نابێتەوە باسی بکەین، جێباسی خۆی لەکتێبە فیقهییەکاندایە، ئەوەندە بەسە کە بزانین سووکاری چەند دژوارە و دوژمنکارانەیە کە خوای گەورە جەنگی بەرامبەر بەرپاکردووە! فەرمانی بەپێغەمبەرەکەشی (ﷺ) داوە کە جەنگی بەرامبەر ڕاگەیێنێت!! بۆیە ئەرکی دەوڵەتی ئیسلامیش ئەوەیە جەنگی بێ ئامانی بەرامبەر ڕاگەیێنێت و دژی سووخۆران بوەستێتەوە و لەبەرەی بەرامبەردا بەزەلیلی و ڕسوایی ڕایانگرێت.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِيَ مِنَ ٱلرِّبَوٰٓاْ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ۝٢٧٨ فَإِن لَّمۡ تَفۡعَلُواْ فَأۡذَنُواْ بِحَرۡبٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۖ وَإِن تُبۡتُمۡ فَلَكُمۡ رُءُوسُ أَمۡوَٰلِكُمۡ لَا تَظۡلِمُونَ وَلَا تُظۡلَمُونَ ۝٢٧٩﴾ البقرة: ٢٧٨ - ٢٧٩ واتە: ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان هێناوە لەخوابترسن و ئەگەر ڕاست دەکەن و موسوڵمانن، ئەگەر ترسی خواتان لەدڵدایە، سا واز لەو سووکارییەتان بهێنن کە هێشتا بەدەستانەوەیە، ئەگەر ئەم فەرمانە بەجێ نەهێنن دەی سا خۆتان ئامادەکەن بۆ جەنگێك کە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بەرامبەرتان ڕایدەگەێنن، چونکە ئێوە بەسووکاریتان دژایەتی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەیتان ڕاگەیاندووە، ئەگەر واز دێنن و تۆبە دەکەن، سەرمایەکەی خۆتان بێ زیاد و کەم هەڵبگرنەوە، نەستەم لەخەڵکی بکەن بەزیادە لێ سەندنیان و نەتووشی زیانیش ببن بەکەمبوونەوەی سەرمایەکەتان یان لەدەستدانی.

که خوای گەورە ئاوا بنبڕانە بڕیاری حەڕامێتی سـووکاریی داوە و هەموو دەرگا و ڕێگا و ڕێچکەکانی داخسـتووە، دەیان دەرگای بواری کاسبی حەڵاڵی کردۆتەوە کە ببێتە مایەی وەبەرهێنـانی پـارەی حەڵاڵ و گەشـەکـاریی سـامـان، بۆنموونە ڕێگـای بە کۆمپـانیای (موزارەبە) داوە کە بریتیە لە شـەریکـایەتیەك لەنێوان خـاوەن سـەرمـایەکە و خـاوەن کارەکەدا، لەوسەرمایە و لەم کار پێوەکردنی و قازانجیش لەنێوانیاندا بەشەریکایەتی بەو ڕێژە و ئەندازەی ڕێدەکەون لەسـەری، ئەگەر زیانیشـیان لێکەوت خاوەن سـەرمایەکە تەحەممولی زیـانەکـانەکە دەکات نەك هەڵسـوڕێنەرەکەی، ئەم ئەوەندەی زیان بەسـە کەکارەکەی لەدەست دەچێت..

هەروەها ڕێگای بەفرۆشـتن بە (سـەلەم) داوە، کە بریتییە لە فرۆشتنی بەرهەمێك پێش پێگەیشـتنی، جوتیارێك ئێسـتا پارەی بۆ خانووکردن پێویسـتە، ناشـیەوێت زەویەکەی بفرۆشێت، بە بەرامبەر دەڵێت بەرهەمی ئەمساڵم کە پێگەیشت بۆ تۆ بەرامبەر ئەوەندە پارە کە ئێستا بمدەیتێ.. تەفسیلاتی باسی سەلەم وا لە کتێبی فیقهییەکاندا.

هەروەها (قەرزی حەسـەنە)ی هـانـداوە کە کـابرا بڕێك پارەی دیاریکراو لە بەتولمال وەردەگرێت (یـان لەخێرومەنـدێـك) کە دوای مـاوەیەکی دیـاریکراو بێ زیـادبوون بۆی دەهێنێتەوە، یـان بەقسـتی مانگانە - بێ زیادە - دەیداتەوە، ئەمە جگە لەزەکات و خێر و سـەدەقات کە ئەگەر بەڕاسـتی زەکات بایەخی پێبدرێت و دەزگای خۆی هەبێت -وەکو دواتر باسی دەکەین إن شاء الله- کەس موحتاج نامێنێت و تەنانەت موحتاجی قەرزکردنیش نـابێـت، ئەگەر موحتاجیشـی بوو ئەوا بەیەکێك لەوڕێگایانەی ئاماژەمان پێدا، دەتوانێت بەدەسـتی بهێنێت.. دەوڵەت هیچ عوزرێکی نییە لە سووکارییدا، چونکە ئەوەندەی توانای دارایی و ئابووریی لەبەردەسـتدایە کە دەتوانێت بەرژەوەندیی خۆی و کۆمەڵگەکەی - بێ سـووخۆریی - دابین بکـات، خوای گەورە لەبەرژەوەنـدی کۆمەڵگەی مرۆڤـایەتییە کە دینەکەی خۆی بۆ کردوونەتە ڕێباز و بەرنامەی ژیان، دینەکە خۆی لەبەرژەوەندی خەڵکییە، حـاشـا وەلیللا کە شـتێکی تێدا بێت لەبەرژەوەندی دین و دنیای تاکوکۆی کۆمەڵگە و

دەوڵەت نەبێت، ئەزموونی بانکە ئیسلامییەکانیش سەلماندیان کە سەرکوتووبوون.[١]

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەشتێکی گرنگ بدەین:

ئەمەی لێردا باسـیدەکەین پەیوەندی بە دارولئیسلامەوە هەیە، نەك بەدارولحەربەوە کە بەتەئکید جیاوازە، ئیسلام ماڵ و سامانی ڕەعییەتەکەی دارولئیسلام بەحەڕام دەزانێت نەك خوێن و ماڵی خەڵکی دراولحەرب، مەگەر هاوپەیمانی دارولئیسلام بن، لەم ڕوانگەوەیەکە ئەگەر موسـوڵمانێك بەپێی پەیمانێکی ئەمان چووە دارولحەرب، وەکو ئەم سـەردەمە کە مـوسـوڵمـان بەپـاسـەپۆرت دەچێتە وڵاتەکـانیـان، لەم حـاڵەتەدا دەبێـت بەتەواویی بەپەیمانەکەیانەوە پایەندبێت (دەربارەی گیان و ماڵ و ناموسـیان کە دەبێت لەئەماندابن لـــێی)، ئەگەر پـارەیەکی لێیـانەوە - بەرەزامەنـدیی خۆیـان - دەسـکەوت بۆی هەیە وەریبگرێـت و ببێتە خـاوەنی، ئەگەرچی بەڕێگـایەك پەیـداکرابێت کە لەدارولئیسـلامدا حەڕام بێـت.. بۆنموونە ئەگەر موسـوڵمـانێك پارەی لە بانقەکانیاندا دانا، بۆی حەڵاڵە ئەو زیـادەیە (ڕێنتە) بخوا کە دەیـدەنێ[٢]، ئەگەر کۆمپـانیـاکـانی (تەئمین) مـاڵ و سـامانی تۆمارکردبوو پاشـان شتێك ڕوویدا و سامانەکەی فەوتا، یان کەمی کرد، وکۆمپانیاکە بۆی قەرەبوو کردەوە، بۆی هەیە پارە قەربووەکەیان لـێ وەرگرێت، ئەمە بۆچوونی ئەبوحەنیفە و

---

(١) ئەوەی نووسەری ڕەحمەتی ئاماژەی پێدا سالانی سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووە، بەڵام ئەوەی شتێکی زۆرگەورە و کاریگەر بوو کە لە تەنگژە ئابووریەکەی سـاڵی ٢٠٠٨ بەسـەر جیهاندا هات، کە دەرچەیەکی لێدانەکەی ئەمریکا بوو لە ١١ی سـێپتێمبەری ٢٠٠١، ئەو سـاڵە ١٤٧ بانکی ئیسـلامی هەبوو، هیچییان تووشـی زیان نەبوون و بەپێچەوانەوە قازانجییان زۆر بوو، ئەمە وایکرد فەڕەنسا بانکێکی ئیسلامی بە سێ تریلیۆن دابمەزرێنێت، واتە (٣،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) دۆلار.

(٢) ئەمە یەکێکە لەو هەڵانەی نووسـەری ڕەحمەتی تێیکەوتووە، کە ڕاوبۆچوونی مەزهەبەکەی (حەنەفی) لێرەدا هێناوەتەوە کە قسـەیەکی بێ بەڵگە و باتڵە، ئیمامی ئەبو حەنیفە و محمدی کوڕی حەسـەن نموونەیان هێناوەتەوە بەڵام شـەرعناسـانی دواییی حەنەفی کردیـانە ڕێسـا و بەڵگەی شـەرعی، بۆیە (نعوذ بـاللـه) حەنەفییەکان لەئەوروپا گرتیانەبەر و بەدەگمەنیش یەکێـك نـابینیـت سـووکـاری نەکات، لەم ڕوانگە بێ بەڵگەوە هەندێك فەتوای سـەقەتیاندا کە جائیزە پارەی بانق لەڕۆژئاوا وەربگیرێت، لەوەش سەقەتتر و باتڵتر فەتوای هەندێك مەلای کوردستـان دوای زەمانی سەرمایەداریی ئیحتیلال لە ٢٠٠٣ بوو کە وتیان پارەی بانق وەرگرن حەڵاڵ و زوڵاڵە، فەتوایەکی باتڵ و دوور لەدینە..

محمدی کوڕی حەسەنە[1].

## خاڵی دووەم: قوماركاریی:

بەهەموو جۆرێكیەوە، لەوانە یانسیب كە ئەهلی جاهیلییەت و فریوكاران پێدەڵێین (یانسیبی خێریی)! كە لەو قومارە گەورەتر و خراپترە كە عەرەبەكان لە پێش ئیسلامدا دەیانكرد و ئایەتی لەسەر هاتەخوارەوە.. چونكە لەسەردەمی جاهیلییدا ئەو كەسەی یانسیبەكەی دەبردەوە پارەكەی بۆ خۆی هەڵنەدەگرت، بەڵكو بەسەر هەژار و داماواندا دابەشیدەكرد، ئەمما یانسیبی ئەم سەردەمە ئەوەیە كە هەركەسێك بۆی دەرچوو، یان وەكو خۆیان باتڵانە دەڵێن: ئەگەر بەختی چاكبوو، ژمارەی بیتاقەكەی ئەو ئەوەبوو كە دەردەچێت ئەوا (خەڵات)ەكە بۆ ئەو دەبێت.. بێگومان لە پشت پەردەشەوە سەدان كەس و هەزاران مشەخۆر - بێ كار و بەرهەم - لەسەر ئەم فریوكارییە دەژین! ئەمە هەمووی قومارە و هەموو جۆرێكی قوماریش حەرامە، لە ئیسلامدا بەهەڵە خەڵەتاندن و چەواشەكاری حسێبە و دەچێتە خانەی بەخاوەنبوونی ستەمكارانەوە، ستەمیش بێگومان حەرامە، ئێمە كە هەزاران لیرە (نووسەری رەحمەتی سورییاییە) كۆدەكەینەوە و دەیدەینە كەسێك، هەر لەبەرئەوەی كە ژمارەی بیتاقەكەی ئەو دیاریكراوی (خەڵات)ەكەیە، ئایا رەفتارێكی مەعقول و ڕاست و ڕەوا ئەنجامدەدەین كە خاوەنێتی ئەو پارانە لەكەسەكانەوە بۆ كابرای بیتاقە دەرچوو نەقڵ دەكەین؟ ئایا هەر بەوەندەی كەسێك زارێكی هەڵداوە و ژمارەی داواكراوی بۆ هاتۆتەوە دەبێت سامانی خەڵكی تری بدرێتێ؟ ئایا ئەمە كارێكی چاكە؟ پارەی كرێكارێك و رەنجی جوتیارێك و برێك موچەی فەرمانبەرێك هەروا بەرەفتارێكی ساویلكانە بدرێتە كەسێكی تر كە هیچی نەكردووە، ئایا ئەمە دادپەروەرییە؟! ئەوان رەنجیان داوە و پەیدایان كردووە، ئەمیش دانیشتووە و هیچی نەكردووە، كەچی بڕی

---

(١) ئەم فەتوایەش وەكو ئەوەی پێشووتر بێ بەڵگە و باتڵە بەتایبەتی كە ئاوا بەشێوەیەكی گشتی بووترێت.

بەرهەرمی ئەوانی بۆ هـاتووە!! واقیعی قومارچییان لەهەموو لایەکیانەوە دیار و ڕۆشـــنە، ژیانیان پڕناسـۆر و کێشەیە، خۆیان و خێزان و خزمانی نزیکیان تووشی دەیان کوێرەوەری دەبن بەهۆی قومـارکردنی یەك کەسـی نـامەسـئوولی بێ هۆش و گۆشــەوە! نـاکۆکی ڕوودەدات، خێزان هەڵـدەوەشــێت، خۆدزینەوە لەکار و پارەماشــینەوە و دزیکردن زیاتر دەبێت، کابرا تا بدۆڕێنێت جورئەتی دزیکردنی زیاتر دەبێت و دەیکات، چەند دووبەرەکی و دوژمنـایەتی بەهۆی قومـارکردنی کەسـێکەوە کەوتەوە؟ چەنـد توانـا و ووزە و پـارە بەفیڕۆچوو؟ ســەرپەرشــتیـارانی یانسـیب و فرشــیاری بیتاقەکان و کارمەندانی ئەم (پڕۆژە)ـــانە هەموو هەر (کار) دەکەن و بێ بەرهەمن.. داهێنانێکی بۆ گەشە و نەشونمای ئـابووریی تاکوکۆ تێدا نییە، ئاســەواری خراپیشـــی لەســـەر لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و ڕەوشـت و ئابووری زۆر زۆرە، چونکە گواستنەوەیەکی ناڕەوای پارەیە لەکەسانێکەوە بۆ کەسـێکی تر.. ئەمە جگە لەبەفیڕۆدانی کات و پشــێوی و خەمخواردن و تووڕەبوون کە ڕەفتار لاســەنگ دەکات.. قومارچییەك نابینرێت رقی لە قومارچییەکانـــی تر نەبێتەوە.. هەموو دژی یەکترن، هەریەکەیان بۆ بەرژەوەندیی خۆی دەیەوێت زەربە لەوانی تر بدات!

## خاڵی سێیەم: دزی و زەوتکردن و ماشینەوە:

کە لەوڵاتـێـکـدا هەزاران دز و جەردە و ڕێگر هەبن، هەزاران زەوتکـار و زۆردار، هەزارانی تر خەریکی ماشــینەوەبن و لەناوخۆیاندا کۆمەڵی (مافیایی) دزی و ڕاوڕووت پێکبهێنن و ماڵ و ســامانی ئەم و ئەو ناڕەوایانە داگیربکەن، ئەمە دەگەیێنێتە چی؟ ئەوی بەردەوام ڕەنج دەدات و کاسـبی دەکات، خێر لە پارە و ســامان و ڕەنجی نابینێت، چونکە ملهوڕێك لەولاوە دێت و لێیـدەســتێنێـت، یـان ئەمانی لێدەســتێنێت و نازانێت پارەی کۆکراوەی تەمەنی لەکوێ دابنێت، یان ناوێرێت خانوو و ســەیارە و موڵکێکی هەبێت، یان ســیمای هەبوونی ودەوڵەمەندیی پێوە دیاربێت، یەکســەر دێنە ســەری، ئێ ئەمە چ چێژێك لەسـامانی دەکات؟ لەولاوەش کەسـانی نامەسئوول و خراپ، هیچ کار و پیشەیەکیان نییە

ڕووت کردنەوەی خەڵکی نەبێت، ڕەنج نادەن و ڕەنجی خەڵکی تر دەخۆن، ووزە و توانایان، زیرەکی و شارەزاییان لەدزی و زەوتکردنی ماڵ و سامانی خەڵکیدا دەبێت لەجێی ئەوەی بە بونیاتنانی ڕاست و ڕەوای خۆیان و دەوروبەریاندا بخرێتە کار.. بەردەوامبوونی حاڵەتی وا لەهەر وڵاتێك بوو ڕەنج و توانا و پڕۆژەی زۆر وەلادەنێت و خەڵکانێکی زۆر لە بەرهەمهێنانی زۆر و چاك سارد دەکاتەوە و ئەمان لەدەوڵەمەندان دەبڕێت و ناچاریان دەکات بەخۆیان و سەرمایەیان کۆمەڵگە و وڵاتی خۆیان جێبهێڵن (بچنە وڵاتێکی تر کە ئەمانی خۆیان و بواری کاسبیکردنیانی لێ بێت، ئەگەرچی کافرستانێکیش بێت!)، دز و جەردە و پیاوخراپەکانیش ناکەونە سەرکار و کاسبیەکی (شەریف)ـانە، چونکە هەم تەممەڵ بوون و لەشولاری کاسبیان نییە، هەم ئاسانتر بەمورادی خۆیان دەگەن و پارەیەکی زۆرتر لەمووچەی فەرمانبەرانی خاوەن بڕوانامە پەیدادەکەن! ئەو کەسانەی دزییان لێدەکرێت یان ڕووت دەکرێنەوە، لەوانەیە سەرمایەکەیان هەمووی یان نیوەی - کەمتر و زیاتر - لەدەستی بچێت، ئەمەش وایلێدەکات بێتەوە پلەکانی خوارێ و نەتوانێت پڕۆژەیەکی وا دامەزرێنێت کە خەڵکی تریشی تێدا بخاتە سەرکار، ئەمانە هەمووی زیانی ئەمان و نەمانی ئەمانی بژێوین.. هەمووی کەند و کۆسپی ڕێی گەشەکارین..

لەبەر ئا ئەم حاڵەت و ئەنجامانەیە کە ئیسلام ڕێگای ئەمانەی هەمووی بەستووە، هیچ یەکێکی لەمانە بەڕێگایەکی شیاوی نەقڵکردنی سامان وموڵك هەژمار نەکردووە کە لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر بگوێزرێتەوە.

ئیسلام لەملاوە کە ڕێی لەم مومارەسانە گرتووە، لەولاوەش سزای زۆر سەخت و توندی بۆ داناون (ئیعدامی جەردە و ڕێگر و دەستبڕینی دز).

ئەوانەی دەکەونە ناو پێناسەی دزییەوە زۆرن، لەوانە: سووك کێشان و کورت پێوان و زۆر وەرگرتن و کەمدان و... هتد.

## خاڵی چوارەم: حەڕامێتی ئیستیغلالکردنی پلە وپایە و کاربەدەستێتی:

هەموو جۆرە ئیستیغلالکردنێکی وەزیفە و پلەوپایە و کاربەدەستیەتی گشتی بۆ بەخاوەنبوون و پارە دەسکەوتن حەڕامە. لەوانە بەرتیل یان دیارییەك کە کارمەندێك وەریدەگرێت لەکاتی دەوامدابێت یان لەدەرەوەی، چونکە حەتمەن پێش وەرگرتنی ئاسانکارییەکی تایبەتی کردووە یان پێشێلکاریی مافی گشتیی بۆ بدەرەکەی کردووە، یان دوای وەرگرتنی دەیکات. بۆ نموونە کە سێك لەڕێی بەرتیل یان واسیتە یان دیاری بردنەوە بڕوانامەیەك وەردەگرێت: بڕوانامەی خوێندن، سایەقی، پیشە... کە شیاوی نەبووە، یان کەسێك بەرتیل یان دیاری دەداتە داوەرێك تا بەلای ئەمدا بشکێنێتەوە و مافی بەرامبەرەکەی بۆ بپچڕێت، یان دەیداتە کەسێك تا باج (زەریبە)ی لەسەر لادات، معاملەکەی پێشخات، مۆڵەتی کۆمپانیایەکی بداتێ، وەهەروەها.

بەڵگەی حەڕامێتی ئەوانە و هاوشێوەیان ئەو فەرموودەیەیە کە ئەبو حومەیدی کوڕی ساعیدی (خوا لێی ڕازی بێت) دەیگێڕێتەوە: (إسْتَعْمَلَ النَّبِيُّ (ﷺ) رَجُلاً مِنَ الأَزْدِ يُقَالُ لَهُ ابن اللتبيَّة للصَّدقَة فَلَمَّا قدمَ قَالَ: هَذَا لَكُمْ وَهَذا أُهْدِيَ إليَّ، فقام النبيُّ (ﷺ) فَحمدَ اللَّهَ وَأَثْنَى عَلَيْهِ ثُمَّ قَالَ: أَمَّا بعْدُ، فَإنِّي أَسْتَعْمِلُ الرَجُل منْكُمْ عَلَى العمل ممَّا وَلاَّني اللَّهُ، فيَأْتي فَيَقُولُ: هَذَا لَكُمْ وَهَذا هَديَّةٌ أُهْديتْ إليَّ، أفَلا جَلَسَ فِي بَيْت أَبِيه وأُمِّه حَتَّى تَأْتِيَهُ هَدِيَّتُه إنْ كَانَ صَادقًا، وَاللَّه لا يَأْخُذُ أَحَد منكم شَيْئًا بغَيْر حَقِّه إلاَّ لقي اللَّه يَحْملُه يوْمَ الْقِيَامَة، فَلأَعْرِفَنَّ أحداً منكم لقي الله يحمل بَعِيرًا لَهُ رُغاءٌ، أَوْبَقَرَة لَهَا خُوَارٌ، أَوْ شَاة تَيْعَر، ثُمَّ رَفَعَ يَدَيْه حَتَّى رؤي بَيَاضُ إِبْطَيْهِ يقول: اللهم هَلْ بَلَّغْتُ)[1] واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) کابرایەکی لە هۆزی ئەزد کرد بە زەکاتەوان، ناوی ئیبنو لەتبییە بوو، کە دوای زەکات کۆکردنەوە گەڕایەوە مەدینە، زەکاتەکەی بەجیا دانا و ووتی ئەمە هی ئێوەیە و لەولاوەش بڕێکی تر/یان شتێکی تر و ووتی: ئەمەشیان هی منە، بەدیاریی پێمدراوە، ئەبو حومەید دەفەرموێ:

---

(١) بوخاری (٧١٧٩)، موسلیم (١٨٣٢)، ئەبو داوود (٢٩٤٦).

پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەستایە سەر پێ و سوپاس و ستایشی خوای گەورەی کرد و پاشان فەرمووی: پاشان: من کەسێك لە ئێوە دەخەمە سەرکارێك لەوەی خوای گەورە کردوومی بە سەرپەرشتیار بەسەریەوە، کەچی کە دێتەوە دڵێ: ئەمە هی ئێوەیە و ئەمەش دیارییە بەخۆم دراوە! چما ئەگەر لەماڵی باوك و دایکی دانیشتایە با ئەمەی بۆ بهاتایا ئەگەر ڕاست دەکات، بەخوا قەسەم هەر کەسێکتان شتێك بەغەیری حەقی خۆی وەربگرێت، ڕۆژی قیامەت کە دێتەوە پێش ئەو شتەی بەکۆڵەوە دەبێت (بۆ فەزحکردنی)، وانازانم کەستان تێدا بێت حەز بکات کە دەگاتە دیداری خوای گەورە حوشترێکی بە کۆڵەوە بێت و هاوار بکات، یان مانگایەك ببۆڕێنێت، یان مەڕێك بباڕێنێت، پاشان هەردوو دەستی پاکی بۆ ئاسمان بەرزکردەوە بەڕادەیەك کە سپێتی بنباڵی دەبینرا و فەرمووی: خوایە گیان من گەیاندم.

ئەمما ئەگەر کەسێك پارەیەك یان دیارییەکی دایە کاربەدەستێك تا مافی خۆیی بۆ وەرگرێت/ وەرگرێتەوە، ئەمە هەرچەندە وەکو بەرتیلدانە، بەڵام ناکەوێتە خانەی بەرتیلەوە، چونکە لەمیاندا مەبەست گێڕانەوە/ دەسکەوتنی مافی خۆیەتی و لەوانی تردا وەلانانی مافی خەڵکی و دەسکەوتنی شتێك بێ ئەوەی شیاو و شایستەی بێت.

- یەکێك لە شێوازەکانی ئیستیغلالکردنی پلە و وەزیفە بۆ دەسکەوتن و بەخاوەن بوونی مافێك بەناحەق ئەوەیە کە لەڕێگای ئەووە کۆمپانیایەك دەکرێتەوە یان سەرمایەیەك وەگەڕ دەخرێت، بەوەی ئەم تەعلیماتێك دەردەکات کە ئەو حاڵەتانە بگرێتەوە و لەخزمەتی ئەو کۆمپانیایانەدابێت، لەسەر حسابی بەرژەوەندیی ئوممەتەکە.

لەحاڵەتێکی ناڕەوای وادا ئوممەتەکە دەکرێتە مشتەری ئەو کۆمپانیا تایبەتە کە پێشبڕکێی کۆمپانیایەکی حکومەتی شەرعیی - بۆنموونە – کردووە.

ئاسانکاریی وا کە هەر بەبەرتیل و واسیتە دەڕوات، زۆر شێوازی هەیە، لەوانە:

١- وەزیرێك شەریكایەتی لەگەڵ بازرگاندا هەیە كە كاڵا لەدەرەوەی وڵات هاوردە دەكەن، كە بەهەردوولا هێنانی ئەو جۆرە كاڵایە ئیحتیكار دەكەن و تەنها خۆیان دەبنە هاوردەكاریی كاڵاكە، ئەوان بەسەرمایە و كار، وەزیرەكەش بەدەركردنی تەعلیماتی شیاو بۆیان. (ئەوان سەیارە و بار ئامادە دەكەن و ئەمیش جادەیان بۆ ڕادەكێشێت!) مەرج نییە وەزیرەكە هەر شەریكیان بێت، نا، دەشێت خزمە و پشكی پارەی ناوێت، هەر دەیەوێت ئەوان دەوڵەمەند بكات یان بیهێنێتە پێش، یان شەریك نییە و بەرتیلی خۆی دەوێت و بەس، لەوانەیە هیچ لەمانە نەبێت، تەنها لەبەرئەوەی بازرگانەكان لەحزبەكەی ئەمن.

دەشێت ئیستیغلال كردنی وەزیفەكە بۆ هاوردەكردنی كاڵا نەبێت، بۆ ناردنە دەرەوەی بەرهەم بێت، بەوەی وەزیرەكە تەعلیمات دەردەكات كە نابێت فڵان جۆر كاڵا بنێررێتە دەرەوە، لەكاتێكدا كە بۆیە وا بەرهەمهێنراوە تا بنێررێتە دەرەوە، بەڵام ئەم بەرتیلی لەكۆمپانیا یان لەبەرهەمهێنی ترەوە وەرگرتووە تا ڕێ لەگەشەی بەرهەمهێنە هەقەكان بگرێت. دەشێت نەهێڵێت كاڵایەك بچێتە دەرەوە نەك بۆ زیانلێدانی بەڵكو بۆ قازانجی زۆرتر، بەوەی لەولاوە ناهێڵێت كاڵای هاوشێوە هاوردە بكرێت تا كاڵای ئەم كۆمپانیانە بەنرخێكی باڵاتر بفرۆشرێن، بەمە دەڵێن ئیستیغلال كردنی بازاڕ.. یان كاڵاكە هەرزان دەكات تا بازاڕی ئەوانی تر بشكێنێت.. یان ڕێ بەناردنە دەرەوەی كاڵای بەرهەمهێنە كێبڕكێكان دوادەخات، تا بەرهەمی بەرتیلدەرەكان دەڕوات و دەفرۆشرێت ئینجا ڕێگا بە چوونەدەرەوەی بەرهەمی ئەمان دەدات.[١]

٢- كارگەیەك جۆرە قوماشێك بەرهەم دەهێنێت، بڕێكی ئیجگار زیادی -زیاد لە پێداویستی خەڵكی- بەرهەم هێناوە، بەڕێوەبەرەكەی لەگەڵ وەزیردا ڕێدەكەوێت كە تەعلیماتێك دەركات كە دەبێ پۆشاكی قوتابیانی سەرەتایی -كوڕان و كچان - لەم قوماشە

(١) ئەم ئالمە و سالمە و چەواشەكارییە زۆر زۆرە و سەدان هەزاران نموونەیمان لەباشووری كوردستاندا دیووە، بەتایبەتی لە (١٩٩١)ـەوە و بەتایبەتی تریش لەدوای (٢٠٠٣)ـوە.

دروســـتكرێن و بكرێنە (زەی موەحەد)، ئەگەر لەوڵاتەكەدا (زەی موەحەد) هەبوو، ئەم بۆ ســـاڵێـك دەیگۆڕێت، واش فەرزی دەكات كە قوتابیان بێ ئەو جۆرە قوماش و دوورین و دیزاینە نەیەنەوە بۆ قوتابخانە! بەم حاڵەدا كارگەكە و بەرگدرووەكانی مشـەخۆرانە لەسەر حســابی توێژ و چینە هەژارەكان بەتایبەتی و هەموو كۆمەڵگە بەگشـــتی قەڵە و دەبن و سەفتە پارە سەریەك دەنێن.

٣- دەشـــێـت حكومەت لەژێر تین و فشـــاری هەنـدێكدا، یان بەهاندانی كۆمپانیایەك بڕیارێك دەركات كە نابێت بەرهەمی دەرەكی لەفڵان جۆر كاڵا هاوردە بكرێت تا (بەرهەمی نیشـــتمـانی خۆمان) گەشـــە پێبدەین، ئەمە لەڕواڵەتیدا ڕاســـت و حەقە و ئێمەش پێمان پەسەندە، بەڵام حەقیقەتی ئەمە ئەوەیە كە كاربەدەستان نەیانهێشتووە ئەو كاڵا دەرەكییە - كە چـاكترە لە بەرهەمی نیشـــتیمـانیەكە - هـاوردە بكرێـت تـا بەرهەمی ئەو كـارگـا و كۆمپـانیـایـانە بكەوێتە بـازاڕەوە و بەپێی بەرژەوەنـدیی خۆیـان نرخی بۆ دیارییكەن، لەم حـاڵەتەدا زیـان لە كۆمەڵگەكە دەكەوێـت كە كـاڵای بـاشـــی دەســـتنـاكەوێـت و كـاڵا نیشـــتیمـانییەكەش لەبەر نەبوونی كێبڕكێ باش بەرهەم ناهێنرێت و گرانیش دەكەوێت.. هەمووشـی لە بەرژەوەندی كۆمەڵێك ملهوڕی سەرمایەدار، یان خاوەن پلەوپایەی حزبی و حكومی دێتەوە و ئەوانی پێ دەوڵەمەنـدتر دەبن، ئەمە جگە لەوەی ئیســـتیغلالكردنی پلەوپایەیە، ئیستیغلال كردنی ئابوورییە، ئیستیغلالكردنی هەست و سۆزی ئوممەتەكەشە، كە بەنـاوی ڕەواجدان و گەشـــە پێكردنی بەرهەمی نیشـــتیمانی خۆمان دەكرێنە كڕیاری ساغكردنەوەی كاڵایەك كە ئەگەر چەواشە نەكرانایە و ڕێیان لـێ نەگیرایە باشتریان دەست دەكەوت، یان باشتریان بەرهەم دەهێنا.

٤- دەشێت ڕووبارێك لەوڵاتی دارولئیسلامدا هەبێت كە گشتیە و هەموو ڕەعییەتەكە مافیان تێیدا هەیە، بەڵام كۆمپانیایەك دەیەوێت بەنداو (سدّ)ـــێكی لەسەر دروستبكات و پاشـان ئاوەكەی بەجوتیاران بفرۆشێتەوە، ئایا جائیزە؟ لە كاتێكدا كە ماڵ و مافی خەڵكییە و ئیســـتیغلال كراوە، بەڵام لەهەمان كاتدا دواتر بەبڕی پێویســـت پێیان دەفرۆشرێتەوە، ئایا

شــەرع ڕێگا بەمە دەدات؟ نەخێر، چونکە دروســت کردنی بەنداوەکە لە ریزی ئەرکەکانی دەوڵەتە، خۆ خیلافەتی ئیســـلامی بەدرێژایی مێژووی خۆی ئەمەی بەکار و ئەرکی خۆی زانیوە و کردوێتی، جـا کە ئەمە جـائیز نییە ئـایـا جـائیزە کۆمپـانیایەك بە ئاوە کۆکراوەی بەنـداوەکە کـارەبـا دروســت بکات و کارەباکە - کە هەر بەرهەمی ئاوە گشــتیەکەیە - بەخەڵکی بفرۆشــێتەوە؟! نەخێر.. بۆی نییە، چونکە ئەمەش ئەرکە و لەئەســتۆی دەوڵەتە ئیسلامیەکەدایە، دەبێ دەوڵەت بیکات، نەك لێگەڕێ مشەخۆرانێك موڵکی گشتی بدزن و پاشان کارەبا بەو نرخەی لەسەری دادەنێن بە کۆمەڵگەکە بفرۆشنەوە.. کە دەوڵەت ڕێگای بەو کۆمپانیایە داوە و خۆشــی زەریبەی لـــێ وەردەگرێت؛ دەبێتە شــەریکی دزێتی و هاوبەشی زوڵم و دەستدرێژی.. لەکاتێکدا دەوڵەت و کاربەدەستانی بۆ ئەوە دامەزراون تا دادپەروەری بچەســپێنن، لەحـاڵەتی وادا دەبێـت دەوڵەت هەقی دروســتکردنی کارەباکە بداتەوە بە کۆمپانیاکە و کۆمپانیاکە بخاتەوە ســەر بەیتولمال و خەڵکەکەش کارەبایان بە خۆڕایی دەســکەوێـت، یـان بە شــێوەیەك کە مـافیـان نەفەوتێـت و دادپەروەرییان تێدا بچەسپێت.

• یەکێکی تر لەشێوازی ئیستیغلالکردنی پلەوپایەی وەزیفە و حزب و دەوڵەت ئەوەیە کەسێك یان کەسانێك بەهۆی هەبوونیان لەو پلە و وەزیفانەدا ئیمتیازاتێکیان دەسکەوێت کە بەناهەق بیانکاتە خاوەن سامان و پارە، بۆ ڕێگرتن لەمە دەبێت کەسەکە پێش وەرگرتنی وەزیفەکەی بەدەوڵەت بڵێ کە چەنـدی پـارە و ســامان هەیە، تا ئەگەر زۆر زیادبوو لێی بپرسـرێتەوە لە ســەر ڕێسـاکەی ســەیدنا عومەر (خوا لێی ڕازی بێت): (مِن أين لك هذا؟ ئەمەت لەکوێ بوو؟)، ئەمە (کە ئێســتا ڕۆژئاوا کاری پێدەکات) ڕێســا و مومارەســەی خەلیفەکانی ڕاشـیدین بوو (خوا لێیان ڕازی بێت)، کە موحاسەبەی هەر والییەکیان دەکرد ئەگەر هەواڵیان بداریاتێ کە دەوڵەمەندبوون، ئەگەر گومان بۆ ئەوە چوو کە ئیستیغلالی پلە و پۆستەکانی خۆیانیان کردبێت:

١- ســەیدنا عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) بیســتی کە عەمری کوڕی عاص (خوا لێی

ڕازی بێت) والی میسر دەوڵەمەندبووە، بانگی کردە مەدینە و لێی پرسی: بەچی وا دەوڵەمەند بوویت؟ فەرمووی: ئێواران سەپانی دەکەم، دروێنە بۆ خەڵکی دەکەم و کرێ وەردەگرم! سەیدنا عومەر ڕێی لێگرت و نەیهێشت جارێکی تر بیکاتەوە!!

٢- لەوەش هەستیارتر ئەوەبوو کە ڕۆژێك حوشترەکانی عبداللەی کوڕی بینی لە حوشتری گشتی خەڵکەکە قەڵەوترن! عبداللەی بانگ کرد و لەهۆکاری ئەمەی پرسی: عبدالله فەرمووی: نازانم.. منیش وەکو ئەو خەڵکە حوشترەکانم دەدەمە شوانەکان.. بەڵام سەیدنا عومەر کۆڵی نەدا و بەدویداچوو، بۆی دەرکەوت کە هەندێك شوان حوشترەکانی عبدالله دەبەنە پاوەنی باش و تێریان دەکەن لەگیا و ئاو، جێبایەخیانە زیاتر لە حوشترەکانی تر، فەرمووی: ئەمە ناهەقیە.. حوشترەکانی بەکوڕەکەی فرۆشتەوە و پارەکەشیانی خستە بەیتولمالەوە!!

٣- لەو فەرمانانەی کە عومەری کوڕی عبدولعەزیز (رحمە الله) بۆ والییەکانی خۆیی دەرکرد ئەوەبوو کە بۆی نووسین: (وادەبینین کە خەلیفە نابێت بازرگانی بکات، والیەکانیشی بۆیان نییە کاسبی بکەن، چونکە هەر کاتێك ئەمیرێك کەوتە سەودا و مامەڵەوە، خۆی زیاتر ڕەچاو دەکات (بەرژەوەندیی خۆی پێشتر دەخات)، جا هەرچەند سووربێت لەسەر ڕاست و ڕەوایی حەتمەن هەر ڕەفتاری نالایەقی لێدەوەشێتەوە).

## خاڵی پێنجەم: حەرامێتی بەخاوەن بوون لە ڕێی ئیحتیکار (مۆنۆپۆڵ)ـەوە:

ئیحتیکار ئەوەیە کە کەسێك/ لایەنێك بەرهەمێك دەخاتە ژێر دەستی خۆی و هەوڵدەدات هەر ئەو هەیبێت، ئینجا لەکاتی خۆیدا - کاتی پێویستی خەڵکەکە - دەیشارێتەوە، کە زۆر موحتاجی دەبن دەیخاتە بازاڕەوە و ئەو نرخەی لەسەر دادەنێت کە بەرژەوەندیی خۆی پێ دەهێنێتە دیی.. ئەمەش جۆرێکی ترە لە ڕووتاندنەوە و پارە لێسەندن.

دەق لەسەر حەڕامێتی ئیحتیکار زۆرە، لەوانە:

- پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (مَنِ احْتَكَرَ طَعَاماً عَلَى أُمَّتِي أَرْبَعِينَ يَوْماً وَتَصَدَّقَ بِـهِ لَمْ يُقْبَـلْ مِنْـهُ)[1] واتە: هەرکەسێك ڕۆزی لە ئوممەتەکەم بۆماوەی چل ڕۆژگرتەوە و ئیحتیکاری کرد، پاشان بیکات بە خێر و خێرات بیبەخشێتەوە لێی قبووڵ ناکرێت.. بیکات بە خێریش قبووڵ نابێت چ جای ئەوەی بۆ قازانجی خۆی بە ڕێگای شەرعییانەش بیفرۆشێتەوە!

- سەیدنا عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (الجَالِبُ مَرْزُوقٌ وَالْمُحْتَكِرُ مَلْعُونٌ)[2] واتە: ئەو کەسەی بەرهەم وحاسڵاتی بۆ فرۆشتنەوە دەخاتە بەردەست و ئاسانکارە خوای گەورە زیاتر رزقی دەدات، ئەو کەسەش کە بەرهەمەکەی ئیحتیکار دەکات مەلعوونە، واتە دوورە لە ڕەحمەتی خوای گەورە.

- هەروەها دەفەرموێ: (لا يَحْتَكِرُ إِلَّا خاطِئٌ)[3] واتە: گوناحکاران ئیحتیکاردەکەن.

- هەروەها دەفەرموێ: (مَنِ احْتَكَرَ حُكْرَةً يُرِيدُ أَنْ يُغَلِّيَ بِهَا عَلَى الْمُسْلِمِينَ فَهُوَ خَاطِئٌ وَقَدْ بَرِئَتْ مِنْهُ ذِمَّةُ اللَّهِ)[4] واتە: هەرکەسێك شتێك ئیحتیکار بکات با جارێکیش بێت بەو ئومێدەی لەموسوڵمانانی گران بکات، ئەوە گوناحکارە و لە ئەمان و ڕەحمی خوای گەورە بەرییە.

پێشەوایان و شەرعناسان لە ماهییەت و جۆری ئیحتیکاردا ڕاجوێ بوون، هەیانە

---

(١) ئیبنو عەساکیر (٦٣/١٧)، شێخی ئەلبانیش لە (ضعيف الجامع)دا دەفەرموێ: (موضوع)ـە.

(٢) ئیبنو ماجە (٢١٥٣)، دارمی (٢٥٨٦)، بەیهیقی لە (السنن الكبرى) (٣٠/٦) و (السنن الصغير) (٢٨٧/٢)، هەریەك لە شێخی ئەلبانی لە (ضعيف ابن ماجه) (٤٢٣) و شێخی ئەرنائوطیش لە (تخريج المسند) (٤٨٦/٨) بە (ضعيف)یان داناوە.

(٣) موسلیم (١٦٠٥)، ئەبو داوود (٣٤٤٧)، ئیبنو ماجە (١٧٦٢)، ئەحمەد (٢٧٢٤٨).

(٤) حاكم (٢١٦٦) لە ئەبو ئیسحاقی غەسیلییەوە گێڕاویێتیەوە و قسەیەك لەسەر سەنەدەکەی هەیە، هەروەها ئەحمەد (٨٦١٧) بەکورتی هێناویەتییەوە، شێخی ئەلبانیش لە (ضعيف الجا٥٣٤٩مع) (5349) بە (ضعيف)ـی ناساندووە.

فەرموویەتی: ئیحتیکار کە حەڕامە هەر لە خواردنـدایە، هەنـدێکی تریـان دەفەرموون لە خۆراك و پۆشـاك و هەرشـتێکی تردایە کە خەڵکی پێویسـتیان بێت.. بێگومان خەلیفە و جێگر و نوێنەرانی بۆیـان هەیە ڕای گونجاوی واقیعی کات و شـوێنی خۆیان هەڵبژێرن و بیکەنە یاسـای وڵات، بە شێوەیەك کە بەرژەوەندیی خەڵکی بهێنێتە دیی، بەرژەوەندیشیان لەکـاتێکەوە بۆ کـاتێکـی تر و لەشـوێنێکەوە بۆ شـوێنێکی تر جیاوازە، ئەمما تاکی موسوڵمان ئەوە بەڵگەنەویستە کە تا تەقواو دینداررییەکەی پتەوتربێت زیاتر لە ئیحتیکار و حەڕامی تر دووردەکەوێتەوە.

## خاڵی شەشەم: حەڕامێتی پارەپەیداکردن بە گۆڕینی نرخ:

ئەمەش شـێوەیەکی تری ئیسـتیغلال کردن و پەیداکرنی پارەی حەڕامە، کە کەسـێك بەرهەمی خۆی حساب کردووە کە چەند سەرمایەیە و چەند قازانج، لەم ڕوانگەوە نرخێکی لەسـەر داناوە، بەڵام سـبەی نرخێکی زیاتری لەسـەر دادەنێت، یان دواتر و زیاتر، یان کۆمپـانیـایەك - بۆ نموونە - دەرمـانی نەخۆشـییەك بەرهەم دەهێنێـت و نرخێکی زۆری لەسەردادەنێت، چونکە دەزانێت خەڵکی ناچارن بیکڕن، ئەمە ئەگەر کێبڕکـێی هەبوایە، یان حکومەت ڕێی بەبەرهەمهێنـانی زیاتر لە کۆمپانیای ڕەسـمی یان ئەهلی تر یان هاوردەی بکردایە، ئاوا ئەو کۆمپانیا بەرهەمهێنە نەیدەتوانی نرخی دەرمانەکە بەکەیفی خۆی دابنێت.. ئەمەش ماشـینەوەی پارە و گەندەڵی و حەڕامخۆرییە کە دەکەوێتە بەر هەڕەشـە و سـزای خوای گەورە.

- مەعقیلی کوڕی یەسـار (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: (سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: مَنْ دَخَلَ في شَيْءٍ مِنْ أسْعارِ المُسْلِمينَ ليُغْليَه عَلَيْهِم؛ كانَ حَقًّاً على الله تبارك وتعالى

أَنْ يُقْعِـدَهُ بِعُظْمٍ مِنَ النَّـارِ يَوْمَ القِيَـامَـةِ)[1] واته: گویم لێبوو پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: هەرکەسێ کارێ بکا بۆ ئەوەی نرخی شتەکان لەسەر موسوڵمانان گران بکات، ئەوە حەقە لەسەر خوا لەقیامەت بیخاتە ئاگرەوە.

ئەوی هاوشـــێوەی ئەمەیە: بۆ نموونە: چەند کۆمپانیایەك لەناوخۆیاندا ڕێکدەکەون کە نرخی بەرهەمەکانیان لە ئاستی ئاسـایی خۆی زیاتر بەرزبکەنەوە، چ بەئومێدی کێبڕکێی هاوشـانانیان، چ بەئومێدی تین و فشـار خستنە سەرخەڵکی و چ هەر بۆ پارە پەیدا کردنی زۆرتر و ئیستیغلالکردن بێت، ئەمە مادام زیانگەیاندنە بەخەڵکی تر حەرامە و ناشێت.

- ئیبنو عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (لَا ضَـــرَرَ وَلَا ضِـــرَارَ)[2] واتە: نەزیـان لێکەوتن و نەزیاندان. ئەوی هەر لەم ریزەیە ئەو چەواشـەکارییەیە کە فرۆشـیارێك لەگەڵ یەك دوو کەسـێکدا ڕێدەکەوێت کە بێنە لای، لەبەرچاوی کڕیارەکانی نرخی کاڵاکە زیاترکەن تا کڕیارێك بەنرخە ئەسـڵەکە ڕازی بێت و بیکڕێت، (بۆ نموونە کابرا بەکڕیارەکە دەڵێ ئەم سـەیارەیە بەسێ هەزار دەفرۆشم، لەولاوە دوو کەسە فێڵکارەکە دەڵێن بە سێ و نیویش هەرزانە، یان دەڵێن ئێمە سێ و نیو دەدەین و بیدە بە ئێمە، ئاوا لاوەکی کڕیارەکە وا لێدەکەن سێ هەزارەکە بدات)!

## خاڵی حەوتەم: پارەی شتی حەڕام:

ناشـێت ببێتە خاوەن پارە بەمامەڵەی شـتی حەڕام، وەکو ئامێری مۆسـیقا و وەرەقەی

---

(١) ئەحمەد (٢٠٣١٣)، ئیبنو عەسـاکیر لە (تاريخ دمشـق) (٤٤٨/٣٧)، تەبەڕانی لە (الكبير) (٤٧٩/٢٠، ٤٨٠، ٤٨١) ، وە لە (الأوسط) (٨٦٤٦)، حاکمیش بە کورتی هێناویەتییەوە، شـێخی ئەلبانی لە (ضعيف الترغيب) (١١٠٦) و شێخی ئەرنائوطیش لە (تخريج المسند) (٤٨٥/٨)دا دەفەرموون: (ضعيف)ە.

(٢) مـالیك لە (الموطأ) (٧٤٥/٢)، ئەحمەد (٢٨٦٥)، ئیبنو مـاجە (٢٣٤١)، تەبەڕانی لە (معجم الأوسـط) (٩٠/١)، بەیهیقی (١١٧١٨)، شێخی ئەلبانیش لە (السلسلة الصحيحة) (٢٥٠) دەفەرموێ: (صحيح)ە.

قومار و پەیکەر و وێنەکێشـان (کە بە ڕای هەندێك لەشـەرعناسان حەڕام نییە). هەروەها دروسـتکردن یان فرۆشـتن یان گواسـتنەوە یان ڕێکلام کردن بۆ شـەڕاب و زینا و سەما و مەلها و هـاوشــێوەیـان، بێگومان بەرهەمهێنانی فلیمی جســنی و گۆڤار و نووســینی ئیسـارەکردن و هاوشێوەیان.. هەرکەسێك ووردەکارانە سەرنج بداتە بەرهەمهێنان و ڕەواج پێدانی ئەم شــتـانە دەزانێت کە چەنـد توانا و ووزە و پارەیان تێدا بەفیڕۆ دەڕوات، کە دەتوانرا هەمووی لەبنیاتنانی خێرخوازی و چاکەدا بەگەڕ بخرایا، بەهەزاران کەس بەمانەوە مەشـغوڵن و سەدان کۆمپانیا و کارگە خەریکیانە و لەواقیعی بنیاتنانی ئوممەتەکەشماندا غەیری زیان نییانە، زیان لەهەموو لایەکەوە بەخەڵکی دەگات و لەولاشەوە سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیاکانی بەهەمهێنان پێی دەوڵەمەندتر دەبن.

## خاڵی هەشتەم: بەکرێدانی شتی حەڕام حەڕامە:

وەکو بەکرێدانی چێژی جەسـتە و کرێی سـەماکاری و مۆسـیقا ژەنین، یان بەکرێدانی صـالۆن (قاعە)ــی سـەما و هەڵپەڕکێی تێکەڵ و شـانۆ و سـینەما، یان شوێنێك دەکرێتە قومارخانە، هەروەها کرێی گۆرانی و ئاهەنگی حەڕام و واسـیتەکاریی نێوان بەرتیلدەر و بەرتیلخۆر و پارەی گەوادی و دەڵاڵیی لەشـفرۆشـی و مووچەی جاسووس و خیانەتکار و پیاوکوژ و بەکرێگیراو و یارمەتیدەرانی گوناح و تاوان و هاوشێوەی ئەمانە.

ئەوی لەم خـانەشــدایە وەکو خۆبەکرێدان (تەعین بوون) لای ســتەمکاران تا توانا و زیرەکی و کـاتی لەڕێی تـاوانکـارییـدا بەکـاربهێنن (نابێت بەهانە بەوە بهێنێتەوە کە بێ کاربووە!) یان لە گوناح (فیسق)ـدا بەکاری بهێنن.

ئەمانە و هاوشـێوەیان حەڕامە و نابێت، ئیسـلام نایەوێت شـوێنکەوتووەکانی لەسـەر شـتێك بژین کە زیانی بۆ دین و ژینیان هەبێت، ناشبێت پارە بەشتێك پەیدابکەن کە زیانی خەڵکی تێدابێت، هەموو ئەم بوارانە لەدیدی شەرعەوە وزە و توانا بەفیڕۆدانن لە شتی بێ

نرخدا.. وزه و توانای خەڵكی دەبێت بۆ بنیاتنانی ئوممەت و گەشەسازیی بەرهەمی حەڵاڵ و پێكەوەنانی هێزی كاریگەربێت.. تاكوكۆی موسـولْمان دووجار بەكاسـبیكردنی حەڕام زیانی لێدەكەوێت: بە بەرهەمهێنان و ڕەواجدان بەحەڕام و بە بەگەڕخسـتنی وزە و توانای لەغەیری بەهێز كردنی دەوڵەت و ئوممەتەكەیدا.

## خاڵی نۆیەم: زەوتكردنی سامانی هەتیو و ئەوقاف:

هەموو مرۆڤێكی باڵغ دەتوانێت ئازاد و سـەربەستانە ڕەفتار بەماڵ و سامانیەوە بكات، بكڕێت و بفرۆشـێت، بەكرێ بگرێت یان بەڕەهن، خەڵات بكات یان دیاری بدات، هەكاتێك ویسـتی وابكات بۆی هەیە، مادام لەچوارچێوەی شـەریعەتی ئیسلامدابێت، بەڵام هەتیو و زارۆكی نابالْغ ناتوانن ڕەفتاری وا ئازاد و سـەربەسـتانە لەماڵ و سـامانیاندا بكەن، بۆیە ئیسـلام ڕێی بە باوك و سەرپەرشتیارانیان داوە تا لەبەرژەوەندیی هەتیوەكە یان منداڵەكە سـامانیان بە چوارچێوەی ڕاسـت و دروسـتی حەقدا بۆ بەكاربهێنن. بۆ نموونە: ئەگەر شـتێكیان بۆ بەكرێ بگرن یان بۆ بكڕن لەنرخی ئاسـایی خەڵكی زیاتر و كەمتر بێت كە مافیانی تێدا بفەوتێت، ناشێت، كڕیار وفرۆشیارەكە گوناحبار دەبن و كاسبیەكەش حەڕام دەبێـت، ئەم حوكمە هەموو مـافێكی گشـتی ئوممەتیش دەگرێتەوە.. والییەك بۆی نییە كەیفی خۆی ڕەفتار بەموڵكی ئوممەتەوە بكات، نە ئەو و نە وەزیر و نە ئەمیر، دەبێ هەموو ڕەفتـاركردنێـك بەموڵكی گشـتیەوە بەپێی شـەریعەتی خوابێـت، بەوشـێوەیەی كە بەرژەوەنـدیی ئوممەتی بەتەواوی تێدا دێتەدی، ئەمانیش ئەگەر پارچە زەوییەكی موڵكی گشتی بەهەرزانتر لەنرخی ئەو ڕۆژەی بازاڕ بفرۆشن یان بەكرێبدەن، بۆیان نییە، گوناحیان دەگاتێ و مامەڵەكەشی حەڕام دەبێت، كڕیار و فرۆشیار هەردووكیان گوناحبار دەبن، نەك هەر فرۆشـیـارەكە، ئەمە حوكمی هەموو موڵكێكی ئەوقـافە كە بەیتولمـال خـاوەنێتی. بەیتولمال گەنجینەی ئوممەتە و كەس بۆی نییە تاكڕەوانە ڕەفتار بەموڵك و سـامانیەوە بكات. هەركەسێك هەرجۆرە سەودا و مامەڵەیەك لەخۆیەوە بكات یان بەنرخی بازاڕ نەبێت،

یـان زیـانی خەڵکی تێـدابێـت؛ حەڕامە و ئوممەت دەبێ پێیـان هەڵوەشـــێنێتەوە، چونکە گرێبەستێکی ناشەرعی بووە.

## خاڵی دەیەم: بەخاوەنبوونی موڵکی بەیتولمال بەخاتر و خۆتری ئەم و ئەو حەڕامە:

موڵکێـك کە هی هەموو ئوممەتەکەیە نـاشـێـت بێ ڕەزامەنـدی ئوممەت بـدرێتە کەســـانێکی تایبەت کە بۆ بەرژەوەندی خۆیانی بەکاربهێنن: پلەو پایە و وەزیفەبێت، یان خاك و ئاو و ئاسـمان، بۆ نموونە: کانزای ژێر زەمین، بیترۆل، کەرەستە خاوەکان و هەرچی لە نـاخی زەویدا هەیە - کە شـــەرعناســـان پێیدەڵێن ریکاز - واتە ئەوەی کە هەر خواکرد لەناوخاکدابوو، ئەمانە موڵکی گشـتین، ئەگەرچی لە پارچە زەویی کەسێکدا بدۆزرێنەوە. بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە کە ئیبنوئەبوشەیبە و بوخاری لە (تاریخ)ـەکەیدا و ئیبنوعەساکر و بەیهیقی و یەعقوبی کوڕی ســـوفیـان لە عوبەیدەیانەوە گێڕاوەتەوە کە عویەینەی کوڕی حیصن و ئەقرەعی کوڕی حابیس (خوا لێیان ڕازی بێت) هاتنە خزمەت خەلیفە ئەبوبەکری صـــددیق (خوا لێی ڕازی بێـت) و عەرزیـان کرد: (ئەی خەلیفەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڕەکی ئێمە پارچە زەوییەکی وشکایی هەیە کە گیای لـێ ناڕوێت و سوودی بۆ کەس نییە، ئەگەر ڕازی بیت و بیدەیت بە ئێمە دەیکێڵین و دەیچێنین، ئەویش پێیدان و نامەکەی لەوبارەوە (وەك فەرمان و بەڵگەنامە) بۆ نووســین و ســەیدنا عومەری کوڕی خطابی (خوا لێی رازی بێت) کرد بەشـاهێد، هەرچەندە ســەیدنا عومەر ئاگادار نەبوو، پاشان لەخزمەتی سەیدنا ئەبوبەکر هەستان و چوونە خزمەت سەیدنا عومەر تا عەرزی بکەن کە شاهیدە، کە سەیدنا عومەر گوێی لە قسەکەیان گرت، نامەکەی لێوەرگرتن و تفێکی تێکرد و سڕییەوە! ئەوانیش تووڕەبوون و قســەیەکی خراپیان کرد، سەیدنا عومەر پێی فەرموون: پێغەمبەری خوا (ﷺ) کـاتی خۆی کە دڵنەوایی دەکردن و دڵی ڕادەگرتن، لەبەرئەوەبوو کە ئیســـلام

زەلیل بوو، ئێستا خوای گەورە ئیسلامی دەسەڵاتدار کردووە، بڕۆن خۆتان کاسبی بکەن و ڕەنجبدەن، خوا سەرپەرشتیارتان نەبێت. بەگلەیی و بۆڵەبۆڵەوە هاتنەوە خزمەت ئەبوبەکرەوە (خوا لێی ڕازی بێت) و عەرزیان کرد: واللّٰه نازانین تۆ خەلیفەی یان عومەر؟ سەیدنا ئەبوبەکر فەرمووی: ئەگەر بیکات ئەو خەلیفەیە، سەیدنا عومەریش بەتووڕەییەوە هات و لەبەردەم سەیدنا ئەبوبەکردا وەستا و فەرمووی: ئایا ئەو پارچە زەوییەی بەم دووانەت بەخشیووە لە سامانی تایبەتی خۆتە یان سامانی گشتی موسوڵمانانە؟ فەرمووی: سامانی گشتی موسوڵمانانە، سەیدنا عومەر فەرمووی: ئەدی بۆچی لەنێوان ئەو هەموو موسوڵمانانەدا بەتایبەتی بەمانەت بەخشیوە؟ فەرمووی: ئاخر ڕاوێژم بەوانەی دەوروبەرم کرد و ئەوانیش ڕازیبوون بەمانی ببەخشم، سەیدنا عومەر فەمووی: چما ئەگەر ڕاوێژت بەوانەی دەوروبەرت کرد، یان بەهەموو موسوڵمانان ئیتر دەبێت ڕازی بیت و بیاندەیتێ؟ سەیدنا ئەبوبەکر فەرمووی: ئاخر پێم دەوتیت تۆ لەمن بەهێزتریت و بۆ ئەم کارە (خیلافەت) شیاوتریت، بەڵام هەرقسەی خۆت زاڵ کرد (و نەتکرد).

لەم دید و بەڵگانەوەیەکە مالیکییەکان دەفەرموون: هەموو ئەو کانزا و کەرەستانەی لەناخی زەویدان هەمووی سامانی ئوممەتی ئیسلامییە.. حەنبەلییەکان دەفەرموون: هەرچی لەناخی زەویدا دەربهێنرێت زەکاتی لەسەرە، ئەگەر کەسەکە وابوو کە زەکاتی لەسەر بێت، واتە موسوڵمان بێت.

- حەنەفییەکان دەفەرموون ریکاز (سامانی ناخی زەوی) پێنجیەکی لەسەرە و بەشێوەی دەسکەوت (غەنیمەت) دابەشدەکرێت، بەڵام فەموویانە مەرجە لەو جۆرە بێت کە نەرم دەکرێتەوە و سوودی لێوەردەگیرێت, وەکو کانزاکان (ئاسن و مس و هتد..), بۆیە پیترۆل بەلای ئەوانەوە ریکاز نییە، چونکە لەسەردەمی ئەواندا پیترۆل ئەو گرنگییەی نەبوو، نەشدەزانرا بۆ چەند شت باشە، بۆیە لەپێناسەشیدا فەرموویانە: جۆرە چەورییەکە سەر ئاودەکەوێت، بۆیە ڕەفتاریشیان وەکو ئاو لەگەڵدا کردووە و حوکمی ئەویان داوەتێ. حەتمەن ئەگەر لەم زەمانەدا بژیانایە دەیانزانی پیترۆل بەقەدەر زێر و زیو گرنگە.. ئەمە

جگە لەوەی بۆچوونەکەیان ڕاشـــکـاوانە پێچەوانەی زمانی عەرەبییە کە لە فەرموودەکە حاڵی دەبین پێی کە ئەبوهورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) گێڕاوێتییەوە کە دەفەرموێ: (وَفِي الرِّكَازِ الْخُمْسُ)[1] واتە: پێنجیەك لەریکاز دەدرێت.

حەنەفییەکان ئەوەشـیان فەرمووە کە خەلیفە دەتوانێت خەڵکانێك لەسـەر پشـکنینی نـاخی زەوی هـانبدا تـا بـدۆزرێنەوە و بۆشـی هەیە مەرجیـان لەسـەر دابنێـت، چونکە حەنەفییەکـان دەفەرموون خەلیفە وەکو سـەرپەرشـتیـاری هەتیوە بۆ ئوممەت، هەر کەموکوڕتییەك لە ئەرکیدا بکات ناشێت بەقسەی بکرێت!

بەهەرحاڵ ئەوە بەڵگەنەویستە کە ئیسلام ئەوەی لەسەرمانی فەرزکردووە کە بەدەست و چاوی خۆمان خێروبێری وڵاتی خۆمان بناسـین و لەبەرژەوەندیی کۆمەڵگە و دەوڵەتی ئیسلامیماندا بەگەڕی بخەینەوە.

جیهانی ئیسـلامیی ئەمڕۆ بۆچەندەها وڵات و دەوڵەت دابڕ دابڕ بووە و هەر وڵاتێکی جۆرەها کـانزا و کەرەسـتەی لەنـاخی زەوییەکەیـدا هەیە، کە سـامان و موڵکی هەموو ئوممەتی ئیسلامین، لەشەرعیشدا وایە کە ئەگەر کەرەستەیەك لە دانیشتوانی ناوچەیەکی دارولئیسـلام زیـادبوو، دەبێـت بنێررێـت بۆ نـاوچەی تر کە پێویسـتیـان پێیەتی، چ بەکەرەسـتەیی چ بەپارەیی دوای فرۆشـتنەوەی یان گۆڕینی بەشـتی تر - وەکو گۆڕینی کانزاکان بەسـەیارە، سـەوزە و میوە بەدەرمان و هاوشـێوەیان - یان دەبێت بنێررێنەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت و لەوێوە بنێررێت بۆ ناوچە پێویسـتەکان، ئەمە ئەگەر هەموویان یەك دەوڵەتی مەرکەزیی خیلافەیـان هەبێـت، چونکە هەردەبێـت لەم حـاڵەتەدا وابکەن، بەڵام ئەوەی ڕوودەدات ئەوەیە کە کەس زەکـات لە هیچ سـامانێکی زەوی دەرناکات و کەس پێنجیەکەکەش دەرنـاکـات کە حەنەفییەکان فەرموویانە، چ جای ئەوەی کە مالیکییەکان

(١) بوخاری (٦٩١٢)، موسلیم (١٧١٠).

فەرموویانە کە هەمووی موڵکی هەموو ئوممەتە! ئەگەر وانەکرا حەتمەن دانیشتوانی وڵاتێکی دەوڵەمەند بە سامان و کانزاکان لەوپەڕی تێر و تەسەلی و گەدە بەلییدا دەژین و وڵاتی تری هاوسێیان لەوپەڕی هەژاری و نەدارییدا![1] ئێمە کە وادەڵێین مەبەستمان ئەمە نییە کە وڵاتە دەوڵەمەندەکە سامان و پارە بنێرێت بۆ حکومەتە کافر و مورتەدد و یاخییەکان[2]، لەکاتێکدا هیچی بە هەژار و نەداری دانیشتوانی ئەو وڵاتە هەژار و نەدارانە ناگات و هەمووی بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانی دەبێت. ئێمە دەمانەوێت وڵاتە ئیسلامییەکانی سەردەم یەك دەوڵەتی مەرکەزی پێکبهێنن تا ئەم سامان و موڵکانە لەهەموو لایەکەوە لە بەیتولمالی گشتیدا کۆببێتەوە و پاشان دادپەروەرانە بەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئیسلامیدا دابەش بکرێتەوە، تا پرۆژەی گەشەکاری و ڕابوون و بەهێزبوونەوەی پێ بێتەکایەوە، تا ئەو زەمانەی (إن شاء اللَّه) ئەم دەوڵەتە مەرکەزییە دروست دەبێت؛ داوا دەکەین ئەو سامان و پارە زیادەیە بخرێتە خزمەتی موسوڵمانانەوە و لەهەرکوێ هەن، بەتایبەتی هەژار و نەدارەکانیان، پێویستە ئەمەش بەشێوەیەکی ڕێکخراوەیی بەپێی نەخشە بێت، چونکە ناشێت کۆمەڵە کەسێك ئەم هەموو سەروەت و سامانەیان بکەوێتە بەردەست بۆ خۆیانی بەکاربهێنن وهەژار و نەدارانی ئوممەتیش ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەبن، یان هەمووی لەلای دەوڵەتێکی گچکە و کەم کۆببێتەوە و دەیان وڵات و دەوڵەتی تری ئیسلامی نازانن چۆن ڕووبەڕووی هەژاری و نەداری ببنەوە، ئەم سامانە موڵکی هەموو ئوممەتە و ناشێت کۆمەڵێك کەس ببنە خاوەنی و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاریبهێننەوە، ئەمە جائیز نییە.

- سەیدنا عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێ: (فَإِنْ أَعِشْ إِنْ شَاءَ اللَّهُ لَمْ يَبْقَ أَحَدٌ مِن

(١) جا سەیری ئەم ڕێسا ئیسلامییە و واقیعی دەوڵەتانی خەلیج بکە کە خەڵکی یەمەن سەر بەجەزیرەی عەرەبستانن و عەرەب عەرەب و ئەسڵی عەرەبن، کەچی ٤٠٪ ی خەڵکەکە لەخوار هێڵی هەژارییەوەیە، واتە ڕۆژی یەك دۆلاریان دەستدەکەوێت.

(٢) وەکو کە سعودیە و ئیمارات بڕی (٢٤) ملیار دۆلاریان لە (٢٠١٤) نارد بۆ ئینقیلابچیانی مورتەددی میسر.

الْمُسْـلِمِينَ إِلَّا سَيَأْتِيهِ حَقُّهُ حَتَّى الرَّاعِي بِسُرَّ وَحِمْيَرَ يَأْتِيهِ حَقُّهُ وَلَمْ يَعْرَقْ فِيهِ جَبِينُهُ)[1] واته: ئەگەر خوا حەزكات و بژیم، ناهێڵم موسوڵمانێك بمێنێت كە مافی خۆی پێنەگات، تەنانەت ئەو شـوانەی لەسـیرڕ و حیمیەر (لەیەمەنن) دەبێ مافی خۆی بگاتێ (پشـكە زەكات) بێ ئەوەی ئارەقی ناوچەوانی بۆ ڕشتبێت.

- بەیهیقی لەئەسـلەمەوە دەگێڕێتەوە، دەفەرموێ: گوێم لێبوو عومەر (خوا لێی ڕازی بێـت) دەیفەرموو: (اجْتَمِعُوا لِهَذَا الْمَالِ فَانْظُرُوا لِمَنْ تَرَوْنَهُ ثُمَّ قَالَ لَهُمْ: إِنِّي أَمَرْتُكُمْ أَنْ تَجْتَمِعُوا لِهَذَا الْمَالِ فَتَنْظُرُوا لِمَنْ تَرَوْنَهُ وَإِنِّي قَدْ قَرَأْتُ آيَاتٍ مِنْ كِتَابِ اللَّهِ سَمِعْتُ اللَّهَ يَقُولُ:
﴿مَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡقُرَىٰ فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ كَيۡ لَا يَكُونَ
دُولَةَۢ بَيۡنَ ٱلۡأَغۡنِيَآءِ مِنكُمۡۚ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ
٧ لِلۡفُقَرَآءِ ٱلۡمُهَٰجِرِينَ ٱلَّذِينَ أُخۡرِجُواْ مِن دِيَٰرِهِمۡ وَأَمۡوَٰلِهِمۡ يَبۡتَغُونَ فَضۡلٗا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضۡوَٰنٗا وَيَنصُرُونَ ٱللَّهَ
وَرَسُولَهُۥٓۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ٨﴾ الحشر: ٧ - ٨ وَاللَّهِ مَا هُوَ لِهَؤُلَاءِ وَحْدَهُمْ ﴿وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلۡإِيمَٰنَ
مِن قَبۡلِهِمۡ يُحِبُّونَ مَنۡ هَاجَرَ إِلَيۡهِمۡ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمۡ حَاجَةٗ مِّمَّآ أُوتُواْ وَيُؤۡثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ ٩﴾ الحشر: ٩
وَاللَّهِ مَا هُوَ لِهَؤُلَاءِ وَحْدَهُمْ ﴿وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ بَعۡدِهِمۡ ١٠﴾ الحشر: ١٠ وَاللَّهِ مَا مِنْ أَحَدٍ مِنَ الْمُسْلِمِينَ
إِلَّا لَهُ حَقٌّ فِي هَذَا الْمَالِ أُعْطِيَ مِنْهُ أَوْ مُنِعَ حَتَّى رَاعٍ بِعَدَنَ)[2] واته: بۆ چۆنییەتی دابەشـكردنی ئەم سـامانە كۆببنەوە و بزانن كێ شـایانێتی بیدرێتێ، پاشان پێی فەرموون: فەرمانم پێتاندا كە بۆ چۆنیەتی دابەشكردنی ئەم سامانە كۆببنەوە و بزانن كێ شایانێتی تا بیدرێتێ، بەڵام من كە ئایەتەكانی قورئان دەخوێنمەوە، گوێم لێیە خوای گەورە دەفەرموێ:
﴿مَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡقُرَىٰ فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ كَيۡ لَا يَكُونَ
دُولَةَۢ بَيۡنَ ٱلۡأَغۡنِيَآءِ مِنكُمۡۚ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ

---

(١) بەیهیقی لە (السـنن الكبیر) (١٢١٨٢) هێناویەتییەوە كە ئەمە بەشێكە لەفەرموودەیەكی درێژ، ئەلبانیش لە (إرواء الغلیل) (٨٤/٥) دەفەرموێت: (إسناده صحیح).

(٢) بەیهیقی لە (السـنن الكبیر) (١٢١٨١) هێناویەتییەوە، شـێخی ئەلبانیش لە (إرواء الغلیل) (٨٤/٥) دەفەرموێ: (إسـناده حسن).

﴿ ٧ لِلْفُقَرَآءِ ٱلْمُهَٰجِرِينَ ٱلَّذِينَ أُخْرِجُوا۟ مِن دِيَٰرِهِمْ وَأَمْوَٰلِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنًا وَيَنصُرُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ٨ ﴾ الحشر:٧ - ٨ واته: (ئەم حوکمەی بەسەر ساامان و دەسکەوتی بەنونەزیردا چەسپێندرا، دەبێتە حوکمی هەموو شار و وڵاتێکی تر، کە بەو شێوە، بێ جەنگ سەروەت و سامانیان دەکەوێتە بەردەست موسوڵمانان، خەلیفە یان ئەمیر پشکێکی بەردەکەوێت، کە دیاریکراوە، ئەوی تری هەمووی بەسەر کەسوکاری پێغەمبەری خوادا و هەتیوان و هەژاران و ڕێبوارلاندا دابەش دەکرێت، تا سامان و ماڵ لە دەست کۆمەڵە کەسێکی دەوڵەمەندا گیر نەدرێت و دەستکورتەکانیش لێی مەحرووم نەبن.. ئەوەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانتان پێدەدات هەرچیەك و هەر چۆنێك بێت وەریبگرن و جێبەجێ بکەن، بەرهەڵستی لە هەرچی شتێکیشی لێکردن، توخنی نەکەون، چونکە حەتمەن خراپەیە و لە بەرژەوەندیتان نییە، بۆیە دەفەرموێ مەیکەن.. لە خوای گەورە بترسن، خوای گەورە سزای سەختی لایە، - خۆتان - بە پێچەوانەکاریی پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەخەنە بەر سزای خوای گەورە. ئەو هەژارانەی کە شایانی ئەو سامانەی فەی بوون بیاندرێتی هەموویان - جگە لە دوو کەسیان - لە موهاجیرانی مەککە بوون، ئەوانەی کە لەبەر خاتری خوای گەورە و پابەندی دینەکە و فەرزی سەرخستنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) شار و کەسوکار و ماڵ و سامانی خۆیانیان لە مەککە جێهێشت و بۆ سەرخستنی پەیامی خوا لێبڕان؛ هیچ مەبەستێکی دنیایی لە دڵ و هزر و ویژدانیاندا نەبوو، تەنها مەبەستیان بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوای گەورە و پاداشتی ئەو بوو، ئەمانە کە ئێستا وا هەژار و دەسکورتن و سامانەکەی فەیی بەنونەزیریان پێدەشێت، لە جێ و ڕێی خۆیاندا هەبووبوون، خاوەنی کەسوکاری خۆیان بوون، بەڵام لەپێناوی سەرخستنی پەیامی خواویستی و بانگەواز و بزاقەکەی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) هیجرەتیان کرد و بۆ سەروەریتی دینی خوا لێبڕان، ئا ئەمانە ڕاستگۆکانن!). بەخوا قەسەم ئەم سامانە هەر بۆ ئەمانە نییە، بۆ ئەوکەسانەشە کە لەدوای ئەمان دێن.. ﴿وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلْإِيمَٰنَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِى صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّآ أُوتُوا۟ وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ ٩ ﴾ الحشر: ٩ واتە:

(ئەوانەی پێش ئەوان نیشتەجێی شارو ئیمان بوو بوون، حەز دەکەن موسوڵمانانی مەککە بۆ لایـان کۆچ بکەن و بچنە نـاویـانەوە و تێکەڵ بە ژیـانیـان ببن، هیچ گرێ و گۆڵێکی دەروونیان لا دروست نەبوو، بەوەی کە سامانی بەنونەزیر تەنها بەوان درا و نەدرا بەمان). بەخوا قەســەم ئەم سامانە هەر بۆ ئەمانە نییە، بۆ ئەوکەسانەشە کە لەدوای ئەمان دێن.. ﴿ وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ بَعۡدِهِمۡ ﴾ الحشـــر: ١٠ واتە: (وە ئەوانەی کە لە دوای ئەوان - موهـاجیران و ئەنسار - هاتن)، بەخوا قەسەم هیچ تاکێکی موسوڵمان نییە کە مافی لەم سامانەدا نەبێت، بیدرێتێ یان نەیدرێتێ، تەنانەت شوانێکی عەدەنیش (کۆتا شاری عەرەبستانە/لەیەمەن).

ئەو ڕێسـا ئیسـلامییەی باسـمانکرد جەخت لەگشـتگیریی سامانی گشتی دەکاتەوە کە مافی هەموو موســوڵمانانی تێدایە، لەهەرکوێیەك بێت، شـــەریعەتی ئیســـلامیش بەهیچ شێوەیەك ڕێنادات موسوڵمانان هەژار و نەدار و موحتاج بژین و وڵاتیشیان ئەوەندە پڕ خێر و بێرە، ناشـێت موسـوڵمانانی دنیا هەژار و ڕەشوڕووت بن و کۆمەڵێك دەسڵاتدار هەموو سـەروەت و سـامانی وڵات زەوتکەن و بۆخۆیانی بەکاربهێنن. شـەرعناسـانی حەنەفی دەفەرموون: خەلیفەش بۆی نییە شـتێك لە ریکاز کە موسـوڵمانان پێویسـتیان پێی بێت بیدات بە هەندێك موسوڵمان و ئەوانی تری لـێ مەحروم بکات. ووتیشمان ریکاز ئەوەیە کە خوای گەورە لەناخی زەویدا خەلقیکردووە یان جێگیری کردووە لەکانزا و خوێ و گڵەوە تا دەگاتە قیر و نەوت..

## خاڵی یازدەیەم: مووچەی وەزیفەی نازەرووری حەڕامە:

ناشـێت دەوڵەتی ئیسـلامی ڕێگابدات هەندێك وەزیفە و کار دابمەزرێت و مووچە بۆ کـارمەنـدانـی بـبڕێتەوە کە زەرووری نین.. ئەم مووچەیە حەڕامە چونکە لەبەرامبەر (هیچ)ـــدا دەدرێت، (وەکو دەرگاوانی ئوتێلەکان کە کاری ئەوەیە کە کەسـێك دەگاتە دەرگاکە بۆی دەکرێتەوە، سـەیرە کە ئێسـتا چاوی ئەلیکترۆنی هەیە و کە کەسەکە دەگاتە

نزیـك دەرگـاكە بۆی دەكرێتەوە، كەچی چـاو دانـانێن و كـابرای دەرگـاوان هەر لەوێیە!).
هەروەهـا مووچەی فەرمـانبەر و كرێی كرێكـارێـك كە كاروباری بەرێكوپێكی ناكات و لەكاتی ئیش خۆی دەدزێتەوە، یان كەمتەرخەمانە كار دەگرێتەدەســت،، یان ئەو كەسـەی وەزیفە و پلەوپایە و ناو و ڕەســمیاتی كارەكەی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەكاردەهێنێت، یان كـاروباری هاوڵاتیان ڕایی ناكات و دوایان دەخات، یان ســستــی و تەمبەڵی دەكات لە ڕاپەڕانـدنی ئەركی خۆیـدا، یـان زۆر غایب دەبێت، درەنگ دێتە ســەركار، زوو دەســت هەڵدەگرێت (مۆڵەتی نەخۆشی وەردەگرێت و ساغ و زرپ و زیندووشە!)، هەموو پارەیەك كە بەر ئەو ســاتەوەختـانە دەكەوێـت وەرگرتنی حەڕامە، مەگەر بووبێـت بە دابونەریتی كۆمەڵگە و ڕەســمیـاتی دائیرە[1]، یان مۆڵەتی بەرپرســانی هەبووبێت.. ئیتر ئەمە بكە بە پـێـوەر، هەمـوو ڕەفـتـارێكی تری كەمتەرخەمی پێ بپێوە كە پـارەیەك دەكەوێتە بڕی (هیچ)ـــــێـك، ئەممـا ئەگەر كەسـێـك خۆی ئامادەی كاركردنە و دەســتی ناكەوێت و دەســەڵاتـدارانیش هێشــتا بۆیان نەدۆزیوەتەوە و مووچەیەكی كەمی دەدەنێ (وەكو بێ كـاران لە وڵاتی پێشــكەوتوودا كە هەفتـانە مووچەی بێكـاری وەردەگرن تـا كـاریـان دەستدەكەوێت)، بێگومان ئەمەیان حەڕام نییە چونكە نەكەمتەرخەمی تێدایە و نەخواردنی مافی كەسانی تر، هەموو دەوڵەت و حكومەتێكیش بەرپرسە لە بژێوی هاوڵاتیانی.

## خاڵی دوازدەیەم: پارەی غەشكاری حەڕامە:

غەشكاری زۆر شت دەگرێتەوە، هەموو شتێكە كە پاك و ڕاست و سەرڕاستانە ئەنجام نەدرێت، بەڵگەی حەڕامێتی غەش ئەو ڕیوایەتەی ئەبوهورەیرەیە (خوا لێی ڕازی بێت) كە دەفەرموێ: (أنَّ رَسـولَ اللهِ (ﷺ) مَرَّ علَى صُـبْرَةِ طَعامٍ فأدْخَلَ يَدَهُ فيها، فَنالَتْ أصـابِعُهُ بَلَلًا فقالَ: ما هذا يا صـاحِبَ الطَّعامِ؟ قالَ أصـابَتْهُ السَّـماءُ يا رَسـولَ اللهِ، قالَ: أفَلا جَعَلْتَهُ فَوْقَ

---

(١) بۆ نموونە لەعێراقدا دوای نیوەڕۆی پێنجشەممان زۆر موعامەلە دەوەستێنرا، چونكە بۆ سبەی هەینی بوو/ پشوو بوو.

الطَّعـامِ كَيْ يَراهُ النَّـاسُ، مَن غَشَّ فليسَ مِنِّي)[1] واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) (لە بـازاڕ) بەلای سـەکۆی خۆراك فرۆشـێکدا تێپەڕی، دەسـتی پاکی بەخۆراکەکە داکرد، دەسـتی تەڕبوو، پرسـی: ئەوە چییە؟ (بۆچی وا ئاوی تێکەڵە؟) عەرزی کرد: بارانی بەسەردا باریوە ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی: ئێ نەدەبوو وانیشـانبدەیت کە خەڵکی بیبینن کە ئاوی تێدایە؟ هەر کەسێك غەشکاریمان بەرامبەر بکات ئەوە لە ئێمە نییە..

غەشکاری زۆر ڕەفتار دەگرێتەوە، وەکو: کەسێك هاواری فرۆشتن لەکاڵایەکی دەکات و بەسـیفەتێك وەسفی دەکات کە وانییە و تێیدا نییە، کەسێکی تر شتێك دەفرۆشێت کە نوقسـانی تێدایە بەڵام نوقسـانیەکەی دەشـارێتەوە و بۆ کڕیارەکەی باس و دەسـنیشـان نـاکات. کەسـێکی تر دیوە جوانەکەی کاڵاکەی نیشـاندەدات کە گوایە هەر دوو دیوی هەروایە، یـان سـەبەتەیەك/ سـندوقێك سـەوزە یان میوەی داناوە، سـەرەوەی جوان و پێگەیشـتووە و خوارەوەی شـکاو و ڕزیو یان پێنەگەیشـتووە. کەسـێکی تر کاڵاکەی لەبەرسـێبەر نیشـاندەدات چونکە لەبەر ڕوناکیدا نوقسـانیەکانی دەبینرێت، کەسـێکی تر پێڵاو دەفرۆشێت، تاکە جوانەکە نیشاندەدات و تاکە عەیبدارەکە دەرناخات.

هەر لەغەشـکارییەکە خاوەن پیشـەیەك ووردەکارانە پیشـەکەی خۆی ئەنجامنادات (وەکو بەرگدروو، زێڕینگەر، بەننا، پزیشـك، ئەندازیار، شـوان، سـەپان، شـاگرد.. هتد)، پێوەری زانینی ئەمە ئەوەیە کە ئایا ئەو شێوە کارەی دەیکەیت بۆ خۆشتی وا دەکەیت؟ یان چاکتر؟ ئەگەر بۆ خەڵکیشی واناکەیت وەکو بۆ خۆتی دەکەیت، ئەوە غەشکارییە.

لەغەشـکارییەکە کابرای فرۆشـیار نرخێك بەکڕیارەکە دەڵێ کە گوایە نرخی ئەمڕۆی بـازاڕ وایە، لەولاوەش کە خۆی دەبێتە کڕیـار بەپێچەوانەوە نرخی ئەمڕۆی بازاڕ بەکەمتر باسدەکات، ئاوا لەهەردوولاوە غەشکاری دەکات.

---

(١) موسلیم (١٠٢)، ترمذی (١٣١٥)، ئیبنو ماجە (٢٢٢٤)، بەیهیقی (٣٢٠/٥).

## خاڵی سێزدەیەم: پارەی ئیستیغلالکردنی موحتاجی خەڵک حەڕامە:

شەرعناسانی حەنەفی دەفەرموون: کڕین و فرۆشتنی ناچاری مامەڵەیەکی (فاسید)ــــە، کە بریتیە لەوەی کەسێك لە ناچاریدا پارەیەکی زیاتر لە نرخی کاڵایەك دەدات تا دەستی کەوێت، یان ناچاری پارەیە و کاڵاکەی هەرزانتر لە نرخی بازاڕ دەفرۆشێت، هەروەها ئەگەر ناچاربوو کاڵایەکی نوقسان هەڵگرێت.. ئەم حاڵەتە زۆر جۆر دەگرێتەوە:

- کەسێك برسییە و ناچارەکرێت کارێك ئەنجامبدات بەڵام بەنیو کرێ، یان بەکەمتر لە کرێی خەڵکی تر، کرێکارێکی بێکار ناچار دەکرێت بەکەمتر ئیش بکات، یان بۆ ماوەی زیاتر[1]، چونکە ناچارە، ئەگەر نەیکات کارێکی تری دەستناکەوێت (وەکو ئیستیغلالکردنی کرێکاری مەیدان/ مەیدانی بێکاری)، هەروەها جوتیار وسەپان و گاوان و شوان، یان خاوەن ڕەز و باخ و بەرهەم و حاسڵات، کە لەناچاریدا زۆر کاردەکەن و کەم وەدەگرن، زۆر زوو دەفرۆشن و بەنرخێکی کەمتر لەبازاڕ چونکە ناچارن زوو بگەڕێنەوە لادێ، یان بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی خراپ نەبێت سەهۆڵ فرۆشە و خەمێتی بتوێتەوە، یەکێك دێت و بەنرخی کەمتر ناچاری دەکات بیفرۆشێت، یەکێکی تر زۆر قەرزار بووە و خاوەن قەرز ناچاریدەکات شتومەکی هەرزانتر بفرۆشێت.. سەدان و هەزاران حاڵەتی هاوشێوە هەیەکە ڕێساکەی ئەوەیە کە پارەی ئیستیغلالکردنی پێداویستی خەڵکی حەڕامە.

بۆ حکومەت و دەوڵەتیش حەڕامە کە خۆی دەکاتە تاکە فرۆشیار یان تاکە کڕیار و خەڵکی ناچار دەکات تەنها بەوی بفرۆشن مادام ئیستیغلالکردن بێت، ئەمما کە هاوکاریان دەبێت کارێکی پەسەندە، وەکو ئەوەی یارمەتی جوتیاران دەدات، بەپارە، بەپەینی کیمیایی، بەشارەزایی، بەکڕینەوەی بەرهەمیان، بەهەرجۆرێکی تری ئاسانکاری کە هاندانیان بێت لەسەربەرهەمهێنان بێ ئیستیغلالکردنی بارودۆخیان، چونکە لەئەسڵدا ئەرکی دەوڵەت پێگەیاندنی خەڵکی و گەشەی کاسبیکردنیانە تا خۆیان بژێوی خۆیان دابینکەن، ئەگەر

---

(١) وەکو ئەوەی لەڕۆژئاوادا پێیدەوترێت کاری ڕەش، واتە نایاسایی، کە هەمووی ئیستیغلالکردنی کەسی بێ ئیقامەیە.

نەیانتوانی ناچاریان ناکات بۆی ببنە سەرباز و ئەمن، بەڵکو یارمەتیدەریان دەبێت لەکەوتنە سەرپێی خۆیان، هەر جۆرە ناچارکردنێکی هاوڵاتیان لەلایەنی حکومەتەوە لەم خانەی حەرامخۆرییەدایە.

## خاڵی چواردەیەم: حەرامێتی نرخی فرۆشراوی نادیار و نەزانراو:

ناشێت شتێك بفرۆشرێت کە وجودی نییە، یان لەحوکمی نەبوودایە، یان نازانرێت چۆن و چەندە، یان بۆهەموو موسوڵمانان ڕەوایە، یان نەبۆتە موڵکی فرۆشیار.. لەوانە فرۆشتنی کاریلە/ بەرخی کۆرپەلەی ناوسکی دایکی، شیر لەگواندا، بەروبووم و میوە و حاسڵات پێش دەرکەوتنی.. هەروەها مردارەوەبوو، خوێن، بەراز، شەڕاب.. هەروەها گیا ئەگەرچی لەپارچە زەویەکدابێت کە موڵکی کەسێك بێت، ئاو لە ڕووبار و بیردا، دار و چیلکە و پووش پێش کۆکردنەوەیان، هەروەها فرۆشتنی شتێك کە زەحمەت بێت بەدەست بێت وەکو باڵندە بەئاسمانەوە، ماسی لەدەریادا.. ئەمما پەروەردەکردنی ماسی لەحەوزدا، بەڵێ فرۆشتنی حەڵاڵە.

ئەگەر ئەستێڵك(گۆم/ دەریاچە)ی سروشتی هەبوو کە ماسی تێدا کۆببێتەوە، ئایا بەکرێدانی جائیزە؟ لە کتێبی (الخراج)ی ئەبویوسفدا هاتووە کە ئەبو زیناد نامەی بۆ سەیدنا عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) نووسی کە دەریاچەیەك لەخاکی عێراقدا هەیە، ماسی تێدا کۆدەبێتەوە، ئایا بەکرێیبدەم؟ سەیدنا عومەر بۆی نوسیوە: بەڵێ بەکرێیبدە)[1]. ماسیەکانیش لەم حاڵەتەدا لەحوکمی گرتندا وەکو ئیمامی ئەبوحەنیفە لە حەممادەوە دەگێڕێتەوە، ئەم مافەش وەکو حەنەفییەکان دەفەرموون مافی هەمووکەسێکە ماسی بگرێت و بیفرۆشێتەوە، ئەمما ئەگەر ئەستێڵکێکی (سەناعی) لەکەنار ڕووبار و دەریا دروست بکرێت تا ئاو و ماسیی تێدا کۆببێتەوە، ئەوێ گشتی نامێنێت، هەروەکو کە

---

(١) وادەزانم ئەوە حوکمی (ئاوی کیبریت)یش بێت وەکو گەڕاوەکەی خورماڵ.

حکومەتان و کۆمپانیا گەورەکان دەیکەن.

## خاڵی یازدەیەم: حەڕامێتی پارەیەک کە بەگرێبەستی فاسد پەیدادەکرێت:

هەر گرێبەستێك لە شەریعەتی ئیسلامدا بە (فاسید) دابنرێت، پارەپەیداکردنی پێی حەڕامە، چونکە وەکو شەرعناسانی حەنەفی دەفەرموون دەبێتە جۆرێك لەسووکاری (ریبا). گرێبەستی شەرعییانە ئەوەیە کە ڕازیبوونی هەردوولای تێدابێت و نە ئەوساتە و نە دواتر ناکۆکیان تێنەکەوێت لەسەری، مەرجیشە گرێبەست بەپێی مەرجی شەرعی بێت دەنا فاسید دەبێت.

ئیبنوعەبباس (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (كُلُّ شَرْطٍ لَيْسَ فِي كِتَابِ الله تَعَالى فهُوَ بَاطِلٌ وَإِنْ كانَ مائَةَ شَرْطٍ)[1] واتە: هەر مەرجێك کتێبەکەی خوای گەورە نەیگرێتەوە نارەوایە ئەگەرچی سەد مەرجیش بێت، جێباسی ئەمە کتێبە فیقهییەکانە.

## خاڵی شازدەیەم: وەرگرتنی زەکات و خێر بۆ ئەوەی موستەحەققی بێت حەڕامە:

هەرکەسێك لەسەر داوای خۆی یان داوای کەسێکی تر یان دیتنی حاڵەتی هەژاری و دەسکورتی پێیەوە زەکات یان خێری پێبکرێت، پێی حەرامە، ئەگەر لەوانە نەبوو کە

(١) بەززار (٣٠/١١)، هەیثەمی لە (المجمع الزوائد) (٢٠٨/٤)، ئەحمەدیش (٢٥٥٠٤) بەکەمێك جیاوازیەوە، سیوطی لە (الجامع الصغير) (٦٢٩٥) ڕەمزی (صحيح)ی داوەتێ، هەروەها شێخی ئەلبانی لە (الصحيح الجامع) (٤٥٣٠) بە سەحیحی داناوە.

موستەحەققی زەکات و خێر و خێرات بێت:

- سەمورەی کوڕی جوندوب (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: (إِنَّمَا الْمَسَائِلُ كُدُوحٌ يَكْدَحُ بِهَا الرَّجُلُ وَجْهَهُ، فَمَنْ شَاءَ أَبْقَى عَلَى وَجْهِهِ وَمَنْ شَاءَ تَرَكَ، إِلَّا أَنْ يَسْأَلَ ذَا سُلْطَانٍ أَوْ فِي أَمْرٍ لَا يَجِدُ مِنْهُ بُدًّا)[١] واتە: داواکردن لەخەڵکی کە زەروورەت نەبێت ئەبێتە عەیبە و خەجاڵەتی بەنێوچەوانەوە لەڕۆژی دواییدا، جا هەرکەسێك داوا لەخەڵکی نەکات، لەڕۆژی دواییدا ئەم ڕێز و شەرمەی دەمێنێت، هەرکەسێکیش داوا لەخەڵکی بکات بۆی نامێنێت، تەنها ئەو کەسە نەبێت کە داوا لە دەسەڵاتدارەکەی دەکات یان داوای شتێك دەکات کە توانای بەسەریەوە نییە.

- ئەبوهورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (مَنْ سَأَلَ النَّاسَ تَكَثُّرًا فَإِنَّمَا يَسْأَلُ جَمْرًا، فَلْيَسْتَقِلَّ أَوْ لِيَسْتَكْثِرْ)[٢] واتە: هەرکەسێك بۆ زیادکردنی ماڵ و سامانی داوا لەخەڵکی بکات یارمەتی بدەن (سواڵ بکات) ئەوە داوای پشکۆ/ پەنگر لە خەڵکی دەکات، جا کەمی دەوێت یان زۆر با داواکات.

- عبداللەی کوڕی عەمر (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: (لا تَحِلُّ الصدقةُ لغَنِيٍّ ولا لِذِي مِرَّةٍ سَوِيٍّ)[٣] واتە: زەکات و خێر و خێرات بەدەوڵەمەند ناشێت، هەروەها بەکەسانی بەهێز و بەخۆو لەش ساغ.

## خاڵی حەڤدەیەم: وەرگرتنی نرخی فرۆشتنی کاڵای فەوتاو حەڕامە:

(١) ئەبو داوود (١٦٣٩)، نەسائی (٢٥٩٩)، ئەحمەد (٢٠٢٧٨)، ترمذی (٦٨١) دەفەرموێ: (حسن صحيح)، هەروەها شێخی ئەلبانی لە (صحيح الترغيب) (٧٩٢) دەفەرموێ: (صحيح)ە.

(٢) موسلیم (١٠٤١)، هەروەها ئیبنو ماجە (١٨٣٨) و ئەحمەد (٧١٦٣) بەلەفزی جیاواز هێناویانەتەوە.

(٣) ئەبو داود (١٦٣٤)، ترمذی (٦٥٢)، ئەحمەد (٦٥٣٠)، شێخی ئەلبانی لە (كتاب تخريج مشكلة الفقر) دەفەرموێ: (صحيح)ە.

بەروبوومی باخێکت لەخاوەنەکەی کڕیوە کە هێشتا نەچێنراوەتەوە/ لــێ نەکراوەتەوە، پـارەکەت داوەتێ، بەڵام تـا دێیـت بۆ چنینەوەی ئـافـاتێـك لێیـدەدات، وەکو لافاو، هەورە بروسکە و سوتاندنی، شاڵاوی کوللە... هتد، و دەفەوتێت. خاوەنەکەی بۆی نییە پارەکەیت نەداتەوە، بیخوات حەرامە.. شـەرعناسـان دەفەرموون: (ئەگەر کەسـێك بەرهەمێکی کڕی پاشـان ئافاتێك (جائحەیەك) لێیدا و فەوتاندی یان بڕێکی فەوتاند، دەبێ نرخی فەوتاوەکە بگێڕرێتەوە بۆ کڕیارەکە. ئەگەر دوو مەرج هاتبێتەدی:

یەکەم: ئـافـاتەکە بەدەســـت مرۆڤ نەبووبێـت، بۆنموونە: گرانی و لافـاو و بـاران و تەرزەکوتان و ڕەشەبا و کوللە و ئەو جۆرە شتانە فەوتاندبێتی.

دووەم: ئافاتەکە سێیەکی بەرهەمەکەی فەوتاندبێت.

- ئیبنو ڕوشـد لە (بداية المجتهد)ــــدا دەفەرموێ: شـەرعناسـان لە مەسـەلەی نرخی بەرهەمی فەوتـاودا بە ئافات ڕاجوێ بوون،. مالیك و یاوەرانی دەفەرموون دەبێ پارەکەی بگێڕرێتەوە بۆ کڕیـارەکە، بەڵگەشـیـان ڕیوایەتەکەی جـابرە (خوا لێی ڕازی بێـت) کە دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (إنْ بعْتَ من أخيكَ ثَمرًا فأصابَتْهُ جائحَةٌ، فلا يَحِلُّ لكَ أنْ تَأْخُذَ منه شـيئًا، بِمَ تَأْخُذُ مالَ أخِيكَ بغيرِ حَقٍّ؟)[1] واتە: ئەگەر بەرهەمێکت لە براکەت کڕی و ئـافـاتێـك لێیـدا، حەڵاڵ نییە بۆت هیچ لەپـارەی براکەت هەڵگریـت، بەچ هەقێك سـامانی براکەت هەڵدەگریت؟ (کە ئەو هیچی دەسـنەکەوتووە، تۆ چۆن پارەکەی دەبەیت بۆ خۆت؟).

شەرعناسان ڕایان لەسەر ئەوە کۆیە کە ئەگەر ئافاتی ئاسمانی بوو وەکو تەرزەکوتان و گرانیی گشـتی و کەڕوهەڵێنان و وشـکەسـاڵی، کە ئافاتێك نین دەسـتی کەسـێکی تێدابووبێت، ئەوا نابێت پارەکەی بخورێت، بەڵام لەبەرهەمی سەوزەواتدا و لەڕادە و بڕیدا

---

(١) موسلیم (١٥٥٣)، ئەبو داوود (٣٤٧٠)، نەسائی (٤٥٤٠)، ئیبنو ماجە (٢٢١٩).

ڕاجوێ بوون کە ئەگەر کەوتنە بەرئافاتی ئاسمانی.

## خاڵی هەژدەیەم: پارەی فرۆشتن بەسوێندی درۆ:

هەر شـــتێك لەئەنجامی ســـوێند خواردنی درۆوە فرۆشـــرا، یان لەفێڵ لێکردنەوە بوو، پارەکەی حەڕامە.

*** **** ***

ئەمە هەندێك شێوازی ڕێپێنەدراوی پارە و سامان پەیداکردنە، کە حەڕامن، هەرکەسێك بیەوێت زیاتری لـــێ بزانێت دەبێ بگەڕێتەوە سـەر سەرچاوە فیقهییەکان.. ئێمەش لێرەدا لەم چەنـد خـاڵە کورت و پوختەدا ئەوەمـان بۆ دەردەکەوێـت ئیســـلام چەند دادپەروەرانە ڕەفتاری لەگەڵ بزاوت و هەڵوێسـت و کەس و خاوەنێتیدا کردووە، هەروەها لەگەڵ کاڵا و کەلوپەلی فرۆشتندا، یان جۆرەکانی بەخاوەنبوون، ئەمە بەراورد بکە بەوەی ئێستا لەهەموو وڵاتێکی سـەرزەمیندا ڕوودەدات، ئەوەی ئیسلام هێناوێتی لەکوێ و ئەوەی دین و یاسای وڵاتان هەیانە لەکوێ؟ زۆر لێکدوورن، ئەمە لایەنێکی ســـیســـتمی ئیســـلامە، جا ئەگەر هەموو ڕێسـا و ئەحکامەکانی ئیسلام بەیاسا و دەستووری دین و دیدەکان بەراورد بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە ئیسلام لەهەموو لایەنێکەوە زۆر باڵاتر و ڕاقیترە لەهەرچی زادەی مرۆڤە.

## بڕگەی دووەم:
## شێوازە ڕێگاپێدراوەکانی خاوەنێتی:

دەشـــێت شـــێوازە ڕێگاپێدراوەکانی بەخاوەنبوون و پارەپەیداکردنیش بخەینە شـــەش خانەوە و بەشەش خاڵ نیشانیان بدەین:

### خاڵی یەکەم: پێشبڕکـێی حەلاڵ:

واتە کێبڕکێی شـیاو لەبەدەستهێنانی ماڵ و ساماندا، لەوانەی گشتین و مافی کەسیان پێوەنییە، لەوانە:

### ١- زیندووکردنەوەی خاکی مردوو:

خاکی مردوو ئەو زەویانەن کە نەکێڵراون و موڵکی کەس نین، نەموسـولْمان و نەغەیرە موسـولْمان، کەس هیچ سوودێکیان لـــێ نابینێت، بەڵام دەشێت ڕەنجیان لەگەڵ بدرێت و بنەوە بەخاکی بەپیت و زەوی و زاری چاندن و ڕواندن یان سوودی تر، وەکو ئەو شوێنانەی ئاویان لێبڕاوە، یان نقوومی ئاوبوون، یان لم دایپۆشیوون، یان خوێدارن.. ئەگەر کەسێك بە مۆڵەتی خەلیفە یـان جێگر و نوێنەرێکی (هەنـدێك لەشـــەرعناســـان دەفەرموون مۆڵەتی نـاوێـت) ســـنووورداری کرد و کەوتە خزمەت و زینـدووکردنەوەی، مـافی خۆیەتی ببێـت بەخاوەنی.

### ٢- ڕاوکردن:

هەموو کەســێك بۆی هەیە بە ڕاوکردنی نێچیری کێوی ببێتە خاوەنی، وەکو ڕاوکردنی ئاسك و کەڵەکێوی یان باڵندە و ماسی، ئەمەش بەمەرجی شەرعییانەی خۆی، وەکو ئەوەی

مەبەستی لەڕاوکردنەکە خواردنی یان فرۆشتنەوەی بێت، نەك هەر بیکات بە نیشانە و بیکوژێت، ئەگەر بەئومێدی خواردنی بوو (گیانلەبەرەکەش لەوانەبوو کە گۆشتیان دەخورا) مەرجە لەکاتی تەقەلێکردنیدا (بسم الله) بکات یان کاتێك بازەکەی دەنێرێت بۆی ڕاوبکات، ئەمە بێگومان لەغەیری ماسی و گیانلەبەری دەریاییدا کە هیچ مەرجێکی نییە مادام هەر لەئاودا بژی.

## ٣- دۆزینەوە و دەرهێنانی کانزا:

مادام موڵکی کەس نەبێت، هەمووکەسێك بۆی هەیە لە شوێنی گشتیدا (دەشت و چیا و دەریا... هتد) لەدووی کانزا بگەڕێت و بۆخۆی دەریبهێنێت، پێی حەڵاڵە و دەشێت ببێتە خاوەنی، بەڵام بەمەرجێك پێنجیەکی لێ بداتە بەیتولمال کە وەکو غەنیمەت دابەشدەکرێت (وەکو حەنەفییەکان دەفەرموون)، یان دەخرێتە سەر سامانی زەکات (وەکو حەنبەلییەکان دەفەرموون)، ئەسڵ ئەوەیە کە دەوڵەت دەبێت ئەم سامانانەی ژێرخاك دەربهێنێت و بیخاتەسەر بەیتولمال چونکە موڵکی ئوممەتن و دەبێت بەگشتی و بۆ هەموو ئوممەتیش خەرج بکرێنەوە، جا دەوڵەت خۆی کارگەی بۆدامەزرێنێت یان بیداتە کۆمپانیای ئەهلی، گرنگ ئەوەیە بەموڵکی گشتی بمێنێتەوە و بۆ بەرژەوەندی گشتی خەرج بکرێتەوە.

## ٤- دارکردن و گیاڕنین و هاوشێوەیان:

دەشێت کەسێك پارە بەدەستخستنی شتی سروشتیی موڵکی گشتی پەیدابکات، وەکو دابڕین و گیاڕنین لەشاخ و دەشت و ئاوهەڵهێنجان و گەیاندنی بەخەڵکی بەپارە.. ئەمانە هەموو موسوڵمانان تێیدا هاوبەشن، دەشێت کەسێك بڕوات و ڕەنجی خۆی تێدا بخاتەگەڕ، بارەدار بهێنێت و بیفرۆشێتەوە یان بۆ زۆپا و خانووی خۆی بەکاریبهێنێتەوە، بەو مەرجەی زیان لەم ڕەفتارانە نەکەوێتەوە، وەکو کاریگەریی بڕینی دارستان لەسەر گیانلەبەران و ژینگە، یان کەمبوونەوەی کانیاو و سەرچاوەیەك کە ئاوی زۆری لێ هەڵهێنجاوە، بەشێوەیەك کە بەشی خەڵکی نەماوە، چ بۆ خواردنەوە و بەکارهێنانی ناوماڵ، چ بۆ

ئـاوەدانی زەوی و زاریـان. حەنەفیەکـان دەفەرموون: هەموو کەســێـك مـافی هەیە ئـاو لەدەریـادا هەڵهێنجێـت و زەوی و زاری خۆی پێ ئـاو بـدات بەمەرجێك زیان لەگشـتی خەڵکی نەگەیێنێت. هەروەها ســوود وەرگرتن لەخۆر و مانگ و هەوا و هەرشـتێکی تر کە گشتییە و بەو مەرجە ڕێ لەسوودی خەڵکی تریش نەگرێت لــێی.[1] ناتوانێت بەنداوێك بۆخۆی دروسـت بکات، ناتوانێت کەناری دەریا وا لێك نزیك بکاتەوە کەشـتی و بەلەمی پێدا نەڕوات یان مەجرا (ڕێڕەو)ــــەکەی بەئاڕاسـتەیەکدا ببات کە زیان لەخەڵکی بدات، وەهەروەها.

## خاڵی دووەم: گرتنی ماڵ و سامانی کافرانی شەڕانی:

کافرێك کە لەئەمانی موســوڵماناندایە و لەناویاندا دەژی، کافرێکی تر کە لەدەرەوەی دارولئیسـلامە و پەیمان بەموسـوڵمانانەوە بەندە، ناشـێت خوێن و ماڵ و ئابڕوو مافی تری حەلاڵ بکرێت، بەڵام ئەو کافر/کافرانەی شـەڕانین و جەنگاوەری دژمانن، داگیرکردنی ماڵ و ســامـانی حەلاڵە، هەرکەسـێـك بردی بۆخۆی دەبێتە خـاوەنی، بەڵام بەو مەرجەی ئەم بەئەمان نەچووبێتە وڵاتی ئەوان و ئەویش بەئەمان وەرگرتن نەهاتبێتە ناوموســوڵمانانە، لەهەردوولادا پەیمانی ئەمان ڕێ لەبردنی ســامانی دەگرێت، کەوابوو هەرموســوڵمانێك چووە دارولحەرب (دارولکوفر)ـــــەوە پەیمـانی ئەمـانی (ڤیزە و ئیقـامە و قبوڵکردنی لەمەڵبەندی پەنابەرێتی و هاوشـێوەیان) وەرگرت بۆی نییە ببێتە جێ هەڕەشــە لە خوێن و سـامان و ئابڕوویان. بەهەمان شـێوە ئەگەر کافرێك لەوان - با شەڕانی و جەنگاوەریشیان بووبێت - کە بەپەیمانی ئەمانی موسـوڵمانان هاتە ناومانەوە، کەس بۆی نییە دەسـتدرێژی بکاتە سەر خوێن و سامان و ئابڕووی.

---

(١) وەکو کە کەسـێك شـاخێك دەگرێت و کەپر و سـاباتی لێ دروسـت دەکات و دەڵێ هی خۆمە و هەر دەبێت بێنە سـەیران لەکەپر و هەوار و ئوتێلەکەی من!! بێگومان ئەمە نابێت چونکە شاخەکە گشتییە.

هەموو جۆرە ســامـان وەرگرتنێـك لەكافر - كە بە ڕازیبوونی خۆی بێت - حەڵاڵە، بەو مەرجەی بۆ زیـانـدان لەموســوڵمانان نەیدرابێتێ، ئەســڵی ئەم خاڵە ئاوایە: خوای گەورە خـاوەنی ئەم گەردوونەیە، مـافی خـاوەنێتی و ڕەفتـار پێوەكردنی نەداوە بەكافران مەگەر بەرەزامەندیی موسوڵمانان، ئەگەر كافرێك هاتە ژێر سایەی حوكمی ئیسلامییەوە و ئەمانی وەرگرت و لەســەر دینی خۆی مایەوە ئەوە (ئەهلی زیممە)ــــیە و مافی خاوەنێتی دەبێت و ئەمانی ژیان و ئابڕوو سامانیشی بۆ دەستەبەر دەكرێت.

ئەگەر نە بە(ئیمـان) و نە بە(ئەمان) بەموســوڵمانانەوە پەیوەســت نەبوو، لەدەرەوەی دارولئیســلام بوو، جائیزە ماڵ و سـامانی ببرێت.. ئەگەر لەكافرانی شـەڕانی (محارب)بوو بێگومان كوشـتنی جائیزە چ جای بردنی سامانی، ئەگەر كۆمەڵێك موجاهید هێرشیان كردە سـەر كۆمەڵێك كافری شـەڕانی و تێكیانشـكاندن مافی خۆیانە دەست بەسـەر سـامان و موڵكیاندا بگرن، ئەوكاتە پێنجیەكی دەسكەوت (غەنیمەت)ــەكەیان لەو بوارانەدا خەرج دەكەن كە پاشـتر باسـی دەكەین، باقیەكەی تری بەسەرموجاهیدەكاندا دابەش دەكرێت كە دوژمنیان تێكشــكاندووە، چونكە ئەگەر ئەوان نەبوونایا ئەم ئەنجامە وانەدەهاتەوە. ئەمە ئەگەر دەوڵەتی ئیســلامی هەبوو، ئەم مەفرەزەیەش بە ڕێپێـدانی خەلیفە یـان جێگر و نوێنەرانی چووبوونە ئەو جیهـادە، ئەممـا ئەگەر دەوڵەتیـان نەبوو، خۆیـان جیهـادیـان ڕاگەیـانـدبوو، بەپـارتیزانی چووبوونە ســەركـافرە شــەڕانیەكـان و ئەو ئەنجـامەیـان بەدەسـتهێنابوو، حەنەفییەكان دەفەرموون ئەگەر سـێ كەسبوون یان كەمتر، ئەبویوسـف دەفەرموێ ئەگەر حەوت كەس بوون یان كەمتر، هەرچی گرتوویانە لە ماڵ و ســامان هی خۆیـانە و بەســەریاندا دابەشــدەكرێت، ئەگەر بەڕێپێدانی خەلیفە یان جێگر و نوێنەری چووبوون پێنجیەكەكەی لـێ جیادەكرێتەوە و باقیەكەی تری دابەشدەكرێت بەسەریاندا.

ئەمە دەربارەی ماڵ و سامانێك كە هەڵدەگیرێت و دەگوازرێتەوە، ئەمما خاك و زەوی و زار، ئەوە حەنەفییەكان دەفەرموون خەلیفە تێیدا ســەرپشــكە، بۆی هەیە بڕیار بدات كە بەدەسـت خاوەنە كافرەكانیانەوە بمێنێتەوە و عوشـریان لێوەربگیرێتن یان ئەویش بەسـەر

موجاهیدەکاندا دابەشبکات.

## خاڵی سێیەم: وەرگرتنی ماڵ و سامانێک کە پێی حەلاڵە:

وەکو پشـــکە زەکـات کەشـــەرع دیـاریکردووە بـدرێـت بە کێ، ئەمیش لەوانەبێت و بیدرێتێ، یان کەسێك بڕە پارەیەك یان پشکە سامانێکی بۆکردووە بە (وەقف)، یان خەڵاتە و دراوێـتیێ. یـان بەهەرهۆیەك بێـت لە بەیتولمـالەوە بڕێکی پـارە بۆ بڕرابێتەوە، یـان شێوازێکی تری بەخاوەن بوون.. هەمووی شێوازی حەلاڵی خاوەنێتین.

## خاڵی چوارەم: ئاڵوگۆڕکردنی شەرعیانە:

شـــەریعەتی ئیســـلام چەندین ڕێگای شـــیاوی ســـامان گۆڕینەوەی لەنێوان خەڵکیدا دیاریکردووە کە دەتوانن بەرەزامەندی هەردوولا یان هەموو هاوبەشانی ببنە خاوەن پارە یان ســـامـانی گۆڕراوە، وەکو گۆڕینەوەی قومـاش یان پۆشـــاك بەخواردن یان زێڕ و زەوی، هەروەها خزمەت بەپارە وەکو کرێ وەرگرتن، حەواڵە، قەرز، شەریکایەتی، ئاودێری، چاندن، بازرگانی هاوبەشـــی کار و ســـەرمایە (لە من پارە و لەتۆ کار و قازانج بەشـــەریکایەتی)، هەروەها ڕێکەوتن، ئاشـــتەوایی، مارەیی، خولع.. چەندەها بوار و جۆر و شـــێوازی تر کە لەکتێبە فیقهییەکاندا بەتەفسیل باسکراون.

## خاڵی پێنجەم: وەرگرتن بەرەزامەندی خاوەن پارە/سامانەکە:

وەکو پشکە وەسێت و خەڵات و خێرپێکردن و هاوشێوەیان.

## خاڵی شەشەم: پشکە میرات:

باوکی مردووە و میراتەکەی دوای قەرزدانەوە و کەفارەت و وەســـێتکردنی، یان مافی

تری خەڵكی كە تێیدابووە لێی دەركراوە و باقیەكەی بەسەر وەرەسەكەیدا دابەشكراوە، ئەمیش یەكێكە لەوانە و پشكی خۆی بەركەوتووە، مافی خۆیەتی ببێتە خاوەنی، پارە بێت یان خانوو یان زەوی و زار..

***　　　****　　　***

هەركەسێك بەم ڕێگا شەرعیانە بوو بەخاوەن پارە و سامان و خۆی لەخاوەنێتی بەڕێگاپێنەدراوەكان لادا، واتە حەڕامی تێكەڵ بە سامانی حەڵاڵی نەكردبوو، هەموو ماڵ و سامانی هی خۆیەتی و لەخەڵكی تر حەڕامە بێ مۆڵەت و ڕازیبوونی خۆی ببرێت. كەس نەدەوڵەتی ئیسلامی و نەتاكوكۆی ئوممەت و نەغەیری ئەمانیش بۆیان نییە دەست بەسەر سامانیدا - یان بڕێكیدا بگرن - مەگەر بەبەڵگەی شەرعی، وەكو ئەوەی مافێكی لەسەرە و نەیداوە، هەیەتی و دەبوو مەسرووفی دایكی بكات كە نەدارە، بەڵام نەیكردووە، دەوڵەت بڕێكی (بەس) لەسامانەكەی هەڵدەگرێت و دەیداتە دایكی، بەم شێوەیە هەمووكەسێك لەڕەعییەتی دارولئیسلام دەبێتە خاوەن ماڵ و سامان و لەئەماندا بەپێی ئەحكامەكانی شەرع كاسبی پێوە دەكات..

ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامی پێویستی بەماڵ و سامانی ڕەعییەتەكەی بوو، لەبەر ئیحتیاجی بەیتولمال، ئەو بۆی هەیە (باج) لەسەر خەڵكی دانێت و تا ئەوكاتە یان ئەو بڕ و ڕادەیەی نوقسانیەكی پێ پڕدەبێتەوە وەریبگرێت.. ئەمە بۆ دەوڵەتی ئیسلامی كە شەرعیانە دامەزراوە و حكومەتەكەشی شەرعییانە هەڵبژێراوە نەك حكومەتی مورتەدد و دەوڵەتی كافری ئێستا كە جۆرەها باجی ڕۆژانە و مانگانە و ساڵانەیان لەسەر هەموو جۆرە موڵك و ڕەنجێك داناوە و وەریدەگرن كە بۆ كۆمەڵگەش خەرج ناكرێتەوە، گوێڕایەڵی كردنی فەرمانی ئەم جۆرە دەسەڵاتە كافر و مورتەدد و ستەمكارە جائیز نییە چ جای ئەوەی باجیان بدرێتێ و بەهێزتر بكرێن.

## بڕگەی سێیەم:
## مافی گشتی و مافی تایبەتی لەخاوەنێتیدا:

### خاڵی یەکەم: ماف لەسامانی زەکاتدا:

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَفِيٓ أَمۡوَٰلِهِمۡ حَقّٞ لِّلسَّآئِلِ وَٱلۡمَحۡرُومِ ١٩﴾ الذاريات: ١٩ واتە: لەسامانی دەوڵەمەندەکاندا پشکێکی دیاریکراو هەیە کە تایبەتە بەدەسکورت و مەحرووومانەوە.

- هەروەها: ﴿كُلُواْ مِن ثَمَرِهِۦٓ إِذَآ أَثۡمَرَ وَءَاتُواْ حَقَّهُۥ يَوۡمَ حَصَادِهِۦۖ ١٤١﴾ الأنعام: ١٤١ واتە: کاتێك ڕەز و باخ و بەرهەمتان پێدەگات خۆشتان بیخۆن و ڕۆژی دروێنە و چنینەوەکەشی مافی خۆی لێبدەن، پشکی هەژار و نەدار و ڕێبوار و ئەوانی دیکەشی لێدەرکەن کە زەکاتە.

زەکات لەسەرماڵ و سامان فەرز نابێت ئەگەر نەگەیشتبێتە بڕی (نصاب)، نیصاب: ئەو بڕە شەرعییەیە کە شەریعەتی ئیسلام بۆ ئاستی خوارێی دەوڵەمەندی داناوە، کە هەرکەس گەیشتە ئەو ئاستە دەبێت زەکات لەماڵ و سامانی دەرکات، زەکاتەکەش بەپێی جۆری سامانەکانە، بۆنموونە کەسێك پێنج حوشتری هەبێت پێنجیەکی لێدەدا، ئەمما مەڕ، کە گەیشتە چل سەر ئینجا زەکاتی لێدەدا.

زەکات ئەوکاتە لەسەرموسوڵمان فەرزدەبێت کە لەخۆی و ماڵ منداڵ و مەسروفی ساڵەکەی زیاتری هەبێت، تا قەرزار بێت زەکاتی لەسەر نابێت، تا پێداویستیەکانی خۆاك و پۆشاك و زەرووریەکانی تری دابین نەبێت زەکاتی لەسەر نابێت، مەگەر هەندێك حاڵەتی تایبەت کەلە کتێبە فیقهییەکاندا باسکراوە.

دیسان، زەکات ئەوکاتە فەرزدەبێت کە ساڵی کۆچی (٣٥٥ڕۆژە) بەسەر سامانە کۆکراوەکەدا تێپەڕ بووبێت و لەو ماوەیەدا بڕی نیصابەکە کەمی نەکردبێت، ئەمە حوکمی

هەموو جۆرە سامانێکە جگە لەوەی لەژێرخاکدا دەدۆزرێتەوە، ئەمیان نەهاتنەوەی ساڵێکی بەسەردا بۆ حسێب دەکرێت و نەقەرزارێتی خاوەنەکەشی ڕەچاوەدەکرێت تێیدا، ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدا هاتنەدیی کە شەرع دیاریکردوون، مرۆڤ دەبێت زەکاتەکەیان لێبدات بەو کەسانەی شەرع دیاریکردوون.. زەکات لەم جۆرە سامانانە دەردەکرێت:

١- بەرهەمی زەوی: دیدوڕای مەزهەبەکان ڕاجوێن لەسەر تەفسیلاتی زەکاتی بەرهەمەکانی زەوی، هەندێکیان دەفەرموون مادام پارچە خاکێکە و موسوڵمان خاوەنێتی هەردەبێت زەکاتی بدات - خۆی و بەرهەمی پێکەوە - ئەگەر چی خاوەنەکەی خەراجیش بداتە دەوڵەت لێی. هەندێکی تریان دەفەرموون زەکاتی لەسەر نییە، هەندێکی تریش دەفەرموون: ئەگەر بەرهەمەکە کەمبوو زەکاتی لێنادرێت، ئەو کەمەشیان بەچەند و جۆر دیاریکردوو، بەهەر حاڵ پەسەندکردنی یەك دید و ڕایان و دارشتنی بەشێوەی یاسا ئەرکی خەلیفە و جێگرەکەیەتی.

٢- زێڕ و زیو و پارە (کاغەز و کانزایی).

٣- کاڵای بازرگانی.

٤- ئەو کانزایانەی لەناخی زەوی دەردەهێنرێن: ئەگەر چی دیدوڕای مەزهەبەکانیشی تێدا جیاوازە، هەندێکیان دەفەرموون: ئەگەر دەرهێنەکەی موسوڵمان بێت زەکاتی لەسەرە و دەشدرێت بەوانەی زەکاتیان پێدەشێت. هەندێکیشیان دەفەرموون: نەزەکاتی لەسەرە و نەپێنجیەك.

## خاڵی دووەم: زەکات لەسەر موسوڵمانانە، غەیری موسوڵمانیش جزیە و خەراجی لەسەرە:

زەکاتدان فەرزێکە و لەسەر موسوڵمانە، غەیرە موسوڵمانی ناو دارولئیسلام جزیەی

لەسەرە و خەراجیش ئەگەر جوتیار و بەرمهێنی چاندن و ڕواندن بوو. خەراج دەشێت بە شەریکایەتی بێت، دەوڵەتی ئیسلامی و جوتیارەکە دەشێت لەسەر ڕێژەی شەریکایەتییەکەیان ڕێککەوتبن، بەو مەرجەی ئەرکی جوتیارەکە قورس نەکرێت لەسەرشانی و بەلایەوە زەحمەت بوو‌بێت.. یان دەشێت جوتیارەکە وەکو فەرمانبەر/ کارمەند کاروباری زەوی و بەرهەمەکە ببات بەڕێوە و مووچەی مانگانە/ ساڵانەی خۆی وەرگرێت و دەوڵەتیش پشکی ساڵانەی خۆی، بەڵام ئایا ئەگەر زەویەکە کەوتە دەست موسوڵمان، ئایا خەراجەکەی هەر لەسەر دەمێنێت؟ ئەوەی کاری پێکراوە: بەڵێ خەراجی لەسەر دەمێنێت، ئەمما جزیە: بڕە پارە/ سامانێکە کە لەغەیرە موسوڵمانی خاوەن پەیمانی ئەمان لەدارولئیسلامدا وەردەگیرێت، وەکو ڕەمزی ملکەچ بوونی بۆ سەروەرێتی ئەحکام و دەسەڵاتدارێتی سیاسی دەوڵەت و بەشداربوونی پایەدارکردنی، لەبەرامبەریشدا ئەو لەئەمانی دەوڵەت و کۆمەڵگەکەدا دەبێت و ماف و ئەمان و ئابڕوو سامان و ئازادیی دینی خۆیان پارێزراو دەبێت و داوای سەربازییان لێناکرێت.

## خاڵی سێیەم: موسوڵمانان دوو جەژنیان هەیە و دەبێت تێیاندا ببەخشن:

جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان کە خوای گەورە بەخشینی ماڵ و سامانی تێدا فەرزکردووە، ئەگەرچی بڕێکی کەمیش بێت.

- لە جەژنی ڕەمەزاندا خوای گەورە سەرفترەی فەرزکردووە، کە هەرموسوڵمانێك بەشی خۆی و ماڵ و منداڵی خۆراك و پۆشاکی هەبێت - با ساڵێکیشی بەسەردانەهاتبێتەوە - دەبێ بڕی نیو صاع گەنم یان صاعێك جۆ لەجێی هەرسەرخێزانێکی بدات، پیر و ساوا بە (سەر) خێزان حسێبن و سەرفترەیان بۆ دەدرێت، ئەم بڕە زەکاتە وەکو هەرجۆرە زەکاتێکی تر دابەشدەکرێت، دەدرێت بەو پۆلە ناوهێنراوانەی قورئان ئاماژەی پێداون، ناشێت ئەم بڕە

کەمەی سەرفترە بەسووك تەماشا بکرێت.

بڕوانە: ئەگەر ناوچەیەك یەك ملیۆن موسوڵمانی لێ بێت - بەگەورە و گچکەوە - ئەوە یەعنی بەخشینی دوو ملیۆن کیلۆگەنم یان نرخەکەی، هەژارانی ئەو ناوچەیە هەرچەند زۆربن ئەم دوو ملیۆن کیلۆیە فریایان دەکەوێت و تاماوەیەکی زۆر - ئەگەر بێ ئیشیش بن - ڕایاندەگرێت.

- لەجەژنی قوربانیشدا خوای گەورە لەسەر هەموو موسوڵمانێکی باڵغ و نیشتەجێی فەرزکردووە[1]، کە مادام بڕی نیصابی هەیە، ئافرەت بێت یان پیاو، دەبێت مەڕێك بکات بە قوربانی و گۆشتەکەی ببەخشێتەوە، یان حەوت کەس لەحوشترێك یان مانگایەکدا بەشدار دەبن.. قوربانیکردنەکە فەرزە، بەڵام دەتوانێت سێیەکی بکاتە خێر و سێیەکی بکاتە دیاری و بۆهاوڕێکانی بنێرێت، ئەگەرچی دەوڵەمەندیش بن، خۆشی سوود لەسێیەکەکەی تری بکات.

حیکمەتی ئەم بەخشینە ڕۆشن و ئاشکرایە کە دەبێت هەژار و نەدارانیش لەخۆراك و پۆشاکیان بێ خەم بن تا خۆشی لەجەژنەکەیان بچێژن و هەست بە برایەتی و بەخەمەوەبوونی موسوڵمانی تر بکەن.. بەهەرحاڵ، بەخشینی سەرفترە و قوربانی کردن فەرزی سەرشانی دەوڵەمەند و مافی هەژارانە و هەردەبێت جێبەجێبکرێت.

## خاڵی چوارەم: حەج لەسەر بەتوانا فەرزە:

ئەگەر موسوڵمان لەتوانایدا هەبوو بچێتە حەج، حەجکردنی لەسەر فەرزدەبێت. توانین بریتیە لە توانای دارایی کە ئەوەندەی هەبێت پێی بچێتە حەج و بێتەوە، لەو مانگانەی حەجیشدا مەسروفی خۆیی پێ بێت و لەم ماوەی چوون و هاتنەوەشیدا دەبێت بڕی

---

(١) لەمەزهەبی حەنەفی و مالیکیدا فەرزە، نووسەری ڕەحمەتیش حەنەفییە.

(بەس)ـــــی بژێوی ماڵ و منداڵی دابین کردبێت و قەرزی لەســەر نەبێت، ئەگەر لەوێ ویستی حەج و عومرە پێکەوە بکات ئەوە دەبێت مەڕێك سەرببڕێت، ئەگەر لەبەجێهێنانی فەرز و ڕوکنەکانی حەجی بەنوقسانی کرد سزای دارایی دەکەوێتە سەر کە دەبێت خێر و خێرات بکات، حەجکردن کۆمەڵێك ڕەفتار و بواری مەســروف کردن و خێر و خێراتە کە هەمووی لەسەر ئەم فەرزە و مافی هەژار و نەدارانیشی پێ دێتەدی.

## خاڵی پێنجەم: هاوسەرگیریش بەخشینی مارەیی دەوێت:

بەشێوەیەکی گشتی هەموو پیاوێکی موسوڵمان دەبێت ژن بهێنێت، لە ئیسلامیشدا ژنهێنان بێ مارەییدان نابێت، مارەیی زۆر بێت یان کەم دەبێت پیاوەکە یان کەسوکاری بیدەن بە ئافرەتەکە. لەئیسلامدا ئاستی باڵای مارەیی دیاری نەکراوە، ئەگەرچی مەزهەبەکان ئاستی خوارێیان بۆ دیارکردووە، مارەیی ئافرەت پێشەکی (موقەددیمە)ـی هەیە و پاشەکی (موئەخخەرە)ـی هەیە، هەردووکیان مافی ئافرەتەکەن و هەردەبێت بیدرێتێ، پاشەکیەکە قەرزە و لەگەردنی مێردەکەیدایە تا هەمووی دەداتەوە، یان هەندێکی و ژنەکەش لەهەندێکی خۆش ببێت، کە مەرجە بەئازادی و سەربەستی خۆی دەستی لێ هەڵگرێت و گەردنی مێردەکەی لێ ئازاد بکات، ئەگەرنا هەردەبێت لەماوەی ژیانیدا بیداتێ، ئەگەر مرد و نەیدایێ، قەرزارە و دەبێت لەمیراتەکەی - پێش دابەشکردنی - قەرزی ژنەکەی لێ بدرێتەوە، وەکو قەرزی خەڵکی ترە کە لەئەستۆیدابوو، ئەگەر تەڵاقیشیدا دەبێ ئەو مارەییەی هەموو بداتێ.

## خاڵی شەشەم: نەفەقە لەسەر مێردە:

مێرد بەرپرسە لەمەسرەفکێشانی ماڵەکەی لەخۆراك و پۆشاك و سوکنا و دەرمان و پێداویستی تری ژن و منداڵەکانی، گچکە بن یان گەورە و بێکار، هەروەها بەخێوکردنی

دایك و باوك و نەنك و باپیرەكانی لەسەرە ئەگەر هەژار و دەسكورت بوون، بەهەمان شێوە بەرپرسە لەخزم و كەسوكارەكانی ئەگەر هەژار و نەداربوون، چونكە ئەمان لەپێشترن یارمەتی وخێر و خێراتیان پێبكات وەكو لەكەسانی دوور.. ژنی بەمێرد مەسرووفی لەسەر مێردەكەیەتی، ئەگەر مێردەكەی هەژار و نەداربوو دەبێت باوك و مام و برای ژنەكە و كەسوكاری مەسرووفی بكێشن، مەگەر ئافرەتەكە دەوڵەمەندبێت، یان پیشەكارە، یان فەرمانبەرە و مووچەی (بەس)ـی هەیە، ئەوكاتە مەسرووفی لەسەرخۆی دەبێت، ئەگەر بەبێ ئیزنی مێردەكەی بووبوو بەفەرمانبەر یان كاری دەكرد، مەسرووفی خۆی لەسەردەبێت،.. لەوانەیە ئافرەت لەحاڵەتێكدابێت كە هەبووە و دەوڵەمەندە، ئەمە مەسرووفی كەسانی تریشی دەكەوێتە سەرشان وەكو بەخێوكردنی دایك و باوكی ئەگەر هەژاربوون و كەسی تریان نەبوو بەخێویان بكات و ئەمیش دەوڵەمەندبوو، ئەمانە هەمووی مەسرووفكێشانن، پارە و سامان دانن بەكەسانی تر.. بەهەرحاڵ ئەمانە و هی تر بەتەفسیل وا لەكتێبە فیقهییەكاندا.

## خاڵی حەوتەم: باجی دەوڵەتیش لەمافی دارایی و ساماندایە:

خەلیفە هەرجۆرە باج (زەریبە)ـیەك لەسەر كۆمەڵگەكەی دابنێت، مادام لەگەڵ شەرعدایە و دادپەروەرانەیە، دەبێت جێبەجێبكرێت، بەتایبەتی كە لەحاڵەتی نایاساییدا دەوڵەت ناچار دەبێت باجێك لەسەر دەوڵەمەندەكان دابنێت، ئەمە بەردەوام دەبێت تا بەیتولمال بڕی (بەس)ـی تێدادەبێت بەشێوەیەك كە پێداویستی هەژار و نەدارەكان پڕبكاتەوە، بەو مەرجەی دادپەروەرانەش دابەش بكرێتەوە، یان بووبێتە پڕۆژەیەك كە پێداویستی ڕەعیەتەكەی پێ دەبڕ ببێت (وەكو نەخۆشخانە). ئەو ڕێسایەی خەلیفە پشتی پێدەبەستێت لەبڕیاری لەمجۆرەیدا ئەوەیە كە دەفەرموێ: (إذا احتاج المسلمون فلا مال لأحد) واتە: ئەگەر موسوڵمانان موحتاج بوو كەس خاوەن ماڵ و سامان نامێنێت. خەلیفە یان جێگر و نوێنەرانی بۆیان هەیە لەكاتی كەم دەرامەتی بەیتولمال و زەروورەتی

پێداوویستیەکدا (باج) لەسەر دەوڵەمەندەکان دابنێن. بۆ  نموونە: بۆ پێکەوەنانی سوپایەك کە دەچێتە بەرەی جیهاد، یان هێزێکی ئەمنی بۆ پاراستنی خیلافەت و دەسەڵات، چونکە ئەگەر خەلیفە بڕیاری وا لەکاتی گونجاودا نەدات مەرکەز و پلە و کاریگەری خەلیفە و خیلافەت کز دەبێت و وڵات و خەلیفە دەکەونە ژێر مەترسیی فەوتان، چونکە دوژمنان لەسەنگەردان و چاوەڕێی دەرفەتی هێرشیانن.

## خاڵی هەشتەم: بەخشین بەکەسی موحتاج:

ئیبنولقەیم (لەحەنبەلییەکان) دەفەرموێ: ئەگەر خەڵکێك ناچاربوون بچنە خانووی کەسێکەوە، کە شوێنی تریان دەستنەکەوت یان چوونە خان (میوانخانەی گشتی)ی کەسێکەوە، یان پێویستیان بەخواستنی پۆشاکی گەرمی کەسێك بوو لەسەرما بیانپارێزێت، یان پێویستان بەدەستاڕ یان ئاشی کەسێك بوو، یان سەتڵ و دۆڵکەی بیر تا ئاوهەڵهێنجن، یان مەنجەڵ و قابلەمە یان تەوروداس یان هەرشتێکی تر کە پێوستی خۆیانیان دەبڕ دەکرد، پێویستە لەسەر خاوەن ئامێر و کاڵا و جێگاکە بیاندەنێ و پێداویستیەکانیان دەبڕ بکەن، ئەمما ئایا بۆیان هەیە کرێیان لێ وەرگرن؟ یاوەرانی ئیمام ئەحمەد تێیدا دووڕان: ئەوانەی کە ڕێیان داوە بەوەرگرتنی کرێ مەرجیان کردووە کە نابێت بەکرێی ئاسایی هاوشێوەی زیاتر بێت. بەڵگەی ئەمانە زۆرە.

- خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَوَيۡلٞ لِّلۡمُصَلِّينَ ٤ ٱلَّذِينَ هُمۡ عَن صَلَاتِهِمۡ سَاهُونَ ٥ ٱلَّذِينَ هُمۡ يُرَآءُونَ ٦ وَيَمۡنَعُونَ ٱلۡمَاعُونَ ٧﴾ الماعون: ٤ - ٧ واتە: سزای وەیل (دۆڵێکە یان جۆرە سزایەکە لەدۆزەخدا) بۆ ئەوکەسانەی لەنوێژەکانیان/لەنوێژەکانیاندا غافڵن، ئەوانەی ریا دەکەن و ئەوانەش کە ڕێ لە یارمەتی و هاریکاریی خەڵکی دەگرن.

- ئیبنوعەبباس و ئیبنو مەسعوود و یاوەری تریش (خوا لێیان ڕازی بێت) دەفەرموون:

﴿وَيَمۡنَعُونَ ٱلۡمَاعُونَ ۝٧﴾ نەدانی ئامێری پێویستە، وەکو نەدانی مەنجەڵ و سەتڵ و دۆڵکەی بیر و تەور و هاوشێوەیان.

- ئەبوهورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەربارەی ئەسپی دابەستەی کەسێك فەرمووی: (... وَأَمَّا الَّتِي هِيَ لَهُ سِتْرٌ: فَرَجُلٌ رَبَطَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ، ثُمَّ لَمْ يَنْسَ حَقَّ اللَّهِ فِي ظُهُورِهَا، وَلَا رِقَابِهَا)[1] واتە: ...ئەمما ئەوەی کە ئەسپەکەی مایەی سیتر/ داپۆشینی گوناحێتی ئەوەیە کە بۆ جیهاد لەپێناوی خوادا ڕایگرتووە، دابەستی کردووە، لەهەمان کاتیشدا مافی خوای گەورەی تێدا فەرامۆش نەکردووە لەبەخشینیدا یان لەبەکارهێنانیدا بۆ سواریی گشتی.

## خاڵی نۆیەم: کەفارەتەکان مافن لەساماندان:

وەکو کەفارەتی (زیهار) و کوشتنی بەئەنقەست و کەفارەتی سوێند و کەفارەتی شکاندنی ڕۆژووی ڕەمەزان بێ عوزر و هەروەها کەفاراتی تر.. کە هەموویان ماڵ و سامانن و دەبێت ببەخشرێن.

## خاڵی دەیەم: هەقدانی خوێن (قەتڵ):

کەسێك بەبێئاگایی کەسێکی تر دەکوژێت و کەسوکاری کوژراوەکە داوای خوێنی (هەقی لەدەستدانی ژیانی) دەکەنەوە، دەبێت کەسوکاری بکوژەکە هاوکاریی خوێندانەکە (کە ماڵ و سامان دانە) بکەن، ئەگەر بکوژەکە دەسکورت بوو، دەبێ خزمانی بەرپرسێتی کەفارەتەکە (خوێندانەکە) بگرنە ئەستۆ.

---

(١) موسلیم (٩٨٧)، بوخاریش (٢٣٧١) بەلەفزێکی وا.

## خاڵی یازدەیەم: کۆمەککردنی موسوڵمانان:

لەو مافانەی لەماڵ و ســامانی تاکوکۆی موســوڵماندا هەیە، یارمەتیدان و کۆمەك و دەستگرۆیی ئەو موسوڵمانانەیە کە دەکەونە کارەسات و ناسۆرەوە، وەکو حاڵاتی گرانی و لافاو و بوومەلەرزە و جۆری تری لێقەومان و دەربەدەربوون. ســەیدنا عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) لەو ساڵە گرانیەی بەسەریاندا هات (کە ناونرابوو ساڵی خۆڵەمێش) ماڵە هەژار و نەدارەکـانی بەســـەرمـاڵە دەوڵەمەنـدەکاندا دابەشـــکرد تا هەر دەوڵەمەندێك هەژارێك بگرێتەخۆ.

## خاڵی دوازدەیەم: کفن و دفنکردنی بێکەسان:

ئەمەش مـافی نەدارانە و لەمـاڵ و ســـامـانی تـاکوکۆی کۆمەڵگەی موســـوڵمـان و دەوڵەتەکەیاندایە، ئەوی وەکو ئەمیشــە تێرکردنی برسی و پۆشتەکردنەوەی ڕەشوڕووتانی کۆمەڵگەیە، کە بەپلەی یەکەم بەرپرسـێتی خزمانیانە، پاشان دراوسێکانیان، چونکە مافی دراوسێیەتیش گەورەیە و لەخزمایەتی کەمتر نییە، دراوسێ زیاتر بەحاڵی دروایێ دەبێت بزانێت و دەبێت بەخەمی یەکترەوەبن دەنا هەژار و شـــەرمنەکانیان دەفەوتێن، بایەخنەدان باحاڵی دراوسـێ و یارمەتینەدان و بەهاناوەنەچوونی نیشـانەی کزیی دینداریيە، کەسـێك خۆی تێر بخوات و بخەوێت و دراوســێکەی بێ شـێو ســەربنێتەوە، ئەوە نیشــانەی بێ ئیمانییە ئەگەر زانیبووی حاڵی وایە.

## خاڵی سێزدەیەم: مافی میوان و ڕێبواران:

میوان و ڕێبواران، هەژاربن یان دەوڵەمەند، ناسراوبن یان نەناس، مافیان لەپارە و سامانی تاکوکۆی کۆمەڵگە و سامانی بەیتولمالدا هەیە، هەرکەسەو میوانی خۆی و هەرکەسەو ئەو ڕێبوارە موحتاجەی ڕێی دەکەوێتە لای..

- میقدامی کوڕی مەعدی یەکروب (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (لَيلةُ الضَّيفِ حَقٌّ على كُلِّ مُسلمٍ، فمَن أصبَحَ بفِنائِه، فهو عليه دَيْنٌ، إنْ شاءَ اقتَضى، وإنْ شاءَ تَرَكَ)[1] واتە: شەوە میوانداریێتی میوان مافی میوانە لەسەر هەموو موسوڵمانێك، کە دێتە بەردەرگا و ڕێی ئەوە قەرزێکە وا لەسەری، گەر دەیەوێت بیداتەوە یا بیداتەوە، ئەگەرنا هەر لەسەری دەمێنێت.

- ئەبوشورەیح خوەیلیدی کوڕی عەمر (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (مَن كانَ يُؤْمِنُ باللَّهِ واليَومِ الآخِرِ فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ، جائِزَتُهُ يَوْمٌ ولَيْلَةٌ، والضِّيافَةُ ثَلاثَةُ أيَّامٍ، فَما بَعْدَ ذلكَ فَهو صَدَقَةٌ، ولا يَحِلُّ له أنْ يَثْوِيَ عِنْدَهُ حتَّى يُحْرِجَهُ)[2] واتە: ئەوی باوەڕی بەخوا و بەڕۆژی دوایی هەیە با ڕێزی لەمیوانەکەی بگرێت، مافی خۆیەتی شەو و ڕۆژێك لای بمێنێتەوە، میوانداری سێ ڕۆژە، لەوە زیاتر خێرە و خاوەن ماڵ دەیکات، ئیتر بۆی جائیز نییە ئەوەندە لای بمێنێتەوە تا نارەحەتی دەکات.

- لەڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (ولا يَحِلُّ لِرَجُلٍ مُسْلِمٍ أنْ يُقِيمَ عِنْدَ أخِيهِ حتَّى يُؤْثِمَهُ، قالوا: يا رَسولَ اللهِ، وكيفَ يُؤْثِمُهُ؟ قالَ: يُقِيمُ عِنْدَهُ ولا شيءَ له يَقْرِيهِ به)[3] واتە: ناشێت موسوڵمانێك ئەوەندە لەلای براکەی بەمیوانی بمێنێتەوە تا گوناحباری دەکات، عەرزیان

---

(١) ئەبو داوود (٣٧٥٠) لەفزەکەش هی ئەمە، ئیبنو ماجە (٣٦٧٧)، ئەحمەد (١٧١٨٦)، شێخی ئەلبانیش لە (صحيح أبو داود)دا دەفەرموێ: (صحيح)ە.

(٢) بوخاری (٦١٣٥)، موسلیم (٤٧)، ئەبو داوود (٣٧٤٨)، ترمذی (١٩٦٧)، ئیبنو ماجە (٣٦٧٥)، مالیك (٩٢٩/٢)، ئەحمەد (٢٧١٦١).

(٣) موسلیم (٤٨)، بوخاری (٦٤٧٦).

کرد: ئەی پێغەمبەری خوا، باشە چۆن گوناحباری دەکات؟ فەرمووی: هەرلای دەمێنێتەوە و ئەویش هیچی نییە ئەرکی میوانداریێتییەکەیی پێ جێبەجێ بکات.

## خاڵی چواردەیەم: مافی قوتارکردنی دیل لە سامانی تاکوکۆدایە:

ئیمامی قورتوبی (رحمه اللّٰه) دەفەرموێ: (شەرعناسان لەسەر ئەوە کۆن ئەگەر کارەساتێك لەموسوڵمانان قەوما کە پێویستت بەسەرفکردنی زەکاتیان بکات، دەبێ هەمووی بۆ لادانی کارەساتەکە خەرج بکرێت).

ئیمامی مالیك (رحمه اللّٰه) دەیفەرموو: (پێویستە لەسەر خەڵکی دیلەکانیان بەماڵ بکڕنەوە (فیدیە بدەن بۆ رزگارکردنیان) ئەگەرچی هەموویان هەرچی هەیانە لەورێگایەدا خەرجی بکەن، ئەمەش کۆڕا (ئیجماع)ی لەسەرە).

## خاڵی پازدەیەم: جۆری تری مافی موسوڵمان لەسامانی تاکوکۆدا:

ئیبنو جەزەری (رحمه الله) لە (القوانين الفقهية)دا دەفەرموێ: (ئەگەر بیری باخەکەی دراوسێ ووشکی کرد و خەریکی چاك کردن و پاك کردنەوەییوو و کشتوکاڵیشی هەبوو، ئەم دەبێت لەبیری ئەستێلکی خۆی کشتوکاڵەکەی ئەویش ئاوبدات.

هەروەها جۆری تری ئەم ماف و ئەرکە، درێژکردنەوەی کاتی قەرزدانەوەیە بۆ قەرزار، کابرا قەرزی کردووە، بەڵێن بووە لە فلان کاتدا قەرزەکە بداتەوە، بەڵام بەدەستیەوە نییە، خاوەن قەرز ماوەکەی بۆ درێژ دەکاتەوە.

ئیمامی ئەحمەد لەم بارەوە دەفەرموێ: (ناشێت خاوەن قەرز، قەرزار وا ناچاربکات لەسەردانەوەی قەرزەکەی کە زیانی پێبگات و ناچاربێت جلوبەرگ یان سوکنا یان خزمەتکارەکەی بۆ بفرۆشێت، یان ئەو ئامێر و سەرمایەیەی کاسبیی پێوەدەکات و

نەفەقەی ماڵ و منداڵی لەسەرێتی).

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَإِن كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَىٰ مَيْسَرَةٍ ۚ ﴿٢٨٠﴾﴾ البقرة: ٢٨٠ واتە: ئەگەر قەرزارەکە لەدەستی نەبوو بیداتەوە، وادەی قەرزدانەوەکەی بۆ بخەنە کاتێکەوە کە بتوانێت بیداتەوە.

## بڕگەی چوارەم:
## ئەو بەربەســت و ســنوورانەی ســەربەســتی مرۆڤ لەڕەفتارکردنیدا بەسامانیەوە دەگرن:

### خاڵی یەکەم: حەڕامێتی فەوتاندنی سامان:

نـاشــێـت مرۆڤ مـاڵ و ســامـانی خۆی بەئەنقەســت بفەوتێنێـت، لەهیچ حاڵەتێکدا لەئیسـلامدا ڕێ بەوە نەدراوە، ناشێت بەرهەمێکی چاندن و ڕواندنی خۆی بسوتێنێت، یان بەرهەمێکی پیشـەسـازیی دەسـتی خۆی بفەوتێنێت، یان لەکاری بخات، ناشـێت بەشـێك لەکـاڵا و بەروبوومی خۆی بفەوتێنێـت بۆ ئەوەی نرخی لەبـازاڕدا دانەبەزێت،[(١)] هەروەها کوشتن و لەناوبردنی ئاژەڵ و ماسی و هاوشێوەیان، بەو بەهانەبێت یان بەبەهانەی تر، تەنها لەحـاڵەتـێـکـدا جـائـیـزە کە ســوودی نەمـابـێـت (وەکـو تەواوبوونی کـاتی خۆراك: ئیکســپایەربوونی)، یان بڵاوبوونەوەی نەخۆشـــی پێی یان لەناویدا، وەکو دەردێك لەناو مریشـــکی بڵاوبێتەوە، یان ســـوتاندنی پارە! هەروەکو کە هەندێك ســـەرســـەریی بارەکان دەیکەن کە جگەرەی سـەماکەر (راقصە)ـــەکە بەپارەیەك دادەگیرسێنێت بۆی کە ئاگری تێبەردەدات! هەروەهـا بەوەی کە باخێکی هەیە و ئیهمالی دەکات تا دەفەوتێت، یان ڕانە مەڕێکی هەیە و لەدەشـــت و دۆڵ بێ پـاســـەوان جێیـان دێڵێت تا گورگ بیانخوات یان لەبرسان یان بەنەخۆشی بمرن..

---

(١) وەکو کە وڵاتە سەرمایەدارەکان و کۆمپانیاکانیان دەیکەن، بۆ نموونە بەرازیل کە یەکەم بەرهەمهێنی قاوەیە، ساڵانە نرخی قـاوەی خۆی بەوە ڕاگرتووە کە زیادە بەرهەمەکەی دەخاتە دەریاوە! فاتیکانیش کە (مەرکەزی دینیی کاثۆلیکییەکانە) ســاڵانە هەزاران سەرمانگای موڵکی دەکوژێت تا نرخی دانەبەزێت!! هەموو وادەکەن!

## خاڵی دووەم: ئەوی خەڵکەکە پێویستێتی دەبێت بیفرۆشێت:

شەرعناسانی حەنەفی ڕایان لەسەر ئەوە کۆیە کە ئەگەر خەڵکی ناوچەیەك پێویستیان بەکاڵا/ بەرهەمێك بوو، دەبێت بازرگان/ بەرهەمهێنەران یەکسەر بیخەنە بازاڕەوە و بەنرخی جارانی یان هاوشێوەی بفرۆشێتەوە، ئەمە هەموو شتێك دەگرێتەوە کە خەڵکی بەکاریدەهێنن، بۆنموونە: خۆراك، خواردنەوە، پۆشاك، دەرمان، دەیان و سەدان پێداویستی تر و ناشبێت لەبەرئەوەی خەڵکەکە زۆریان پێویست پێیەتی کەم بخاتە بازاڕەوە، یان نرخی گرانتر بکات.

زۆر ڕەفتار و ڕەوشتی تریش دەکەوێتە چوارچێوەی ئەم حوکمەوە، وەکو بەکرێدانی زەوی و خانوو یان خزمەتکردنی بەو پیشەیەی هەرئەو لەوناوچەیەدا دەیزانێت وەکو بەننایی، بەرگدرویی، پزیشکی، بەیتاری (پزیشکی ئاژەڵ) و دەیان پیشەی تر.. ناشبێت بەنرخێکی نائاسایی بیکات کە ئیستیغلالکردنی پێویستی خەڵکەکە بێت (ئیستیغلالکردن شتێکە و سەودا و مامەڵەی ئاسایی شتێکی ترە کە هەر لەچوارچێوەی معاملەی ئەو ڕۆژەی بازاڕدا دەبێت). شەرعناسانی حەنەفی دەفەرموون دەوڵەت دەبێت چاودێری ئەم حاڵەتانە بکات و لەکاتی هەبوونی ئیستیغلالکردندا (تەدەخول) بکات، بەوەی ڕێی لێ بگرێت.

## خاڵی سێیەم: زیدەڕۆیی و ئیسراف کردن:

هەر پارە سەرفکردنێك بەپێچەوانەی شەرع و ژیرییەوەبوو ئیسراف (تبزیر)ـە، وەکو زۆر پارە سەرفکردن لەخواردن و خواردنەوە و پۆشاکی جۆربەجۆری (کەمالییات)ـدا، یان ڕەفتارکردنێکی وا کە پارەی تێدا سەرف بکات بێ ئەوەی لەڕووی دین و دنیاوە سوود بکات، مەگەر خۆدەرخستن و شانازی. وەکو کەسانێك کە پارەیەکی زۆر دەدەن بەلۆتی و شایەر لەکاتی ئاهەنگدا هەر بۆئەوەی دوو دێر شیعریان پێدا هەڵبدات و ناویان بهێنێت،

یـان ئەوانەی بەبۆنەی ژن هێنان یان بۆنەی تریانەوە ئاهەنگی پڕ لەئیســڕاف دەگێڕن[1] و سـەفتە پارە بۆ گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەنەکان هەڵدەدەن، یان جێگای گران و تیپی مۆسیقای گران بەکرێ دەگرن، یان کەســانێك بۆ شــانازی کۆتری زۆر و جۆراوجۆر یان هەڵۆ و باز ڕادەگرن و پارەیەکی ئیجگار زۆریان پێدەدەن، یان لەکڕیندا گوێ بەنرخ نادات لەکاتێکدا دەشزانێت ئەمە لێرە وا گرانە و لەبازاڕێکی تر هەر لەوشارە هەرزانترە، بەڵام لێرە دەیکڕێت چونکە ئەویان بازاڕێکی (شەعبی)یە!

زێـدەڕۆیی هەرلەپـارەدا نییە، لەهەموو جۆرە ڕەفتـارێکـدایە، وەکو زۆر خواردن و زۆر خواردنەوە، هەمووی حەڕامە تەنانەت شــەرعناســانی حەنەفی دەفەرموون: ئەگەر ماڵ و ســامانی هەمووی لەڕێی خێر و خێراتدا وەکو دروســتکردنی مزگەوت خەرج بکات هەر حەڕامە، خوای گەورە لەوەسفی موسوڵمانە ئیماندارەکاندا کە بە (عباد)ــی خۆیی هەژمار کردوون (عباد الرحمن) دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَنفَقُواْ لَمۡ يُسۡرِفُواْ وَلَمۡ يَقۡتُرُواْ ٦٧﴾ الفرقان: ٦٧ واتە: ئەوانەن کە ئەگەر لەپێنـاوی خوادا بەخشــیـان نەزێـدەڕۆیی دەکەن و نەکەمڕۆیی و دەستگرنەوە.

ئیمامی شــافیعی و ئەبویوســف و محمدی شــەیبانی دەفەرموون: ئەگەر کەســێك ئاوا زێدەڕۆ دەرچوو، دەســەڵاتدارانی ئیسلامی دەبێت ماڵ و سامانەکەی حیجز بکەن و بەڕادە و بڕی پێویســتی خۆی بیدەنێ، دەفەرموون: ئەگەر کەســی موســریف قەرزاربوو، یان گێل بوو، یان نەیدەزانی ڕاست و ڕەوا ڕەفتار بەپارە و سامانەوە بکات، بەوەی هەڵیدەخەڵەتێنن یان گوێ بەپارە نادات، پارە و ســامانی لێوەردەگیرێت و دەخرێتە بەردەســتی کەســانی سەرپەرشت یان دەوڵەت.

ئیمامی شــافیعی دەفەرموێ: (ئەگەر فاسقیش بێت (واتە هەر خەریکی گوناح و تاوان

---

(١) ئاهەنگی قوبادی کوڕی جەلال تاڵەبانی کە لەئیتاڵیا گێڕای دە ملیۆن دۆلاری تێچووە!!

بێت) پارە و سامانەکەی حیجز دەکرێت. ئیمامی ئەبوحەنیفە دەفەرموێت: مادام کەسەکە باڵغ و ژیر و سەربەست بێت و تەکلیفی شەرعی بکەوێتە سەر ماڵ و سامانی حیجز ناکرێت، مەگەر ئەقڵ پێشکانەکەی دوابکەوێت، ئەوکاتە دەشێت تا تەمەنی بیست و پێنج ساڵی ماڵ و سامانی حیجزبکرێت و ئەوکاتە بیدرێتەوە، خەلیفە بۆی هەیە بڕیاری گونجاوی بەرامبەر بدات)..

حیجزکردنی ماڵ و سامان چەند پلە و قۆناغی هەیە:

- توندترینیان ڕێگرتنێتی لەهەر ڕەفتارێك کە بەماڵ و سامانیەوە بکات.

- ناوەندەکەیان ڕێی پێدەدرێت داوابکات و بەپێی تەقدیری سەرپەرشتیاری بۆی ئەنجام بدرێت.

- ئاسانەکەیان: داوای شتێك دەکات، زوو بۆی ئیختیارەدەکەن و بۆی دەهێننەدی.

بێگومان لەحاڵەتی حیجزکردنی ماڵ و سامانی کەسێکدا مەسروفی هەر لەو ماڵە بەشێوەیەکی شیاو و لایەق دەکێشرێت.

## خاڵی چوارەم: ڕەفتارکردن بەسامانەوە کە زیان بەخەڵکی تر نەگەیێنێت:

چونکە ئەو فەرموودەیەی بووە بەڕێسای فیقهی ڕۆشنە کە دەفەرموێ: (لَا ضَرَرَ وَلَا ضِرَارَ)[1] واتە: نەزیان بکەوێت و نەزیان بدرێت.. ئەم ڕێسایەش زۆر لقی لێدەبێتەوە، لەوانە:

(١) مالیك لە (الموطأ) (٧٤٥/٢)، ئەحمەد (٢٨٦٥)، ئیبنو ماجە (٢٣٤١)، تەبەڕانی لە (معجم الأوسط) (٩٠/١)، بەیهیقی (١١٧١٨)، ئیمامی نەوەوی دەفەرموێ: (حەسەن)ە، شێخی ئەلبانیش لە (السلسلة الصحيحة) (٢٥٠) دەفەرموێ: (صحيح)ە.

١- ئەگەر كەسێك زەويەكی تا ماوەيەك بەكرێ گرتبوو، لەوكاتەی وادەيان تەواوبوو هێشتا دەغڵودان/ يان بەرهەمی تری كابرای كرێگرتی تێدا مابوو كە ماوەيەكی تری دەخواست تا پێدەگات و دەدورێتەوە/ دەچنرێتەوە، دەبێ ماوەكە درێژبكرێتەوە، بەكرێی ئەوكاتەی هاوشوێن و شێوەی، تا كابرای كرێگرتیش زيانی لێنەكەوێت ناچاربێت دەستبەرداری بەرهەمەكەی ببێت يان بيفەوتێنێت، خاوەن زەويەكەش كرێی تری ماوەی داهات وەردەگرێت كە بەكرێی ئەو ڕۆژەيە زيانی لێناكەوێت.

٢- ئەگەر ئاوێك نەدەگەيشتە زەويەكەی (س) كە هەردەبوو بەناو زەويەكەی (ش)ـدا بڕوات، خاوەن زەويی (ش) بۆی نييە ڕێبگرێت لەگەياندنی ئاوەكە بۆ زەويی (س)، ئەمە حوكمی سەيدنا عومەرە (خوا لێی ڕازی بێت).

٣- ئەگەر فرۆشيارانی كاڵايەكی بازاڕ نرخی كاڵاكەيان زۆر بەرزكردەوە كە مەترسی ماف خورانی خەڵكی لێدەكەوێتەوە، دەسەڵاتدارانی شەرعی بۆيان هەيە نرخەكەيان پێ بهێننە خوارەوە، يان دوای ڕاوێژ و پرس و ڕای شارەزايانی بازاڕ نرخێكی بۆ دياريبكەن.

٤- خەليفە يان جێگر و نوێنەرانی بۆيان هەيە كەسێك كە پارچە زەويەكەی ئيهمال كردووە ناچاربكەن بيچێنێت يان بيخاتە پڕۆژەيەكەوە كە بەرژەوەنديی گشتی كۆمەڵگەكەی پێ دێتەدی، چونكە لە ئيمهالكردنيدا كەس سوودمەند نابێت و لە بەگەڕخستنيدا ژمارەيەكی زۆری هەژاران سوودمەند دەبن، چونكە بكرێتە هەر پڕۆژەيەك زەكاتی لێدەردەچێت، ئەمەش پشكی هەژار و نەدارانە، ئەمە جگە لەوانەی كاری تێدادەكەن و خاوەن زەوی و ماڵ و منداڵەكەشی، بەتايبەتی پارچە زەوی خەراج.

٥- ئيمامی ئەبو يوسف دەفەرموێ: (دراوسێ بۆی هەيە حەمام بەدراوسێكەی داخات ئەگەر حەمامەكەيان دوكەڵی بۆ ئەمان دەهات، مەگەر ئەمانيش حەماميان هەبێت، وابێت و دوكەڵی بۆ ئەوان بچێت).

٦- ئەگەر کەسێك کاڵایەکی پێویستی دەبردە بازاڕ بۆ فرۆشتن، بەڵام لەڕێگا لێیان کڕی، ئەگەر ئەم مامەڵەیە زیانی گشتی تێدابوو جائیز نییە و دەبێت هەڵوەشێتەوە.

٧- حەنەفیەکان دەفەرموون[١]: ئەگەر سەلمێنرا کە گرێبەستێك لەسەر شتێك کرابوو دواتر دەرکەوت کە زیانی گیانی و ماڵیی بۆ لایەنێکیان دەبێت، هەڵدەوەشێنرێتەوە و کاری پێناکرێت، وەکو ڕێکەوتنیان لەسەر کەرەستەیەك، دوای گرێبەست دەردەکەوێت کە دەبێتە مایەی زیانی کڕیارەکە (وەکو کڕینی دەرمانێك کە دوای ئیکسپایەربوونی، یان دوای بردنی بۆ ناوچەیەکی تر کە گەرمە/ ساردە/ شێدارە دەبێتە ژەهر)، گرێبەستەکە دەبێت هەڵوەشێنرێتەوە. نموونەی تری هاوشێوە زۆر زۆرە.

## خاڵی پێنجەم: بەرژەوەندیی گشتی دەخرێتە پێش مافی تاکێک:

کەسێك خانوویەکی کردووە، بەڵام ئێستا شارەوانی پێویستی بەڕاکێشانی جادەیەك هەیە کە خانووەکەی بەردەکەوێت، یان زەوییەکی لەپاڵ مزگەوتدا هەیە و مزگەوتەکە دەبێت بەرفراوانتر بکرێت، لەم حاڵەتەدا ناشێت مافی خاوەنێتی کابرا دژی بەرژەوەندیی گشتی ببێتەوە، بۆیە دەبێت تەنازول لەخانوو/ زەویەکە بکات و قەرەبوو (تەعویز)ی پارە/ یان بەدیلی خانوو/ زەویەکەی وەربگرێت، بێگومان قەرەبووکردنەوەکە مافی خۆیەتی و هەردەبێت ببێت.

---

(١) زۆر نموونە هێنانەوەکانی نووسەری ڕەحمەتی بە فیقهی حەنەفی هەر لەبەر ئەوە نییە کە خۆی حەنەفی بوو، بەڵکو لەبەر ئەوەشە کە فیقهی حەنەفی پڕە لەئەحکامی جۆراوجۆر، چونکە مەزهەبێکە ئیعتیمادی لەسەر ئەحکام و وەرگرتنە لەقورئان و زیاتر لەهەموو مەزهەبەکانی تریش حوکمڕانی کردووە، ئێستاش زیاتر لە (٨٠٠ ملیۆن) موسوڵمان حەنەفین.

## خاڵی شەشەم: ناچارکردنی خاوەن پیشە لەسەر کرێیەک:

ئەگەر مافی گشتی بەپیشەیەکەوە بەسترابۆوە، خاوەن پیشەکان بۆیان نییە (مان) بگرن و پیشـــەیان وەلکەن یان بێ و نرخێکی وا داوابکەن کە لەتوانای خەڵکی هەژاردا نەبێت، دەوڵەت دەتوانێت خاوەن پیشەکان لەسەر کار و کرێ و نرخی دیاریکراو ناچار بکات.

ئیبنولقەییم (رحمه الله) لەژێر نـاونیشـــانی (إلزام الصـــانع قبول أجر المثـل: واتە ناچارکردنی وەستا لەسەروەرگرتنی هەقدەستی هاوشێوەی)ـدا دەفەرموێ: (ئەگەر خەڵکی پێویســـتیـان بە پیشـــەیەك بوو، وەکو جوتیـاری و بەننـایی و ڕِســـتن و چنین و هتد..، کـاربەدەســـتانی دەوڵەت (ولي الأمر) بۆیان هەیە ئەو خاوەن پیشـــانە ناچار بکەن کاری خۆیان وازلێنەهێنن و دەبێت پێیان بکەن و کرێی هاوشـــان و هاوشـــێوەی خۆشـــیانیان بۆ حسێب بکرێت، چونکە وازهێنانیان لەپیشەکانیان زیان لەبەرژەوەندی گشتی دەدات).

## خاڵی حەوتەم: ناشـێت ژن ڕەفتاری سـەربەخۆ لەسـێیەکی سامانیدا بێ مۆڵەتی مێردی بکات:

بـۆ نـموونە ژنـێـك زێڕی خۆیی هەیە، بۆی نییە بەبێ مۆڵەتی مێردەکەی هەمووی ببەخشـــێت بێ ئەوەی هیچی لەبەرامبەردا دەســـکەوێت، بەڵام ســـێیەکی دەتوانێت، ئەمە بۆچوونی ئیمامی مالیکە کە پشـــتی بەڕیوایەتێك بەســـتووە کە عەمری کوڕی شـــوعەیب لەبـاوکیەوە و ئەویش لە باپیرییەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (لَا يَجُوزُ لِامْرَأَةٍ عَطِيَّةٌ فِي مَـالِهَـا إِلَّا بِـإِذْنِ زَوْجِهَا، إِذْ هُوَ مَالِكُ عِصْـمَتِهَا)[١] واتە: جائیز نییە ئـافرەتێـك بێ پرســـی مێردەکەی لە ســـامـانەکە ببەخشـــێت، چونکە مێردەکەی خاوەنی هاوسەرگیرێتییەکەیە.

---

(١) ئیبنو ماجە (٢٣٨٨)، هەروەها ئەبو داوود (٣٥٤٦) و نەسائی (٣٧٦٥) بەکەمێك جیاوازییەوە.

هەروەها دەفەرموێ: (لَا يَجُوزُ لَامْرَأَةٍ عَطِيَّةٌ إِلَّا بِإِذْنِ زَوْجِهَا)[1] واتە: جائیز نییە ئافرەتێك بێ پرسی مێردەکەی خەڵات بداتە کەسێك.

بەهەرحاڵ ئەمە مەسەلەیەکی راجوێی نێوان مەزهەبەکان و شەرعناسانە و ئێرە جێباسی ڕاوبۆچوونەکانیان نییە.

## خاڵی هەشتەم: ناشێت سنووری شەرع ببەزێنرێت لەپارە سەرفکردندا:

حەنەفییەکان دەفەرموون: (ناشێت پارە بدرێتە بەکرێگرتنی گۆرانی یان شیوەنگێڕان، یان گەمەی خافڵاندن کە بکەوێتە بازنەی گوناحەوە، چونکە پارە نادرێت بەگوناح، ئەم جۆرە ڕەفتارانەش گوناحن و ناشێت بەخۆڕایی بکرێت چ جای بەکرێ. مامەڵەی شیاو ئەوەیە کە سوودی بۆ هەردوولایەنی گرێبەستەکە هەبێت، ئەمما لەم حاڵەتانەدا هەردوولایان تووشی گوناح دەبن، گرێبەستێکیان بەستووە لەسەر جێبەجێکردنی فەرمانی خوای گەورە نەعوزوبیللا).[2]

- (ناشێت کەسێك شوێنێك بۆ گۆرانی چڕین یان شیوەنگێڕان بەکرێ بگرێت، هەروەها بۆی نییە کەسێکی غەیرە موسوڵمانی زیممی بەکرێ بگرێت تا شەڕاب بفرۆشێت یان گۆشتی مردارەوەبوو و خوێن.. جائیز نییە و نەهی لەسەر هاتووە).[3]

- (ناشێت کەنیزەك (ئافرەتی کۆیلەی کڕراو) بۆ زیناکاری بەکرێبدرێت، ڕەفتاری وا

---

(١) ئەبو داوود (٣٥٤٧)، نەسائی (٢٥٤٠)، ئەحمەدیش (٦٦٨١) بەدرێژی هێناویەتییەوە، شێخی ئەلبانیش لە (السلسلة الصحيحة) (٨٢٥) دەفەرموێ: (إسناده حسن).

(٢) (زەیلەعی٥/١٥٥).

(٣) (الفتاوى الخانية ٢/٣٢٢).

پێوەی گوناحە).[1]

- (ئەگەر کەسێك شەربەتی دەفرۆشت کە کارێکی حەڵاڵە، یەکێکی تر لێیدەکڕی تا بیکاتە شەڕاب، بەڵام بەفرۆشیارەکەی نەوتووە و ئاماژەشی پێنەداوە کە بۆ چییەتی، کڕیارەکە موکەللەف نییە بپرسێت بۆ چیتە، تا بزانێت کە ئەگەر دەیکاتە شەڕاب پێینەفرۆشێت، ئەمە گرێبەستی مامەڵەیەکە حەڵاڵە، با فرۆشیارەکەش شەڕابی لێ دروست بکات).[2]

زەیلەعی دەفەرموێ: (دەشێت شەربەت بفرۆشێت، ئەگەرچی کڕیار بیشیکاتە شەڕاب مادام فرۆشیارەکە نازانێت، ئەم حاڵەتە وەکو فرۆشتنی چەك نییە لەکاتی ئاژاوە و شەڕی ناوخۆی موسوڵماناندا، ئەمیان ڕاستەوخۆیە و بەهەمان ئامێرە بۆیە حەڕامە، ئەویان شەربەتە و خۆی لەخۆیدا حەڵاڵە، چەك فرۆشتنەکە یارمەتیدانی کوشتن و بڕین و خراپەکارییەکەیە، یارمەتیدانی لەسەر گوناح کە خوای گەورە فەرمانی پێداوین یارمەتی یەکتری لەسەر تاوان و گوناح نەدەین، شەربەتەکە بۆ دەیان شتی تریش بەکاردێت کە حەڵاڵن، بەڵام چەکەکە لەوکاتەدا بۆ یەك شتە کە خراپەکارییە).

- هەر حەنەفییەکان لە (البدائع)دا فەرموویانە: (ئەمما مەیموون - واتە کڕینی مەیموون - لە ئەبوحەنیفەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دوو بۆچوون هاتووە کە جائیز و ناجائیزە، ناجائیزێتییەکەی ئەوەیە کە دەفەرموێ: (لەبەرئەوەی لەڕووی شەرعییەوە هیچ سوودێکی وەکو بەراز نییە کە بەخێودەکرێت و سوودی هەیە و دەبێتە موڵك، لەڕایەکەی تریدا فەرموویەتی جائیزە لەبەرئەوەی کە سوود لە پێستەکەی وەردەگیرێتن بۆیە لەم لایەنەوە بەموڵك هەژماردەکرێت و کڕینی جائیزە، بەڵام ڕاستتر ئەوەیە کە جائیز نییە و لەبەرخاتری پێستەکەشی ناکڕێت، عادەتەن بۆ سەماپێکردنی دەکڕێت، کە ئەمیش ڕەفتارێکی

(١) (البدائع ٤/١٩٠).
(٢) (مختصر الطحاوي ل٢٨٠).

حەڕامە و پارە پێ پەیداکردنیشی هەر حەڕامە بۆیە جائیز نییە).

حەنبەلییەکان دەفەرموون: (فرۆشتنی چەك و هاوشێوەی لەکاتی فیتنە و شەڕی نێوان موسوڵماناندا جائیز نییە، هەروەکو کە جائیز نییە بەکافرانی دارولحەرب بفرۆشرێت، یان بەجەردە و ڕێگر، ئەگەر فرۆشیار دەیزانی بۆ ئەو مەبەستە لێیدەکڕن، چ ڕاستەوخۆ لەقسەیانەوە بزانێت چ لەئاماژە و ڕەفتاریاندا دەربکەوێت، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ ۚ ۝٢﴾ المائدة:٢ واتە: یارمەتی یەکتری مەدەن لەسەر گوناح و دەستدرێژیکردن. بەڵام چەك فرۆشتن بەئەهلی دارولعەدل جائیزە کە جەنگی بەرامبەر یاخییان (بُغاة) پێدەکەن یان دژی جەردە و ڕێگر، چونکە ئەمیان یارمەتی یەکتریدانە لەسەر چاکە و تەقواکاری).[1]

هەروەها هاتووە کە: (ناشێت شتێك حەڵاڵە بۆ شتێك بفرۆشرێت کە حەڕامە وەکو ترێ و شەربەت کە دەکرێنە شەڕاب، یان مێوژ و هاوشێوەی).[2]

- ئیبنو قودامە دەفەرموێ: (فرۆشتنی شەربەت بەکەسێك کە بیکاتە شەڕاب باتڵە).

هەروەها دەفەرموێ: (فرۆشتنی شەربەت بەهەرکەسێك کە بزانرێت دەیکاتە شەڕاب حەڕامە، چونکە ئایەتەکە: ﴿وَلَا تَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ ۚ ۝٢﴾ المائدة:٢ نەهی کردنێکە کە حەڕامکردنی مەبەستە).[3]

- ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێت) گێڕاویێتییەوە کە: (لَعَنَ رَسُولُ الله (ﷺ) فِي الْخَمْرِ عَشْرَةً: عَاصِرَهَا وَمُعْتَصِرَهَا وَشَارِبَهَا وَسَاقِيَهَا وَحَامِلَهَا وَالْمَحْمُولَةُ إِلَيْهِ وَبَائِعَهَا ومبتاعها وواهبها

(١) (كشاف القناع ١٤٦/٣).
(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.
(٣) (المغني ٢٢٣/٤).

وَآكِلَ ثَمَنِهَا)[1] واته: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەمەسەلەی شەڕابدا لەعنەتی لە دە پۆل خەڵك کردووە تێیدا: لەوەی ترێکە دەگوشێت و لەوەی کە بۆی دەگوشن، لەوەی دەینۆشێت و لەوەی دەیگێڕێت (بەسەر شەڕابنۆشاندا)، لەوەی هەڵیدەگرێت و لەوەی بۆی هەڵدەگرن، لەوەی دەیفرۆشێت و لەوەی دەیکڕێت، لەوەی دەیبەخشێت و لەوەی پارەکەی دەخوات.

هەرکەسێك شەربەت بفرۆشێت و بزانێت کڕیارەکەی دەیکاتە شەڕاب بەر ئەم لەعنەتە دەکەوێت و گوناحباردەبێت، چونکە وەکو ئەو کەسەیە کە کەنیزەکەکەی خۆی بەکرێ بداتە کەسێك کە بشزانێت زینای لەگەڵدا دەکات، ئایەتەکەش ڕۆشنە: ﴿وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلۡبَيۡعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰاْۚ ﴿٢٧٥﴾﴾ البقرة: ٢٧٥ واتە: خوای گەورە کڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ کردووە و سووکارییش حەرام. ئەم ئایەتە زۆر مامەڵەی گشتی دەخاتە چوارچێوەی تایبەتە حەرامەکەوە، لەم مەسەلەی ئێمەشدا ناوکۆیی ناهێڵێت. ئەوی دەڵێت: بەڵام خۆ مامەڵەکە مەرجەکاتی تەواوە، دەڵێین ناشێت لەبەر هەبوونی بەربەست (ئەگەر ئەمە سەلمێنرا، ئیتر فرۆشتنەکە حەرام دەبێت و مامەڵەکە باتڵە، مادام فرۆشیار زانیوێتی کڕیارەکەی بۆچی دەیکڕێت، چ ڕاستەوخۆ لەقسەی کڕیارەکەوە زانیبێتی، چ لەئاماژە و ڕەفتاری تریەوە زانیبێتی).

ئەمما ئەگەر ئەگەری (ئیحتیمالی) هەبوو، وەکو ئەوەی کڕیارێك شەربەتەکە دەکڕێت بەڵام فرۆشیارەکە نازانێت کە ئەو بۆ ئەوەیەتی بیکات بەشەڕاب، نەلەقسە و نەلەڕەفتاری کڕیارەکەوە شتی وای بۆ دەرنەکەوتووە، بێگومان فرۆشتنەکە جائیزە، ئەگەر زانرا فرۆشتنەکە باتڵە و کاسبییەکە حەرامە، ئەمە حوکمی هەموو شتێکی حەڵاڵە کە بەمەبەستی حەرام دەکڕێت، وەکو فرۆشتنی چەك بەخەڵکی دارولحەرب، یان بەجەردە و ڕێگر، یان بەکەسانی موسوڵمانی دوژمنداری ناوخۆیی، یان فرۆشتنی کەنیزەك بۆ گۆرانی

---

(١) ترمذی (١٢٩٥) و دەفەرموێ: (هذا حديث غريب من حديث أنس)، هەروەها ئیبنو ماجه (٣٣٨١)، شێخی ئەلبانیش لە (صحيح الترغيب والترهيب) (٢٣٥٧) دەفەرموێ: (حسن صحيح).

پێوتنی، یـان بەکرێدانی بۆ ئەو مەبەسـتە، یان خانووەکەی دەداتە کرێ تا شـەڕابی تێدا بفرۆشـرێت یان بکرێتە کڵێسـا یان ئاتەشـکەدەی مەجووس و هاوشـێوەیان، کرێ و نرخی ئەمانە حەڕامە چونکە مامەڵەکانیان باتڵە.

ئیمامی ئەحمەد هۆشـداریی دەربارەی هەندێك مامەڵەی وا داوە کە حەڕامن، دەربارەی قەسـاب و نـانەوا دەفەرموێ: (ئەگەر زانیـان کە خۆراکێکیـان پێ دروسـت دەکـات و شـەڕابخۆرانی بۆ دەعوەت دەکات نابێت پێیان بفرۆشێت، ئەوی پەرداخ دەفرۆشێت ئەگەر بزانێت بۆ ئەوەی دەکڕێت تا شەڕابی تێدا بخواتەوە نابێت پێی بفرۆشێت).

هەروەهـا ڕێینەداوە دیباج (ئاوریشـم) بەپیاوان بفرۆشـرێت، بەڵام بۆ ئافرەتان جائیزە بیکڕن و بیپۆشن). ئەوەشی لێوەرگیراوەتەوە کە: (نابێت گوێز بەمنداڵان بفرۆشرێت، ئەگەر زانرا قوماری پێدەکەن، وە هەروەها هێلکە.. فرۆشتنی ئەوانە لەوحاڵەتانە باتڵە).

مـالیکییەکـان دەفەرموون: (ڕێ بەموسـوڵمـانـان نەدراوە ئـامێری جەنـگ بەکافران بفرۆشـرێت، مەبەسـتی شـەڕانیانی کافرە کە جەنگی دژ بەموسوڵمانان پێدەکەن، هەروەها تەختە و دار ئەگەر زانیی خـاچی لێـدروسـت دەکەن، یـان خانوو ئەگەر زانیی دەیکەنە کڵێسا، هەروەها ترێ ئەگەر زانیی شەڕابی لێدروست دەکەن).[١]

هەرلەوێدا دەفەرموێ: (هەرکەسێك ئامێری گەمە و خافڵاندن بفرۆشێت تەمێ دەکرێت، گرێبەستی شتی وا هەڵدەوەشێنرێتەوە و ئامێرەکانیشی دەشکێنرێن).

- هەروەها مالیکییەکان دەفەرموون: (هەرکەسـێك کە شـەڕابی لێدروسـت بکات و فرۆشتنی قوماشی ئاوریشم (حەریر) بەپیاوێك پۆشاکی پیاوانەی پێ دروست بکات جائیز نییە).[٢]

---

(١) (التبصرة/ ابن فرحون ١٤٧/٢).

(٢) (شرح الخطاب ٢٦٣/٣-٢٦٤).

هەروەها هاتووە: (فرۆشتنی تەختەش وایە، ئەگەر زانیی خاچی لـــێ دروست دەکات، یان ترێ ئەگەر زانیی دەکرێت بە شـەڕاب، یان فرۆشـتنی چەك بەکەسـێك کە بزانرێت بۆ جەردەیی و ڕاوڕووت و ڕێگری موسوڵمانان بەکاردێت، یان بۆ دووبەرەکی و دوژمنداریێتی لەنێوانیاندا).[1]

هەر لەمەزهەبی ئیمـامی مالیکدا فرۆشـــتنی کەنیزەکیش بەکەســانێك کە فاســق و شــلگیرن لەدینداریياندا، جائیز نییە، چونکە لانی کەم کە خۆیان حەڕامخۆرن، حەڕامیش دەدەنە کەنیزەکەکە.[2]

- لە دا هاتووە: (فرۆشـتنی هەموو شـتێك قەدەغەیە ئەگەر زانرا بۆ مەبەستی نەشیاو و ناشەرعی بەکاردێتەوە، وەکو فرۆشتنی کەنیزەکێك بە ئەهلی فسق و فجوور، یان فرۆشتنی پارچە زەوییەك بەکەسێك کە دەیکاتە کڵێسا یان مەیخانە، هەروەها تەختە و دار بەکەسێك کە خاچی لێدروســت دەکات، ترێ بەکەســێك کە دەیکاتە شــەڕاب، مس بەکەســێك کە زەنگی کڵێســای لــــێ دروســت دەکات.. فرۆشـــتنی ئامێر و تفاقی جەنگیش بەکافرانی شەڕانی حەڕامە چ چەك بێت چ پێداویستی تر وەکو زرێ و زینی ئەسپ و هەرشتێکی تر کە خۆیانی پێ بەهێز بکەن لە ئاسـن و مس و.. شـتی وا، ئەگەر هەشیانبوو ناچار دەکرێن خۆ لەخاوەنێتیان دەرکەن..).[3]

ئیبنو ڕوشـد (هەر لەمالیکییەکانە) دەفەرموێ: (ڕاجوێیی لەفرۆشـتنی ئەمانەدا لەسەر زانین و نەزانینی هۆی بەکـارهێنـانەکانیانە، کە بۆ چییانە؟ ئایا فرۆشــیار دەزانێت کڕیار ئەمە بۆچی دەکڕێت؟ ئەگەر نەیدەزانی و پێی فرۆشت، دوایی دەرکەوت بۆ گوناح بەکاری هێنـاوە، مـامەڵەکە هەڵناوەشـێتەوە، بەڵام کڕیارەکە ناچار دەکرێت کە لەخاوەنێتی خۆیی

---

(١) (المدونة ٤/٢٥٣-٢٥٤)

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٣) (الشرح الكبير للدردير، وحاشية الدسوقي عليه).

دەركات، بەفرۆشتنەوەی  یان بەڕێگای تر.  هەموو شەرعناسان فەرموویانە: وەسێت كردن بۆ ئەنجامدانی شتێكی ڕێلێگیراو، وەكو وەسێتكردنی كەسێك كە بەمیراتەكەی شەراب بكڕرێت، یان پارە بەشێوەنگێڕ بدرێت و بۆی بڵاوبێتەوە، یان وەسێتبكات بڕێك پارەی بدرێتە پەرستگایەكی موشریكان، ئەمانە هەموو باتڵن وباتڵیان لێدەكەوێتەوە).

## خاڵی نۆیەم: ئەو ڕەفتارانەی نابێت بیكات بەرتیلدانە:

لەو سنوورانەی كە دەبێت موسوڵمان پێیانەوە پابەندبێت و  ڕەفتاری شەرعییانەی تێدا بكات و نەیبەزێنێت، بەرتیلنەدانە. بەرتیلدان بۆ ڕاپسكاندنی مافی كەسێكی تر یان پێشێلكردنی مافی كەسانی تر حەرامە.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَأۡكُلُوٓاْ أَمۡوَٰلَكُم بَيۡنَكُم بِٱلۡبَٰطِلِ وَتُدۡلُواْ بِهَآ إِلَى ٱلۡحُكَّامِ لِتَأۡكُلُواْ فَرِيقٗا مِّنۡ أَمۡوَٰلِ ٱلنَّاسِ بِٱلۡإِثۡمِ وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ١٨٨﴾ البقرة: ١٨٨ واتە: ماڵ و سامانی یەكتری لەناوخۆتاندا بەناهەق مەخۆن، وەكو دزی و زەوتكردن و بەرتیلیش مەدەنە كاربەدەستان و داوەران تا مافی خەڵكی ترتان بۆ بپچرن و بەغەدر و دەستدرێژی بتانكەنە خاوەن مافی ماڵ..

ئەمما بەرتیلدان بۆ گێڕانەوەی مافی خۆت یان بۆ ڕێپێدانت لەكاروباری شەرعییانەی خۆتدا ئەوە بە بەرتیل هەژمار ناكرێت و جائیزە بۆ تۆ كە دەیدەیت، بۆ ئەو حەرامە كە وەریدەگرێت.

لەم جۆرە بەرتیلانە ئەوەیە كە دەدرێتە داوەر و بڕیاربەدەستان تا ڕێرەوی كێشەكان بگۆڕن و بەرژەوەندی گشتی پێ بخەنەلاوە.

با ئەوەندە لەباسی (بەربەست و سنووردانان بۆ ڕەفتاری حەڵاڵ و شیاو) بەس بێت كە

هێنـامـانەوە... بێگومـان ئەم بڕگەیە - بەخـاڵەکانیەوە - پەیوەندیان بە بڕگەی یەکەمەوە - بەخاڵەکانیشیەوە - هەیە و لەزۆر لایەنیاندا دەشێت تێکەڵ ببنەوە، بەڵام ئێمە بۆ ئاسانکاری خوێندن و تێگەیشتنی وا کردمانە دوو بڕگەی سەربەخۆ.

## بڕگەی پێنجەم:
## چارەنووسی خاوەنێتی ماڵ و سامان لەئیسلامدا:

تا ئەوکاتەی موسوڵمان لەژیاندا مابێت، ڕەفتارە شەرعییەکانی وا بەدەست خۆیەوە و خۆی خاوەنی موڵك و سامانی خۆیەتی، کاتێك دەگاتە سەرەمەرگ و زانیی مافی کەسی بەسەرەوە نییە و قەرزار نییە چاکترە وەسێت بکات، بۆی هەیە راسپێرێت کە سێیەکی ماڵ و سامانەکەی بۆ بکەن بە خێر، بیدەن بە هەژار و نەداران یان بۆی بدەنە دەزگا و ڕێکخراوە خێرخوازییەکان تا لەڕێی خێردا بۆی خەرج بکەن.. بۆی نییە لەسێیەکی زیاتر ببەخشێت، کە کۆچی دوایی دەکات، دەڕوانن ئەگەر مافی سامانی بەسەرەوەبوو، قەرز و کەفارەت و هاوشێوەیان، لەمیراتەکەی دەردەکرێت، سێیەکی سامانەکەشی دەدرێتە ئەو کەس و لایەنانەی خۆی دیاریکردبوون، ئینجا باقی میراتەکەی بەگوێرەی دەقە شەرعییەکان بەسەر کەسوکاری نزیك و دووریدا دابەش دەکرێت، هەرکەسێك پشکی دیاریکراوی شەرعییانەی خۆی. ئەگەر میراتگری نەبوو سامانەکەی دەخرێتە بەیتولمالی موسوڵمانانەوە بۆ بەرژەوەندیی گشتی بەکاردێتەوە.

میراتگران بەپێی دوور و نزیکییان لە مردووەکەوان لە بازنەی یەك لەدوای یەکدا، کە بەپێی ئەحکامە شەرعییەکان ریزکراون و هەریەکەیان ئەوەی دەدرێتێ کە پێیدەبرێت.. ئەحکامەکانی میرات هەتا بڵێیت ووردەکارانە و بەدیققەت دارێژراون.. زۆر دادپەروەرانەیە، هەست و سۆز و سروشتی مرۆڤ و بڕی نزیکی و دووریی کەسەکان لەمردووەکە و بەرژەوەندی و قازانجی هەمووانی تێدا ڕەچاوکراوە، سامانی مردوو تا خزم هەبێت بۆ ئەوان دەبێت، ئەگەرکەسی نەبوو بۆ بەیتولماڵە کە خەزێنەی دەوڵەتە و لەخزمەتی هەژار و نەداری کۆمەڵگەکەدایە. بواری سێیەکی سامانەکە بۆ خاوەنەکەی کراوەتەوە تا خۆی بیگەێنێت بەوانەی چاکە و پیاوەتیان کردووە و بەسەریەوە هەیانە، باقیەکەی تریشی بۆ خزمانی نزیك و دووری کە لە ژیانییان دڵسۆزی بوون و ماف و

ئەركیان بەسەریەكەوە هەبووە.

***　　　　****　　　　***

زانستی میرات لەزاراوەی شەرعناساندا پێیدەوترێت زانستی فەرزەكان، ئەمە ناونانی زانستیەكەیە بەناوی بەشێكیەوە كە گرنگترینێتی، چونكە خوای گەورە چۆنیەتی دابەشكردنی میراتی بەسەر خاوەن پشكەكاندا دیاریكردوە و هەریەكەیان هەقی خۆیی بۆ دیاركردووە تێیدا، جێبەجێكردنی ئەم شێوە دابەشكردنە فەرزە، بۆیە ناونراوە (علم الفرائض).

- ئەم زانستیە - وەكو هەر زانستیەكی تر- كۆمەڵێك زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە كە دەبێ لەسەرەتاوە مرۆڤ شارەزایان ببێت تا لەزانستی میرات تێبگات:

- پشك (سهم): ئەم بەشە میراتەیە كە بەر میراتگر دەكەوێت.

- خاوەن پشك: ئەو كەسەیە كە شەریعەت بەشە میراتێكی دیاریكراوی تایبەت بەوی داناوە.

- خزمانی دوور (العصبات): ئەوانەن كە دەشێت پشكە میراتیان بۆ بمێنێتەوە، دوای ئەوەی پشكی كەسە نزیكەكانی مردووەكە دابەشدەكرێت.

زاراوەی تر لەمیراتناسیدا زۆرن (ئاماژە و پێناسەی هەندێكیان دواتر دێت ان شا ء الله)، ڕێساكانی میراتناسی زۆر وردەكارانە و گەورە و گرنگن، لەڕێسا باڵاكانی راقێتی ئیسلامین.

خوێندنی میراتناسی لای پسپۆڕانی قورسە، بۆیە ئامۆژگاریی هەموو موسوڵمانێك دەكەین كە لای مەلای گەڕەكەكەی خۆیان كتێبێكی دەسپێكی سەرەتایی ئەم زانستیە بخوێنێت، تا شارەزایەكی سەرەتایی سەرەكی لاپەیدابێت و بزانێت دەچێتە چ جیهانێكی

ئەم ئیسـلامە موعجیزەیە.. میراتناسیش موعجیزەیەکی ئەم دینەیە، دەبینیت دەقەکانی میراتناسی دیار و زانراو و دیارکراون، کەچی دەیان ئەحکامی جیاواز وەکو لق و چڵی لێدەبێتەوە. ئێمە لەم کتێبەدا بێگومان زانستی میرات ناخەینە بەردەست، ئەوە شوێنی تایبەتی خۆی هەیە. بەڵکو ئاماژە بە دەقەکانی و لقە سەرەکیەکان و بابەتە بەناوبانگەکانی دەخەینە ڕوو ئەویش بەشێوەیەکی کورت و پوخت و ئاسان، دەمانەوێت لەگەڵ ئەم بڕگە باسەماندا بگونجێت کەدەربارەی چارەنووسی خاوەنێتی سەروەت و سامانەکە چۆن لەکەسێکەوە بۆ کەسانی تر دەگوێزرێتەوە:

- ئەگەر موسولمانێك - پەنا بەخوا - لەئیسلامدا هەڵگەڕایەوە بەڕای زۆرینەی شەرعناسان سەروەت و سامانی دەخرێتە سەر بەیتولمالی گشتی موسوڵمانان. بەڕای هەندێکی تریان، سامانی پێش هەڵگەڕانەوەکەی بۆ میراتگرانێتی و سامانی ساتەوەختی کافربوونەوەکەی بۆ بەیتولمال دەبێت.

- لەحاڵەتی ئاساییدا کە موسولمان کۆچی دوایی دەکات، میراتەکەی (ئەو ماڵ و سامانەی لەدوای مردنی جێ دەمێنێت) بۆ وەرەسە (میراتگران)ی دەمێنێتەوە، چونکە خوای گەورە و پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانیان وا بەموسولمانان کردووە، ئەگەر وەرەسەی نەبوو هەموو سەروەت وسامانەکەی دەخرێتە بەیتولمالەوە.

بۆ ئەوەی هەنگاو بەهەنگاو بچینە باسەکانی میراتناسییەوە، باس لە حاڵەتی ئاسایی میرات دەکەین کە چۆن خاوەنێتی موڵك و سامانی مردوو دەگوازرێتەوە بۆ کەسانی تر.. سەرەتا ئاماژەیەکی خێرا بە دەقە قورئانیەکانی دەکەین لەگەڵ شەرحێکی کورت و پوختیان، پاشان باسی خاوەن پشکە میراتەکان و خزمە دوورەکان.. پاشان چەن ڕێسایەك ڕووندەکەینەوە کە لە تێگەیشتنی میراتناسیدا زەروورین، ئینجا لاپەڕەیەك لە سیاسەتی دارایی کە حیکمەتی میرات و وردەکارییەکانی ڕوون دەکاتەوە، پاشان دەچینە سەرباسی گرنگی و کاریگەری وەسێتکردن لە ئیسلامدا.. بەمانەش چارەنووسی خاوەنێتی ماڵ و

سامانمان لەئیسلامدا بۆ ڕوون دەبێتەوە.

## خاڵی یەکەم: دەقی ئایەتەکانی میراتناسی:

- خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يُوصِيكُمُ ٱللَّهُ فِيٓ أَوۡلَٰدِكُمۡۖ لِلذَّكَرِ مِثۡلُ حَظِّ ٱلۡأُنثَيَيۡنِۚ ﴿١١﴾﴾ النساء: ١١ واتە: خوای گەورە فەرمانتان پێدەدات کە لەدابەشکردنی میراتدا پشکی نێرینە وەکو پشکی دوو مێیینەتان بێت. واتە: دوای ئەوەی خاوەن پشکەکان پشکی خۆیان وەردەگرن، یان ئەگەر مردووەکە تەنها کوڕ و کچێکی لەدوا بەجێمابوو پشکی نێرینەکە دوو ئەوەندەی پشکی مێینەکە دەبێت.

- ﴿فَإِن كُنَّ نِسَآءٗ فَوۡقَ ٱثۡنَتَيۡنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَۖ ﴿١١﴾﴾ النساء: ١١ واتە: ئەگەر کابرا تەنها کچی لەدوا بەجێمابوو، ئەگەر دووکچ زیاتربوون، سێیەکی میراتەکەیان پێدەبڕێت.

- ﴿وَإِن كَانَتۡ وَٰحِدَةٗ فَلَهَا ٱلنِّصۡفُۚ ﴿١١﴾﴾ النساء: ١١ واتە: ئەگەر تەنها کچێکیشی لەدوا جێمابوو، ئەوە نیوەی میراتەکەی دەدرێتێ.

- ﴿وَلِأَبَوَيۡهِ لِكُلِّ وَٰحِدٖ مِّنۡهُمَا ٱلسُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِن كَانَ لَهُۥ وَلَدٞۚ ﴿١١﴾﴾ النساء: ١١ واتە: ئەگەر دایك و باوکی مردووەکە مابوون و کوڕێك یان کچێکی لەدوا بەجێمابوو (کوڕەزا وکچەزاش هەر بەکوڕ وکچی مردووەکە لێرەدا حسێب دەکرێن) لەم حاڵەتەدا شەشیەکی میراتەکە دەدرێتە دایکی و شەشیەکی تری دەدرێتە باوکی.

- ﴿فَإِن لَّمۡ يَكُن لَّهُۥ وَلَدٞ وَوَرِثَهُۥٓ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ ٱلثُّلُثُۚ ﴿١١﴾﴾ النساء: ١١ واتە: ئەگەر منداڵی لەدوا جێمابوو، سێیەکی میراتەکە بۆ دایکێتی و دوو لەسێبەشی بۆ باوکی دەبێت ئەگەر میراتگری تر کەس نەبوو.

- ﴿فَإِن كَانَ لَهُۥٓ إِخۡوَةٞ فَلِأُمِّهِ ٱلسُّدُسُۚ ﴿١١﴾﴾ النساء: ١١ واتە: ئەگەر مردووەکە برا یان خوشکی

هەبوو، منداڵی نەبوو، دایکەکەی شەشیەکی بەردەکەوێت و باقیەکەشی بۆ باوکی، خوشك و براکانی هیچ وەرناگرن.

- ﴿... مِنۢ بَعۡدِ وَصِيَّةٖ يُوصِي بِهَآ أَوۡ دَيۡنٍۗ ءَابَآؤُكُمۡ وَأَبۡنَآؤُكُمۡ لَا تَدۡرُونَ أَيُّهُمۡ أَقۡرَبُ لَكُمۡ نَفۡعٗاۚ فَرِيضَةٗ مِّنَ
ٱللَّهِۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمٗا ١١ ۞ وَلَكُمۡ نِصۡفُ مَا تَرَكَ أَزۡوَٰجُكُمۡ إِن لَّمۡ يَكُن لَّهُنَّ وَلَدٞۚ فَإِن
كَانَ لَهُنَّ وَلَدٞ فَلَكُمُ ٱلرُّبُعُ مِمَّا تَرَكۡنَۚ مِنۢ بَعۡدِ وَصِيَّةٖ يُوصِينَ بِهَآ أَوۡ دَيۡنٖۚ وَلَهُنَّ ٱلرُّبُعُ
مِمَّا تَرَكۡتُمۡ إِن لَّمۡ يَكُن لَّكُمۡ وَلَدٞۚ فَإِن كَانَ لَكُمۡ وَلَدٞ فَلَهُنَّ ٱلثُّمُنُ مِمَّا تَرَكۡتُمۚ مِّنۢ بَعۡدِ
وَصِيَّةٖ تُوصُونَ بِهَآ أَوۡ دَيۡنٖۗ وَإِن كَانَ رَجُلٞ يُورَثُ كَلَٰلَةً أَوِ ٱمۡرَأَةٞ وَلَهُۥٓ أَخٌ أَوۡ أُخۡتٞ فَلِكُلِّ وَٰحِدٖ
مِّنۡهُمَا ٱلسُّدُسُۚ فَإِن كَانُوٓاْ أَكۡثَرَ مِن ذَٰلِكَ فَهُمۡ شُرَكَآءُ فِي ٱلثُّلُثِۚ ١٢﴾ النساء: ١١ - ١٢ واتە: دوای ئەوەی قەرزەکانی دەدرێتەوە و ئەو وەسێتەی کەکردوێتی (کە سێیەکی سامانەکەی بەخشیوە) جێبەجێدەکرێت.. ئێوە نازانن باوك و باپیرانتان یان ئەولاد و نەوەکانتان کامیان بەسوودترن لە دنیا و قیامەتدا بۆتان.. ئەم دابەشکردنەی میرات فەرزە و خوای گەورە دیاریکردووە و جێبەجێکردنی خستۆتە ئەستۆتان، خوای گەورە شارەزا و زانا و دانایە.. نیوەی میراتەکەشتان پێدەبرێت ئەگەر منداڵی لەهیچ ژنێکی نەبوو، ئەگەر منداڵیان/ لێی هەبوو (کوڕەزا و کچەزاش) ئەوە چواریەکیتان بەردەکەوێت لەوەی بەمیرات ماوەتەوە، دوای ئەوەی وەسێت و قەرزەکانی لێ لادەدرێت، ئەگەر منداڵتان نەبوو چواریەکی دەدرێتە ژنەکەی/ ژنەکانی، ئەگەر منداڵیشی لێی/ لێیان هەبوو هەشتیەکی میراتەکە بە ژنەکەی دەبڕێت، ئەمیش دوای ئەوەی قەرز و وەسێتەکەی لێ جیادەکرێتەوە، ئەگەر کەسێك مرد و نە ئەولاد و نەدایك و باوکی هەبوو، یان ئافرەتێك وابوو مرد، برایەك یا خوشكێکی دایکی هەبوو، چونکە ئەگەر خوشکی دایکی نەبن میراتەکەی جۆرێکی ترە، هەریەکەیان شەش یەکی میراتەکەی بۆ هەیە (بێ جیاوازی لەنێوان نێر و مێ دا)، ئەگەر برا و خوشکە دایکییەکان لەیەکێك زیاتر بوون، هەموویان سێیەکی میراتەکە دەبەن، نێر و مێیان بەیەکسانی.

کەوابوو ئەگەر کابرای مردوو نەمنداڵی هەبوو نەباوك بەڵام برای تری لەدایکی خۆی هەبوو یان خوشك، هەریەکەیان شەشیەکی پێدەبڕێت ئەگەر بەتەنهابوو، ئەگەر لەیەك زیاتر بوون ژن و پیاویان وەکو یەك سێیەکیان بەردەکەوێت.

- ﴿... مِنۢ بَعۡدِ وَصِيَّةٖ يُوصَىٰ بِهَآ أَوۡ دَيۡنٍ غَيۡرَ مُضَآرّٖۚ وَصِيَّةٗ مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَلِيمٞ ١٢ تِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِۚ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ يُدۡخِلۡهُ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ وَذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ١٣ وَمَن يَعۡصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُۥ يُدۡخِلۡهُ نَارًا خَٰلِدٗا فِيهَا وَلَهُۥ عَذَابٞ مُّهِينٞ ١٤﴾ النساء: ١٢ - ١٤ ئەو میراتگرتنەیش دوای پێکهێنانی وەسیەتێك کراوە، یان لەدوای قەرزێ لەسەریەتی، نابێ وەسیەتەکە بەجۆرێك بێ زیانبەخش بێت بە میراتگرەکان، ئەم بڕیارە لە خوداوە دراوە، کەوابوو ئێوەش گرنگی پێبدەن، ئەو خوایە ئەو بڕیارەی داوە بۆخۆی ئەزانێ چ شتێ چاکە، ئاگادار و لەسەرخۆیە، بۆیە لەسەرپێچیکاران پەلە ناکا تۆڵەیان لێبسێنێت. ئەم یاسای میراتە - بۆتان باسکرا - سنوورەکانی خوان، دەبێ ئێوەش بەباشی ئاگاتان لێیان بێ و هەرکەسێك بەرفەرمانی خوا و پەیامبەرەکەی بکا و گوێڕایەڵیان بێت خوا دەیخاتە ناو چەند باخ و باخاتێکەوە، کە ئاو و ڕووبار بە بەریاندا دەچێت و بە هەتا هەتاییش تێیاندا ئەمێننەوە، ئەوەشە سەرکەوتن و بەختیاریی گەورە و مەزن. هەر کەسێکیش لەفەرمانی خوا و پەیامبەرەکەی دەرچێ و بەگوێیان نەکات و سنووری خواش ببەزێنێ ئەیخاتە ناو ئاگرێکەوە، بە هەمیشەییش تێیدا ئەمێنێتەوە و سزایەکی ڕیسواکەریشی بۆ هەیە.

- ﴿يَسۡتَفۡتُونَكَ قُلِ ٱللَّهُ يُفۡتِيكُمۡ فِي ٱلۡكَلَٰلَةِۚ ١٧٦﴾ النساء: ١٧٦ واتە: داوای حوکمی شەرعیت لێدەکەن، بفەرموو کە خوای گەورە حوکمی شەرعیی خۆتیان دەربارەی ئەو کەسە بۆ دیاریدەکات کە نە ئەولادی لەدوای مردنی لێ بەجێماوە و نەباوکیشی لەژیاندا ماوە.

- ﴿... إِنِ ٱمۡرُؤٌاْ هَلَكَ لَيۡسَ لَهُۥ وَلَدٞ وَلَهُۥٓ أُخۡتٞ فَلَهَا نِصۡفُ مَا تَرَكَۚ وَهُوَ يَرِثُهَآ إِن لَّمۡ يَكُن لَّهَا وَلَدٞۚ ١٧٦﴾ النساء: ١٧٦ واتە: ئەگەر کەسێك مرد کە نەئەولادی هەبوو نەباوك بەڵام خوشکی هەبوو، چ لەدایك

و باوكی خۆی بن چ تەنها لەباوكی، خوشـــكەكەی نیوەی میراتەكەی بەردەكەوێت، ئەگەر براشــی هەبوو، هەموو میراتەكە بەر ئەو دەكەوێت، ئەگەر منداڵێكی نێرینەی لەپاش بمایا براكەی هیچی وەرنەدەگرت، یان كچێكی هەبا، دوای پشكی كچەكە بەر براكەی دەكەوت، ئەگەر دوو خوشـــك و زیاتری لەدوا جێما دوو ســـێیەكی میراتی براكەیان بەردەكەوێت، ئەگەر وەرەســـەكان خوشـك و برای بوون و زۆربوون، ئەوكاتە هەر نێرینەیەكیان بەقەدەر دووپشــكی مێیینەكان وەردەگرن، ئەمە ئەحكامی شەریعەتەكەی خوای گەورەیە كە بۆت ڕوون دەكاتەوە تا گومڕا نەبن و نەكەونە ناكۆكییەوە لەسـەر پشكەمیرات.. خوای گەورە ئاگاداری هەموو شتێكە و هەموو شتێكیش دەربارەی دەزانێت.

بوخاریی و موسلیم دەگێڕنەوە كە ئەم ئایەتە كۆتا باسی میراتبوو.

- ﴿وَأُوْلُواْ ٱلۡأَرۡحَامِ ﴾ خزمان ﴿بَعۡضُهُمۡ أَوۡلَىٰ بِبَعۡضٖ فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِۚ ﴾ الأنفال: ٧٥ واتە: خزمان لەپێشترن میراتی یەكتریی بگرن، ئەمەیە حوكمی خوای گەورە كە لەقورئاندا بۆی ڕوونكردوونەتەوە.. چونكە پێش هـاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە بەهۆی (ئیمان) و (هیجرەت)ـــــكردنەوە میراتی یەكتریان بەردەكەوت، ئەم ئایەتە ئەوحوكمەی پێشووی لادا:

- ئیبنو جەریر لە ئیبنوززوبەیرەوە دەگێڕێتەوە كە فەرمووی: پیـاوێك گرێبەســـتی لەگەڵ پیـاوێكی تردا دەكرد كە تۆ ببیـت بە میراتگری من و منیش دەبمە میراتگری تۆ، ئیتر ئەم ئـایەتە هاتە خوارەوە و كۆتایی بەو دابونەریتە هێنا: ﴿وَأُوْلُواْ ٱلۡأَرۡحَامِ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلَىٰ بِبَعۡضٖ فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِۚ ﴾ الأنفال: ٧٥.

ئەمە چەند دەقێكی قورئان بوون دەربارەی میرات و وەســـێت، وا لەخاڵی دواتردا هەندێك دەقی تریش لە فەرموودە دەهێنینەوە لەگەڵ فەتوای یاوەران:

## خاڵی دووەم: دەقی فەرموودە لەسەر میرات:

- ئیبنوعەبباس (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕیتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (أَلْحِقُوا الفَرَائِضَ بِـأَهْلِهَـا، فَمـا بَقِيَ فَهو لأَوْلَى رَجُـلٍ ذَكَرٍ)[١] واتە: میراتەکە دابەشـــکەن بەسەرخاوەنەکانیان، هەرچی مایەوە بیدەن بەکەسوکارە نێرینەکانی کابرای کۆچکردوو.

- عبداللەی کوڕی عومەر (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (لا يَتَوارَثُ أهلُ مِلَّتَيْنِ شَـــتَّى)[٢] واتە: ئەو کەســـانەی لەدوو دین و ئوممەتی جـیـاوازن میرات لێـك نـاگرن (وەکو بـاوکێکی کـافر و کوڕێکی موســـوڵمـان، یـان بەپێچەوانەوە).

- بورەیدە (پیاوە و یاوەرە) دەگێڕێتەوە: (أنَّ النَّبيَّ (ﷺ) جعلَ للجدَّةِ السُّـــدسَ ، إذا لم يَكُن دونَها أمٌّ)[٣] واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پشـکی شەشیەکی بۆ نەنکی کابرای مردوو دادەنا، ئەگەر دایکی کابرا نەمابا.

- جابر (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: (جاءتِ امرأةُ سَعدِ بنِ الرَّبيعِ إلى رسولِ اللهِ (ﷺ) بِابنَتَيْها من سَعدٍ، فقالَتْ: يا رسولَ اللهِ، هاتانِ ابنَتا سَعدِ بنِ الرَّبيعِ، قُتِلَ أبوهُما معَكَ في أُحُدٍ شَهيدًا، وإنَّ عَمَّهُما أخَذَ مالَهُما، فلم يَدَعْ لهُما مالًا، ولا يُنكَحانِ إلَّا ولَهُما مالٌ، قال: فقال: يَقْضي اللهُ في ذلك، قال: فنَزَلَتْ آيةُ الميراثِ، فأَرْسَلَ رسولُ اللهِ (ﷺ) إلى عَمِّهما،

---

(١) بوخاری (٦٧٣٥)، موسلیم (١٦١٥)، ئەحەد (٢٩٩٣)، ترمذی (٢٠٩٨).

(٢) ئەبو داوود (٢٩١١)، نەســائی لە (الســنن الكبرى) (٦٤٨٤)، ئەحمەد (٦٦٦٤)، لەفزەکەش هی ئەمانە، هەروەها ئیبنو ماجە (٢٧٣١) بە کورتی هێنـاویەتییەوە: (لا يَتَوارَثُ أهلُ مِلَّتَيْنِ). شـێخی ئەلبـانیش لە (الصــحيح الجامع) (٧٦١٤) بە(حســن)ی ناساندووە.

(٣) ئەبو داوود (٢٨٩٥)، شێخی ئەلبانیش لە (ضعيف أبي داود)دا بە (ضعيف)ی ناساندووە.

فقال: أعْطِ ابنَتَيْ سَعدٍ الثُّلُثينِ، وأُمَّهما الثُّمُنَ، وما بَقِيَ فهو لكِ)[1] واته: ژنەكەی سەعدی كوڕی ڕەبیع (خوا لێی ڕازی بێت) هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و دووكچەكەشی كە لەسەعدی كوڕی ڕەبیع بوون لەگەڵ خۆدا هێنابوو، عەرزی كرد: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەم دووانە كچی سەعدی كوڕی ڕەبیعن كە لەئوحوددا لەخزمەت تۆدابوو، شەهیدبوو، مامی ئەمانە هات و هەمووسەروەت و سامانی سەعدی برد و هیچی بۆ ئەم دووانە جێ نەهێشتووە، ئەم دووانەش كە شوو بكەن مەسرووفیان دەوێت. پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: خوای گەورە داوەریی ئەم كێشەیە دەكات و یەكلای دەكاتەوە، ئیتر ئایەتی میرات هاتە خوارەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناردی بەشوێن مامی دووكچەكەدا و پێی فەرموو: بۆ هەریەكێك لەم كچانە سێیەكی میراتەكەی بدەرێ، هەشتیەكیشی بۆ دایكیان و ئەوی دەمێنێتەوە بۆ خۆت.

- (هُذَیل)ـی كوڕی شورەیح دەفەرموێ پرسیاریان لە ئەبو مووسا (خوا لێی ڕازی بێت) كرد دەربارەی پشـــكە میراتی كچ و كچی كوڕ و خوشـــكی مردوویەك، فەرمووی: نیوەی میراتەكە بۆ كچەكەی و نیوەكەی تر بۆ خوشكەكەی، لەو كاتەدا ئیبنو مەسعوود (خوا لێی ڕازی بێت) هات و پێیان ووت كە پرسیارێكی وا لەئەبو مووسا كرا و ئەویش ئاوا وەڵامی داوەتەوە، فەرمووی: جا كەوابوو من گومڕا بووم و ڕێی ڕاســتم لـــــێ بزربووە! با ئەو حوكمەی تێـدابـدەم كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) تێیدا داوە: نیوەی میراتەكە بۆ كچەكەی، شـەشـیەكیش بۆ كچی كوڕەكەی، ئەوو شـەشـیەكە و باقیەكەی تری بۆ خوشكەكەی دەبێت.[2]

---

(١) ئەبو داوود (٢٨٩١)، ترمذی (٢٠٩٢) و بەحەسەنی داناوە، ئیبنو ماجە (٢٧٢٠)، ئەحمەد (١٤٧٩٨)، لەفزەكەش هی ئەحمەدە، شـێخی ئەلبانی لە (صحیح الترمذی) بە (حسن)ی داناوە، شێخی ئەرنائوطیش لە (تخریج المسند)دا ئەفەرموێ: (إسناده محتمل للتحسین).

(٢) بوخاری (٦٧٣٦)، ئەبو داوود (٢٨٩٠)، ترمذی (٢٠٩٣)، ئیبنو ماجە (٢٧٢١)، ئەحمەد (٣٦٩١)، نەسـائی لە (السنن الكبرى) (٦٣٢٨).

لەڕیوایەتی بوخاری و ئەحمەددا ئەم زیادەیەش هاتووە: (چووینەوە خزمەت ئەبو مووسا و عەرزمان کرد کە ئیبنو مەسعوود ئاوای بەشکردووە، فەرمووی: لەمن مەپرسن کە ئەم حیرە (دەریاوانی شارەزای زانست)ـەتان لەناودایە.

- (قُمیصەی کوڕی ذؤیب) (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: نەنکێك هاتە خزمەت ئەبوبەکر و داوای لێکرد پشکە میراتەکەی بۆ وەرگرێت، فەرمووی: بەڵام بەپێی قورئان هیچت ناکەوێت، حوکمێکیش نازانم کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بڕیاری شتی وای تێدا دابێت، بڕۆرەوە ماڵ تا بۆت لەخەڵکی دەپرسم، ئینجا لەخەڵکەکەی پرسی، موغیرەی کوڕی شوعبە (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: (حضَرْتُ رسولَ اللهِ (ﷺ) أَعْطاها السُّدُسَ)، واتە: لەخزمەت پێغەمبەری خوادا بووم (ﷺ) کە شەشیەکی میراتی دایە نەنکێك. سەیدنا ئەبوبەکر پرسی کەسی ترت لەگەڵدابوو؟ محمدی کوڕی مەسلەمە (خوا لێی ڕازی بێت) هەستایە سەرپێ و وەکو ئەوەی موغیرەی فەرموو، ئینجا سەیدنا ئەبوبەکر بڕیاری شەشیەکی میراتەکەی بۆ ئەو نەنکەدا.

نەنکەکەی تریشیان هاتە خزمەت سەیدنا عومەر و داوای شەشیەکێکی تری کرد، سەیدنا عومەر فەرمووی: هەر ئەو شەشیەکەتان پێدەبڕێت کە پێکەوە دەبن لە نێوانیاندا بەشدەکرێت.[١]

- محمدی کوڕی ئەبوبەکری کوڕی حەزم دەفەرموێ: گوێم لێبوو باوکم دەیفەرموو کە سەیدنا عومەری کوڕی خطاب (خوا لێی ڕازی بێت) دەیفەرموو: (عَجَبًا لِلْعَمَّةِ تُورَثُ وَلا تَـرِثُ)[٢] واتە: سەیرە کە خوشکی باوك میراتی بەرناکەوێت، کەچی میراتەکەی بەشدەکرێت.

---

(١) ئەبو داوود (٢٨٩٤)، ئیبنو ماجە (٢٧٢٤)، ئەحمەد (١٨٠٠٩)، ترمذی (٢١٠١) و دەفەرموێ: سەحیحە، نەسائی لە (السنن الکبری) (٦٣٤٠).

(٢) مالك (٢/ ٤١٠)، بەیهیقی لە (السنن الکبری) (٦/٢١٣).

## خاڵی سێیەم: پشکەمیرات و خاوەنەکانیان:

پشـــکە میرات دەشـــێت نیوەی میراتەکە بێت، یان چارەگێکی یان هەشـــتیەك یان دوو سێیەکی یان سێیەکێك یان شەشیەکی میراتەکە، پێنج کەس نیوەیان پێدەبڕێت، لەحاڵەتی تـردا دوو کەس چـواریەکـیـان بەردەکەوێـت، لەحـاڵەتـی تردا یەك کەس هەشـــتیەك، چوارکەسـیش دوو سـێیەك و دوو کەس سـێیەك و حەوت کەسـیش شـەشـیەك، ئەمەش شەرحیانە:

- نیوە میرات (٢\١): دەدرێت بەم کەسانە و لەو حاڵەتانەیاندا:

- کچ ئەگەر هەر خۆی تەنها بوو.

- کچی کوڕ: ئەگەر هەر خۆی تەنهـابوو و کـابرا نەکوڕ و نەکچی خۆی لەدوا بەجێ نەمابوو.

- خوشـــکی بـاوك یـان دایـك کە هەر خۆی تەنهـابوو، کابرا نەکوڕی هەبوو نەکوڕی کوڕیی.

- خوشـــکی بـاوك: ئەگەر تەنهـا خۆی بوو کـابرا کوڕی نەبوو، کوڕی کوڕی نەبوو و خوشکیشی نەبوو.

- هاوسەر: ئەگەر مردووەکە کوڕی نەبوو یان کوڕی کوڕی نەبوو.

- چارەگە میرات (٤\١): دەدرێت بە:

- هاوسەر: ئەگەر مردووەکە کوڕی نەبوو، هەروەها کوڕی کوڕی.

- ژنەکانی مردووەکە، یان تاکە ژنەکەی ئەگەر کابرا کوڕ وکوڕی کوڕی نەبوو.

- هەشتیەك (٨\١): دەدرێت بە ژنەكانی كابرا یان تاكە ژنەكەی ئەگەر كابرا كوڕێكی یان كوڕی كوڕێكی لەدوا بەجێمابوو.

- دووسێیەك (٣\٢): دەدرێت بە:

- دووكچ یان زیاتری مردووەكە ئەگەر هەرخۆیانبوون.

- كچەكـانی كوڕەكەی ئەگەر دووكچ بوون یـان زیاتر و هەرخۆیانبوون، كابرا كچ یان كوڕی لەدوا بەجێنەمابوو.

- خوشكەكانی (الشقیقات) كە لەدایك و باوكێ بوون، ئەگەر دوو خوشك و زیاتربوون و بەتەنها هەرخۆیانبوون، كابرا نەكوڕی لەپاش جێمابوو نەكوڕی كوڕی و نەباوك.

- خوشكانی باوك (كە لەدایكی یان هەر لەباوكی بن) ئەگەر دوو خوشك یان زیاتربوون و تەنها خۆیانبوون، كابرا نەكوڕی لەدوا جێمابوو، نەكوڕی كوڕ و نەخوشـكی (لەدایك و باوك) و نەباوكیشی مابوو.

- سێیەك (٣/١): دەدرێت بە:

- دایك: ئەگەر مردووەكە ئەولاد (كوڕ یان كچ)ـی نەبوو، هەروەها كوڕی كوڕی و دوو برا و دوو خوشك و زیاتری نەبوو.

- براكانی لەدایكیەوە و خوشكەكانیشی، ئەگەر كوڕی نەبوو یان كوڕی كوڕی، ئەگەر باوك یان باپیریشی نەبوو.

- شەشیەك (٦/١): دەدرێت بە:

- هەریەك لەدایك و باوك لەگەڵ هەبوونی كوڕ یان كوڕی كوڕی مردووەكەدا.

- دایك لەگەڵ هەبوونی دوو لەبرا و خوشك، ئەگەرچی میراتیشیان بەرنەكەوتبێت، یان هەبوونی كوڕ یان كوڕی كوڕی.

- نەنكەكانی، ئەگەر دوو بوون یەك پشكیان لـێ بەشدەكرێت، ئەگەر تەنها یەكێكیان بێت و دایكی مردووەكە نەمابێت شەشیەكی خۆی وەردەگرێت.

- باپیری لەكاتێكدا كە كوڕی هەبێت یان كوڕی كوڕی و باوكی نەمابێت.

- كچەكانی یان كچی كوڕەكەی و كچەكەی ئەگەر خزمی تریان لەگەڵدانەبوو.

- خوشـكەكانی لەبەری باوكیەوە لەگەڵ هەبوونی یەك خوشـكی (دایك و باوكیی) كە هاوبەش دەبن، ئەگەر بەتەنها بوو هەرخۆی پشكەكە وەردەگرێت.

- كوڕی دایك ئەگەر تەنها بوو.

## خاڵی چوارەم: پشكەمیراتی كەسوكاری نزیک (العصبات):

دوای ئەوەی خاوەن پشـكە باسـكراوەكان بەشـی خۆیان لەمیراتەكە وەردەگرن، ئەوی دەمێنێتەوە بەسـەر كەسـوكارە نزیكەكانی مردووەكەدا دابەشدەكرێت. هەر نێرەینەیەكیان بەقەدەر دووپشـكی مێیینەیەكیـان وەردەگرێت، لەهەندێك حاڵەتیشـدا تەنها نێرینەكان وەردەگـرن، پشـكەكـان بەپـێی نـزیكترین/ نزیكتر/ نزیـك/ دوور/ دوورتر/ دوورترین دابەشدەكرێن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- پلەی یەكەم: كوڕەكان و كوڕەكانیان، تەنها نێرینەكان.

- پلەی دووەم: باوك و باپیری وسەرووتر هەر لەنێرینەكان.

- پلەی سێیەم: براكانی (دایك و باوكیی) یان براكانی (لەباوكییەوە) ئەگەر برای (دایك

و باوكی) نەبوو، پاشان كوڕەكانیان و كوڕەزا و نەوەكانیان، هەر نێرینەكانیان.

- پلەی چوارەم: مامەكانی باوك (لەدایك و باوك) یان هەر لەڕێی باوكەوە، ئەگەر مامی تری (دایك و باوكیی) نەبوو ئینجا كوڕ و كوڕەزا نێرینەكانی ئەوان.

- پلەی پێنجەم: مامەكانی باوك (لەڕێی باوكیەوە) پاشان كوڕ و كوڕەزا نێرینەكانیان.

تێبینی: ئافرەتی خزم لەڕێی كەسانی ترەوە پشكە میراتی بەردەكەوێت كە نێرینەكە دوو پشكی بەقەدەر مێینەكە وەردەگرێت، ئەگەر كچێكە و برای هەیە، یان كچی كوڕی كابرای مردووە و كوڕی كوڕیی تریش هەیە لەگەڵیدا یان خوشكە و لەگەڵ برادایە.. یان خوشكە و لەگەڵ كچانی خوشكانی تریدایە، لەگەڵ كچانی خزمی نزیكدایە..

## خاڵی پێنجەم: كۆی میراتگرانی نێرینە و مێینە:

- لەنێرینەكان:

كوڕ و كوڕەكەی و كوڕەزا و خواروەتر، باب و باپیر و سەرووتر، برای دایك و باوكیی و برا (لەباوكیەوە) و برا (لەدایكەوە)، كوڕی برای (دایك و باوكی)، كوڕی برا (لەباوكەوە)، مـام (برای حەقیقی بـاوك لەدایـك و باوكەوە)، مام (برای باوكیی لەباوكییەوە، كوڕی مام (كە باوكیان یەك بێت) ،كوڕی مامی باوك، مێرد، كۆیلەی ئازادكراو.

- لەمێینەكان:

كچی كـابرا و كچی كوڕەكەی و دایـك و نەنكی، دایكی باوكی، خوشـــكی (دایك و بـاوكـێـتـی)، خـوشـــكی بـاوك (لەبـاوكەوە)، خوشـــكی دایـك، ژنی خۆی، كەنیزەكە ئازادكراوەكەی.

دوای ئەم دوو پۆلە خزمانی تری دێن، نێر و مێ.

## خاڵی شەشەم: ئەو حاڵەتانەی میرات بەر خزمە نێرینەکانی دەکەوێت:

١- کوڕ: بەعەصەبە میرات دەبات و ڕێگر دەبێت لە پێش ئەوانەی کە بەعەصەبە میرات دەبەن لەدوای ئەو کەسانەی کە خاوەن فەرزن و بەفەرزێتی میرات دەبەن.

٢- کوڕی کوڕ: بەعەصــــەبە میرات دەبـات لەپـاش نەبوونی کوڕ لەدوای ئەوەی کە خاوەن فەرزەکان میراتەکانیان دەبەن.

٣- باوک: شــەش یەك دەبات ئەگەر کوڕ یان کوڕی کوڕ هەبێت، ئەگەر کوڕی کوڕ نەبوو ئەوا بەعەصەبەش دەیبات لەدوایی کە لەخاوەن فەرزەکان دەمێنێتەوە.

٤- باپیر: شـەش یەك دەبات ئەگەر باوک نەبوو، وە مردووە کە کوڕ یان کوڕی کوڕی هەبێـت بەعەصــــەبەش دەیبـات ئەگەر مردووەکە کوڕ یـان کوڕی کوڕ وە لەگەڵ باوکی نەبێت.

٥- برای دایك و باوکی: بەعەصــەبە دەیبات ئەگەر کوڕ یان کوڕی کوڕ یان باوك یان باپیر نەبوو.

٦- برای باوکی: بەعەصــەبە دەیبات ئەگەر کوڕ یان کوڕی کوڕ یان باوك یان باپیری نەبوو یان برای باوك و دایکی نەبوو.

٧- برای دایکی: شەش یەك دەبات، وە ئەگەر کوڕ نەبوو بەرەو سەرەوە یان کوڕ بەرەو خوارەوە لەگەڵ براکانی هاوبەش دەبێت لەسێ یەك.

٨- برازای دایك و باوکی: بەعەصــــەبە میرات دەبات لەدوای خاوەن فەرزەکان ئەگەر کوڕ و باوك و برای دایك و باوکی یان باوکی نەبوو لەم حاڵەتەدا برازا نێرینەکان بەعەصەبە

دەبیات جگە لە مێینە.

٩- برازای باوکی: بەعەصەبە دەبیات ئەگەر برازای دایك و باوکی نەبوو.

١٠- مامی دایك و باوکی: بەعەصەبە دەبیات لەدوای خاوەن فەرزەکان ئەگەر کوڕ نە باوك نە برای دایك و باوکی یان باوکی یان برازای دایك و باوکی یان دایکی و برازای باوکی نەبوو.

١١- مامی باوکی: ئەگەر مامی دایك و باوکی نەبوو، وە ئەوانەی پێش خۆی لە عەصەبەکان.

١٢- ئامۆزای دایك و باوکی بەعەصەبە میرات دەبات ئەگەر مامی باوکی نەبوو وە ئەوانەی پێش خۆی لە عەصەبە کان نەبوو.

١٣- ئامۆزای باوکی: بەعەصەبە میرات دەبات ئەگەر ئامۆزای دایك و باوکی نەبوو، وە ئەگەر ئەوانەی پێش خۆی لە عەصەبەکان نەبوو.

١٤- مێرد: نیوەی فەرز دەبات ئەگەر خیزانەکەی مرد و منداڵی جێنەهێڵابێت، لە خۆی بێت یان لەغەیری خۆی. یەك لەسەر چوار دەبات ئەگەر خێزانەکەی مناڵی لەدوای خۆی جێهێڵابێت لەخۆی یان غەیری خۆی.

١٥- ئازادکەری بەندە بەعەصەبە میرات دەبات ئەگەر عەصەبەی تر بوونی نەبوو.

## خاڵی حەوتەم: ئەو حاڵەتانەی میرات بەر خزمە مێینەکان دەکەوێت:

١-کچ: ئەگەر بەتەنها بوو نیوەی فەرزەکە دەبات، وە ئەگەر دوو یان بەرەو سەرەوە بوون ئەوا دوو لەسەر سێ دەبەن ئەگەر نەکران بەعەصەبە. کە ئەوەی ئەمێنێتەوە بیبەن ئەگەر برایان لەگەڵدا بوو ئەوا بەعەصەبە بە نیوەی براکە دەبەن: ﴿لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ ﴿١١﴾﴾ النساء: ١١

٢- کچی کوڕ: ئەگەر بەتەنهـا بوو نیوە دەبـات ئەگەر کچی لەخۆی بەهێزتر و برایـان لەگەڵ نەبێ، دوو لەسـەر سـێ دەبەن ئەگەر دووان یان بەرەو سـەرەوە بوون ئەگەر کچی بەهێزتر یان برایان لەگەڵدا نەبوو، شەش یەك دەبات ئەگەر یەکێك بێت و مردووەکە کچی هەبێت و کوڕیش نەبێ بیکاتە عەصـەبە، ئەگەر لەیەکێك زیاتر بوون ئەوا بەژدار دەبن لە شـەش یەکەکە، ئەگەر لەگەڵ کچ یان کچانی کوڕ ئەوەی کە ئەیانکاتە عەصـەبە ئەبێت بەعەصەبە میرات ببەن ئەگەر کوڕ نەبوو.

٣- دایك: سێ یەك دەبات ئەگەر مردووەکە کوڕ یان کچ یان کوڕی کوڕ یان خوشك یان برا دوو یان زیاتری نەبێت، ئەوکات شەش یەك دەبات لەبوونی ئەمانەدا.

٤- داپیرە (لایەنی دایکی): شـەش یەك دەبات ئەگەر دایك یان داپیرەی تر لەگەڵ نەبێ، ئەگەر داپیرەی تری لەگەڵ بوو ئەوا بەژدار دەبن لە شەش یەکەکە.

٥-داپیرە (لایەنی باوکی): شەش یەك دەبات ئەگەر داپیرە (لایەنی دایکی) نەبوو، ئەگەر هەبوو ئەوا بەژدار دەبن لە شەش یەکەکە.

٦- خوشـکی دایك و باوکی: ئەگەر بەتەنها بوو نیوە دەبات، ئەگەر کەسـی لەگەڵدا نەبوو بیکات بەعەصـەبە لەکاتی بوونی کچ دا ئەبێت بەعەصـەبە، وە ئەگەر لە خوشکێك زیـاتر بن ئەوا بەژدار دەبن لە نیوەکەدا یـان بەژدار دەبێـت لەگەڵ براکـانی لە عەصـەبە، ئەگەر کوڕ یان باوك نەبوو.

٧-خوشـکی بـاوکی: هەمان حوکمی خوشـکی دایك و باوکی هەیە لەکاتی نەبوونی خوشکی دایك و باوکیدا، هیچ میراتێك نابات لەکاتی بوونی خوشکی دایك و باوکیدا. ئەم حوکمە کاتێک جێ بەجێ دەبێت خوشکی دایك و باوك بوونی نەبێت.

٨- خوشکی دایکی: شەش یەك دەبات ئەگەر نە باوك نە کوڕ نەبوو، وە بەشدار دەبێت لە سێ یەکدا لەگەڵ بوونی برا یان خوشك بە یەکسانی.

٩- ژن: یەك لەســـەر چوار دەبات ئەگەر مێردەكەی منداڵی لەدوای خۆی جێنەهێڵابێت لەخۆی یان غیری خۆی، هەشت یەك دەبات ئەگەر منداڵی لەدوای خۆی جێهێڵابێت.

١٠- ئـازادكەری بەندە: بەعەصـــەبە میرات دەبات ئەگەر عەصـــەبەی تر لەدوای جێ نەمابێت.

## یاساكان:

یاسـایی یەكەم: ئەوەی كە لە دوو خوشـكی دایك و باوكی دەمێنێتەوە بۆ خوشـك و برایی باوكی، ﴿لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ ٱلْأُنثَيَيْنِ﴾ النساء: ١١ برا دوو بەشی خوشك دەبات.

یاسـایی دووەم: ئامۆزایەك بمرێت و یەكێك لە برای ئامۆزاكە برای دایكی بێت، شـەش یەكڵ دەبات وەكو خاوەن فەرز، ئەوەشـی كە دەمێنێتەوە لە دوای شەش یەكەكە دەكرێت بە نیوە بەیەكسانی.

یاسـایی سـێیەم: ئەوەی لە فەرزەكە دەمێنێتەوە لە خاوەنی پشـكەكان ئەگەر عەصەبە بوونی نەبوو ئەگەڕێتەوە بۆ خاوەن پشـــكەكان بەپێی پشـــكەكانیان، ناگەڕێتەوە بۆ ژن و مێردەكە چونكە خزمایەتی لە نێوانیان نییە.

یاسایی چوارەم: ئەگەر مردووكە عەصەبە یان خاوەن پش: لە دوایی بەجێ نەمابوو، ئەوە بۆ خزم و كەسـە نزیكەكانی دەبێت، كە ئەمانە لە عەصەبە و خاوەن پشكەكان نین، بەپێی نزكیان لە مردووەكەوە فوقەها دیاریی كردوون:

كوڕی كچ و كوڕی خوشـك و پاشـان كچی برا، پاشـان كچی مام، پاشان خاڵ و پاشان پور، پاشان باوكی دایك، پاشان مامی دایكی، پاشان خوشكی باوك، پاشان برازای دایكی و بەرەو خوار...

یاسایی پێنجەم: بکوژ میرات نابات لە کوژراو ئیتر هەرکەسێک بێت، کافر لە موسڵمان میرات نابات یان موسوڵمان لە کافر.

یاسایی شەشەم: خوشك لەگەڵ کچ دەبن بە عەصەبە، ئەگەر پیاوێك بمرێت کچ و خوشکی لە دوایی بەجێما کچەکە نیوە دەبات و ئەوەی دەمێنێتەوە خوشکەکە بە عەصەبە دەیبات، ئەگەر خوشکە لە یەکێک زیاتر بوون ئەوەی دەمێنێتەوە بەیەکسانی لە نێوان خۆیان دابەشی دەکەن.

یاسایی حەوتەم: ئەگەر بۆ چەند دەقەیەك ورد بینەوە لە بابەتی میرات لە ئیسلامدا سەرت دەسوڕمێت لە دادگەری یەکسانیەکەی، بەشێوەیەك کە هاوشێوەی نیە ئەگەر وردبیتەوە و تێبفکری لە ئایەتەکانی میرات، ئەگەر مرۆڤێك کە ژیر بێت بۆی دەردەکەوێت، یەقینی بۆ دروست دەبێت، کە ناکرێ حەتمەن ئەبێت بەڕاستی ئەم قورئانە لە لایەن خوداوە بێت، کە زانایە بە هەموو شتێك.

نووسەری کتێبی (السیاسة المالیة في الإسلام) دەربارەی ئەم بابەتە دەڵێت:

بەسە -بۆ کەسێك بۆ ئەوەی تێبگات- بوەستێت لەسەر تەنها ئەم حاڵەتەدا،کە حاڵەتی دایك و باوك کە کوڕێك کە دەمرێت، ئەو سامانەی لە مردووەکە بەجێ دەمێنێت بەم شێوازە میراتی لێدەبەن:

١- کاتێک کوڕەکە - کە مردووە - کوڕی هەیە کە نێرە یان نەوەی نێری هەیە ئەوکات دایك و باوك بە یەکسانی میرات دەبەن کە شەش یەکە.

٢- کاتێك کوڕەکە - مردووەکە - کچی هەیە، کچەکە نیوە دەبات، دایکك شەش یەك دەبات، باوك ئەوەی دەمێنێتەوە دەیبات کە یەك لەسەر سێ دەکات، شەش یەك وەکو فەرز، شەش یەکی دووەم وەکو عەصەبە - دەیبات -، ئەگەر کوڕەکە - مردووەکە - دوو کچی هەبێت ئەوە دوو لەسەر سێ دەبەن، دایك و باوك یەك لەسەر شەش دەبەن.

٣- ئەگەر کوڕەکە - مردووەکە - کوڕ یان نەوەی نەبوو، برایی دایك و باوکی یان باوکی یان دایکی هەبوو، براکان هیچ نابەن، دایك تەنها شەش یەك دەبات، باوك ئەوەی دەمێنێتەوە دەیبات کە پێنج لە شەشەکە دەکات، بەڵام ئەگەر مردووەکە برای نەبوو ئەوکات دایك یەك لەسەر سێ دەبات و باوك ئەوەی دمێنێتەوە دەیبات، جارێکی تر سەری ئەم حاڵەتە بکە.

لە حاڵەتی یەکەم دایك و باوك بە یەکسانی میرات دەبەن، ئەمەش حیکمەتێکی گەورەی تێدایە، لێرەدا وەکو داپیرە و باپیرە سەیر دەکرێن کە کوڕیان مردووە و بەساڵاچوون، لەم حاڵەتەدا هەردووکیان یەکسانن لە هەڵگرتنی کۆڵی دنیادا، یان هەردووکیان ئەو قورسی و نارەحتیەی کەوتۆتە سەریان بەهۆی پیربوونەوە وەکو ژن و مێردیش نەماون، ئێستا تەنها وەکو ئینسانێك سەیر دەکرێن، ئەمەش حیکمەتێکی زۆر لەجێی عیلمیانەی تێدایە کە بەیەکسانی و لەیەك جێگە دایناون لە میراتدا لەسەر بەساڵاچوونیان، کە خەم و خەفەتێك و فرمێسکێکیش لێیان پێچراوە.

لە حاڵەتی دووەمدا باوك لەگەڵ کچی کوڕەکەیدا لە دایکەکە زیاتر دەبەن، لەو میراتەی کە لەکوڕەکەی بەجێماوە، چونکە لێرەدا ئێستا باوکەکە بەرپرسیارێتی کچەکەی کەوتۆتە سەر و ئەبێت بەخێوی بکات و پێداویستیەکانی جێبەجێ بکات، چونکە ئەولاترین کەسە لە ئێستادا بۆ کچەکەی.

لە حاڵەتی سێیەمدا پەندە بۆ کەسێك پەند وەربگرێت، برا لە گەڵ دایك و باوك هیچ ئەندازەیەکی دیاریکراو نابات، برا لێرە کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوەی بەجێماوە لە مردووەکە لە میراتی دایك و باوکدا، دایك تەنها شەش یەک دەبات، باوك ئەوەی دەمێنێتەوە دەیبات کە پێنج لە شەش دەکات، حیکمەت چیە لەمەدا؟

فوقەهای موسوڵمانان هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە باوك لەم حاڵەتەدا لەسەریەتی چاودێری برای مردووەکە بکات ...

## خاڵی هەشتەم: وەسێت:

وەسێت بەشێکە لەڕێکخستنی کاروباری دارایی لەئیسلامدا، کە باس لەچۆنیەتی نەقڵبوونی خاوەنێتی ماڵ و سامان دەکات لەکەسێکەوە کە مردووە یان لەسەرەمەرگدایە، بۆ کەسانی دوای مردنی خاوەن سامانەکە:

- پێناسەی وەسێت:

وەسێت: بەڵێنێکی تایبەتە کە دوای مردنی خاوەنەکەی جێبەجێدەکرێت.

- ئیبنوعومەر (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو: (ما حَقُّ امْرِئٍ مُسْلِمٍ له شيءٌ يُوصِي فِيهِ، يَبِيتُ لَيْلَتَيْنِ إلَّا ووَصِيَّتُهُ مَكْتُوبَةٌ عِنْدَهُ)[١] واتە: هەر موسوڵمانێك شتێکی لەلابێت کە پێویست بکات وەسیەتی لەسەر بکات، بەر لەوەی دوو شەوی بەسەر تێپەڕێ پێویستە وەسیەتەکەی بنوسێتەوە.

- سەیدنا سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێ: (كانَ رَسولُ اللَّهِ (ﷺ) يَعُودُنِي عَامَ حَجَّةِ الوَدَاعِ مِن وجَعٍ اشْتَدَّ بِي، فَقُلتُ: إنِّي قدْ بَلَغَ بِي مِنَ الوَجَعِ وأَنَا ذُو مَالٍ، ولَا يَرِثُنِي إلَّا ابْنَةٌ، أفَأَتَصَدَّقُ بثُلُثَيْ مَالِي؟ قالَ: لا، فَقُلتُ: بالشَّطْرِ؟ فَقالَ: لا، ثُمَّ قالَ: الثُّلُثُ والثُّلُثُ كَبِيرٌ - أوْ كَثِيرٌ - إنَّكَ أنْ تَذَرَ ورَثَتَكَ أغْنِيَاءَ، خَيْرٌ مِن أنْ تَذَرَهُمْ عَالَةً يَتَكَفَّفُونَ النَّاسَ)[٢] واتە: لە حەجیماڵئاواییدا کە ناسراوە بە (حجة الوداع) نەخۆشبووم، کەوتبووم و ئازار تینی بۆ هێنابووم، پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەشریفی دەهێنا بۆ سەردانم، عەرزم کرد: ئەی پێغەمبەری خوا دەبینیت ئازار تینی بۆ هێناوم، جەنابت دەزانیت کە من خاوەن سامانم و کەسیشم غەیری کچێك نییە میراتم بگرێت، جەنابت ڕات چییە کە دوو سێیەکی سەروەت و سامانم بکەم بەخێر؟ فەرمووی: نا، عەرزم کرد: ئەدی نیوەی ئەی پێغەمبەری

(١) بوخاری (٢٧٣٨)، موسلیم (١٦٢٧).

(٢) بوخاری (١٢٩٥)، موسلیم (١٦٢٨).

خوا؟ فەرمووی: نا، عەرزم کرد: ئەدی سێیەکی؟ فەرمووی: سێیەك، سێیەکیش زۆرە یان گەورەیە، تۆ وەرەسەکەت بەدەوڵەمەندی جێ بهێڵیت چاکترە وەکو لەوەی دەسکورت بن و داوا لەخەڵکی بکەن بیاندەنێ.

- ئەبو ئومامە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو: (إنَّ اللَّهَ عزَّ وجلَّ قد أعطى كلَّ ذي حقٍّ حقَّه؛ فلا وصيَّةَ لوارثٍ)[1] واتە: خوای گەورە حەقی هەموو کەسێکی داوە (لەمیرات دابەشکردن) و پشکەکانی بۆ دیاری کردوون، (بۆیە) وەسیەت کردن بۆ میراتگر نییە.

- ئەبوهورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (إنَّ الرَّجُلَ ليعمَلُ والمرأةُ بطاعةِ اللَّهِ ستِّينَ سنةً ثمَّ يحضرُهما الموتُ فيُضارَّانِ في الوصيَّةِ فتجبُ لَهُما النَّارُ)[2]واتە: پیاو و ئافرەتی وا هەیە کە شەست ساڵ بەندایەتی بۆ خودا دەکات و ملکەچی فەرمانەکانی ئەبێت، کەچی کە مردنیان ئەگاتێ بەشێوەیەك وەسیەت ئەکەن کە زیان بە مراتگرەکانیان ئەگەیەنن، بەمەش ئەچنە ئاگری دۆزەخەوە. پاشان ئەبوهورەیرە ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿مِنۢ بَعۡدِ وَصِيَّةٖ يُوصَىٰ بِهَآ أَوۡ دَيۡنٍ غَيۡرَ مُضَآرّٖۚ وَصِيَّةٗ مِّنَ ٱللَّهِۗ ﴿١٢﴾﴾ النساء: ١٢ تا دەگاتە: ﴿وَذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴿١٣﴾﴾ النساء: ١٢ - ١٣ واتە: ئا ئەوەش سەرفرازی مەزنە.

- جابر (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (مَنْ مَاتَ عَلَى وَصِيَّةٍ مَاتَ عَلَى سَبِيلٍ وَسُنَّةٍ وَمَاتَ عَلَى تُقًى وَشَهَادَةٍ وَمَاتَ مَغْفُورًا لَهُ)[3] واتە: هەر کەسێك بمرێت و وەسیەتیشی کردبێت ئەوا لەسەر ڕێباز و سوننەتی من مردووە، وە لەسەر

---

(١) ئەبو داوود (٣٥٦٥)، ئیبنو ماجە (٢٧١٢)، نەسائی (٣٦٤١، ٣٦٤٢)، ئەحمەد (١٧٦٦٣)، ترمذی (٢١٢١) و ئەفەرموێ: (حسن صحيح)، شێخی ئەلبانیش لە (صحيح الجامع)دا بە (صحيح)ی ناساندووە.

(٢) ترمذی (٢١١٧) و بە (حسن)ی ناساندووە، هەروەها ئەبو داوود (٢٧٦٧) و ئەحمەد (٢٧٨/٢) و ئیبنو ماجە (٢٧٠٤) دەفەرموون: سبعين سنة)، وە شێخی ئەلبانی و ئەرنائوط بە (ضعيف)یان ناساندووە.

(٣) ئیبنو ماجە (٢٧٠١)، شێخی ئەلبانیش لە (ضعيف الجامع) (٥٨٤٨) دەفەرموێ: (صعيف)ە.

تەقوا و شەهادەت مردووە، مردووە و خوداش لێی خۆشبووە.

شەرعناسانی حەنەفی دەفەرموون:

وەسێتکردن فەرز نییە، بەتایبەتی ئەگەر لەسەر کەسێك کە زەکات و کەفارەتی لەسەر نەبێت و قەرزار نەبێت، یان ڕۆژووی فەرزی لەسەرنەبێت، ئەمما ئەگەر شتێکی لەمانە لەسەربێت وەسێتکردنی لەسەر فەرزە، وەسێت ناشێت زیاتر لە سێیەکی سامانیدا بکات، نابێت وەسێت بکات پشکی میراتگران چۆن دابەشکرێت یان ببەخشرێت، دەشێت موسوڵمان وەسێت بۆ کافر بکات وەکافریش وەسێت بۆ کافر بکات، چاکتر وایە موسوڵمانەکە وەسێت بکات کە کەمتر لەسێیەکی سامانەکەی بکات بەخێر یان ڕەفتاری تری پێوەبکات.

ئەگەر کەسێك وەسێتی دەربارەی یەکێك لەمافەکانی خوای گەورە کردبوو، بەڵام سێیەکەکەی بەشی نەدەکرد، هێنانەدیی فەرزەکان دەخرێنە پێش سوونەت و خێری گشتی، چونکە هێنانەدیی ئەوان گرنگترە، وەکو حەج بۆکردنی، زەکاتدانەکەی، یان کەفارەتدان کە لەسەری بووە.

ئەگەر کەسێك وەسێتی کرد کە حەجی ئیسلامی بۆ بکەن (حەجی فەرزی تەمەن)، دەبێت کەسێکی خەڵکی وڵاتەکەی خۆیی بۆ بەکرێ بگرن تا حەجەکەی بۆ بکات.

لەم ڕوانگەوە: یەکەمین شت کە لەمیراتی مردوو دەردەچێت قەرزی خەڵکیە کە لەسەری بووە پاشان ئەنجامدانی وەسێتەکەی ئەگەر لەسێیەك زیاتر نەبوو، پاشان باقیەکەی بەسەر وەرەسەکەیدا دەبەشدەکرێت، بەوشێوەیەی ئاماژەمان پێدا، ئەگەر کەسێ نەبوو میراتگری بێت سەروەت و سامانەکەی دەخرێتە بەیتولمالەوە).

## بڕگەی شەشەم:
## سیفەتەکانی ڕێسای خاوەنێتی لە ئیسلامدا:

١- ئیسلام ناهێڵێت سەرمایە مرۆڤ ئیستیغلال بکات، چونکە لە ئیسلامدا ئەوەنییە کە سەرمایە هەردەبێ قازانج بکات، نەخێر زیانیش دەکات و قازانجیش، چونکە سووکاریی ڤێ حەرامە و ڕێیپێنادات.

٢- ئیسلام ناهێڵێت کەس لەڕێی ئیستیغلالکردنی ئیحتیاجی خەڵکییەوە دەوڵەمەند ببێت.

٣- ئیسلام ناهێڵێت یاری بەباری ئابووریی خەڵکی بکرێت، بەهۆی ئیحتیکارکردنی کاڵا و بەرهەمەوە، یان بەهۆی ڕێککەوتنەوە کە لەسەر حسابی بەرژەوەندیی خەڵکی بێت.

٤- ئیسلام ناهێڵێت کەسێك بە ئیستیغلالکردنی حەز و ئارەززوو و هەواو هەوەسی خەڵکی خۆ دەوڵەمەندکات.

٥- ئیسلام سەرمایە زەبەلاحەکان بچووك دەکاتەوە، جگە لەوەی ساڵانە بەزەکاتدان کەمیان دەکاتەوە هەموو ڕێگاکانی خاوەنێتی بوون و خاوەنێتی نەبوونی دیاریکردووە، کە کامیان حەڵاڵە و کامیان حەرامە، هەروەها مافی تاکوکۆی خەڵکی لەماڵ و سامانی دەوڵەمەندەکاندا دیاریکردووە و فەرزی کردووە لەسەریان کە بیدەن، لەڕێی میراتیشەوە وایکردووە کە خاوەنێتی سامان دابەش ببێت بەسەر چەندین کەسی تردا.

٦- لەهەمان کاتدا ووزە و توانای تاکوکۆ دەخاتە گەڕ تا بەرهەمهێن بن نەك مشەخۆر، وەکو کەسانێك کە لەغەیری ئیسلامدا لە ڕێی قومار و یانسیب و زینا و مۆسیقا و هاوشێوەیانەوە دەوڵەمەندەبن.

٧- ناهێڵێت سامان لەدەست چین و توێژێکدا بمێنێتەوە، بەڵکو دەیخاتە بەردەستی هەمووان، خاوەن پارە ناچاردەبێت پڕۆژە بکاتەوە و خەڵکیش چ بەکارتێداکردن چ بەبەرهەمەکەی سوودمەند دەبن، ئاوا چالاکی ئابووری ناوەستێت.

٨- لە هیچ دید و سیستمێکدا دادپەروەری لەخاوەنێتی سامان و بەشکردنەوەیدا وەکو دادپەروەرێتی ئیسلام نییە کە ماف و ئەرکی ڕۆشن دیاریکردووە و چارەنووسی سامانی وا داڕشتووە دابەش ببێت نەك لەدەست/ شوێنێکدا کۆببێتەوە، کە بەهیچ شێوەیەك دەستدرێژیی بۆ سەر مافی کەسی تێدا نییە.

٩- هەموو لایەنێکی ئابووریی ئیسلامی واقیعییانەیە و هزر و ژیری دژی هیچیان ناوەستێتەوە.[١]

(١) گەورەترین سیما و سیفەتی ئابووریی ئیسلامی و کاریگەرترینی لەلایەنی داراییەوە ڕێنەدانێتی بەکەڵەکەکردنی سەروەت و سامان، چونکە ئەو کەسەی چل هەزاری هەبێت هەر دەبێت هەزاری بداتە زەکات، ساڵی داهاتوو ئەگەر هیچی زیاد و کەم نەکردبێت (٩٧٥)ـی تری لێدەدات، ساڵی داهاتوو کەمتر پاشان کەمتر، تا خاوەنەکەی ناچار دەبێت بیخاتەوە گەڕ، دەنا دەگاتە ئاستی خوار نیصاب!

# باسی دووەم:

# چارەسەری کێشە ئابوورییە کۆمەڵایەتیەکان

بڕگەی یەکەم: ڕێسکانی زەکات:

بڕگەی دووەم: ڕێساکانی کەفارەت و خێر و خێرات:

بڕگەی سێیەم: ڕێساکانی ئەوقاف:

بڕگەی چوارەم: ڕێساکانی مەسروفکێشان (نەفەقە):

بڕگەی پێنجەم: ڕێساکانی پێنجیەکی دەسکەوت (غەنیمەت):

بڕگەی شەشەم: ڕێسای ڕیکاز (کانزای ژێرخاک):

بڕگەی حەوتەم: دابینکردنی مووچە بۆ هەموو هاوڵاتییەکی دارولئیسلام:

## ڕێڕەوێک:

ژیانی کۆمەڵایەتی پڕە لەوکێشـانە کە تەنها بە پارە چارەسەر دەکرێن، وەکو هەژاری و پێداوویسـتی و نەخۆشـی.. هەروەها وەرگرتنی فێرخوازی. زۆر هەن حەزیان لەفێربوونی زانسـت و خۆپێگەیـانـدنە، بەڵام ئەوەنـدەیـان پـارە دەسـتنـاکەوێت مەسـروفی ژیانی خوێندکارێتیانی پێ دابین بکەن، یان بتوانن ئاستە باڵاکانی خوێندن تەواو بکەن.. هەروەها دەیان کێشـەی نەتوانین کە بەپارە چارەسـەریان ئاسـان دەکرێن، نەتوانینی جەستەیی بێت یان نەتوانینی دەروونی.. خەڵکانێك هەن هەر بەنوقسانی لەدایکبوون وەکو کوێر و شەل و ئیفلیج و... ئەم جۆرە کەسانە خزمەت و سەرپەرشتیارێتی تایبەتیان دەوێت، مووچەیەکیان دەوێت کە لەسـەری بژین.. خەڵکی تر هەیە گەنجە و هاوسـەرگیری دەوێت و ناتوانێت، حەزدەکـات ژن بهێنێـت/ شـووبکات بەڵام پارەی مەسـرووفی نییە، پارەی بەڕێوەبردنی خێزانی نییە.. خەڵکانێکی تر لەش سـاغن، هاوسـەر و خێزانیان هەیە، بەڵام دەستکورتن و کرێ خـانوویان پێ هەڵناسـوڕێت، ئەمانیش پێویسـتیان بەسـوکنایە تا خۆیان و ماڵ و منداڵیان تێیدا بسرەون، بەڵام پارەیان نییە کاریانی پێ دەبڕبکەن. لەولاوە خەڵکانێکی تری لەش سـاغ و خوێندەواری خاوەن خێزان و سوکنا هەیە بەڵام بێ کارە، چ لەبەرئەوەی کاری لەبواری پیشـە و تایبەتمەندێتیەکەی خۆیدا دەسناکەوێت چ لەبەر ئەوەی سـەرمایەیەکی بەدەستەوە نییە بیخاتە گەڕ بژێوی (بەس)ـی پێ دەربهێنێت. کەسانی تر هەن لەش ساغ و خوێندەوار و خاوەن خێزان و سوکنا و پیشە و سەرمایە و کاریان باش دەڕۆیشت بەڵام لەپڕ کارەسـاتیان بەسـەردا هات و موفلیس کەوتن، بەقەرزیش هەڵنەدەسـتانەوە و کۆڵیان قورستربووە، پێویستیان بەپارەیە.. لەولاشەوە خەڵکانێکی تری لەش ساغ و هۆشیار و ئازا هەیە کە دەیانەوێت لەخەباتی ئازادیخوازی گەلەکەیاندا بەشـداربن و دەسـەڵاتی کوفری چەوسـێنەری ناوخۆیی و داگیرکەری کافری دەرەکی لادەن و ڕادەن، بەڵام ئەمە بەبێ پارە ناکرێت.. ئیتر ئاوا دەیان و سـەدان بوار و پیشـە و بزاوت و هەڵوێسـت هەیە کە بەپارە دەبڕدەبێت... ئایا ئیسلام چۆن بەپارە ئەم کێشانە و هاوشێوەیان چارەسەردەکات؟

خوای گەورە چەندین ڕێسـای مەحکەمی بۆ چارەسـەری ئەم کێشـانە بۆ داڕشتووین.. لەوانە:

١- ڕێساکانی زەکات.

٢- ڕێساکانی کەفارەت و خێر و خێرات.

٣- ڕێساکانی ئەوقاف.

٤- ڕێساکانی مەسرووفکێشان (نەفەقە).

٥- ڕێسای پێنجەییەکی دەسکەوت (غەنیمەت).

٦- ڕێسای ریکاز (کانزای ژێرخاك).

٧- دابین کردنی بژێویی هەموو کەسێك لەبەیتولمال.

لەبەرئەوەی زۆر لەم ڕێســایـانە لەبەرچاوان نەماون و زۆر دەمێکە کاریان پێنەکراوە (چونکە ئەحکامەکانی شــەرع وەلانراوە و یاســای کوفری دەرەکی هێنراوەتە جێیان) لای زۆرینەی خەڵکی ئەمانە ئەوەندە بەهێز و کاریگەر نین کێشە ئابوورییە کۆمەڵایەتییەکانی پێ کەم بکرێتەوە، چ جـای بنەبڕکردنیـان، ئێمە لێرەدا هەوڵێك دەدەین کورتەباســێکی ئەم ڕێسایانە بکەین لەگەڵ بیرهێنانەوەی خوێنەر کە ئێمە باسی زەکاتمان لەبەشی ڕوکنەکانی ئیسلامدا کردووە، لێرەدا تەنها هەندێك خاڵ وەبیردەهێنینەوە:

## بڕگەی یەکەم:
## ڕێساکانی زەکات:

١- سندووقی زەکات دەزگایەکی دارایی سەربەخۆیە و هیچ پەیوەندییەکی بە بەیتولماڵەوە نییە. (چونکە بەیتولماڵ گشتیە و زەکات تایبەتە بەچارەسەرکردنی دەسکورتی و نەداریی ئەو هەشت پۆلەوە کە خوای گەورە دیاریکردوون کە زەکاتەکەیان بدرێتێ).

٢- واریداتی زەکات زۆر زۆرە، دەکاتە نزیکەی چارەکی دەیەك (٢,٥%)ـی سەرمایەی هەموو ئوممەت، ئەمە جگە لەزەکاتی ئاژەڵ و بەرهەم و حاسڵاتی زەوی.

٣- ئەم سامانە زۆرەی زەکات دەتوانێت هەموو کێشەکانی هەژاری و بێکاری و نەخوێندەواری و نەتوانین و موفلیس بوون و هاوسەرگیری و سوکنا و هیتر چارەسەربکات. تەفسیلاتی ئەمانەمان لەباسی زەکاتدا (لەباسی ڕوکنەکاندا) کرد و وتمان کە دەشێت بەپارەی زیادی زەکات، یان مەرج نییە زیادەش بێت، دەتوانرێت کارگە و کۆمپانیای پێ دروست بکرێت کە لەلایەکەوە بێکاران کاری تێدا دەکەن، لەلایەکی ترەوە دەشێت کۆمەڵێك هەژار و نەدار ببنە خاوەنی کارگەکان، هەروەکو کە دەتوانرێت بەزەکات سوکنای قوتابیان (القسم الداخلي) دروست بکرێت و بەرپرسێتی مەسرووفی خوێندنیان بکەوێتە سەر زەکات، ئەگەر نەداربوون (خۆیان نەك دایك و باوکیان، چونکە دەوڵەمەندی دایك و باوکیان ڕێ لەوە ناگرێت کە قوتابیین و شایانی سامانی زەکاتن)، هەروەکو کە دەشێت لەسندووقی زەکات لەسەرمایەی گچکە - بێ بەرامبەر - بدرێتە کاسبکاران و جوتیار و خاوەن پیشەکان، یان ئامێری بەهەمهێنیان بۆ بکڕێت وەکو سەیارەی کرێ و تراکتۆر و مەکینەی ئاو و... هتد.

هەر لەسندووقی زەکات دەشێت بدرێتە جوتیارانێکی دەسکورت تا هانبدرێن زەویی

مردوو بۆ خۆیان زیندوو بکەنەوە و بیکەنە سەرچاوەی بژێویی خۆیان و ماڵ و منداڵیان.

ئەمانە هەمووی لە سندووقی زەکات - بێ بەرامبەر - دەیاندرێتێ.. ئەگەر چەند ساڵێك بەشێوەیەکی ڕاست و ڕێك و پێك سیستمی زەکات بچەسپێنرێت و ئاوا پڕۆژەی پێ دروست بکرێت، گومانی تێدا نییە زۆر زوو ئەو کێشە ئابوورییە کۆمەڵایەتییانە چارەسەر دەکات، ئەوەش لەیاد نەچێت کە زەکات لایەنێکە لەلایەنەکانی ئابووریی ئیسلامی، چ واریداتی، چ مەسرووفاتی.

## بڕگەی دووەم:
## ڕێساکانی کەفارەت و خێر و خێرات:

سندووقی زەکات پشتگیریی ڕێساکانی خێر و خێراتی گشتی دەکات، هەروەها خێرە تایبەتەکانی کەفارەتەکان. خوای گەورە زەکاتی فەرزکردووە، تا ببێتە ئاستی خوارەوەی بەخشین و لەوێوە بەرەو ژووری زۆر هانداوە تا موسوڵمانی دەوڵەمەند بەخشین بکاتە بواری سیفەتی دینداریتی و تەقواکاریی خۆی..

لەکتێبی (الرسول (ﷺ))[1]دا باسمان لەبەرهەمەکانی ڕەنجی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد کە چۆن یاوەرانی گەیاندە ئەو لوتکە بەرزەی ماڵ و سامان و ڕەنج و کات بەخشین، کە وەکو سەیید قوتب (رحمه اللّٰه) دەفەرموێ: (لەخەیاڵەوە نزیکتربوون وەك لە واقیع).

مرۆڤ تا باوەڕی بەخوای گەورە پتەوتربێت و لەهاتنی قیامەت دڵنیا بێت ئومێدی بەپاداشتی خوای گەورە بێت و خەمی سزای دۆزەخی لەبەربێت زیاتر دەبەخشێت:

- ئەبو مالیکی ئەشعەری (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو: (الصَّدقَةُ بُرهانٌ)[2] واتە: خێر و خێراتکردن بەڵگەی سەلماندنی هەبوونی باوەڕە..

جگە لەخێر و خێراتی گشتی کە هەموو موسوڵمانێك هاندراوە لەسەری، خێر و خێراتی تایبەتیش هەیە کە پەیوەستە بەکات و حاڵەوە، وەکو سەرفترە و بەخشینەوەی بەشێك لەگۆشتی قوربانی لەجێ و ڕێی موسوڵمانان خۆیاندا و قوربانیکردنەکانی کاتی حەج،

---

(١) کتێبی دووەمی ئەم زنجیرەیەیە کە نووسەری ڕەحمەتی نوسیویەتی: (اللّٰه - الرسول - الإسلام).

(٢) ئەم فەرموودەیە بەشێکە لەفەرموودەیەکی درێژ بە بەچەند شێوەیەك هاتووە، موسلیم (٢٢٣)، ترمذی (٣٥١٧)، وە هەر یەك لە ئیبنو ماجە (٢٨٠) و نەسائی (٢٤٣٧) بە (الزكاة برهان) هێناویانەتەوە.

هەروەها کەفارەتی نەزر و سوێندی لێکەوتوو.. ئەمە جگە لەچەندین جۆر کەفارەتی تر کە بەپارەیی دەدرێت یان سامان، وەکو:

- هەرکەسێك لەکاتی سوڕی مانگانە (حەیز)ـــی ژنەکەیدا چووبێتە لای بۆ سەرجێیی (جیماع) کەفارەتی دەکەوێتە سەر و دەبێت بیدات.

- هەرکەسێك ڕۆژووی ڕەمەزانی لەسەر فەرزە و ناتوانێت بیگرێت و لەساڵەکەشدا بیگرێتەوە (لەبەر نەخۆشی و کاری سەخت و سەفەر و...) دەبێت لەجێیی هەر ڕۆژێك ڕۆژوو، کەفارەت بدات.

- هەرکەسێك سوێندی لەشتێك خوارد کە نابێت یان دەبێت بکرێت یان نەکرێت و سوێندەکەی لێکەوت، دەبێ کەفارەت بدات.

- هەرکەسێك کەوتە زیهارەوە (بەژنەکەی خۆیی ووت پشتت وەکو هی دایکمە) کەفارەتی دەکەوێتەسەر، کە لەهەندێ حاڵەتیدا دەبێت پارە یان خۆراك و پۆشاك بداتە هەژاران و موستەحەققانی.

- هەرکەسێك بەئەنقەست ڕۆژووی ڕەمەزانی نەگرت، لەزۆر حاڵەتدا دەبێت کەفارەتەکەی بەپارە و سامان بدات.

- لەبەرامبەر ئەنجامدانی هەڵەکانی حەجکردندا زۆرینەیان کەفارەتیان بەخشینی گۆشت و خێرکردنە بەهەژاران.

ئەمانە ڕۆژانەن، هەموو هاوکاری زەکات و ڕێساکانی تری ئابوورین و بەشداریی چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییە کۆمەڵایەتییەکانن.

## بڕگەی سێیەم:
## ڕێساکانی ئەوقاف:

گرنگترین یارەمەتیدەر و سەرخەری سندوقی زەکات، ئەوقاف و ڕێساکانێتی، موسوڵمانان بەدرێژایی مێژووی خۆیان گۆشە و کەنار و لایەنێکی پێداویستی تاك و کۆمەڵگە نەماوە دیارییان نەکردبێت و سامانی ئەوقافیان بۆ تەرخان نەکردبێت، چالاکییەکی ژیانی تاکوکۆی کۆمەڵگە و دەوڵەت نییە ڕێساکانی ئەوقاف نەیگرتبێتەوە:

لەخەزێنەی ئەوقافەوە مەسرووفی قوتابی دەکێشرا، کە وڵات بەوڵات بۆ فێربوون دەگەڕا، ئەوقاف مەسروفی قوتابخانەکان و مووچەی فێرکارانی دەدا..

ئەوقاف بژێویی ئەوکەسانەی دابین دەکرد کە دروشمەکانی پەرستن رادەگەیێنن..هەموو ئەمانەش بەڕادەیەك دەبوو کە پێویستییان بەهیچ لایەن و کەسێکی تر نەمێنێت، بەخەزێنەی ئەوقاف نەخۆشخانە دروست دەکرا و چارەسەریی نەخۆش دەکرا و داوودەرمانی بۆ دابین دەکرا، هەروەها مووچەی ئەوکەسانەی نەخۆشی پەکیدەخستن.. دەوڵەمەند و کاربەدەستانی دەوڵەتی ئیسلامی پێشبڕکێیان دەکرد لەدروستکردنی نەخۆشخانە و لەخۆگرتنی پزیشکدا..

- بەخەزێنەی ئەوقاف تەمبەڵخانە (دار العجزة) و جێ حەوانەوەی پیر و پەککەوتە و بێناز و لانەواز و بێکەسان دادەمەزرا و خۆراك و پۆشاك و سوکنا و دەرمانیان بۆ دابیندەکرا، جگەلە بەش(جناح)ـەکانی میوانخانەی ڕێبواران و خانی سوارییەکانیان.

- بەخەزێنەی ئەوقاف و خێر و خێراتی دەوڵەمەندەکان هەزاران مەئوا (جێ نیشتەجێ: مەیتەم) بۆ هەتیوان دروست کرا، شار نەمابوو مەیتەمی تێدا نەبێت، ئەمە جگە لە سەرپەرشتیاری هەتیوان لەماڵەوە لای دایکیان یان کەسوکارانی سەرپەرشتیاران..

هەموو مووچەیان هەبوو.. هەروەها بێوەژنەکان مەسرووفیان دەکێشرا..

تەنانەت بەخەزێنەی ئەوقاف بەیتاڵخانە دروست دەکرا بۆ چارەسەری ئاژەڵ[١] و باڵندە و..هتر، لەوەش سەیرتر قەرەبووکردنەوەی عەرەبانە و سندووقی کاسبی و پێلاوی دزراو.. شتی سەیرتر هەرلە خەزێنەی ئەوقاف!

ئەگەر ئا ئەمەی ئێستا پێیدەڵێن (ئەوقاف) ئەوەندەی گەندەڵی تێدا نەکرایا و سەروەت و سامانی نەدزرایە و جێمتمانەبووایە، وەکو جاران دەیتوانی ڕۆڵی خۆی لەخزمەتی کۆمەڵگە و ئوممەت و دەوڵەتدا ببینێت.. بەڵام ئەمانە هەردەبێت ڕاست بکرێنەوە و متمانە بگێڕرێتەوە بۆ ئەوقافی رەسمی و ڕێکخراوە خێرخوازییەکان کە سامانی ئەوقافیان پێدەدرێت.. ئەمە فەتوا و ئاڕاستەی شەرعییانەی ڕاست و ڕەوای دەوێت[٢]، ئەوە جێی داخە کە ئێستا ئەو هەموو سەروەت و سامانەی ئەوقاف دەکەوێتە بەردەستی جۆرەها کافر و مورتەدد و دووڕوو فاسق و ستەمکار کە بەکەیفی خۆیان ڕەفتاری پێوە دەکەن، بێ ئەوەی لەخوابترسن، یان لە لێپرسینەوە و دادگاییکردن، بەڵام بەتەئکید خوای گەورە لێیان دەپرسێتەوە و دادگاییشیان دەکات.

---

(١) لەسەردەمی عەباسییەکاندا بەیتاڵخانە (نەخۆشخانەی ئاژەڵ)ـیەك دروستکراکە (٣٤٧) ساڵ توولی کێشا، سەرسوڕهێن ئەوەبوو کە بەشێکی تەرخانکرابوو بۆ چارەسەری ئاژەڵی کێوی کە دەهێنران و دوای چارەسەر ئازاد دەکران، ئێساتش ئەوروپا لاف و گەزافی (مافی ئاژەڵ)ـمان بەسەر لێدەدات کە ملیۆنەها بەشەر بەدەستیان دەفەوتێت.

(٢) لەزۆر وولاتی موسوڵماناندا کە حاکمی مورتەدد دەیبات بەڕێوە مەلاکانی دەسەڵات و موفتییە ڕەسمییەکان فەتوایان داوە کە خەڵکی ئەوقاف و زەکاتیان بدەن بە (وەزارەتی ئەوقاف و لقەکانی)!! تا ئەویش بدزرێت و نەگاتە هەژار و نەداران.

## بڕگەی چوارەم:
## ڕێساکانی مەسرووفکێشان (نەفەقە):

١- خاتوو عائیشـه (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە هیند (ژنی ئەبو سوفیان) (خوا لێیان ڕازی بێت) هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و عەرزی کرد: (يا رَسولَ اللَّهِ إنَّ أبَا سُـفْيَانَ رَجُلٌ شَـحِيحٌ وليسَ يُعْطِينِي ما يَكْفِينِي وولَدِي، إلَّا ما أخَذْتُ منه وهو لا يَعْلَمُ، فَقالَ: خُذِي ما يَكْفِيكِ ووَلَدَكِ، بالمَعروفِ)[1] واتە: ئەی پێغەمبەری خوا ئەبوسـوفیان پیاوێکی پیسـکە و ڕەزیلە و ئەوەندەم ناداتێ بەشی خۆم و دوو کوڕەکەم بکات، منیش لەپارەکەی هەڵدەگرم بێ ئەوەی ئەو بزانێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ئەوەندەی بەشی خۆت و منداڵەکەت دەکات بە شـێوەیەکی جوان (ڕاسـت و شیاو) هەڵگرە و مەسرووفی خۆتانی پێبکەن.

- جـابری کوڕی سـومرە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (إذَا أَعْطَى اللَّهُ أَحَدَكُمْ خَيْرًا فَلْيَبْدَأْ بنَفْسِـهِ وَأَهْلِ بَيْتِهِ)[2] واتە: کە خوای گەورە خێری خۆی بەکەسـێکتان دەبەخشـێت (ماڵ و سـامانی دەداتێ) با سەرفیکات، سەرەتا بۆ خۆی و ئینجا بۆ ماڵ و منداڵی.

- عەمری کوڕی شـوعەیب لەباوکیەوە و ئەویش لەباپیریەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە: کـابرایەك هـاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) عەرزی کرد: من مـاڵ و سـامـانم هەیە و دایك و باوکیشـم موحتاجی ماڵ و سـامانی منن، چۆن ڕەفتار بکەم؟

---

(١) بوخاری (٥٣٦٤)، موسلیم (١٧١٤)، ئەبو داوود (٣٥٣٢)، نەسائی (٥٥٤٢٠)، ئیبنو ماجە (٢٢٩٣)، ئەحمەد (٢٤١٦٣).

(٢) موسلیم (١٨٢٢).

فەرمووی: (أَنْتَ ومالُكَ لِوَالِدِكَ إِنَّ أَوْلادَكُمْ مِنْ أَطْيَبِ كَسْبِكُمْ فَكلوا مِنْ كَسْبِ أَوْلادِكُمْ)[1] واتە: خۆت ومـاڵ و ســـامـانت موڵكی باوكتیت.. ئەولادەكانتان لەو ڕەنجە حەڵاڵانەتانن، لەڕەنجی ئەولادەكانتان بخۆن.

- سـەهلی كوڕی (الحنظلية) (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: (مَرَّ رَسُولُ اللَّه (ﷺ) بِبَعِيرٍ قَدْ لَحِقَ ظَهْرُهُ بِبَطْنِهِ فَقَالَ: اتَّقُوا اللَّهَ فِي هَذِهِ الْبَهَائِمِ الْمُعْجَمَةِ، فَارْكَبُوهَا صَالِحَةً واتْرُكُوها صَالِحَةً)[2] واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەلای حوشترێكدا تێپەڕی (كە لەلاتی و لەڕیدا) پشـتی بەسـكیەوە نووسـابوو، فەرمووی: لەخوابترسـن لەڕەفتارتاندا لەگەڵ ئەم ئاژەڵە بێ زمانانەدا، كاتێك سـواری دەبن باشـیاو و چاك بن، كە وازیشـیان لێدێنن باوابن شیاو و چاك بن.

٢- شـەرعناسـانی حەنەفی دەفەرموون: (ئەركی مەسرووفكێشان لەسێ لاوە دەكەوێتە سەرشان: بەهاوسەرگیری یان بەخزمایەتی یان بەموڵكایەتی (كۆیلە)، ئێستا كە موڵكایەتی نەماوە، هاوسەرگیری و خزمایەتی ماون).

(هیشـام دەفەرموێ: پرسـیارم لە محمدی كوڕی حەسـەنی شەیبانی، سێیەمین ئیمامی حەنەفی دەربارەی نەفەقە (مەسرووفكێشان) كرد كە چییە؟ فەرمووی: خۆراك و پۆشاك و سوكنایە).

(نەفەقەی ژن لەسـەر مێردێتی و فەرزە با گچكە و هەژاریش بێت، یان كە موسـوڵمان یان كافرێكی هەژار یان دەوڵەمەندیش بێت، ئەگەر هەبوو (دەوڵەمەند) بوو مەسـرووفی دەوڵەمەندانەی لەسەرە بیكات، ئەگەر هەژاربوو، مەسرووفی هەژارانەی لەسەرە بیكات..

---

(١) ئەبو داوود (٣٥٣٠)، ئیبنو ماجە ()، ئەحمەد (٧٠٠١)، شـێخی ئەلبانی لە (صـحيح أبي داود)دا ئەفەرموێ: (حسـن صحيح)، شێخی ئەڕنائوطیش لە (تخريج المسند)دا دەفەرموێ: (صحيح لغيره).

(٢) ئەبو داوود (٢٥٤٨)، شێخی ئەلبانی لە (صحيح أبي داود)دا دەفەرموێ: (صحيح)ە.

حـالّی مێردەکە چۆن بێـت دەبێـت وا ڕەفتـاربکـات، خـاوەنی کتێبی (الهدایة) دەفەرموێ: ئەگەر مێردەکە هەژاربوو، مەسرووف وەکو هەژارێك دەکات بەڵام مافی ژنەکەی بەقەرز لەسەر دەمێنێت).

(مەسـرووفی منداڵە گچکە هەژارەکان لەسـەر باوکیانە، لەسـەر کەسـی تر نییە، جا بـاوکەکە هەژاربێـت یـان دەوڵەمەنـد، ئەگەر ژنەکەی/دایکی منـداڵەکـان دەوڵەمەنـدبوو مەسرووفیانی خستە سەرخۆی، ئەوە قەرزدەبێت و لەسەر مێردەکە دەمێنێت.. ئەمما ئەگەر منداڵەکان دەوڵەمەندبوون..وەکو ئەوەی میراتی زۆریان بەرکەوتبێت، ئەوە مەسـرووفی خۆیان لەسەر خۆیانە، مادام باوك و دایکیان دەسکورت و هەژاربن).

(مەسـرووفی منداڵی گچکە لەسەر باوکێتی ئەگەرچی دینیشیان جودابێت)، مەبەستی گچکەی نابالّغە.

(پیاو ئەگەر دەوڵەمەندبوو - واتە بڕی نیصـابی سـەرەتایی زەکاتدانی هەبێت - پێش ئەوەی سـاڵی بەسـەردا هاتبێتەوە (کە کاتی زەکاتدانی دێت) دەبێت مەسـرووفی باوك و دایـك و بـاپیر و نەنکی - لەڕێی دایکیەوە و لەڕێی بـاوکیەوە - بگرێتە ئەسـتۆ ئەگەر هەژاربوون.. ئەگەر کابرا ووتی نیمە دەبێت بەڵگەی دروسـتی هەبێت کە نییەتی، ئەگینا هەر دەبێ مەسـرووفیان بکێشـێت ئەگەرچی کافریش بن، کەس غەیری ئەولاد هاوبەشـی مەسرووفکێشانەکە ناکات مەگەر نەداربن).

(مەسـرووفی دایك و باوك کە دەکەوێتە سـەر ئەولاد، کە هەیانبێت نێر و مێیان وەکو یەکن، فەتوای مەزهەبی حەنەفی ئەوەیەکە کچەکـانیش وەکو کوڕەکـان مەسـرووفیـان دەکەن، بەڵام ئەلحەسـەن دەفەرموێ ئەبوحەنیفە فەرموویەتی کە مەسـرووفکێشـانی کوڕ دەبێت دوو ئەوەندەی کچ/ خوشکەکەی بێت).

(هەروەها مەسـرووفکێشـانی خزمەکانی، گەورەبن یان گچکە، ژن بن یان پیاو مادام

هەژار و نەداربن، هەروەها کوێر و نوقسان و نەخۆش و پەککەوتە، بەڵام مەسرووفی ئەمانە ناکەوێتە سەر یەك کەس، بەڵکو دەکەوێتە سەر هەموو ئەوانەی میراتی ئەو کوێر و نوقسان و پەککەوتەیان پێدەبڕێت - ئەگەر دەوڵەمەندبوونایە و بمردنایە -).

(مەسرووفی ئەولادە نوقسانەکانیش لەسەر باوك و دایکییانن، باوکەکە دەبێت دوو ئەوەندەی دایکیان مەسروف بکێشێت).

# بڕگەی پێنجەم:
# ڕێساکانی پێنجیەکی دەسکەوت (غەنیمەت):

## خاڵی یەکەم: پێناسەی گشتی:

خاوەنی کتێبی (السياسة المالية في الإسلام) دەفەرموێ:

(ئەم ئایەتە: ﴿وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا غَنِمۡتُم مِّن شَيۡءٖ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُۥ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ إِن كُنتُمۡ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ وَمَآ أَنزَلۡنَا عَلَىٰ عَبۡدِنَا يَوۡمَ ٱلۡفُرۡقَانِ يَوۡمَ ٱلۡتَقَى ٱلۡجَمۡعَانِۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ٤١﴾ الأنفال: ٤١ واتە: ئەوە بزانن کە ئەو دەسکەوتانەی لەجەنگدا بە هێزی بازوو لەدوژمنتان سەندووە خوای گەورە ئاوای دەبەشکردووە: پێنجیەکی بۆ خوای گەورەیە و پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرماندەدات کە چۆن سەرف بکرێتەوە (ئەمە یەك پشك لە پێنجیەکەکە)، پشکێکی تر هەر لەو پێنجیەکە بۆ خزمەکانی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) لەبەنوهاشم، ئینجا پشکێکی تر هەر لەو پێنجیەکە بۆ هەتیوان کە باوکیان نەماوە، پشکێکی تر لێی بۆ هەژار و نەداران و پشکی پێنجەمی پێنجیەکەکە بۆ ڕێبوارانی موسوڵمان کە لەسەفەردان و پارەی تەواوکردنی سەفەرەکەیان لێبڕاوە.. ئەمە پێنجیەکی دەسکەوتەکەیە، چوار پێنجیەکەکەی تر (٥\٤) بۆ ئەو جەنگاوەرانەیە کەگرتوویانە. ئەمە حوکمی خوای گەورەیە، ئەگەر ئێوەش ڕاستە و باوەڕتان بەخوای گەورە و بەو قورئانە هێناوە (ئایەتەکانی غەزای بەدر و غەنیمەت) کە ڕۆژی بەدر ناردومانە خوارەوە، ڕۆژی ڕووبەڕووبوونەوەی هەردوو بەرەکەی (کوفر) و (ئیمان)، ئاوا دەسکەوت دابەشبکەن.. خوای گەورە بەسەرهەموو شتێکدا بەتوانایە.

ئەم ئایەتەکە لەغەزای بەدردا هاتەخوارەوە حوکمی بنبڕانەی دەسکەوتی جەنگی دیاریکرد کە حەڵاڵە و دەبێت ئاوا دەبەشبکرێت، لەچەك و تفاقی جەنگ و خۆراك و پۆشاك

و ماڵ و سـامان و سواری و بار و... هتد. پێنجیه‌کی بۆ خوای گه‌وره و بۆ پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) وخزمانی و بۆ هه‌تیوانی و بۆ هه‌ژاران و نه‌داران و بۆ ڕێبوارانی ڕێ لێبڕاو، چوار به‌شه‌که‌ی تر بۆ موجاهیده جه‌نگاوه‌ره‌کانه که ده‌ستیان به‌سه‌رداگرت.

ئه‌مه چه‌ندین خاڵی تری لێده‌بێته‌وه:

## ١- ده‌سکه‌وتی جه‌نگ چۆن دابه‌شده‌کرێت؟

ئه‌و موجاهیـدانه‌ی له‌جه‌نگدا ده‌ســـکه‌وتیـان له‌دوژمن گرتووه وه‌کو ووتمـان چوار پێنجیه‌کی (٤\٥)ـی بۆ خۆیان ده‌بێت. ئه‌و ڕیوایه‌تانه‌ی له‌پێغه‌مبه‌ری خواوه (ﷺ) هاتوون ئه‌وه ده‌ســـه‌لمێنن که له‌غه‌زای به‌دردا پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) دوو پشـــکی غه‌نیمه‌تی بۆ موجاهیدی سوار (فارس) و یه‌ك پشکی بۆ پیاده داده‌نا. ئیبنوعه‌بباس (خوا لێی ڕازی بێت) ده‌گێڕێته‌وه: (أَنَّ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) قَسَّمَ غَنَائِمَ بَدْرٍ: لِلْفَارِسِ سَهْمَانِ وَلِلرَّاجِلِ سَهْمٌ)[١].

به‌ڵام له‌غه‌زای حونه‌یندا ســێ پشـــکی بۆ ســوار دانا و یه‌ك پشـك بۆ پیاده: ئه‌بو زه‌ڕی غیففاری (خوا لێی ڕازی بێت) ده‌گێڕێته‌وه: (شَـهِدْتُ أَنَا وَأَخِي مع رَسُولِ اللَّه (ﷺ) وَمعَنَا فُرْسَان لنا، فَضَرَبَ لَنَا رَسُولُ اللَّه (ﷺ) بستَّة أَسْهُمٍ: أَرْبَعَةٌ لِفَرَسَيْنَا وَسَهْمَيْنِ لَنَا)[٢] واته: من وبراکه‌م له‌خزمه‌ت پێغه‌مبه‌ری خوادا (ﷺ) له غه‌زای حونه‌ینـدا به‌شـــداریمـان کرد، دوو ئه‌سپی خۆشمانمان پێبوو، که غه‌نیمه‌تی دابه‌شکرد هه‌شت پشکی پێداین، چواریان بۆ دوو ئه‌سپه‌که‌مان و دوو پشکه‌که‌ی تر بۆ خۆمان.

ئه‌مه دوو ڕه‌فتـاری پێغه‌مبه‌ری خوایه (ﷺ)، خه‌لیفه ســـه‌رپشـــکه هه‌رکـامێکیـان بگرێته‌به‌ر، چونکه دیاره که به‌رژه‌وه‌ندیی ســـوارچاکه‌کان له‌دوو واقیعه‌که‌دا جیاوازبووه،

---

(١) ئه‌بو یوسف له کتێبی (الخراج / ل ١٨٠).

(٢) هه‌مان سه‌رچاوه (ل ١٩٠).

خەلیفەش دەتوانێت واقیعە نوێیەکەی ڕەچاوبکات.

ئیمامی ئەبو حەنیفە (خوا لێی ڕازی بێت)[1] ڕای وابوو کە کەسە سوارەکە پشکێك وەرگرن و بەس، واتە دووپشك بۆ سوار و یەك پشك بۆ پیادەو دەیفەرموو: فەزڵی ئەسپێك نادەم بەسەر پیاوێکدا، ئەسپیش ئەوەندەی بەسە کە بەقەدەر پیاوێکی بەردەکەوێت.[2]

ئەبو یوسف دەفەرموێ: فەرموودە و ڕەفتاری یاوەران زیاتر لەسەر ئەوەن کە دوو پشك بۆ ئەسپ و یەك پشك بۆ خاوەنە جەنگاوەرەکەی بێت، ڕیوایەتی ئەمە زیاتر و بەهێزترن و زۆرینەی ڕای شەرعناسانیش لەسەر ئەمەیە.. خۆ ئەمە مانای ئەوە نیە کە فەزڵی ئەسپێك لە فەزڵی موسوڵمانێکی موجاهید زۆرتر و باڵاترە، نەخێر، ئەمە تەقدیرکردنی حاڵی ئەوکەسانەیە کە تفاقی جەنگی زیاتر ئامادەکردووە وەك لەپیادەیەك، ئەمە بۆ هاندانی خەڵکەکەیە تا سوارییەکانیان هەڵگرن و لەدەستی نەکەنەوە (بەفرۆشتن یان سەربڕین)، تا هۆشیان لەوەبێت کە (في سبیل اللّه) دایانبەستوون بۆ (جهاد في سبیل اللّه)، مەگەر نابینyت دوو پشکی ئەسپەکەش هەر دەچێتەوە بۆ خاوەنەکەی کە لەوانەیە هیچی لێ نەدات بەئەسپەکە. (چونکە خۆراك و خان و خزمەتی تری پێشتر بۆ ئامادەکردووە).[3]

## ٢- پێنجیەکی غەنیمەتەکە چۆن دابەشدەکرا؟

ئایەتەکە ڕۆشن باس دەفەرموێ کە پێنجیەکی دەسکەوتەکە دەکرێتەوە پێنج بەش: بەشێکی بۆ خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی، بەشێکی تری بۆ خزمانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و بەشێکی بۆ هەتیوان و بەشێکی بۆ هەژار و نەداران و بەشێکی تری بۆ ڕێبوارە موحتاجەکان.

(١) عادەتەن زۆر لەمەزهەبییەکان - بەتایبەتی حەنەفی - بۆ ئیمامەکەیان دەنووسن (خوا لێی ڕازی بێت).
(٢) هەمان سەرچاوە (ل ١٩).
(٣) هەمان سەرچاوە (ل ١٩).

- له ئیبنوعه‌بباســه‌وه (خوا لێی ڕازی بێت) ڕیوایه‌ت كراوه كه ئه‌و پێنجیه‌كه له‌زه‌مانی پێغه‌مبه‌ری خوادا (ﷺ) ده‌كرایه‌وه به پێنج پشك: خوا و پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) یه‌ك پشك، خزمانی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) یه‌ك پشـك، هه‌تیوان یه‌ك پشـك، هه‌ژار و ده‌سـكورت یه‌ك پشك و یه‌ك پشكیش بۆ ڕێبواره ڕێ لێبڕاوه‌كان:

- هه‌ر له‌ئیبنوعه‌بباســه‌وه (خوا لێی ڕازی بێـت) غه‌یری ئه‌مه‌ش ڕیوایه‌ت كراوه كه فه‌رموویه‌تی: (ده‌سكه‌وتی جه‌نگ (غه‌نیمه‌ت) ده‌كرایه پێنج به‌ش، چوار به‌شیان بۆ ئه‌وانه ده‌بوو كه به‌شـداریی جه‌نگه‌كه‌یان كردبوو، ئینجا پێنجیه‌كه‌كه‌ی تر ده‌كرایه چوار پشـك: چاره‌كێكیان (پشـكێكیان) بۆ خوای گه‌وره و پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) و خزمه نزیكه‌كانی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ)، هه‌رچی به‌ر خوا و پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) بكه‌وتـایه، پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) هه‌ر ده‌یـدایه‌وه به‌خزمه‌كانی، چونكه جه‌نابی (ﷺ) هیچی له پێنجیه‌كه‌كه بۆ خۆی هه‌ڵنه‌ده‌گرت، ئینجا چاره‌كی دووه‌م بۆ هه‌تیو و چاره‌كی سێیه‌م بۆ هه‌ژار و ده‌سكورت و چاره‌كی چواره‌م بۆ ڕێبوارانی ڕێ، كه بریتی بوون له‌میوانی هه‌ژار و نه‌دار كه ده‌هاتنه ماڵی موسوڵمانان. (به‌ڕێبواری و له‌ده‌ره‌وه‌ی شار).[1]

پاشان سه‌یدنا ئه‌بوبه‌كر و عومه‌ر و عوسمان كردیان به‌سێ به‌شه‌وه و ئه‌وانی تریان لادا، پاشان سه‌یدنا عه‌لیش هه‌روه‌كو سه‌یدنا ئه‌بوبه‌كر و عومه‌ر و عوسمانی كرد و كردی به‌سێ به‌شــه‌وه، دوو به‌شـیان ئه‌وه‌ی كه خوای گه‌وره بۆ خۆی و بۆ پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) و بۆ خزمانی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) دیاریكردووه، كه كاتی خۆی ده‌خرا به‌رده‌ســت پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) تا له‌ژیاندابوو، به‌كۆچی دوایی كردنی جه‌نابی ئه‌م دوو به‌شه نه‌مان، كه‌وابوو پێنجیه‌كه‌كه بوو به‌سێ پشكه‌وه: بۆ هه‌تیوان و هه‌ژاران و ڕێبواران.

---

(١) أبو عبيدة له كتێبی (الأموال / ل ٣٢٥).

لەنێوان سـەیدنا عومەر و خزمانی نزیکی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) زۆر جار باس لە پشکی ئەوان کرایەوە:

- ئیبنو عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێت) دەفەرموێ: عومەر لەو پێنجیەکە بەڕاوبۆچوونی خۆی دەیـدایـنێ، ئێمەش حەزمـان لێی نەمـا ووتمـان مافی خزمانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پشـکێکی پێنجیەکەکەیە، عومەر فەرمووی: خوای گەورە پۆلی کەسە موستەحەققەکانی دیـاریکردبوو، دەدرایە هەژارترینیـان کە خـاوخێزانی زۆربوو، بۆیە هەمـانبوو وەریگرت و هەشمانبوو بەرینەدەکەوت.

- هەر ئیبنوعەببـاس (خوا لێیـان ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە: (سـەیدنا عومەر داوای لێکردین کە لەپشـکی پێنجیەکەکەمـان بداتە ئەوانەمان کە ژن دەهێنێ و ئەوانەمان کە قەرزارن، ئێمە قبوڵمان نەکرد ئەویش ڕای وەرنەگرتین).[١]

ئیمامی عەلی (خوا لێی ڕازی بێت) وایدەبینێ کە پشـکی ئەو پێنجیەکە (پێنجیەکی پێنجیەکەکە) مافی خزمانی پێغەمبەری خوایە (ﷺ)، کەچی کە بوو بەخەلیفە، لەسـەر ڕەویەی سـێ خەلیفەکەی پێش خۆی ڕۆیشـت و حەزی نەکرد پێچەوانەیان ڕەفتار بکات، دەیفەرموو: (بۆ ئەوە نەهاتوومە ئێرە (خیلافەت) تا گرێیەك بکەمەوە کە عومەر گرێیداوە)، دەیفەموو: هەروا وەکو جاران بەشی بکەن، من حەزم لەناکۆکی نییە و دەمەوێ ئوممەتەکە یەك هەڵوێست بێت، دەمەوێ لەسەر ئەو (دید و ڕێیە) بمرم کە یاوەرانی پێش من لەسەری مردن).[٢]

---

(١) ئەبو یوسف لە کتێبی (الخراج / ل ٣٠).

(٢) أبو عبیدة لە کتێبی (الأموال / ل ٣٢٢).

## ٣- ڕاجوێیی له دابەشکردنی پێنجیەکەکەدا:

دوای کۆچی دواییکردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) یاوەران ڕاجوێبوون لەســەر ئەو دوو پشــکەی دەســکەوت، پشــکی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و پشــکی خزمانی، هەندێکیان فەرموویان، پشــکی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ خەلیفە دەبێت، هەندێکی تریان فەرموویان هەر پشکی خزمانی بۆ خزمانی دەبێت، هەندێکی تریان فەرموویان پشکی خزمانی بۆ خزمە نزیکەکانی خەلیفە دەبێت.. پاشـان لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە ئەم دوو پشکە تەرخان بکەن بۆ کڕینی ئەسپ و چەك تا پێداویستی جیهادیان پێ دابین بکرێت.

لەســەر پشــکی هەتیو و هەژارانیش ڕاجوێ بوون: هەندێکیان فەرموویان هەر بۆ ئەو ســێ پۆلە دەســتنیشــانکراوانە کە حوکمەکەی وەکو حوکمی زەکـاتە، هەنـدێکی تر فەرموویان: حوکمەکەی هەر حوکمی دەســکەوتی جەنگ (غەنیمەت)ـــە و مافی هەموو موسوڵمانانی پێوەیە و بۆ هەموان دەبێت، خەلیفەش تێیدا سەرپشکە چۆن لەبەرژەوەندیی موسوڵمانان سەرفی دەکاتەوە تا پێداویستیانی پێ دەبڕێکات.

- ئەبوعوبەیدە دەفەرموێ: (ڕای من ئەوەیە بدرێت بە ناوهێنراوانی ئایەتەکە و نەدرێتە کەســی تر، ئەمما ئەگەر بەرژەوەنـدی موســوڵمـانـان لەوەدابوو لەوان تێبپەڕێت، با بۆ جەنگاوەران بێت نەك بۆ هەموو موسوڵمانان)،[١] ئەوەی ئەم دیدوڕا جیاوازەی پەیداکردووە ئەوەیە کە ئەم پێنجیەکە لەدەسکەوتەکانی جەنگە، بۆیە لەحوکمی زاهیریدا هەر دەبێت بۆ ئـامـاژەپێکراوان بێـت، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئـامـاژەبۆکراوان هەر بەشــانێکن لەوانەی زەکاتیشــیان پێدەدرێت، لەبەرئەمە ڕاجوێ بوون، کە ئەگەر هەر (غەنیمەت)ـــــە ئەوە حوکمەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕای خەلیفە، ئەگەر وەکو زەکاتیشە ئەوە هەر دەبێت بۆ هەشت پۆلەکەی ئەهلی زەکـات بێـت کە لێرەدا پێنجیـان نـاوهێنراون، لەم حـاڵەتەیاندا بۆ نموونە

---

(١) أبو عبيدة له كتێبى (الأموال / ل ٣٢٧).

(قەرزاران) و (في سبيل اللّه)ـکەش هەر دەگەڕێتەوە.

خـوای گـەورە دەربـارەی پێنجیەکەکە دەفەرموێ: ﴿۞ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا غَنِمۡتُم مِّن شَيۡءٖ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُۥ ﴿٤١﴾﴾ الأنفال: ٤١ واتە: بزانن کە هەر شـتێکتان لە غەنیمەت دەسـکەوت پێنجیەکی بۆ خوای گەورە دەبێت.

دوای باسی خۆی باسی پۆلەکانی پێنجیەکەکە دەفەرموێ.. لەباسی فەیئیشدا هەر وایە (کە هەر بریتییە لەسـامان و ماڵی کافران، بەڵام بێ جەنگ کەوتۆتە دەسـت موجاهیدان)، دەفەرموێ: ﴿مَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡقُرَىٰ فَلِلَّهِ ﴿٧﴾﴾ الحشـر: ٧ واتە: ئەوەی کە خوای گەورە لەسـەروەت و سـامانی کافرانی ناوچەکە (مەککە و سـەفراء) خسـتوێتیە بەردەسـتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) پشکێکی بۆ خوای گەورەیە. بەهەمان شێوە دوای باسی خۆی باسی پۆلەکانی تری فەرموو، کەوابوو حوکمی دابەشکردنی دەسکەوت و فەیـئ دەگەڕێتەوە بۆ خەلیفە.. بەڵام لەباسـی زەکاتدا هەر خۆی دابەشـکردنەکەی بەسـەر هەژار و نەداراندا دیـاریکردووە و کەس بۆی نییە بیگۆڕێت یان خۆی تێدا سـەربەسـت بکات، نەجەنابی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و نەخەلیفە. چونکە یەکسـەر بەپشـکی هەژاران دەسـت پێدەکات، (فللّهِ)ی تێدانیە، دەفەرموێ: ﴿۞ إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ ﴿٦٠﴾﴾ التوبة: ٦٠

## خاڵی دووەم: چەند تێبینیەک لەسەری:

١- ئەسڵ ئەوەیەکە پێنجیەکی غەنیمەت ناخرێتە سەر بەیتولمال، چونکە سەربەخۆیە و تـایبەتە بە هەژاران و نەداران و هەتیوان، ئەمە جگە لەزەکات کە هەر دەدرێت بەمانیش، هەروەکو پێشـتر باسـمـان کرد کە خزمانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆیان نەبووە زەکات وەرگرن، هەرچەند هەژار و نەداریش بووبن، بەڵام پشکی تایبەت بەخۆیان - بەدەقی قورئان - لەغەنیمەتدا هەبووە.

٢- ئەگەر ئەوە لەبەرچاوبگرین کە ئوممەتی ئیسلامی ئوممەتی جیهادە و بەرپرسە لە بەردەوەمێتی بانگەواز و جیهاددا تا سەروەرێتی دینی خوای گەورە هەموو جیهان دەگرێتەوە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەم سەرچاوە سامانەی کە مافی ئەو سێ پۆلەیە بەردەوام دەبێت بۆیان بێت.. هەرواش دەبێت، مادام کافر هەیە و دژی ئیسلام و موسوڵمانان دەجەنگن، کەوابوو غەنیمەتیش هەر دەبێت و هەر بەسەر ئەمانەشدا دابەشدەبێتەوە.. بێگومان ئەم پشکە غەنیمەتەیان ڕێ لەوە ناگرێت کە پشکی زەکاتیشیان بەربکەوێت، چونکە زەکاتیش سەرچاوەی مافی ماڵ و سامانیانە.

٣- ئەم دەسکەوتەی لێرەدا باسی هاتووە، ئەو ماڵ و سامان و کەلوپەلانەیە کە بەزەبری جیهاد لەکافرانی شەڕانی و لە مەیدانی جەنگدا گیراوە، ئەمما ئەوەی موسوڵمانان بەگشتی دەکەوێتە بەردەستیان لەماڵ و سامانی کافرانی شەڕانی ئەوە فەیئە، عادەتەن فەیئیش بۆ سوپا نابێت و پشکەکان لەپێنجیەکی جوێ دەکرێتەوە و باقیەکەی تری دەخرێتە سەر بەیتولمال.

## بڕگەی شەشەم:
## ڕێسای ریكاز (كانزای ژێر خاك):

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (وَفِي الرِّكَـازِ الْخُمُسُ)[1] واتە: پێنجیەك لەریكـاز دەردەچێت. شەوكانی (رحمه اللَّه) لە (نَیل الأوطار)ــدا دەفەرموێ: (الرِكاز) لە (رَكَزَ رِكْزَةً ورِكْزاً)ــەوە هاتووە و واتە (دَفَعَهُ) پاڵی پێوەنا. ئەمە پێناسەی هاوبەشی نێوان زمانەوانانە. مـالیـك و شــافیعی دەفەرموون: ریكاز: ئەو ســامانەیە كە لەجاهیلیەتدا ژێر خاك نراوە. ئەبوحەنیفە و ســوفیـانی ثەوری و هیتر دەفەرموون: ریكاز: كانزای زەوییە، دەفەرموون چونكە عەرەبەكان كە دەیانووت: (أركَز الرجلُ) واتە: ریكازی دەســكەوت، مەبەســتیان دۆزینەوەی پارچە زێڕێك بوو یان زیو یان زێڕ و زیوێك كە لەكانزای ترەوە وەدەگیرا، بەڵام جمهور دەفەرموون: بەكانزا ناوترێت ریكاز، بەڵگەشــیان ئەو فەرموودەیە كە دەفەرموێ: (والْمَعْدِنُ جُبـارٌ، وفي الرِّكـازِ الخُمُسُ)[2] واتە: چاڵێك كە بۆ كانزا دەرهێنان لێدرابوو هیچ زەمـانەتێكی نییە،[3] پێنجیەكیش لە ریكـاز دەدرێـت. دیـارە كە ریكاز شــتێكە و كانزا شــتێكی ترە. شــافیعی فەرموویەتی ریكـاز تەنهـا زێڕ و زیوە، بەڵام جمهور دەفەرموون تایبەت ناكرێت بەزێڕ و زیووەوە، ڕای ئیبنولمونزیریش وایە.. فەرموودەكە بەڵگەیە لەســەر ئەوەی كە زەكاتی ریكاز پێنجیەكە، بەهەر پێناسەیەك لەوانەی پێشوو بناسرێت هەر یەكە.

ئیبنو دەقیقی عید دەفەرموێ: ئەو شــەرعناســانەی بەگشتی فەرموویانە زەكاتی ریكاز پێنجیەكە زیاتر پێكاویانە، چونكە فەرموودەكە ڕۆشنە كەوا دەفەرموێ.

---

(١) بوخاری (٦٩١٢)، موســلیم (١٧١٠)، ترمذی (٦٤٢)، ئیبنو ماجە (٢٦٧٣)، ئەبو داوود (٤٥٩٣)، نەســائی (٢٤٩٥)، ئەحمەد (٧٢٥٣).

(٢) بوخاری (٦٩١٣)، موسلیم (١٧١٠).

(٣) واتە: گەر كەســێـك بەهۆی كەوتنە نێو چـاڵێكەوە مرد كە چـاڵەكە بۆ كانزا دەرهێنان لێدرابوو، ئەوا خوێنەكەی بەهەدەر دەڕوات و خاوەن چاڵەكە فیدیەی لەسەر نابێت، بەو مەرجەی چاڵەكە لەسەر ڕێگای گشتی نەبێت.

جمهوری شـەرعناسـان دەفەرموون: ئەوە جیاوازی نییە کە ئایا موسوڵمان دۆزیویێتیەوە یـان زیممی، چونکە پێنجیەکەکەی هەر دەبێ لێبدرێت.. بەڵام شـافیعی دەفەرموێ: هیچ لەزیممی وەرنـاگیرێت. شـەرعنـاسـان لەسـەر ئەوە کۆن کە دەرکردنی زەکاتی ریکاز تێپەڕبوونی ساڵ ناخوازێت بەسەر هەبوونیدا، کەی دۆزرایەوە پێنجیەکەکەی لێدەدرێت.

چۆنیەتی دابەشـکردنی زەکـاتی ریکـاز هەروەکو دابەشـکردنی فەیئە، واتە تەرخـان دەکرێـت بۆ هەژاران و نەداران و هەتیو و ڕێبوارە موحتـاجەکـان، ئەمە ڕای جمهوری پێشەوایانە. بەڵام شافیعی دەفەرموێ: وەکو زەکات دابەشدەکرێت. لەئیمامی ئەحمەدیشەوە هەردوو بۆچوونەکە ڕیوایەت کراوە، زاهیری فەرموودەکە ئەوەش دەسـەلمێنێت کە ریکاز (نیصـاب)ـی بۆ حسـێب ناکرێت (واتە هەر چەندێك بێت بڕەکەی زەکاتی پێنجیەکی لێـدەدرێـت)، بۆیە ڕای حەنەفی و عیترە ئەمەیە. بەڵام مـالیـك و ئەحمەد و ئیسـحـاق دەفەرموون ئەگەر لە پێنج ئۆقیە کەمتربوو زەکـاتی لێنـادرێـت، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (لیسَ فِيما دُونَ خَمْسِ أواقٍ صَدَقَةٌ)[1] بەڵام وەڵامی ئەمە بەوە دراوەتەوە کە دیاریکردنی پێنج ئۆقیە لەزەکاتدایە بەگشتی.

- حەنەفیەکان دەفەرموون:

(کانزاکانی زێڕ و زیو و ئاسـن و مس و قوڕقوشـم و جیوە و هەر گەنجینەیەکی تر کە لەنـاخی زەویـدا دەدۆزێتەوە، چ بە زێڕ و زیوی بێـت، چ کرابێتە خشـڵ و چەك و کـاڵا، هەروەها هەر گەنجینەیەك کە لەزەویەکدا شاراوەتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جاهیلی، واتە: پێش ئەوەی ئیسـلام چووبێتە ئەو وڵاتە، لەهەموو ئەمـانەدا مافی زەکاتی هەژاران پێنجیەکێتی، جـا ئەوی دەریـدەهێنێـت یـان دەیـدۆزێتەوە موسـوڵمـان بێـت یان زیممی، زەویەکەش زەوی خەراجی بێت یان عوشری).

(١) بوخاری (١٤٠٥)، موسـلیم (٩٧٩)، ئەبو داوود (١٥٥٨)، ترمذی (٦٢٦)، نەسـائی (٢٤٤٥)، ئیبنو ماجە (١٧٩٣)، ئەحمەد (١١٧٠٧).

ئەوەی کە لەم سەردەمەدا کۆمپانیا گەورەکان و گچکەکان لەناخی زەوییەوە دەریدەهێنن هەر لەریزی ئەمانەیە کە حەنەفییەکان باسیان کردووە، وەکو دەرهێنانی زێڕ و زیو، ئاسن و کەرەستەی تر، مافی هەژاران لەهەموویاندا پێنجیەکێتی، جا هەروا بەکەرەستەیی بدرێن یان بەپارە.

هەروەها ئەوەی دەزگاکانی کەلەپوور و مۆزەخانە و پسپۆڕان لەژێر زەویدا دەیدۆزنەوە (کوپەڵە و قاپ و قاچاغ و ئاسەواری تری قەومەکانی پێشوو) لەهەموویدا پێنجیەك مافی هەژارانە، زەکاتە و دەبێت بدرێت.

پرسیارێك لێرەدا دێتە پێش: ئایا پیترۆلیش وایە و دەبێت پێنجیەکی لێ بدرێتەوە هەژاران و ئەهلی زەکات؟ لەبۆچوونی حەنەفیەکاندا وەڵاممان بە (بەڵێ) دەستناکەوێت، چونکە حەنەفییەکان فەرموویانە: نەوت و قیر زەکاتیان لەسەر نییە، بەڕوونکردنەوەی هۆکاریشدا فەرموویانە: چونکە هەر لەریزی ئاو هەژمار دەکرێن و ئاویش پێنجیەکی لێنادرێتە زەکات.

ئەم ڕاوبۆچوونە لەزەمانێکدا بوو کە نەوت وقیر هیچ نرخێکیان نەبوو، نەك هەر کەس نەیدەویستن، بەڵکو دەیانەویست دوورە پەرێزبن لێیان، چونکە بەزیانبەخشیان دادەنان، ئەوزەمانە نەوت وەکو چەوریی سەرئاو دەکەوێت و قیر لە هەندێك زەوی بەپیتەوە هەڵدەقوڵا! (ئەمما لەم سەردەمەدا نەوت زێڕی رەشە، نەوت بەشێکە لە پیترۆل و بازاڕی جیهانی پێ گەرم دەبێت!).

ئێمە پێمان وایە ئەوان ڕای سلبیان لەسەر نەوت (پیترۆل) هەبوو، چونکە:

١- هەندێك کانزایان دەناسی کە بەبەشێك لە ریکازیان دانابوون و خستبوویانە ئەو پێناسەوە کە بریتین لەو کەرەستانەی خوای گەورە لەو ڕۆژەوە کە زەمینی خەڵقکردووە، ئەوانەشی تێداجێگیرکردووە.. ریکازیش هەمووو کانزایەکە کە لەناخی زەمیندا خەلق بووە

یان بەدەستی مرۆڤ شارراوەتەوە تێیدا.. بێگومان پیترۆلیش لەم پێناسەدا دەبێت. ئەو پێناسەشیان بۆ نەوت کە هەر چەورییەکە و سەرئاو دەکەوێت کۆنە و وەسفی سیفەتەکانی پیترۆل وگرنگییەکەی ناکات و ناشێت ئەمڕۆش بەهەمان پێناسە بناسرێنێت.

٢- دەربارەی جیوە فەرموویانە، لەهەر پارچە زەوییەکدا دۆزرایەوە پێنجیەکی زەکاتی لێدەکەوێت. ئێ خۆ جیوەش هەر شلەمەنیی خەست (مائع)ـە وەکو پیترۆل.

ئێمە پێمان وایە کە موفتییەکانی مەزهەبی حەنەفی دەبێت پێداچوونەوە بەدیدوڕا و پێناسەکەیاندا دەربارەی پیترۆل بکەنەوە، شەرعناسانی پێشینی مەزهەب فەتواياندا کە دەبێ زەکات بەڕێژەی پێنجیەك لە عەنبەر بدرێت.. ئێ عەنبەر چ نرخێکی هەیە لەچاو پترۆلدا.. ئەمە جگە لەوەی کە عەنبەر گیایە و لەکەنار دەریا دەڕوێت و پیترۆل سەرچاوەی سەرەکی ئابووریی سەردەمە.

ئێمە فەتوا نادەین بەڵام لێکۆڵینەوە وسەرنجدانەوە هاندەدەین.[١]

لەکۆتایی ئەم بڕگەیەدا دەڵێین: بەخەیاڵ وابهێنە بەرچاوی خۆت کە حکومەتەکانی جیهانی ئیسلامی هەر یەکەیان بڕیاریدابێت کە پێنجیەکی ریکازی وڵاتەکەی بۆ هەژاران و هەتیو و ڕێبواران تەرخان کردبێت و لەهەژار و موحتاجی هەندێك وڵاتیان زیادە ماوەتەوە و ناردوویانە بۆ ئەو وڵاتانەی تر کە ریکازیان نییە یان کەمە و بەشی موحتاجیانیانی نەکردووە، تەسەرکە؛ ئایا هەژار و نەدار لەو وڵاتانەدا ماوە؟ هەژاران و نەدارانی ئەمڕۆی جیهانی ئیسلامی هەموو مافێکیان زەوت کراوە و بوار بۆ مەسیحیەوانان کراوەتەوە بەدەستگرۆییەکی سادە یان بەچارەسەرێکی نەخۆشی وایان لێ بکەن ئیسلام

(١) ئەوە کاریگەریی زۆر پابەند بوونە بە مەزهەبێکەوە کە زانا و شەرعناس و پێشەوایەکی سیاسی و جیهادی وەکو ئەم نووسەرە گەورەیە (رحمه الله) لەخۆیڕانەبینێت فەتوای سەربەخۆ لەسەر پیترۆل بدات کە وردەکارانەش ماهییەتی فەتوا کۆنەکانی پێناسە و شیکاری کردووە، بەڵام عەللامە یوسف قەرەزاوی لە (فقه الزكاة)ـەکەیدا بەجێباسی موناقەشەشی نازانێت و دەیخاتە کەرەستە سەرەکییەکانی ریکازەوە، بێگومان ئەم بۆچوونەش ڕاستترە.

واز لـێ بهێنن ببنه مەسیحی! هەروەکو لە ئەندۆنیسیا ڕوودەدات.. کێ بەرپرسە لەمە؟

ئایا ئیسلام لەو واقیعە نالەبارە دژوارە بەرپرسە؟

لە بەندی داهاتوودا کە باس لە بەیتولمالی موسـولّمانان دەکەین، ئەوە ڕوون دەکەینەوە کە کاتێك بەیتولمالی وڵاتێکی جیهانی ئیسـلامی بەسـەر دانیشتوانیاندا دابەشدەکرێت و هەریەکە مـافی خۆی وەردەگرێت، دەبێت زیادەکەی بنێررێت بۆ وڵاتە موحتاجەکانی تری جیهـانی ئیسـلامی، چونکە هەژارانی ئوممەت لەهەر کوێ بن مـافیـان لە پێنجیەکی غەنیمەت و ریکاز و مافیان لە زەکاتی ئوممەتدا هەیە و پێویستیشە بەشیوەیەکی یەکسان بەسەر هەژار و نەداری هەموو وڵاتی موسوڵماندا دابەشبکرێت.

ئەوانەی مافی موسـولّمانان پێشـێلّدەکەن و ناهێڵن مەفەکانیان دەسـکەوێت حەتمەن سزای ڕەفتاریان لەدونیا و قیامەتدا دەچێژن.

## بڕگەی حەوتەم:
## دابینکردنی مووچە بۆ هەموو هاوڵاتییەکی دارولئیسلام:

لەبڕگەکانی ڕابردوودا دیمان کە چۆن ڕێسا ئابوورییەکانی ئیسلام زۆر لەکێشە ئابوورییە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکیی بەچۆنییەتی دید و مومارەسەی خۆی چارەسەر دەکات، چ لەڕێگای تاك تاکەکانی ئوممەت خۆیەوە، چ جای لەڕێگای دەزگا و دائیرە ڕەسمییەکانی دەوڵەتەوە..

جگەلەمانە هەمووی، بەرپرسیێتی گەورەی خەلیفەی موسوڵمانانیش هەیە، کە نابێت لەزەمانی حوکم و تەمەنییدا کەس بێ ماف بمێنێت، کەس موحتاج بێت، دەنا بەرپرسی قیامەتی دەبێت. موسوڵمانانیش هەمووی بەرپرسن هەم لەئەرکی خۆیان بەرامبەر موحتاجان، هەم لەئەنجامدانی فەرمانەکانی ئیسلام و خەلیفە، کاربەدەستانی زەکات و غەنیمەت و خومس (پێنجەیەك) و ئەوقاف و ئەوانی تریش هەمان شێوە بەرپرسن لەچارەسەرکردنی پێداویستیی تاك تاکی ئوممەت..

- ئەبوهورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (أنا أَوْلَى بالمُؤْمِنِينَ مِن أَنْفُسِهِمْ، فمَن ماتَ وعليه دَيْنٌ ولَمْ يَتْرُكْ وفاءً فَعَلَيْنا قَضاؤُهُ، ومَن تَرَكَ مالًا فَلِوَرَثَتِهِ)[1] واتە: من لەموسوڵمانان لەپێشترم وەك لەخۆیان، هەرکەسێك مرد و قەرزی لەسەربوو، ئەوەندەشی لەدوا جێنەمابوو قەرزەکەی پێ بدەنەوە ئەرکە لەسەر منە بۆی بدەمەوە، هەرکەسێکیش مرد و سامانی لەدوا بەجێما، ئەوە میراتە و هەر بۆ میراتگرانی خۆی دەبێت.

---

(١) بوخاری (٦٧٣١).

- لەڕیوایەتێكی تریـدا هاتووە: (وَمَن ترَكَ دَيْنًا أَوْ ضَـيَاعًا، فَلْيَأْتِني فأنَا مَوْلَاهُ)[1] واتە هەركەسـێك مرد و قەرزی لەسـەر بەجێمابوو، یان ماڵ و منداڵی لەدوا بەجێما، با بێنە لای من، من خەمخۆر و سەرپەرشتیاریانم.

- لەڕیوایەتێكی تریدا: (مَن تَرَكَ مَالًا فَلِوَرَثَتِهِ، وَمَن تَرَكَ كَلًّا فَإِلَيْنَا)[2] واتە: هەركەسـێك مـاڵ و سـامـانی دوای مردنی لێ بەجێمـا ئەوە بۆ وەرەسـە (میراتگران)ـیێتی، هەركەسـێكیش مرد و كۆڵی قورسـی (قەرز و مـاڵ منداڵی هەژار و نەداری) لەدوا بەجێمـا، ئەوە ئەركی ئێمەیە قەرزەكەی بۆ بـدەینەوە و خەمخۆرێتی ماڵ و منداڵەكەی بین.

- بەسەرهاتەكەی سیدنا عمر (خوا لێی ڕازی بێت) بەناوبانگە لەگەڵ كابرای جولەكەدا، كە بینیی سواڵ دەكات، پیر و ناتواناشە، لەبەیتولمال مەچەیەكی (بەس)ـی بۆ بڕییەوە.

لەباسـی داهاتوودا زیاتر باس لەواریدات و مەسـرووفاتی بەیتولمالی گشـتی دەكەین، لەم بابەتە بەرفراوانتر دەكۆڵینەوە.

*** **** ***

دوای ئەمەی بـاسـكرا دەڵێین: دوای ڕۆشـن بوونی ئەم دیـد و تێڕوانینە ئیمـانییە و هەبوونی ئەحكامی شـەرعیی گونجاو و مومارەسەی دادپەروەرانە، ئیتر چ كێشەیەكی ئابووریی كۆمەڵایەتی دەمێنێت كە چارەسەركردنی سەخت بێت؟ كۆمەڵگەی ئیسلامی بـەبەرەكەتترین و بەڕێزترین و بەبەزەییترین كۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە، زۆر لەوە ڕاقیتر و ئـاسـوودەترە كە فەیلەسـووفەكان وڕێنەیان پێوە دەكرد و بیرمەندان خەونیان پێوە

(١) بوخاری (٢٣٩٩)، موسلیمیش (١٦١٩) بەلەفزێكی وا.

(٢) متفق علیه.

دەبینی. بەخشین لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا لوتکە و نموونەی بێوێنەی بەخشینە. سەخاوەتی ئیسلامی زۆر دەگمەنە، دادپەروەری کۆکردنەوەی سامان و خاوەنێتی و دابەشکردنەوەی ئەوەندە تاك و بێ وێنەیە کە مرۆڤایەتی لە هیچ سەردەمێکی جاهیلیی کۆن و نوێیدا نەیگەیشتۆتێ.

دوای شارەزابوون لە دیدو تێڕوانینی ئیمانی و ئەحکامی شەرعی ئابووری و مومارەسەی داد و یەکسانیی دەوڵەتی ئیسلامی چۆن هەژار و نەدار دەمێنن؟ چۆن موحتاجێك و ستەملێکراوێك دەمێنێت کە مافی پێشێلکرابێت؟ ئەوی وادەزانێت لە سایەی سەروەرێتی شەریعەتی ئیسلامدا مافی دەخورێت بە هەڵەدا چووە. ئەوی متمانەی بەم قسانە کەمە با تەماشای ئێستای (کۆمەڵگە)ی موسوڵمانە دیندارەکان بکات کە هەرچەندە لە ژێر تین و فشاری کوفردان، هەرچەندە زیندانی و ڕاوەدوونراون، هەرچەندە مەحرووم و کەناردراون، بێکەس و بێناز و لانەوازەن، بەڵام تەماشای هاریکاری نێوانیان کە، یارمەتیدانی یەکتری، بەخشین و دەستدانە باڵی یەکتری، بە خەمەوەبوونی یەکتری و مشوورخۆرییان. ئەمانە هەمووی لە پاڵنەری ئیمان و هاندەری دینداریییانەوە دەبێت. ئەدی ئەگەر کۆمەڵگەی ئوممەتییان ئاوا پەروەردە و ئاڕاستەکردەوە و دەوڵەت و دەزگا ڕەسمییەکانی خیلافەتیان دامەزراندەوە و پیاوانی ساڵح و خواناس و کارامەیان کردەوە بە کاربەدەست و هەڵسوڕێنەری کاروباری دەوڵەت و کۆمەڵگەکەیان، چ نموونەیەکی ڕاقی نیشان جیهان دەدەنەوە؟ لەگەڵ ئەمەشدا دەڵێین:

سەلماندن و چەسپاندنی ئەحکامەکانی شەرع لە دەوڵەتی خیلافەت و کۆمەڵگەی خواویستی ئوممەتدا مانای ئەوە نیە کە دەوڵەت و کۆمەڵگەیێکی خەیاڵی بێ کێشە دروست دەبێت، نا، کێشە مرۆڤییەکان تا کۆتا مرۆڤی سەر زەمین هەر دەمێنن، چونکە موسوڵمان هەر مرۆڤە. بەڵام ئیسلامەکە کە دەبێتە تاکە ئاڕاستەوانی ژیانی تاکوکۆی کۆمەڵگە و دەوڵەت، ئاڵۆزی و پشێوی و ناکۆکییەکانی مرۆڤایەتی چارەسەر دەکات.

ئێمەش دەزانین کە ژیان پڕ کێشـــەیە. مرۆڤ تاکوکۆیان کێشـــەی ئاڵۆزیی جەســـتەیی و دەروونی و ئیمانی لاســەنگیان دەکات و داهێنانی ســلبیی نوێ دەکەوێتە ناو هەمووانەوە، بەڵام لەوە دڵنیاین کە ئیسلام پارسەنگی ڕادەگرێت، ئاڕاستە ئیمانییەکەی هەروا بەردەوام دەبێـت و ئـەحکـامی نوێ بۆ واقیعی نوێ دادەڕێژێـت، دەرگـای ئیجتیهـاد بۆ شـــیـاو و شایستەکان والآیە. ئاوا ئاڕاستەی تەقواکاری و ئەحکامی گونجاو و پڕاوپڕی واقیعەکە و مومارەســـەی دینداری و هەســـتی بەرپرســـێتی دونیا و قیامەت لە ناخی کاربەدەســـتاندا ژیـانـەکـە پـارســـەنگانە بۆ تاکوکۆ ڕادەگرێت. ئا ئەمەشـــە عەبقەرێتی ئیســـلامەکە و لێوەشاوەیی موسوڵمانێتی.

# باسی سێیەم:

# واریدات و مەسرووفاتی بەیتولمال

بڕگەی یەکەم: واریداتی بەیتولمال:

بڕگەی دووەم: مەسرووفاتی بەیتولمال:

## ڕێڕەوێک:

ئەو ڕێسایانەی دەبنە بنەما و زەمینەی سامان بەخشین لە دەوڵەتی ئیسلامیدا لە سیماو سیفاتی جەوهەرییاندا لە هەموو ڕێسایەکی تری بەخشین و مەسرووفکردنی غەیرە ئیسلامی جیاوازن. چۆنیەتی پارەپێدان و مەبەست لێی بە تەواوی لە ڕێسای سیستەمە ئابوورییەکانی تر جودان. واریداتی دارایی دەوڵەتی ئیسلامی تا ڕادەیێکی زۆر جیاوازە لە واریداتی دەوڵەتانی تر. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم جیاوازییە سەرەکیانە پێویستە لەم بارەدا بە تەفسیل باس لە هەندێك خاڵی واریدات و پاشان مەسرووفات و ئینجا چۆنیەتی ڕێکخستنی بەیتولمالی گشتی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا بکەین.

- بڕگەی یەکەم: واریداتی بەیتولمال، واتە: ئەو سەرچاوە و ڕێگایانەی ماڵ و سامان و پارە و پوولی لێوە دێت بۆ بەیتولمال (خەزێنەی دەوڵەت)، کە بریتین لە:

١- خەراج

٢- عشوور (گومرگ)

٣- واریداتی خاوەنێتی گشتی سامانی ژێر و سەر زەوی.

٤- ماڵ و سامانی بێ وەرەسە و بێ کەس.

٥- ئەو ماڵ و سامانانەی بە شێوەی شەرعی موسادەرە کراون.

٦- جزیە

٧- ئەو باجانەی لە کاتی پێویستدا دادەنرێن.

٨- مافە گشتییەکانی دەوڵەتی موسوڵمان.

٩- فەیئ

١٠- سزا داراییەکانی تەمێکردن

١١- واریداتی دەزگا و موڵکەکانی تایبەتی دەوڵەت (میری).

- بڕگەی دووەم: مەسرووفاتی بەیتولمال، واتە: ئەو ماڵ و سامانانەی دەوڵەتی موسوڵمان بەخشیونی یان خەرجی کردوون، کە بریتین لە:

١- مووچەی کارمەند و فەرمانبەران.

٢- بوجەی پڕۆژە گشتییەکان.

٣- دابینکردنی پێداویستییەکانی تاکوکۆی موسوڵمانان (ڕەعییەتی دەوڵەتی ئیسلامی).

٤- پاشان دابەشکردنی ماڵ و سامان و پارە زیادەکەی کە لە بەیتولمالدا دەمێنێتەوە.

# بڕگەی یەکەم:
# واریداتی بەیتولمال:

## خاڵی یەکەم: خەراج:

### ١- پێناسە و ڕێسای خەراج:

خاوەنی کتێبی (السياسة الماليّة في الإسلام) دەربارەی خەراج نوسیوێتی:

خەراج ئەو بڕە سامانەیە کە لە سەر بەرهەمی زەوی و زاری ئەو وڵاتانە دادەنرێت کە لەلایەن موسوڵمانانەوە فەتح دەکرێت، جا لە ڕێگای جەنگ و جیهادەوە بووبێت یان لە ڕێگای ڕێکەوتن و ئاشتیەوە بووبێت.

ئەبویوسف (رحمه اللّه) وادەبینێت کە خەراج هەر فەیئە، بۆیە دەفەرموێ:

(ئەمما فەيئ ئەوە لای ئێمە هەر خەراجە، خەراج فەیئە و فەیئیش خەراج، کە بریتییە لە بەرهەمی زەوی و زار؛ واللّه أعلم. چونکە خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێ: ﴿مَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡقُرَىٰ فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ كَيۡ لَا يَكُونَ دُولَةَۢ بَيۡنَ ٱلۡأَغۡنِيَآءِ مِنكُمۡ ٧﴾ الحشر: ٧ واتە: ئەم حوکمەی بەسەر سامان و دەسکەوتی بەنوننەزیردا چەسپێندرا، دەبێتە حوکمی هەموو شارو وڵاتێکی تر، کە بەو شێوە، بێ جەنگ، سەروەت و سامانیان دەکەوێتە بەردەست موسوڵمانان. خەلیفە یان ئەمیر پشکێکی بەردەکەوێت، کە دیاریکراوە. ئەوی تری هەمووی بەسەر کەسوکاری پێغەمبەری خوادا و هەتیوان و هەژاران و ڕێبوارانـدا دابەش دەکرێـت. تا سامان و ماڵ لە دەست کۆمەڵە کەسێکی دەوڵەمەندا گـیر نەدرێت و دەستکورتەکانیش لـێی مەحرووم نەبن..

- خوای گەورە کە لە باسی ئەم پشکانە بۆوە فەرمووی: ﴿لِلۡفُقَرَآءِ ٱلۡمُهَٰجِرِينَ ٱلَّذِينَ أُخۡرِجُواْ مِن

﴿... دِيَـٰرِهِمْ وَأَمْوَٰلِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنًا وَيَنصُرُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّـٰدِقُونَ ﴿٨﴾﴾ الحشر: ٨

واته: هەر لەو ماڵ و سامانەی بەنونەزیر کە بەبێ جەنگ کەوتە بەردەستتان بدەنە هەژارانی موهاجیر کە لە مەککەوە بۆ مەدینە هیجرەتیان کردبوو، چونکە لە لایەکەوە دوژمن لە ماڵ و حاڵی خۆیانیان کردبوون و لە شار دەریانپەڕاندبوون، لە لایەکی ترەوە خۆیان لە بەر خاتری خوای گەورە و بە ئومێدی ڕازیبوونی کۆچیان کرد، ئەمانە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) سەردەخەن، ئا ئەمانە سەرڕاست و ڕاستگۆن لە دینداریياندا.

دوای ئەمە دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلْإِيمَـٰنَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِى صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّآ أُوتُوا۟ وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٩﴾﴾ الحشر: ٩ واته: ئەو موسوڵمانانەی تریش (ئەنسار کە خەڵکی مەدینە بوون) کە جێ و ڕێ و ئیمانیان پێش هاتنی موهاجیرەکان بۆ ئامادە کردبوون و حەزیان دەکرد بێنە سەر ماڵ و خانووبەرەیان و بەشداری ژیانایان بن و هیچ گرێ و گۆڵێکیان لە دڵ و دەروونـدا نیە بەرامبەریان کە هەموو فەیئەکەی بەنونەزیر بە موهاجیران بدرێت، چونکە بەرژەوەندی ئەوان دەخەنە پێش بەرژەوەندی خۆیان ئەگەرچی هەژاری و نەداریش بەسەر خۆیاندا بهێنن، بەڕاستی هەر کەسێك خۆی لە بەخیلی و پیسکەیی نەفسی بپارێزێت سەرفرازو سەرکەوتووە.

دوای ئەمانە دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلْإِيمَـٰنِ وَلَا تَجْعَلْ فِى قُلُوبِنَا غِلًّا لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٠﴾﴾ الحشر: ١٠ واته: ئەو کەسانەی تر کە لە دوای ئەوان (موهاجیران و ئەنسار) هاتن - چ لەو زەمانەدا و چ لە نەوەکانی دواتری موسوڵمانان - لە خوای گەورە دەپاڕێنەوە و دەڵێن: خوایە گیان لێمان خۆش بە، لەو برایانەشمان خۆش بە کە پێشتر بە ئیمانەوە ژیان و مردن، وە هیچ بوغز و کینەیەك لە دڵماندا بەرامبەر موسوڵمانان مەهێڵە - لە هەر زەمانێکدا بن -، خوایە گیان تۆ بە سۆز و

بەزەییت.

ئەبویوسف دەفەرموێ: ئەمە (واللّه أعلم) دەربارەی موسولّمانانی دوای یاوەرانە، لەو کاتەوە تا رۆژی قیامەت، بۆیە کاتێك بیلال لە سەیدنا عومەری کوڕی خەتتابی - خوای لێی ڕازی بێت - داوا کرد کە زەوی و زاری فەتح کراوی عێراق و شام بە سەر جەنگاوەران و موستەحەقانی تریدا دابەش بکات، فەرمووی: چما دەبێت زەوی و زاری ئەو دوو ناوچەیە وەکو غەنیمەتەکان بە سەر سەربازاندا دابەش بکەم؟! بە ڕای ئەوانی نەکرد، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە و فەرمووی: خوای گەورە ئەو موسولّمانانەشی لەم زەوی و زار و خێرەدا بەشدار کردوون کە لە دوای ئەمانە دێن، ئەگەر من ئێستا ئەمە بە سەر ئەماندا دابەش بکەم خۆ هیچ بۆ موسولّمانانی دواتر نامێنێتەوە کە دوای ئەمان دێن، ئەگەر زیندوو بمێنم پشکی شوانێك لە سەنعاء - پایتەختی یەمەن - دیاری دەکەم لێی و پێیدەگەیێنم و ئابڕووی دەپارێزم (ناهێڵم ناچاری داواکردن ببێت لەم و لەو).[1]

ئەبوعوبەیدیش ڕای وایە کە جزیە بەشێکە لە فەیئ،[2] خەراج لە سەر سەرو زەوییە. ئەوانەش کە شایانی وەرگرتنی پشکەکانین ئەوانەن کە خوای گەورە لوتفی لەگەڵ کردوون و ئەو زەوی و زارانەی خستۆتە بەر دەستیان و بە سەر دوژمناندا زاڵی کردوون.

لەم دیدوڕایەوە بێت ناشێت بوترێت فەیئ هەر خەراجە، بەڵکو خەراج و جزیەیە پێکەوە. ئەمە لەگەڵ ڕاوبۆچوونەکەی ئەبویوسف یەك دەگرێتەوە کە فەیئ بەو سیفەتە خەراجە کە جزیەشی لەگەڵدا بێت (چونکە خەراج باجی زەوییە و جزیەش باجی سەری ئەهلی کیتاب). ئەمانەش بە سەر جەنگاوەراندا دابەش ناکرێن بەڵکو واریداتی ئەم زەوی و زار و کەسانەی خاوەنیان (لە غەیرە موسولّمان) دەبێتە موڵك و سامانی گشتی هەموو موسولّمانان لە هەر سەردەمێکدا بن. هەروەکو کە ڕای سەیدنا عومەری - خوا لێی ڕازی

---

(١) - ئەبو یوسف: الخراج (ل ٢٣-٢٤).

(٢) - أبوعبيد: الأموال (ل ٤٦).

بێت - له سەر جێگیر بوو دەربارەی زەوی و زاری عێراق و شام. جزیەش هەر وایە، به سەر هەموو موسـوڵماناندا بەش دەبێتەوە، ئەوی بەشـداری جەنگ و جیهادی کردووه و ئەوی نەیکردووه، چونکه جزیه له سەر ئەو کەسانەیه که ئەهلی زیممەن.

سێ بۆچوون له سەر حوکمی شەرعییانەی زەوی و زاری عێراق و شام دروست بوو:

١- بریتیه له هەموو خاك و زەویەکی تر که خەڵکەکەی موسوڵمان بوون، خاك و زەوی و زاریان هەر موڵکی خۆیان دەمێنێت و عوشـری لێدەدەن، واته یەك له دەی بەرهەمی له جیاتی زەکات.

٢- ئـەو خـاك و زەوی و زارەیـه کـه ڕێکـەوتن لەگەڵ خاوەنەکانیاندا ئەنجام دراوه که دەبێت ساڵانه ئەو بڕه سامان و پارەیه بدەنه دەوڵەتی ئیسلامی که له سەری ڕێککەوتوون، زیاتریان له سەر نیه.

٣- ئەو خاك و زەوی و زارانەیه که به هێزی چەك خراونەته بەر دەسـت موسـوڵمانان؛ ڕای موسوڵمانان له سەر پێناسه و حوکمی جیاوازه:

أ- هـەنـدێـك دەفـەرموون: حوکمی وەکو حوکمی دەسـکەوتەکانی جەنگ (غەنیمەت)ە، دەکرێت به پێنج بەشـەوه، چوار بەشـیان بۆ ئەو جەنگاوەرانەیه که گرتوویانه و بەشەکەی تر دەکرێته پێنج پشك و هەر یەك له پێنجیەکەکانی بۆ ئەوانه دەبن که ئایەتی (غەنیمەت) ئاماژەی پێداون: پشـکی خوا و پێغەمبەری خوا (ﷺ) و پشـکی خزمانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و پشکی هەتیوان و پشکی هەژاران و پشکی ڕێبواران: ﴿۞ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا غَنِمۡتُم مِّن شَيۡءٖ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُۥ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ ٤١﴾ الأنفال: ٤١

ب- هەندێکی تر دەفەرموون: حوکم و بڕیاردان له سەری دەگەڕێتەوه بەردەست خەلیفه؛ ئەگەر خسـتیه ڕیزی غەنیمەتەوه ئەوا دەیکاته پێنج بەشـو هەروەکو که پێغەمبەری خوا (ﷺ) موڵك و زەوی و زاری جولەکەکانی خەیبەری والێکرد، ئەگەر بڕیاریشیدا که فەیئە

ئـەوا دابـەشـــی دەکـات، بـەڵام دەیکاتە موڵکی ئەوقاف تا بۆ هەموو موسـوڵمانان بێت. هەروەکو کە سـەیدنا عومەر وای لە زەوی ڕەشایی (أرض سواد)[1] کرد کە تایبەتی کرد بە ماڵی گشتی موسوڵمانان، چ ئەوانەی لەو سەردەمەدا بوون، چ ئەوانەی دواتر هاتن.[2]

ئەبو یوسف دەفەرمویێ: لەیسی کوڕی سەعد لە حەبیبی کوڕی ئەبو سابیتەوە گێڕایەوە کـە فەرمووی: کۆمەڵێك لە یاوەرانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و موسـوڵمانانی تر زۆریان داوا لە عومەڕی کوڕی خەتتاب کرد کە خاك و زەوی و زاری شام بەش کات هەروەکو کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) زەوی و زاری خەیبەری دابەش کرد، ئەوی زۆر ئیلحاحی لێدەکرد و کۆڵی نەدەدا سەیدنا زوبێری کوڕی عەووام و بیلالی کوڕی ڕەباح بوون (خوا لێیان ڕازی بێت). سـەیدنا عومەریش هەر ئەوەی پێدەفەرموون: چۆن لێگەڕێم موسـوڵمانانی داهاتوو هیچیان لە دەستدا نەمێنێت؟ ئاخری جارێك دوعای لێکردن فەرمووی: (اللَّهمّ اکفني بلالاً و أصحابَه)؛ واتە: خوایە بیلال و یاوەرانیم لە کۆڵ بکەرەوە. هەندێك لە موسوڵمانان دەیانوت ئـەو تاعوونەی لە شـام بڵاو بۆوە کە بیلال و یاوەرانی پێ لە ناو چوون (خوا لێیان ڕازی بێت) لەم دوعایەی سـەیدنا عومەرەوە بوو، سـەیدنا عومەر ئەو کاتە زەوی و زاری شامی هـەر لە دەسـت ئەهلی زیممە (مەسـیحیەکان)ـدا هێشـتەوە کە خەراجیان لێدەدایە موسوڵمانان.[3]

- ئیبراهیمی تـەیمی دەفەرموێ: کاتێك موسـوڵمانان زەوی و زاری عێراق و شـامیان کەوتە بەر دەسـت داوایان لە سـەیدنا عومەر کرد کە بە سـەر جەنگاوەرانی ئیسـلامدا دابەشـی کات چونکە بە هێزی چەك فەتح کراوە، بەڵام ئەو بە قسەی نەکردن و فەرمووی:

---

(١)أرض سـواد (زەوی ڕەشایی) بە خاکی عێراق دەوترا چونکە بەردەوام دار و درەخت و گیا و چاندنی هەبوو (وەکو کورد دەڵێ شـینایی بوو)، ڕەشی دەکردەوە لەبەر زێدە سەوزایی، ئەمە بەرامبەر بیابان و دەشتی وشکە کە پێی دەڵێن زەوی سپیایی (أرض بیضاء).

(٢) - ئەبوعوبەید: الأموال (ل ٥٥).

(٣) - ئەبویوسف: الخراج (ل ٢٦).

ئەدی چی بمێنێتەوە بۆ موسوڵمانانی دوایی؟ دەترسم دابەشی بکەم لێتان و لە سەر ئاودانی بکـەونـە نـاکۆکی و لە یەکتر تێکدان، دوایی هەر یەکەتان پشـــکی زیاتری دەوێت، بۆیە گوێی نەدایە داوایان و زەوی و زارەکەی هەر لە بەردەســـت خاوەنەکانیاندا هێشـــتەوە کە جزیەی سەرانەی خۆیان و خەراجی زەویەکانیان بدەن، دابەشی نەکرد لێیان.[1]

- کاتێك موسوڵمانان بە فەرماندەیی سەعدی کوڕی ئەبووەققاس (خوا لێی ڕازی بێت) عێراقیان فەتح کرد سـەیدنا عومەر نامەیەکی بۆ سـەیدنا سـەعد نووسی کە تێیدا هاتبوو: (پاشـان: نامەکەتم پێگەیشـت کە نووسـیوتە خەڵکی لێت دەپرسـن کە دەسـکەوتەکانی جەنگ و ئەوانەی خوای گەورە بێ جەنگ خسـتوێتییە بەردەسـتتان (فەیئ) دابەش کەی لێیـان، ئـەو کەلوپەلانەی هێناویانەتە بەردەســتت ئەویان لێ دابەشـــکە و لە خاك و ئاو گەڕێ با هەر بە دەست خاوەنەکانیانەوە بێت تا ببێتە موڵکی گشـتی موسوڵمانان، ئەگەر ئێمە ئێستا دابەشی کەین خەڵکانی زەمانی داهاتوو هیچیان لە دەستدا نامێنێت).[2]

- ئەبو یوســف دەفەرموێ: زیاتر لە زانایەکی ئەهلی مەدینە بۆیان باس کردم کە دوای فەتحی عێراق نامەیەك لە ســەعدی کوڕی ئەبووەققاســەوە (خوا لێی ڕازی بێت) هات بۆ عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێت) دەربارەی خاك و ئاو و زەوی و زاری ئەوێ کە حوکمی چی دەبێت؟ سەییدنا عومەر ڕاوێژی بەو یاوەرانە کرد کە لە مەدینە لە خزمەتیدا بوون کـە ئـایـا زەوی و زاری عێراق و شـــام لـە جـەنگاوەران بەش کات یان بیهێڵێتەوە؟ هـەنـدێکیـان فـەرموویـان: وەکو هـەر دەســکەوتێکی تری فەتح لێیان بەشــکە، عومەر فەرمووی: ئەدی چی دەمێنێتە بۆ موســوڵمانانی دوایی؟ ئەوان کە دێن دەبینن خاك و ئاو و علووجەکانی (جوتیار و کارمەندانی زەوی و زار) بە سەر باوك و باپیریاندا دابەش کراوە و هیچ بۆ دەرامەتی ئەوان نەماوە؟ ئەمە کەی بۆچوونێکی پەســەندە؟! ســەیدنا عبدالرحمانی

(١) - ئەبوعوبەید، الأموال (ل٥٧).

(٢) - الخراج (ل ٥٩).

کوڕی عەوف فەرمووی: ئەدی چی بۆچوونێکی پەسـەندە؟ ئەوە زەوی و زارە فەتح کراوە، زەوی و علووج سـامانە و خوای گەورە خسـتویەتیە بەردەسـت موسـوڵمانان، عومەر فەرمووی: ڕاسـتە هەروایە وەکو جەنابت دەفەرموویت، بەڵام من وانابینم دابەشـبکرێت. والله ئەگەر دابەشـی بکەم، دوایی من هەر شـوێنێك فەتح بکرێت ئەوەندە بەرهەم نادات (چونکە وەکو عێراق و شـام دەوڵەمەند نابن)، سـەرئەنجامیش وا دەبێت سـەربازەکانیش چاوەڕێی دەستی ئەم و ئەو و خێر و خێراتیان دەکەن، جا من خاك و علووجی عێراق دابەش بکەم و خاك و علووجی شـام دابەش بکەم، ئیدی بە چی مەسـرووفی لەشـکری سـەر سـنوورەکان بەخێو بکرێت، ئەدی چی بۆ ماڵ و منالّیان دەبێت کە لە شـاری خۆیان جێیان هێشـتوون؟ بەبێ خاك و ئاوی عێراق و شام چۆن ئەو خەڵکە بەخێو دەکرێت؟ زۆریان داوا لە سـیدنا عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) کرد کە دابەشی بکات، عەرزیان کرد: تۆ ئەوەمان لێ دەگریتەوە کە بە شـمشـێر لە دەسـت دوژمنمان دەرهێناوە دەیدەیتە کەسـانێك کە نە خۆیـان نە کوڕیـان بەشـداریی فەتحکردنەکەیـان نەکردووە، وە دەشـتەوێ بۆ کوڕ و کوڕەزاشـیان بمێنێت، کە کەسیشیان ئامادە نەبوون؟ سیدنا عومەر هەر ئەوەی دەفەرموو: بەڵام ئەوە بۆچونی منە، عەرزیـان کرد بـاشـە ڕاوێژی زیاتر بکە، دەفەرمووێ ڕاوێژی بە موهاجیران و ئەنسـارییەکان کرد هەروا ڕاجوێ دەرچوون، سـیدنا عبدالرحمن دەیفەرموو لێیان بەشکە. سیدنا عوسمان و علی و تلعە و ابن عمر (خوا لێیان ڕازی بێت) لەسەر ڕای سـیدنا عومەر بوون، پاشـان ناردی بە شـوێن دە پیاوماقوڵی انصـاردا: پێنجیان لە ئەوس و پێنجیـان لە خەزرەج، کە هەموو قسـە ڕۆیشـتوو گەورە پیاوانی مەدینە بوون. کە هاتنە خزمەتی و هەموویان کۆبوونەوە، سـیدنا عومەر سوپاس و ستایشی خوای گەورەی کرد و سـەڵاواتی لە دیـداری پێغەمبەری خوادا (ﷺ) پاشـان پێی فەرموون: (نەمویسـتووە نارەحەتتان (ئیزعاج)ـتان بکەم، بەڵکو مەبەستم ئەوەبوو کە ئەو ئەمانەتەی لەسەر شانمە، ئێوەش بەشداری هەڵگرتنیم لەگەڵدا بکەن کە بەرپرسێتی کاروبارتانە، منیش هەر یەکێکم لە ئێوە و وەکو ئێوە، ئەمڕۆ ئێوە داواتـان لێکراوە ئەوەی بەحەقی دەزانن بیلێن، ڕاجوێ

دەبیـت لەگەڵ منـدا یان ڕاکۆك گرینگ نییە، من نامەوێ لایەنگری ڕای من بیت..خۆتان بیروڕاتان چیە؟ قورئانی خوای گەورەش لەبەر دەستاندایە و غەیری حەقی تێدانییە، بەخوا قەسـەم هەرچییەکم وتوو، هەرچییەك دەیڵێم هەر مەبەستم هێنانەدیی حەقە، غەیری حەق نەمویســـتووە، عەرزیان کرد: گوێمان لێتە ئەی ئەمیری موســـڵمانان. پاشـــان فەرمووی: گوێتان لە ڕاوبۆچونی ئەو کەسـانە بوو کە پێیان وایە ستەمیان لێدەکەم و مافی خۆیانیان نادەمێ، من پەنا بەخوای گەورە دەگرم دەستدرێژی و زوڵمێك کە تێیبکەوم، ئەگەر مافێك هی ئەوان بێت و دابێتمە کەسـانێکی تر واوەیلا بەحاڵم ئەوە دیارە بەدبەخت کەوتووم، من وادەبینم کە لە خاکی (کیسـرا) بەولاوە شـتێکی زۆر نامێنێت، ئەوەتا خوای گەورە خاك و ئاو و سامان و علووجیانی خستۆتە بەردەستمان، ئەوەی دەسکەوتی جەنگ (غەنیمەت)ـە لیم بەشـــکردوون، پێنجیەکم لێ جیـاکردووەتەوە وە گەیـانـدوومە بە موســـتەحەققـان، هەندێکیشـــی ماوەکە دەیگەینم بە موســـتەحەققانی تری، من ڕرام وایە زەوی و زارەکە بە علوجەکانییەوە وەکو خۆیان بهێڵمەوە و خەراجیان لەســـەر فەرز بکەم، جزییەش لەســـەر خۆیـان تا بیدەنە موســـڵمانان: جەنگاوەر و نەوەکانیان ئەوانەش کە بە دوایاندا دێن.. ئەو سنورانە دەبینن؟ کە حەتمەن دەبێت پڕ لەسەرباز بن. ئەم شار و وڵاتە گەورانە دەبینن؟ شام و جەزیرە و کوفە و بەسرا و میسر؟ هەموو ئەمانە دەبێت پڕکرێن لە سەرباز و پێداویستیان، لە مووچە و مەسرووفیان، جا کە من خاك و علووجی عێراق و شام دابەشبکەم ئەو هەموو مووچەو مەســـروفە لەکوێوە دابین بکەم؟ هەموویـان فەرموویان: هەر ئەوە پەســـەندە کە خۆت پێت وایە بکرێت، باشترین ڕات دەربڕی جوانترین قسەت فەرموو، ئەگەر ئەم سنوور و شـار و وڵاتانە پڕنەکرێن لەسەرباز و هێز، وە مووچەوە مەسروفیان نەکێشرێت، گومانی تێدا نییە کە ئەهلی کوفر دێنەوە ســـەریان. فەرمووی زۆر چاکە بۆم دەرکەوت (دڵنیابووم کە کام بۆچونیان ڕاسـت و دروستترە)، پاشان لێی پرسین: ئەدی کێ خاوەن هزر و ژیری و ئەزموون و زمان شـیرینە تا بتوانێت ئەم کارە بگرێتە دەســت و مافی خۆی بداتێ؟ هەموو ڕایان هاتە سەر عوسمانی کوری حەنیف (خوای لێ ڕازی بێت)، فەرموویان: ئەو دووربین و بیرتیژە و هزر و ژیریی دامەزراوە و ئەزموونی زۆری هەیە، ســـیدنـا عومەر هەر خێرا

تەشریفی برد بۆ لای و هەموو زەویی ڕەشایی (أرض السواد)ـی خستە ژێر حوکمیەوە.(١)

ئەم ڕاوبۆچونەی وەکو (کۆڕای گشتی) بوو، بوو بەو ڕێسایەی حوکمی هەموو زەوی و زار و علوجێکی فەتحکراوی کرد، هەموو زەوی و زارێکی فەتحکراو لە دەست خەڵکەکەی دەهێڵرایەوە؛ خەراج لەسەر زەویەکە و جزییە لەسەر خاوەنەکانیان دادەنرا، ئاوا ڕاوبۆچونی سـیـدنـا عومەر و یـاوەرانی و موهاجیر و ئەنصـار، بوو بە خێر و بەرەکەت بۆ هەموو موسوڵمانێکی ئەو سەردەمە و ئەو نەوانەی بە دوایاندا هاتن.

## ٢- حوکمی زەویی خەراجی:

هەروەکو کە یـاوەران لە چارەنوسـیی زەوی خەراجدا ڕاجوێ بوون، کە ئایا بەسـەر موجاهیداندا بەش دەکرێت، یان دەبێتە موڵکی گشتیی گشت موسوڵمانان، لە چارەنووسی دوای ئەویشـدا ڕاجوێ بوون، کە ئایا دوای ئەوەی بوو بە موڵکی هەموو موسـوڵمانان، کەس بۆی هەیە بیکڕێتەوە؟ ئایا فرۆشـتنەوەی جائیزە؟ ئایا ئەگەر زیممی دەستبەرداربوو، بوو بە موڵکی موسـوڵمـانێك هەر دەبێت خەراجی لێبدات؟ ئەگەر خەراجی لێبدات ئەوە دەبێ زەکاتیشـی لێبدات کە دەیەك (عوشـر)ـە؟ موسـوڵمانان لەوەڵامە ئەو پرسـیارانەدا ڕاجوێ بوون هەر لایەك و بەڵگەی خۆی دەخاتە ڕوو..

- زۆرینەی یـاوەران ڕایـان وایە کە زەویی خەراجی هەر لە دەسـت ئەهلی زیممەدا دەمێنێتەوە، وەکو خۆیان کاری تێدادەکەن و خەراجەکەی دەدەنە موسـوڵمانان، نابێت نە بەفرۆشتنی نە بەدیاریدانی بدرێتە موسوڵمان.

ئەبو عوبەیـدە دەفەرمووێ: ڕیوایەتەکـان لەسـەر ئەوە زۆرن کە ڕێ لە کڕینی زەویی خەراجی دەگرن، ئەوانەی حەزیـان بە کرینەوەی نەبووە لە دوولاوە لە مەسـەلەکەیـان

---

(١) ئەبو یوسف: کتاب الخراج (ل ٢٤ و دواتری).

ڕوانیوە:

أ- چونكە فەیئی موسوڵمانانە.

ب- خەراجدان ملكەچی و زەلیلیە.[1]

لە سەیدنا عومەرەوە (خوای لێی ڕازی بێت) ڕیوایەت هاتووە كە فەرموویەتی: (لا تشتروا رقيق أهل الذِّمَّة، فإنهم أهلُ خراج، وأرضوهم فلا تبتاعوها، ولا يُقِرُّنُ أحدُكم بالصغَار بعد إذ نجاهُ اللهُ منه)[2] واتە: كۆیلەی ئەهلی زیمە (خاوەن دینی ئاسمانی هاوپەیام مەكڕنەوە، چونكە ئەوانە ئەهلی خەراجدانن، زەویەكانیشیان لێ مەكڕن، خۆتان مەخەنە زەلیلیەوە دوای ئەوەی خوای گەورە قوتاری كردوون). مەبەستی سیدنا عومەر ئەوەیە كە خەراج باجێكە كە ئەهلی زیمە لە بەرهەمی زەویەكانیان دەیدەن، جا ئەگەر زەویی خەراجی ئەوان كەوتە بەردەستی موسڵمانان هەر دەبێت موسڵمانەكە خەراجی زەوییەكە بدات، ئەم خەراجدانە خۆی لە خۆیدا ملكەچی و زەلیلیە، خوای گەورە ئەم موسڵمانانەی لێ قوتار كردووە، بۆچی بەویستی خۆی دەیەوێت بكەوێتە ناویەوە و خەراج بدات؟!

- لەگەڵ ئەم بۆچونەدا، بۆ چونێكی تری بەرامبەر هەیە كە ڕێ بە فرۆشتن و كرینی زەویی خەراجی دەدات، ئەمەش بۆچوونی ئیبنو مەسعوودە لە یاوەران (خوای لێ ڕازی بێت)، هەروەها ڕای محمدی كوڕی سیرین و عومەری عبدالعزیزە (رحمهم الله).

ئیمامی مالك (رحمه الله) دەیفەرموو: (ناشێت ئەو زەوی و زارانەی كە موسوڵمانان لەڕێی (صولح)ـەوە گرتوویانە لەدەست ئەهلی زیمە دەربهێندریت، هەر پارچە زەوییەك بە ڕێكەوتنی نێوان موسوڵمان وئەوان بێت، هەر ئەوان خاوەنی دەبن، چونكە ئەوان بەرگریان لە وڵاتی خۆیان دەكرد، پاشان ڕازی بوون ڕێكەوون، ئەمما ئەو زەوی و زارەی دوای جەنگ

(١) أبو عبيدة: الأموال (ل ٧٩).

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو (ل ٧٧).

دژیان گیراوە ئەوە فەیئی موسوڵمانانە).[1]

ئەمما عومەری کوڕی عبدالعزیز (رحمه الله) دەربارەی جزیە کە خوای گەورە دەربارەی فەرمویەتی: ﴿حَتَّىٰ يُعۡطُواْ ٱلۡجِزۡيَةَ عَن يَدٖ وَهُمۡ صَٰغِرُونَ ٢٩﴾ التوبة: ٢٩ واتە: بەرامبەریان بجەنگە تا ئەو کاتەی ڕازیدەبن دەست بە دەست زەلیلانە جزیەکە بدەن. دەیفەرموو ئەو جزیەیە لەسەر سەر (نەفەر)یان دانراوە، زەلیلییەکە لەواندایە نەك لە خەراجداندا، بۆیە کڕینەوەی زەویی خەراج هیچ بەربەستێکی نییە.

## * ئەگەر زەویی خەراج کەوتە دەست موسوڵمانان حوکمی چ دەبێت؟

- عومەری کوڕی عبدالعزیز و ئیمامی مالیك و ئەوزاعی دەفەرموون عوشر و خەراجی لەسەر دەبێت، چونکە عوشر زەکاتی زەوییەکەیە و لەسەر موسوڵمانان فەرزە و هەر دەبێت بیدات، خەراجیش لەئەسڵدا باجە و لەسەر زەوی دانراوە و مافی هەژارانە، کە زەویەکە بدرێتە دەست کەسێکی تر (موسولّمان یان غەیرە موسوڵمان) خەراجەکەی هەر لەسەر دەمێنێت. عومەری کوڕی عبدالعزیز نامەی بۆ والی خۆی لە فەڵەستین نووسی کە هەر موسوڵمانێك زەوییەکی ئەهلی جزییەی لەبەر دەستدایە، جزییەکەی لێوەرگرە، پاشان زەکاتیش.. دەیفەرموو عوشر لەسەر دانەوێڵەیە.[2]

- ئەبوو عوبەیدە دەفەرموێ: ئەوەی جیاوازی نێوان عوشر و خەراج دەردەخات و دەیسەلمێنێت کە دوو حەقی لێك جودان، ئەوەیە کە عوشر لە بوارێکدا سەرفدەبێت و خەراجیش لەبوارێکی تردا. خەراج بۆ جەنگاوەران و نەوەکانە عوشریش زەکاتە بۆ هەشت پۆلەکەی زەکات سەرف دەبێتەوە کە خوای گەورە لە ئایەتی زەکاتدا باسی فەرموون: ﴿۞إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱلۡعَٰمِلِينَ عَلَيۡهَا وَٱلۡمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمۡ وَفِي ٱلرِّقَابِ وَٱلۡغَٰرِمِينَ وَفِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِۖ ٦٠﴾ التوبة: ٦٠

---

(١) الأموال: (ل ٨٨).

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو: (ل ٨٩).

لەیسی کوڕی سەعد (رحمە اللە) دەیفەرموو: عوشر فەرزنییە، لەکاتێکدا کە خۆی عوشری زەوی و زارەکەی خۆی لەگەڵ خەرجیدا دەردەکرد.[1] ئیبنو عەبـاس (خوا لێی ڕازی بێت) دەیفەرموو: (حەز نـاکەم زەکـاتی موسـوڵمـان و جزییەی کافر لەسـەر موسـوڵمانانێك دابنرێت).[2]

## ٣- حوکمی کڕینی زەوی و عوشر لە لایەن زیممیەوە چیە؟

ئیمـامی ئەبو حەنیفە و ئەبو یوسـف دەفەرموون ئەگەر زیممی زەوی عوشـری کڕی سزاکەی ئەوەیە کە عوشری لەسەر دوو بەرامبەر بکرێت، ئیمامی مالیك دەفەرموێ هیچی لەسـەر نییە، چونکە ئەگەر زیممی زیادە بدات، دەبێتە خێر، خێریش لەسـەر موسوڵمانانە نەك لەسـەر زیممی، زەکات و خێروخێرات موسـوڵمان و سـامانی پاڵفتە دەکەن، زەکات لەسـەر موسـوڵمان فەرزە بەڵام زیممی ناگرێتەوە. ئەوکەسـەی زەوییەکەی بە زیممیەکە فرۆشـتووە نەدەبوو بیفرۆشـێت، چونکە زەکاتی زەوی لەدەست موسوڵمانان داوە، کە لای خۆی بوایە دەبوو زەکاتی بدات، کە کەوتۆتە لای زیممی زەکاتی لەسەر نەماوە.

شـەرعناسانی حەنەفی لە پێناسەی زەویی خەراجدا دەفەرموون: هەر خاکێك بە جەنگ فەتح کرا و بڕیاردرا خەڵکەکەی بەڕێوەی ببەن و ڕێکەوتنی لەسەرکرا (لەنێوان موسوڵمانان و ئەواندا) ئەوە خاکی خەراجە. خەراجیش دوو جۆرە:

جۆری یەکەم: خەراجی شـەریکی (خراج مقاسـمة): ئەو زەوی و زارەیە کە بەدەسـت ئەهلی زیممەوەیە بەڵام لەگەڵ خەلیفە /دەوڵەتی ئیسـلامی ڕێکەوتون کە بەشـێك لە بەرهەمەکەی بۆ دەوڵەت دەبێت.

جۆری دووەم: خەراجی پشـکی جێگیر (خراج موظف): ئەوەیە کە پشـکێکی نەگۆڕی

---

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٢) هەر هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

بەرهەمی زەوی و زارە کە سالآنە دەدرێتەوە دەوڵەت، ئەگەر بەرهەمی زەویەکە کەمی کرد ئەم خەراجەش کەم دەکات.

ئەگەر زیممی خاوەنی زەویی خەراج موسوڵمانبوو، خەراجی زەویەکەی هەر لەسەر دەمێنێت.

ئەگەر زەویەکە یان بەرهەمەکەی تووشی ئافات بوو وەکو لافاو و سوتان و تەزرە و کوتان و سەرمابردی و هاوشێوەیان (کە دەستی مرۆڤی تیدا نییە) خەراجی لەسەر نامێنێت.

موسوڵمان بۆی هەیە زەویی خەراج لە زیمميی خاوەن بکڕێت، بەڵام دەبێت ئەویش خەراجیەکەی بدات.

*** **** ***

لەوەی ڕابورد دەردەکەوێت کە جۆرە زەوی و زارێك هەیە کە موسوڵمانان لەسەر حوکمی ڕاکۆن (متفق) کە باجی خەراجەکەی بۆ بەیتولمال دەبێت، لە بەرژەوەندی موسوڵماناندا سەرف دەکرێت. هەموو باسێکی تەفسیلی ئەم جۆرە زەویانە وا لەکتێبە فقهیەکاندا.. یەکەمین کاری دەوڵەتی ئیسلامی دەربارەی ئەم زەویانە دیاریکردنیانە پاشان وەرگرتنی پشکی بەیتولمال لێیان.. هەر ئەمە خۆی بەسە بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی زەوی و زار کە لەزۆر وڵاتی ئیسلامی پێی دەڵێن کێشەکانی زەوی (مشكلة الأرض)، بەڵام چونکە ستەمکاران ئەحکامەکانی میرات و زەکات و خەراج و عشوریان پەکخست و یاسای کوفرییان هێنایەجێ، ئەو هەموو کێشانەی زەوی و زار هاتنە گۆڕێ و زەوی و بەرهەمی بووە مەیدانی ململانێ و ڕاپسکاندن کە دەوڵەمەند هەژار هەڵدەلوشێ و زۆردار هەمووان دەچەوسێنێتەوە و دەوڵەتیش لە هەمووان دەدزێت! زیان لێکەوتووی گەورەش خەڵکە داماو و بێچارەکەیە کە مافیان لە دوو لاوە خوراوە، لە لایەکەوە لە لەلایەن چەوسێنەرانیانەوە و لەلایەکی ترەوە کە بەیتولمال نەماوە پێداویستیان دەربکات، کە

ویستراوە کێشەکە چارەسەربکرێت بەغەیری ئیسلام ویستراوە، ئەوەش ئەوەندەی تری ستەم و دەستدرێژی شەرعاندووە! بزاقی ئیسلامیی سەردەم لەو کێشانەی رابردوو بەرپرس نییە، ئیسلام لێیان بەرپرس نییە، مەگەر هێشتا تەواو نەبووبن و بەردەوام بن، بەڵام هەرکەسێك بەرپرسە لە خۆقوتارکردنی، هەریەك بەو شێوەیەی لەتوانایداهەیە، بەڵام کاتێك سایەی شەرع بەسەر هەمووواندا دەکشێت ان شاء الله، ئەوکاتە هەموو رزقی حەڵاڵی خۆیان وەردەگرت.

## خاڵی دووەم: عشوور (گومرگ):

شەرعناسان بە دوو شت دەڵێن عشوور:

١- عوشری ئەو زەویانەی بە باران ئاو دەدرێن، ئەم زەکاتە لەسەر موسوڵمانانە، لێیوەردەگیرێت و وەکو زەکات بەسەر پۆلە موستەحەقەکانی زەکاتدا بەشدەکرێتەوە.

٢- عوشر کە لە خەڵکی دارولحەرب وەردەگیرێت کە دێنە وڵاتی دارولئیسلامەوە و بازرگانی دەکەن، یان هەرجۆرە چالاکیەکی تری کاسبی، ئەم جۆرە عوشرە تارادەیەکی زۆر وەکو گومرگی ئەم زەمانەیە، ئەم سامان و پارەیەی عوشر دەچێتە بەیتولمالی گشتیەوە.. بۆ ئەوەی ئەمە جۆرە عوشرە زیاتر بزانین و هەست بە کاریگەریەتی و وەرگرتن و گەیاندنەوەی بکەینەوە، چاك سەرنج بدەینە ئەم بەسەرهاتە مێژووییە کە لە کتێبی (السياسة والاقتصاد في التفكير الإسلامي)یەوە وەرمانگرتووە: عشوور لەو واریداتانە نیین کە قورئان باسی کردوون، بەڵکو ئیجتهادی یاوەرانە، لەسەردەمی سەیدنا عومەردا (خوا لێی ڕازی بێت) بوو بە ڕێسای حوکمڕانی.

ئەبو یوسف بەسەرهاتی ئەوە ئاوا دەگێڕێتەوە:[1] خەڵکی مەنبەج (لەسووریای ئیستایە)

(١) الخراج: (ل ١٦١-١٦٢).

نامەیان بۆ عومەری کوڕی خەتاب (خوا لێی ڕازی بێت) نووسی کە با بێینە وڵاتەکەتەوە، بـازرگـانی خۆمـان دەکەین و عووشـــری خۆتـانمـان لێوەرگرن، ســـەیدنا عومەر ڕاوێژی بەیـاوەرانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد، ڕەزامەندیان بۆ دەربڕی، ئەویش وەڵامی ئیجابیی (بە باشە) دانەوە، ئەوە یەکەمین عوشر بوو کە لەسەر خەڵکی دارولحەرب دانرا.

یەحیای کوڕی ئادەم دەگێڕێتەوە[1] کە ئەبو مووسـای ئەشعەری (خوا لێی ڕازی بێت) نامەی بۆ ســـەیدنا عومەر نووســـی: کاتێك بازرگانە موســـوڵمانەکان دەچنە دارولحەرب عوشریان لێ وەردەگیرێت. سەیدنا عومەر بۆی نووسیەوە: تۆش عوشر لەبازرگانانی ئەوان وەرگرە، هەروەکو ئەوان لە بازرگانانی موسوڵمان وەردەگرن.

دەشـــێت لەم دوو دەقەوە ئەو پاڵنەرانە بزانین کە بوونە هۆی هاتنەکاییەی عوشـــر کە وادەزانین ئەمانەن:

١- مادام بازرگانە موســـوڵمانەکان کە دەچنە دارولحەرب دەبێ عوشـــر بدەن، کەوابوو دەبێت ئوممەت و دەوڵەتی ئیســـلامی ئەو زیانە بەوە قەرەبوو بکاتەوە کە ئەوانیش کە بۆ بازرگانی دێنە دارولئیسلام دەبێ عوشر بدەن (ئەوانیش زۆرتر دەهاتن و دەمانەوە).

٢- ئەو بازرگانە غەیرە موســـوڵمانانە کە دێنە دارولئیســـلام ئەمانی تەواوی ئوممەت و دەوڵتیـان بۆ دابین دەبێـت جگەلەوەی پۆلیس پـاســـەوانی خۆیـان و کاڵا و ڕێگاوبانیانە، دادگاش کێشـــەیان بۆ یەکلایی دەکاتەوە و ناهێڵێت مەزڵوم ببن، جا با ئەوانیش بڕێك لە سـامان و پارەیان (عوشـر) بدەنە بەیتولمالی موســـوڵمانان مادام ئەوەندە ســـوود لە ئەمانی ئوممەت و دەوڵەت دەکەن.

٣- موسوڵمانان زەکات و خێر و پارە و سامانی تر لەکاتی پێویستی ئوممەت و دەوڵەتدا

---

(١) يحيى بن آدم: الخراج: (ل ١٧٣). هەروەها (الخراج)ـی أبو يوسف: (ل ١٦١).

دەدەنە بەیتولمال کە بۆ بەرژەوەندیی گشتی بەکاردێتەوە، کەوابوو بازرگانە موسوڵمانەکان ئیلتیزاماتێکی دارایی و ئابووریيان هەیە و بڕێك لە سامان و ماڵیان دەڕوات، جا کە بازرگانانی دارولحەرب بێنە وڵاتەوە وەك هەمان بازرگانانی موسوڵمانان بکەن هیچیش (باج) نەدەن، کەوابوو کێبڕکێیەکی لاسەنگ و نابەرابەر لە بازاڕدا بۆ بازرگانە موسوڵمانەکان دروست دەبێت، (مونافیس)یان لە وڵاتی خۆیان بۆ پەیدا دەبێت کە بەهەرزانتر دەتوانن کاڵا بفرۆشن و زیاتریش قازانج بکەن چونکە (باج) نادەن وەکو موسوڵمانان. کەوابوو دانی (عوشر) پارسەنگی بازاڕ ڕادەگرێت و بازاڕی موسوڵمانان ناخات و کێبڕکێی (ناشەریفانە) دروست نابێت.

دەشێت ئەمانە پێکەوە یان پاڵنەری تریش هەبووبن بووبنە هۆکاری داهێنی عوشر لەسەر بازرگانانی دارولحەرب کە لەدەرەوەی وڵات دێن، زیممیی وڵاتیش نیوەی ئەوان عوشر دەدات چونکە جزیەشی لەسەرە.[1]

بەڵام ئایە عوشر لە بازرگانییەکە وەردەگیرێت یان لە بازرگان؟ بەمانایەکی تر: ئایا بازرگانی دارولحەرب هەر جارێك کە دێتە وڵاتمان دەبێ عوشر بدات یان یەکجاری ساڵانە دەیدات و تەواو یا زیاد لە جارێکیش بێت و بڕوات. ئەم دێڕ و هەڵوەستەی خوارەوە کە بڕیاری سەیدنا عومەرە (خوای لێ ڕازی بێت) دەبێتە ڕێسایەکی مەحکەم بۆڕێکخستنی ئەم ڕەفتارە بازرگانیە:

زیادی کوڕی حەدیر دەفەرموێ: عوشری بەنو تەغلیبم وەردەگرت، هەرجارێك بهاتبایە (بۆ دارولئیسلام) عوشرم لێوەردەگرتن، تا پیرێکیان چووە خزمەت عومەری کوڕی خەتاب و عەرزی کرد کە زیاد لە هەموو هاتنێکماندا عوشرمان لێوەردەگیرێت. سەیدنا عومەر فەرمووی: ئەوەندەت بەسە. پاشان سەیدنا عومەر لەناو کۆمەڵەیەکدابوو کابرا هاتەوە

---

(١) بۆ زیاتر شارەزابوونی کاریگەریی ئەم باجە بڕوانە: أبو يوسف: الخراج (ل ١٥٩-١٦١).

خزمەتی و عەرزی کرد: جەناب من پیرە مەسیحیەکم، سەیدنا عومەر فەرمووی: منیش موسوڵمانکەم، فەرمووو. کابرا باسی عوشرەکەی کردەوە، سەیدنا عومەر فەرمووی: باشە، ئەوەندەی داوتانە بەسە، زیاد دەفەرمویٚ: ئیتر نامەیەکی بۆ نوسیم کە لە ساڵێکدا جارێك عوشریان لێوەرگرە.(١)

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە عوشر ساڵانە دەدرێت، ساڵی جارێك، با کابرای بازرگان زیاتر لەجارێکیش بێت و بڕوات، بەڵام ئەمە لەگەڵ چۆنیەتی بازرگانیەکەدا ڕێك نایەتەوە. چونکە عوشر بە بازرگانیەکەوە بەندە، لەسەر ئەوە نەك لەسەر کابرای بازرگان، بازرگانەکە چەندەها جار بێت و بچێت هیچی لەسەر نیە، بەڵام کە بۆ بازرگانی هات عوشری دەکەوێتە سەر، کەوابوو هەر جارێك کە بە کاڵا و باری نوێوە دێت، عوشرێکی نوێی دەکەوێتە سەر با ماوەی نێوان هاتنەکانیشی کەم یان زۆربێت. ئەم بۆچونە دەقێکی تر دەیسەلمێنێت کە ئەبو یوسف لە (الخراج)دا هێناویەتی، دەفەرمووێ:(...پاشان: (ئەو بازرگانیەی عوشرەکەی لێداوە) ئەگەر هەر لەو ساڵادا بێت و بڕواتەوە، جارێکی تر عوشری لێنادرێتەوە، با چەند جاریش بێت و بڕوات)(٢)، مادام یەك بار و کاڵا و جۆرە هەوجارە.

ئەم دەقە ڕۆشنە کە هەر بار /پاڵە بازرگانییەك هاتە دارولئیسلامەوە عوشری لێدەرکرا، ئیتر لەو ساتەوە جارێکی تر عوشری لێنادرێتەوە، بەڵام ئەگەر هەندێکی فرۆشرا و هەندێکی لێ هەڵگیرایەوە بۆ ساڵی داهاتوو دەبێت عوشری لێبدرێتەوە. هەر بار و پاڵە بازرگانیەکی تری هەمان بازرگان کە دێتە وڵاتەوە دەبێ عوشری خۆی لێبدرێت.

ئیجتهادی ئیسلامی لەو سەردەمەوە قەبارە و سەرمایە (نرخ)ی ئەو بازرگانییەی دیاری کردووە کە عوشری لێدەردەکرێت کە دەبێت لانی کەم بایی دووسەد درهەم یان

---

(١) يحى بن آدم: الخراج (ل ٦٨)، أبو يوسف: الخراج (ل ١٦٣).

(٢) أبو يوسف: الخراج (ل ١٥٩).

بیست مسقاڵ بێت.[1]

ئەوی هەر لە بازنەی عوشردایە ئەو باجەیە کە لەو کەشتیانەوە وەردەگیرا کە بە کەناری داروئیسلامدا دەهاتن و دەچوون. هەیانبوو عوشری بەسامان دەدا و هەشیانبوو بەپارەیی. لەیەمەن عوشر لەهەموو کەشتیەك وەردەگیرا کە مسك و کافور و عەنبەر و سەندول و بەهارات و چینی لە هیندستانەوە دەهێنا، یان دەبرد بۆ وڵاتانی تر (ئەفریقیا یان ئەوروپا). ئەندەلوسیەکانیش لە میناکانی (جەبەل تاریق) عوشریان لە بازرگانی کەشتی وەردەگرت. کاتێك فەرەنگەکان (ئەوروپایی) بە شارەکانی باشووری ئەندەلوسدا کاڵایان دەگواستەوە عوشریان دەدا بە موسوڵمانان. فەرەنگەکان دەڵێن وشەی (**Tariff**) ناوی ئەو عوشرەیە کە لە شاری(طریف)ـــی ئەندەلووس لە کەشتییەکان وەردەگیرا، ئەو زەمانە هەر کەسێك لەو شـارە عوشـری دەدا پسـولەی باجدانی وەردەگرت، ئەوە بەناوی باجی تەریفەوە ناسـرا، تا سەرئەنجام لەزۆر بەکارهێناندا هەر دەوترا (تەریف)ـــی لێدراوە/لێنەدراوە، وشەی (باجی) لێ لادرا.[2]

ئەمەی کە باسکرا ئەوە دەسەلمێنێت کە باجی عوشرییە بەهۆی دوو پاڵنەرەوە دامەزرا:

یەکەمیان: دەوڵەتانی تر عوشـریان لە بازرگانە موسـوڵمانەکان وەردەگرت کە دەچوونە وڵاتیانەوە.

دووەمیـان: ڕێگـادانمـان بە هاتنی بازرگانی خەڵکی دارولحەرب بۆ داروئیسـلام کە قازانجیان دەکرد. لەو سـەردەمەدا ئەم کاروبارانە ڕۆشـنبوون، ڕێساو ئەحکامەکان یاسای ڕێکسـختنی ژیانی تاکوکۆی کۆمەڵگە و دەوڵەتی ئیسـلامی بوون، موسـوڵمانان یەك دەوڵەتیـان هەبوو (گەرچی ئیمـاراتی جیـاوازیشـیـان هەبوو) لە نێوان وڵات و هەرێم و

(١) هەمان سەرچاوە: (ل ١٥٨).

(٢) جورجی زێدان: تاریخ التمدن الاسلامي (١/٢٣٥).

ناوچەکانی دارولئیسلامدا بەرەبەست نەبوو (هەموو کەسێك موسوڵمانان و غەیرە موسوڵمان پێیدا دەهاتن و دەچوون) ئەم دوو خاڵە ئاسان ڕۆژانە مومارەس دەکرا.. عوشر وەرگرتن ببوو بە ڕەفتارێکی ڕەسمی ڕۆژانەی دەوڵەتی. بەڵام ئیستا هەموو شتێ گۆڕاوە، ژیان ئاڵۆزتر بووە، سنوور و بەربەست لەنێوان وڵات و هەرێمی موسوڵماناندا بێشومار زیاد بووە، موسوڵمانان لە دارولحەربەوە کاڵای جیاواز دەهێنن و کاڵای وڵاتی موسوڵمانانیش دەنێردرێتە وڵاتانی دارولحەرب، هەردوولا کاڵایەکان گومرگ دەکەن، زۆر کاڵا هەیە باجی زیاتری لەسەر دادەنرێت تا نرخی بەرز ببێتەوە و زۆر ڕەواجی نەبێت تا کێبڕکێ (منافسە)ی کاڵای بەرهەم هێنراوی وڵاتی خۆی نەکات، یان بۆ ئەوەی هەموو چین و توێژێك نەتوانێت بیکڕێت، یان بە پاڵنەری تر.

ئێستا گومرگ زۆر بەرفراوانە جێگای عوشری گرتۆتەوە، سەدان بڕگە یاسای هەیە، دەیان ڕێکەوتنی نێودەوڵەتی لەسەرە و هەر ڕێکەوتنێك کاریگەری خراپ/چاکی هەیە.. ئەمانە هەمووی سەرنجدانەوەی نوێ و فەتوای نوێی ڕێنیشاندان دەخوازێت.. کە دەشێت شەرعناسی سەردەم دیراسەی بکەنەوە و ڕای نوێی لەسەر دەربڕن، ئێمەش لێرەدا ئەمە جێدەهێڵین بۆ سەرچاوە فیقهییەکان.

## خاڵی سێیەم: واریداتی کانزاکانی ناخی زەوی:

ئیمامی شافیعی (رحمه الله) دەفەرموێ: (هەموو کەرەستەیەکی دیار وەکو نەوت و قیر و گۆگرد و مۆمیا و بەرد کە موڵکی تایبەتی کەسێك نەبن، کەس بۆی نیە بیکاتە موڵکی خۆی و لەخەڵکی تری بگرێتەوە، خەلیفە و دەسەڵاتدارانی ئیسلامیش بۆیان نییە بیکەن بە موڵکی خۆیان، چونکە حوکمی ئەمانە هەمووی وەکو ئاو و گیایە).

مەزهەبی ئیمامی مالیك (رحمه الله) دەفەرموێ: (کانزا شلەمەنی بێت یان سفت و ڕەق وەکو نەوت، یان وەکو زێڕ و زیو و مس و هاوشێوەیان؛ موڵکی ئوممەتەکەن، با لە پارچە

زەویی موڵکی کەسێکیشدا بدۆزرێنەوە، چونکە ئەوانە بەشێك نین لە خاکی موڵکەکە.. ئەوانە گشتین و ئوممەت خاوەنیانە). ئەم بۆچوونەی مەزهەبی مالیك بوارێکی بەرفراوان و بەرپرسێتیەکی گەورە دەخاتە سەر شانی دەوڵەتی ئیسلامی کە دەبێت - بەو سیفەتەی کە نوێنەری ئوممەتی ئیسلامییە - بکەوێتەوە بەرهەمهێنان و باش بەکارهێنانی هەموو کەرەستەیەکی خاوی سەر زەمین و ناخی زەمینی دارولئیسلام و وەکو پێشتر ڕوونمان کردەوە، خاوەنیەتی خۆیان بۆ بنوێنێت و بکەوێتە پڕۆژەی سوودبەخشی بەکارهێنانی خێر و بێری زەمین بۆ بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگەکەی.. پێشتر لە زۆر شوێندا ئاماژەمان بەوەدا کە ئوممەت و دەوڵەتی ئیسلامی دەبێت وزە و توانا و شارەزایی خۆیی هەبێت بۆ دەرهێنانی خێروبێری وڵاتانی موسوڵمان و خستنە خزمەتی خەڵکی بەشێوەیەك کە موحتاجی شارەزایی دەرەکی نەبن.

شارەزابوون لە هەموو زانستیەك فەرزی کیفایەیە (فەڕزە لەسەر ئوممەت بەگشتی نەك تاك تاکی موسوڵمانان، بەڵام ئەگەر بەدەست نەهێنرا هەموو تێیدا گوناحبار دەبن)، لەهەر شتێکدا ئوممەت و دەوڵەت نەگەیشتبوونە ئاستی شیاویەتی یان (بەس)ێتی و ناچاربوون هاوکاری و یارمەتی غەیرە وەربگرن، نابێت بەشێوەیەك بێت تەنازولی لە ماف تێدابێت یان ئیستیغلال، چونکە هەر جۆرە ماف فەوتانێك یان ئیستیغلالێك حەڕامە و گرێبەستەکە باتڵە و مافی ئوممەتە ڕەخنەی لێبگرێت پێیان ڕاستکاتەوە.

بەهەرحاڵ ڕێسا شەرعییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە خاوەنیەتی و بەکارهێنان و بەرهەمەمهێنانی هەموو موڵکێکی گشتی لە سیستمی ئیسلامیدا مافی دەوڵەتە.. ئەمە لەم سەردەمەدا دەوڵەتی ئیسلامی زیاد لە ڕادەی (بەسێتی) دەوڵەمەند دەکات، چونکە جیهانی ئیسلامی پڕە لە خێر و بەرەکی کەرەستەی خاو.

ئەوە وەبیربهێنینەوە کە پێنجیەکی هەموو ئەم کەرەستە خاوانە، خۆیان و سەرمایە و قازانجیان مافی هەژاران و نەدارانی کۆمەڵگەن (بە موسوڵمان و کافریانەوە) چونکە

هەموویان لە بازنەی (ریکاز) دان، دیسان ئەوەشمان لەبەرچاوبێت کە ئەم موڵکە گشتیانە موڵکی خەلیفە و کـاربەدەســتانی دەوڵەت نین و نابن، چونکە مافی هەموو ئومەتەکەیە لەهەر وڵات و هەرێم و ناوچەیەك بن..

## خاڵی چوارەم: میراتی بێکەسان:

خاوەنی کتێبی (السـياسة والإقتصاد في التفكير الإسلامي) ئاماژە بە واریداتێکی تری بوجەی دەوڵەتی ئیسلامی دەدات کە بریتییە لە میراتی ئەو کەسانەی دەمرن و میراتگریان نییە و مافی کەسـیان بەسەرەوە نییە. دەفەرموێ: (میراتی ئەو کەسە بێ کەسانەی دەمرن یان ئەو ماڵ و سـامانە میراتە باقییەی دوای دەرکردنی پشـکی هاوسـەرە زیندووەکەی لێ دەردەچێت و میراتگری تر نییە؛ باقی میراتەکە دەچێتەوە بۆ بەیتولمالی دەوڵەت. هەروەها ئەو ماڵ و سامانەی نازانرێت خاوەنی کێیە، وەکو ماڵ و سامانی کەسێك هەڵاتووە و چۆتە ناو موشـریکانەوە، یان ئەو ماڵ و سامانەی - لەبەر هەر هۆیەك بێت - کەسێ خۆی نەکات بە خاوەنی چونکە گومانی لـێدەکرێت (دزرا بێت یان دۆزرابێتەوە یان...). هەروەها ماڵ و سامانە دۆزراوەکە خاوەنی نادۆزرێتەوە.

رێســـای ئەم بوارە ئەوەیە هەر ماڵ و ســـامانێك خاوەنی نەبوو ئومەت دەبێتە خاوەنی، چونکە دەبێت بخرێتە سەر بەیتولمال. خاڵێکی بیرخستنەوەی تریش کە یاوەران (خوا لێیان ڕازی بێت) دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پشـــکی زەکاتی (والرســـول وذي القربى...)یان خســـتەوە سەر بەیتولمال و بوو بە بڕیار کە بۆ کڕینی چەك و تفاقی جیهاد و خزمەتی ســەربازیی بێت، لەو لاوەش هەموو پێداویســتیی خزمانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بەیتولمالەوە دابین دەکرێت...

## خاڵی پێنجەم: موسادەرەی شەرعیانەی سامانی تاوانباران:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (ومن منعَها فإنَّا آخذوها وشطرَ ماله عَزمةً من عزَماتِ ربِّنا عزَّ وجلَّ ليسَ لآلِ مُحمَّدٍ منها شيءٌ)[1] واتە: ئێمە ئەو زەكاتە كە فەرزە هەر وەردەگرین، هەركەسێك نەیدات لێی وەردەگرین و نیوەی سامانەكەشی دەبەین كە ئەمەش حەق و واجبێكە لەلایەن خوداوە، هیچیشی بۆ كەسوكاری محمد (ﷺ) لێ حەڵاڵ نییە.

لەم دەقە ئەوە حاڵی دەبین كە هەر كەسێك زەكاتەكەی نەدا و ڕێی لێ گرت، زەكاتەكەی لێ دەسەندرێت و بڕێكی زیادەش لە ماڵ و سامانیشی موسادەرە دەكرێت تا تەمێ ببێت و جارێكی تر ڕێ لە وەرگرتنی نەگرێت، ئەم سامانە زیادە وەرگیراوە دەگەڕێتەوە بۆ بەیتولمال والله اعلم.

مەسەلەیەكی گرینگ لێرەدا هەیە كە دەبێت بخرێتە بەرچاوان، ئەویش ئەوەیە كە سەرەنجامی وەلانانی حوكمی ئیسلامی لە وڵاتانی جیهانی ئیسلامیدا كەسانێكی زۆر هەن ساڵەهایە زەكاتیان نەداوە، هەر ساڵ بەسەر ماڵ و سامان و پارەیاندا دێت و دەڕوات بێ ئەوەی زەكاتەكەی لێ بدەنە هەژار و داماوانی ئوممەت، ئەگەر خوا كردی و دەوڵەتی ئیسلامی دامەزرایەوە و سەلمێنرا كە كەسێك زەكاتی ساڵانەی خۆیی نەداوە، زەكاتی هەموو ساڵانی ڕابوردووی لەسەر حسێب دەكرێت و لێی وەردەگیرێت و سزای تەمێدانیشی دەبێت (چونكە زەكاتدان پەیوەندی بە مافی هەژارانی موستەحەققەوە هەیە نەك بە هەبوونی دەوڵەتی ئیسلامیەوە، ئەم ماڵ و سامانەی موسادەرە كراوە دەگەڕێتەوە بۆ بەیتولمالی گشتی موسوڵمانان).

دیسان سامانی موسادەرەكراوی تریش هەیە كە دەخرێتەوە سەر بەیتولمال، لەوانە:

---

(١) ئەبو داود (١٥٧٥)، نەسائی (٢٤٤٤)، ئەحمەد (٢٠٠١٦)، لەفزەكەش هی ئەبو داودە.

- موسـادەرەکردنی سامانی سووکاریی و پارەی بانق دوای جیاکردنەوەی سەرمایە و پارەی خەڵکی و گێڕانەوەی بۆیان، ئەوەی دەمێنێتەوە و قازانجی مامەڵە سـووکارییەکانی بووە موسادەرە دەکرێت.
- موسـادەرەکردنی پارە و سـامانی گۆرانیبێژ و مۆسـیقاژەن و ئەکتەر و سەماکار و لەشفرۆشـان و هاوشـێوەیان کە بەڕێگەی حەڕام پێکیانەوە ناوە و دەوڵەمەندبوون، بەشی (بەس)ێتیان دەدرێتی و کاری گونجاوتریان بۆ دەدۆزرێتەوە، بەڵام سـامانە حەڕامەکەیان موسادەرە دەکرێت و دەخرێتە سەر بەیتولمال.
- پارەی قومار و قومارخانە و مەلها و هاوشـێوەیان موسـادەرە دەکرێت، دوای ئەوەی بەشی (بەس)ـێتیان دەدرێتەوە و دەخرێنە سەر کار و کاسبی حەڵاڵ.
- پارەی مورتەد و مولحید و بێدین و زەندەقەکان و هاوشێوەیان، کە لەم زەمانەدا زۆر و دەوڵەمەند کران! لەگەڵ ڕەچاوکردنی راجوێیی شەرعناساندا کە ئایا سامانیان هەمووی بۆ بەیتولماله یان هەیانە بەشێکی بۆ وەرەسەکان دەبێت، چونکە ئەوە حیساب دەکرێت پێش مورتەدبوونی چی هەبووە و دوای مورتەدبوونی چی پەیدا کردووە.

ئەما ئەو کەسـەی هەر لە سـەرەتاوە لەسەر پاشگەزبوونەوە لە دین گەورەبوو گومانی تێدا نییە کە ماڵ و سامانی موسادەرە دەکرێت.

- هەروەها موسـادەرەکردنی ئەو ماڵ و سـامان و پارانەی دڵنیا دەبین لەڕێی حەڕامەوە پەیـداکراون، وەکو پـارەی ڕۆژنـامەو گۆڤـاری ڕووت و ئەوانەی کـافری شــەڕانی دوژمنمان پارەیان داونەتێ بۆ دامەزراندنیان.
- موسـادەرەکردنی پارە و سـامانی ئەو سـیاسـەتمەدارانەی بەشـێوەی غەیرە شـەرعی پەیدایان کردوون، وەکو بەرتیل و واسیتەکاری و ئیستیغلالکردنی پلەوپایە و...هتد.

بێگومـان سـەلمـاندنی ئەمانە یەکەمین هەنگاوە، ئەمەش لێکۆڵینەوە و بەدواداچونی وردەکارانە دەخوازێت، پێش ئەوەی بریاری موسادەرەکردنەکە دەربچێت و جێبەجێبکرێت،

نەبادا دەستدرێژی بکرێتە سەر ماڵ و سامانی حەلاڵی خەڵکی، چونکە ئیبنو عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) فەرموودەیەکی (مەرفووع)ـی ڕیوایەت کردووە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو: (فإنَّ الظُّلْمَ ظُلُماتٌ يومَ القِيامَةِ)[1] واتە ستەمکاری لە ڕۆژی قیامەتدا تاریکستانییە بۆ ستەمکار. ڕیوایەتیش هەیە کە دەیسەلمێنێت کە سەیدنا عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) ویستویەتی نیوەی سامانی کەسانێك موسادەرە بکات..

ئەمە بەشێوەیەکی کورت باسێکی موسادەرەکردنی شەرعییانەی ماڵ و سامانە، کە دەبێ زۆر مەرجی تێدا ڕەچاو بکرێت، بەتایبەتی لەڕووی جۆر و چەندێتییەوە، ئێمەش لێرەدا کە باسمان کردووە بۆ بەرچاوڕوونی و دیراسەکردنێکی قوڵتر و گشتگیرترێتی..

بەهەر حاڵ هەموو حوکمێك لەم بوارەدا دەبێت، وەکو هەموو بڕیارێکی تری شەرعییانە، پشت بە بەڵگە ببەستێت و بڕیاری کۆتایی موسادەرەکردن بگەڕێتەوە لای خەلیفە و نوێنەرانی دادپەروەری، بێگومان موسادەرەکردنی سامانیش سەرچاوەیەکی واریداتی بەیتولمالی دەوڵەتی ئیسلامی دەبێت کە دادەمەزرێت إن شاء الله.

## خاڵی شەشەم: جزیە:

خاوەنی کتێبی (السياسة والاقتصاد في التفكير الإسلامي) دەربارەی جزیە دەفەرمووێ: (کورتمان کردووەتەوە):

خەراج بەئیجتیهادی سەیدنا عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) چەسپا، خەراج بێگومان جیاوازە لە (جزیە) کە بە ئایەتی قورئان چەسپاوە، وەکو کە خوای گەورە دەربارەی دەفەرمووێ: ﴿قَـٰتِلُوا۟ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ

---

(١) موسلیم (٢٥٧٨)، بوخاری بەکەمێك جیاوازییەوە (٢٤٤٧).

وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلۡحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حَتَّىٰ يُعۡطُواْ ٱلۡجِزۡيَةَ عَن يَدٖ وَهُمۡ صَٰغِرُونَ ٢٩﴾ التوبة: ٢٩ واته: جەنگ بەرامبەر ئەو كەسانە بەرپاكەن كە باوەڕیان بە خوای گەورە و بە ڕۆژی دوایی نەهێناوە و ئەوە بەحەڕام دانانێن كە خوای گەورە و پێغەمبەرەكەی (ﷺ) بە حەرامیان داناوە و دینی حەقی خوایی ناكەنە بەرنامەی ژیان و ڕێباز لەوانەی كە پێشتر پەیامی خوای گەورەیان بۆچووە، تا یان موسوڵمان دەبن یان لەسەر دینی خۆیان دەمێننەوە و بەڵام جزیە زەلیلانە دەست بە دەست دەدەن.

جزیە: بڕێك پارە (باج)ێكە بە پێی (سەر) دادەنرێت، لەسەر هەموو ئەو كەسانە دادەنرێت كە هاتوونەتە ژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامیەوە، بەڵام نەیان ویستووە موسوڵمان بن

بەپێی فەرمانی ئایەتەكە: ﴿قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ ...﴾ جزیە لە جولەكە و دیانان وەردەگیرێت و ڕێ دەدرێن لەسەر دینی خۆیان بمێننەوەو ئەمما غەیری جولەكەو دیان، ئەسڵ ئەوەیە جزیەیان لێوەرناگیرێت، یان موسوڵمان دەبن یان ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەی جیهاد دەبن، چونكە بڕیار لەسەر شیرك و بتپەرستی یان بێ دینییان نادرێت.

دەربارەی مەجووس ڕیوایەت لە جەعفەری كوڕی محمدەوە لە باوكی بەڕێزییەوە لە عەبولرەحمانی كوڕی عەوفەوە هاتووە كە دەربارەی دەفەرمووێ: (أشهدُ لَسمِعْتُ رسولَ الله (ﷺ) يَقُولُ: سُنُّوا بهم سُنَّةَ أَهلِ الكتابِ)[1] واتە: شاهێدی دەدەم كە گوێم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو فەرمووی: حیسابیان وەكو ئەهلی كیتاب -جولەكە و دیان- بۆ بكەن.

ئاوا ئەم فەرمووده پیروزە و ئیجتیهادی یاوەران و پێشەوایانی دین خەڵكانێكی تریشیان لە مەسەلەی جزیەداندا خستە ڕێزی جولەكە و دیانەكانەوە، بۆیە دەڵێین لە مەسەلەی

(١) مالك له الموطأ (٦٢١)، أبو يوسف/ الخراج (ص١٥٥).

جزیەدانـدا چونکە ئەو خەڵکەی خاوەن دینی تری غەیری جولەکەو دیان بوون، ئیمتیازاتی تریان وەکو ئەوان نەبوو، تەنها لە مەســەلەی جزییەداندا لە ڕیزی ئەوان هەژمار کرابوون، دەنا نەگۆشتی دەستیان (سەربڕاویان) دەخورێت و نەهاوسەرگیرییان لەگەڵدا دەکرێت.

ئەبو یوســف دەفەرموێ: جزیە لە هەموو ئەهلی شــیرك لە مەجووس و بتپەرســت و ئاگرپەرســت و ســاحیر و داروبەردپەرســتی تر وەردەگیرێت، بەڵام لە ئەهلی ڕیددە نا، ئەوانەی لە ئیســلام هەڵگەڕاونەتەوە. هەروەها لە بتپەرســتانی عەرەبیش جزیە قبوڵ ناکرێت، حوکمی ئەمان ئەوەیە کە ئیسلامیان دەخرێتە بەردەست، ئەگەر موسوڵمان بوون دێنە ڕیزی موســوڵمانانەوە، ئەگەر نا پیاویان دەکوژرێت و منداڵ و ئافرەتیان بە ســەبایا دەبرێت، مەجووسی و بتپەرستان لە خواردنی گۆشتی سەربڕاوی دەستیان و هاوسەرگیری لەگەڵیاندا وەکو ئەهلی کیتاب نابن، چونکە سیرە و سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وابوو بەرامـبەریـان، ئومەتیش لەســەر ئەو ڕەویە و ڕەفتـارە ڕۆیشــتووە و کەس ڕاجوێی تێدانەبووە[1].

ئەمما لە لایەنی بارودۆخی سـەربازییەوە جزیە - لەئەسڵی داڕشتنی یاساییدا - لەسەر ئەو کەسـە فەرز دەبێت کە ڕازیدەبێت لەژێرسایەی ئومەت و دەسەلاتی ئیسلامیدا بژی و لەسـەر دینی خۆشـی بمێنێتەوە، وەکو ئەوەی لە یەمەن ڕوویدا کە (بیلا ذەری) رحمە اللە دەیگێڕێتەوە:[2] (خەڵکی یەمەن کە هەواڵیـان پێگەیشـــت کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێغەمبەرێتیی ڕاگەیاندووە و دینەکەی بڵاوبۆتەوە و باڵادەست بووە، وەفدیان نارده خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)، جەنابیشـی نامەی بۆ نووسـین (بڕیاری ڕێبەریی) کە لەم ساتەی موســوڵمان بونیانەوە، هەرچی لەبەر دەســتیان دابووە و هەرچی هەیانبووە لە دەســت و خـاوەنێتی خۆیـان دەمێنێتەوە بە ســامـان و زەوی و زاریانەوە. ئینجا نێرراوانی خۆیی بۆ

---

(١) ئەبو یوسف: الخراج (ل ١٥٤-١٥٢). ماوەردی: الأحكام السلطانية (ل ١١٨).

(٢) فتوح البلدان (ل ٧٥).

ناردن  تا ئەحکامەکانی شـەرع و سوننەتی پێغەمبەری خوایان (ﷺ) بۆ ڕوون بکەنەوە و زەکاتیان لێوەربگرن و جزیەش لەسـەر(سـەر)ـــی ئەو کەسانەیان دابنێن کە لەسەر دینی دیـانیەتی و جولەکـایەتی و مەجووســیەتی خۆیـان دەمێننەوە. ئەگەر جەنـگ لەنێوان موســـوڵمانان و غەیرە موســـوڵماندا ڕویدا و موســـوڵمانان ســـەرکەوتن، بەزیوەکان دەبنە دەسـکەوت (غەنیمەت)ــــی موسـوڵمانان، واتە دەشێت پیاوەکانیان بکوژرێت  یان کۆیلە بکرێن یان ماڵ و سامان بدرێت بۆ ئازادکردنیان یان هەروا چاکەیان لەگەڵ دەکرێت و ئازاد دەکرێن، ژن و زارۆکیشــیان دەشــێت بکرێنە کۆیلە یان لەبەرامبەر ماڵ و ســاماندا ئازاد بکرێن یان هەروا لە چاکەو پیاوەتی. لەم ڕووانگەوە بوو کە کاتێك خاکی عێراق (زەویی ڕەشــایی) فەتحکرا جەنگاوەرە موســـوڵمانەکان چاوەڕێ بوون کە خەڵك و خاکەکەیان لێ بەشکرێت، وەکو پێشتر باسمان کرد کە سەیدنا عبدالرحمانی کوڕی عەوف (خوا لێی ڕازی بێت) بە ســەیدنا عومەری (خوا لێی ڕازی بێت) فەرموو زەوی و علوجەکان لەو ســامانانە کە خوای گەورە بەخشــیویەتی[1]  (دابەشــیکە)، بەڵام ســەیدنا عومەر نە لەخاکی عێراقدا وای کرد نە لەخاکی شامدا، بەڵکو ڕاوێژی بە یاوەران کرد و خۆی ئیجتیهادی لە حوکمیاندا کرد، سەرەنجام بڕیاریدا دا کە خەڵکی خاوەن زەوی و زاری  هەردوو وڵاتەکە لەسەر زەوی و زاری خۆیان بمێننەوە جزییە بدەنە خەلیفە یان نوێنەرانی.

یەحیای کوڕی ئادەم ئەو بەســەر هاتە ئاوا دەگێڕێتەوە: ســەیدنا عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) ویسـتی خەڵکی سـەواد (عێراق و شـام) بەسـەر موسوڵماناندا بەشکات، فەرمانییدا ئاماری خەڵکەکەیان بۆ بکەن، دیتی هەر موســـوڵمانێك ســێ علوجی بەر دەکەوێت، بۆیە ڕاوێژی بە یـاوەران کرد کە چۆن ڕەفتـار بکـات؟ ســـەیـدنـا عەلی (خوا لێی ڕازی بێـت) فەرمووی: لێگەڕێ با ببنە موڵکی موســـوڵمانان، ئیتر عوســـمانی کوڕی حەنیفی نارد کە جزییەی بە بڕی (چل و هەشت) و (بیست و چوار) و (دوازدە) لەسەردانان[2].

---

(١)  ئەبو یوسف: الخراج (ل ٢٩).

(٢)  يحيى بن آدم: الخراج (ل ٤٢)، ئەبو یوسف: الخراج (ل٤٣)، بلاذري: فتوح البلدان (ل٢٧٥).

هەر یەحیـــای کوڕی ئـادەم دەگێڕێتەوە: کە لە دوای فەتحکردنی عێڕاق و شـــام، پیاوماقوڵانیان هاتنە خزمەت ســـەیدنا عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) وە عەرزیان کرد: ئێمە خەڵکی سەوادین، فارسەکان هاتنە سەرمان زیانیان زۆر پێگەیاندین، ئەوەی توانیان پێیان کردین، کە بیســـتمان ئێوە گەیشـــتونەتە ناوچەکە دڵخۆش بووین حەزمان بەهاتنتان کرد، دەستمان لە هیچدا نەگرتن، تا فارستان هەموو لە خاکمان کردە دەرەوە، ئێستا بیستوومانە کە دەتـانەوێـت بمـانکەنە کۆیلە، ســـەیدنا عومەر دوای ئەوەی ڕاوێژی بە یاوەرانی کرد، فەرمووی: ئیســـتا ئەگەر بتانەوێت و حەزبکەن: موســـوڵمان ببن، ئەگەر ناشـتانەوێ ئەوە جزییە بدەن، ئیتر جزیەدانیان هەڵبژارد[1].

بلاذری دەگێڕێتەوە کە ســەیدنا عومەر خەڵکی (ســەواد)ـــی بە ئەهلی زیممە داناوە و جزیەی لەسەر دانان، لەسەر زەوی و زاریشیان خەراجی دانا، نە خۆیانی کرد بەکۆیلە و نە زەوی و زاریشیانی بەشکرد[2].

بڕی جزیەکەش، جوانتر بۆچوون لە سەری، بیروڕای ئەبو حەنیفەیە کە خەڵکی کردووە بە سێ بەشەوە:

- پۆلی دەوڵەمەند کە ساڵانە چل و هەشت درهەمی لێوەردەگیرێت.

- پۆلی مام ناوەند کە ساڵانە بیست و چوار درهەمی لێوەردەگیرێت.

- پۆلی دەستکورت کە ساڵانە دوازدە درهەمی لێوەردەگیرێت.

ئیمامی مالیك دەفەرموێ دیاریکردنی جزییە لەدەست والیدایە، کە تەقدیری دەکات.

ئیمامی شـــافیعی دەفەرموێ: کەمترین بڕی جزییە دینارێکە و والی بۆی هەیە تەقدیری

---

(١) یحیى بن آدم: الخراج (ل٥٠).

(٢) البلاذري: فتح البلدان (ل٢٧٥).

زیاتر بکات، کە دەبێ ڕەچاوی حاڵەتەکان بکات[١].

- توێژی دەوڵەمەند بریتیە لە بازرگان و زێڕینگەر و خاوەن زەوی و زار و دوکانی گەورە و پزیشکی ناودار.

- توێژی مامناوەند بریتیە لەو کەسانەی کە دەرامەتیان لە توێژی دەوڵەمەند کەمترە، یان ئەوانەی ئاستی خۆشگوزەرانیان نەگەیشتۆتە هەبوونی هەموو شتێکی ڕابواردن و گەشە.. وەکو بازرگانی نوێ و خاوەن کاڵای ڕەواج کەم و پزیشکێك کە هێشتا ناودار نەبووە.

- توێژی خوارێ بریتییە لەوانەی بە دەست و پلی خۆیان دەرامەتیان دەست دەخەن وەکو بەرگدووری و دارتاش و پینەچی[٢]...

جزییە تەنها لە پیاوان وەردەگیرێت، بەمەرجێك سەربەست و ژیر و بەتوانای کار و کاسبی بن، بۆیە جزییە لەسەر ئافرەت و منداڵ نییە، لەسەر شێت و گێل و کۆیلە و هەژار نییە[٣].. هەروەها لەسەر پەککەوتە و نوقسان و پیر نییە، لەسەر ڕاهیب و پیاوانی دینی نییە کە گۆشەگیر و خۆی بۆ (خواپەرستی) ساغ کردۆتەوە، چونکە ئەمە خۆی یارمەتی دەدرێت و خەڵکی خێری پێدەکات، ئەما ئەگەر دەوڵەمەند بوون و پارەی خۆیان زۆربوو جزیەکە دەدات[٤]. [وەکو ئەوانەی لەمانەن بەڵام میراتی زۆریان بۆ ماوەتەوە].

سەیدنا عومەر نامەی بۆ والیەکانی نارد کە جزییە لەسەر کەسێك دانەنێن کە هێشتا بالغ نەبوون.

---

(١) الماوردي: الأحكام السلطانية (ل١٢٨)، يحيى بن آدم: الخراج (ل٧٢-٧٣)، ابن عبدالحكم: فتوح مصر (ل٨٧).

(٢) ئەبو يوسف: الخراج (ل١٤٨).

(٣) الماوردي: الأحكام السلطانية (ل١٢٨).

(٤) ئەبو يوسف: الخراج (ل١٤٦).

یەحیـای کوڕی ئـادەم دەفەرموێ: ئەوە مـانـای وایە کە جزیەکە لەســەر زارۆك نییە، ئەمەش ئاشکرایە یاوەرانی ئێمە دەیزانن[1].

ماوەردی (رحمە اللە) بە تەفسیل ئەمە شیدەکاتەوە و جزیە وردەکارانەتر پلەپلە دەکات. هەر کەسێك پێش تەواو بونی ساڵەکە بمرێت، بە قەدەر ماوەی ژیانەکەی ئەو ساڵەی لە میراتەکەی وەردەگیرێت، هەر کەسێك لەو ساڵەدا موسوڵمانبوو قیستی ئەو ماوەیەی لێوەردەگیرێت کە پێش موسوڵمانبوونەکەیەتی، ئەمەشە حوکمی شێتێك کە لەو ساڵەدا چاکدەبێتەوە یان منداڵێك لەو ساڵەدا باڵغ دەبێت[2].

- ئەو کەسەی ئەرکی (جزیەدان) بەجێدەهێنێت دوو مافی بۆ دابین دەبێت: یەکەم:کەس تەداخوولی کـاروبـاری ناکات و دووەم: لە ئەماندایە و پارێزگاری لێدەکرێت، ئاوا هەم لە ئەمـانـدا دەبن هەم پارێزراو.. نافیع لە ئیبنو عومەرەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە سـاتەوەختی کۆتایی ژیانی بەفەرییدا فەرمووی: (إحفظوني من ذمتي)[3]، واتە ئەهلی زیممە بپـارێزن کە من ئەمـانم داونەتێ. [کە بەهۆی دینی منەوە بوون بەخاوەن ئەمان].

جزیەدان نیشـانەی قبوڵکردنی دەسـەڵاتی ئیسـلامی و ملکەچبوونە بۆسـەروەرێتی شەریعەت (دەستووری خیلافەت) ئەمە جگە لە دوو هۆکاری تری:

١- ئەو کەسەی جزییە دەدات وەکو موسوڵمانان مافی لە ئەمان و پاسەوانیەتی پۆلیس و سـکاڵاکردنی دادگا و دادپەروەرییدا دەبێت، هەروەها مافی لە دائیرە و دەزگاکانی تری دەوڵەتـدا کە موسـوڵمان (باج)ـی زۆرتر لە ئەهلی زیممەی دەدەن، جزیەکەی ئەهلی

---

(١) الخراج (ل٧٧، ١٧٣-١٧٤).
(٢) الأحكام السلطانية (ل١٣٠).
(٣) هەمان سەرچاوە (ل١٢٧-١٣٠).

کیتابیش دەچێتە خانەی بەشداربوونی موسوڵمانانەوە لە پایەدارکردنی ئەم دائیرە و دەزگا و دەسەڵاتەوە.

٢- داوا لە جزیەدەران ناکرێت چەك هەڵگرن و بەرگریی لە کیانی دەوڵەت و ئوممەت بکەن، نە لەکاتی ئاشتی و نە لەکاتی جەنگدا ناکرێنە سەرباز، جزیەدانی ئەوان بۆ کەناردانیانە لەم ئەرکە گەورە و دژوارەی لەسەر ڕەعیەتە موسوڵمانەکەیە[١]. ئەگەر کەسانێك ویستیان ببنە سەرباز، یان بەشداری جەنگ بکەن حەتمەن جزیەکەیان لەسەر لادەچێت، جزیەشیان بەوە لەسەر لادەچێت کە موسوڵمانان توانای پارێزگاریکردن و ئەماندانیان نەمێنێت..

تەبەڕی (رحمه الله) دەگێڕێتەوە کە (عەتبەی کوڕی فەرقەد) ئەم نامەیەی بۆ خەڵکی ئازەربایجان نووسی:

بسم الله الرحمن الرحيم

ئەمە ئەو پەیمانەیە کە عەتبەی کوڕی فەرقەد والیی عومەری کوڕی خەتاب ئەمیری موسوڵمانان لە ئازەربایجان بە خەڵکی ئازەربایجانی داوە، بەشارنشینان و گوندنشین و چیانشین و دەشتنشینیانەوە، هەموو دانیشتوانی ئازەربایجان و دەوروبەری، بەهەموو خاوەن دین و دەستە و کۆمەڵێکیانەوە، هەموو لە ئەماندا دەبن، خۆیان و ماڵ و سامان و دین و دید و کلتور و یاسا و ڕێسایان، ئەوەندەی لەسەریان دەبێت ئەوەیە کە بەگوێرەی توانای خۆیان جزییە بدەن، جزییەش لەسەر ئافرەت و زارۆك و پەککەوتە و نەخۆشیان نییە، یان کەسێك کە نەدارە و هیچی وای لەبەر دەست نییە، لەسەر پەرستیارانیشیان نییە کە بۆ خواپەرستن لێبڕاون و ماڵ و سامانی دنیایان نییە، ئەمە بۆ هەموویان خۆیان و ئەوانەی کە لەگەڵیاندا دەژین، ئەگەر سەربازێکی موسوڵمان بوو بەمیوانی ماڵێکیان

(١) المجتمع الإسلامي (ل١٢١).

میـوانـداریـیەتی شـەو ڕۆژێکی قبوڵ بکەن و ڕێی لێ بزر نەکەن (ڕێی هـاتوچۆی ناوچەکەیانی نیشانبدەن)، هەرکەسێتان لە توانای دا نەما جزیەکە بدات، جزیەی ئەو ساڵەی لەسەر نامێنێت[1].

(بلاذري) دەگێڕێتەوە: کە کاتێك موسوڵمانان چوونە شاری(حمص)ـی شامەوە جزیەیان لەسەر ئەو کەسانەی ئەهلی کیتاب دانا کە نەیانویست موسوڵمان ببن، پاشان بیستیان کە ڕۆمەکـان لەشـکرێکی ئێجگـار گەورەیـان پێکەوە ناوە و دەخوازن هێرش بکەنە سـەر موسـوڵمانەکان، موسـوڵمانان زانیان کە بەرگرییان لە شاری حمص پێناکرێت و ناچاردەبن لێی بکشـێنەوە، بۆیە هەرچی جزیەیەکیان لە ماڵ و سـامانی دانیشـتوانەکەی وەرگرتبوو، گەڕاندیانەوە بۆیان و پێیان ووتن: مەشـغولین بە خۆڕێکخسـتنمانەوە و ناپەڕژێینە سـەر بەرگری لە ئێوە، ئیتر ئێوە خۆتـان ئـازادن چۆن تەگبیری حـاڵی خۆتـان دەکەن. خەڵکەکە وتیان دەسـەڵات و حوکم و دادپەروەری ئێوەتانمان پێخۆشـترە لەو زوڵم وسـتەمکارییەی تێیـدابووین، پەیمانتان دەدەینێ کە هاوکاری والیەکەتان دەکەین و لەگەڵ ئەودا سـوپای (هیرەقـل) دەشـکێنین، نـاهێڵین بێنە شـارەکەوە، ئیتر هەموو کەوتنەخۆ بۆ بەرگریکردن، بەوەش جزییەیان لەسەر نەما[2].

لەم ڕووداوانەی هێنامانەوە دەردەکەوێت کە هەر کەسـێك موسـوڵمان ببێت جزیەی لەسـەر نامێنێت، ئەمەش لە سیرەی خولەفاکانی ڕاشیدیندا (خوا لێیان ڕازی بێت) دیار و ڕۆشنە.. بەتایبەتی سەیدنا عومەر و سەیدنا عەلی (خوا لێیان ڕازی بێت).

یەحیای کوڕی ئادەم دەگێڕێتەوە کە (هەرکەسـێك لەوانەی جزییەیان لەسـەر بوو کە موسـوڵمـان دەبوون جزیەیـان لەسـەر نەدەمـا. هەنـدێـك جوتیاری خەڵکی (عین التمر) لەسـەردەمی سـەیدنا عەلی دا (خوا لێی ڕازی بێت) موسـوڵمان بوون، سـەیدنا عەلی

(١) تاريخ الأمم والملوك (٤/٢٥٥-٢٥٦).

(٢) فتوح اللبلدان (ل١٤٣).

فەرمووی: ئەو جزیەی لەسەریانبوو هەڵدەگیرێت/لادەچێت[1].

کەوابوو جزیە (بەدەل)ـی سەربازییە، کە مادام ناکرێنە سەرباز و نابرێنە بەرەی جەنگ و جیهـاد ئەوەنـدە جزیە دەبێـت بدەن - مادام لە توانایان دابێت - ئەمەش لە دادپەروەرێتی ئیسـلامەوەیە، چونکە سەربازییەتی – بەرگری و هێرش – جیهادە، جیهادیش خواپەرستیە و پەیوەستە بە عەقیدە و نییەتی (في سبيل الله)وە، ئەوە دادپەروەری نییە کەسێك ببەیتە جەنگ و بڵێی لە پێناو عەقیدەکەی مندا بجەنگێ، کە خۆی باوەڕی پێی نییە!.

لەکۆتایی ئەم خاڵەدا هەر دەبێت دوو شت بخەینەوە یاد:

١- لەڕێسـاکانی ئیسـلامدا، لەکاتی جەنگ و جیهاددا، فەڕزێتی بەشداربوون (قِتال) لەسـەر هەرکەسـێك فەڕزبووبێت، لاناچێت، مادام بوبێت بە فەرزی عەین دەبێت هەموو موسوڵمانێك – کە عوزری نەبوو – بەشداربێت. ئەم فەرزە لاناچێت.

٢- ئەسڵ ئەوەیە کە (بەدەل)ـی سەربازی لە هەموو کافرێك بسێنرێت کە جزیەکەیە، مادام بەشداری جەنگمان ناکات، ئەگەر ڕازی بوو لە ڕیزماندا بجەنگێت ئەو کاتە بڕیاری لەسەر دەدرێت، ئەسڵیش ئەوەیە بەشدار نەبێت.

## خاڵی حەوتەم: باج دانان لە کاتی پێویستیدا:

- ئیمامی شاتبی لە کتێبی (الاعتصام ل ٢١٢)ـەکەیدا دەفەرموێ:

(ئەگەر پێشـەوا (خەلیفە)یەك سـەرۆکایەتی موسوڵمانانی دەکرد کە فەرمان ڕۆیشتوو بوو، هەسـتیکرد کە سـەربازەکانی پێویسـتە زیاد بکرێن و سـەر سـنووری وڵاتیان پێ پڕ بکرێتەوە و خیلافەت و دەسەڵاتیان پێ بپارێزرێت، یان بۆ هەرێمە بەرفراوانەکانی بنێررێن

(١) يحيى بن آدم: الخراج (ل٢١-٢٣).

و دیتی بەیتولمال خاڵییە وە سەربازان و پێداویستیەکان بە پارە و سامان دەبڕ دەبێت، ئەگەر پێشەوا (خەلیفە) کە دادپەروەربوو بۆی هەیە باج لەسەر دەوڵەمەندەکانی ڕەعییەت دابنێت بەو ڕادەیەی پێداویستی بەیتولمالی پێ پڕدەبێتەوە، تا ئەو کاتەی بەیتولمال سامانی خۆی زۆر بۆ دێت خەلیفە بۆی هەیە باج لەسەر بەروبووم و دانوێڵە و هاوشێوەیان دانێت. هیچ شتێك لە سەلەفەوە لەم بارەوە نەهاتووە، چونکە لە سەردەمانی ئەواندا – بە پێچەوانەی ئەم زەمانەی ئێمەوە – بەیتولمال پێویستی بە شتی وا نەبوو، ئەگەر پێشەوا (خەلیفە) ئەم بڕیارە نەدات و جێبەجێ نەکرێت، هێزی ئیسلام دەپوکێتەوە و وڵاتمان دەکەوێتە ژێر هێرشی کافران و ئیتر ئەوان دەسەڵاتی خاك و خەڵكمان دەگرنە دەست...

ئەگەر وا هەست کرا کە وەرگرتنی باج لە خەڵکەکە زیانە و لێیان دەکەوێت و سامان و موڵکیان لێدەسەنرێت، دەبێ ئەو زیانە بچووك و کەمە بەو زیانە گەورە و زۆرە بەراورد بکرێت کە ڕوودەدات، کاتێك دووژمنان هێرش دەکەنە سەر وڵاتی موسوڵمانان، ئەمە لە مەبەستەکانی شەرعدا ڕۆشنە و پێویستی بە بەڵگەهێنانەوە نییە).

- ئیمامی غەزالیش لە کتێبی (المستصفی ٣٠٣/١)کەیدا دەفەرموێ:

(ئەگەر سەربازان بێ پارە کەوتن و بەیتولمالی گشتیش ئەوەندەی تێدا نەما پێداویستی سەربازان دەبڕبکات مەترسی ئەوەش هەبوو کە دوژمن هێرش بکاتە سەر وڵاتی ئیسلام، یان مەترسی ئاژاوە و فیتنەی ناوخۆ هەبوو کە شەڕخوازان بەرپای بکەن؛ پێشەوا (خەلیفە) بۆی هەیە بڕی پارە و سامانی (بەس) لەسەر دەوڵەمەندەکان دانێت و لێیان وەرگرێت و پێداویستی سەربازانی پێ چارەسەربکات، چونکە هەمووومان ئەوە دەزانین کە ئەگەر دوو زیان یان دوو خراپەمان هاتە پێش شەرع فەرموویەتی دەبێت زیانە گەورەکە یان خراپە دژوارترەکە زووتر لادرێت و ڕادرێت).

- عیززی کوڕی عبدالسلامیش لە کتێبی (القواعد ١٦٢/٢)ـەکەیدا دەفەرموێ:

(بەرژەوەندی گشتی وەکو پێداویستی تایبەتە، ئەگەر پێویستی کەسێك بە زەوتکردنی سـامانی خەڵکی دەهاتەدیی، جائیزە بۆی زەوت بکرێت، دەشێت فەرزبێت بۆی زەوتبکرێت وەکو مەترســی مردنی کەســێـك لە برســان یان لە گەرمان، یان لە ســەرماندا، چونکە قوتارکردنی ژیانی کەسێکی تێدایە).

لەم دەقانەوە دەردەکەوێت کە باجدان لەســەر ڕەعییەتی خیلافەت جائیزە بەڵام بە چەند مەرجێك:

١- لەکاتێکدا کە واریداتی بەیتولمال بەشی مەسروفاتی پێویستی دەوڵەت و ئوممەت نەکات.

٢- دەوڵەت بەیتولمالی لەزێدەڕۆییدا سەرف نەکردبێت، یان لە ناشەرعیدا..

ئەگەر یەکێـك لەم خـاڵانە لە حاڵەتەکەدا هەبێت، خەلیفە و کاربەدەســتانی دەوڵەتی ئیســلامی بۆیان نییە باجی ئیزافی بخەنە ســەر ئوممەت و ڕەعییەتەکە، ئەگەر واریداتی بەیتولمال بەشـی چارەســەری پێداویســتی سەربازی و تفاقیانی تێدابوو خەلیفە بۆی نییە باج لەســەر دەوڵەمەندەکان دابنێت، بەهەمان شــێوە مافی ئەوەی نابێت ئەگەر ســامان و پارەی بەیتولمال بەزێدەڕۆیی و ڕەفتاری ناشەرعی سەرفکرابوو. حکومەتی ئیسلامی بۆی نییە یەك درهەم بە ناشەرعیانە خەرج بکات. حکومەتی ئیسلامی بەرپرسە کە واریدات و مەســروفـاتی خۆی بۆ ئوممەتەکە ڕوون بکـاتەوە، وە دەبێ هەموو ڕەفتارێکی دارایی و ئابوورییەکی لەچوارچێوەی شەرعدا بووبێت، نەبادا بوجەیەك بۆ پڕۆژەیەك تەرخان کرابێت کە زەروری نەبووە، یان لە دائیرە و دەزگایەك بووە کە ڕەفتارێکی حەرامی پێکراوە، یان لە بوارێکـدا کە دەکرا دوابخرێـت... لە هەر حـاڵەتێکی وادا کە بووبێتە هۆی کەمبوونەوەی واریدات و خەزێنەی بەیتولمال حکومەت تێیدا کەمتەرخەم بووە و خەلیفە بۆی نییە باجی ئیزافی لەســەر خەڵکی دابنێـت، ئەممـا ئەگەر هەموو پـارەوپولێـك لەجێی خۆیـدا خەرج

کرابێت و هەموو بووجەیەك بۆ پڕۆژەی زەرووری دانرابێت و هەموو ماڵ و سامانێك لەبوارێکی شەرعیدا خەرج کرابێت، ئینجا بەیتولمال نوقسانی تێکەوتبێت، ئەوکاتە باجدان جائیز دەبێت. بەڵام ئەمە چۆن مومارەسە دەکرێت؟

ئایا بەشێوەی لاوەکی باج لەسەر کاڵ او بەرهەم دادەنرێت؟ یان بەشێوەیەکی یەکسان لەسەر هەموو کەسێك دادەنرێت کە بڕێکی دیاری کراو پارە بدەن؟ یان باجێکە و بە پێی توانا و هەبوون لەسەر هەر هەمووخەڵکەکە بەڕێژەیەك دادەنرێت؟

ئەدی چۆن ماڵ و موڵکی خەڵکەکە دەزانرێت و تەقدیر دەکرێت تا ڕێژەی باجەکە بزانرێت؟ یان ئەو کەسانەی سوود لە پڕۆژە و خزمەتی دەوڵەت وەردەگرن دەبێت زیاتر بدەن وەك لەو کەسانەی کەمتر ئەو سوودەیان پێدەگات (وەکو فەرمانبەری شار و جوتیارێکی لادێ).

ئایا دەشێت ڕێژەیەکی بەرە و باڵاچوو (تصاعدی) بێت، بەوەی کە باجەکە لەگەڵ زیادبوونی قازانج و سووددا بەرز ببێتەوە؟ ئەمانە و پرسیارگەلێکی تر دەشێت لەم بوارەدا بوروژێن و وەڵامی ئەهلی فەتوا بخوازن، کاتی ئەوەش ئەو واقیعە دەبێت کە حکومەتی ئیسلامی تێیدەکەوێت، ئەمما ئێمە لێرەدا چەند خاڵێك باسدەکەین:

١- لەکاتی دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامیدا لەمڕۆی جیهانی ئیسلامیدا، بەهیچ شێوەیەك پێویستی بە فەرزکردنی باجی ئیزافی نابێت، چونکە واریداتی بەیتولمال هەر زۆر زۆرە، بەتایبەتی کەرەستەی خاو.

٢- ئەگەر باجێك فەڕزکرا، نابێت بەردەوامبێت، دەبێت بە پێداویستیەکەوە پەیوەستبێت، هەر کاتێك بەیتولمال پڕبۆوە و کەوتەوە سەر خۆی ئیتر دەبێت ئەو باجە ئیزافیەش کۆتایی پێ بێت.

٣- له هەموو حاڵەتێكدا ڕای خەلیفە و ئەنجومەنی شوراكەی جێی ئیعتیبارن و دەبێت ڕەچاو بكرێن (مادام دادپەروەری و جێمتمانە و خەلیفەی شەرعی ئوممەت بن و شوراكەیان لە شیاو شایستەكانی ڕاوێژ بن).

## خاڵی هەشتەم: مافی گشتیی دەوڵەتی ئیسلامی:

لە مافی ئوممەت و دەوڵەتی ئیسلامییە كە موڵكی گشتی كە كەس خاوەنی نییە (كە كورد پێی دەڵێت میری) لەبەرژەوەندی هەموو كۆمەڵگەدا بەكاربهێنێتەوە (وەكو چیا و دەریا و شوێنی گەشتیاری و سەیران و....)، پێویستە لەسەر دەوڵەت پڕۆژەی گشتیان تێدا بكاتەوە و بشیانپارێزێت، لەو دەقانەی ئەم ئەرك و مافە ڕوون دەكەنەوە:

ئیبنو قودامە (رحمه الله) دەفەرویٚ: {لە ئیبنو عومەرە (خوا لێیان ڕازی بێت) هاتووە كە گێڕایەوە: (حمى النبي (ﷺ) النقيع لخيل المسلمين)، واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناوچەی نەقیعی كرد بە لەوەڕگا و گەوڕی ئەسپی موسوڵمانان. دوای جەنابیشی (ﷺ) خەلیفەكان بۆیان هەیە شوێن بۆ ئەسپی موجاهیدان و ماڵاتی جزیە و حوشتر و مەڕوماڵاتی بێخاوەن، هەروەها ماڵاتی هەژاران تەرخان بكەن چ وەكو لەوەڕگا و پاوەن و ئاو، چ وەكو شوێنی حەوانەوە و خزمەتكردنیان. ئەمەڕای ئیمامی ئەبوحەنیفە و مالیك و شافیعیشە (رحمهم الله)}.

پاشان ئیبنو قودامە بەرپەرچی ئەو كەسانە دەداتەوە كە دەڵێن خەلیفە مافی ئەم تەرخانكردنەی نییە، چونكە ئەوە مافێكی پێغەمبەری خوا بووە (ﷺ)! بەڵام ئەو دەیسەلمێنێت كە ئەوە مافی هەموو خەلیفەیەكە و لە دوای پێغەمبەری خوا (ﷺ) خولەفای ڕاشیدین (خوا لێیان ڕازی بێت) كردوویانە. دەفەرمویٚ: (بەڵگەمان ئەوەیە كە سەیدنا عومەر و سەیدنا عوسمان (شوێنیان بۆ بەرژەوەندیی گشتی) دیاری كرد و

یاوەرانیش ئاگەداربوون لێی و کەسیان بەرهەڵستیان نەکردن، ئەمەش بوو بەکۆڕا (إجماع) لەسەر ڕاست و دروستی ڕەفتارەکەیان).

لەو ڕیوایەتانەی لەم بوارەدا هاتووە ئەوەیە کە ئەعرابییەك هاتە خزمەتی سەیدنا عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) و عەرزی کرد: ئەی ئەمیری موسوڵمانان، وڵات (ناوچەکەمان) وڵاتی خۆمانە لە جاهیلیەتدا پاراستومانە و کە موسوڵمانیش بووین هەر بە دەستمانەوە بووە، ئیتر چۆن ناوچەیەکی لێ تەرخان دەکەیت بۆ شتی گشتی؟ سەیدنا عومەر سەری دانەواندبوو، فووی دەکردوو سمێڵی بە دەستی بادەدا، عادەتی وابوو کە لە شتێك زۆر تووڕە دەبوو وای دەکرد، کابرای ئەعرابی کە وای بینی هەر قسەکەی خۆی دەکردەوە، پاشان سەیدنا عومەر فەرمووی: سامان سامانی خوای گەورەیە، خەڵکەکەشی هەر عەبدی خوای گەورەن، والله ئەگەر لەبەر خاتری خوا نەبووایە بستێك خاکم نەدەکردە موڵکی گشتی).

ئەم تەرخانکردنە تا ئەو ڕادەیە جائیزە کە زیان بەخەڵکی نەگەیەنێت، چونکە ئەسڵ ئەوەیە کە بۆ بەرژەوەندی خەڵکەکە بێت، کە ژیان لە هەندێکیان تێکبدات جائیز نامێنێت بکرێتە موڵکی گشتی.

ئیمامی شافیعی (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێ: ئەوەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دیاریکرد و تەرخانیکرد لە سوودی گشتی موسوڵمانان بوو، بۆ ئەو ئەسپانەی تەرخانکرد کە لە جیهادا بەکاردەهاتن یان ئەو ئەسپانەی کە لە دوای دابەشکردنی زەکات و غەنیمەت دەمانەوە، یان ئەو مەڕومالات و ئاژەڵانەی لە جزییەوە وەردەگیران ئەسپەکان مایەی بەهێزکردنی هەموو موسوڵمانان بوون، مالاتی جزییە دەبووەوە هێزی موجاهیدان چونکە حوکمی فەیئی هەبوو، حوشترەکانیش دەکرانەوە بە خێرات و دەبەخشرانەوە، کەوابوو هەموو موسوڵمانان سوودیان لە تەرخانکردنی ئەوە پارچە زەویانەوە دەکرد کە بۆ موڵکی گشتی دیاریدەکران نزیك و دووری موسوڵمانان خێرو پاداشت و پشکی بەردەکەوت).

دەڵێم (سـەعید حەووا رحمە اللە دەفەرموێ): ئەم بابەیە ئەسـڵێکە و دەشـێت هەموو کێشـەیەکی تری پێ بپێورێت لەوانەی لەبەرژەوەندی گشـتی خەڵکیدا دەبن، لەهەموو حاڵەتێکیشدا هەر دەوڵەت خاوەنیەتی و نادرێت بە تاکە کەسێك (مەگەر بە کرێ).

## خاڵی نۆیەم: فەیئ:

خاوەنی کتێبی(السیاسة والإقتصاد في التفكير الإسلامي) دەربارەی فەیئ دەفەرموێ:

کە دەگوترێت فەیئ لەگەڵ غەنیمەت و خەراج و جزییەدا باس دەکرێت، مەبەسـت لێی ئەو ماڵ و سـامانەیە کە هی کافران بووە و بێ جەنگ کەوتۆتە دەسـت موسـوڵمانان، لە بەرامبەریدا دەسـکەوت (غەنیمەت) هەیە کە ماڵ و سـامانی کافرانە و لە جەنگدا دەست موجاهیدان کەوتووە[١]. فەیئ لەوانەیە سـەرئەنجامی ترسـی کافران بێت لە موسوڵمانان و جیهادیان[٢] کە یەکسـەر لە ترسـاندا ماڵ و سـامانەکەیان جێهێشـتووە و موسـوڵمانان گەیشـتوونەتە سەری و بردوویانە، دەشێت ئەم ترسە بەدیتنی سوپای ئیسلام بوبێت یان بە هەواڵ و نزیکبوونەوەی.

ئەبو یوسـف دەفەرموێ: مـادام سـوپای موسـوڵمانان هیچی نەکردووە لە جەنگ و گەمارۆدان و دەست وەشاندن، هەرچی کەوتۆتە دەستیان فەیئە نەك غەنیمەت.
یەحیـای کوڕی ئـادەم لە مەحمودی کوڕی یەسـارەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێ گوێم لێبوو زوححاك (رحمە اللە) دەیفەرموو: دانیشتوانی هەر قەڵا و قوللەیەك کە دوای ئەوەی سوپای موسـوڵمانان دەبینن ڕازیدەبن فیدیە بدەن و شەڕ نەکەن، ئەو فیدیە حوکمی فەیئی هەیە و بۆ هەموو موسـوڵمـانانە[٣]. چونکە خوای گەورە هۆکاری بەزینی کافرانی بە چەندین هۆ

---

(١) الماوردي: الأحكام السلطانية (ل١١١).
(٢) تفسير البيضاوي (ل٥٤٧).
(٣) ئەبو یوسف: الخراج (ل٤٨).

نـاســانـدووه كه خواى گەوره كردوونى به مايەى دڵەكوتێ و ترس و تۆقاندنيان، هەندێك هۆكارى ديار وەكو ڕەشـەبايە، هەندێكى تر ترس و سـامێكە وە له ناخياندا دێت و دەچێت. ئەمە تەفسـير و ماناكردنى وشەى ﴿فَمَآ أَوۡجَفۡتُمۡ عَلَيۡهِ﴾ـــى ئايەتەكەيە[1] كه دەفەرموێ: ﴿فَمَآ أَوۡجَفۡتُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ خَيۡلٖ وَلَا رِكَابٖ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُسَلِّطُ رُسُلَهُۥ عَلَىٰ مَن يَشَآءُۚ ٦﴾ الحشـــر: ٦ واته: هەمـوو ئەوەى ئاسان و زوو دەستيان كەوت له ئەسپ و حوشتر و سوارى تر لەوەيە ﴿وَمَآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ﴾ واته: ئەوەى كه خواى گەوره كردى به فەيئ، بێ جەنگ و كوشـــتار خســـتيه بەردەســـت پێغەمبەرەكەى (ﷺ) (موڵك و ماڵى جولەكەكانى خەيبەر)، خۆ خواى گەوره خۆى پێغەمبەرانى بەسەر هەموو ئەوانەدا زاڵدەكات كه خۆى مەبەستيبێت.

ئەوەى له ڕيزى فەيئ حســاب كرا ســامانى (فەدەك) بوو كه موڵكى جولەكە بوو، كەوتبووە بەردەستى پێغەمبەرى خوا (ﷺ). يەحياى كوڕى ئادەم دەگێڕێتەوە[2]: كۆمەڵێك له جولەكەكـانى خەيبەر خۆيـان له قەڵا و قولەكـانيـانـدا قـايم كرد، پـاشـان داوايـان له پێغەمبەرى خوا (ﷺ) كرد كه خوێنيان بپارێزێت و ڕێگايان بدات مەدينە جێبهێڵن، هەرچى دەتوانن لەگەڵ خۆيانيدا ببەن، ئاوا ڕێككەوتن. كه دانيشتوانى فەدەك (قەڵايەكى تريانبوو) بيسـتيان، ئەوانيش داوايان كرد وا ڕەفتاريان لەگەڵدابكرێت، ماڵ و سامانى هەردوو لايان حوكمى فەيئى هەبوو، چونكه بێ جەنگ و كوشتار دەستكەوتن.

بلاذرى دەگێڕێتەوە: پێغەمبەرى خوا (ﷺ) دواى ڕێككەوتن لەگەڵ جولەكەكـانى خەيبەردا هەمان نوێنەرى خۆى كه مەحيســەى كوڕى مەســعودى أنصــارى بوو نارد بۆ جولەكەكانى فەدەك تا داوايان لێبكات موسوڵمان ببن، بەڵام موسوڵمان نەبوون، ڕازيبوون لەســەر ئەوەى لەگەڵ پێغەمبەرى خوادا (ﷺ) ڕێككەون كه نيوەى زەويوزارەكەيـان به

---

(١) البيضاوي (ل٥٤٧).

(٢) الخراج (ل٣٧).

فیدیە لێوەرگرێت: خاك و بەرهەمی..

جەنابیشی (ﷺ) ڕازیبوو، ئیتر نیوەی سامانی فەدەك بوو بەفەیئ چونکە بێ جەنگ و کوشتار دەسکەوتبوو[1].

ئەوە مانا و پێناسەی وردەکارانەی فەیئە، ئەگەرچی جاری وا هەیە هەندێك لە شەرعناسان وا بە کاری دەهێن کە غەنیمەتیش بگرێتەوە، دەفەرموون چونکە سەیدنا عبدالرحمانی کوڕی عوف (خوا لێی ڕازی بێت) کە عەرزی سەیدنا عومەری کرد: چما دەتەوێت خاك و زەوی و زارێك کە خوای گەورە سەرنجامی شەرەشمشێرمان کردویەتی بە فەیئ بۆمان بدەیتە کەسانێك کە نەئامادەی جەنگ بوون و نەئێستاش لێرەن؟[2] لەم ڕوانگەیەوە کە (ئەبو یوسف) دەسپێکی باسەکەی لەسەر فەیئ و خەراج وادەکات: ئەمما فەیئ ئەی ئەمیری موسوڵمانان لای ئێمە خەراجە.. خەراجی زەوی..[3]

ماوەردی لەوە گشتگیرتر پێناسەی دەکات، دەفەرموێ: فەیئ بریتییە لەهەموو ماڵ و سامانێکی موشریکان کە بێ جەنگ و کوشتار و هێرشکردنی موسوڵمانان کەوتۆتە دەستیان. فەیئ وەکو سامانی ڕێکەوتن و جزییە و عشوری بازرگانیەکانە، یان بەهەر هۆیەکی غەیری جەنگەوە گەیشتۆتە موسوڵمانان وەکو سامانی خەراج[4].

هەندێك لە شەرعناسان دەفەرموون فەیئ و غەنیمەت وەکو فەقیر و مسکینن، کە پێکەوە دێن و دوو شتی جیاواز لە یەك دەگەیەنن، کە جودا هاتن هەریەکەیان بە مانانی خۆی و ئەوی تریشیان دێت.

---

(١) فتوح البلدان (ل٣٦).

(٢) ئەبو یوسف: الخراج (ل٢٦).

(٣) هەمان سەرچاوە (ل٢٨).

(٤) الأحكام السلطانية (ل١١١).

قـازی (أبو الطيب) دەفەرموێ: بۆیە بە فەیئ وتراوە فەیئ چونکە ماڵ و سـامانێکە و ئاسـان و زوو بێ جەنگ کەوتۆتە بەردەسـت موسـوڵمانان، بێ ئەوەی خۆیان بۆ کوتابێت. ئەمما غەنیمەت ئەوە دیارە کە ماڵ و سـامانی کافرانە و سـەرەنجامی جەنگ و پێکدادان پێیان جێهێڵراوە[1].

*** ***** ***

با بگەڕێینەوە سەر پێناسـەی یەکەم کە فەیئ بریتییە لە هەر ماڵ و سامانێك کە بەبێ جەنگ و کوشـتار لە کافران جێماوە و کەوتۆتە دەسـت موسـوڵمانان کە مافی جەنگاوەرە موسوڵمانەکانی تێدا نییە، بۆیە بێ ئەوان و دوور لەوان دابەشکراوە..
لەم ڕوانگە و پێناسـەوەیە کە هەر ماڵ و سـامانێك سەرەنجامی ڕێککەوتن لەگەڵ کافر و موشـریکاندا دەسـت موسـوڵمانان دەکەوێت، یان کافران جێیانهێشـتووە و ڕۆیشـتوون و کەوتۆتە دەسـت موسـوڵمانان فەیئە. هەریەك لەم جۆرە پێنجیەکی لێوەردەگیرێت و وەکو پێنجیەکی غەنیمەت دابەش دەکرێت[2]: ﴿لِلَّهِ خُمُسَهُۥ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ ﴿٤١﴾﴾ الأنفال: ٤١، ئەمما چواربەش لە پێنج بەشـەکەی کە ماوەتەوە هەمووی دەچێتە سـەر بەیتولمـال، ئەوە یەکێکە لە واریـداتە سـەرەکیەکـانی بەیتولمـال. لەم ڕوانگ و ڕەفتـارەوەیە کە بەهەموو سـامـانێکی هـاتوو بۆ بەیتولمال دەوترێت فەیئ، هەر وەکو بە جزییە و عشـوریش دەوترێـت فەیئ، چونکە بواری بەشـکردنیان یەکە، هەروەکو کە بە خەراجیش وتراوە فەیئ چونکە وەکو بـاسـمانکرد لە سـیفەتی غەنیمەت دەرچوون دوای ئەوەی بڕیاردرا بەسـەر جەنگاوەراندا دابەش نەکرێت و هەموو خاك و بەرهەمی (عێراق و شام) بخرێتە سەر بەیتولمال.. بەهەمان شێوە بە عشور و جزییەش هەر وتراوە فەیئ چونکە هەر خراوەتە ڕیزی فەیئەوە، لەبەر ئەوەی وەکو فەیئ دابەشدەکرێتەوە.

---

(١) تهذيب الأسماء واللغات/ بەشی دووەم (١/ل٦٤).

(٢) الماوردي (ل١٠٨)، الأحكام السلطانية (ل١٢٤).

لەشێوە و نموونەی فەیئ:

کافرانێك لە ناوچەیەکی ئیسـلامی داگیرکراودا ماڵ و سـامانیان هەیە، سـەرەنجامی شۆڕشێکی ناوخۆیی، یان ڕاپەڕینێکی موسـوڵمانان، ئەوان هەڵاتن و ماڵ و سامانیان بە جێهێشت و موسوڵمانان دەستیان بەسەرداگرت، هەرچی دەسکەوتووە دەکرێتە پێنج بەش. بەشێکیان دەکرێتەوە بە پێنج پشك و دەدرێتە ئەو بوار و کەسانەی ئایەتەکە دیارییکردووە، چوار بەشەکەی تر دەخرێتە بەیتولمالەوە.... وەکو ئەوەی لە جەزائیر ڕویدا و فەڕەنسیەکان هەڵاتن و وڵاتیان جێهێشـت، هەر ماڵ و سامانێك سەلمێنرا کە زەوتکراوە، دەگەڕێتەوە بۆ خـاوەنەکانیان دوای ئەوەی بە بەڵگەوە دەیسـەلمێنن کە ماڵی ئەوانە، ئەوانی تر هەمووی دەخرێتە بەیتولمـالەوە دوای ئەوەی پشـکی هەژار و نەدارانی لێـدەردەچێـت، یان ئەگەر مورتەددەکان ناوچەکەیان خسـتبووە ژێر دەسـەڵاتی خۆیانەوە و توانیمان دەریانپەڕێنین، هەرچی جێیدەهێڵن فەیئە و دەخرێتە بەیتولمالەوە.

## خاڵی دەیەم: سزای دارایی تەمێکردن:

هەندێك لە شـەرعناسان سزای تەمێکردنی دارایی بە جائیز دەزانن (پێیان وایە ڕاست و دروسـت و ڕەوایە کە خەلیفە یان جێگر و نوێنەرانی سزای دارایی کەسێك بۆ تەمێکردنی ئەو و کەسـانی تری وەکو ئەو بـدەن، بەوەی نـاچـاری بکەن کە بڕێـك پـارە بـداتە بەیتوالمـال/غەڕامە بکرێـت).. ئیبنو تیمیە لە کتێبی (الحِسـبـة)کەیـدا مونـاقەشـەی ڕاوبۆچوونی پێشـەوایانی شەرعی لەم مەسەلەیەدا کردووە و باسی جائیزیەتی بە تەفسیل کردووە.. لەم دیـد و ڕوانگەوەیە کە سـزای دارایی تـاك کۆی کۆمەڵگەی ئیسـلامی و ڕەعییەتی دەوڵەتی ئیسـلامی و سەرچاوەیەکی تری واریداتی بەیتولماله، چونکە دیارە کە سـزادراوان سـەرپێچی یاسا و ڕێسا و ئەحکامە گشتیەکانیان کردووە و خەلیفەش لەسەر ئەوە سزای داون، بەڵام ئەوە کە جائیزە مەرجە بەنییەتی زیانلێدانی نەبێت و لە چەسپاندنیدا

سەختگیری نەکرێت.. بەشێوەیەکی گشتی ئەم سزایە لەگەڵ ئاستی بیروهۆش و ڕۆشنبیری و دینداری ئوممەتەکەیدایە، تا بیروهۆشیان زیاتربێت زیاتر بەم کارەیانەوە پابەند دەبن، پێچەوانەکەشە ڕاستە.

## خاڵی یازدەیەم: وارداتی موڵک و پڕۆژەکانی دەوڵەت خۆی:

چەندەها پڕۆژە هەن کە تەنها دەشێت دەوڵەت بیانگرێتە خۆ، چونکە مافی گشتین و ناشێت تایبەت بە تاك بکرێت، چ لەبەر ئەوەی تاکەکان مافیان نییە بیگرنەخۆ، چ لەبەر ئەوەی لە توانایاندا نییە چونکە ئەرك و بوجە و مەسروفی زۆرە، وەکو پڕۆژە سەربازییەکان و پڕۆژەکانی ئاو و کارەبا و هاوشێوەیان، بێگومان قازانجی هەموو ئەم پڕۆژانە و هاوشێوەکانیان دەچێتەوە ناو بەیتولمالەوە. لێرەدا پێویستە جیاوازی لەنێوان دوو ڕەفتاری دەوڵەتدا بکەین: یەکەمیان خاوەنیەتی و ئیدارەی ئەم جۆرە پڕۆژانەیە، کە هەر لە سەرەتاوە دەوڵەت خۆی نەخشەی بۆ دارشتووە و بوجەی بۆ دیاریکردووە و کەوتۆتە ڕاپەراندنی، دووەمیان زەوتکردنی پڕۆژە یان موڵکێك لەلایەن دەوڵەتەوە، کە شەرعیانە دەستی بەسەر داگرتبێ، چونکە بۆ دەوڵەتیش - هەروەکو تاکەکانی ئوممەت - جائیز نییە دەست بەسەر دەزگا و ڕێکخراو و پڕۆژەیەکدا بگرێت کە هەر لە سەرەتایەوە شەرعیانە دامەزراوە و پێچەوانەکاریی تێدا نەکراوە و زیانی بۆ کەس تێدا نییە. ئەگەر دەوڵەت وابزانێت کە بەرژەوەندی گشتی لە دەستبەسەرداگرتنی دایە، دەبێت لەگەڵ خاوەنەکەیدا ڕێککەوێت و ئەو ڕازی بکات.. ئەوە حاڵەتێکی زۆر دەگمەنە کە هەندێك لە شەرعناسان ئاماژەیان پێداوە کە دەشێت تاك ناچار بکرێت دەسبەرداری موڵکێکی بێت بۆ دەوڵەت، ئەمە پێچەوانەی ئەسڵە و دەگمەنە و دەبێت هەنجەتی ڕاست و دروستی هەبێت، دەبێت ڕاست و ڕۆشن ئەحکامی شەرع بگرێتەوە، دەنا دەبێتە دەستدرێژی و خاوەنی پڕۆژەکە بۆی هەیە سکاڵا بگەیەنێتە دادگا و لەوێ شیاوێتی و نەشیاوێتی یەکلا بکرێتەوە.. لە حاڵەتی پڕۆژەسازیدا لەوانەی بە تاکەکانیش دەکرێت و مافی خۆیانە، دەوڵەتیش وەکو کەسێکی

ئیعتیباریە و بۆی هەیە بیگرێتە دەست بەڵام لەسەر حیسابی تاکەکان نا. لەو حاڵەتەشیدا پڕۆژەکە هەمووی موڵکی گشتیی ئوممەت دەبێت، نەك موڵکی خەلیفە و کاربەدەستانی بەرپرسی پڕۆژەکە. هەر ئیمتیاز و پشکێکی جودا لە پڕۆژەکەیدا یان لە سامانی گشتیدا حاکمێکی کافر یان فاجر بۆ کەسێکی دابڕیبێت کە پێچەوانەی ئەحکامی شەرع بێت حەڕامە و دەبێت لەیەکەم دەرفەتی گونجاودا هەڵبوەشێتەوە و پشکەکەشی بخرێتەوە سەر بەیتولمال، یان بدرێتەوە بەو کەسەی لەسەرەتاوە بەغەدر و فێڵ لێی سەندراوە.

ئەمە بەشێوەیەکی گستی ڕێگاکانی واریداتی بەیتولمالن لەسیستەمە دارایی و ئابووریی ئیسلامیدا، کە زانینیان بە کورتیش بێت پێویستە تا مرۆڤ بزانێت خەزێنەی دەوڵەتی ئیسلامی لە کوێوە پارەی بۆ دێت.

## بڕگەی دووەم:
## مەسروفاتی بەیتولمال:

بەیتولمال لە ئیسلامدا کۆمەڵێك ئەرکی مەسروفکێشانی دەکەوێتەسەر کە ئەمانەن:

١- مووچەی فەرمانبەران و کاربەدەستانی دەوڵەت و زەمانەتی بژێویی ڕەعییەتەکە.

٢- دامەزراندن و تەواوکردنی پڕۆژە زەروورییەکانی خزمەتگوزاریی وڵات.

٣- دابەشکردنی سامانی زیادەی دەوڵەت بەسەر هاوڵاتیاندا.

لێرەدا باسێك لەم سێ خاڵە – بە کورتی – دەکەین إن شاء الله:

### خاڵی یەکەم: موچەی فەرمانبەران و زەمانەتی بژێویی هاولاّتیان:

- بوخاری لە خاتوو عائیشەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە کاتێك سەیدنا ئەبوبەکر (خوا لێی ڕازی بێت) بوو بە خەلیفە فەرمووی: (لقَدْ عَلِمَ قَوْمِي أنَّ حِرْفَتي لَمْ تَكُنْ تَعْجِزُ عن مَؤُونَةِ أهْلِي، وشُغِلْتُ بأَمْرِ المُسْلِمِينَ، فَسَيَأْكُلُ آلُ أبِي بَكْرٍ مِن هذا المَالِ، ويَحْتَرِفُ لِلْمُسْلِمِينَ فِيهِ)[1] واتە: خەڵکەکە (گەلەکەم) چاك دەزانن کە پیشە و کاسبیم وانەبوو مەسروفی ماڵ و منداڵم دەرنەهێنێت، وا ئێستاش بەکاروباری موسوڵمانانەوە خەریکم، بۆیە دەبێت ماڵ و منالّی ئەبوبەکر لەم سامانە (بەیتولمال) بخوات چەنکە پیشەی ئێستام خەلیفایەتییە.

---

(١) بوخاری (٢٠٧٠).

- سـەیدنا عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێ: (عَمِلْتُ عَلَى عَهْدِ رسولِ اللَّهِ (ﷺ) فعمَّلَني)[1] واتە لە زەمانی پێغەمبەری خودا (ﷺ) سەر وەزیفە و کرێشی بۆ دیاریکردم.

- مستەوریدی کوڕی شەدداد (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: (سمعت النَّبي (ﷺ) يقول: من كانَ لنا عاملاً فليَكتسب زوجةً، فإن لم يَكن لَهُ خادمٌ فليَكتسِبْ خادمًا، فإن لم يَكن لَهُ مسْكنٌ فليَكتسب مَسْكنًا)[2] واتە: گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو: هەرکەسێك کاربەدەستی ئێمەیە (فەرمانبەری دەوڵەتە) با لەسەر حیسابی بەیتولمال هاوسەرێك بگرێت، ئەگەر خزمەتکار/کارەکەری نییە با یەکێك بگرێت، ئەگەر خانووی نییە با خانوویەك وەربگرێت.

لەڕیوایەتێکی تریدا لەکۆتاییدا دەفەرموێ: (منِ اتَّخذَ غيرَ ذلِكَ فَهوَ غالٌّ) واتە: هەرکەسێك لەوە زیاتری برد ئەوە خیانەتی لە سامانی گشتی کردووە. وەکو ئەو کەسەی لە غەنیمەت دەدزێت پێش دابەشکردنی (ماشینەوە)یە.

- لەڕیوایەتێکی تریشدا کە بورەیدە (باوەرە و پیاوە) (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (مَنِ استَعمَلناه على عَمَلٍ فرَزَقْناه رِزقًا، فما أخَذَ بعدَ ذلكَ فهو غُلولٌ)[3] واتە هەرکەسێکمان لە وەزیفەیەکدا تەعین کرد و ڕۆزیمان بۆ بڕیەوە، ئیتر هەرچی لەوەودوا هەڵگرێت بە(غلول) حسێبە.

---

(١) ئەبو داود بەسەحیحی ڕیوایەتی کردووە، ئەلبانیش لە (صحيح أبي داود)دا بەژمارە (١٦٤٧) دەفەرموێت (صحيح)ـە.

(٢) ئەبو داود بەسەنەدێکی (صحيح)ەوە ڕیوایەتی کردووە (٢٩٤٥)، ئیبنو خوزەیمە (٢٣٧٠) لەفزەکەش هی ئەمانە، وە تەبەڕانی (٣٠٥/٢٠) (٧٢٧) بەکورتی هێناویەتیەوە، ئەلبانیش لە (صحيح أبو داود)دا دەفەرموێت: (صحيح)ـە.

(٣) ئەبو داود (٢٩٤٣)، ئیبنو خوزەیمە (٢٣٦٩) لەفزەکەش هی ئەمانە، بەززار (٤٤٢٧) بە کەمێك جیاوازی، شـێخی ئەلبانیش لە (صحيح أبي داود) بە سەحیحی داناوە.

غلول: دزیە لە غەنیمەت پێش دابەشـــکردنی و بێ مۆڵەتی ئەمیر. واتە: (مـاشـــینەوە: هەڵگرتنی بێپرس).

- موعازی کوڕی جەبەل (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێ: (بعثني رسـول اللَّهِ (ﷺ) إلى اليَمَنِ فلمَّا سِـرتُ أرسـلَ في أثَرِي فرُدِدتُ، فقالَ: أتدري لِمَ بَعثتُ إليكَ؟ قال لا تُصـيبنَّ شـيئًا بغيرِ إذني فـإنَّـهُ غُلولٌ، وَمَنْ يَغْلُلْ يَـأْتِ بِمَـا غَـلَّ يَوْمَ الْقِيَـامَةِ، لهذا دَعَوتُك فامض واتە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناردنی بۆ یەمەن، کە کەوتمە ڕێ، ناردیەوە بە شوێنمدا منیش گەڕامەوە خزمەتی، فەرمووی: دەزانی بۆچی ناردوومەوە بە شوێنتدا؟ بەهیچ شێوەیەك هیچ شـتێك بەبێ ڕێپێدانی من هەڵنەگریت (لە ماڵ و سامانی گشتی) چونکە بە(غلول)حسێبە، هەر کەسـێکیش غلول بکات ڕۆژی قیامەت دەبێ ئەو کەل و پەلە/شـتە بهێنێتەوە پێشی کە ماشیویەتیەوە، لەبەر ئا ئەوە بانگم کردیتیەوە، دەبڕۆ، بچۆرە سەر کاری خۆت.

دەشـــێـت ئەوەی هەڵیگرتووە کاڵایەك بێت و بەدزییەوە ماشـــیبێتیەوە، یان بەرتیلە و وەریگرتووە، یان دیاریە و وەریگرتووە.. هەموو ئەمانە و هاوشێوەیان (غلول)ـن و حەڕامن.

لەم دەقـانەوە تێدەگەین کە هەر کەسـێك بوو بەکاربەدەسـتی دەوڵەت یان کارێکی ئیسلامی گرتەدەست، مووچەی تایبەت بە خۆی بۆ دەبڕێتەوە، دەبێ موچەکەشەی لە ڕادەی (بەس)یەتیـدابێـت تـا بەشـی مەسـروفـاتی خۆی و مـاڵ و منـداڵی بکـات و بەتەواوی پێداویسـتیە سـەرەکیەکـان دابین بکـات لە هـاوسـەرگیری و شـوێنی سـوکنـا و خزمەتکار/کارەکەر، وە لە هەندێك ڕیوایەتدا (سـواری)ـیش هاتووە تا هاتووچۆی ئاسان بێت.

---

(١) ترمذی (١٣٣٥) و ئەفەرموێت (غەریب)ـە، لەفزەکەش هی ئەمە، بەززار (٢٦٧٣)، تەبەڕانی (١٢٨/٢٠) (٢٥٩)، ئەلبانیش لە (ضعيف الترمذي)ـدا بە (ضعيف)ـی داناوە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە شتێك بدرێت: وەرگرتنی وەزیفە تەنها لە كاتی پێداویستی دایە، هەر دەبێت لە ڕێگایەكی شەرعیانەشەوە بێت، بۆیە ناشێت دەوڵەت جۆرە وەزیفەیەك دابهێنێت كە ئوممەتەكە پێویستیی پێی نییە، یان وەزیفەیەكە كاری ناشەرعی لێوە/پێ ئەنجام دەدرێت.. ناشێت پارەی بەیتولمال بۆ وەزیفە وا سەرفبكرێت. لەم ڕوانگەوە دەبینین زۆر وەزیفەی دەوڵەتی ئەمڕۆ هەیە كە پێویستە ئیلغا بكرێنەوە، چونكە پێویستی نین.

ئەمما زەمانەتی بژێویی هاوڵاتیان كە ئەركێكی تری بەیتولماڵە و پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕایگەیاندووە:

- ئیبنو عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: (سمعتُ رسول الله (ﷺ) يقول: كلُّكُم راعٍ وَكلُّكم مَسؤولٌ عن رعيَّتِه)[1] واتە: هەمووتان بەرپرس(شوان)ـن و هەمووشتان بەرپرسن لە ڕەعیەتەكانتان/لەوانە لەبەردەستتاندان.

لە ژیانی پێغەمبەری خودا (ﷺ)، هەروەها لە ماوەی حوكمی خولەفای ڕاشیدینی بەڕێزدا (خوا لێیان ڕازی بێت) نموونەی سەلماندن و چەسپاندنی ئەرك و وەزیفە و بەرپرسیەتی زۆرمان لەبەردەستدا هەیە كە هەموو ئەو ڕێسا گرینگە ڕوون دەكەنەوە كە بەیتولمال لە خزمەتی دابینكردنی پێداویستی هەژار و نەداراندا بووە، موسوڵمان بووبن یان غەیرە موسوڵمانی ڕەعییەتەكە، كە مادەم ڕێگای تری دابینكردنیان پەی پێ نەبردووە. كەوابوو بەیتولمال سەرچاوەی چارەسەری كێشە داراییەكانی یەك یەكی ڕەعییەتی دەوڵەتی ئیسلامییە.

(١) بوخاری (٨٩٣)، وە موسلیم (١٨٢٩) بەدرێژی هێناویەتییەوە.

## خاڵی دووەم: بووجەی پڕۆژە گشتییەکان:

لە باسی داهاتووماندا کە دەربارەی ئامانجەکانی ئابووری ئیسلامییە دەبینین کە بەشێك لە ئابووریی دەوڵەت بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەربازییەکان تەرخان دەکرێت، هەر وەکو کە دەبێت بووجەی تەواو بۆ هەموو دائیرە و دەزگا و پڕۆژە گشتییە خزمەتگوزاریەکانی دەوڵەت دابینبکات، ئەمە جگە لەوەی کە هەندێك پڕۆژەی خزمەتگوزاری هەیە لە ئەرکە سەرەتاییە بەڵگەنەویستەکانی دەوڵەتە، وەکو دابینکردنی کارەبا کە بەدابینکردنی سەرچاوەی ئاو (و هەوا و تیشکی خۆر) دەبێت کە هەموویان موڵکی گشتی ئوممەتن، بۆیە دەبێت ئەم جۆرە پڕۆژانە یەکسەر دەبێت جێبەجێبکرێت و بخرێتە خزمەتی گشتی ئوممەتەکەوە.

وەرگرتنی بووجە و مووچە و مەسروفی ئەم پڕۆژە و دائیرانەی خزمەتگوزاری گشتی بە چەندین مەرجە، وەکو:

١- پڕۆژەکە دەبێت ئامانجێکی ئیسلامیی پێ بێتەدی و لانیکەم لەوانەبێت کە سیستەمی حوکمی ئیسلامی ڕێپێبدات.

٢- پڕۆژە/دائیرەکە لەوانەبێت کە بۆ خزمەتی کۆمەڵگەیە و بەسوودە، ئەمە مەرجی هەموو ڕەفتارێکی داراییانەی دەوڵەتی ئیسلامییە، چونکە دەوڵەتی ئیسلامی و سامانی گشتی وەکو سەرپەرشتیاری هەتیو و ماڵ و سامانی هەتیوەکەیە، کە دەبێت هەموو ڕەفتارێکی بە سامانی هەتیوەکەوە لە قازانجی هەتیوەکەبێت و بەس.

٣- ناشێت بووجە بۆ پڕۆژەیەکی ناشەرعی دابنرێت، لەناو پڕۆژەی شەرعیشدا نابێت بەشی وای تێدابێت کە شەرعی نییە، یان پێویست نییە، پارە بۆ ئەم جۆرە خەرج ناکرێت. پڕۆژەی بەسوود وەکو دابینکردنی ئاوی پاك و ڕێگاوبان و پرد و کەناڵ و چارەسەری نەخۆشی و پڕۆژەی گەورەی گواستنەوە بە فڕۆکە و شەمەندەفەر و پاپۆڕ و پڕۆژەی

پیشەسازیی جەنگ و هاوشێوەیان.

باشــتر وایە دەوڵەتی ئیســلامی ئەو پڕۆژانە نەگرێتە دەســـت کە بەتاك تاکی ڕەعییەتەکەش هەڵدەســوڕێت، تا لەلایەکەوە نەبێتە کێبڕکێ (متســابق/منافس)ـــیان و لەلایەکیتریشەوە بۆ پڕۆژە زەبەلاحەکان لێببڕێت.

لە زۆر حاڵەتیشدا لە دەوڵەتی ئیسلامییدا ڕێنادرێت بەرپرسانی دەوڵەت پەیوەندیان بە دەزگا ئابوورییەکانەوە هەبێت، ناشێت دوای تەعینبونیان پڕۆژەی خۆیان دابمەزرێنن، چونکە زیانی زۆری لێدەکەوێتەوە، چ لە کەسایەتیان چ لە پڕۆژەی هاوجۆری خەڵکی تر..

بەڵام ئەمانە هەمووی لەکاتی خۆیدا پێویستی بە فەتوا و بڕیاری گونجاوی خۆیەتی تا پارسەنگانە ڕێکخرێن.. لە باسی خاوەنیەتیشدا، هەندێك خاڵی ئاوامان وەبیرهێنایەوە..

شەرعناسانی حەنەفی دەفەرموون:

هەرچی خەلیفە کۆیدەکاتەوە و دەگاتە بەیتولمال لە خراج و جزیە و ئەوەی لە خەڵکی دارولحەرب وەرگیراوە، یان بە دیاری ناردویانە بۆ خەلیفە.. هەموو ئەمانە لە بەرژەوەندی گشتی موسوڵماناندا خەرج دەکرێتەوە، وەکو پڕکردنەوەی سەنگەر و سەربازگەکانی سەر سنوور و دروستکردنی پرد و هەڵبەستنی ڕووبار و جۆگا و مووچەی والی و قازی و کاربەدەستانی تری دەوڵەت لە موحتەسیب و سەنگەرنشین بە بڕێکی (بەس)ـی وا کە بەشی مەسرووفاتی خۆیان و ماڵ و منداڵیان بکات، هەروەها بۆ مووچە و بژێویی سەربازان و ماڵ و منداڵیان..

## خاڵی سێیەم: دابەشکردنی بەیتولمال بەسەر هاولاتیاندا:

ئیبنو سەعد لە سەهلی کوڕی ئەبو حەثمەوە (خوا لێی ڕازی بێت) گێڕاویەتیەوە کە

(سەیدنا ئەبوبەکری سدیق (خوا لێی ڕازی بێت) خانویەکی لە گەڕەکی (سەنع) کردبوو بە بەیتولمال، کەسیش پاسەوانی نەبوو، عەرزیان کرد: ئەی خەلیفەکەی پێغەمبەری خوا، ناتەوێت پاسەوانێك بۆ بەیتولمال دابنێیت؟ فەرمووی: نا، ترسی لەسەر نییە، سەهل دەفەرموێ عەرزم کرد: چۆن؟ فەرمووی: قفڵی لێدراوە. دەفەرموێ: چونکە هەرچی دەهاتە بەیتولماڵەوە خێرا دابەشی دەکرد و هیچی لێ نەدەهێشتەوە. کە ئەبوبەکر چووە مەڵبەندی شاری مەدینە ئەو خانووەی کردە بەیتولمال کە خۆی تێیدابوو چونکە ئیتر ماڵ و سامان و گەنجینەی هۆزەکانی بۆ دەهات وەکو جوهەینە و ئەبو سولەیم، هەروەها زەکات و خێر و خێراتیان و هەمووی دەخستە ئەو خانووەی بەیتولماڵەوە ئینجا بەسەر خەڵکیی دابەشی دەکرد.. یەك لە دوای یەکی خەڵکی، هەر جارەو سەد کەس، بێ جیاوازی نێوان سەربەست و کۆیلە یان ژن و پیاو یان گەورە و گچکە، نێر و مێ هەموویان وەکو یەکیان وەردەگرت، ئینجا ئەسپ و حوشتر و چەکی دەکڕی و دەینارد بۆ سوپاکانی بەرەی جیهاد، ساڵێکیان بە پارەی بەیتولمال قوماشی ئەستووری بەرهەمی ئەو ساڵەی دەوارنشینەکانی کڕی و لە زستاندا هەمووی بەسەر بێوەژنەکانی مەدینەدا دابەشکرد.. کاتێك کۆچی دوایی کرد و بەخاك سپێردا و سەیدنا عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) بوو بەخەلیفە، ئەمیندارانی بەیتولمالی بانگکرد و وەلیاندا چوو بۆ بەیتولماڵەکەی سەیدنا ئەبوبەکر، سەیدنا عبدالرحمانی کوڕی عوف و سەیدنا عوسمانیشی (خوا لێیان ڕازی بێت) لە تەکدابوو، کە بەیتولمالیان کردەوە تەنانەت یەك دیناریشیان تێدا نەدیت، پریاسەکەیەکیان دۆزیەوە هەڵیان تەکاند دەرهەمێکی لێکەوتە خوارەوە، هەمووی دووعای ڕەحمەتیان بۆ سەیدنا ئەبوبەکر کرد.. بەرپرسی تەرازووی بەیتولمال کە هەر لە مەدینە بوو، لە زەمانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و زەمانی سەیدنا ئەبوبەکردا ئیشی کێشانی پشکی خەڵکی (هاتوو و ڕۆیشتوو/الوارد والصادر)ـی بەیتولمالی دەکێشا، بانگیان کرد و لێیان پرسی ئەو ماڵ و سامانەی گەیشتبووە سەیدنا ئەبوبەکر چەند بوو؟ فەرمووی: دووسەد هەزار) - (الکنز).

- ئەبو نوعەیم لە (الحلیة)کەیدا لە ئیبنو عومەرەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە

كه: سامانێكی زۆر له عێراقەوه هاته بەردەستی سەیدنا عومەر، كەوته دابەشكردنی، كابرایەك هەستا و عەرزی كرد: ئەرێ ئەی ئەمیری موسوڵمانان ئەگەر بەشێك لەم سامانه پاشەكەوت بكەیت بۆ ڕۆژانێك كه دوژمن هێرشی دەهێنێت، یان كارەساتێك دەقەومێت[1].. سەیدنا عومەر فەرمووی: ئەرێ خوا له ناوت ببات، چیته وا شەیتان به زمانی تۆ دەدوێت؟ خوای گەوره سامانێكی هێناوەته بەردەستم و هەنجەتی بڕبووم (كه بڵێم هیچم به دەستەوه نەبوو دابەشی بكەم) بەخوا قەسەم ئەمڕۆم دا لەبەر خاتری سبەینێم پێچەوانەی فەرمانی خوای گەوره ناكەم، هەر ئەوه بۆ سبەی ئاماده دەكەم كه پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆی ئاماده دەكرد. (ئیمان و پشت به خوا بەستن و ئیعتیماد كردنه سەر ڕەحمەتی ئەو).

- هەر ئیبنو عەساكر له ئەلحەسەنەوه دەگێڕێتەوه كه سەیدنا عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) بۆ والیی خۆی ئەبوو موسای ئەشعەری (خوا لێی ڕازی بێت) نووسی: (پاشان ئەوەت لەبەرچاوبێت كه دەبێت ڕۆژێكت له ساڵەكه هەبێت كه بەیتولماڵت هیچی تێدا نەمێنێت و هەموویت دابەش كردبێت، پاكماڵیكه، تا خوای گەوره بزانێت كه من هەركەسه و حەقی خۆیم پێگەیاندووه).

- مەجمەعی تەیمی دەگێڕێتەوه كه سەیدنا عەلی (خوا لێی ڕازی بێت) دوای ئەوەی هەرچی له بەیتولماڵدا دەبوو هەمووی دابەش دەكرد و دەكەوته نوێژكردن له ژوورەكەی بەیتولماڵدا، بەو ئومێدەی شاهێدیی بۆ بدات له ڕۆژی قیامەتدا)[2].

- عەنتەرەی شەیبانی دەفەرموێ: (سەیدنا عەلی (خوا لێی ڕازی بێت) جزیه و خەراجی كۆدەكردەوه، ئینجا پشكی بەیتولماڵی له هەموو خاوەن پیشەیەك وەردەگرت، هەروەها له

---

(١) لەم سەردەمەی ئێستای ئێمەدا ئەم بۆچوونەش نرخی خۆی هەیه و ئیجتیهادی یاوەرێكه و دەشێت كاری پێ بكرێت، هەرچەنده سەیدنا عومەر توندوتیژ بەرپەرچیی دایەوه، بەڵام ڕاكەی كابراشمان پێ پەسەنده. (نووسەر).

(٢) ابن عبدالبر له كتێبی (الإستعاب)ـدا هێناویەتییەوه.

هەموو کارێکی دەستی، تەنانەت ئەو کەسەی دروومانی دەکرد یان داوە دەزو و گوریسی دەفرۆشــت، پاشــان هەموو کۆکراوەکەی بەیتولمالی دابەشــدەکرد، نەیدەهێشــت هیچ لە بەیتولمــالدا بمێنێت، مەگەر کارێکی وای بۆ بهاتایەتە پێش کە زۆر پێوەی خەریکبوایە و نەپەرژایاتە سەر دابەشکردنی بەیتولمال).

- ئەبو عوبەیدە لە کتێبی(الأموال)ـەکەیدا باسدەکات کە سەیدنا عەلی (خوا لێی ڕازی بێت) لە ســاڵێکدا ســێجاری بەیتولمال دابەشــکرد، پاشــان ماڵ و ســامانێکی لە ئەسبەهان (ئیسفەهان)ـــەوە بۆ هات، هاواری لە خەڵکەکە کرد و فەرمووی: وەرن بۆ چوارەمین جار، هەرچی هاتبوو دابەشیکرد، تەنانەت گوریس و حەبلەکانیش، ئەوی وەریگرت وەریگرت و ئەوەیش کە نەیدەویست لێیدەگەڕا) - (الكنز).

چۆنیەتی دابەشــکردنی بەیتولمال بەســەر خەڵکەکەیدا لە خەلیفەیەکی ڕاشــیدینەوە بۆ بەڕێزێکی تریان جیاوازبوو:

- ســەیدنا ئەبوبەکر (خوا لێی ڕازی بێت) بەیەکســانی دابەشــی دەکرد بەســەر هەموو کەسێکدا وەکو یەك.. بێ هیچ جیاوازییەك.

- ســـەیدنـا عومەر (خوا لێی ڕازی بێـت) بە پێی زۆری هاوڕێیەتی پێغەمبەر (ﷺ) دابەشیدەکرد، کێ زۆرتر لە خزمەتیدابووبێت زیاتری وەردەگرت، پاشان دووری و نزیکیان لە جەنابییەوە (ﷺ).

بەڵام لەکۆتـایی تەمەنیـدا هـاتە ســەر بۆچوونەکەی ســەیدنا ئەبوبەکر و ئەوەی پێ پەســـەندتربوو.. ئەوەش بوو بەڕێســـای دارایی ئوممەت کە هەموو کەســـێك وەکو یەك وەربگرن.

ئەمما گشتگیریی دابەشکردنەکە ئەوەش وادەبێت وەکو سەیدنا عومەر (خوا لێی ڕازی

بێت) فەرمووی:

بەیهیقی گێڕاوێتیەوە کە سـەیدنا عومەر فەرمووی: (ولمْ يبقَ أحدٌ من المسلمينَ إلاَّ ولهُ في هذا المالِ حقٌّ إلَّا ما تَملِكونَ من رَقيقِكمْ، فإنْ أعشْ إنْ شاءَ اللهُ لمْ يَبقَ أحدٌ من المسلمينَ إلَّا سـيأتِيهِ حقُّهُ حتى الرَّاعِي بـ سـرْوِ حِميرٍ يأتِيهِ حقُّهُ ولمْ يعرَقْ فيه جبينُهُ)[1] واتە: وادەکەم کە یەك کەس لە موسـوڵمانان نەمێنێت ئیلا مافێکی لەم ماڵ و سـامانەی بەیتولمالدا هەر دەبێـت هەبێـت مەگەر خـاوەنیەتی کۆیلە (کە کۆیلەیەك نـادرێـت بە دوو کەس و لێیـان بەشـناکرێت)، ئەگەر خوا حەزکات و بمێنم وا دەکەم موسـوڵمانێك نەمێنێت حەقی خۆیی بۆ نەچێت، تەنانەت شوانێك لە سرو حمییەر (هۆزن لە یەمەن) دەبێ حەقی خۆی بۆ بچێت و وەریبگرێت، ئەگەر چی ئارەقی ناوچەوانی تێدا نەڕشتووە..

***** ******* *****

ئەمە سیرە و ڕەوییەی خیلافەتی ڕاشیدین بوو لە مەسەلەی هاتوو و ڕۆیشتووی ماڵ و ساماندا، دەبێ حاڵی موسوڵمانانی سەردەم چۆنی لێ بێت کاتێك بە ئیزنی خوای گەورە یەك دەوڵەتیان دەبێت و ڕێساکانی دارایی و ئابووریی ئیسلام جێبەجێدەکەن؟

---

(١) بڕوانە تەفسیری ابن کثیر (٣٤٠/٤).

# باسی چوارەم:

# هەندێک لە مەبەستەکانی ئابووریی ئیسلامی:

بڕگەی یەکەم: سەربەخۆبوونی ئابووریی ئیسلامیی و بەسێتی:

بڕگەی دووەم: ئابووری و گەشەسەندن و ئاوەدانکردن:

بڕگەی سێیەم: دابینکردنی داخوازییەکانی ژیانی خەڵکی:

بڕگەی چوارەم: دابینکردنی پێداویستیەکانی ئوممەت:

بڕگەی پێنجەم: ئابووریی ئیسلامی ئابورییەکی سەربازییە:

بڕگەی شەشەم: نەزیاندان و نەزیانلێکەوتن:

## ڕێڕەوێک:

لە ژیانی ئابووری ئیسلامیدا هەندێك مەبەستی گشتی هەن کە بەشێکی سروشتی دەبن لە سیستمی حوکمڕانی ئیسلامی، چونکە لە ئەسڵدا کۆمەڵە بەشێکن لە دید و تێڕوانینی ئیسلامیدا وەکو بەڵگە نەویستی ژیانن.. مادام حوکمی ئیسلامی دامەزراوە دەبێت ئەو مەبەستانە بهێنێتەدیی.. ئەمانە وەکو پێکهاتەی دیدوڕێ و موماره‌سەی ئیسلامین بە ئالییەتی حوکمڕانیکردن.. ئەم مەبەستانە پێش حوکمگرتنەدەست و دواتریشی هەن و هەموو کەسێك لە دەقە شەرعییەکانەوە دەیانناسێت، لە دیراسەکردنی ئەحکامەکانی شەرعدا زوو ڕوون دەبنەوە (واتە شتێك نین نەزانرێن تا حوکم دەکەوێتە دەست موسوڵمانان)، هێنانەدیی ئەم مەبەستانە ئەرکی سەرەتایی و سروشتی حوکمڕانی ئیسلامییە: دەوڵەت دەبێت بۆ ڕەعییەتەکەی بهێنێتەدیی.. یان هێنانەدیان فەرزبکات، بێگومان بەهۆکاری شەرعییانە، چونکە مەبەستی شەرعییانە هەر بەوەسیلەی شەرعییانە دەبێت بێتەدیی، لەو مەبەستانە:

١- ئابووریی ئیسلامی دەبێت ئوممەت بۆخۆیی دابین بکات (الإكتفاء الذاتي).

٢- دابین کردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی هەموو موسوڵمانێك و هەموو ڕەعییەتێکی دەوڵەتی ئیسلامی.

٣- ئاوەدانکردنەوەی سەرزەمین و دەرهێنانی خێروبێری زەوی و بەگەڕخستنی لە بەرژەوەندیی مرۆڤایەتیدا.

٤- مسۆگەرکردنی پێداویستییەکانی ئوممەت و دەوڵەت لە ڕێگاکانی هاتووچۆ و ئاو و کارەبا و..هتد.

٥- بەگەڕخستنی هەموو توانا و وزەکان بۆ دامەزراندنی هێزی سەربازیی سەربەخۆ و پێشکەوتووتر لەوەی دوژمن.

**٦- دابەشکردنەوەی ماڵ و سامان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە کە زیانی لێ نەکەوێتەوە..**

**ئێستا با بێینە سەر باسی هەریەك لەم بڕگانە:**

## بڕگەی یەکەم:
## سەربەخۆبوونی ئابووریی ئیسلامی و بەسێتی:

ئەوەی زۆر تێبینی دەکرێت کە ئیسلام فەرمانی بەردەوامبوونی جیهادی بەموسولْمانانداوە، چونکە لە دیدی ئیسلامدا وڵاتان دوو جۆرن (دەخرێنە دوو خانەوە): دارولئیسلام و دارولحەرب، مادام ئەگەری جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەی سەخت لە نێوان دارولئیسلام و دارولحەربدا هەبێت - کە ئەسڵی ژیانیان ململانێیە -:

- شتێکی ئاسایی و سروشتییە کە ئوممەتی ئیسلامی دەبێت هۆشی لای هەبوونی هێز و توانای ململانێکە بێت..

ئەمە بەڵگە نەویستە، فەلسەفاندنی ناوێت، مادام خوای گەورە فەرمانی جیهادی پێداویت، دەبێت هەوڵ بدەیت ئەو توانا و وزە و شارەزاییەت کە بۆت دەستەبەر دەبێت لە خۆئامادەکردن و پێکەوەنانی هێزدا بخەیتە گەڕ ئەمەش وا دەخوازێت ئیعتیماد بکەیتە سەر توانای خۆت نەك بکەویتە ژێر تین و فشاری هێزی دەرەکی و مەرجی سەختیان، نابێت پێویستیت بە غەیری خۆت بمێنێت.. لەبەر ئەم دید و مەبەستەیە کە دەبێ ئوممەتی ئیسلامی نەخشەی سەربەخۆیی ئابووریی خۆی وردەکارانە بکێشێت و وردەکارانەش (بەس)ێتیی خۆی مسۆگەر بکات.

- دیسان شتێکی بەڵگە نەویستە کە ئابووریی خۆمان لە بندەستی دوژمنانمان دەربهێنین و نەهێڵین کافران دەسەڵاتی بەسەردابگرن و زەوتیکەن و بیدزن، نەهێڵین بازاڕێکیشیان بمێنێت کە ئێمە موحتاجی ببین.

چونکە کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) هیجرەتی کرد بۆ مەدینە دیتی جولەکەکان بازاڕێکی تایبەتیان هەیە و باقی بازاڕیش بە مامەڵەی ئەوان دەگەڕێت، بۆیە هەر زوو

بازاڕێکی تری بۆ موسوڵمانان دامەزراند.

- دیسان شتێکی ئاسایی و بەڵگە نەویستە کە لەچاندن و پیشەسازی و هاوردەکردنی کاڵادا ئیعتیماد نەکەینە سەر غەیری خۆمان.. پێغەمبەری خوا (ﷺ) کابرایەکی بینی بە کەوانێکی فارسی تیر دەهاوێت، پێی فەرموو: (ألا قاتَلتَ بقوسٍ عربيه؟)، واتە: ناکرێت بە کەوانێکی عەرەبی جەنگ بکەیت؟ ئەو کاتە هێشتا فارس موسوڵمان نەبووبوون.

ڕێسایەکی شەرعی ئاڕاستەوانی کاریگەرمان لە ئەحکامی شەریعەتەکەماندا هەیە کە هەر زانستییەك موسوڵمانان پێویستییان پێبێت لەسەر ئوممەت بەگشتی فەرزی عەینە و لەسەر تاکەکان فەرزی کیفایە، واتە دەبێت ئوممەت بە دەستەجەمعی دەستی بخەن ئەگەرنا دەستخستنی دەبێتە فەرزی عەین لەسەر یەکیەکی موسوڵمانان، ئەمە دواتر لە ڕێساکانی فێرخوازیدا باسیدەکەین، بۆ نموونە زانستی ئەندازیاری بۆ داهێنانە پیشەسازییەکان، یان زانستی پزیشکی بۆ زانینی چارەسەر و دروستکردنی دەرمان..

مەبەستی شەرعناسان لە تەفسیری باسکردنی ئەم فەرزانەدا ئەوە بوو کە ئوممەت و دەوڵەتەکەی هانبدەن کە (خودکیفایی)بن، واتە ئیعتیمادیان لەسەر زانین و دەست بەرهەمی خۆیان بێت، کە ئەوەندەشیان جەخت لەسەر وەرگرتنی جۆرەها زانست کردۆتەوە مەبەستیان لێی فێربوون و کارپێکردنیان بووە، دەنا خۆ زانینی هەموو شتێك لە زانستێك کە بە کردەوەیی ئەنجام نەدرێت هیچ کێشەیەکی موسوڵمانان چارەسەر ناکات.

لەبەر ئەمەیە کە موسوڵمانان سەرپشك نابن لەم مەسەلەیەدا، ئەمە دووڕیانێك نییە و سەربەست بن کامیان دەگرنە بەر، نا، هەردەبێت وابن کە ئیسلامەکە فەرمانی پێداون، هەر دەبێ هێز و ئابووریی خۆیان سەربەست بێت.

ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە خۆیان لە پەیوەندییە ئابورییەکانی دەرێ و بازرگانی و تێکەڵاوی دەوڵەت و گەلان بگرنەوە، نا، نەخێر.. ئەمە ڕێپێدراوە، مەبەست لێی ئەوەیە ئەم

جۆرە پەیوەندی و تێکەڵاوییانەمان هەبێت و حاڵەتی سەربەخۆیی و ئیعتیمادکردنە سەر خۆشمان بپارێزین.

ئوممەتی ئیسلامی بەقەدەر توانای خۆی.. فەرزیەتی خۆئامادەکردنی لەسەرە.. خوای گەورە بە دینی خۆی ڕێی نیشانداوە، خێر و خێراتێکی زۆری لە وڵاتەکانیدا پێ بەخشیوە، داوای لێکردووە حوکمی شەرعی خیلافەت دامەزرێنێت و خێروبێری سەر و ژێرزەمینی بەردەستی بۆ کامەڕانی و ئاسوودەیی هاوڵاتیان دەربهێنێت و لە بەرژەوەندییاندا بیخاتە گەڕ... ئەگەر موسوڵمانان یەك بن، جیهان پێویستی پێیان دەبێت، نەك ئەمان پێویستیان بە جیهان بێت، ئێمە ٧٥% ی کەرەستەی خاو و ٨٥%ی پیترۆڵی جیهانمان لەبەر دەستدایە.. وەکو دەڵێن؛ والله اعلم.

## بڕگەی دووەم:
## ئابووری و گەشەسەندن و ئاوەدانكردن:

خوای پەروەردگار لەسەر زمانی سەیدنا صاڵح (علیه السلام) دەفەرموێ: ﴿هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ وَٱسۡتَعۡمَرَكُمۡ فِيهَا ٦١﴾ هود: ٦١ واتە: ئەوە خوای گەورەیە كە ئێوەی لەسەر زەویدا خەڵقكردووە و داوای ئاوەدانكردنەوەی زەمینی لێكردوون. هەروەها دەفەرموێ: ﴿هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا ٢٩﴾ البقرة: ٢٩ واتە: ئەوە خوای گەورەیە كە هەرچی لەسەر زەمیندا هەیە بۆ ئێوەی خەڵقكردووە/هێناوەتەدیی.. هەروەها: ﴿أَلَمۡ تَرَوۡاْ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَأَسۡبَغَ عَلَيۡكُمۡ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةٗ وَبَاطِنَةٗۗ ٢٠﴾ لقمان: ٢٠ واتە: مەگەر نابینن چۆن خوای گەورە هەرچی لە ئاسمانەكان و زەویدان بۆ ئێوەی دەستەبەركردووە و نیعمەتی دیار و نادیاری خۆیی بەسەرتاندا ڕشتووە.؟!.

لەم دەقانە و هیتری هاوشێوەیانەوە تێدەگەین كە ئەم گەردوونە هەرچی تێیدایەتی بۆ مرۆڤ دەستەبەركراوە.
مافی مرۆڤە سوود لە هەموو شتێك وەربگرێت كە تێیدایە، ئاوەدانكردنەوەی سەرزەمین ئامانجێكە كە دەبێ مرۆڤ هەوڵی بۆ بدات بێتەدیی.. بەڵام ئامانجێكی قۆناغە.. كە قۆناغی ژیانی دونیایە، ئامانجی گەورە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورەیە لە قیامەتدا، بۆیە خوای گەورە داوا دەكات كە مەبەست لە هەموو بزاوت و سەروتێكی ڕەفتاری دنیایی، سەرفرازی قیامەت بێت كە لە ڕەزامەندیی خوای گەورە دایە. دەفەرموێ: ﴿وَٱبۡتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنۡيَاۖ ٧٧﴾ القصص: ٧٧ واتە: لەوەدا كە خوای گەورە پێی بەخشیویت مەبەستت ڕۆژی دوایی بێت، پشكی خۆشت لە دونیا بیرنەچێتەوە.

ئەوەندەی ئیسلام شوێنكەوتوانی خۆیی لەسەر ئاوەدانكردنەوەی زەمیندا هانداوە، هیچ دید و دینێكی تر ئەوەندە شوێنكەوتووانی خۆیانیان هاننەداوە لەسەری، تەنانەت پێغەمبەری

خوا (ﷺ) دەفەرموێ هەرکەسێکتان نەمامێکی بە دەستەوەیە با بیرووێنێت پێش ئەوەی قیامەت دابێت..واتە: ئەگەر لەسەرە مەرگدابوویت نەمام/شەتڵێکت بەدەستەوە بوو، بپەڕژێرە سەر ڕواندنی و وەلی مەکە[1]..

ئاوەدانکردنەوە بەبێ هەبوونی مرۆڤی لێزان و شارەزا نابێت، بەبێ توانای دارایی نابێت، بەبێ نەخشە و ڕاپەڕاندنی نابێت، هەموو ئەمانەش دەبێت لەسەر ڕێسای دادپەروەری ڕێکبخرێت.. دواتر لە باسی ڕێساکانی سیاسەتی فێرخوازیدا دەبینی کە چۆن خوای گەورە هەبوونی پسپۆڕ و شارەزا و تایبەتمەندی بوارە جیاکانی زانستی لەسەر ئوممەت فەرزکردووە، ئەوەشمان بینی کە هەموو تاکێکی ئوممەتی ئیسلامی دەبێت ئەوەندەی بژێوی (بەس) هەبێت کە بپەڕژێتە سەر داهێنان، ئوممەت بە گشتی و دەوڵەتی ئیسلامی بە تایبەتی دەبێت ئەوەندەی دارایی (بەس) و ئابووریی پارسەنگی لەبەردەستدابێت تا بتوانێت وزە و تواناکان لە داهێناندا بەگەڕبخات. دیمان چۆن بەرپرسیەتی ئوممەت و دەوڵەتی ئیسلامی وادەکات بەیتولمال پڕبێت، ناشێت خاڵی ببێت و ئوممەت موحتاجانە چاوەڕێی یارمەتی دەرەکی ببێت. دیمان کە چۆن بنەما و ڕێسا ئابووریەکان و ئەحکامەکانی شەرع و ئاراستەوانیەتی شەرعناسان و کاربەدەستانی دەوڵەتی ئیسلامی ڕاست و ڕەوانترین بارودۆخی ئابووری دێننەکایەوە.. ئەگەر بەڕاستی و گشتگیری هەموو ئیسلام بچەسپێنرێت بێگومان زەمین لە خێو خۆشیدا ئاوەدان دەکرێتەوە و خەڵکی دەکەونە ئەمانی تەواوەوە.

---

(١) ئەمە فەرموودەکەیە: (إنْ قامَتِ الساعَةُ وفي يَدِ أَحَدِكُمْ فَسَيلَةٌ فلْيَغْرِسْهَا)، بەززار لە (البحر الزخار) (١٧/١٤)، هەیثەمی لە (مجمع الزوائد) (٤-٦٦) هێناویەتییەوە و دەفەرموێ: (رجاله أثبات ثقات).

## بڕگەی سێیەم:
## دابینکردنی داخوازییەکانی ژیانی خەڵکی:

(کاتێك ســـەیدنا عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) چووە شـــام، لە مزگەوت دانیشـــتبوو، کۆبونەوەی بە ئەمیری لەشـــکرەکان کردبوو، بیلال (خوا لێی ڕازی بێت) هاتە خزمەتی و فەرمووی: ئەرێ عومەر، ئەرێ عومەر.. ســـەیدنا عومەر فەرمووی: ئەوەتام، ئەوە عومەر. بیلال فەرمووی: جەنـابـت وایت لە نێوان ئەو فەرماندانە و خوای گەورەدا، بەڵام لە نێوان خۆت و خوای گەورەدا کەس نییە، باش سـەرنجبدە ئەمانەی دەوروبەرت، ئەمانەی ڕاست و چەپتیان گرتووە.. ئەمانە بە خواردنی گۆشتی باڵندە ڕاهاتوون! سەیدنا عومەر فەرمووی: ڕاست دەکەیت. بەخوا قەسەم ئا لەم کۆڕە هەڵنەستم هەتا یەك یەکی موسوڵمانانی ئێرە دوو موود گەنم و پشـــکی خۆی زەیـت و ســـرکەی نەدرێتێ. عەرزیـان کرد، ئەی ئەمیری موســـوڵمانان هەر ئێســـتا بۆ هەر یەکێکیان ئەوە دابین دەکرێت و دەیدرێتێ.. خوای گەورە خێر و بەرەکەتی زۆری خستۆتە بەردەست.. ئینجا سەیدنا عومەر فەرمووی: ئێستا باشە..).

(عومەری کوڕی عبدالعزیز (رحمه الله) تازە بوو بوو بە خەلیفە (٩٩-١٠١ك) ژنەکەی چووە ژوورەوە بۆلای بینیی دانیشتووە و دەگریی، عەرزیکرد: شتێك ڕوویداوە؟ فەرمووی: بەڵێ.. بوومەتە کاربەدەســـتی ئوممەتەکەی محمد (ﷺ).. دەبێ بیر لە هەژاری برســـی و نەخۆش و داماوان بکەمەوە و بە خەمیانەوە بم، دەبێ پەرۆشی ڕەش و ڕووتان و چەوساوە و ســـتەملێکراوان بم.. دەبێ ئاگام لە غەریبە و دیل و پیری پەککەوتە بێت.. دڵنیام خوای گەورە لە هەریەکێکی ئەم پۆلە موحتاجانە لێم دەپرسـێتەوە و لەسـەر حاڵی هەریەکێکیان موحاسەبەم دەکات.. ترسی ئەوەم هەیە هەنجەتی وەڵامدانەوەم پێ نەبێت، بۆیە دەگریم..).

ئیبنوحەزم (رحمەالله) دەفەرموێ: (ئەگەر زەکات بەشـی موستەحەققانی نەکرد لەسەر دەوڵەمەندانی هەموو ناوچەیەك فەرزە بەهانای هەژار و نەدارەکانیان بچن و پێداویستیان

دەربکەن، ئەگەر خۆیان نەیانکرد دەسـەڵاتداران دەبێت ناچارییان بکەن لەسـەریی، دەبێت بژێویان دابین بکەم، پۆشاکی زستانە و هاوینەیان مسۆگەربکەن، سوکنای وایان بۆ دابین بکەن کە لە باران و خۆر و چاو و تێڕوانینی خەڵکی بیانپارێزێت).

لەم دەقانەوە دەردەکەوێت کە دابینکردنی پێداویسـتییە سەرەکییە سەرەتاییەکانی هەر مرۆڤێك لە دارولئیسـلامدا لە خۆراك و پۆشـاك و سـوکنا و هاوسـەرگیری و هاوشـێوەیان بەرپرسێتی دەوڵەتی ئیسلامی و ئوممەتی ئیسلامییەکەیە و دەبێت بێنەدی..

ئەوەشـــمـان بینی کە هێنـانەدیی ئەمـانە چۆن دەبێـت، بینیمان کە ئەهلی زیممەکانیش دەبێت مووچەی (بەس)ـــیان لە بەیتولمالەوە بۆ ببڕێتەوە.. ناشێت یەك کەسی موحتاج لە دارولئیسـلامدا بمێنێتەوە کە پێداویسـتییە سـەرەکییە سەرەتاییەکانی هەموو بۆ دابین نەبووبێت (کە هاوڕێی ئەمانی مسـۆگەرن و بۆ هەموو لایەك نان و ئەمان دابین دەکرێت) لە حوکمڕانی خەلیفەکانی ڕاشیدیندا (خوا لێیان ڕازی بێت) هەموویمان بەکردەوە بینی..

## بڕگەی چوارەم:
## دابینکردنی پێداویستییەکانی ئوممەت:

مەبەســـتمـان لەمە ئەوەیە کە ئوممەت بە دەســـتەجەمعی و لەڕێی دەوڵەتەکەیەوە بە لایەنگیریکردنی دەبێــت هەموو پێداویستییە سەرەکییەکانی ئوممەت دەبڕبکرێن، چونکە دەوڵەت بەبێ هـاوکـاریـی ڕەعـییەتەکەی نـاتوانێـت هەموو داخوازییەك بهێنێتەدی.. سـەرکەوتنی دەوڵەت لە کاروباریدا بەرپرسـێتی کاربەدەستان و بەرپرسانی ئاڕاستەوانی ئوممەتەکەیە، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەموو کەسـێکی لەلای خۆیەوە بە بەرپرس لە کەســـانـــی بەردەســـتـــی نـــاســـانـــدووە کە دەفەرمـــوێ: (كلُّكم راعٍ، وكلُّكم مسـؤولٌ عن رعيَّتِه، فالإمامُ راعٍ، وهو مسـؤولٌ عن رعيَّتِه..)[1]، واتە: هەمووتان شـوانن (سـەرپەرشـتیارن) هەمووشتان بەرپرسن لە ڕەعییەتەکەی بەردەستان، خەلیفە شوانە، ئەویش بەرپرسە لە ڕەعییەتەکەی.

لەم ڕوانگە و هەستی بەرپرسێتییەی دنیا و قیامەتەوەبوو کە سەیدنا عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) دەیفەرموو: (لو عثرت شاة على شط الفرات لخشي عمر أنْ يحاسبه اللهُ عنها لِمَ لَمْ يُعَبِّدْ لها الطريق)، واتە: ئەگەر بەرخێك لەبەری ڕووباری فوڕات هەڵدێرێت، عومەر ترســـی ئەوەی هەیە کە خوای گەورە موحاســـەبەی بکات کە بۆچی ڕێگاوبانت بۆ ســـاز نەکرد؟

هەرچی شـتێك ئوممەتەکە پێویستی بێت دەوڵەتی ئیسلامی دەبێت دابینی بکات بۆی، کە پێویســـتی بە چەنـدییەتی و چۆنێتی ڕێگاوبان دەبێت دەبێ دەوڵەت دابینی بکات، بێ

---

(١) بوخاری (٢٤٠٩)، موسلیم (١٨٢٩).

فەرق و جیاوازی هەرێم و ناوچەکان. ئەگەر ئوممەت پێویستی بە چەندیەتی و چۆنێتی نەخۆشخانە هەبوو، دەوڵەت دەبێت دابینی بکات بۆ هەمووان بێ جیاوازی ویلایەتەکان. ئەگەر ئوممەت پێویستی بە چەندێتی و چۆنێتی دەرمان هەبوو دەبێت دەوڵەت دابینی بکات بۆ هەمووان، هەروەها هەموو جۆرە خوێندن و پیشە و بوارێکی کارکردن و ژمارەی تەواویی کارمەند و فەرمانبەرانی پسپۆڕ بۆ دائیرە و دەزگاکان تا معامەلەی خەڵکی خێرا و ئاسان ڕاپەڕێنرێت.

ئەرکە لەسەر خەلیفە و سەرۆکایەتی و بەڕێوبەران و وەزیر و کاربەدەستانی خیلافەت، هەموو پێداویستیەکانی ئوممەت بزانن چییە و پاشان نەخشە بۆ هێنانەدییان بکێشن و بوجەی تەواویان بۆ تەرخان بکەن و لێنەگەڕێن تا هەموو شتێك مسۆگەر دەکەن، تا ئوممەت وایلێدێت پێویستی سەرەکی لە هیچ لایەنێکەوە نامێنێت.

## بڕگەی پێنجەم:
## ئابووریی ئیسلامی: ئابورییەکی سەربازییە:

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا ٱسۡتَطَعۡتُم مِّن قُوَّةٖ وَمِن رِّبَاطِ ٱلۡخَيۡلِ تُرۡهِبُونَ بِهِۦ عَدُوَّ ٱللَّهِ وَعَدُوَّكُمۡ وَءَاخَرِينَ مِن دُونِهِمۡ لَا تَعۡلَمُونَهُمُ ٱللَّهُ يَعۡلَمُهُمۡۚ ۝٦٠﴾ الأنفال: ٦٠ واتە: ئەوەنـدەی دەتوانن هێز ئامادە بکەن تا بەرامبەریان بوەسـتنەوە لە ئەسـپەشـێی دابەسـتەی تایبەت بە جەنگ کە دوژمنـانی خوای گەورە و دوژمنـانی خۆتـانی پێی دەتۆقێنن، دوژمنـانێکی تریش کە ئێوە نایانناسن، خوای گەورە دەیانناسێت.

ئەم دەقە فەرمـان بە موسـولْمـانـان دەدات کە بەهێزبن، هەموو جۆرە هێزێکی کـاریگەر پێکەوەنێن تا دوژمنانی ناوەوە و دەرەوەی موسـولْمانان ترسـیان لێ بنیشـێت و بیر لە هێرشـکردنە سـەر موسـولْمانان نەکەنەوە. دواتر لە باسی سیاسەتی سەربازییدا باس لەوە دەکەین کە بەرپرسـێتی ئوممەتی ئیسـلامی ئەوەیە کە بەربەسـتی ڕێ بەجیهاد لادەن تا بانگەوازی خوایی بە هەموو جیهان دەگەیێنن و سـەروەرێتی شـەریعەتی ئیسـلام دەکەنە بالْادەسـتی جیهان، ئەمە بەرپرسـێتییانە و دەبێت کە بۆیان لوا هەنگاوی بۆ هەڵهێننەوە، ئەمەش بە ئوممەت و دەوڵەتێك دەکرێت کە هەموو وزە و تواناییەکیان بۆ بەگەڕخسـتبێت و سـیسـتەمی شەرعیانە و ئوممەتی ئامادە و ئابووریی بەهێز و بەسیان بۆ دابین کردبێت، دەبێت ئەولەویەتی نەخشـەی دەوڵەت بایەخدان بێت بە ئابووری، ئابووریەکی سـەربازی، دەبێت بوجەی تەواوی بۆ سازدانی هێزی سەربازی تەرخان بکرێت.

ئایەتەکە ڕۆشنە کە دەفەرموێ: ئەوەی لە تواناتاندایە.. مادام لە توانامان دابێت دەبێت ئەو هێزە بەهێزە پێکەوە بنێین.. لەم سەردەمەشدا پشکی سەرەکی بوجەی سالْانەی هەموو ولْاتێك بۆ کاروباری سـەربازی و ئامادەکردنی تفاقی سـەربازی تەرخان دەکرێت، هەموو ولْاتێـك هەولْـدەدات فڕۆکە و تانك و سـاڕوخ و جۆرەها چەکی تری کاریگەری هەبێت،

سەرەتا دەیکرێت، بەڵام دواتر هەوڵدەدات خۆی کارگەیان بۆ دابمەزرێنێت، هەروەها هەموو پێداویستیەکی تر و شارەزاییەکی سەربازی و موچە و بوجەی تەواو و بەس بۆیان... ئەمانە هەموو - بە پێی توانا - فەرزی سەردەمن و هەر دەبێت ئوممەتی ئیسلامی و دەوڵەتەکەی دابینی بکەن، چونکە مادام دەوڵەتی ئیسلامی و ئوممەت وجودیان هەبێت ئەگەری هێرش هێنانە سەر و شەرپێفرۆشتنی زۆر دەبێت. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَدَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَوْ تَغْفُلُونَ عَنْ أَسْلِحَتِكُمْ وَأَمْتِعَتِكُمْ فَيَمِيلُونَ عَلَيْكُم مَّيْلَةً وَٰحِدَةً ۚ﴾ النساء: ١٠٢ واتە: ئەوکەسانەی دید و ڕێی کوفریان گرتەبەر ئاواتەخوازن لە چەك و کەلوپەلتان غافڵ بن تا یەك حەملەی هاوبەشی توندتان بکەنەسەر..

ئەگەر هەموو ژیانمان لەسەر ئەم وریایی و حەزەربوونە دانەڕێژین و هەموو ئابووریمان لە خزمەت خۆبەهێزکردنماندا نەبێت، هەمووومان گوناحبار دەبین (چونکە بەپێی فەرمانی خوای گەورە نەجولاوینەتەوە).

## بڕگەی شەشەم:
## نە زیاندان و نە زیانلێکەوتن:

ئابووریی ئیسلامی بەپێی ڕێساکانی دادپەروەری پێکەوە دەنرێت و بەپێی ئاڕاستەی دادی قورئان و سوننەتیش سەرف دەکرێتەوە، کە نموونەی واقیعی کردەوە پێشی سەردمی دەوڵەتەکەی مەدینە و زەمانی حوکمڕانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و خولەفای ڕاشیدینی بەڕێزە (خوا لێیان ڕازی بێت)، کە دید و ڕوانگە و زەمینەی حوکمی هەموویان ئەو ئایەتەی قورئان بوو کە دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ ۝٥٨﴾ النساء: ٥٨ واتە: ئەگەر حوکمڕانی/داوەریتان لەنێوان خەڵکیدا کرد، دادپەروەرانە بڕیار بدەن، ئاڕاستەی دادپەروەرانە بکەن و دادپەروەرانە ناکۆکی و کێشە یەکلابکەنەوە.. دادپەروەریەتی تەوەری هەموو ئەحکامەکانی شەرعە و مەبەستی هەموانە.. لەو ڕێسایانەی دادپەروەریی پێ دەپارێزرێت زیانەدان و زیانلێنەکەوتنە.. نە ڕەفتار (گوفتار و کردار)و بڕیارێك بدە کە زیانی لێبکەوێتەوە و نە خۆبخەرە بەر ڕەفتار و بڕیارێکیش کە زیانت پێدەگەیێنێت، ئەمە یەکێکە لە ڕێسا شەرعییەکان (القواعد الفقهية)ی ئەحکامی شەرع کە دیارە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) هاتووە:

- ئیبنو عەباس (خوا لێیان ڕازی بێت) دەفەرموێ: (قضى النبي (ﷺ) أنه: لا ضرر ولا ضرار)[1] واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بڕیاری دا کە نابێت زیانت لێبدرێت و نابێت زیان بدەیت.

لەم ڕوانگەیەوە کە هیچ کەسێك لە حوکمی ئیسلامی و ڕێساکانی ئابووریدا غەیری دادپەروەریی نایەتەڕێ، چونکە ڕێساکە زۆر پارسەنگانە ڕەفتاری تاکوکۆی ئوممەت و

---

(١) ئبنو ماجە (١٩١٠)، ئەلبانیش لە (صحيح ابن ماجه) دەفەرموێت: (صحيح لغيره)، النووي لە (بستان العارفين) (٣٥) هێناویەتییەوە و دەفەرموێت: (حسن)ـە، وە لەزۆر ڕێگەی ترەوە هاتووە.

کاربەدەستانی دەوڵەتی ئیسلامیی ڕاگرتووە کە نەزیان بدە و نەزیانت لێبدرێت.

شـەرعناسـان سـەدان نموونەی گچەکە و گەورەیان لەسـەر ئەم بابەتە هێناوەتەوە، بۆ نموونە دەفەرموون: کڕین و فرۆشـتنی ناچاری باتڵە، چونکە ناچاری وایلێکردووە بەم نرخە کەمە بیکڕێت، یان ناچاری وای لێکردووە بەم نرخە زۆرە بیکڕێت. جا هەروەکو ئەمە کە لە مامەڵەدا هەیە، لە بەکرێدانیشدا هەیە، ئەو کرێکارە ناچار نەبوایە بەو کرێ کەمە کارەکەی نەدەکرد، ئەو بەڵێندەرەش ناچار نەبوایە کرێکاری بەو کرێ زۆرە نەدەگرت.

ئەگەر ئەهلی بازاڕێك ڕێککەون نرخی کاڵایەك بەرزبکەنەوە کە پێداویسـتی خەڵکی نـاچـار بۆ خۆیـان ئیسـتیغلال بکەن نـاشـێـت و نـابێـت، دەبێ ڕێککەوتنەکەیـان پێ هەڵوەشـێنـدرێتەوە.. ئەگەر کۆمپـانیـایەك نرخی بەرز و نزم پێکرد تـا زیان بەکۆمپانیای پێشبڕکێ/کێبرکێی بگەیەنێت، ناشێت و نابێت ڕێبدرێت، چ جای ئەوەی بخوازێت زیان بە کۆمەڵە کاسبکارێك یان بە هاوڵاتیان بگەیەنێت.

شـەرعناسـان ڕێگەیان بە خەلیفە و دەسـەڵاتدارانی دەوڵەتی ئیسـلامی داوە کە ئەگەر نرخی بازار هەڵبەز و دابەزیی پێکرا و ناچاریی خەڵکی ئیستیغلال کرا، نرخ بۆ کاڵا و کەل و پەل و بەرهەمی بازاڕ دابنێن.

شێوەی ڕێگرتن لە ئیستیغلال زۆرە، جۆری ئیستیغلالیش زۆرە، فەتوای شەرعناسانیش لەسـەریان زۆر زۆرە، کتێبە فیقهییەکانیش پڕن لە نموونە، بەڵام هەموویان جەخت لەیەك خاڵی جەوهەری دەکەنەوە کە هەبوونی پارسـەنگی دادپەروەریی و نەبوونی لاسـەنگی زوڵم و زیـانـدانە. هەموو شـەرعنـاسـان جەخت لە مەبەسـتەکانی شـەرع (مقاصـد الشرعية)دەکەنەوە کە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی خەڵکییە، نەك حەز و ئارەزووی ئەم و ئەو.. شـەریعەتی خوای گەورە گشـتگیریی هەموو جۆرە دادپەروەرییەکە، هیچ لایەن و ڕەهەندێکی دادپەروەری نییە کە شەرع نەیگرتبێتەوە و فەرمانی پێنەدابێت، هیچ لاسەنگی

و زیـانـدانێکیش نییە شـــەرع ئیهمـالی کردبێـت و بەرهەڵســـتی لێ نەکردبێـت.. بۆیە هەرکەسـێك دید و ڕێباز و بەرنامەی غەیری ئیسـلام بگرێتەبەر داماو و گومڕایە، چونکە خوای گەورە هیدایەتی خۆیی لێدەگرێتەوە..

بەوەندە کۆتایی بە باسی سیاسەتی ئابووری و ڕێساکانی دەهێنین.

# بەندی سێیەم:

# سیاسەتی فێرخوازی و ڕاگەیاندن لە ئیسلامدا

باسی یەکەم: شارستانێتی ئیسلامیی و سیاسەتی فێرخوازی و ڕاگەیاندنی گونجاوی:

باسی دووەم: سیاسەتی فێرخوازی و وزە بەگەڕخستنی کەسایەتیی ئیسلامی:

باسی سێیەم: زانست و تەکلیفی شەرعی و سیاسەتی فێرخوازی بەرامبەری:

باسی چوارەم: سیاسەتی فێرخوازیی ئیسلامی و گەشەپێدانی نێرینەیی پیاو و مێینەیی ئافرەت:

باسی پێنجەم: سیاسەتی فێرخوازیی ئیسلامی و داڕشتنی پارسەنگی کەسایەتیی ئیسلامی:

## ڕێڕەوێک:

سیاسەتی فێرخوازی و ڕاگەیاندنی هەر ئوممەتێك هاوکارانە تێدەکۆشن تا کەسایەتی ئەو ئوممەتە نیشاندەن و هەستی گشتی خەڵکی پەروەردەبکەن، بە پەروەردەکردن و ئاڕاستەکردنیان بەوشێوەیەی کە هەست بە هەبوونی زاتی سەربەخۆیی خۆیان بکەن، تا ئێرە هەردووکیان هاوئەرکن، بەڵام ڕاگەیاندن بەرپرسێتی تری دەکەوێتە سەر کە دووواندنی دوژمنانی ئوممەتە لەسەر زمانی ئوممەت خۆی: بە بەرگری لێکردن و سەلماندنی ڕاستی و ڕەوایی بزاوت و هەڵوێست و بڕیاری و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی و ورە ڕوخاندنی دوژمنانی... لەبەر ئەوەی ئەم دوو دەزگا و ئەرکانەیان پێکەوە پەیوەستن کردماننە یەك بابەت، تا پێکەوە باسیان بکەین.

هەردوو سیاسەتی فێرخوازی و ڕاگەیاندن لە ئیسلامدا چەند لایەنێك ئاڕاستە دەکەن و تەوەرەی باسیان ڕوکنێکی هەیە، هەریەکەشیان مەبەست و ئامانجی تایبەتی خۆشیان هەیە، جگە لەوەی لە بنەما و ڕێسا گشتییەکاندا یەکن، بۆیە ئەرکی ئوممەتیشە کە هاوکاری ئەم دوو دەزگایە بکات تا سەرکەوتوانە مەبەستیان بهێننەدی.. ئەم بابەتە بە پێنج باس دەخەینەڕوو کە باسە سەرکیەکانی فێرخوازی و ڕاگەیاندن فەرزە لەسەر ئوممەت ڕەچاویان بکات، باسەکان ئەمانەن:

باسی یەکەم: شارستانێتی ئیسلامیی و سیاسەتی فێرخوازی و ڕاگەیاندنی گونجاوی:

باسی دووەم: سیاسەتی فێرخوازی و وزە بەگەڕختنی کەسایەتیی ئیسلامی:

باسی سێیەم: زانست و ئەرکی لە ئیسلامدا، ڕێسا و بەرنامەی ئەمە لە ئیسلامدا.

باسی چوارەم: مرۆڤ نێر و مێیە؛ ئاڕاستەی ئیسلامی لە سەلماندن و چەسپاندنی نێرینەیی پیاو و مێینەیی ئافرەت.

باسی پێنجەم: بونیاتنانی کامڵێتی مرۆڤ، سیاسەتی ئیسلامی لە چارەسەری خاڵەکانی لاسەنگی کەسایەتی باش، ئەمانە پاشکۆیەك دەهێنێتەوە دەربارەی ڕاگەیاندن و دەزگاکانی لە سیستەمی سەربەخۆی ئیسلامیدا کە چۆن دەبێت ڕاگەیاندن یارمەتیدەری سیستمی فێرخوازیی بێت لە هێنانەدیی ئەو ئامانج و مەبەستانەی ئەو باسانەی سەرەوە دەخوازن بیانهێننەدی..

# باسی یەکەم:

# شارستانێتیی ئیسلامیی و سیاسەتی فێرخوازی و ڕاگەیاندنی گونجاوی:

بڕگەی یەکەم: ماهییەتی شارستانێتی ئیسلامیی:

بڕگەی دووەم: هۆکارەکانی ڕاقیبونی شارستانێتی:

بڕگەی سێیەم: تەنها ئیسلام بنەمای شارستانێتی لوتکەیی هەیە:

بڕگەی چوارەم: کامڵبونی داڕشتنی کەسایەتی مرۆڤ نیشانەی شارستانێتییە نەک پێشبردی تەکنەلۆژیا:

بڕگەی پێنجەم: کلتوری ئیسلامی: بنەمای جێگیر و لق و پۆپی گەشەکارانە:

بڕگەی شەشەم: بەرهەمی کلتوری ڕۆژئاوایی بۆ موسوڵمانان گونجاو نییە:

بڕگەی حەوتەم: هێز و لاوازیی مەدەنییەتی بە بەکارهێنانی روکنەکانییەوە بەندە:

بڕگەی هەشتەم: پێشکەوتن و دواکەوتن بە سیستمی حوکمەوە پەیوەست نییە:

بڕگەی نۆیەم: قورئان و سوننەت و ئیجتیهادی پێشەوایان سەرچاوەی کلتووری ئوممەتن:

بڕگەی دەیەم: ئیسلام و پێکهاتەکانی مەدەنێتی:

بڕگەی یازدەیەم: هەبوونی پسپۆڕ لە بوارەکانی مەدەنێتیدا زەروورەتی بەهێزبوونەوەیە:

## بڕگەی یەکەم:
## ماهییەتی شارستانێتی ئیسلامی:

- شارستانێتی هەر ئوممەتێك بریتییە لە کۆی ڕۆشنبیرێتی و کلتور و مەدەنێتییەکەی.

- کلتوری هەر ئوممەتێك بریتییە لە لایەنەکانی فیکری و ڕۆحی و قیەمی ڕەفتار و ڕەوشتی ئەو ئوممەتە.

- مەدەنێتی هەر ئوممەتێك بریتییە لە کۆی لایەنە ماددییەکانی ئوممەتەکە.

پێناسەی شارستانێتی هەر ئوممەتێك دەبێ ئەو پێکهاتەیە بناسێنێت کە سەرەنجامی تێکەڵبوونی لایەنی مەدەنێتی و لایەنی کلتوریی ئەو ئوممەتە هاتۆتەدی.

- دوو جۆر شارستانێتی هەیە: شارستانێتی ئیسلامی و شارستانێتی جاهیلی.

شارستانێتی ئیسلامیی ئەوەیە کە لەسەر کلتور و ڕۆشنبیری ئیسلامی دامەزراوە، کە هەموو دەرچەیەکی ئەم شارستانێتییەیە کە لەگەڵ دید و تێڕوانینی ئیسلامدا گونجاوە.. غەیری ئەمە شارستانێتی جاهیلییەتە..

## بڕگەی دووەم:
## هۆکارەکانی ڕاقیبونی شارستانێتی:

گەشــه و نەشــونمای مەدەنییەتی هەر ئوممەتێـك و ڕاقیبونی، هەر پەیوەنـدی بە کـلـتـورەکەیەوە نـییە، بەڵکو کۆمەڵێـك هۆکـار و وەســیلەی تریش هەن کە دەبێـت ئاڕاســتەوانانی شــارســتانێتی ئەو ئوممەتە لەڕێی گەشـــە و ڕاقیبوونی خۆیدا هەیبن و بەگەڕیـان بخات، لەوانەیە کلتوری خۆشـــی ببێتەوە بە یەکێك لەم هۆکارانە و دەشـــێت نەشبێت.. لەو هۆکار و وەسیلە سەرەکیانە:

١- سوود وەرگرتنی تەواو لە خێروبێری خاکی وڵات و لە ڕێسا دیار و نادیارەکانی ژیان و گەردوون.

٢- سوود وەرگرتنی تەواو لە کات و بەکارهێنانی.

٣- هەبوونی مرۆڤی پسپۆڕ و شارەزای بواری کار و ئەرکی خۆی.

٤- هەبوونی پسپۆڕ بۆ هەموو بوارەکانی ژیانی تاکوکۆ بەڕادەی (بەس)ـێتی.

٥- هەبوونی دەسەڵاتێکی داد و بەهێز کە ئەمان بۆ هەمووان دابین بکات.

ڕاقیبوونی هەموو شارستانێتییەك بەڕادە و بڕی هەبوونی ئەم هۆکار و وەسیلانە و ڕادە و بڕی ســوود لێ وەرگرتنیانەوە بەندە، هەر کۆمەڵگەیەك ئەمانەی نەبێت، شــارســتانێتی نییە، هەر کۆمەڵگەیەك هەندێکی لەمانە هەبوو نوقسانە، یان کەمیانی بەگەڕخست، گەشە و نەشونما و ڕاقیبونیشی سیسەڵ و لاوازدەبێت.

## بڕگەی سێیەم:
## تەنها ئیسلام بنەمای شارستانێتی لوتکەیی هەیە:

دەشێت ئوممەتێك لە مەدەنێتیدا (زانست و تەکنەلۆژیی و ئاوەدانیدا) گەیشتبێتە لوتکە، بەڵام غەیری ئوممەتی موسوڵمان[1] هیچ گەل و نەتەوەیەك پاڵێوراوی ئەوە نییە شارستانێتی لوتکەیی بخاتە ڕوو.

چونکە تەنها ئوممەتی ئیسلامی خاوەنی بنەمای مەدەنییەتی لوتکەیی و کلتوری لوتکەییە.. ئوممەتانی تر گەرچی مەدەنیەتی لوتکەییان هەیە بەڵام کلتوریان جاهیلییە، قیەمی کۆمەڵایەتییان جاهیلییە (کە ڕەفتار و ڕەوشت و داب و نەریتی جاهیلی لێدەکەوێتەوە)، بۆیە لەبەر ئاست نزمی کلتور و قیەمە جاهیلیەکەی ناتوانێت شارستانێتی لوتکەیی ڕاقی بەرهەم بهێنێت.

پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و دەستەبەرکردنی ڕێسای ژیان و گەردوونی نیشانەی پێشکەوتنی قیەم نییە، مەرج نییە هەر کۆمەڵگەیەك لە زانست و تەکنەلۆژیدا پێشبردی کردبێت، ئیتر وا بگەیەنێت کە لە لایەنی داب و نەریت و ڕەفتار و ڕەوشتیشەوە پێشبردی کردووە و ڕاقییە.. هەروەکو ئەوەی کە دزێکی گەورە بتوانێت ببێتە خاوەنی کۆشك و تەلارێکی جوان و ڕاقی و پڕ (ئەثاث) مانای وانییە دز نییە..

ئوممەتێك لە لایەنەکانی ڕەفتار و ڕەوشت و فکری و ڕۆحیەوە دواکەوتووبێت، مەحاڵە شارستانێتیی ڕاقیی هەبێت، با لە ڕووی زانست و تەکنەلۆژیاوە گەیشتبێتە سەر مانگ یان سەر مەریخ!

---

(١) لێرەشدا ئەوە بیردەخەمەوە کە ڕاستتر ئەوەیە بوترێت (ئوممەتی موسوڵمان) کە لەقوڕئاندا ئوممەتە پەروەردەکراوە عەقائیدییەکەیە، ئەمما ئوممەتی ئیسلامی زاراوەی دوای زەمانی ئیستیعمارە و مەبەست جوگرافیای وڵاتی موسوڵمانانە، بەڵام لەبەر ئەوەی نووسەری ڕەحمەتی هەر نووسیویەتی ئوممەتی ئیسلامی بۆیە ناچاربووم هەر وا بیهێڵمەوە.

## بڕگەی چوارەم:
## کاملبونی دارشتنی کەسایەتی مرۆڤ نیشانەی شارستانێتییە نەک پێشبردی تەکنەلۆژیا:

لە هەموو شـارسـتانێتیەکدا لایەنە کلتوریەکەی گرنگترین و کاریگەرترین لایەنێتی، چونکە مرۆڤ و ڕووەك سـوود لەم گەردوونە وەردەگرن، کە مرۆڤ توانیویەتی بۆ ژیانی تاکوکۆی خۆی دەستە بەر بکات زیاتر لە ڕووەك، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە تواناکانی مرۆڤ زۆرترن و سیفەتە باڵاکانی زیاترن لە ئاژەڵ و ڕووەك، لەبەر ئەمەیە کە مرۆڤەکە جیاوازترە، ئەگەر تاك یان کۆی مرۆڤایەتی سـیفەتە باڵاکانی نەما، لایەنی دووەمی نرخێکی ئەوتۆی نابێت. هەر ئوممەتێك سـیفەتە باڵاکانی مرۆڤیەتی لاواز بێت، کلتوریشـی دواکەوتوو دەبێـت و لەڕووی شـارسـتانێتییەوە لە دواوەیە، ئەگەر چی لە لایەنی ماددیشـدا پێشکەوتووبێت.

هەر ئوممەتێکیش سـیفەتە باڵاکـانی مروڤـایەتیی بەهێزبێـت و بەڕاقی ڕایگرتن، کلتورەکەشی ڕاقی دەبێت، داب و قیبەمی پارسەنگ دەبێت، بەو ئوممەتە دەوترێت خاوەن شـارسـتانێتی، با بەتوانای کەمیشـەوە ڕێسـا گەردوونییەکان و خێروبێری زەمین بۆ ئاسوودەیی کۆمەڵگاکەی و مرۆڤایەتی دەستەبەر بکات.

لەم ڕوانگەوەیە کە ساتەوەختی لوتکەی شـارستانییەتی مرۆڤاییەتی ئەو کاتەبوو کە یاوەرانی تێدا ژیا، کە سـیفەتە باڵاکانی مرۆڤایەتی وا دارێژرابوون تێیاندا ئاسـان و زوو گەیانـدنـییە ئەو لوتکە بەرزە نموونەییەی کە مێژووی جیهـان جـارێکی تر نموونەی دەسـتەجەمعیی مرۆڤی وا ڕاقیی نەبینییەوە.. لەبەر ئـا ئەمەیە کە دەڵێین تەنها ئوممەتی ئیسلامییە کە دەتوانێت شارستانێتی لوتکەیی نمونەیی بهێنێتە بەرهەم..

## بڕگەی پێنجەم:
## کـلـتـوری ئیسـلامی: بنەمـای جێگیر و لق و پۆپی گەشەکارانە:

تەنها ئوممەتی ئیسـلامی پاڵێوراوە شـارسـتانیەتی نموونەیی لوتکە بهێنێتە کایەوە، چونکە داوا لە ئوممەتی ئیسـلامی کراوە کە هەموو بنەماکانی مەدەنیەتی دەسـت خۆی بخـات، لەملاوەش کلتوری ئیسـلامیش تـاکە کلتورە کە هەموو لایەنەکانی پەروەردە و ئاڕاسـتەی کامڵن و بەرفراونترین فیکر و پارسـەنگترین ڕەوشـت و جوانترین ڕەفتار لە تاکوکۆی مرۆڤایەتیدا دادەڕێژێت.. ئەمە جگە لەوەی کە تەنها ئیسـلامە وا حەق و ڕەوا و ڕاست و دروست بێت، ئیسلام هەموو پێداویستییەکانی ژیانی تاکوکۆی مرۆڤایەتی لەبەر چـاو گرتووە، چونکە مەنهەجی خوای گەورەیە بنەمـاکـانی جێگیر و لق و پۆپیشـی لە گەشەی بەردەوام دایە..

## بڕگەی شەشەم:
## بەرهەمی کلتوری ڕۆژئاوایی بۆ موســـوڵمانان گونجاو نییە:

بـۆ زیـاتـر ســـەلـمـانـدن و ڕوونکردنەوەی ئەوە کە کلتوری هەموو نەتەوەیەك بە مەدەنێتیەکەیەوە بەندە و بەرهەمی شارستانێتی هەموو گەل و ئوممەتێك مۆرك و سیما و ســـیفـاتی کلتوری ئەو ئوممەتەی پێوەیە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەوە چەند نموونەیەك دەخەینە بەرچاو:

١- پانتۆڵی ئاسایی ڕۆژئاوایی بەرهەمێکی کلتوری ئەو گەلانەیە کە بەرهەمیان هێناوە، لەو لایەنەوە تەماشایان کردووە کە جوانە و لە لایەنی ئابوورییەوە شیاوە و لەبەکارهێنانیدا لەگەڵ هەڵسوکەوتی ڕۆژئاواییدا گونجاوە، کاتی هەستان و دانیشتن پێوەی یان سەفەر و کارکردن پێوەی.. بەڵام لە ڕوانگەی کلتوری ئیسلامیەوە گونجاو نییە، شیاوی موسوڵمانان نییە، نە لەکاتی چونە سەرئاو و نە لەکاتی دەستنوێژ و نە لەکاتی نوێژکردن و نە شیاویشە بۆ داپۆشینی عەوڕەت، کە وەسفی زۆر ئەندامی لەش -بەتایبەتی عەوڕەت- دەکات، دیسان شیاوی دانیشتنی موسوڵمانان نییە، نە لەمزگەوت و نە لەماڵەوەی.. بە پێچەوانەی شرواڵ و دشـداشـــەوە، قســـەمان لێرەدا لەســـەر جلوبەرگی ئاســـایی و پۆشـاکی حەوانەوەیە، دەنا جلوبەرگی کار، یان پۆشاکی سەربازی، یان غەیری ئەمانە حاڵەتی خۆیان هەیە و شێوازی گونجاوی خۆیان دەخوازن، ئاشـــکرایە کە هەموو کار/ئەرکێك دەشـــێت پۆشـــاکی تایبەت بەخۆی هەبێت.

٢- نەخشــە و شێوەی بیناسازی کە بەرهەمێکی تری شارستانێتی ڕۆژئاواییە وسیفاتی کلتوری ئەوان عەکس دەکاتەوە، کە مەسەلەی നامووس و دەرنەکەوتنی ئافرەت لە ماڵەوە جێبایەخیان نییە، یان مەســـەلەی ســـتری خاوەن ماڵ و ئەهلی ســـوکناکە و دیارنەبوونیان

لەدەرەوە، ڕۆژئاوایی زۆر حساب بۆ ئەوە ناکات کە مرۆڤ لە ماڵی خۆیدا زۆر جیاوازبێت وەك لە دەرەوەی ماڵەکەی، وەکو کە بەلای موسوڵمانەوە گرنگ و کاریگەرە.. بۆیە نەخشە و شێوەی بیناسازیی ئیسلامی جیاوازە، یەکەمین خاڵی سەرەکی و گرنگ تێیدا سترە، واتە دیارنەبوونی ناومـاڵ لە دەرەوە، چونکە دیـاربوون و تەمـاشـاکردنی نـاومـاڵ حەڕامە، موسـوڵمانان لە ناو ماڵی خۆیدا بە هەموو ئازادیی خۆیەوە ڕەفتار دەکات و نایەوێت کەس لە دەرەوە بیبینێت یان بزانێت چۆن هەڵسوکەوت دەکات.. بە تایبەتی لە ڕەفتاریی خێزانیدا و بەتایبەتی تریش بۆ ئافرەتی موسوڵمان.. مەبەست لێرەدا خانووی سوکنایە نەك نەخشە و شێواز و دیزاینی کۆشك و تەلاری تر.

٣- یانەکانی سـەما و گۆرانی و یانەکانی شەڕاب و قومار و یانەکانی خۆڕووتکردنەوە و مەلەوانگە و کەنار دەریا و خۆهەڵخستنە بەر خۆر و یانەکانی تری تێکەڵاویی نێر و مێ و مومارەسـەی حەڕام: مەلها و شـوێنی لەشفرۆشی و دەیان شوێن و ڕەفتاری هاوشێوە کە هەمووی بەرهەمی دیـد و قیەم و کلتوری گەلانی کـافرە، کە هەریەکێك لەم مومارەسـە حەڕامـانە – بە دیـدی ئێمە – لای ئەوان مەبەسـتێکە لە مەبەسـتەکـانی ژیـان و چێژی داواکراون، لە دید و قیەم و کلتوری ئیسلامەوە هەموو ئەمانە حەڕامن، باتڵن و ژیانێك کە ئاوا ببرێتە سـەر بێ نرخە و بەرپرسـیەتی دەکەوێتە سـەر.. لە دید و کلتوری ئوممەتی ئیسلامیدا ئامانجی ژیان و ڕەنجدانی سەرفرازی ڕۆژی دواییە، هەموو ئەوانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدان لای موسـوڵمان ئەوەندە سـوك و بێ بەهان کە موسـوڵمان لاناکات بە لایانەوە.. لە شارستانێتی ئیسلامیدا هیچ یەکێك لەو (بەڕەڵایی)ـیانە ریخراو و جێگایان نابێت و هەر هەموو موومارەسەیەکی هاوشێوەیان قەدەغەدەکرێت.

٤- یەکەمین جار کە چەکی ئەتۆمی لە جیهاندا دروسـت کرا بۆ لێدانی شـاری گەورە بەکارهێنرا[1]، منداڵ و ئافرەت و پیر بەهەزاران کوژران.. چونکە گەلانی رۆئاوایی پێوەری

(١) ئەمریکا دژی دوو شاری (هیرۆشیما) و (ناکازاکی) لە ژاپۆن لە ساڵی (١٩٤٥) بەکاریهێنا.

داد پەروەریان بۆ هۆکار و ئەنجام نییە، ئەوان پێیان وایە گەیشتنە مەبەست هەموو هۆکار و شـێواز و ڕێگایەك حەڵاڵ دەکات، وەکو ڕێسـایانە و دەڵێ: (الغاية تبرر الوسيلة).. بۆیە چەکی ئەتۆمی کە زادەی دیـدو قیەم و کلتوری ڕۆژئـاوابوو بەپێی ئەو دیـد و کلتورەش بەکارهێنرا.

لە شارستانێتی ئیسلامیدا ئەمە وا نییە.

ئیســـلام ڕێگـا نـادات منـداڵ و ئافرەت و پیر و پەککەوتە و پیاوی دینی و لێبڕاوانی خواپەرستی (خەڵکی لاشەڕ) بکوژرێن. ناشێت بۆردومانی شار بکرێت، مەگەر لە لایەنی ڕەفتاری هاوشێوە (المعاملة بالمثل)ـەوە بێت. ئەسڵ ئەوەیە ئەگەر ئێمە چەکی ئەتۆمیمان هەبێت، دەبێت تەنها بەرامبەر هێزێکی سەربازی بەکاربهێنرێت ئەگەر هاتۆتە سەرمان یان دوژمنمانە و لەڕێدایە، بۆ شتی تر و شوێن و خەڵکی تر ناشێت بەکاربهێنرێت، مەگەر هەر لەو لایەنەوە کە ئەگەر دوژمن بەرامبەر خەڵکی لاشـەڕی ئێمە بەکاری هێنا، ئیمەش دژی بەکاری بهێنینەوە.

٥- لە قوتابخانە و فێرگە ڕۆژئاواییەکاندا، مۆسـیقا و شانۆ و سەما و گۆرانی و جۆرەها یاریی غافڵاندن بەشێکن لە بەرنامەی خوێندن و سەرەکین، بەڵام لە قوتابخانەی ئیسلامیدا مەبەستە سەرەکییەکەی فێرکردنە و ئاوەدنکردنەوەی مزگەوتە، بە هاتووچۆکردن و نواندنی چالاکییە شـــەرعییەکان تێیاندا، پاشـــان یانەی ڕاهێنانی جەســـتەیی و مەشـــق و هێز بۆ شیاوکردنی قوتابیان بۆ جیهاد.

ئەمـانە چەنـد نموونەیەك بوون کە پەیوەنـدی بەرهەم و چـالاکیی مرۆڤ بە کلتورەوە دەبەســـتنەوە، کە دەیســـەلمێنن مەدەنییەتی هەموو گەل و نەتەوەیەك بە دیـد و قیەم و کلتوریەوە بەندە.. دەشـێت هەندێك زاد و بەرهەم لە نێوان گەلاندا هاوبەش بن، بەڵام شێوە و چۆنییەتی و مەبەست لە بەکارهێنانەکە جیاواز دەبێت، یان کات و شوێنی بەکارهێنانی،

بۆ نموونە شەڕاب بەرهەمی کۆمەڵگەی کوفرە، بەڵام ترێ بەرهەمی ڕەنجی هەموو گەل و نەتەوەیەکە، بەڵام لە کڕین و فرۆشتن مەبەستی بەکارهێنانیدا ڕاجوێی هەیە، هەروەها سەرچاوە و مافی خەڵکی تێیدا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە.. مامەڵەی ئوممەتی ئیسلامی لەگەڵ کرێدا جیاوازە لە مامەڵەی گەل و نەتەوەی کافر دەربارەی.

ئەمانە توند و تۆڵی پەیوەندی لایەنی قیەم و کلتوری دەسەلمێنن بەلایەنی مەدەنییەتی شارستانییەتەکانەوە.

## بڕگەی حەوتەم:
## هـێـزو لاوازی مەدەنـیـیەتـی بە بەکـارهـێـنـانـی ڕوکنەکانییەوە بەندە:

وتمـان مەدەنییەتی و پێســـکەوتن بەرهەمی بـاش یـان خراپ بەکـارهێنانی کۆمەڵێك پێکهـاتەن پێکەوە، وەکو: باش بەکارهێنانی وزە و تواناکان و ســـوود وەرگرتن لە کات و هەبوونی کەسانی پسپۆڕ هەریەك لە بواری خۆی (بەس)ـێتی پسپۆڕەکان بەپێی پێویست و هەبوونی دەسەڵاتێکی حوکمڕانی دامەزراو.

چەنـد نموونەیەك لەســـەر ئەوە دەهێنینەوە کە چۆن هەبوون و بـاش بەکـارهێنـانی ئەم پێکهـاتـانەی مەدەنییەتی دەبێتە مایەی پێشـــکەوتنی مەدەنییەتەکە، نەبوونی یان خراپ بەکـارهـێنـانیشـــی دەبێتە مـایەی دواکەوتنی مەدەنییەت، لە نـاوچەکـانی دواکەوتنی مەدەنیەتیدا لە جیهانی ئەمڕۆدا زۆر جۆر دین و دید دەبینین، زۆر جۆر ســیســتەم دەبینین، دەشـــبینین لە ڕووی مەدەنیەتییەوە دواکەوتوون، کە دیراســـەی بارودۆخەکەیان دەکەیت دەبینیت:

- وزە و توانا و خێروبێری وڵاتەکەیان بەتەواوی بەگەڕنەخســتووە و سوودی تەواویان نە لەخێروبێری سەر زەمین وەرگرتووە و نە لەژێر زەمین.

- زۆرینەی کاتی تاکوکۆ بە فیڕۆ دەڕوات.

- ئەوانەی لە کاردان و ڕەنج دەدەن پسپۆڕی بواری خۆیان نیین.

- نوقسانیەکی زۆر لە پسپۆڕ و شارەزایی بوارەکانی گەشەکاریدا هەیە.

- سیستەمی حوکمی وڵاتەکانیش جێگیر نییە.

له بەرامبەریاندا کە بارودۆخی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا دیراسـە دەکەیت دەبینیت ئوممەتێك بە تێکشـکـاوی و بەزیوی جەنگی جیهـانی دووەمی بەسـەردا هاتووە و وێران و ئاوارە کەوتووە، هەمووشـتێك ڕووخاوە[1]، بەڵام لە ماوەی (١٥سـاڵ)ـدا ئەڵمانییەکان توانیان هەموو شتێك لەجاران باشتر دابمەزرێننەوە، دەبینیت:

- هەر ئەڵمانییەك دە سـەعات کاری دەکرد، (٨سـەعات) بۆخۆی و دوو سـەعات بۆ بیناکردنەوەی وڵاتەکەی.

- هەر ئەڵمانییەك پسپۆڕی بواری کارکردنەکەی خۆی بوو.

- هەموو توانا و وزەیەکی وڵاتی خۆیان لە بونیاتنانەوەدا بەکارهێنا.

- پسپۆڕی و شیاوییان بەقەدەر پێویستی بوارەکان بەرهەمهێنا و نوقسانیان نەبوو.

- سیستمی حوکومیان دامەزراوانە دەڕۆیشت و ئەمان بۆ هەمووان دەستەبەربووبوو..

دەشێت هۆکاری تریش هەبن یاریدەدەربن وەکو هەبوونی دارایی و سەرمایە و متمانە.. بەڵام ئەمانە ڕوکنی سـەرەکی و پێکهاتەنین، یارمەتیدەرن، خۆ ژاپۆن گەلێکی هەژاربوو، ئەویش لە هەمان جەنگی جیهانی دووەمدا وێران بووبوو، بەڵام دوای چل ساڵ چووە ئاستی وڵاتە هەرە دەوڵەمەندەکان (کە هەشتن).

---

(١) لەڕۆژێکدا شاری کۆڵن/ڕۆژئاوای ئەڵمانیایە (٦١٥) هێرشی فڕۆکەی کرایە سەر، هەموو شتێك ڕوخێندرا جگەلە کڵێسای مەرکەزی کە دەستیان لێ پاراست، چونکە (توحفە)ـیەکە بە (٦٠٠) ساڵ دروست کراوە.

## بڕگەی هەشتەم:
## پێشـــکەوتن و دواکەوتن بە ســـیســـتمی حوکمەوە پەیوەست نییە:

لێرەدا پێویســتە ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بدەین، لەم سەردەمەدا لاف و گەزافێکی زۆر لێـدەدرێت و پڕوپاگەندە بڵاوەکرێتەوە کە گوایە ئەو پێشـــکەوتنە مەدەنییەتەی لە فلان وڵاتە بەهۆی ســیســتەمی حوکمڕانیەکەوەیە، تا لەم ڕێیەوە خەڵکی چەواشــەکارانە بەرەو لایەنگرێتی ئەم دەوڵەت و ئەو سیستمە ڕاکیشن.

- کۆمەنیســتەکان دەڵێن: ئەو پێشــکەوتنەی ڕوســیا و وڵاتانی تر بەهۆی ســیســتمی حوکمیانەوەیە کە کۆمەنیستین.

- ســەرمایەدارەکان بە خەڵکە داماوە دواکەوتووەکان دەڵێن ســیســتمی ســەرمایەداری مایەی پێشکەوتنە مەدەنێتیەکە.

- مەسیحییەکان دەڵێن: هۆی پێشکەوتنی ڕۆژئاوا مەسیحییێتی بوونێتی..

هەمووشــیان درۆدەکەن، چونکە پێشــکەوتنە مەدەنییەتەکە  پەیوەندی بە ســەلماندن و چەســپانـدنی ئەو پێکهـاتـانەوە هەیە کە پێشـــتر ئـامـاژەمـان پێدا، نەك بە ســـیســـتمە حەکمڕانیەکەوە. ســیســتمی کۆمەنیســتی لە ڕوسیا و  چین، سەرماییەداری لە هەندێك لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان و ســیســتمی سـۆشیالیستی لە هەندێکی تر و سیستمی پارێزگارانە (المحافظ) لە ژاپۆن/یابان، هەموویان پێشـــکەوتنی مەدەنییەتیان تێدایە و مەرجیش نییە سیستمی حوکمیان هۆکاربووبێت..

ئەمما مەســیحییەکان کە لافی ئەوە لێدەدەن گوایە ڕۆژئاوا بۆیە پێشــکەوتووە چونکە مەســـیحییە، هیچ وانییە، بە پێچەوانەوە، مەســـیحێتی لە چەرخەکانی ناوەڕاســـتدا هۆی

سەرەکیی دواکەوتوویی و نەخوێندەواری و داماویی بوو، ڕۆژئاوا کاتێك پێشکەوت کە وازی لە مەسیحێتییەکە هێنا..

لە وڵاتانی دواکەوتووی مەدەنێتییدا هەموو جۆرە سیستەمەکان دەبینین، وڵات هەیە دواکەوتووە و سەرمایەدارانەش پێ هەڵدەنێتەوە، هەیە سۆشیالیستەکەی بۆتە مایەی دووبەرابەر! وڵات هەیە مەسیحییە و دواکەوتووە، هەیە هیندۆسیە و دواکەوتووە یان بودایییە و هەروایە، وڵاتی واش هەیە ئیسلامی تێدایە و دواکەوتووە..

پەیوەستکردنی پێشکەوتن و دواکەوتن بە سیستمی حوکمڕانییەوە چەواشەکاری و دیدلێڵکردنە و بۆ ژێردەستەکردنی گەلان ئەو پاڵانتانە بڵاوکراونەتەوە.. گومانی تێدا نییە جاری وا هەیە سیستمی حوکم یان دینی وڵاتەکە دەبێتە بەربەستی ڕێی هەندێك لایەنی پێشکەوتن، وەکو کە هیندۆسی مایەی ڕێگرتنە لە هەندێك گۆڕانکاری پێشکەوتووانە، کە مرۆڤ دەبینرێت لەخزمەتی مانگادایە و مانگای پێ پیرۆزە و کەس بۆی نییە هیچی لێبکات، تەنانەت مرۆڤ ڕەنجدەدات و مانگا دەیخوات! یان پەرستنی مشك.. بێگومان ئەم دین و دیدانە بەربەستی ڕێی پێشکەوتنی زۆر لایەنی کۆمەڵگە و دەوڵەتن.. لە وڵاتێکی تر کە متمانە بەسیستمی حوکم ناکرێت سەرمایەی لێ نامێنێت، سەرمایە بە قاچاخەرێ دەردەکرێت بۆ وڵاتانی جێگر و هێمن.. بەڵام دەبێت ئەوەمان لاسەرەکی بێت کە پێشکەوتن بەبێ وەرگرتنی ئەو مەرجانەی پێشتر ئاماژەمان پێدان مەحاڵە، نازییەکانی ئەڵمانیا سیستمیان هەبوو، لە کۆتا پلەی دیکتاتۆریشدابوون بەڵام مەدەنێتی لە پێشکەوتن نەدەکەوت، خۆ متمانە لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگادا لە سیستمی کۆمەنێستیدا هەر نییە، بەڵام مەدەنێتی لە ڕوسیا و چین هەرلە برەودابوو، ئەگەرچی ئەم دووسیستمە (نازی و کۆمەنیزم) لەسەر حسابی ماف و ڕێز و کەرامەتی مرۆڤ خۆیان گرت!

هەر بەم بۆنەیەوە دەڵێین: عادەتەن گەلانی دواکەوتوو هەست بە نوقسانی دەکەن، موسوڵمانانی ئەم سەردەمەش کە دواکەوتوون ئەو هەستی نوقسانییێتیەیان تێدایە (و ورە

ڕوخاون)، بۆیە هەموو دوژمنانیان لە هەموو لایەکەوە دەیانەوێت ئەم هەستەیان تێدا زیاد بکەن و بەدواکەوتوویی بمێننەوە، بۆیە سەیر نییە کە هەموو دین و دید و ڕێباز و سیستمێك موسوڵمانان بانگدەکەنە سەر مەنهەجی خۆیان!! هەمووشیان لەسەر جەنگی دژ بە ئیسلام سوورن و بە ئاشکراش دژین، هەر بەئاشکراش موسوڵمانان بانگدەکەن کە واز لە دینەکەتان بهێنن و دید و ڕێی ئێمە بگرنە بەر!!! بەئاشکرا بە موسوڵمانان دەڵێن هۆی دواکەوتنی ئێوە ئیسلامەکەتانە، وەلیکەن و وەرنە ڕیزی ئێمەی سۆشیالیستی و لیبراڵی و مەسیحییەوە.. وەرن وەکو ئێمە پێشکەوتوانە بژین!!

گەنجی وڵاتانی ئیمەش -کە نەیانهێشتووە لە دینەکە تێبگات- بیروهۆشی ئینتیمای بەتاڵ و حەتاڵە و لەڕێی ڕاست لایداوە، لەم گەڕەلاوژێ و بیرهەڕاجکردنەدا دەمی بەقەپەوە گرتووە و حەپەساوە.. هەر لەدەمی ئەم و ئەو دەڕوانێ.. نە دێتەوە سەر دین و دید و ڕێگاکەی خۆی کە لێی بزربوون، نە دەشتوانێت خۆ بپارێزێت و ڕێگایەکی پێشکەوتن بدۆزێتەوە! ئەم نەوە نوێیانەی موسوڵمانانی سەردەم ئەگەر لە مێژووی ئیسلام وموسوڵمانان شارەزابوونایە دەیانزانی ئا ئەم پێشکەوتنە مەدەنێتییەی ئەوروپا خۆی پێوە بادەدات هی ئێمەیە، لە ئێمەشەوە وەریانگرتووە، ئەگەر ئێمە نەدەبووین، دەبوو هەروا لە تاریکستانیدا بە نەخوێندەواری هەر پەنجەمۆرکەن و نەزانن ئیمزای خۆیان بکەن..

## بڕگەی نۆیەم:
## قورئان و سوننەت و ئیجتیهادی پێشەوایان سەرچاوەی کلتووری ئوممەتن:

سەرچاوەی کلتوری ئیسلامی قورئان و سوننەت و تێگەیشتنی ڕاست و دروستە لە قورئان و سوننەت، یەکەمین سەرچاوە قورئانە و دووەمین سوننەتە و سێیەمین: تێگەیشتنی ڕاست و دروستە لێیان، بۆیە دەڵێین تێگەیشتنی ڕاست و دروست چونکە قورئان و سوننەت هەموو شتێکیان ڕاشکاوانە باس نەکردووە، بۆیە پێشەوا موجتەهیدەکانی ئوممەتی ئیسلامی و زانایان و شەرعناسان ئەحکامی ئەو کێشانەی ڕۆژانە دەهاتە ڕێیان لە قورئان و سوننەتەوە وەردەگرت.. بەگشتی بەرهەمی زانایان و پێشەوایانی ئوممەتیش کە زۆر زۆرە دەشێت بکرێت بەچەند بەشێکەوە:

- بەشێك پەیوەندیی بە ململانێی عەقائیدییەوە هەیە، چونکە ئەحکامەکانی کوفر و ئیمانن.

- بەشێك لەو ئەحکامانە پەیوەندیی بە ژیانی ڕۆژانەوە هەیە، بەسەودا و مامەڵەوە.

- بەشێکی تر پەیوەندیی بە داب و ئاداب و ڕەفتار و ڕەوشتەوە هەیە.

زانایان هەزار کتێبیان لەسەر ئیسلام نووسیوە.. بێگومان ئەو کەسەی بیەوێت شارەزای ئیسلام ببێت ناتوانێت دەستبەرداری ئەوە ببێت کە پێشەوایان نووسیویانە، چونکە دینداری و تەقوای ئەوان و زۆری زانین و فراوانی دید و زیرەکییان و ئەو ئاسانکارییەی لە کۆمەڵگە و دەوڵەتی سەردەمی سەلەف (سێ نەوەی یاوەران و تابیعین و تابیعی تابیعین) هەبوو جارێکی تر ئەمانە دووپات نەبوونەتەوە، بۆیە بەرهەمی ئەو سەردەمەی ئوممەت سەرچاوەیەکی ترە وگومانی زۆر بۆ ڕاست و دروستی ئەحکامەکانیان

دەچێت و موسوڵمانان لێیان بێ خەمن کە ئەحکامی ئیسلامن، کەسێك قورئان وسوننەت و زانستییە شەرعیەکانی وەکو عەقیدە وشەرع و داب و ئاداب نەزانێت (کە هەر لە قورئان و سوننەتەوە هاتوون)، نازانێت کلتوری ئیسلامی چییە و چەند گشتگیر و بەرفراوانە.

- ئەو کەسانەی دەڵێن (شەریعەت) بەبێ قورئان و سوننەت دەخوێنین (واتە هەر ئەحکامی فیقهی) زۆر هەڵەن، هەروەها ئەو کەسانەش هەڵەن کە دەڵێن زانستییەکانی قورئان و سوننەت دەخوێنین و فیقە ناخوێنین! دەبێ قورئان وسوننەت بخوێنرێن چونکە باسی هەموو شتێکیان تێدایە، ئەحکامی هەموو پێداویستیەکانی ژیانی تاك وکۆی مرۆڤی -لە لایەنی تیۆری و کردەوەییەوە- تێدایە، ئەوەش کە زانستیەکانی عەقیدە و فیقە و ڕەوشت باسیان لێوە کردووە هەر شەرح و شیکاری هەندێك ئاراستەی قورئان وسوننەتە کە سەرچاوەی هیدایەتدانی مرۆڤ قورئان وسوننەتەکەیە، بێگومان ئەوەی لەو دوو سەرچاوەیەدا هەیە لە هیچ دین و دید و سەرچاوەیەکی تردا نین. خۆ خەریککردن بە غەیری قورئان و سوننەت پێش خوێندنی ئەمان گومڕابوونە و ڕێ بزرکردنە، لادانێکی دژوار و ئینحیرافێکی گەورەیە، دوورکەوتنەوەیە لە سیرە و ڕەوییەی کردەوەیی یاوەران و تابیعین و نوقسانیەکی ئێجگار گەورە لە کلتورو ڕۆشنبیریی موسوڵماناندا دروست دەکات و ئاسان دەیخاتە بەر شەپۆلی دید و فکری نامۆ و پەڕیدە و تەنانەت کوفر و شیرکیش، بۆیە هەر دەبێت لەسەرەتای پەروەردەبوون و ئاڕاستەوە بە خوێندنی قورئان و سوننەت دەستپێکرێت و هاوڕێیش لەگەڵیاندا زانستەکانی عەقیدە و فیقە و ڕەوشتناسی و ئەوانی تر.. کە دیدوڕێ و ئەحکام و هەڵوێستی ڕاست و چەوتیان بۆ دیاریکردووین و چۆنییەتی هەڵاوێردنیانیان بۆ ڕوونکردوینەتەوە و وێنای کردەوەیی ئاراستەی قورئان وسوننەتیان بۆ کێشاوین.

ئەمە خۆی لە خۆیدا زەرووریيە، بێگومان زەروریتریش دەبێت کە کەسێك بیەوێت دیراسەی قورئان و سوننەت ڕاستەوخۆ بکات -خۆی هەرچەندە شارەزا و زیرەك بێت کاتێکی زۆری دەوێت بۆ تێگەیشتن و ئەحکام داڕشتن- بەڵام ئەگەر لەگەڵ خوێندنی

قورئان وسوننەتەکەدا شارەزایی لەو زانستە شەرعییانەشدا پەیداکرد زووتر و وردتر و ڕاستتر دەگاتە مەبەست و ئەحکامی ڕاست و دروستتری لا دروست دەبێت، خوێندنی ئەم زانستییە شەرعییانە شارەزابوونە لە چۆنیەتی و ڕادەی تێگەیشتنی پێشەوایان و زانایان لە قورئان و سوننەت، بۆیە بۆ بەرچاورۆشنی و لاڕێ نەبوون، ئەمانیش زەروورین.

- بۆ نموونە زانستی ئوصول (علم الأصول) ئەو ڕێگایەمان نیشان دەدات کە چۆن ئەحکامی ڕۆژانەی کردەوەیی لە قورئان وسوننەتەوە وەردەگرین، شارەزای ئەو چۆنیەتیەمان دەکات کە زانایان ئەو ئەحکامانەیان وەرگرتووە.

- زانستییەکانی زمانی عەرەبی ڕاست و دروستی تێگەیشتنی ڕەوامان فێردەکات لە قورئان وسوننەت.. ئەم زانستیە شەرعییانە ئامانج نین، ئەمانە هۆکاری گەیشتنە ئامانجن، ئامانجەکەش تێگەیشتنە لە قورئان و سوننەت، کاتێك ئەم هۆکارانە دەبنە ئامانج کارەساتیان لێوە پەیدادەبێت، کەسانێك پەیدادەبن لە ئەحکامی فیقهی شارەزان بەڵام لە شارەزایی قورئان و سوننەتدا کۆڵەوار دەبن! ئەمە چۆن دەشێت؟!

مەدەنێتی ئیسلامی دەبێت لە سەرچاوە ئیسلامییەکەی خۆیەوە بێت کە قورئان وسوننەتە و ئیجتیهادێکە کە لەبەر ڕۆشنایی ئاڕاستەی قورئان و سوننەتەکەدا کرابن و لە چوارچێوەی ئەوانیش دەرنەچووبن..

## بڕگەی دەیەم:
## ئیسلام و پێکهاتەکانی مەدەنێتی[1]:

ئەگەر بپرسین لە دید و هەڵوێستی ئیسلام لەسەر ئەو پێکهاتانەی مەدەنێتی کە ئایا ئیسلام ماف و بواری تەواوی خۆیان داوە؟ لەوەڵامدا دەڵێین: بەڵێ بە دڵنیاییەوە -بە چۆنیەتیەکی تەواوی بێ وێنەی کامڵێتی، ئەمە تەفسیلێك دەخوازێت:

١- بە نیسبەت بەگەڕخستنی وزە و تواناکان و دەرهێنانی خێر و بێری وڵات و سوود وەرگرتن لە هەموو شتێك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا﴾ البقرة: ٢٩ واتە: ئەوە خوای گەورەیە کە هەرچی لە زەمین هەیە بۆ ئێوەی خەڵق کردووە.

- ﴿أَلَمۡ تَرَوۡاْ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَأَسۡبَغَ عَلَيۡكُمۡ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةٗ وَبَاطِنَةٗۗ﴾ لقمان: ٢٠ واتە: مەگەر نابینن چۆن خوای گەورە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە بۆ ئێوەی دەستەبەرکردووە و نیعمەتی زۆری ئاشکرا و پەنهانی بەسەرتاندا ڕشتوە؟

- هەروەها: ﴿هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ وَٱسۡتَعۡمَرَكُمۡ فِيهَا﴾ هود: ٦١ واتە: ئەوە خوای گەورەیە کە ئێوەی هەر لە کەرەستەی زەوی دروستکردووە و داوای لێتان کردووە سەرزەمین ئاوەدان بکەنەوە.

خوای گەورە جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەرچی لەم گەردوونەدا هەیە بۆ مرۆڤی دەستەبەرکردووە و مافی خۆیەتی سوود لە هەموو ڕێسا و موفرەداتێکی وەربگرێت و بۆ ئاسوودەیی مرۆڤایەتی بەکاری بهێنێتەوە..

(١) پێکهاتەکان ئەو پێنج خاڵەن کە لە بڕگەی دووەمی ئەم باسە ڕیزکراون.

- پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (إنْ قامَتِ الساعَةُ وفي يَدِ أَحَدِكُمْ فَسِيلَةٌ فلْيَغْرِسْهَا)[1] واتە: ئەگەر قیامەت داهات و یەکێکتان نەمامێکی بەدەستەوەبوو با بیڕوێنێت.

- هەروەها دەفەرموێ: (ما من مُسْلِمٍ يَغرِسُ غَرْسًا، أَوْ يَزْرَعُ زَرْعًا، فَيأْكُلُ منه طَيْرٌ أَوْ إِنْسانٌ أَوْ بَهِيمَةٌ، إلَّا كانَ له به صَدَقَةٌ)[2] واتە: هەر موسوڵمانێك كە نەمامێك دەڕوێنێت یان تۆوێك دەچێنێت یان شەتڵێك دەڕوێنێت و بەرهەمی پێدەگا، تا باڵندە یان مرۆڤ یان گیانەوەرێك لێی بخوات هەر بەخێر و سەدەقە بۆ خاوەنەکەی دەنوسرێت.

لەم دوو دەقە بۆمان دەردەکەوێت کە ئیسلامەکەمان چەند هانیداوین بۆ ئاوەدانکردنەوەی سەرزەمین و چۆن کە بەنییەتی پاکەوە دەبێت، دەبێتە خواپەرستی .

سوود وەرگرتن لە خێروبێری زەمین، ئاشکراو پەنهانی، مافی خودی مرۆڤە و بە هەر هەنگاوێکی مادام موسوڵمان بێت و لەبەر خاتری خوا بیکات هەمووی بە خێر و چاکە بۆ دەنوسرێت و پاداشتی لەسەر وەردەگرێت.. ئەمە هەڵوێستی ئیسلامە لە یەکەمین هەنگاو هەڵهێنانەوەی بونیاتنانی مەدەنێتیدا.

٢- ئەمما بەنیسبەتی کاتەوە ئەوەندە بەسە کە (جگە لەوەی لە فەرموودەکەی پێشوودا دەفەرموێ: ئەگەر لە ساتەوەختی داهاتنی قیامەتیشدابوون و نەمامێکتان بەدەستەوە بوو، خێرا سوود لە کاتەکە بکەن و بیڕوێنن، مەڵێن وا قیامەت داهات ئیتر نەمام بۆ کێ بڕوێنین!) لەفەرموودەی تردا دەفەرموێ کە خوای گەورە کاتێك لە قیامەتدا لە خەڵکی

(١) بەززار لە (البحر الزخار) (17/14)، هەیثەمی لە (مجمع الزوائد) (4-66) هێناویەتییەوە و دەفەرموێ: (رجاله أثبات ثقات).

(٢) بوخاری (٢٣٢٠)، موسلیم (١٥٥٣)، ترمذی (١٣٨٢).

دەپرسێتەوە کە چیت لەو نیعمەتانە کرد کە پێم بەخشیبوویت؟ لێشی دەپرسێت کە تەمەنی لە چیدا سەرف کرد؟ (عن عمُرِهِ فيما أفناهُ)[1].

- سەیدنا عەلی (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێ: (اعملْ لدنياك كأنك تعيشُ أبدًا، واعملْ لآخرتِك كأنك تموتُ غدًا) واتە: وا بۆ دونیات کار بکە هەروەکو ئەوەی هەتا هەتایە بژیت، واش بۆ دوارِۆژت کار بکە هەر وەکو ئەوەی سبەینێ دەمریت.

کات بۆ موسولْمانان ژیانە، موسولْمان کاتی ئەوەی نییە لەسەر خۆشی و چێژی حەرامدا سەرفی بکات، موسولْمان یان لەخواپەرستیدایە یان بەکار و کاسبیەوە خەریکە، یان لە کارێکی ڕێپێدراو دایە و نیيەتی بۆ غەیری خوای گەورە نییە، چونکە کاری ڕێپێدراو (موباح)یش بەنیيەتی پاك دەبێتە خواپەرستی.

٣- ئەمما بە نیسبەت هەبوونی مرۆڤی پسپۆڕەوە، کە دەبێت ئەوندە بن کە (بەس) بن بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ئوممەت و دەوڵەت، شەرعناسان فەرموویانە هەر زانستییەك کە ئوممەتی ئیسلامی پێویستی پێی بێت فەرزی کیفایەیە و هەر دەبێت هەندێك ئوممەت دەستی بخەن، ئەگەر نا، هەموویان گوناحباردەبن، تەنانەت فەرموویانە: (ئەگەر موسوڵمانان موحتاجی دەرزییەك بن و لەناو موسوڵماناندا کەسێك نەبێت دروستی بکات، هەموو موسوڵمانان لە نەبونیدا گوناحبارن).

هەر زانستییەك یان هەر تایبەتمەندی وپسپۆڕی بوارێك بەسوودبێت، فەرزە لەسەر جەمعی ئوممەت (لەسەر دەستەجەمعی نەك یەکیەکی تاکەکانی) بەدەستی بهێنێت، ئینجا دەفەرموون: دوای بەدەستهێنانی؛ قاڵوقوڵبوونەوە (التبحر) تێیدا حوکمی سوننەتی هەیە.

هەبوونی پزیشکی پسپۆڕ لە نەخۆشیەکانی دڵدا (بۆ نموونە) فەرزی کیفایەیە،

---

(١) ترمذي (٢٤١٧) و دەفەرموێ: (حسن صحيح).

شـــارەزایی و قوڵبوونەوە لە هەریەك لە بەشـــەكانی ئەم پســـپۆڕییەدا حوكمی ســـوننەتیان هەیە.. هەموو زانســـتییەكی تریش هەر ئەم حوكمەی هەیە. كەوابوو ئیســـلامەكەمـان مەدەنێتییەكی نمونەیی لوتكەییی لێمـان دەوێـت كە نـابێـت هیچ گەل و ئوممەتێـك بە مەدەنێتی خۆی ســـەرووتر بكەوێـت.. ئـاوا هەروەكو كە كلتوورەكەمـان نمونەییە و لە لوتكەدایە، شارستانێتییەكەمان ئاوا دەگاتە لوتكەی نموونەییەكەی..

خـاوەنی كتێبی (تبین المحـارم) دەفەرموێ: (ئەممـا فەرزی كیفـایە لە زانســـتیدا ئەو زانســـتییەیە كە لە پیـادەكردنی دین و ڕاگرتنی دنیـادا نـاشـــێـت وازی لێبهێنرێت، وەكو پزیشـكی، ژمێریاری، ڕێزمانی عەرەبی، ئەحكامی فیقهی، شـێوەكانی خوێندنەوەی قورئان (قیرائات)، زانســـتی فەرموودەوانی و ســـەنەدناســـی، دابەشـــكردنی میرات، نووســـین، ڕەوانبێژی و بەشـەكانی تری زمانی عەرەبی، ئوصـول و زانینی ناسـخ و منسـوخ، زانینی مێژوو و ئاسـەوار، زانسـتی پیاوناسـی، ناویان، شـوێنیان.. ناسـینی یاوەران و سـیفەت و ژیانیان، زانینی مەرجەكانی ریوایەت لە دادپەروەری و جێمتمانەیی، زانستی هەڵاوێردنی فەرموودەی سـەحیح و زەعیف، زانسـتییەكانی ئاوەدانكردنەوە و پیشـەسازیی و چاندن و دوورین وكەڵەشـاخ گرتن و زانینی سـیاسـەت، هەر كەسـێك سەرنج لەم بڕگەیە بدات كە لەســـەرەوە هێناومانەوە دەزانێت كە زانایانی ئیســـلام باســـی لە فەرزێتی كیفایەی هەموو زانســـتییەكی سەردەمی خۆیان كردووە، دەبینیت باس لە هەبوونی پسپۆڕ دەكەن كە دەبێ ئەو بوارانە بە ژمارەی (بەس) هەیانبێت، ئەمانەش وەكو ئاشـكرایە لق و بواری مەدەنێتین كە كلتووری ئیسلامی دەیانگرێتەوە).

- خاوەن كتێبی (شرح التحریر)ـــیش لەسەر باسی فەرزی كیفایە دەفەرموێ: (فەرزی كیفـایە هەموو شـــتێكی دینی دەگرێتەوە، وەكو زانینی نوێژی جەنـازە، هەروەكو هەموو شتێكی دنیایی وەكو ئەو جۆرە پیشەسازییەی كە پێویستە).

ئەگەر بمـانەوێت ئەوەی شـــەرعناســـان فەرموویانە ئەمڕۆ لەســـەر زانســـتییەكانی

سەردەمیان بچەسپێنین، دەڵێین: دەرهێنانی نەوت (پترۆل) سەدان پسپۆری بواری زەویناسی (جیۆلۆجی)ی دەوێت، هەر وەك پسپۆڕانی دەرهێنان و پیشەسازییەكانی، هەروەها پیشەسازی دروستكردنی جۆرەها ئامێری سەردەمیانە، هەر لە پیترۆلەوە هەشتا جۆر پیشەسازیی جیادەبێتەوە، كە هەریەكەیان سەدان پسپۆڕ و هەزاران شارەزای دەوێت. هەموو ئەمانە لەوانەیە كە ئوممەت پێوستی پێیەتی... هەبوونی ئەم پسپۆڕانە بۆ هەر بوارێك بە ڕادە و بڕی (بەس) فەرزی كیفایەیە.

چاندن پێویستی بە هەزاران پسپۆڕهەیە، هەزاران لە جۆرەكانیدا، سەدان لە دیراساتی جۆر و ڕادە و بڕی بەسێتی خاكدا، سەدان ئاودێری، چارەسەری نەخۆشی و پیشەسازیی ئامێرەكانی چاندن و قوتوكردن و فرۆشتنی بەرهەمی چەندین بواری تری چاندن و بەرهەمێنان..

بەشێوەیەكی گشتی دەبێ پسپۆڕ و تایبەتمەندمان هەبێت لە هەموو بوارەكانی پزیشكی (بەشەری و بەیتاڵی/ئاژەڵی)، ئینجا بواری دەرمانسازی، لەبەرهەمهێنانی كەرەستە سەرەتاییەكانیەوە بۆ گەیاندنی بە نەخۆش.. ئەگەر یەك دەرمان هەبێت و ئوممەت و دەوڵەت دروستیان نەكردبێت هەموو موسوڵمانان گوناحباردەبن لەسەری.. زۆرینەی كۆڵە گوناح دەكەوێتە سەرشانی ئەوانەی لە توانایاندا هەیە دروستی بكەن و نەیانكردووە.

ئیتر هەر هەموو بوارێكی زانستی و شارەزایی و پسپۆڕیی تێیدا هەمان حاڵەتە و هەمان حوكمی هەیە.

ئیسلامەكەمان داوامان لێدەكات كە ڕادەی (بەس)ێتیمان لە هەموو جۆر و بوارێكی زانست و هونەردا هەبێت مادام لە ئوممەتەكەدا كەسێك هەبێت موحتاجی بێت، دەبێ لە هەموو بوارەكانیشدا پسپۆڕی تایبەتمەندمان هەبێت.

- پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (إنَّ اللهَ يُحِبُّ من العبد إذا عمِلَ عملاً أنْ يُتقِنَهُ)[١]، واتە: خوای گەورە حەزدەكات كە عەبدێك كارێكی گرتەدەست بە چاكیی بیكات.

ئەمە ئەوەی كە پەیوەندی بەلایەنی سێیەم وچوارەمی پێكهاتەكانی مەدەنێتییەوە هەیە.

٤- ئەمما هەبوونی دەسەڵات و حوكمی جێگیر كە ئەمان دابین دەكات، ئیسلام سیستمی حوكمڕانی خۆی (سیستمی خیلافەت) جێبەجێ دەكات، كە دەوڵەت و ئوممەت ڕێنادەن هیچ كەسێك لێی هەڵگەڕێتەوە یان هیچ كۆمەڵێك شۆرشی دژ بەرپا بكات.

- پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (مَنْ جَاءَكُمْ وَأَمْرُكُمْ جَمِيعٌ يُرِيدُ أَنْ يُفَرِّقَ جَمَاعَتَكُمْ فَاضْرِبُوهُ بالسَّيْفِ كَائِنًا مَنْ كَانَ)[٢]، واتە هەركەسێك هات و ویستی كۆمەڵەكەتان (ئوممەتی موسوڵمانان/دەوڵەت و حوكمی شەرعیتان) دابڕكات و تەفرەقەی تێدابنێتەوە - لەكاتێكدا ئێوە تەبا و كۆن - بەشمشێر لە گەردەنی بدەن، جا هەركەسێك بێت.

خەلیفە كە ئەمیری گشتیی موسوڵمانان و سەرۆكی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامییە ماف و دەسەڵاتی زۆری لەدەستدایە، بۆی هەیە حوكمی كوشتنی (مورتەدد: لەدین هەڵگەڕاوە) دەركات تا ریزەكانی ئوممەت دەغەڵ و گەندەڵی كوفر نەیسمێت و ببێتە پەڵەی نامۆ پێیەوە، بۆی هەیە حوكمی كوشتنی تر دەربكات (وەكو حوكمی خراپەكارێك كە چەندەها جار سزادراوە و واز لە تاوانكاری ناهێنێت) یان خاوەن بیدعەیەك كە هەرسوورە لەسەر بیدعەچێتی.

---

(١) نووسەری ڕەحمەتی نووسیویەتی: (رواه البيهقي وهو حديث حسن)، بەڵام ئەم فەرموودەیەم تەنها بەلفزی تر دەستكەوت: (إنَّ اللهَ تعالى يُحِبُّ إذا عمِلَ أحدُكمْ عملاً أنْ يُتقِنَهُ)، بەیهیقی لە (شعب الإيمان) بەژمارە (١٨٦٧/٤) هێناویەتییەوە، شێخی ئەلبانیش لە (صحيح الجامع)ـدا بەژمارە (١٨٨٠) دەفەرموێت: (حسن)ـە.

(٢) نووسەری ڕەحمەتی نووسیویەتی: (رواه مسلم)، بەڵام لەلای ئیمامی موسلیم بەم لەفزە دەستم نەكەوت، بەڵكو بەم شێوەیە: (فمَن أرادَ أنْ يُفَرِّقَ أمْرَ هذِه الأُمَّةِ وهي جَمِيعٌ، فاضْرِبُوهُ بالسَّيْفِ كائنًا مَن كانَ)، موسلیم (١٨٥٢)، كە ئەمە بەشێكی فەرموودەكەیە، وە لەشوێنی تریش بەلەفزی جیاوازەوە هاتووە: ئەبو داود (٤٧٦٢)، نەسائی (٤٠٢٠)، ئەحمەد (١٨٩٩٩).

ئیســلامەکەمان ڕێنادات ئێمە لە کێبرکێی گەلاندا دواکەوین، ناهێڵێت لە کارێکی خێر و ســوودبەخشــدا هەبن پێش ئێمە کەوتبنەوە و هەوڵبدەن بگەنە لوتکە.. دەبێ موسوڵمانان تاکە ئوممەتی شارستانێتی بن کە لە لوتکەی نموونەییدا جێگیردەبن.

دەقی شەرعی لەم بارەوە زۆرەکە موسوڵمان هاندەدات وابێت :

- لە غەزای ئوحوددا دوای تەواوبوونی جەنگەکە هەندێك لە موشــریکەکـان خۆیان گەیاندە ســەر چیاکە، کە باڵاتربوون لە موســوڵمانان، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانیدا کە بیانهێننەوە خوارەوە، فەرمووی: (لا يَنْبَغِي لَهُمْ أَنْ يَعْلُونَا)، واتە بۆیان نییە باڵاتربن لە ئێمە. ئیتر چۆن دەشێت لە مەدەنێتــی و شارستانێتیدا باڵاتربن؟!

ئەمە ئـیســـلامەکەمـانە.. هـۆی ســـەرەتـا و کـۆتـای لاوازی و دواکەوتـوویـیمـان دوورکەوتنەوەمانە لە ئیسلامەکەمان، واقیعی مێژوو شاهێدە کە لەچەرخەکانی ناوەڕاستدا کە ئەورووپا لە تاریکستانیدابوو، نەیدەزانی دەست بۆ کوێوە درێژبکات، تەنها دەستدرێژیان زۆربوو، دواکەوتووبوون، هەژار و نەخوێندەواربوون، چونکە دینداربوون، دینەکەشــیان باتڵ بوو، دیندارێتییەکەشــیان چەوت و هەڵە، لەکاتێکدا کە شــارســتانێتیی ئێمە لەو ســەردەمەدا وەکو خۆر پرشــنگی ڕۆناکیی بە دنیا دەبەخشــی، ئەگەرچی لێرە و لەوێش ئینحیرافاتی ئەم و ئەویش هەبوو..

کتێبەکەی دکتۆر ســیباعی (من روائع حضـارتنا) پڕە لە نموونە، پێویست ناکات لێرەدا بیانهێنینەوە..

## بڕگەی یازدەیەم:
## هەبوونی پسپۆڕ لە بوارەکانی مەدەنێتیدا زەرووڕەتی بەهێزبوونەوەیە:

خوێندنی مێژووی ژیانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و یاوەران لە پێکهاتە سەرەکییەکانی ڕۆشنبیری و کلتووری ئیسلامین، چونکە نموونەی کردەوەیی بەرچاون، نموونەی ئەو کۆمەڵگە و دەوڵەتەن کە ئیسلام دروستی دەکات، خوێندنی مێژووی ئیسلامیش پێویستە، بەڵام بە ڕۆشنی و چاوکراوانە، ئەمیش سەرچاوەیەکی پەند و ئامۆژگاری و لێوەرگرتنە، دیسان دارشتن و نووسینەوەی مێژووی جیهان لە ڕوانگە و تێڕوانینی ئیسلامییەوە زەرورەتێکی تری ڕۆشنبیرییە، هەروەها خوێندنی ئێستای جیهانی ئیسلامیی: مێژوو و جوگرافیای خاك ومرۆڤ و زانینی حاڵی موسوڵمانان و مەڵبەندی هێزی وڵاتان و لاوازییان.. خوێندنی دوور و نزیکی دەوڵەتان لێمانەوە، تا پەیوەندیمان بەشێوەیەکی پتەو دامەزرێنین، هاوکاریکردنی نێودەوڵەتیمان وا دارێژین کە یارمەتیدەرمان دەبێت لە سازدانەوەی مەدەنێتی و شارستانێتیمان بەکار و کارتێکردن و خوێندن و خواستن تا کەلێنەکانی پێداویستیمان پڕکەینەوە.

ئەگەر ئەم خاڵانەمان هەموو لا ڕۆشن بوو، دەزانین کە ئامانجی خوێندن لە دەوڵەتی ئیسلامیدا پێگەیاندنی شارەزای تایبەتمەند و پسپۆڕانی لایەنەکانی ڕۆشنبیری و کلتوری دەبێت کە لە بواری مەدەنێتیی نوێمان دەکەونەکار، واتە کارکردنی شارەزاییانە لە بنیاتنانەوەی هەموو لایەنەکانی شارستانییەتی ئیسلامیدا، ئەمەش پێویستی بە سێ ڕوکنی کاری دەستەجەمعی هەیە:

١- ئامار ٢- نەخشەدانان ٣- جێبەجێکردن

پرۆسەی بنیاتنانەوەی مەدەنێتی و شارستانێتیمان بەئامارێك دەستپێدەکات کە ئەو

تـایبەمەنـدیـانە تۆمـاربکات کە ئوممەتەکەمان پێویســـتی پێیەتی: تایبەتمەندێتی فڕین: پیشـــەســـازی و فێربوونی، تـایبەتمەندی لە ئەتۆم بوارەکانی بەکارهێنانی، پزیشـــکی و بوارەکانی، چاودێریی ئاسـمان و ڕادار و زانسـتییەکانی، پەیوەندی و گەیاندن: بروسکە و بێ سـیم و جۆرەکانیان.. هەروەکو پڕکردنەوەی پێداویستی ئوممەت بە پسپۆڕی زانستییە شـەرعییەکان: قورئانەوانی و زانسـتییەکانی، تەفسیر و مەدرەسەکانی، فەرمووەدەوانی و بوارەکانی، زانستییەکانی شەرع و ئوصول و هەموو ئەوانی تر کە ڕۆشنبیری و کلتووری ئیســلامی پێویســتی پێیانە لە ڕێی ســازدانەوەی مەدەنێتی ئیســلامی و پێکەوەنانەوەی شارستانێتیی نموونەیی لوتکەیی ئیسلامی.. ئەمە هەنگاوی یەکەمی پرۆسەکەیە.

هەنگاوی دووەم: داڕشتنی نەخشەیەکی گشتگیر و پارسەنگ کە چۆنیەتی پڕکردنەوەی پێداویستییەکان بە پسپۆڕانییان دیاریدەکات، بە شێوەیەك کە وزە و کات و قۆناغکاریی تێدا ڕەچاوبکرێت و لایەنێك لەسەر حیسابی لایەنەکانی تر نەچێتە پێشتر یان دوابکەوێت، یان لەبوارێکدا ئەوەندە زۆر پسـپۆڕ بەرهەم بهێنرێت کە بێکاری لێبکەوێتەوە، کە دەچێتە بەڵگەی ئەوەی کە ئوممەت پێویستی بەوانە نەماوە.. یان بەرهەمهێنانی هەزاران شارەزا و پسپۆڕ کە ئوممەت پێویستیی پێیان نەبووە..

پاشان بەکەسانی شیاو و لێوەشاوە ئەم نەخشەیە دەخرێتە کار و بووجەی تەواو بۆ هەر بەرهەمهێنانێك دیاریدەکرێت و دەخرێتە بەردەسـت و بواری شـیاو دەڕەخسێنێت و هەموو دەکەونەکـار.. ئەمە پلانی بـارودۆخی ئـاســاییە، ئەگەر بمـانەوێت ئەم بڕگەیە لە واقیعدا بهێنینەدی.. ئەمە ئامانجی یەکەمی سیستمی فێرخوازییە لە ئیسلامدا.

گەلانی ئیسلامی کە لەبن دەسەڵاتی حکومەتە کافرەکانی ڕۆژئاوا ڕزگاربووە، تائێستا حکومەتەکـانیـان نەیان توانیوە بەڕادە و ڕێژەی (بەس) پســـپۆڕ و شـــارەزای بوارەکانی بونیاتنانەوەی مەدەنێتی دەســتەبەربکەن، نەشیانتوانیوە ئاستی کرێکاران و فەرمانبەرانی ئاســـایی بەرزتربکەنەوە، لە کاتێکدا کە حکومەتی وا هەیە دەیان ســـاڵە لەســـەر حوکمە!

ئەگەر کاربەدەستانیان بەو نەخشەپلانانە کاریان بکردایە کە ئاماژەمان پێدا و پێکهاتەکانی مەدەنێتیان بگرتایاتە بەر، بارودۆخی ئێستایان زۆر جیاواز دەبوو، ئوممەتەکەشمان لەسەر ڕێیەکی ڕاست هەنگاوی هەڵدەهێنایەوە ..

# باسی دووەم:

# سیاسەتی فێرخوازی و وزە بەگەڕخستنی کەسایەتیی ئیسلامی:

بڕگەی یەکەم: وزەی مرۆڤ و بوارەکانی:

بڕگەی دووەم: ئامادەسازیی جەستەیی تاکەکان:

بڕگەی سێیەم: ئامادەسازیی هزر و ژیری و گەشەی ڕۆحی:

بڕگەی چوارەم: ئامادەسازیی پارسەنگانەی ڕەفتار و ڕەوشت:

بڕگەی پێنجەم: بەگەڕخستنی وزەی مرۆڤەکان:

بڕگەی شەشەم: سەلماندن و چەسپاندنی ئەم دید و تێڕوانینە مەنهەجییە:

## بڕگەی یەکەم:
## وزەی مرۆڤ و بوارەکانی:

مرۆڤ وزە و توانایەکی ئێجگار زۆر سەیری تێدایە، کەسایەتی هەموو مرۆڤێك چەندەها بوار و لایەنی هەیە وەکو جەستە و توانای ئەندامانی لەش، هزر و ژیری و توانای، دڵ و دەروون و نەخشەی کاروبوار و توانای، ڕۆح و گەشە و نەشونما و کاریگەرێتییەکەی.. مرۆڤ و ڕادە و بڕی ئامادەیی خێرخوازیی و شەڕخوازیی.. پاشان وزە و توانا و بلیمەتێتی ئەم مرۆڤە لە دۆزینەوەی ڕێساکانی گەردوون و بەکارهێنانیان.. ئامادەییە سەرسوڕهێنەرەکەی ژیانی کردەوەیی و بەرهەمهێنان.. وەچەندەها جۆر وزە و بوار و توانینی تر..

ئەم هەموو جۆر و ڕادە و بڕەی وزە و توانا لەکەسایەتی مرۆڤدا، پێویستە بەرەو خێرخوازی و چاکە ئاڕاستە بکرێت، ئەگەرنا، حەتمەن ڕوو دەکاتە خراپەکاری، یان شەڕخوازان لە خراپەکاریدا بە گەڕی دەخەن.. یان هەر خاوەنەکانیان -کە پەی بەهەموو وزە و توانا و بوارەکان نەبەن- زۆرینەیان بە پەکخراوی وازیلێدەهێنن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا زیانێکە..

سیاسەتی ڕاست و دروست و ڕەوای فێرخوازی ئەمەیە کە ئەم وزە و بوارانە دەدۆزێتەوە و هەریەکەیان لە بواری خۆیدا لە بنیاتناندا بەگەڕدەخات، هیچ سیستمێك نییە وەکو سیستمی ئیسلامی بتوانێت و بزانێت چۆن هەر هەموو وزەی کەسایەتیی تاکوکۆی کۆمەڵگە و دەوڵەتەکەی بەگەڕدەخات.. وەکو لە بڕگەکانی تردا ڕوون دەبێتەوە.

## بڕگەی دووەم:
## ئامادەسازیی جەستەیی تاکەکان:

ئیسلام هەر لەسەرەتاوە بە موسوڵمانەکە دەفەرموێ لەشت مافی لەسەرتە، تا وانەزانێت ئەو لەشـــە ئـامـانەتەی پێیدراوە، بۆی هەیە ئیهمالی بکات تا نەخۆشـــی یان قەڵەوی یان لاوازی دایبرزێنێت! دەفەرموێ: (فإنَّ لِجَسَدِكَ عَلَيْكَ حَقًّا)[1]، واتە لەشت مافی لەسەرتە.

هەروەها: (الْمُؤْمِنُ القَويُّ، خَيْرٌ وَأَحَبُّ إلى اللهِ مِنَ المُؤْمِنِ الضَّـعِيفِ، وفي كُلٍّ خَيْرٌ)[2] واتە: موسـولْمانی بەهێز چاکتر و پەسـەندترە لای خوای گەورە زیاتر لە موسوڵمانی کز و لاواز، هەردووکیشیان هەر خێریان تێدایە و بۆ چاکسازی دەسوڵحێن.

- هەر لەم ڕوانگەشەوەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) باوکان و سەرپەرشتیارانی ئەولاد ئاڕاسـتە دەکات کە بایەخ بە سـوارچاکی و چوسـت و چالاکیان بدەن. دەفەرموێ: (علِّموا أولادكم السـباحة والرمـاية وركوب الخيـل، ومروهم أن يثبوا على الخيل وثباً)[3] واتە: ئەولادەکانتان فێری مەلەوانی وتیرئەندازەیی و ئەسـپ سـواری بکەن، لەسەر هەڵمەتبردن بەسەر ئەسپەوە ڕایانبهێنن، تا فێربن چۆن لە قەڵەمبازی ئەسپدا خۆدەگرن.

---

(١) بوخاری (٥١٩٩)، موسلیم (١١٥٩).

(٢) موسلیم (٢٦٦٤)، ئەمە بەشێکە لەفەرموودەیەکی درێژ.

(٣) نووسـەری ڕەحمەتی هیچی نەنوسـیوە، منیش هیچ فەرموودەیەکم بەم لەفزە دەسـت نەکەوت، هەرچی فەرموودەی تریش هەیە لەم بوارەوە کە بەلەفزی جیاواز هاتوون هەموویان لاوازن:

- (عَلِّموا أبناءَكُمُ السِّـباحَةَ والرَّميَ والمَرأةَ المِغزَلَ)، بەیهەقی لە (شـعب الإيمان) بەژمارە (٢٩٠٠/٦) هێناویەتییەوە، ئەلبانیش لە (ضعيف الجامع)ـدا بەژمارە (٣٧٢٧) دەفەرموێ: (ضعيف جدا).

- (علِّمُوا أبناءَكم السِّـباحَةَ ، والرِّمايَةَ ، ونعْمَ لهوُ المؤمنَةِ في بيتِها المغزَلُ ، وإذا دعاكَ أبَواكَ فأجِبْ أمَّكَ)، ئیمامی سـیوتی لە (الجامع الصـغير) بەژمارە (٥٤٦٠) هێناویەتییەوە، شـێخی ئەلبانیش لە (ضـعيف الجامع)ــــدا بەژمارە (٣٧٢٦) دەفەرموێت (ضعيف)ـە.

له ئیسـلامدا فێربوونی بەکارهێنانی چەك و زانینی جەنگ فەرزی عەینە (وەکو نوێژ و ڕۆژوو) وەکو دواتر باسـی دێت إن شاء الله، کە یەکەمین مەرجی بەشداربوونی جەنگ و جیهاد ئەوەیە کە کەسەکە لە ڕووی جەستەییەوە شیاوبووبێت. لەم ڕوانگەوەیە کە دەبێت بەرنـامەی پەروەردەکـاریی ئیسـلامی و فێرخوازی لایەنی وەرزشـکـاری و ڕاهێنـان بەشـێوەیەکی مەنهەجی تێدابێت کە پلە بەپلە فێرخوازان لەسـەر بەهێزبوون و چوسـت و چـاپووکی ڕابهێنێت، ئەمەش بەوە دەبێت ئامارێکی وردەکار و ڕاهێنانێکی شـیاو دیاری بکرێت کە چۆن جەستەیەکی بەکار و بەهێزی جەنگاوەرانە لە فێرخوازەکەدا سازدەکرێت.. هەر بوارە و جۆری ڕاهێنـان و مەشـقی خۆیی دەوێـت، وەکو بوارەکانی ڕاکردن، بازدان، مەلەوانی، بۆکسـێن[1] ، زۆرانبـازی، کێش و قورس بەرزکردنەوە.. دەشـێـت هەموو فێرخوازێك هەموو ئەم مەشقانە فێرببێت تا بۆ هەموو حاڵەتێك شیاو و شایستە بێت. ئەمما ئەوەی کە ئێستا دەیبینین کە گوایە یاری وەرزشییە، لە ڕاستیدا هەر یاری (لهو)ـە و کات کوشـتنە، ئەگەرچی هەندێك سوودیشی هەیە. ئەمانە لەچاو بەرنامەی ڕاهێنانی جەستەیی ئیسـلامیدا شـتێکی سانەوین.. لەم سەردەمەدا زۆرینەی وڵاتانی موسوڵمان قوتابخانەکان حەفتەی سـەعاتێکیان بۆ وەرزش داناوە! لەکاتێکدا ئەگەر ڕۆژانە سەعاتێکی بۆ تەرخان بکرێت هەر کەمە.. چۆن بەو ماوە کەمە جەستەی گەنجێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جەنگ و بوێری ڕادێت؟

---

(١) زۆرینەی زانایانی سـەردەم بۆکسـێن و هاوشـێوەیان بەحەڕام داناوە، چونکە هەمووی لەسـەر ئازاری بەرامبەرە، مەگەر لێرەدا جیاوازبێت، یان هەر کیسە لمەکە بەکاربهێنێت بۆ لێدانی، یان شێوازێکی تر بگرێتەبەر.

## بڕگەی سێیەم:
## ئامادەسازیی هزر و ژیری و گەشەی ڕۆحی:

ژیری (ئەقڵ) ئەگەر بواری تەواوی بۆ نەکرێتەوە بۆ شـــیکـاری، هەلی بـاشـــی بۆ نەرەخسـێت بۆ بەدواداچوون و پەیپێبردن، بۆ بەســتنەوەی دیاردەکان بەیەکەوە، بۆ زانینی پێشــەکی و ئەنجامەکان، بۆ درککردن بەو نهێنیانەی هەر ژیریی ســاغ و چاڵاك درکیان پێدەکات، ئەگەر ئاوا ژیری ئاڕاستە نەکرا گەشە و نەشونما ناکات.

یـاد و زەین و بیرتیژی ئەگەر بەردەوام لەگەشــەکـاریـدا نەخرێنەکـار، ئەگەر بـابەتی گەورەو گرنگ و نەمریان پێ لەبەرنەکرێت حەتمەن سست و تەمەڵ دەکەون (و زۆرینەی هەرە زۆری سێڵەکانی مێشك بەبەتاڵی دەمێننەوە تا مردن!).

ئەو ئەدەب و شـیعرەی ئێسـتا قوتابخانەکان بە فێرخوازی لەبەردەکەن شتێکی سوك و ئاسـان و کەم بەهایە، ماددەیەکی کەمیان دەدرێتێ و لێدەگەڕێن بەنیوەناچڵی لەبەرییکەن بۆ تـاقیکردنەوە و دەرچوون و دوای ئەوە هیچیـان لەبیرنامێنێت لێی! فێرخوازی ســەردەم ژمێریـاری و مـاتمـاتیـك و زانســتی تری هاوشـــێوە (وەکو جەبر) دەخوێنێت بێ ئەوەی بەژیانیەوە پەیوەســتکرابێتەوە. ئەمانە لە ڕووی تیۆرییەوە دەخوێنێت و بەکردەوە نابینێت بخرێنەگەڕ.. نەخۆی دەیخـاتە گەڕ و نەکەســانی تر دەبینێـت بیخەنە بواری کردەوەوە.. مەگەر زۆر زۆر دەگمەن.!

ئاوا هزرو ژیری و یاد و بیر بەکۆڵی دەهێڵرێتەوە! بەرنامەی فێرخوازی ئیسلامی وانییە. لە ئیســلامدا هزر و ژیری ڕۆژانە لە گەشــەی پەیپێبردن و بواری کردەوەییدایە، بیرتیژی بەزۆر لەبەرکردن و یادهێنانەوە و وەرگرتن و گەیاندنەوە بەگەڕدەخرێت. لە ئیســلامدا بوار لەبەردەم هزردا کراوەیە، ڕێدراوە بگـاتە کۆتـا مەدای درککردن و بیرکردنەوە، تادەتوانێت ڕێدەبڕێت، چونکە ژیری خۆی بۆ ئەم پەیپێبردن و درککردن و بیرکردنەوەیە خەلق بووە .

لە ئیسلامدا ڕۆحیش وەکو جەستە و هزر و دەروونە، ئەویش لایەنێکی پێکهاتەی کەسایەتییە، ئەمەش خۆراکی دەوێت و پێویستی بە ئاراستەکردن و بەگەرخستنی وزەکانێتی.. خۆراکی ئەویش خواپەرەستی و زیکر و ڕەفتاری دانایی پارسەنگە.. بۆیە نوێژ فەرزە، بۆیە یادی خوا هاوڕێی نوێژەکانە، شەو نوێژ و پاڕانەوە هەیە تا گەشەی ڕۆحی بەردەوام بێت.. گەشەی ڕۆحەکە پاڵنەرەکانی حەز و هەوا و هەوەسی نالەباری ناخ دەگرێت، ناهێڵێت کەسایەتییەکە بەرە و چارەنووسی دۆزەخی ببات.. ڕۆژووەکە ڕەفتاری پارسەنگ دەکات، لە بەرنامەی پەروەردە و فێرخوازیی ئیسلامیدا پێداویستیەکانی ڕۆح و دڵ و دەروون دەهێنرێنەدی، ئەمەکاری هەفتانە و مانگانە نییە.. ئەمە ڕەنجی ڕۆژانەی گەشەکاری و داڕشتنی کەسایەتییە.. کە هەر دەبێت بەم ئاراستە خواییانە گۆش ببێت.. ئاوا ئیسلام لەهەموو لایەنێکەوە ئەم کەسایەتییە بەهێز و پارسەنگ پەروەردە دەکات و دەیخاتەکار. لە ئیسلامدا ئەم تاکە کەسە شەو و ڕۆژ هەست بەوە دەکات کە لە حاڵەتی فێربوون و گەشەکاریدایە..

بەڵام لە سیستمی فێرخوازی سەردەمدا فێرخواز هەر لەوکاتە دیاریکراوەی قوتابخانەکەیدا فێرخوازە.. کە چووە دەرێ هەموو پەیوەندییەکی بە فێربوونەوە دەپچڕێت، بە قوتابخانە و کەشی فێربوونەوە.. لە ئیسلامدا وانییە، قوتابی لە قوتابخانە بێتەوە لە ماڵەوە ئاراستەی گشتیی خێزانیانە وەردەگرێت و ڕوو دەکاتە مزگەوتی گەڕەکی خۆیان، لەگەڵ هاوڕێیانی دینداریدایە، لە مزگەوتیش ئاراستەی خێر دەکرێت، گەشەی ڕۆح و ئاسوودەیی دەروون و پارسەنگی ڕەفتار و ڕەسەنێتی ڕەوشت فێردەبێت.. ئیسلام بەم قوتابییە ڕادەگەیێنێت کە قوتابخانە بەشێکی ڕۆژانەی فێربوونە، ماڵ و هاوڕێی دیندار و ئامۆژگاری و داعیانی مزگەوتیش پەروەردە و فێرخوازییەکەی بۆ کامڵ دەکەن، دەبێت ئاراستەی ڕۆژانەی گۆشکردنی ئاوا وەربگرێت، ئاواش پێدەگات، ئاوا پەیوەندی نێوان ئاراستە و ڕەفتاری ڕۆژانە پێکەوە دەسازێن.. ئاوا کەساییەتیی قوتابی بەرهەم دێت و دەخرێتە ناو کۆمەڵگەوە.. ئاوا شاهێدی بۆ دەدرێت کە جێمتمانە (ثقة)یە! شاهێدیدانی

ئیمامی مزگەوتەکەی و داعیە ڕێنیشاندەرەکەی و دەرودراوسێکانی کە بەڵێ کەسێکی دامەزراوە و پارسەنگە و جێمتمانەیە، کەمتر نییە لەو شاهێدیدانەی قوتابخانەکەی بۆی دەکاتە شەهادە (بڕوانامە) و دەیداتێ.. وای بەحاڵی ئەو کەسەی بە (غەش) لە قوتابخانە دەردەچێت و دووڕوویی (موونافیقێتی) لە ئەهلی مزگەوت و گەڕەك دەشارێتەوە.. وای بەحاڵی کە لە هەموو لایەکەوە کەشف دەبێت!

لە ئیسلامدا پەروەردەبوون بەگەشەی ڕۆح و پاڵفتەی دەروون و پارسەنگبوونی ڕەفتار و ڕەوشتە و فێرخوازیش بە فێربوون. مەبەست لە هەردووکیان: پەروەردە و فێرخوازی دارشتنی کەسایەتییەکە بەدەم بانگەوازی وەحییەوە بچێت تا لە دیدوڕێ و بزاوت و هەڵوێست و قیەم و نەریت و دەستور و یاسای کوفر دەرچێت و ڕوو لە دینی حەق بکات: ﴿هُوَ ٱلَّذِى بَعَثَ فِى ٱلۡأُمِّيِّـۧنَ رَسُولٗا مِّنۡهُمۡ يَتۡلُواْ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمۡ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَإِن كَانُواْ مِن قَبۡلُ لَفِى ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ۝٢﴾ الجمعة: ٢ ئاوا لە بازنەی نەخوێندەواران دەردەچێت و لەبازنەی وەحیی خواییدا پەروەردە دەبێت و فێردەبێت .

## بڕگەی چوارەم:
## ئامادەسازیی پارسەنگانەی ڕەفتار و ڕەوشت:

ڕەوشـتی مرۆڤ زۆرە و زۆریشـی لق و چڵ لێدەبێتەوە، دەشـێت کەسێك لە زۆرینەی ڕەفتار و ڕەوشتیدا لە ڕێی ڕاست دەرچێت و لاسەنگ بێت.. دەشێت حەسوودی بە کەسێك یان کەسانێك ببات و بکەوێتە بوغزاندن و ململانێیان.. دەشێت هەندێك سیفەتی چاکی کە بە منداڵی هەیبووە بەگەورەیی بپوکێتەوە و تێیدا بمرن، چونکە هیچ مومارەسەی نەکردن و نۆژەنی نەکردنەوە! دەشـێت کەسـێك ڕاسـت و پارسـەنگ بوو بێت بەڵام کەشـی نوێ و بارودۆخی تازەی دەوروبەری توشـی ئینحیرافیان کردبێت.. لە بەرنامەی پەروەردەکاریی ئیسـلامیدا بایەخ بە هەر هەموو سیفەتەکانی مرۆڤ دراوە کە چەند ڕەفتارو ڕەوشتی چاك یان خراپیان لێدەکەوێتەوە.. هەموو ڕەوشـتێك کە شیاوی گەشە و نەشونمایە لە ئیسلامدا حسابی بۆ کراوە، جا بەرەو چاکی بڕوات یان بەرەو خراپی.. ڕەفتار و ڕەوشتە بەدەکان هەر هەمووی ناسێنراون، هۆکار و پاڵنەری مومارەسەکردنیان و ئاسەوار و ئەنجامیان خوێندراوە و چارەسـەریـان تۆمـارکراوە.. چۆنیەتی ڕاسـتکردنەوە و هێنـانەوەی بکەرەکـانیـان _بەتۆبەکردن_بەرەو ئیسـلام جێگیرە و وەکو دەرمانی چارسـەر ئامادەیە.. ئەمە تەنها لە ئیسلامدا هەیە کە بەرنامەیەکی تۆکمەی کامڵ بۆ ناساندنی ڕێی چاك و خراپ دیاریکراوە.. لەگەڵ جۆرەها هـانـدان و هۆشـدان و هەڕەشـە و مەترسـی خسـتنە پێش چـاوییـان، پشـتگیریکردن و چالاککردن بە ئومێدی پاداشـتی لای خوای گەورە.. خوێندن و وتنەوەی بەرنامەی ڕەفتار و ڕەوشـت و ڕەچاوکردنی لەسـەر پەروەردەبوون و مومارەسـەکردن، هەروەهـا چـاودێریی لێپرسـینەوە لەسـەر چەوتی و لێلادانی و پێگەیـانـدنی نەزەری و عەمەلی، ڕەوشـتبەرزی ڕوکنێکی سـەرەکی و هەرە گرنگی دین و دیندارین و جەوهەری سیستمی فێرخوازیی ئیسلامین.

## بڕگەی پێنجەم:
## بەگەڕخستنی وزەی مرۆڤەکان:

چوست و چاڵاککردنی تواناکانی مرۆڤ و بەگەرخستنی وزەی کار و هێزی پەیپێبردن و توانای شـارەزابوونی ڕێسـاکانی گەردوون و ژیان و هاندانی لەسەر ئیقدام و چوونەپێش وخەریکبوونی ڕۆژانەی بە سـوودوەرگرتن لە یاسـا و ڕێسـای دەوروبەری؛ مەبەسـتێکی سەرەکی سیستمی فێرخوازیی ئیسلامین.

ناسـینی گەردوون وریسـاکانی ژیان و چۆنیەتی شـارەزابوون لە بزاوت و سـرەوت و کاریگەرییان و چۆنیەتی سـوودلێوەرگرتنیان بۆ ئاسـوودەیی مرۆڤ و ئاسـانکاری ژیانی ئەرکێکی فێرخوازی نەگۆڕی ئیسـلامییە.. مەنهەجی خوێـندنی سـەردەم، گەردوون بە قوتابی ئاشـنا دەکات بەڵام ئاشـناییەکەی بۆ ناکاتە بواری کردەوە تا بزانێت چۆن سـوود لە ڕێساکانی وەردەگرێت، بۆیە خوێندکار ڕۆشنبیرییەك دەربارەی گەردوون وەردەگرێت، نەك شـارەزابوون لێی و ڕەفتـارکردن لەگەڵیـاندا.. پێویسـتە ئەمە لە مەنهەجی فێرخوازیی ئیسـلامیی سـەردەمماندا لادرێت، تا قوتابی بگێڕرێتەوە سـەر سـیستمە ئیسلامییەکە کە هەزاران زانـای هەمە لایەنەی پەروەردەکرد.. کە دەبینرێـت ئەوی کیمیـاگەربووە زانـای تەفسـیرەوان و شەرعیش بووە، ئەوی پزیشك بووە فەیلەسووف و قازیی شەرعیش بووە.. وەهەروەها ..

دەبێ بایەخ بە ئەزموون و چەسـپاندنی کردەوەیی زانستییەکان بدرێت، دەبێ ئەم بوارە گشـتی بێت و ئاسـان قوتابیان بیگەنێ، نەك ببێتە بوارێکی داخراو و کلیلەکەی تەنها بە زانایانی گەردووناسـی بێت و بەس..ئەوەی جێی داخە و خاڵێکی کوشـندەیە ئەوەیە کە بەملیۆن قوتابی لە زانکۆکانی سـەردەمدا دەردەچێت کەچی ناتوانێت خۆی بژیێنێت! هەر چاوەڕوانی وەزیفەی حکومەت و تەعین بوونێتی، ئەگەر نەبوو دەسـت پێ سـووتاوانە

سـاڵەها بێکـار دەمێنێتەوە! چـارەسـەری ئەمە بەوە دەبێت زانسـتییەکان هەر لەکاتی خوێنـدنیانەوە بە کردەوەش لە ژیانی ڕۆژانەدا مومارەسـە بکرێن، یان پیشـە فێربوونیان لەگەڵ دابێت.

مەنهەجی فێرخوازی ئیسـلامیی وا دەخوازێت هەموو زانایەك (زانای شەرعی بێت یان زانای ئەکادیمی) دوای پێگەیشتنی وابێت -دوای خوای گەورە- ئیعتیماد بکاتە سەر دەست و دەمی خۆی، نەك دوای (تەخەروج)ـیشی هەروەکو سەردەمانی قوتابێتی بەخێوبکرێت!

سەیدنا عومەر (خوا لێی رازی بێت) دەیفەرموو: (إنِّي لأرى الرَّجل فيُعجبني، فأسأل: ألَه مهنة؟ فإن قيل: لا، سـقط مِن عيني)[1] واتە: من کەسـێك دەبینم و جێی سـەرنجم دەبێت، دەپرسم کە ئایا پیشەیەکی هەیە؟ کە دەڵێن: نا، بەرچاوم دەکەوێت.. بۆیە بەرچاوی خەلیفە دەکەوێـت چونکە پەروەردە و پێگەیـاندنەکەی نوقسـان بووە.. چونکە دەزانێـت کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (إنَّ اللَّـهَ يُحِبُّ العَبدُ المُحْتَرِف)[2] واتە: خوای گەورە عەبدی خاوەن پیشەی خۆشدەوێت.

هەرئەوەندە بەس نییە ڕێگای چاکە و خراپە بەکەسـەکە بناسـێنیت، بەڵکو پێویسـتە یارمەتی دەریشـی بێت، تا بەرەو کەش و بارودۆخ و دەوروبەرێکی چاکیشـی بهێنێت و پشـتی بگرێت تا دەکەوێتە سـەرخۆ، تا وایلێدەکات هەموو وزە و توانای لە خێرخوازیدا دەخـاتەگەڕ.. ئەمە ئەرکێکی داعیـانی ئیسـلام و مـامۆسـتـا و فێرکارانە کە بەرنامەی پەروەردەکاریی وفێرخوازیی ئیسلامی بەفەرزی دەناسێنێت.

---

(١) نووسـەری ڕەحمەتی ئـامـاژەی بەسـەرچـاوەکەی نەکردووە، منیش تەنهـا لە (تاريخ عمر بن الخطاب) (ل ٢٠٢)ـی ئیبنولجەوزی دەستم کەوتم.

(٢) نووسـەری ڕەحمەتی تەنها نووسـیویەتی: (رواه ابن عسـاكر، وفي سـنده ضـعف)، بەڵام ئەم فەرموودەیەم بەم لەفزە نەدۆزییەوە، بەڵکو ئەوەی هەیە بەلەفزی جیـاوازەوەیە: (إنَّ اللهَ يُحبُّ المُؤمنَ المُحتَرِفَ)، کە هەر یەك لە تەبەرانی لە (المعجم الأوسـط)(٣٨٠/٨)، بەیهیقی لە (شـعب الإيمان)(٥٥١/٢)، ابن عدي لە (الكمال في الضـعفاء) (٥٠/٢)، وە هەریەك لە زەهەبی و ئیبنوالجەوزی و هەیثەمیش هێناویانەتەوە، بەڵام هەموویان بەلاوازیان داناوە.

## بڕگەی شەشەم:
## سەلماندن و چەسپاندنی ئەم دید و تێڕوانینە مەنهەجییە:

ئەم خاڵە و ڕوژێنەرانەی سەرەوە چەند هەنگاوێك دەخوازێت کە بخرێنە بواری کردەییەوە، وەکو:

١- داڕشتنی بەرنامەی گونجاوی خوێندن، کە ئەم خاڵانە بهێنێتە ناو پرۆگرامی خوێندنی تیۆری و کردەوەییەوە.

٢- دیاریکردنی بەرپرسێتی قوتابخانە لە قوتابییەکانی لەکاتی خوێندن و لەدەرەوەی کاتی خوێندنیشدا.

٣- بەستنەوەی قوتابی لە دەرەوەی قوتابخانە بە بازنەیەکی پەروەردەیی و چوست و چالاکییەوە.

٤- بەستنەوەی بەختیارانەی قوتابی بە قوتابخانە و بارودۆخی ئاڕاستەوانی دەرەوەی.

٥- ناچارکردنی قوتابی لەسەر ئامادەبوونی هەندێك دەرس و موحازەراتی مزگەوت.

٦- کردنەوەی خولی ساڵانە، بۆ ئامۆژگاریکردن و ئاڕاستەکردنی تاکوکۆ لە بزاوتی سەرکەوتوانەی ژیان بۆ ڕێدانیان بە موناقەشە و ئاڵوگۆڕکردنی ڕاوبۆچوون و شارەزایی و ڕێدان بە دەرکەوتنی شاراوەکانی ناخ تا ئەگەر لاسەنگ بوون ڕاست بکرێنەوە. لەگەڵ ڕاهێنانی هەمووان لەسەر ئەنجامدانی خواپەرستییەکان بە (جەماعەت) و هاندانیان لەسەر شەونوێژ و قورئان خوێندن و ڕاهێنانی وەرزشی و مەشقی سەربازیی..

٧- فەرزکردنی فێربوونی پیشەیەك لەسەر هەموو قوتابییەك، کە دەبێت بە تەواوی

شارەزابېێت و بڕوانامەی شایستەیی لە تایبەتمەندانی ئەو پیشەیە وەربگرێت کە بەتەواوی فێری پیشەکە بووە.

٨- دیاریکردنی کاتێکی ڕۆژانە بۆ هەر قوتابییەك بۆ وەرزشکردن و ڕاهێنان و کردنەوەی خولی تایبەتیش بۆ وەرگرتنی پسپۆڕی (تەخەسوس) لەو وەرزشەیاندا کە قوتابی خۆی هەڵیدەبژێرێت.

دەشێت جۆرەها ڕێگا و چۆنیەتی تر بگرێتە بەر لە سەلماندن و چەسپاندنی ئەو بەرنامە پەروەردەیی و فێرخوازییەدا، دەشێت شێوازی تر دابهێنرێت.. ئەوەی گرنگە هێنانەدیی مەبەستەکەیە کە بریتییە لە بەگەرخستنی توانا و وزەی تاکەکان لە بواری ساغ و دروستی خۆیاندا تا شایستانە لەسەر ڕێی ڕاستی بیناسازیی شارستانێتی ئیسلامی بڕۆن و لانەدەن یان توانایان پەك نەخرێت.

# باسی سێیەم:

# زانست و تەکلیفی شەرعی و سیاسەتی فێرخوازی بەرامبەری:

بڕگەی یەکەم: زانست و تەکلیفی شەرعی:

بڕگەی دووەم: فەرزی عەین و فەرزی کیفایە لە فێربوونی زانستدا:

بڕگەی سێیەم: ئەو زانستیانەی حەڕامن یان مەکرۆهن:

بڕگەی چوارەم: ئەو زانستیانەی ڕێپێدراون:

بڕگەی پێنجەم: فێربوون سێ ئاستی دەوێت:

## بڕگەی یەکەم:
## زانست و تەکلیفی شەرعی:

زانست لە ئیسلامدا دەبێت بە دوو بەشەوە: بەشێکیان فەرزی عەینە (کە دەبێت هەموو موسوڵمانێك فێری ببێت، وەکو نوێژ و ئەحکامەکان بەگشتی). دووەمیان: فەرزی کیفایەیە (کە دەبێت ئوممەتی موسوڵمان بە هەموویان بەدەستی بهێنن، ناشێت کەس نەیزانێت، ئەگەر هەندێکیان ئەم فەرزەیان هێنایەدی فەرزێتییەکە لەسەر ئەوانی تر دەکەوێت، ئەگەر کەس نەیکرد هەموو ئوممەت گوناحبار دەبێت، وەکو فێربوونی زانستی میرات و پزیشکی یان بانگدان و هیتر). ئەمە جگە لەوەی هەندێك زانست هەن وەرگرتنیان ڕرپێدراوە و هەندێکی تریان مەکرووهە و هەندێك زانستیش حەرامە (وەکو فێربوونی سیحربازی).

تەکلیفی شەرعی: واتا ئەو فەرزانەی شەرع داوای لە موسوڵمانان کردووە کە بیکات. ئەمانەش دوای باڵغبونێتی، چونکە کەس پێش باڵغبوون ئەرکی شەرعییانەی لەسەر فەرز نابێت، بەڵام سوننەتە پێش بلوغ هەوڵی لەگەڵدا بدرێت بۆ ڕاهاتن و هەڵگرتنی بەرپرسێتی و هاندان (وەکو نوێژکردن و ڕۆژوگرتنی کەسانێك کە هێشتا باڵغ نەبوون).

سیاسەتی فێرخوازیی ئیسلامی دەبێت داواکارییەکان و بارودۆخی تایبەتی پێش باڵغبوون ڕەچاوبکات و دیراسەی سروشتی ئەو قۆناغە و دوای ئەو قۆناغە باش بکات.. هەروەکو کە دەبێت هەڵوێستی شەرع لە زانستەکان بۆ هەموو قوتابییەکان ڕوون بکرێتەوە تا بزانێت کامانە فەرزی عەینن و ئەو دەگرنەوە و کامانە فەرزی کیفایەن هەموو ئوممەت دەگرنەوە.. یان کام زانین جائیزە و کامیان مەکرووهە و کامیان حەرامە تا لە مەکرووهـ و حەرامەکان دووربکەوێتەوە.

## بڕگەی دووەم:
## فەرزی عەین و فەرزی کیفایە لە فێربوونی زانستدا:

شەرعناسان دەفەرموون: (ئەوە بزانە وەرگرتنی بڕێك لە زانستی شەرعی لەسەر هەموو موسوڵمانێك فەرزی عەینە، ئەویش ئەوەیە کە ئەرکە دینییەکانی پێ دەناسێت و مومارەسەی دەکات. فەرزی کیفایەش ئەوەیە کە لەو توێژە، قاڵ و قوڵبوونەوەیە لە زانستەکاندا یان لە یەکێکیاندا کە سوودی هەر بۆخۆی نییە، بەڵکو بۆ موسوڵمانانی تریشە. لەو بڕ و ڕادەیە زیاتر کارێکی پەسەندە، وەکو پسپۆڕی لە زانینی ئەحکامەکانی شەرعدا، یان لەپزیشکی دڵدا. هەندێکیش حەرامن وەکو سیحربازی و شەعوەزە و ڕەمل لێدان و فاڵ گرتنەوە و زانستی مۆسیقا و هاوشێوەیان. هەندێکیش مەکڕووهە وەکو فێربوونی شعری غەزەل و هاوشێوەی مەگەر بۆ بەڵگە هێنانەوەی زمان و ڕێزمان و ڕەوانبێژی بێت. هەندێکیشیان ڕێدراون وەکو لەبەرکردنی ئەو شعرانەی شتی بێبەها باس ناکەن). بڕوانە (حاشية ابن عابدين).

لە بڕگەی یەکەمدا باسمان لە پەیوەندی فەرزی کیفایە کرد کە وەکو چییە، ئەمما ئەو زانستییەی فەرزی عەینە و لەسەر هەموو موسوڵمانان فەرزە، زۆرە، بەڵام هەموویان لە دوو قەد یان لقەوە جوێبونەتەوە: ناسینی ڕاست و دروستی خوای گەورە و زانینی مافی مەخلوق بە پێی شەریعەتی ئیسلام.

هەروەها ناسینی خوای گەورە و ناسینی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و زانینی ئیسلام بەگشتی. هەروەها زانینی ڕێی ئیسلاحسازی دڵ و دەروون و پاڵفتەکردنی.. هەروەها زانینی ئەحکامی شەرع بەگشتی و هەندێك ئەحکام بەپێی پێویستی کار و کەسەکە. بۆ نموونە فێربوونی نوێژ و ڕۆژوو گشتییە و لەسەر هەموو موسوڵمانێکی باڵغە، بەڵام زانینی ئەحکامی زەکات لەسەر کەسێك فەرزە کە نیصابی زەکاتی هەیە و دەبێ بیدات،

یان زانینی ئەحکامی حەجکردن بۆ کەسێك کە توانای هەیە و حەجی لەسەر فەرزبووە یان زانینی ئەحکامی هاوسەرگیری بۆ کەسێك دەیەوێت ژن بهێنێت/شووبکات. بەهەمان شێوە زانینی ئەحکامەکانی سەودا و مامەڵە و بازرگانی، بۆ کەسانی کاسبکار، کە فەرزە جۆرەکانی حەرام و حەڵاڵ بزانن.

- دیسان هەر لەم زانینانەی فەرزی عەینن دەبێت یەکەیەکەی موسوڵمانان فێری ببن زانستی ڕەوشتسازییە، کە دەبێت شارەزایی ڕەفتار و ڕەوشتە پەسەند و ناپەسەندەکان ببێت، وەکو بۆ خوا ساغبوونەوە و نییەتپاکی یان ڕەحمەت و بەزەیی، یان نەخۆشییەکانی دینداری: حەسوودی و حەرامخۆری...

- دیسان هەر لەو زانینانەی فەرزی عەینن زانینی ڕەفتارە پێچەوانەکانی ئیسلام و دژکانی شایەتومانە. هەروەها زانینی لایەنە سەرکییەکانی پەروەردەکاریی ئیسلامی کە موسوڵمانان دەگەیەنێتە ئاستی حزبوالله، هەروەکو کە قورئان باسی فەرمووە. هەروەها زانینی بەکارهێنانی چەك و چۆنیەتی جەنگ، هەریەکە بەپێی حاڵەتی خۆی، گەنج و پیر،یان پیاو و ئافرەت. لەسەر هەموولایەکیان مەشقی سەربازی و فێربونی چەك و جەنگ فەرزە[١]، چونکە لە هەندێك حاڵەتدا جیهاد وکوشتار دەبێتە فەرزی عەین و لەسەر یەکەیەکی موسوڵمانان -پیاو و ژنیان- فەرزدەبێت. (وما لا یتم الواجب إلا بە فهو واجب)، واتە: ئەوەی ئەنجامدانی فەرز بەو نەبێت ناکرێت، فەرزە.

- دیسان لەوەی فەرزی عەینە و دەبێ هەموو موسوڵمانێك فێری ببێت: زانینی لانی کەم بڕێکی ئاسایی زانین دەربارەی مێژووی ژیانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ژیانی یاوەران.

---

(١) بۆیان باسکردم کە شێخ محمد الحامد (رحمە الله) ڕای وابوو کە دەبێت ئافرەتانیش مەشقی سەربازییان پێ بکرێت، لەسەر دەستی ئافرەت یان مەحرەمانی خۆی. (نووسەر).

ئەمە جگەلە زانینی هەندێك زانستی شەرعی وەكو چاك خوێندنەوەی قورئان (تجوید) و زانینی ئەو بڕە ئایەتانەی فەرزیان پێ دێتەدی.. یان زانینی ئەو بەڵگانەی بەرپەرچی دیدوڕێی كوفر و بیدعەی پێدەدرێتەوە.

- هەروەها زانینی گشتی حاڵ و بارودۆخی موسوڵمانان و جوگرافیا و مێژووی كورت و پوختیان.

ئەمانە ئەوە دەخوازێت كە سیاسەتی فێرخوازیی ئیسلامی دەبێت وادابڕێژرێت كە ئەمانە لە موسوڵماندا بهێنێتەدی، واتە لە ڕووی تیۆری و كردەوەییەوە موسوڵمان فێری فەرزی عەین و فەرزی كیفایەی زانستی شەرعی و دنیایی بكات.

***** ******* *****

ئەمما ئەو بڕە زانستییەی پێی دەوترێت (مەندووب) واتە: دەریاوانێتی لە زانستێكدا و زۆر شارەزابوون تێیدا .

ئەمیشیان ئەگەر لە زانستییە شەرعییەكاندا بێت، هەیانە فەرزی عەینە و هەشیانە فەرزی كیفایەیە. بۆ نموونە لەبەركردنی قورئانی پیرۆز فەرزی كیفایەیە، بەڵام بڕێكی دیاریكراوی هەیە (وەكو سورەتی فاتیحە) فەرزی عەینە و دەبێ هەموو موسوڵمانێك فێری ببێت چونكە لە نوێژدا دەبێت بیخوێنێت. لەبەركردنی هەموو قورئان بۆ هەموو موسوڵمانێك سوننەتە و بۆی هەیە لەبەریبكات.. زانینی بەشێك لە شەرع (ئەحكامی فیقهی) فەرزی عەینە لەسەر هەموو موسوڵمانێك، چونكە نوێژ و ڕۆژوو بێ زانینی ئەو بڕە دیاریكراوە ناشێن، بەڵام پسپۆڕێتی لەشەرعدا فەرزی كیفایەیە و هەر دەبێت هەندێك كەس بۆی لێبلوێن تا هەموو ئەحكامەكانی فێردەبن .

لەم ڕوانگەوە دەبێت سیاسەتی فێرخوازی فەرز و سوننەتی زانستی شەرعی

بهێنێتەدی، چونکە سـونەت لە شـوێنی خۆیدا فەرزەکان تەواو دەکات. سـونەت وەکو پەرژینی فەرزە، چواردەوری گرتووە و دەیپـارێزێـت، زۆر شـارەزابوون لە سـونەتیش بەڵگەیە لەسـەر زۆر شـارەزابوون لە فەرزەکـان، ئیهمـالکردنی سـونەت مەترسـی ئیهمالکردنی فەرزەکانی بەدوادا دێت.

## بڕگەی سێیەم:
## ئەو زانستیانەی حەڕامن یان مەکرووهن:

وەکو مۆسیقا، پەیکەرتاشی، وێنەکێشی ئەگەر ڕەسمی زیندوو دروستکردن بێت، ئەمما کێشـانی وێنەی داروودرەخت و چیا و خۆر و دیمەنی سـروشـتی ئەمانە ڕێدراون، هەروەها وێنەکێشانەوەی خەت واتە دەستخۆشی (خطاطي).

- هەروەها تـۆمـارکردن و برەوپێـدانی مێژووی کـافران و پێ سـەرسـامبوون و خۆشەویستکردنیان، یان خوێندن و وتنەوەی فەلسەفەی گومڕاکاری بێ ئەوەی بەرچەرچی بداتەوە، یان هەر دیدوتێڕوانینێکی کوفرینی سروشتی و تەقدیرکردن ئەگەر وەسفی تەئکید و بنبڕێتی پێدا .

- هەروەها هەر ماددەیەکی دەرسـی کە دژایەتی لەگەڵ ئیسـلامدا هەبێت، وتنەوە و ڕەواج پێـدانی حەرامە، وەکو وتنەوەی بابەتی قەومیی/نەتەوایەتیی جاهیلی کە بە هەق و باتڵ مەدحی نەتەوەی خۆی دەکات و نەتەوەیەکی تری موسـوڵمان دەبوغزێنێت و سووکی دەکات .

- یان خوێندن و وتنەوەی هەندێك زانسـت لە دید و ڕوانگە و پێناسـەی کوفرەوە، وەکو لێکـدانەوەی مێژوو (بە دیدی مارکسـیزم کە گوایە هەموو جەنگێك بە پاڵنەری ئابووری بووە و جەنگ هەر جەنگی چینەکانی کۆمەڵگەکانە).

- ئەوەی لە ڕیزی ئەمانەیە و حەرامە کە ناشـێت بخوێندرێت و بوترێتەوە هەر باسـێکە کە گومـان لە دین دروسـتبکـات یـان کوفرێکی تێدابێت و بەناوی زانسـتەوە ڕەواجی پێبدرێت (وەکو تیۆرەکانی داروین و فرۆید و..هتد).

- هەروەها خوێندنی سـەما و هەندێك یاری و وەرزشی حەرام (وەکو زۆرانبازیی گا کە

لەڕاستیدا هەر ڕم لێدانێتی.. ئازارێکی زۆری پێدەگەیەنرێت لە بەرامبەر پێکەنین و پارە دەسکەوتندا).

لەبەرنامەی خوێندنماندا نە وانەی مۆسیقا دەوترێتەوە و نە وێنەکێشانی زیندوو.. دەبێ هەموو کتێبەکانی خوێندنیش موسولْمانی جێمتمانەی خاوەن دین و شارەزا دایاننابێت کە لە دید و ڕوانگەی ئیسلامیدا هەمووی خستبنەڕوو. مەگەر لەناچاریدا کتێبی کەسێکی ترمان وەرگرتبێت..

لای ئێمە خوێندنی (هونەرە جوانەکان) دەبێ لە چوارچێوەی شەرعدابن، نەك نیشاندانی لەشی ڕووت کە ئێستا تەوەری سەرەکی بوارەکانی (هونەر)ـە.

## بڕگەی چوارەم:
## ئەو زانستیانەی ڕێپێدراون:

هەر زانستیەك وەسفی حەرامێتی و مەکڕووهی بەسەردا نەچەسپێت خوێندن و وتنەوەی ڕێپێدراوە. جەخت هەر لەوە دەکرێتەوە کە دەبێت پسپۆڕی جێمتمانەی خۆی هەبێت کە کتێبی لەسەر دەنووسێت و دەیڵتەوە.. بەڵام ئەوەی کە زانستی (ڕووت)ـە جەبر و ماتماتیك و ئەندازیاری یان ڕێساکانی گەردوون و دیاردە و حاڵەتەکانی ئاو و هەوا و هاوشێوەیان مەرج نییە کەسانی وا بیڵێتەوە.. یان خوێندنی بارودۆخی وڵاتە ئیسلامییەکان، لێرەدا گرنگ ئەوەیە کە کتێبە مەنهەجییەکان لەلایەن موسوڵمانی جێمتامنەوە نووسرابن و لە دید و ڕوانگەی ئیسلامییەوە بووبن. خوێندنی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیش هەر وایە، چونکە لە هەموویاندا مەرج ئەوەیە لە تێڕوانینی ئیسلامییەوە شیکارییان بۆ کرابێت و خرابنە بەردەست، بێگومان جۆرەکانی ئەدەبیش هەر وان، وەکو شیعر و پەخشان.. هتد.

ئەوەی گرنگترە لێرەدا جەختی لێبکرێتەوە ئەوەیە نابێت خوێندنی هیچ یەکێك لەم زانستیە ڕێپێدراوانە لەسەر حسابی زانستییە فەرزەکان بن، چ فەرزی عەین و چ فەرزی کیفاییەکان.

***** ******* *****

مرۆڤ بەدوو قۆناغدا دەڕوات: قۆناغی پێش باڵغبوون و قۆناغی دوای باڵغبوونی.

- مەبەست لە قۆناغی باڵغبوونی نێرینە ئەو کاتەیەتی کە دەچێتە ڕیزی پیاوانەوە و وەکو پیاوێکی کامڵ ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرێت، کچیش لەو کاتەدا کە دەگاتە ڕیزی ئافرەتان و وەکو ئافرەتێکی کامڵ ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرێت. باڵغبوونی کوڕ بەوە دەبێت

کە تەمەنی بووبێـتە پازدە ساڵ، یان ئیحتلام بووبێت (واتە شەیتانیبوون)[1]، کچیش ئەگەر کەوتە ســوڕی مـانگـانەوە یـان دووگیانبوو، ئەوە نیشـــانەی باڵغبونێتی، ئەگەر ئەمیش ئەوانەی لێ دەرنەکەوتن کە تەمەنی دەبێتە پازدەسـاڵان حســابی باڵغی بۆ دەکرێت. پازدە سـاڵی کۆچی (کە چواردە سـاڵ و نیوی زایینییە). هەر کەسێك گەیشتە قۆناغی باڵغبوونی ئیتر لای خوای گەورە بەرپرس دەبێت لە نییەت و ڕەفتار (گوفتار و کردار)ـی .

- قۆناغی پێش باڵغبوون گرنگە لە ڕاهێنانی مرۆڤدا لەسـەر تەحەممولی بەرپرسـێتی و فێربوون، بەڵام هێشتا ماوێتی کامڵ ببێت و مەحاسەبە بکرێت وەکو گەورەکان. ئەم قۆناغە قۆناغی زۆر شـیاوی فێربوونە، چونکە هەموو کەسـێك لەم قۆناغەیدا توانای لەبەرکردنی زۆرە، ئەمما قۆناغی دوای باڵغبوون، قۆناغی ڕەفتار نواندن و دەرکەوتنی کردەوەییە.. بۆیە خوای گەورە ویســتی وابووە کە قۆنـاغی پێش بـاڵغبوون بۆ (علم) بێت و قۆناغی دوای باڵغبوونیش بۆ (عمل)، تا ئاوا شیاوی ڕێبوارێتی دنیا و قیامەتی ببێت.

(١) یان مووی بەری هاتبێت، وەکو مەزهەبەکانی تری غەیری حەنەفی دەفەرموون. نووسەری ڕەحمەتی حەنەفی بوو.

## بڕگەی پێنجەم:
## فێربوون سێ ئاستی دەوێت:

**ئاستی یەکەم:** لەم ئاستەدا پێویستە موسوڵمان لەسەر تەحەمولی بەرپرسێتی خۆی ڕابهێنرێت، تا بزانێت کە خۆی لەمەودوا بەرپرسی دین و دنیای خۆی دەبێت و دەبێت هۆشی لە کاروباری خۆی بێت، یەکەمین شتیش کە دەبێت فێربکرێت و پێی بکرێت نوێژەکانێتی.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (مُروا أولادَكم بالصلاةِ وهم أبناءُ سبعِ سنينَ واضربوهُم عليها وهمْ أبناءُ عشرٍ وفرِّقوا بينهُم في المضاجعِ)[1] واتە: فەرمان بە منداڵەکانتان بدەن با لەحەوتساڵیدا نوێژەکان بکەن، لە دە ساڵییاندا ئەگەر نەیانکرد لێیان بدەن لە سەری و پێخەف/جێ نووستنیان جودابکەنەوە (لەخۆتان و لەیەکترییش).

- (علِّموا أولادكم السباحة والرماية وركوب الخيل، ومروهم أن يثبوا على الخيل وثباً)[2]، واتە: ئەولادەکانتان فێری مەلەوانی وتیرئەندازەیی و ئەسپ سواری بکەن، لەسەر هەڵمەتبردن بەسەر ئەسپەوە ڕایانبهێنن، تا فێربن چۆن لە قەڵەمبازی ئەسپدا خۆدەگرن.

- خوای گەورە وەسێتی باوکانمان بۆ ئەولاد بۆ دەگێڕێتەوە و دەفەرموێ: ﴿ وَوَصَّىٰ بِهَآ إِبۡرَٰهِـۧمُ بَنِيهِ وَيَعۡقُوبُ يَٰبَنِيَّ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰ لَكُمُ ٱلدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٣٢ ﴾ البقرة: ١٣٢ واتە: ئیبراهیم و یەعقووب علیهما السلام وەسێتیان بۆ ئەولادەکانیان کردووە، پێیان فەرموون کە خوای گەورە ئەم دینەی ئیسلامی بۆ ئێوە هەڵبژاردووە و ئێوەی بۆ هیدایەت داوە، لەسەر ئەم ئیسلامە نەبێت نەمرن، بە موسوڵمانێتی بژین تا مردن.

---

(١) ئەبو داود (٤٩٥)، وە ئەلبانی لە (صحيح أبي داود)ـدا دەفەرموێت: (حسن صحيح).

(٢) بگەڕێوە بۆ لاپەڕە (٢٧٢).

- هەروەها: ﴿وَإِذۡ قَالَ لُقۡمَٰنُ لِٱبۡنِهِۦ وَهُوَ يَعِظُهُۥ يَٰبُنَيَّ لَا تُشۡرِكۡ بِٱللَّهِۖ إِنَّ ٱلشِّرۡكَ لَظُلۡمٌ عَظِيمٞ ١٣ وَوَصَّيۡنَا
ٱلۡإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيۡهِ حَمَلَتۡهُ أُمُّهُۥ وَهۡنًا عَلَىٰ وَهۡنٖ وَفِصَٰلُهُۥ فِي عَامَيۡنِ أَنِ ٱشۡكُرۡ لِي وَلِوَٰلِدَيۡكَ إِلَيَّ ٱلۡمَصِيرُ ١٤ وَإِن
جَٰهَدَاكَ عَلَىٰٓ أَن تُشۡرِكَ بِي مَا لَيۡسَ لَكَ بِهِۦ عِلۡمٞ فَلَا تُطِعۡهُمَاۖ وَصَاحِبۡهُمَا فِي ٱلدُّنۡيَا مَعۡرُوفٗاۖ وَٱتَّبِعۡ سَبِيلَ مَنۡ
أَنَابَ إِلَيَّۚ ثُمَّ إِلَيَّ مَرۡجِعُكُمۡ فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ١٥ يَٰبُنَيَّ إِنَّهَآ إِن تَكُ مِثۡقَالَ حَبَّةٖ مِّنۡ خَرۡدَلٖ فَتَكُن فِي
صَخۡرَةٍ أَوۡ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ أَوۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ يَأۡتِ بِهَا ٱللَّهُۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٞ ١٦ يَٰبُنَيَّ أَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ وَأۡمُرۡ بِٱلۡمَعۡرُوفِ
وَٱنۡهَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَآ أَصَابَكَۖ إِنَّ ذَٰلِكَ مِنۡ عَزۡمِ ٱلۡأُمُورِ ١٧ وَلَا تُصَعِّرۡ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمۡشِ فِي ٱلۡأَرۡضِ مَرَحًاۖ إِنَّ ٱللَّهَ
لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخۡتَالٖ فَخُورٖ ١٨ وَٱقۡصِدۡ فِي مَشۡيِكَ وَٱغۡضُضۡ مِن صَوۡتِكَۚ إِنَّ أَنكَرَ ٱلۡأَصۡوَٰتِ لَصَوۡتُ ٱلۡحَمِيرِ ١٩﴾ لقمان: ١٣ - ١٩

واتە: لوقمان بە ئامۆژگاری وەسێتی بۆ کورەکەی کرد، پێی فەرموو: کوڕی خۆم هەرگیز هاوبەش بۆ خوای تاك و پاك دانەنێیت[1]، چونکە هاوبەش بۆ خوادانان ستەمکارییەکی ئێجگار گەورەیە. ئێمە مرۆڤمان ڕاسپارد کە لەگەڵ دایك و باوکیدا جوان و نەرمونیان ڕەفتاربکات و دڵسۆزیان بێت، کە دایکی لەگەڵ بوونیەی جەستەیی بێهێزی خۆیدا، بێ هێزتر بە قورسی و ئازارەوە نۆ مانگە لە سکیدا هەڵیگرت، پاشان ژان و ناسۆری کاتی لەدایکبوونەکەی.. ئینجا لە دایکبوون و شیرپێدان و شەونخونی کێشان و بەخێوکردن و بەخەمەوەبوونی، ئینجا دوو ساڵ شیرپێدان و خزمەتکردن... دەی سا سوپاسگوزاری خوای گەورەبە و سوپاسی دایك و باوکت بکە و بشزانە کە چارەنووس گەڕانەوەیە بۆ لای من.. ئەگەر دایك و باوکت هەوڵیان لەگەڵتدا تا ڕێی ئیسلام بەردەیت و هاوبەش بۆ من بڕیاربدەیت، کە زانیاریشت لەسەری نەبوو، بە قسەیان مەکە، ڕازی مەبە هاوبەشم بۆ دابنێیت، بەڵام تا لە دونیادا مابن هەر بەجوانی ڕەفتارییان لەگەڵدا بکە. شوێن

---

(١) هاوبەش بۆخوادانان لەسێ بواردایە: یەکەم: لەناسینی خوای گەورەدا: بەوەی وادابنێیت خوایەکی تر هەیە کردگار یان خاوەن یان ڕۆزیدەر یان ... بێت.

دووەم: لەپەرستنیدا: واتە خواپەرستی بۆ گەورە و بۆ غەیری خوای گەورە بکات، خواپەرستیش بەدڵە وەکو خواپەرستی، یان بەزمانە وەکو سوێندخواردن بەغەیری خوای گەورە، وە بەکردەوەیە وەکو تەوافکردن بەدەوری گۆڕێکدا.

سێیەمین بواری هاوبەشدانان بۆ خوای گەورە (شیرك) بواری یاسا و ڕێسا دارشتنە، کە کەسێك قبوڵی بێت یاسای پێچەوانە بەشەریعەتی خوای گەورە داڕێژرێت یان داڕێژرابێت و ئەو حوکمی پێبکات یان داوەری پێبکردن.

ڕێبازی ئەو کەسە بکەوە کە بەرەو من گەڕاوەتەوە و ڕێی ڕاستی گرتۆتەبەر و گوێرایەڵی فەرمانی منە، پاشان هەمووتان بۆلای من دەگەڕێنەوە و منیش پاداشتتان لەسەر هەموو چاکەیەك دەدەمەوە و سزاتان لەسەر هەموو سەرپێچییەك دەدەم کە کردووتانە..کوڕی خۆم لەوە دڵنیابە کە هەر کردەوەیەك، هەرچەندە کەم و گچکەش بێت، ئەگەر بەقەدەر گەردێك یان زیزانەیەکیش بێت، لەبن تاوێرەبەردێکدا بێت یان لە ئاسمانەکان یان لەزەویدا پەنهان بێت، خوای گەورە بۆ بکەرەکەی دەهێنێتەوە پێشی و لێی دەپرسێتەوە لەسەری.. خوای گەورە زانایە بەشوێنی ئەو ڕەفتارە و شارەزایانە دەیهێنێتەوە و دادپەروەرانە لێی دەپرسێتەوە.. کوڕی خۆم، نوێژەکانت بکە و فەرمان بەچاکە بکە و بەرهەڵستی لە خراپە بکە (کە ئەمەشت کرد کێشەت زۆر بۆ دروست دەبێت) جا ئارام بە لەسەر هەرچی دێتە ڕێت و خۆی لەبەردابگرە. ئەم دید و هەڵوێست و سیفەتە لەو سیفەتە جوامێری و عەزم و ئیرادەن کە لەم ڕێگایەدا پێویستن. کوڕی خۆم، بەلوتبەرزییەوە ڕوو لە خەڵکی وەرمەگێڕە و فیزیان بەسەردا مەکە و بەسەرزەمیندا بە هەوا و فیز و دەعیە و شانازیکردنەوە مەیە و مەچۆ، چونکە خوای گەورە کەسانی وای خۆشناوێت کە ئاوا لوتبەرز و بەهەوا و فیزەوە ڕەفتار دەنوێنن. کوڕی خۆم لە ڕۆیشتندا بەویقار و پارسەنگ برۆ، نە پەلەکارانە و نە زۆر هێواش. دەنگت لە کاتی دواندندا -زیاتر لە پێویستی بەرامبەرانت- بەرزی مەکەرەوە، بەڕاستی دەنگی ناخۆش زەڕەی گوێدرێژە، لەهەناسە وەرگرتن و دانەوەیدا هەر ئیزعاجە!

- پێغەمبەری خوا (ﷺ) منداڵانیشی ئاڕاستەدەکرد و هەڵەی ڕەفتاری بۆ ڕاست دەکردنەوە، وەکو کە بەئیبنوعەبباسی فەرموو -کە منداڵ بوو نانی وەلدا دەخوارد: (يا غُلَامُ، سَمِّ اللَّهَ، وَكُلْ بيَمِينِكَ، وَكُلْ ممَّا يَلِيكَ)[1] واتە: ڕۆڵە گیان: بسم الله بکە و بە دەستی ڕاستت بخۆ و لەبەردەمی خۆتەوە بخۆ (دەست مەبە بۆ بەردەم کەسی تر لە قاپەکەدا).

---

(١) بوخاری (٥٣٧٦)، موسلیم (٢٠٢٢).

- جارێکی تریش ئاوا ئامۆژگاریی پێ فەرموو: (يا غُلامُ إنِّي أعلِّمُكَ كلِماتٍ، احفَظِ اللَّهَ يحفَظْكَ، احفَظِ اللَّهَ تَجِدْهُ تجاهَكَ ، إذا سألْتَ فاسألِ اللَّهَ، وإذا استعَنتَ فاستعِن باللَّهِ، واعلَم أنَّ الأمَّةَ لو اجتَمعت علَى أن ينفَعوكَ بشَيءٍ لم يَنفعوكَ إلَّا بشيءٍ قد كتبَهُ اللَّهُ لَكَ، وإن اجتَمَعوا على أن يضرُّوكَ بشَيءٍ لم يَضرُّوكَ إلَّا بشيءٍ قد كتبَهُ اللَّهُ عليكَ، رُفِعَتِ الأقلامُ وجفَّتِ الصُّحفُ)[1] واتە: ڕۆڵەگیان، خوای گەورە بپارێزە، تۆ هەمیشە هۆشت لە نییەتپاکی و خواپەرستی و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوای گەورە بێت، خوای گەورەش ئاگای لە تۆ دەبێت و دەتپارێزێت، تۆ ئاوا خواناسی ڕەچاو بکە، دەبینیت هەمیشە خوای گەورەت وەلدا دەبێت و بەهاناتەوە دێت، کاتێك داوای شتێك دەکەیت و موحتاجیت، داوا لە خوای گەورە بکە دەبریکات. ئەگەر پێویستیت بە یارمەتی بوو داوای یارمەتی لە خوای گەورە بکە و ئەوە بزانە کە ئەگەر هەر هەموو ئوممەتەکە لەسەر ئەوە کۆبن کە زیانێکت پێ بگەیێنن ناتوانن هیچ زیانێکت لە هیچ شتێکدا لێدەن، مەگەر لە شتێکدا خوای گەورە لە قەدەرەی خۆیدا لە چارەتی نووسیبێت. ئەگەر هەر هەمووشیان لەسەر ئەوە کۆبن کە سوودێکت پێ بگەیێنن، ناتوانن هیچ سوودێکت لە هیچ شتێکدا پێ بگەیێنن، مەگەر لە شتێکدا کە خوای گەورە لە قەدەری خۆیدا لە چارەتی نووسیبێت. تەواو، پێنوس هەڵگیرا و تیانوس وشکبۆتەوە (واتە هەرچی لە چارەت نوسرابێت هەر ئەوەت دێتەڕێ، بێ خەم بە).

یاوەران لە ئاستی یەکەمی فێربوونیاندا فێری قورئان دەبوون و بەماڵ و منداڵی خۆیانیان دەوتەوە، هەروەها باسی غەزاکانیان بۆ دەکردن تا فێربن چۆن ڕوویداوە، لەگەڵ باسەکانی سیرەدا.. کەوابوو سیاسەتی فێرخوازی دەربارەی قۆناغی پێش باڵغبوون دەبێ ئەم باس و بابەتانەی تێدا ڕەچاو بکرێت کە بریتییە لە ئامادەکردنی منداڵ بۆ هەڵگرتنی بەرپرسێتی دین و دنیای خۆی بەشارەزابوونی لە دینەکە، لەزانینی عەقیدە و سوننەت و

---

(١) ترمذی (٢٥١٦) و ئەفەرموێت: (صحيح)ـە، شیخی ئەلبانیش لە (صحيح الترمذي)ـدا بەسەحیحی داناوە.

سیره و شەرع و ڕەفتار و ڕەوشت و بایەخدان بە ساغی و پتەویی جەستەی و تێداڕواندنی غیرەت و بوێری و شـارەزابوونی لە مێژووی ئیسـلام و سەربەرزی پێی و شارەزابوونی لە جیهانی ئیسلامی و زانینی بارودۆخی موسوڵمانان و چاوکردنەوەی ژیان و زانینی پێناسەی گەردوون و ژیـان و مرۆڤ لە دیـدی ئیسـلامەوە، هەروەهـا ڕاهێنـانی کردەوەیی دینی و دونیایی و سازدانی کەشی گونجاوی گۆشبوونی هەموو ئەمانە بە هاریکاریی قوتابخانە و ماڵەوە و مزگەوتەکەیان دەبێت. ئاوا لە ژێر چاودێری و سـەرپەرشـتیاری دڵسـۆزانیدا پەروەردە دەبێت، ئاوا لەسەر حەقخوازی پەروەردە دەبێت، ڕاست و پارسەنگ، چونکە هەر هەڵەیەکی لێی دەرکەوێت، دڵسۆزانی پەروەردەکاری لە شوێنی خۆیدا دانایانە بۆی ڕاست دەکەنەوە... پێشـنیارمان بۆ سـەلماندن و چەسپاندنی کردەوەیی ئەوەی سەرەوە ئەوەیە کە فێرخوازیمان لە قۆناغی یەکەمدا بە سـێ قۆناغ بڕوات: ئەوە قۆناغ و ئاسـتی یەکەمە کە باسـمانکرد. کە تەرکیزی تێدا دەکرێتە سـەر داڕشـتنی کەسـایەتی ئیسـلامیانەی منداڵ و گەنج، کە بەزانینی زانسـتە سەرەتاییە زەرورییەکان ئاشنا دەکرێن و دەزانن فەرزی عەین و فەرزی کیفـایەی زانین و فێربوون کامانەن. هەروەها بە هاندانی لەبەرکردن و ڕاهێنانی جەستەیی و ئامادەسازیی ڕەنج و خەبات و پێگەیاندنیان لەسەر گیانی بەرگری و جیهاد..

<u>ئـاسـتی دووەم:</u> قـاڵ و قوڵبوونەوە و بەرفراوانکردنی ڕۆشـنبیری ئیسـلامی و شـارەزاکردنە لە بوارێکی زانسـت دوای ئەوەی کەسـەکە لە قۆناغی یەکەمدا لە ماڵ و قوتابخانە و مزگەوت پەروەردەی ئیسـلامی وەردەگرێت و لەڕووی تیۆری و کردەوەییەوە دادەمەزرێت و کەسـایەتی ئیسـلامیی خۆی دادەڕێژێت، ئینجا پێویسـتە وزە و توانای لەو بوارەدا بخرێتەگەڕ کە خۆی حەزی لێیەتی و لەگەڵ کەسایەتی خۆیدا دەگونجێت، ئەمەش بە ڕێنیشاندان و ئامادەکردنی کەشی پێگەیاندنی دەبێت، هەلی ڕەخساو و دەرفەتی گونجاو و توانای بەردەسـت.. بەرپرسـانیش تەماشـای پێداویسـتی ئوممەت و دەوڵەت دەکەن و هەوڵـدەدەن بەم هەزاران هەزار گەنجەی ئـاوا دامەزراوانە پەروەردەبووە و وشـارەزایی پەیداکردووە پڕبکەنەوە..

تەماشـا دەکرێت کە ڕوو لە کوێی زانست و پسـپۆڕی دەکات.. ئەگەر لە زانستیە ئەکادیمییەکان بوو، ئەوا هەموو هەلێکی بۆ دەڕەخسێنرێت تا بڕوات و شـارەزایی لەو بوارەدا پەیدابکات کە حەزی خۆی و پێویستی ئوممەت و دەوڵەت دەیخوازن.. ئەگەر ڕووی لە زانستە شـەرعییەکان کرد بۆ شـارەزابوون لێیان، دەبێ بواری بۆ بکرێتەوە زانستەکانی قورئان و سوننەت و عەقیدە و ئوصوڵ و ڕەفتار و ڕەوشت و زمانی عەرەبی و ئەدەب و ڕەوانبێژی و نەحو و سەرف و خەت و ئیملا و شیعر و عەروز فێربێت، هەروەها سیرە و مێژوو و ئێستای جوگرافیای جیهانی ئیسلامی و پلان و پیلانی دوژمنانی ئیسلام و چۆنیەتی کارکردنیان دژ بەئیسلام و موسولمانان.. ئامانج لەم قۆناغە ئەوەیە کەسەکە بەتەواوی شـارەزای زانستە شـەرعییەکانی فەرزی عەین و فەرزی کیفایە بووبێت و وا پێگەیشتبێت ئیعتیمادی بکرێتە سەر و بەرپرسیێتی دین و دنیای بەسەردابدرێت.

<u>ئاستی سێیەم:</u> قاڵ وقوڵبوونەوەی پسـپۆڕانەیە لە هەر بوارێکی تایبەتمەندێتی (اختصاص)ـی خۆیدا، تا دەگاتە ئەو ئاستەی توانای ئاڕاستەکردنەوەی مەنهەج و داهێنان و نەخشەداڕشتنی دەبێت.

# باسی چوارەم:

# سیاسەتی فێرخوازیی ئیسلامی و گەشەپێدانی نێرینەیی پیاو و مێینەیی ئافرەت:

خوای گەورە لەسەر زەمانی خاتوو مەریەم (علیها السلام) دەفەرموێ: ﴿ وَلَيْسَ ٱلذَّكَرُ كَٱلْأُنثَىٰ ۝٣٦ ﴾ آل عمران: ٣٦ واتە: نێرینە وەكو مێینە نییە.

پێشتر هەندێك سیفەتی ئافرەتمان باسكرد كە لە پیاو جیاوازن، هەروەها سروشت و بواری كردەوەیی و واقیعی هەردوولا، دیشمان كە ئاراستەی ئیسلام بۆ هەردوولایان وایەكە لەگەڵ سروشتی خۆیاندا دەگونجێت، كە هزر و ژیریی پارسەنگیش لایەنگیرێتی.. بێگومان سیستمی فێرخوازیی ئیسلامی ئەم خاڵە جەوهەرییەی ڕەچاوكردووە بە:

١- دارِشتنی بەرنامەی تایبەت بۆ خوێندنی ئافرەتان.

٢- بەرنامەی پێگەیاندنی ئافرەت و شیاوێتی كاروئەركی.

٣- شارەزابوون و پسپۆڕی لەو بوارانەدا كە لەگەڵ سروشتی خۆیدا دەگونجێن.

بەرنامەی فێرخوازیی پێگەیاندنی ئافرەت دەبێ ئەو ئەركانەی فێركرێت كە لەگەڵ سروشتی خۆی و توانای خۆیدا شیاون، دوای فێركردنی خوێندنەوە و نووسین بەرەو ئەو خوێندن و پەروەردەبوونە دەبرێت كە لەئەنجامیدا دەبێتە هاوسەرێكی چاك و دایكێكی چاك و پەروەردەكارێكی چاك و ماڵدارێكی چاك. لەگەڵ گەشە و نەشونمای سیفەت و سروشتی مێینەییەكەیدا لە داوێنپاكی و شەرم و دووركەوتنەوە لەكات و شوێن و ڕەفتاری گومانلێكراو و بەنرخ ڕاگرتنی ئابڕو و نامووس و ڕێز و مافی.. ئەمەیە ئامانج لە خوێندن و ئاراستەی ئافرەت كە دەبێ ببێتە ئافرەتێكی موسوڵمانی ساڵح.

پاشان هاندەدرێت و بواری بۆ دەرەخسێت تا شارەزایی و شیاوێتی خۆی لەو بوارانەدا بسەلمێنێت كە شایستە و بواری خۆین، وەكو پزیشكی و بوارەكانی تەندروستی، لەوێوە تا دەگاتە بەرگدروویی، لە مامۆستاییەوە تا دەگاتە هەموو بوارێك كە شیاوی خۆیەتی و دەتوانێت بوونی كاریگەرێتی خۆیی تێدا بسەلمێنێت، بەڵام نابێت هیچ وەزیفەیەكی

لەسەر حیسابی بەجێهێنانی ئەرکە دینییەکانی و ئەرکە خێزانییەکانی بێت.

لە ئەنجامی ئەمەدا وا دەبینین کە:

جۆری یەکەم: گشتییە و بۆ هەموو ئافرەتێکە، واتە خوێندنی دیراساتی شەرعی و بوارەکانی گەشە و نەشونمای مێینەیەتی خۆی و فێربوونی هەرچی شتێك کە پەیوەندی بە ئافرەتانەوە هەیە. دیراساتی ئیسلامی وەکو خوێندنی قورئان و سوننەت و زانستیە شەرعییەکانی تر، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَٱذۡكُرۡنَ مَا يُتۡلَىٰ فِي بُيُوتِكُنَّ مِنۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ وَٱلۡحِكۡمَةِۚ ٣٤﴾ الأحزاب: ٣٤ واتە: قورئان و سوننەت لە ماڵەکانی خۆتاندا بخوێنن و دیراسەی بکەن. هەروەها خوێندنی فەرزە شەرعییەکانی موسوڵمان بە گشتی و ئەحکامی ئافرەتان بە تایبەتی و شارەزابوون تێیاندا، لەگەڵ هەرچی کە پەیوەندی بە هاوسەرگیری و پەروەردەی منداڵ و ماف و ئەرکیەوە هەیە ئەم بوارانە بەهەموو لق و پۆپیانەوە لەبەردەمی ئافرەتدا والآن، تا چەندی بوێت دەتوانێت بخوێنێت و قۆناغەکانی خوێندنی ئەم سەردەمە لە سەرەتایی بۆ ئامادەیی بۆ زانکۆ و خوێندنی (تخصص)ـی باڵا.

جۆری دووەم: فێربوونی پیشە کە بۆ ئەمانیش بە هەمان شێوەی پیاوان بواری پێگەیاندنیان بۆ دەکرێتەوە بەگوێرەی پێداویستی ئوممەت و دەوڵەت کادیریان لێ دێتە پێشەوە. وەکو بوارەکانی تەندروستی (کە دەیان لقە)[1] یان بوارەکانی فێرخوازیی ئافرەتان کە سەدان لقە، کە دەبێ بە پێی ئاماری هەبوونی مێینە و بەڕێژی واقیعی پێبگەێنرێت بۆیان، بواری تەواو و هەلی ڕەخساو و بوجەی بەس بۆ هەموو قوتابییەکی مێینە سازدەکرێت، تەنها ئەوەی لێداوادەکرێت کە باڵاپۆشی و ئادابی ئیسلامی ڕەچاوبکات.

---

(١) وەکو پزیشکی گشتی و باتنی، ژنان و تەولید، جەڕاح و گوێ و لووت و گەروو... هیتر، یان پزیشکی دان و بوارەکانی ئیشاعە و موختەبەر و یاریدەدەری پزیشك و برین پێچ و مامان.. ئینجا بوارەکانی پەروەردەی منداڵ و پسپۆڕی خۆراکیان و تەندروستیان و .. دەیان بواری تر. کە ئێستا باشووری کوردستان ئەگەر زانستیانە حسێب بکرێت لانیکەم سێ سەد هەزار کادیری ئافرەتان بۆ بەشی تەندروستی پێویستە. (نووسەر).

## * گرنگ پێگەیاندنی ئافرەتیساڵحە:

ئافرەتی موســـوڵمان لە ســـەردەمانی ســـەلەف و دواتردا بواری بۆ دەڕەخســـا تا هەموو زانســـتیە شـــەرعییەکان وەرگرێت، بۆیە شـــەرعناس و زانانی ناوداریان تێدا هەڵکەوت، شـــارەزای قورئان و قیرائەت، یان ئەحکامی شـــەرع یان زمان و ئەدەب، شـــوێنی دەرس و پێگەیشـــتنیـــان هەر مـــاڵ و مزگەوت بوو.. تـــا پێش ماوەیەکیش لەمەوبەر لە زۆر وڵاتی ئیســـلامییدا هەروابوو (لەوانەی کاریگەری ئیســـتعماریان کەم لەسەر بوو)، بۆ نموونە لە شـــەنقیت (پایتەختی مۆریتانیایە لە ڕۆژئاوای ئەفریقیا، عەرەب و ئەمازیغ و زنجین) ئەو وڵاتە ئیســـلامییە دەبینیت هەموو ماڵ وخێزانێکی گەورە ئافرەتێکی زانای تێدایە، زۆریان پێش پیاوان کەوتونەتەوە، دەبیســـتی گەورە زاناکانیان دەفەرموون کە هەندێك لە زانســـتە شـــەرعییەکـــانیـــان لای پووریان، یان خوشـــکە گەورەکەیان یان ئافرەتی تری مەحرەمیان خوێندووە، کە هەر لە ماڵەوەش پێیان وتوونەتەوە. کەوابوو پێگەیشتنی ئافرەت مەرج نییە بە چوونەدەرەوە بێت[1]، مەرج نییە بە خوێندنی نەشیاو لەگەڵ سروشتی خۆی بێت، ئەوەی وا دەڵی زۆڵە فیکر و سروشت پیس و ئەقڵ سووکە. هەر ئافرەتێك کە لەماڵ دەچێتە دەرەوە بۆ خوێنـــدنی بـــابەتێـــك کە لەگەڵ ســـروشـــتی مێینەیی خۆیدا ناشـــێت، یان بە ڕێگایەك وەریگرێت کە پێچەوانەی ڕەفتاری ســـروشـــتی ئافرەتانەیە، حەتمەن ئەوە لەســـەر حیسابی کەســـایەتی خۆی و خێزان و تایبەتمەندی خۆی دەبێت.. ئەوەی ئێســـتا دەیبینین نامۆیە کە هەندێك پیاو لە ماڵەوەیە ژنەکانیان لە ئیشن..

حەزدەکەین لێرەدا خاڵێکی جەوهەریی وەبیر بهێنینەوە کە لە بارودۆخی تەندروســـتی ئومەت و دەوڵەتی ئیسلامییدا ئافرەتان ناچاری کارکردن نابن، دەوڵەتی ئیسلامی پیسکە نییە (وەکو چاوچنۆکی سەرمایەدارییی کە هەر هەموو کۆمەڵگەوان لە خزمەتی ٥-٦ هەزار ســـەرمایەداری زەبەلاحدا!). لە دەوڵەتی ئیســـلامیدا ئافرەت و پیاو وەکو کەسی سەربەخۆ

(١) بەتایبەتی لەم زەمەنی ئینتەرنێت و ئاسانکاریی گەیاندن و پەیوەندییە خێراییەدا. (نووسەر).

خاوەن پشكی خۆیانن كە لە بەیتولمال بۆیان دابین دەكرێت، ئەمە حەقی بەسەر كاركردن و نەكردنیانەوە نییە، یان بەسەر هاوسەرێتی و ڕەبەنێتییەوە.. هەركەسێك دەبێت پێداویستیەكانی ژیانی لە خۆراك و پۆشاك و سوكنا و دەرمان بۆ دابین بكرێت.. بۆیە لە كۆمەڵگەی ئیسلامیدا ناچاری وا لە ئافرەت ناكات بچێت بۆ ئیش یان كە چوو ناچاربێت ئیشێك بكات كە لەگەڵ سروشت و شەرم و ڕەفتاری مێیینەی خۆیاندا بگونجێت.

## * سیستمی فێرخوازیی ئیسلامی واقیعەکە ریشەیی دەگۆڕێت:

پیشەسازیی (پیاو بەرهەمهێنان) لە کەناسیێتی و پاکردنەوەی کۆڵان و شەقام گرنگترە و بەرێزتر و باڵاترە لە دروستکردنی بۆمبی ئۆتۆمی، ئێمە ئافرەتمان دەوێت کە سەرەتا لە پیشەسازی پیاو بەرهەمهێناندا سەرکەوتوو ببێت، ئەم ئافرەتە بەرهەمهێنەش هەروا ئاسان پەیدانابێت، حەتمەن دەبێت لە فێرخوازییەکی ڕەسەن و پەروەردەکارییەکی پەسەن و بەرنامەیەکی چاك و سیستمێکی ئاڕاستەوانی دڵسۆز و مامۆستایانێکی پێشەواوە بێت. ئەم خاڵە ڕوکنە گرنگانەش بەوە دەچەسپێت کە سەراپا مەنهەجی خوێندن و پێگەیاندنی ئەمڕۆی ئافرەتان بگۆڕێت، پێویستە شێوازی فێرکردن و چۆنیەتی پەروەردەکردن و ماهییەتی بابەتەکانی گەشە و نەشونمای ئافرەت بگۆڕێت، ئەمە بە کۆمەڵە مامۆستایەکی کافری داوێنپیس و بەدکار نایەتەدی، بە دەزگایەکی گەندەڵ دروست نابێت، بۆیە پێویستە واقیعی ئەمڕۆی پێگەیاندنی ئافرەتی موسوڵمان ڕیشەیی بگۆڕێت: بەرنامە و دەزگا و هەڵسوڕێنەران و نەخشە و ئاڕاستەوانان هەر هەموو پێویستە ئیسلامی بکرێن، تا ئافرەتی بەرهەمهێنی پیاوانی جوامێر بێنە کایەوە.

لەم دیدەوە شتێکی ئاساییە کە داوا بکەین سیستمی فێرخوازیی و پەروەردەکاریی ئیسلامی بێتەجێی، ئەو سیستمە فاشیلەی ئێستا هەیە، کە سەرپەرشتیارانی -لەوەزارەتەوە تا مامۆستایەکی سەرەتایی- لار و چەوت و دوور لە بەرنامەی خواویستی و ڕەسەنێتیی ئینتمای ئوممەت و دەوڵەتی ئیسلامی ئاڕاستەدەکرێت، ئەوە مایەی خۆشحاڵییە کە لە هەندێك لە وڵاتە ئیسلامییەکان گۆڕانکاریی ئیجابی ڕوودەدات لە بوارەکانی خوێندندا، کچان و کوڕان جویێ دەکرێنەوە و سیاسەتێکی فێرخوازیی تایبەت بە ئافرەتان پیادە دەکرێت، هیواداریین بەردەوام بێت و سەرکەوتوانە گۆڕانکارییەکە

لەخۆبگرێت و ببێتە ئەزمونێکی بەرچاوان و وڵاتانی تریش چاوی لێبکەن . [1]

(١) نووسەری ڕەحمەتی ئەمەی لەکۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا فەرمووە، واتە لانی کەم پێش (٣٥) ساڵ، کە ئێستا الحمدللە زۆرینەی جیهانی موسوڵمانان واگۆڕاوە، بەڵام بەداخەوە لە (٢٠١٣)دا مەلیك عبداللەی سعود بڕیاریدا زانکۆی تەکنیکی عەرەبستان (تێکەڵ) ببێت، واتە کوڕان و کچان پێکەوە دەرس بخوێنن.

# باسی پێنجەم:

# سیاسەتی فێرخوازیی ئیسلامی و داڕشتنی پارسەنگی کەسایەتیی ئیسلامی:

ئەوەی ئەمڕۆ لە بەرنـامەکـانی فێرخوازیـدا تێبینی دەکرێـت ئەوەیە کە لە هەموویـاندا پێچەوانەکاری هەیە، لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا ئەم دیاردەیە زەقتر و بەرفراوانترە، ئەمە جگە لەوەی پێچەوانەی خودی ئیسلامیشن.. ئێمە ئێستا قسەمان لەسەر وڵاتە ئیسلامییەکانە و بۆ ئەوانیشـە، لەبەرنامەکانی فێرخوازییاندا باسێك دەبینی مەدح کراوە، لەهەمان کاتیشدا لە شـوێنێکی تر و کاتێکی تردا زەمکراوە، بابەتێك و دژەکەی لەهەمان بەرنامەدا دەبینی! بۆ نموونە :

١- تیۆرییەکانی سـەردەم وا دەخوێنرێت کە ڕاسـتی زانسـتی (حقائق العلمیة)ـــن، لە کاتێکدا هەتا ئێسـتاش هەر (گریمان)ـــن و دید و تێڕوانینی جودایان دەربارەی هەیە کە هێشتا هیچیان یەکلانەبۆتەوە.

٢- سـەلماندن و نەفیکردنی یەك شـت لەیەك بەرنامەدا دەبینی! دەبینیت لەکتێبێکی خوێندندا شـتێك وا باس دەکات کە بەڵگەنەویسـتە و سەلمێنراوە، کەچی لەکتێبی تردا لە قۆناغی دواتردا دەبینیت دەڵێ هەر (ئەگەر)ـــە و نەسـەلمێنراوە. ئەمیان نەفی دەکات، ئەویان دەیسەلمێنێت.

٣- بایەخێکی ئێجگار زۆر بە شـتی سـووك (تافة) دەدات کە شـایەنی باسـکردن نییە (وەکو دۆزینەوەی گۆزەیەکی قوڕ کە پێش چەند سـەد سـاڵێك دروسـتکراوە)، کەچی لەولاوە کێشـەی زانسـتی یان حەقیقەتی تر هەیە هەر ئاماژەیەکی سـەر پێیی پێدراوە! (وەکو بەتاڵکردنەوەی تێۆرییەکەی داروین).. سـەرئەنجامی ئەمەش کەسی سەتحی و بێ بایەخ بەرهەمدێت.

٤- بەرنامەکانی فێرخوازی بەشێوەیەکی ئیسلامی دانەڕێژراون و مەرکەزی نین، لەیەك دید و تێڕوانینەوە نەهاتوون (چونکە زۆر کەسـی مەشـرەب جیاواز دایانناوە)، بۆیە یان لەگەڵ عەقیدەی موسـوڵماندا نایەتەوە، یان لەگەڵ ئەحکامە شـەرعییەکانیدا کە ڕۆژانە

پێیانەوە ڕەفتاردەکات .

٥- مـامۆسـتـاکـان کە بەرنـامەی فێرخوازی دەڵێنەوە هەمەڕەنـگ و هەمەلایەنەن، موسـوڵمانێـتی و عەقیدەپاکی و دینداریێتی مەرجی تەعینبوونیان نییە، مامۆسـتای ماددەیەك شتێك بەهەند وەردەگرێت و بەحەقیقەتی دەناسێت، مامۆستایەکی تر(ــی فیزیا یان کیمیا) دەڵێ حەقیقەت نییە و خەیاڵە. یەکنەخستنی دید و بیروباوەڕی مامۆستاکان و داڕشتنی هاوبەشیی کەسایەتیان و ڕێدان بە مامۆستابوون بەهەر کەسێك هات لە هەر کوێوە هات وایکردووە قوتابیانیش لەسـەر کەسـایەتیەکی پارسـەنگ پەروەردە نەبن و ئەوانیش لێك جودا و دوورن.

٦- قوتابخانە و کتێبخانەکانیان بەشـێوەیەك ئامادە نەکراون کە لەگەڵ خەتی گشـتی ئیسـلامـدا بسـازێن، زۆر جـار ئەوەی قوتابخانە بە شـلوشـێواوی پەروەردەی دەکات کتێبخانەیەك دەیڕوخێنێتەوە، بەوەی کە جۆرەها کتێبی تێکدانی دید و بیرباوەڕ و ڕەوشتی قوتابیانی تێدایە کە وەرگێڕراوی فیکر و دیدی بێگانەن و لەگەڵ دید و هەست و ئینتیمای قوتابییەکاندا ناگونجێن.

هیچ یەکێك لەم پێچەوانکارییانە بە (ڕێکەوت) دروست نەبووە.. بەڵکو هەمووی پلانی پیلانێکی چەپەڵی شـاراوە و پەنهانە.. برایەك سـۆراغی مامۆسـتایان و سـەرپەرشتیارانی فێرخوازی و پەروەردەکـاری وەزارەتی فێرخوازیی هەنـدێـك وڵاتی ئیسـلامی کردبوو سـەرەنجام نەخشـەیەکی زۆر دژوار و وردەکاریی کەشف کردبوو! کە گەیشتبووە ئەوەی دەبینێت سـەرپەرشتیارانی داڕشتنی بەرنامەی خوێندن لە وەزارەتەکاندا مەسیحین یان لە کۆمەڵە گومڕاکانن (وەکو قادیانی لە پاکسـتان) یان بێدین و فەڕماسـۆنن (مولحیدن) یان لەوانەی کە کەوتوونەتە ژێر کـاریگەری دیـد و بەرنـامەی ڕۆژهەڵاتنـاسـانەوە[1]، ئەمە

(١) ماوەیەك لەقۆناغی پۆلی چواری ئامادەییم لە سـانەویی ئەزمەڕ لە سـلێمانی خوێند، مامۆسـتای دینمان ناوی (ماجد) بوو، بەڵام هەموو هەر پێیان دەوت (کافرەفەنی)، چونکە زۆر مولحید و دژ بەئیسلام بوو.

دەشـــێت ڕێکەوتنێکی گشـــتی بێت یان لانی کەم تەعلیماتێکی مەرکەزیی ســـەردەمی ئیســـتیعمـاربووە و بووە بەنەخشـــەی کار و هەروا ماوەتەوە، بێگومان بەرنامەیەکی وا سەقەتی خوێندن هەر نەوەیەکی شەپرێو و بێ سەروبەر دەخاتەوە..

## * ڕاستکردنەوەی ئەم لاسەنگییە:

ئێمە پێمان وایە نابێت ئەم لاســـەنگی و تەنگەژە و پێچەوانکارییە بەردەوام بێت، هەر دەبێت پارسەنگ بکرێتەوە، ئەوەش بەوە دەبێت کە سیاسەتێکی ئیسلامیی فێرخوازی بخرێتە جێی ئەو سیاسەتەی ئێستا فێرخوازی ئاراستە دەکات، کە مەرجە ئەمانەی خوارەوە لە خۆ بگرێت و بەسەلماندن و چەسپاندن بیهێنێتەدی:

١- دارِشـــتـنی یەك بەرنـامەی مەرکەزیی خوێـندن کە هیچ جۆرە پێچەوانکـاری و دژبەیەکتری تێدانەبێت و هەر باس و بابەتە و هەقی خۆی بداتێ، هیچیان لەســەر حسابی ئەوانی تر تێرنەکـات. ئەوەی کـاریگەریی کەمە کەمتر باســـبکرێت و ئەوەی کاریگەری زیـاترە زیـاتر بـاس بکرێـت، هەموو ئەمانەش پێویســـتە لە دید و تێڕوانینێکی ڕەســـەنی ئیسـلامییەوەبن و کەسـانێك ســەرپەرشـتی دارِشـتن و جێبەجێکردنی بکەن کە ئیسـلام دیدوڕێی ژیانیانە و دینداری سەرڕاستن.

٢- ئەوانەی ئەم بەرنامەیە دەڵێنەوە و سـۆراغی وتنەوەی دەکەن (پشـکنەر: موفەتیش) پێویســتە لەوانەبن کە بە دیندار و ئیسـلامخوازی شـارەزا ناسراون و دەسپاك و دڵسۆز و کارامەن لە ئیش و کاریاندا و پەروەدەکارن، خولی تایبەتی زانســتی و ڕۆحی و ڕەوشــتی کردەوەییان بینیوە.

٣- هەموو قوتـابخـانەیەك دەبێ کتێبخانەیەکی لایەق و شـــیاوی هەبێت کە پڕبێت لە کتێبی بەســوود لەوەی مامۆستا و قوتابی پێویستیان پێیەتی لە فێربوون و پەروەردەبوون

و گەشــە و نەشــونما و دارِشــتنی کەســایەتی پارســەنگیان، بەمانایەکی تر دەڵێین ئێمە دەمانەوێت کەسایەتیەکی کامڵی ئیسلامی بەرهەم بێت، ئەمەش بە قوتابخانەیەکی کامڵی پارسەنگ دێتەبەرهەم کە لەڕووی بەرنامە و سەرپەرشتیاران و مامۆستایان و کتێبخانە و چۆنیەتی ئاراســتەکردنەوەی تەواوبن و ئیدارەیەکی ئیســلامی کارامە و دڵســۆز بیبات بەڕێوە، هـاریکـاری مـاڵ و مزگەوت بن، تـا بەشــێوەیەك کەســایەتی ئیســلامیمان بۆ پەروەردەبێـت کە هیچ جۆرە پێچەوانە و پێکدادان و دژیەتییەك لە پێگەیاندنیدا نەبێت و هەر لایەك و بەشـێك لەبەشـەکانی تر تەکمیلە بکات، لایەنەکانی بەرنامە و بەشـەکانی، پاشــان لایەنەکانی خێزان و ســەرپەرشــتیاری مزگەوت و بانگەواز و چالاکی ئیســلامی لەگەڕەکەکەدا، ئاوا زێڕی پاکمان دێتە دەست..

## پاشكۆیەك

## دەربارەی دەزگاكانی ڕاگەیاندن لە سیستمی ئیسلامیدا

مزگەوت و قوتابخانە و دەزگاكانی ڕاگەیاندن یەك ئەركیان لە ئەستۆیە، كە بەرهەمهێنانی كەسی موسوڵمان و ئوممەتی موسوڵمانە، هەموویان پێویستە لە ناوخۆیاندا بۆ هێنانەدیی ئەم ئامانجە هاوكاری یەكتری بكەن، جگە لەوەی كە دەزگاكانی ڕاگەیاندن ئەركێكی تریشیان لەسەرە كە گەیاندنی بانگەوازی ئیسلامی و دیدوتێڕوانینی ئوممەتە بە جیهانیان؛ ئامانجی دەزگاكانی فێرخوازی و دەزگاكانی ڕاگەیاندن لەناو وڵات یەكە. ڕاگەیاندن ئەركی دەرەوەشی لەسەرە كە بەرگریكردنە لە ئیسلام و موسوڵمانان و ڕسواكردنی جاهیلیەت و سووككردنی دید و بۆچوون و بزاوت و هەڵوێستی ئەهلی كوفر و دوژمنانی ئیسلامە.. بەردەوام لەسەر عەقیدە و بیروباوەڕی جاهیلی دەدوێت و ڕەخنەی لێدەگرێت، ڕەخنە لە دین و دیدی، لە دابونەریتی، لە بزاوت و هەڵوێستی، لە ڕەفتار و ڕەوشتی، لە یاسا و ڕێسای، لە دەستور و سیاسەت و حوكمڕانی.. هەوڵیش دەدات بەهەموو زمانە زیندووەكانی جیهان بدوێت، خەڵكی بە زمانی خۆیان بدوێنێت و بەلاغی ئیسلامیان پێبگەێنێت لەگەڵ بەكارهێنانی هەموو چۆنیەتی و شێوازێكی دەروونیی كاریگەر تا بەتەواویی حەق ڕوون بكاتەوە و شیاوانە ببێتە خاوەن هەنجەتی شەرعی و (ئیقامە حوجیە) لەسەر خەڵكی بكات.

لەوانەیە یەكێك لە كێشە سەختەكانی ڕاگەیاندنی ئیسلامی ئەوەبێت كە چۆن بگاتە خەڵكی و نەكەوێتە ژێر داخوازیی هەوا و هەوەس و حەز و ئارەزووەكانیانەوە. چۆن ئەوان بەرەو ئاستی ئیسلامەكە بەرزبكاتەوە؟! ئەمە پێویستی بە هزرەوانی دامەزراو و نەخشەوانی كارامە و ڕۆشنبیری لێزان هەیە، ئەمە ڕۆژنامەوان و میدیایی دیندار و شارەزای شەرع و واقیعەكەی دەوێت كە بزانێت و بتوانێت بۆنەی حەڵاڵ و كاتی گونجاو

و ســەدای کاریگەر و بابەتی ئاراســتەوانی بگەیێنێتە هەموو توێژێکی کۆمەڵگە.. ئەمە دەروونناس و کۆمەڵناســی پســپۆڕی دەوێت کە چۆن دڵ و هەســت وســەرنجی خەڵکەکە بۆخۆی ڕادەکێشــێــت و چــاو و گوێ و زەینیــان بۆ بانگەوازی خوایی دەکاتەوە و دید و تێڕوانین و قییەم و نەریتی خۆمانیان پێدەگەیێنێت.. ئەمە واقیعناســی دەوێت کە بزانێت چۆن نەوەی نوێ -بەتایبەتی گەنجەکان- لە لادان و فەساد و کوفر دەپارێزێت و ئەوانەی لە زۆنگاوی فەســاددان چۆن دەردەهێنرێن و دەگوازرێنەوە بۆ مێرگی ئاســوودەیی گەشــەی ڕۆحی ئیسلامی؟

لەوانەیە دەوڵەتە ئیســلامییەکە لەســەرەتای دروســتبوونیدا وا بکات هیچ دەنگ و ئاوازێك بەبێ مۆڵەتی ڕەسمی خۆی نەگاتە خەڵکی، تەکنەلۆژیای سەردەمیش ئەم کارەی بۆ ئــاســان دەکــات.. بەڵام ئەمە کاتێك ســەرکەوتوو دەبێت کە کۆمەڵگەکەی متمانەی تەواویان بە حکومەتەکەیان هەبێت و بە نەخشەکەی ڕازیبن.. دڵنیابن کە حکومەتەکەیان ئیسلامییە و ڕاشید و ژیرە و دڵسۆزە بۆیان..

وا دەزانین پێویســتە شــێوازێکی پــارســەنگی مــامەڵەکردن بــدۆزینەوە کە لەگەڵ دەزگــاکانی بیســتراو (رادیۆ) و بینراو (تەلەڤزیۆن و ســینەما و ئینتەرنێت) و نوســراو (ڕۆژنامە و..)ـــدا بەشێوەیەکی ڕاست و دروست ڕەفتار بکەین تا هەموو دەزگاکانیان لە خزمەتی بەرهەمهێنــانی تــاکی چــاك و ئوممەتی چــاك و کۆمەڵگە و دەوڵەتی چــاکــدا بەکاربهێنرێت.

لەم ڕوانگەوە بەهەڵەی نازانین کە دەوڵەت شــوێنەگشــتیەکان ناچاربکات کە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکانیان بخەنە ســەر کەناڵە ڕەســمیەکانی دەوڵەت، تا خەڵکی یانە و گازینۆ و چایخانەکان ئەو هەواڵ و شــیکار و ئامۆژگاری و ئاراســتانە ببیســتن کە دەوڵەت بە ڕەزامەندی دایڕشــتوون و بڵاویان دەکاتەوە، لەوانەیە ئەمە لە سەرەتادا سەخت بێت، بەڵام دواتر بەهاریکاریی نوێنەرانی خەڵك و کاربەدەستانی دەوڵەت گونجاوانەتر ڕێکدەخرێت.

بەڵام ئەمە زۆر گرنگە، زەروریشە سیاسەتی ڕاگەیاندنی ئیسلامیی رەچاوی بکات، تا چەندین مەبەستی پێ بێتەدی، وەکو:

١- ئوممەت وکۆمەڵگە بە شێوەیەکی گشتی لە جەنگی واتە وات و ئیدیعایەتی دەژمن دەپارێزێت و ناهێڵێت خەڵکی گومڕابکرێت.

٢- ئوممەت لەو زەڵکاوە دەردەهێنرێت کە ڕاگەیاندنی فاسیدی کوفر و شیرك تێیدا نقومکردبوو و خەڵکی لەو فەسادە قەتارەدەکرێن و هەست دەکەن کە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی پێشوو هەر ئامێری ڕماندن بوون.

٣- پاراستنی خەڵکەکە لە سمینی جاسوسی و بەکارهێنانەوەیان دژی ئیسلام و دەسەڵاتەکەی.

٤- مەرکەزیکردنی ئاڕستەکردنی کۆمەڵگەکە کە لەیەك سەرچاوە و بەیەك ڕێگادا بێت.

٥- ئەو ئوممەتەی گوێبیستی دوژمنانێتی مەحاڵە سەرکەوێت، بۆیە پێویستە لەم بوارە و بوارەکانی تری ئاڕاستەکردنی ڕاگەیاندنەکانماندا بوێر و ئازابین.. پێویستە گۆرانی و مۆسیقا بە سروود و شیعر بگۆڕینەوە، ئەمیش لە سنورێکی تەنگەوە، ناشێت لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنماندا بوارێك، جێگایەك، پەنایەك پەیدابیێت بۆ کەسانی بێدین و لۆتی و فاسق و سەماکار.. ناشێت بهێڵین دەزگای ڕاگەیاندن ئامێری مەستکردن و سڕکردنی ئوممەتەکەمان بێت..

پێویستە حکومەتی ئیسلامی پەیوەندی پتەوی بەگەلەکەوە هەبێت، پێویستە هەردووکیان جێمتمانەی یەکتری بن وکاری یەکتری تەواوبکەن. پێوستە کۆمەڵگاکە بەختیار و دڵخۆش بێت بەوەی کە بۆمان دەستەبەرکردووە بەو نان و ئەمان و عزەت و ڕێزەی بۆی دابین بووە، بەوەی کە لەگومڕایی و سەرلێشێوان پاراستوومانە.. ئەمانە هەمووی بواری ئیجتیهادن، ڕەفتارێکیان تێدانییە کە بوترێت فەرزە و هەر دەبێت بەو شێوەیە بێت،

ئیجتیهاد دەکرێت تا باشـــتر و زووتر ئامانجەکانمان بێنەدی.. بەیارمەتی خوای گەورە کە دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا جَآءَهُمۡ أَمۡرٞ مِّنَ ٱلۡأَمۡنِ أَوِ ٱلۡخَوۡفِ أَذَاعُواْ بِهِۦۖ وَلَوۡ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنۡهُمۡ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسۡتَنۢبِطُونَهُۥ مِنۡهُمۡۗ وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ لَٱتَّبَعۡتُمُ ٱلشَّيۡطَٰنَ إِلَّا قَلِيلٗا ٨٣﴾ النساء: ٨٣ واتە: هەر هەواڵێکیـان پێ دەگـات کە بـاس لە هێمن و ئەمـان بکـات یان لەترس و بیم؛ یەکســەر بڵاویـدەکەنەوە و لێیـان دەبێتە مقۆمقۆ و واتەوات.. ئەگەر بیـانگێرایەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و کاربەدەستانی بەرپرسی خۆیان، ئەوان دەیانزانی مەبەست لەو واتەواتە و هەواڵ بڵاوکردنەوەیە چییە و دەیانتوانی شـیکاری بۆ بکەن و بڕیاری دروسـت و ڕەوای لەسەر بدەن.. ئەگەر فەزڵی خوای گەورەتان بەسەرەوە نەبوایە کە لە ژێر چاودێری ئەودان دەکەوتنە شـوێنی شەیتان، مەگەر کەمێکتان پارسەنگ بمانایاتەوە.. هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَفِيكُمۡ سَمَّٰعُونَ لَهُمۡۗ ٤٧﴾ التوبة: ٤٧ واتە لەئێوەی موسوڵمانانددا هەتانە گوێبیستی کافران دەبێت و دەکەوێتە ژێر کاریگەریی باس و خواس و واتەواتیان..

ئێمە نـابێت بهێڵین دوژمنانی ئوممەتی ئیســـلامیی ئاژاوەمان بۆ بنێنەوە و درز بخەنە نێوان ڕیزەکانمانەوە، هەرچی وەســتاندنیان قورس لەســەرمان بکەوێت.. دەبێت هەمیشــە ئەوەمان لەیاد بێت کە ئێمە لەسەر حەقین و ئەوان لەسەر باتڵن.

# بەندی چوارەم:

# سیاسەتی سەربازی

باسی یەکەم: تفاقی سەربازی (پێداویستیەکانی).

باسی دووەم: مەشقی سەربازی و شارەزایی و شیاوبوون.

باسی سێیەم: هێزی سەربازیی ئیسلامی بەرامبەر کێ بەکاردێت؟

باسی چوارەم: پەروەردەبوونێکی تایبەت.

باسی پێنجەم: ناسینی دوژمن و خۆئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی.

## ڕێڕەوێک:

لەبەر ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە ئەسڵدا ئەرکی ئەوەیە -کە لە توانای خۆی بەوەندەی لەبەردەستی دابێت- کە هەموو جیهان بهێنێتە ژێر سایەی خواویستی و دەسەڵاتی شەریعەتی ئیسلام، وەکو لە باسی (نیشتیمان)دا خوێندمان -ببێتە (دارولئیسلام)- لەبەر ئەوەی بەرپرسێتیی دەوڵەتی ئیسلامی ئەوەیە کە خەڵکی ڕێنمایی بکات بۆ خواناسی، بۆ موسوڵمانبوون.. کە دەبێت هەموویان ئیعتیراف بە سەروەریی شەرع بکەن.. ئەمەش کار و ئەرکێکە کە بەهیچ کلۆجێك نابێت ئوممەت تێیدا کەمتەرخەم بێت، دەبێت خۆی بۆ ئەم ئامانجە گەورانە ئامادە بکات، ئەوەش بەوە دەبێت کە دەوڵەتێکی بەهێزبێت تا بتوانێت هێرشی دەرەکی ڕەتکاتەوە و ئاژاوەی ناوەخۆ بکوژێنێتەوە و هێمنی و ئەمان بۆ ڕەعییەتەکەی مسۆگەربکات.. دەبێ ئەوەندە بەهێزبێت تا بتوانێت ڕووبەری دارولئیسلام بەردەوام بەرفراوانتر بکات و دژی ئەوانەش بوەستێتەوە کە دژی دەوەستنەوە، وەکو کە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ ٱلۡكُفَّارِ وَلۡيَجِدُواْ فِيكُمۡ غِلۡظَةٗ ١٢٣﴾ التوبة: ١٢٣ واتە: جەنگ بەرپابکەن بەرامبەر ئەو کافرانەی لێتانەوە نزیکن و با توندوتیژیتان لێوە ببینن.

هێنانەدیی ئەم ئامانجە و پێکەوەنانی هێزی بەرگری و هێرش چەندین پێکهاتەی دەوێت، کە بە هەمووان دەبنە هێزە داواکراوەکە کە بریتین لە: پیاوانی جەنگاوەر، تفاقی سەربازی، دەزگای تایبەت، کاری ڕێکوپێکی دانایی، هەبوونی زانیاریی تەواو دەربارەی دوژمن، خاڵی هێز و لاوازی، لەگەڵ پەروەردەبوونێکی ئیمانیی بەهێز و دارشتنی ڕەفتار و ڕەوشتێکی بەرز و شارەزایی سیرە و سوننەت و چۆنیەتی چالاکیی سەربازی..

بۆ ڕەسەنکردنەوەی شەرعییانەی ئەمەی وتمان دەبێت سەرنجبدەینەوە قورئان و سوننەت و ئیجتیهادی پێشەوایانی شەرع، ئەگەرچی پێشتر لە باسی (ئابووریی

جەنگی)ــدا هەروەها لە کتێبی (جندالله ثقافة وأخلاقاً)ــدا لەبەشی (أخلاق جندالله)ــدا ئـامـاژەمـان بە هەنـدێـك لەم خاڵانەدا وەهەندێکمان بە دووروودرێژی ڕوونکردۆتەوە. بۆیە لێرەدا هەر ئاماژەیەکی خێراییان پێدەدەین تا لەگەڵ باســی ئێرەشــدا بگونجێن، لەبەر ئەوە ئەم بەندە دەکەین بە چەند باسێك و ڕوونی دەکەینەوە: باسی:

١- تفاقی سەربازی.

٢- مەشق و پسپۆڕی و شایستەبوون.

٣- شێواز و حاڵەتەکانی بەکارهێنانی هێز.

٤- پەروەردەیەکی تایبەت.

٥- ناسینی دوژمن و خۆبەهێزکردن بەرامبەری.

# باسی یەکەم:

# تفاقی سەربازی (پێداویستیەکانی)

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَأَعِدُّوا لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِن دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ ۚ﴾ الأنفال: ٦٠ واتە: ئەوەندەی دەتوانن هێز ئامادە بکەن بەرامبەریان لە ئەسپی دابەستە کە دوژمنانی خوای گەورە و دوژمنانی خۆتانی پێ دەتۆقێنن، هەروەها دوژمنانێکی تریشی کە ئێوە نایناسن، خوای گەورە دەیانناسێت.

- ئەم ئایەتە هەموو ئەو هێزانە لەخۆ دەگرێت کە بۆ بەرپاکردنی جەنگ پێویستن -پێشتر بە تەفسیل تەفسیریمان لە کتێبی (الرسول (ﷺ)) لەبەشی (المعجزات الرسول (ﷺ))دا هێناوە.

- سەرەتا خوای گەورە فەرماندەدات کە ئەوەی (ڕەمی)ـی پێدەکرێت ئامادەی بکەین.. واتە هەرچی دەهاوێژرێت. کەوابوو هەرچی هزر و ژیری مرۆڤ پەی پێدەبات لەوانەی دەهاوێژرێن لەم ﴿مِّن قُوَّةٍ﴾ ـەدان کە لێرەدا ﴿مِّن﴾ بۆ بەیانکردنی توخمی هاوێژرانە.. ﴿قُوَّةٍ﴾ ـەکەش پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕوونیکردۆتەوە کە (هاوێشتنە)[1] لە هاوێشتنی تیرەوە بۆ ساروخ، لە ڕمەوە بۆ تۆپ، بۆ قازیفە، بۆ بۆمبی ئەتۆم.. ئایەتەکە هەموویان دەگرێتەوە.

- هەر ئایەتەکە داوامان لێدەکات کە هەموو ئەو شتانەی پێش دەستپێکی جەنگ پێویستن ئامادەیان بکەین، وەکو ئەسپی دابەستە.. کە هەموو جۆرە سواریەکی تر دەگرێتەوە کە لە جەنگدا بەکاربێت، لە ئەشپەوە بۆ تانك، لە حوشترەوە بۆ غەواسە، لە فیلەوە بۆ فڕۆکە، لە گوێدرێژەوە بۆ جۆرەها زرێپۆش و سەیارەی سەربازی و ئالیاتی تر.. کەوابوو ئایەتەکە فەرمانی پێداوین کە هەرچی ئالییەتێکی سەربازی هەیە و لە توانامان

---

(١) لە سەحیحی موسلیمدایە کە پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر مینبەر ئایەتەکەی خوێندەوە و فەرمووی: (أَلَا إِنَّ الْقُوَّةَ الرَّمْيُ، أَلَا إِنَّ الْقُوَّةَ الرَّمْيُ، أَلَا إِنَّ الْقُوَّةَ الرَّمْيُ). موسلیم (١٩١٧).

دایە دەســـتمان بکەوێت، فەرزە دەســـت خۆمانی بخەین، هەروەها هەموو جۆرە چەکێك تا بـاڵادەســـتی و بەهێزی خۆمـان بنوێنین و ئومێدمان بە خوای گەورە هەبێت کە ئەو تفاقە ســـەربـازیانەشـــمان بۆ دەکاتە مایەی هێنانەدیی بەڵێنەکەی بە ســـەرکەوتنمان. کەوابوو سـیسـتمی سـەربازی لەدەوڵەتی ئیسـلامیدا دەبێت هەموو توانای ئوممەت و دەوڵەت بۆ بەهێزبوون یان باڵاچوونی هێزی سەربازیمان بەکاربێت.

- پاشـان ئایەتەکە دەفەرموێ: مەبەسـت لە پێکەوەنان وئامادەکردنی ئەم هێزە تۆقاندنی دوژمنـانە، ئەوەش کاتێك دێتەدی کە لەوان بەهێزتربین لە (عەقیدەی جەنگ) و (لێزانیی جەنگـاوەر) و (چەکی پێشـــکەوتوو) و (توانـای دارایی) و(پلانی جەنـگ). بۆیە دەبێـت ئوممەت و دەسەڵاتی ئیسلامی ئەوەندە هێز پێکەوەبنێن تا دەبنە یەکەمین هێزی سەرزەمین و هیچ هێزێکی دارولکوفر -هەرچەندە سـیسـتمیان جیاوازبێت- نەتوانێت دوژمنداریێتیمان بکات و ڕێ لە گەیاندن و سـەلماندن و چەسـپاندنی دینەکەمان بگرێت.. ئەم جۆرە هێزانە هەر بەوە دەبێت کە سەرچاوەکەی هی خۆمان بێت، واتە خۆمان دروستی بکەین، تەنانەت دەبێت ناچار نەبین کەرەستە خاوەکەشی لەدەرەوەی ئوممەت و دەوڵەتی خۆمانەوە بهێنین، چونکە ئەوە خـاڵێکی لاوازی دژاور دەبێت، دوژمنان دەتوانن ڕێ لە کڕینی بگرن، یان ڕێ لە گەیشتنی بە وڵاتمان بگرن، بەمەش فەرمانی ئایەتەکە بەنوقسانیش نایەتەدی!

ئایەتەکە بە مانای ڕاستەوخۆ و لاوەکی ئەمانەی لەسەر موسوڵمانان فەرزکردووە:

١- بەهێزبوونمـان لە جۆر و زۆریی تفاقی ســـەربازی لە چەك و تەقەمەنی و ئالییاتی سەربازیی.

٢- هەبوونی کـارگەی خۆمـان کە پێـداویســـتیە ســـەربـازییەکـان و باڵادەســـتیمان مسۆگەردەکات.

٣- ئاڕاستەکردنی وزەی هەموو ئوممەت بۆ پێکەوەنانی ئەم هێزە.

[٤- ئایەتەکە ڕووەو موســـوڵمانان دەفەرموێ: ﴿وَأَعِدُّواْ﴾، کەوابوو خاڵی جەوهەریی ئـامـادەســـازییەکە بەرهەم هێنـانی موجـاهیدی جەنگاوەر و ئازا و بەجەرگە کە دەبێت بە چەندێتی و چۆنیەتی شیاوی باڵادەستی بێت.]

لە ئـایەتەکەوە مانای تریش دەفامرێتەوە وەکو تیۆری هێز (نظرية القوة) بۆ دابینکردنی ئـاشـــتی، ئەگەر بە هێزنەبێـت کەس ئاشـــتیت لە تەکدا ناکات. ئەمە مەبەســـتی بڕگەی ئـایەتەکەیە کە دەفەرمـوێ: ﴿تُرۡهِبُونَ بِهِۦ عَدُوَّ ٱللَّهِ وَعَدُوَّكُمۡ وَءَاخَرِينَ﴾.. بـێـگومـان بەبێ هەبوونی ئەم هێزە گەمارۆمان دەدەن، لاوازمان دەکەن و پاشان هێرشی ریشەکێشکردنمان دێننە ســـەر (مێژووش نموونەی زۆری ئەم ڕاســـتیەی تێدایە).. ئەوەشـــمان لە یادبێت کە موسوڵمانان هێز بۆ ئەوە پێکەوە نانێن ناچاری ڕێکەوتن و ئاشتی ببن.. بەڵکو بۆ پاراستنی ئیسـلام و موسـوڵمانان و گەیاندنی بانگەوازە خواویسـتییەکە و سـەروەرێتی شەریعەتی ئیســـلامە.. ئەو کـاتە ئاشـــتی لە جیهاندا بڵاودەبێتەوە کە هێزی شـــەرخوازیی بێ نینۆك دەکەوێت..

# باسی دووەم:

# مەشقی سەربازی و شارەزایی و شیاوبوون:

باڵادەستی سەربازی چ بە تفاق و ئالییات بێت چ بە غەیری ئەو پێویستی بە پیاوانی مەشق پێکراو و پسپۆڕ هەیە کە بەرێژەی (بەس) هەبن تا کەلێنی پێداویستیەکان پڕ بکەنەوە. شارەزا و پسپۆڕی هەموو بوارێك، لەبوارەکانی فڕۆکەوانی و فەرماندەیی دەریایی و پسپۆڕانی جەنگی وشکانی و تەموین و فەرماندەیی و ئاراستە و ڕێکخستن، مەشق و ئیدامە و گواستنەوە.. هەموو بوارێك پێویستی بە شارەزا و پسپۆڕی لێزانی تیۆریی و کردەوەیی هەیە، تا ئەو هێزە پێکەوە بنرێت کە مایەی ترس و بیمی دوژمنان دەبێت، ئەمە بەبێ هاوکاریی گەل و دەوڵەت نایەتەدی، دەبێ کۆمەڵگە دەوڵەت و حکومەت و سوپا بە موڵکی خۆی بزانێت و لەخزمەتیدابێت و نەهێڵێت توانای لێ ببرێت، بۆیە دەبێت گەل/ئوممەت/کۆمەڵگەکەش کۆمەڵگەیەکی جیهادیی بێت، ئامادەی جەنگ و جیهادەکە بێت. خوای گەورە موسوڵمانان هاندەدات کە هەرکاتێك نەفیریان بۆ چوو ڕاپەڕن و جیهاد بەرپاکەن، دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ خُذُواْ حِذْرَكُمْ فَٱنفِرُواْ ثُبَاتٍ أَوِ ٱنفِرُواْ جَمِيعًا ۝٧١﴾ النساء:٧١ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە لە دوژمنانتان بە حەزەربن هۆشتان لە خۆبێت، بۆ جەنگی دوژمنان لێبرێن چ پۆل پۆل (سريه سريه) چ هەرهەمووتان یەك لەشکری پێکەوە بن. هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَقَـٰتِلُواْ ٱلْمُشْرِكِينَ كَآفَّةً كَمَا يُقَـٰتِلُونَكُمْ كَآفَّةً ۝٣٦﴾ التوبة: ٣٦ واتە: ئێوەش لەگەڵ موشریکەکاندا لە هەموو کات و شوێنێکدا بجەنگن هەروەکو ئەوان کە بەرامبەر هەمووتان لە هەموو کات و شوێنێکدا دەجەنگن. هەروەها دەفەرموێ: ﴿ٱنفِرُواْ خِفَافًا وَثِقَالًا﴾ التوبة: ٤١ واتە: هەر هەمووتان بەدەم نەفیری جیهادەکەوە بچن: هەژار و دەوڵەمەند، پیر و گەنج، پیادە و سواری..

داخوازیی ئەم ئایەتانە ئەوەیە کە موسوڵمانان هەموو دەبێت جەنگاوەربن، پیاو و ئافرەت و منداڵیان، چونکە ئەگەری توشهاتنی شەڕیان زۆرە بێتە ڕێیان، پاشان ئیسلام خۆی هانی شوێنکەوتوانی داوە، تەنانەت منداڵانیش کە فێری تیرئەندازەیی و هاوێشتن (الرمي) و مەلەوانی و ئەسپسواری ببن (کەلەم زەمانەدا دەکاتە مەشقردن لەسەر چەکی سووك و سایەقی و هاوشێوەیان). لە ئەحکامی شەرعەکە هەر کاتێك دوژمن هێرشی

هێنایە سەر وڵاتی موسوڵمانان ئافرەتانیش -بێ پرسی پیاوانیان- دەبێت بچنە جیهاد و بەشداربن. جا چۆن ئەگەر پێشتر مەشقیان نەکردبێت و ئامادەییان تەواونەکردبێت دەتوانن ئەم کارە جێبەجێ بکەن؟ بێگومان ناتوانن. کەوابوو مەشق و ئامادەسازییان پێویستە وەکو فێربوونی نوێژبێت، تا کاتێك کاتی نوێژهات بزانێت بیکات.. فەرزێتی جیهادەکەش وایە..

خوای گەورە کە داوای لە هەموو موسوڵمانان کردووە جیهادی و جەنگاوەربن، ئەوە بە تەئکید هەبوونی تفاقی سەربازی دەخوازێت لە چەك و تەقەمەنی و پێداویستی تری.. پسپۆڕی سەربازی هەموو بوارەکان دەخوازێت، کە دەبێت جەنگاوەر و پسپۆڕان، وەکو چەك و تەقەمەنی و ئالییات و نەخشە و پلانی جەنگ هەمووی ئامادەبکرێت.. پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (ارْمُوا بَنِي إِسْمَاعِيلَ، فَإِنَّ أَبَاكُمْ كَانَ رَامِيًا)[١] واتە: هۆ نەوەی ئیسماعیل علیه السلام فێری تیرئەندازەیی (رەمی کردن) ببن، چونکە باوباپیرانتان تیرئەندازەبوون، هەروەها دەفەرموێ: (وارموا واركبوا، وأن ترموا أحبُّ إليَّ من أن تركبوا)[٢] واتە تیرئەندازەیی بکەن و ئەسپ سواری فێربن، تیرئەندازەییەکەم پێ پەسەنترە وەك لەسوارییەکە. هەروەها دەفەرموێ: (مَن عَلِمَ الرَّمْيَ، ثُمَّ تَرَكَهُ، فليس مِنَّا، أَوْ قد عَصَى)[٣] واتە: هەرکەسێك تیرئەندازەیی فێربوو پاشان وازی لێهێنا و بیری چۆوە ئەوە لە ئێمەی موسوڵمان نییە یان گوناحی کردووە. [ئەم جۆرە هەڕەشەیە (فلیس منا یان الویل یان لا یؤمن) لەسەر گوناحی گەورەیە].

لەکۆی ئەوەی سەرەوە ئەوە فێردەبین کە:

١- موسوڵمانان: پیاو و ئافرەتیان، گەورە و گچکەیان پێویستە جەنگاوەربن.

---

(١) بوخاری (3373).

(٢) ئەبو داود (2513)، ئەلبانیش لە (ضعیف أبو داود)ـدا بە زەعیفی داناوە.

(٣) موسلیم (1919).

٢- پێویســتە هەموو جۆرە پسپۆڕیەکی سەربازی و ئامێری جەنگی لەناو موسوڵمانانندا هەبێت و هەیانبێت.

٣- هەرگیز ناشێت مەشقی سەربازی و لێزانین و گیانی جیهادی بخەنە لاوە و سەرەنجام لاوازبین، ناشێت و نابێت.

# باسی سێیەم:

# هێزی سەربازیی ئیسلامی بەرامبەر کێ بەکاردێت؟

بەم هێزە سەربازییەی بە ڕەنج و ماڵ و کاتی ئوممەت و دەوڵەتی ئیسلامی پێکەوە نراوە، هێزی حزبوالله؛ هێزی بانگەوازیی خواییە و موڵکی ئوممەتە، بەهیچ شێوەیەك ناشێت لەکات و شوێن و بوار و حاڵەتێکدا بەکاربهێنرێت کە ناشەرعی بێت، دەبێت لەبەر خاتری خوای گەورە و بەپێی ئەحکامی شەریعەتەکەی ئەو بەکاربهێنرێت.. بوار و حاڵەتی بەکارهێنانی هێزی سەربازیی ئیسلامی زانراو و دیارە، کە ئەمانەن:

## ١- دامرکاندنەوەی ئاژاوەی ناوخۆ:

هێزی سەربازیی ئیسلامی دەبێت ببێتە هێزی ناوبژیوانی دوولایەنی موسوڵمانان کە دژی یەکتری جەنگ بەرپادەکەن، دوو وڵات یان دوو ناوچە یان دوو هۆز یان دوو کۆمەڵی ئیسلامی دەسبەجێ دەبێ هێزە ئیسلامییەکە بکەوێتە نێوانیانەوە و جەنگیان پێ بوەستێنێت، ئەگەر لایەنەکیان ملهوڕیکرد و ڕازی نەبوو تەقە بەس بکات و جەنگ ڕاگرێت و هەوڵی ئاشتەوایی قبوڵ کات ئەم هێزە ئیسلامیە بۆی دەچێتە مەیدان و سەرەتا هەڕەشەی لێدەکات کە بەرامبەری دەجەنگێت، ئەگەر ڕازینەبوو، سووربوو لەسەر شەڕی خۆی ئەوکاتە هێزە سەربازییە ئیسلامییەکە هێرشی دەکاتە سەر و چەکی دادەماڵێت و دەیهێنێتە ژێر باری سوڵح و ڕێکەوتن، ئەگەر ئەمە جەنگی توولانیش بخوازێت دژیی، هێزە سەربازییە ئیسلامییەکە دەبێ هەر بیکات تا تەسلیم بە شەرع و داوەریی دەکات. خوای گەورە ئەوەی ڕوونکردۆتەوە و فەرمانی پێداوە وا بڕوات، دەفەرموێ: ﴿وَإِن طَآئِفَتَانِ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٱقۡتَتَلُواْ فَأَصۡلِحُواْ بَيۡنَهُمَاۖ فَإِنۢ بَغَتۡ إِحۡدَىٰهُمَا عَلَى ٱلۡأُخۡرَىٰ فَقَٰتِلُواْ ٱلَّتِي تَبۡغِي حَتَّىٰ تَفِيٓءَ إِلَىٰٓ أَمۡرِ ٱللَّهِۚ فَإِن فَآءَتۡ فَأَصۡلِحُواْ بَيۡنَهُمَا بِٱلۡعَدۡلِ وَأَقۡسِطُوٓاْۖ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُقۡسِطِينَ ٩﴾ الحجرات: ٩ واتە: ئەگەر دوو کۆمەڵ لە موسوڵمانان لەناوخۆیاندا جەنگیان نایەوە و بەشەرهاتن، ئێوە ئاشتی لە نێوانیاندا سازبکەنەوە، ئەگەر لایەنێکیان دەستدرێژیی کردە سەر لایەنەکەی تر، ئێوەش بەگژیدا بچنەوە بچنە جەنگەوە لە بەرامبەری تا ناچار دەگەڕێتەوە سەر فەرمانی خوای گەورە و ڕازیدەبێت ئەویش لای خۆیەوە شەڕ بوەستێنێت، ئەگەر گەڕایەوە سەر فەرمانی خوای گەورە و شەڕی وەستاند هەوڵی ڕێکەوتنەوەیان بدەن و دادپەروەرانە سوڵحی نێوانیان

بکەن، بەوەی حەق بگێڕنەوە بۆ خـاوەنی، خوای گەورە ئەو کەسـانەی خۆشـدەوێت کە دادپەروەرن..

## ٢- جەنگ دژی یاخیبوان (خەواریج):

یاخیبوان (خەواریج) ئەو چەکدارانەن کە دژی خەلیفەی حەقی موسـولْمانان شۆرشیان بەرپاکردووە و ناهەقن، هەر ولاتێك یان ناوچە و هەرێمێك، یان تیرە و هۆزێك یان دەستە و تاقم و کۆمەڵ و حزبێك شـۆرشـی دژی خەلیفە بەرپاکرد و بە ناهەق لێی یاخی بوو، یان ویستی ناوچەکەیان (ئازاد) بکەن، یان ویستیان لە پایتەختی خەلیفەدا کودەتا (ئینقیلاب)ی بەسـەردا بکەن، یان ئیعترافیان بە شـەرعێتی خەلیفە نەکرد یان بە شـەرعێتی خیلافەت، پێویسـتە لەسـەر خەلیفە و موسـولْمانان دژیان بوەسـتنەوە تا دێنە ژێر سایەی خیلافەت و دەسەلاتی خەلیفە، ئەگەر بە گفتوگۆ نەهاتنەوە دەبێ جەنگیان بەرپابکرێت.

## ٣- جەنگ دژی پاشگەزبۆوە (مورتەدد):

کە ئێمەی موسـولْمان و خەلیفەمان جەنگ بەرامبەر یاخیبوان (خەوارج) ڕائەگەیەنین، بەدڵنیـایەوە بەرامبەر پاشـگەزبووەوە (مورتەدد) لە ئیسـلام هەر ڕایدەگەیێنین.. ئەگەر کۆمەڵە خەڵکێـك لە ئیسـلام هەڵگەڕانەوە، چوونە نـاوچەیەك و هێزیـان پێکەوەنـا و نـاوچەکەیـان خسـتە ژێر دەسـەلاتی خۆیـانەوە، فەرزە لەسـەرمـان جیهادیان بەرامبەر بەرپابکەین و هێزەکەیان لەناوببەین -ئەگەر لە توانامان دابوو- حوکمی پاشـگەزبووەوەش بەگشـتی کوشـتنێتی، بەڵام ڕاجوێی لە نێوان شـەرعناساندا لەسەریی هەیە کە ئایا داوای تۆبەکردنی لێدەکرێت یـان نـا؟ ئـایا تۆبەکردنی کام جۆرە مورتەدد وەردەگیرێت؟ چونکە پاشگەزبووەکان مادام یەك و دوو نین حەتمەن لە ڕەفتاریشیاندا وەکو یەك نەبوون، هەیانە هێزی لە پشـت بووە و خاك و خەڵکی خسـتۆتە ژێر دەسـتی خۆی و یاسـای دەرکردووە و خەڵکەکەی ناچاری قبوڵکردن کردووە، حوکمی ئەمە جیایە لەگەڵ کەسـێکی ڕەشـۆکی لە ناوچەکەدا بووە و لەگەڵ عموومدا چووە.

## ٤- جەنگ دژی جەردە و ڕێگران:

ئەمانە کە موسولْمانی ڕێگرن و خەڵکی ڕووت دەکەنەوە و پارە و ماڵیان لێ دەستێنن و ئەمانیان ناهێڵن؛ خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوۡ يُصَلَّبُوٓاْ أَوۡ تُقَطَّعَ أَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم مِّنۡ خِلَٰفٍ أَوۡ يُنفَوۡاْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِۚ ذَٰلِكَ لَهُمۡ خِزۡيٞ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ٣٣﴾ المائدة: ٣٣ واتە: سزای ئەو کەسانەی کە جەنگ دژی خوا و پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەرپادەکەن (واتە موسولْمانان دەکوژن و ماڵ وسامانیان دەبەن) (وەکو تیرەی عەرنییەکان کە شوانی مەڕی بەیتولمالیان کوشت و ماڵاتەکەیان بە تاڵانبرد) خراپەکاری لە وڵاتدا دەنێنەوە بەجەردەیی و ڕێگریی و نەهێشتنی ئەمانی خەڵکی؛ ئەوەیە کە بکوژرێن لەسێدارە بدرێن و دەستی ڕاست و قاچی چەپیان، یان دەستی چەپ و قاچی ڕاستیان ببڕدرێن، یان لە وڵات دوورخرێنەوە (چوار سزایە بۆ چوار ڕەفتاریی جیاوازیی جەردەیی و ڕێگری و ئەمان نەهێشتن)[1].. ئەمە سزایانە تا لەدنیادا زەلیل و چاوشۆڕ بژین و لە ڕۆژی دواییشدا سزای بەژانیان دەبێت.

## ٥- جەنگ دژی لادەر و داهێنەر (بیدعەچی)ان:

شەرعناسان فەرموویانە: ئەگەر خەڵکی ناوچەیەك سوننەتی بانگدان وازلێبهێنن جەنگیان بەرامبەر رادەگەیێنرێت، ناشوەستێت تا دێنەوە سەر بانگدانەکە، هەروەها ئەگەر سوننەتی خەتەنەکردنیان وازلێهێنا بەهەمان شێوەی (مانع الزكاة)ـەکان جەنگیان بەرپادەکرێت کە سەیدنا ئەبوبەکر (خوای لێ ڕازی بێت) جەنگی بەرامبەر مورتەدد (پاشگەزبۆوە لە ئیسلام) ڕاگەیاند.. هەر ناوچەیەك حوکمی خوای گەورە بخاتە کەنارەوە و داوەریی پێنەکات، یان سزا شەرعییەکان (دەست برین و ڕەجم و جەڵدە لێدان..هتد)

---

(١) شەرعناسان دەفەرموون کوشتنەکە سزای ئەو کەسەیە کە لەجەردەییدا خەڵکی کوشتووە، لەسێدارەدان بۆ ئەو کەسەیە کە قەتڵی کردووە و ماڵ و سامانیشی بردووە، دەست و قاچ برینەکە بۆ ئەو کەسەیە ماڵ و سامانی بردووە و کەسیشی نەکوشتووە، نەفیکردنەکە بۆ ئەو کەسەیە هیچی نەکردووە، بەڵام بەشێك بووە لە جەردەیی و ئەمان نەهێشتن.

جێبەجێ نەكات، یـان خراپەكاریی تێدا راگەێنرا، یان ئیعتیرافی بە حاكمێتی خوای گەورە نەكرد جەنگی دژ بەرپادەكرێت، ئەمانە هەمووی لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) هاتوون، بۆیە ئەگەر خەلیفەی موسـوڵمـانـان توانا و هێزی هەبوو دەبێت جەنگ بەرامبەر ئەو لادەر و داهێنەرانە بەرپابكات و لێیان نەگەڕێت تا دەیانهێنێتەوە سـەر ئەحكامی شەرع، كە دەبێ سـەروەرێتی (دەسـەڵاتی باڵای حوكمڕانی) بۆ شـەرع بێت. مەرجیشـە هەر بیدعەییێكیان داهێنابێت وازی لێ بهێنن و هەموو فەرز و سوننەتەكان ئاشكرایانە جێبەجێ بكەن.

## ٦- جەنگ دژی پەیمانشكێنان:

ئەگەر هێزێكی ئیسلامی ناوچەیەكی گرت و لەگەڵ خەڵكەكەیدا لەسەر ئەمان و جزیە ڕێكەوتن، ناوچەكە دەبێتە بەشـێك لە دارولئیسـلام (ئەگەرچی خەڵكەكەشـی بە كافری بمێنێتەوە، مادام والیی ناوچەكە لە موسـوڵمانان بێت) ئەمانە دەچنە ژێر سـایەی حوكمی ئیسـلامییەوە. ئەگەر ڕێكەوتنەكەیان هەڵوەشـاندەوە پێویسـتە بەرامبەری بجەنگین تا دێتەوە سەر ڕێكەوتنەكە و پێی ڕازی دەبێتەوە.

## ٧- جەنگی بەرگری:

ئەگەر دوژمنانی ئیسـلام و موسـوڵمانان هاتنە سـەر خاك و خەڵكی موسـوڵمان و بستێك خـاكیـان داگیركرد، یـان ئافرەتێكی موسـوڵمانیان برد یان پیاوێك، دەركردن و قوتاركردنی موسـوڵمـانەكە و ئازادكردنی خاكەكە لەسـەر موسـوڵمانان فەرزدەبێت، دەبێ بەقەدەر پێویسـتیی ڕزگاركردنەكە موسـوڵمانان بچنە جیهادەكەوە، ئەگەر هاوسـنوریان بوون و خەڵكی نـاوچە نزیكەكە نەیانتوانی لە وڵات دەریان پەڕێنن، فەرزێتی جیهادەكە دەكەوێتە سـەر موسـوڵمـانانی ناوچەكانی دوای ئەمان، پاشـان بازنەی دواتر.. ئەگەر هەر پێیان دەرنەكرا، یان ئەو ئافرەتەیان پێ ڕزگارنەكرا فەرزێتی جیهادەكە دەكەوێتە سەر یەكەیەكی موسـوڵمـانـان و لەسـەر هەموویـان دەبێتە فەرزی عەین (وەكو نوێژەكان).. بۆ نموونە فەلەسـتین كە ئێسـتـا جولەكە داگیریـانكردووە، فەرزێتی جیهـاد بۆ دەرپەڕانـدنیـان و

ڕزگارکردنی خاك و خەڵکی فەڵەستین بۆتە فەرزی عەین لەسەر خودی فەلەستینی و بازنە بەشــەرییەکانی دوای ئەوان (میسـر و ئەردەن و سـوریا و لوبنان)، دەبێ ئەوان هەموو لە جیهادەکەدا بەشداربن، ئەگەر ئەمانیش دەرەقەت نەهاتن، دەبێ موسوڵمانانی بازنەی دواتر بچنە جیهاد (واتە لیبیا و سـودان و خلیج و عێراق و تورکیا).. ئەگەر ئەمانیش دەرەقەت نەهاتن ئینجا لەسـەر موسـوڵمانانی بازنەی دوای ئەوان دەبێتە فەرزی عەین (نەیجیریا و یەمەن و ئێران و بەڵقان و..).. ئەگەر ئەمانیش دەرەقەت نەهاتن بازنەی موسوڵمانانی دوای ئەمان تا جیهادەکە لەسـەر یەکەیەکی موسـوڵمانانی سـەر زەوی دەبێتە فەرزی عەین و هەموو کەسێك دەبێت تێیدا بەشداربێت.. ئەمە حوکمی هەر بستە خاکێکی دارولئیسلامە کە دەکەوێتە ژێردەسـتی کافرانی شـەڕانییەوە.. تەنانەت ئەگەر جەنگی ئەم بەرەیە بگاتە جەنگێکی گشـتگیری سـاڵانە، موسوڵمانان هەر دەبێت بەرپای بکەن مادام هێز و توانایان هەبێت واگومان ببەن کە دەتوانن ئازادی بکەنەوە، ئەمەش کە دەسەڵاتداران (سیاسەتمەدار و فەرماندەی سـوپا و بەرپرسـانی ئەمنیەت) و ئەهلی فەتوا لێی بەرپرسن، چونکە ناشێت بشـچنە جەنگێکی نابەرابەر و موسـوڵمانانێکی زۆر ریشەکێشبکرێن و شەهیدببن. خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿وَقَٰتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَكُمۡ وَلَا تَعۡتَدُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ١٩٠﴾ البقرة: ١٩٠ واتە: لەپێناوی خوا جەنگ بەرپابکەن دژی ئەوکەسـانەی جەنگیان دژتان بەرپاکردووە.

## ٨- جەنگی جیهادی هێرشبردن:

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ ٱلۡكُفَّارِ وَلۡيَجِدُواْ فِيكُمۡ غِلۡظَةٗۚ ١٢٣﴾ التوبة: ١٢٣ واتە: ئەی ئەو کەسـانەی باوەڕتان هیناوە دژی ئەو کافرانەی نزیکتان بجەنگن و باتوندوتیژیتان لێوەببینن.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلۡحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حَتَّىٰ يُعۡطُواْ ٱلۡجِزۡيَةَ عَن يَدٖ وَهُمۡ

صَٰغِرُونَ ﴿٢٩﴾﴾ التوبة: ٢٩ واته: جەنگ بەرامبەر ئەوانەی ئەهلی کتاب بەرپابکەن کە باوەڕیان بەخوای گەورە و بەڕۆژی قیامەت نەهێناوە و ئەوە بەحەرام نازانن کە خوای گەورە حەرامی کردووە و دەسەڵات و سەروەرێتی دینی خوایان قبوڵ نییە، تا ناچار دەبن زەلیلانە جزیە بدەن.

بەفەرمانی ئەم ئایەتانە و هاوشێوەیان موسوڵمانان دەبێت هەمیشە هۆشیان لە ئامادەسازی و بەرگری لە ئیسلام و موسوڵمانان دابێت و خۆیان جەنگاوەرانە پەروەردەبکەن و بزانن کە هەمیشە خۆیان و دارولئیسلامەکەیان لە جەنگدادەبن مادام دارولکوفر هەیە و تەسلیم بە حوکمی دینی خوا نابێت.. موسوڵمانان دەبێت هەروا بمێننەوە تا وڵات بەوڵات دەهێننە ژێرسایەی سەروەرێتی حوکمی شەریعەتی خوای گەورە و تا بەهیچ شێوەیەك (فیتنە) نەمێنێت کە بریتییە لە تین و فشار لەسەر موسوڵمان دروست کردن تا دینداریتی نەکات و پەشیمان ببێتەوە یان بەربەست لەڕێی موسوڵمانبووندا هەبێت. ئەوەش مەبەستە لەو ئایەتەی کە خوای گەورە تێیدا دەفەرموێ: ﴿وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ لِلَّهِۖ فَإِنِ ٱنتَهَوۡاْ فَلَا عُدۡوَٰنَ إِلَّا عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٩٣﴾﴾ البقرة: ١٩٣ واتە: جەنگ بەرامبەر کافران بەرپاکەن تا موسوڵمانان لە ئەماندا بمێنن و کەس نەتوانێت لە دین پاشگەزیان بکاتەوە یان ڕێی دینداریان لێبگرێت و تا دەسەڵات و سەروەرێتی حوکم و یاسا بۆ دینەکەی خوای گەورە دەبێت و بەس.

گەیشتنە ئەم هێز و توانا و دەسەڵاتە چەندی ئامادەسازی و چەك و تفاق و جەنگاوەر و سامان و نەخشە دەوێت؟ فەرزکردنی سام و هەیبەتی حوکمی ئیسلامی لە جیهاندا چەندی تری دەوێت؟ جێبەجێکردنی ئەحکامە شەرعییەکان بێ ترس و بێ ڕەچاوکردنی ئەم لایەن و ئەو حکومەت چەندی تری دەوێت؟! بێگومان زۆر ..

# باسی چوارەم:

# پەروەردەبوونێکی تایبەت

مەبەست لە جەنگ بەرپاکردن لەئیسلامدا جیاوازە لە مەبەستی هەر جەنگێکی تر کە غەیرە موسوڵمان بەرپایدەکات. خەڵکی غیرە موسوڵمان جەنگ بەرپادەکەن بۆ هێنانەدیی مەبەستی تاك وکۆی خۆیان، وەکو ناودەرکەوتن و دەسکەوتنی پلەوپایە یان لەپێناوی نەتەوە، وڵات، توخم، چین، باڵادەستی، داگیرکردن، پاراستنی ماڵ و سامان و بەرژەوەندی و هتد. ئەمما موسوڵمان مەبەستی سەرەتا و کۆتای هەر بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوای گەورەیە و لەپێناوی ئەودا دەجەنگێت و بەس. کە بەرگری لە نیشتیمانەکەی دەکات (نیشتیمانەکە دارولئیسلامە و بەس) لەبەر خاتری خوای گەورە دەیکات، تا سەروەرێتیی شەرع لە وڵاتەکەدا پایەداربێت. کە بەرگری لە حکومەتەکەی دەکات، لەبەر خاتری خوایەتی و لەبەر ئەویەتی کە حکومەتەکەی شەرعییە و ئەحکامەکانی شەرع جێبەجێدەکات.. کەوابوو تەوەری مەبەستی جەنگ و جیهاد سەلماندن و چەسپاندنی دینەکەی خوایە کە دەبێت لەبەرخاتری ئەو بێت و بەئومێدیی بەدەستهێنانی ڕازیبوونی ئەوبێت و بەس.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (مَن قَاتَلَ لِتَكُونَ كَلِمَةُ اللَّهِ هي العُلْيَا، فَهو في سَبيلِ اللَّهِ)[١] واتە هەرکەسێك بەو مەبەستە جەنگا کە دینی خوای گەورە باڵادەستبێت، ئەوە ئەو کەسە لەپێناوی خوادا جیهادی کردووە.

لەمەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەو پەروەردەیەی موسوڵمانی جیهادی وەریدەگرێت و کەسایەتی جەنگاوەرانەی خۆی پێ دادەڕێژێت -کە دەبێ هەموو موسوڵمانێك وابێت- پەروەردەبوونێکی تایبەتە کە مەرجە لەگەڵ ئەو مەبەست و نییەتەی (لە پێناوی خوای گەورەدا)دا بگونجێت. ئەم پەروەردەبوونەش جیاوازی ڕیشەیی هەیە لەگەڵ پەروەردەبوونی غەیرە ئیسلامیدا.. بۆیە ئەوەی لە سوپای کافراندا پێیدەوترێت (باوەڕ بە ڕەوایی جەنگ: عقيدة القتال) لەسەر زەمینەی ئەوە دادەڕێژرێت کە قەناعەت بە

---

(١) بوخاری (٣١٢٦)، موسلیم (١٩٠٤).

سەربازەکانیان بکەن کە جەنگ کردنەکەیان هەقە چونکە لە پێناوی نیشتیمان و بەرژەوەندیی گەلەکەیان و بەرزکردنەوەی ناوی نەتەوەکەیان و سەرەوەریی چینەکەیان/حزبەکەیاندا دەجەنگن.. ئەمە جگە لەوەی بە جۆرەها هاندانی ماددی و مەعنەوی بەشداری جەنگیان پێدەکەن، وەکو پارە و دیاری و نیشانەی ئازایەتی و..هتد، یان ناوهێنان و ناوتۆمارکردنیان لە ریزی جەنگاوەر و جوامێران و شتی وادا.. بەڵام لە سوپای ئیسلامیدا مەسەلەکە هەر لە رەگ و ریشاڵەوە جیاوازە، لە زەمینە و دید و تێروانین و پێناسە و مەبەستەوە جیاوازە، بۆیە شێوازی پەروەردەکردنەکەش جیاوازە.. ئەمەش هەندێك خاڵی سەرەکی گشتی بنەماکانی پەروەردەکردنی جەنگاوەری موسوڵمانە لە ئیسلامدا:

## ا- پەروەردەبوون لەسەر نییەتپاکی کە جەنگ و جیهادکردنیان لە پێناوی خوای گەورەدایە و بەس:

- خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَلْيُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يَشْرُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا بِالْآخِرَةِ ۚ وَمَن يُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيُقْتَلْ أَوْ يَغْلِبْ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٧٤﴾ وَمَا لَكُمْ لَا تُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ وَالْوِلْدَانِ الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا أَخْرِجْنَا مِنْ هَٰذِهِ الْقَرْيَةِ الظَّالِمِ أَهْلُهَا وَاجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ وَلِيًّا وَاجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ نَصِيرًا ﴿٧٥﴾ الَّذِينَ آمَنُوا يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ۖ وَالَّذِينَ كَفَرُوا يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ الطَّاغُوتِ فَقَاتِلُوا أَوْلِيَاءَ الشَّيْطَانِ ۖ إِنَّ كَيْدَ الشَّيْطَانِ كَانَ ضَعِيفًا ﴿٧٦﴾﴾ النساء: ٧٤ - ٧٦ واتە: ئەو کەسانەی کە ژیانی دنیایان بە ژیانی نەبراوەی رۆژی دوایی فرۆشتووە با لەپێناوی خوای گەورەدا جەنگ و جیهاد بەرپاکەن، هەرکەسێك لە پێناوی خوای گەورە بجەنگێت؛ چ بکوژرێت و چ زاڵ ببێت، ئێمە پاداشتی گەورەی خۆیی هەر بە زیادە دەدەینەوە، باشە بۆچی لە پێناوی خوای گەورەدا جەنگ و جیهادە کە رانەگەیێنین لە کاتێکدا کە خۆتان دەبینن و دەبیستن کە چۆن کافرە شەرانییە ملهورەکان خەڵکە موسوڵمانە موستەزعەفەکەیان گرتووە و رێییان لەپیاوی پەککەوتە و پیر و ئافرەت و زارۆکی موسوڵمانان گرتووە و زەلیلیان کردوون و ناهێڵن هیجرەت بکەن و ناشهێڵن ژیانێکی سادەش بۆ خۆیان دەستەبەربکەن، چەوساوەن و

هەر هـاناوهاوارییانە کە خوایە گیان لەم وڵاتە پڕ جەور و جەفا و لەم خەڵکە ســتەمکارە قوتارمانکە، خوایە گیان لە لایەنی خۆتەوە خەمخۆر و سـەرپەرشتیارێکم بۆ بنێرە یا ببێتە فریادرەسـمان.. خوایە گیان لەلایەنی خۆتەوە جوامێرێکمان بۆ بکە بە پاڵپشت با لەسەرمان بکاتەوە و بگاتە فریامان.. ئەو کەسانەی باوەڕیان بە خوای گەورە هێناوە لە پێناویی خوای تـاکوپـاکـدا دەجەنگن، ئەوانەش کە دیـدوڕێی کوفریـان گرتۆتەبەر لە پێنـاوی تـاغووتدا دەجەنگن (لە پێناوی شــەیتان و بت و حوکمی جاهیلی وا دەجەنگن) دەی ســا جەنگ و جیهـاد دژ بە شــوێنکەوتوانی شــەیتـان بەرپـاکەن.. فـاك و فیکی شــەیتـان و فێـڵ و چەواشەکارییەکانی شەیتان لاوازە..

## ٢- پەروەردەبوون لەســـەر گیـانی گوێڕایەڵی و پـابەنـدیی فەرمـان و سەرڕاستی لە جێبەجێکردنیدا.

- خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَوۡلَا نُزِّلَتۡ سُورَةٞۖ فَإِذَآ أُنزِلَتۡ سُورَةٞ مُّحۡكَمَةٞ وَذُكِرَ فِيهَا ٱلۡقِتَالُ رَأَيۡتَ ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ يَنظُرُونَ إِلَيۡكَ نَظَرَ ٱلۡمَغۡشِيِّ عَلَيۡهِ مِنَ ٱلۡمَوۡتِۖ فَأَوۡلَىٰ لَهُمۡ ٢٠ طَاعَةٞ وَقَوۡلٞ مَّعۡرُوفٞۚ فَإِذَا عَزَمَ ٱلۡأَمۡرُ فَلَوۡ صَدَقُواْ ٱللَّهَ لَكَانَ خَيۡرٗا لَّهُمۡ ٢١﴾ محمد: ٢٠ - ٢١ واتە: ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە، لە غیرەت و دینداریێتی خۆیانەوە دەیانوت: ئای ئەگەر سـورەتێکی قورئان دەربارەی فەرمانکردن بە جیهاد بهاتایاتە خوارەوە.. کەچی کە ســورەتەکە هاتە خوارەوە و داوای جەنگ و جیهاد بەرپاکردنی لێکردن، ئەوانەی نەخۆشی دڵی داگرتبوون (دووڕوو و دەروون بەزیو و ورە ڕوخـاوەکـان) وا بە تێڕامـان و ترس و بیمەوە بۆتیـان دەڕوانی، خەریکبوو لە ترســی مردن لەشــوێنی خۆیـانەوە ببورێنەوە! زەنـدەقیـان چووبوو، چونکە حەزیان لە ڕووبەڕووبونەوەی کافرانی شەڕانی نەبوو! دید و هەڵوێستی ڕاست و دروست و چاك بۆیان ئەوەیە کە گوێڕایەڵیت بکەن و ملکەچی فەرمانی خوای گەورەبن و کاتێك جەنگ و جیهاد ڕوودەدات یەکســەر بچن و بەشـداریی تێدابکەن، ئەگەر لە باوەڕهێنان و دینداری و گوێڕایەڵییاندا ڕاست دەکەن با ئەو هەڵوێستە شەرعییە بگرنەبەر..

- ئەم گوێڕایەڵی و ملکەچێتییە دەبێت لە ناخدا جێگیربووبێت و بەئاشــکراش دەرببڕێت.

وەکو خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَيَقُولُونَ طَاعَةٌ فَإِذَا بَرَزُوا مِنْ عِندِكَ بَيَّتَ طَائِفَةٌ مِّنْهُمْ غَيْرَ الَّذِي تَقُولُ ۖ وَاللَّهُ يَكْتُبُ مَا يُبَيِّتُونَ ۖ فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ ۚ وَكَفَىٰ بِاللَّهِ وَكِيلًا ﴿٨١﴾﴾ النساء: ٨١ واتە: کاتێك دووڕووەکان دێنە خزمەتت دەڵێن: بەسەرچاوان، گوێڕایەڵتین، ملکەچین، کەچی کە لە خزمەت جەنابتدا مەرەخەس دەبن و دەڕۆن، کۆمەڵێکیان سەرپێچی کردن و یاخیبوون لە فەرمانت لە ناخیاندا بڕیاردەدەن، پێچەوانەی ئەوەی بۆتی دەردەبڕن، خوای گەورە هەموویان لەسەر دەنووسێت، تۆ وەلیانکە و گوێیان مەدەیێ، پشت بەخوای خۆت ببەستە، ئەوت بەسە.. بەڕاستی خوای گەورە بەسە کە کاری پێ بسپێردرێت و ئومێدیی پشتیوانیی لێبکرێت.

کەوابوو ئەوەی داوا لە موسوڵمان کراوە تێیدا گوێڕایەڵی تەواو و ملکەچی دەربڕینی سەرڕاستانەیە، یاوەران (خوا لێیان ڕازی بێت) کە بەیعەتیان بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەدا ئەم جۆرە گوێڕایەڵی و ملکەچییەیان بۆ دەردەبڕی: (بَايَعْنَا رَسولَ الله (ﷺ) على السَّمْعِ وَالطَّاعَةِ في العُسْرِ وَالْيُسْرِ، وَالْمَنْشَطِ وَالْمَكْرَهِ..)[1] واتە: بەیعەتمان بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دا کە گوێبیستی بین و ملکەچیی لە هەموو حاڵەتێکماندا بۆ دەربڕین، لە ناخۆشی و خۆشیدا، لەوەی حەزمان لێی نییە و لەوەی حەزمان لێیەتی، پێمان خۆش بێت و پێمان ناخۆش بێت هەر گوێڕایەڵیی بۆ دەردەبڕین و فەرمانەکانی جێبەجێدەکەین.

هەر ئەم گوێڕایەڵێتی و ملکەچێتییەیە کە بەخەلیفەش دەدرێت، هەروەها بە نوێنەرانی خەلیفە و هەر والی و ئەمیر و کاربەدەستێك کە ئەو دایدەنێت، بەو مەرجەی پلەوپایە و وەزیفەکە دژی خودی خەلیفە بەکارنەهێنرێتەوە و (سمع وطاعة)ـەکە لە فەرمانی خێروچاك و چاکسازییدا بێت. پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەمەی ڕاشکاو و ئاشکرا

(١) موسلیم (١٧٠٩).

ڕاگەیاندووە: (عَلَى المَرْءِ المُسْلِمِ السَّمْعُ والطَّاعَةُ فِيما أحَبَّ وكَرِهَ، إلَّا أنْ يُؤْمَرَ بمَعْصِيَةٍ، فإنْ أُمِرَ بمَعْصِيَةٍ، فلا سَمْعَ ولا طاعَةَ)[١] واتە:گوێڕایەڵی و ملکەچی لەسەر موسوڵمان فەرزە و دەبێ فەرمانی ئەمیرەکەی جێبەجێبکات لەوەی پێی خۆشە و لەوەشدا کە پێی ناخۆشە، مەگەر فەرمانێکی گوناحی بەسەردا بدرێت، ئەگەر فەرمانی گوناحکردنی پێدرا ئیتر گوێڕایەڵی و ملکەچیی نامێنێت.

- هەروەها دەفەرموێ: (مَن أطاعَنِي فقَدْ أطاعَ اللَّهَ، ومَن عَصانِي فقَدْ عَصَى اللَّهَ، ومَن أطاعَ أمِيرِي فقَدْ أطاعَنِي، ومَن عَصَى أمِيرِي فقَدْ عَصانِي)[٢] واتە: هەرکەسێك ملکەچێتی بۆ من بکات ئەوە ملکەچێتیی بۆ خوای گەورە دەربڕیوە، هەرکەسێکیش سەرپێچی فەرمانی من بکات ئەوە سەرپێچیی لە فەرمانی خوای گەورە کردووە، هەرکەسێك ملکەچی فەرمانی ئەمیر بێت ئەوە ملکەچێتیی بۆ من دەربڕیوە، هەرکەسێکیش سەرپێچی فەرمانی ئەمیری کرد ئەوە سەرپێچیی فەرمانی منی کردووە.

- هەروەها دەفەرموێ: (مَن خَرَجَ مِنَ الطَّاعَةِ، وفارَقَ الجَماعَةَ فَماتَ، ماتَ مِيتَةً جاهِلِيَّةً)[٣] واتە: هەرکەسێك خۆ لە ملکەچێتی ڕاپسکێنێت و لە کۆمەڵ[٤] دووربکەوێتەوە و بمرێت، ئەوە مردنێکی جاهیلیانە مردووە.

- هەروەها: (اسْمَعُوا وأَطِيعُوا، وإنِ اسْتُعْمِلَ عليْكُم عَبْدٌ حَبَشِيٌّ، كَأنَّ رَأْسَهُ زَبِيبَةٌ،

---

(١) موسلیم (١٨٣٩)، بوخاری (٧١٤٤) بەکەمێك جیاوازییەوە.

(٢) بوخاری (٧١٣٧)، موسلیم (١٨٣٥).

(٣) موسلیم (١٨٤٨).

(٤) زانایانی ئیسلام دەفەرموون مەبەست لە (الجماعة) لێرەدا دەسەڵاتی شەرعیی خەلیفەیە ئەگەر هەبوو، ئەگەر نەشبوو مەبەست لێی (مەنهەجی ئەهلی سوننەت و جەماعەتەکە بەدیدوورێی یاوەرانە)، کتێبی (جماعة المسلمة/د.صلاح الصاوي).

ما أقامَ فيكُم كتابَ اللهِ)[1] واتە گوێرایەڵی بۆ ئەمیرەکەتان دەربڕن و ملکەچی بن، ئەگەر قولێکی حەبەشیش بێت و بەسەرتانەوە کرابیت بە والی/کاربەدەست، با سەریشی وەکو مێوژ ڕەش بێت، مادام بەپێی قورئان ڕەفتارتان بەرامبەر دەکات.

لەم ڕوانگەوە شەرعناسی موسوڵمانان فەرموویانە: ملکەچی دەربڕین بۆ خەلیفە/والی/ئەمیر لە حەڵاڵدا فەرزە، هەروەها لە ڕێپێدراو (موباح)ـدا دەبێت فەرمانی جێبەجێ بکەیت، مەگەر زۆرینەی شەرعناسان و شارەزایان دڵنیابن کە لە جێبەجێکردنیدا زیان لە موسوڵمانان دەکەوێت[2].

<u>تێبینیەکی گرنگ</u>:- پێویستە لێرەدا ئەوە بەرچاو بخرێت کە کاتێك سەربازی موسوڵمان ملکەچیی بۆ ئەمیرەکەی دەردەبڕێت، لەبەر ئەوەیە کە ئەمیرەکەشی ملکەچ و گوێڕایەڵی فەرمانی ئەمیری گشتی موسوڵمانان/خەلیفەیە، چونکە ئەسڵ دەربڕینی ملکەچییە بۆ خەلیفە پاشان بۆ ئەمیر.. مەرجیش لە چوارچێوەی فەرمان (تەعلیمات و بڕیار)ـی خەلیفە/ئەمیری گشتیدابێت. ئەگەر سەربازێك زانیی ئەمیرەکەی دژی خەلیفە بەکاریدەهێنێت، بۆی نییە بە قسەی بکات، ئەگەر زانیی دوژمندارێتیی پێدەکات بۆی هەیە ئەمیرەکەی بکوژێت مادام ویستوێتی دووبەرەکی و دوژمنایەتی بنێتەوە (ئینقیلاب بەسەر خەلیفەدا بکات).

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (مَن أتاكُمْ وأَمْرُكُم جَميعٌ علَى رَجُلٍ واحِدٍ،

---

(١) نووسەری ڕەحمەتی نوسیویەتی (أخرجه البخاري)، بەڵام ئەم فەرموودەیە بەم لەفزە لای بوخاری بەم شێوەیە هاتووە: (اسْمَعُوا وأَطِيعُوا، وإنِ اسْتُعْمِلَ علَيْكُم عَبْدٌ حَبَشِيٌّ، كَأنَّ رَأْسَهُ زَبِيبَةٌ) بوخاری (٧١٤٢)، وە بەشی کۆتایی فەرموودەکەش کە نووسەر هێناویەتیەوە لەفەرموودەیەکی تر لای ئیمام ئەحمەد هاتووە: (اسمَعوا وأَطيعوا وإنْ أُمِّرَ علَيْكُم عبدٌ حبَشِيٌّ ما أقامَ فيكُم كتابَ اللهِ) ئەحمەد (٢٧٢٦٦).

(٢) ابن عابدين لە (حاشية)کەیدا لەسەرەتای باسی (جیهاد)دا هێناویەتی.

يُرِيدُ أَنْ يَشُقَّ عَصَاكُمْ، أَوْ يُفَرِّقَ جَمَاعَتَكُمْ، فَاقْتُلُوهُ)[1] واته: هەرکەسێکتان هاتە ناوتانەوە/لەناوتاندا پەیدابوو لە کاتێکدا ئێوە کۆمەڵێکی تۆکمە و یەك دیدوڕابوون و ئەو ویستی داردەستتان دووقاش کات (دووبەرەکیتان لەناودا دروست بکات کە دەبێتە مایەی لەدەستدانی هێزتان) و تەفرەقەی لەناوتاندا نایەوە بیکوژن.

## ٣- پەروەردەبوون لەسەر ئەو حەقیقەتە عەقائیدییەی کە ئاکامی مەرگ (ئەجەل) دیاریکراوە.

جەنگ و ئاشتی، چوونە بەرەی جیهاد و دوورەپەرێزبوون لێی نە ئەجەلی پێ پێش دەکەوێت و نە پێیی دوادەخرێت، ئەوتەمەنەی خوای گەورە بۆی دیاریکردوویت، هەر ئەوەندە دەژیت و هیچی تر، نە لێی کەمدەکات و نە بۆی زیاددەکرێت، هەرکەسێکیش ڕۆژی تەواوبوو‌بێت دەمرێت.

- خوای گەورە ئەم حەقیقەتە عەقائیدییە بەم ئایەتانە ڕوون دەکاتەوە: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ قِيلَ لَهُمْ كُفُّوٓا۟ أَيْدِيَكُمْ وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ ٱلْقِتَالُ إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَخْشَوْنَ ٱلنَّاسَ كَخَشْيَةِ ٱللَّهِ أَوْ أَشَدَّ خَشْيَةً ۚ وَقَالُوا۟ رَبَّنَا لِمَ كَتَبْتَ عَلَيْنَا ٱلْقِتَالَ لَوْلَآ أَخَّرْتَنَآ إِلَىٰٓ أَجَلٍ قَرِيبٍ ۗ قُلْ مَتَٰعُ ٱلدُّنْيَا قَلِيلٌ وَٱلْءَاخِرَةُ خَيْرٌ لِّمَنِ ٱتَّقَىٰ وَلَا تُظْلَمُونَ فَتِيلًا ﴿٧٧﴾ أَيْنَمَا تَكُونُوا۟ يُدْرِككُّمُ ٱلْمَوْتُ وَلَوْ كُنتُمْ فِى بُرُوجٍ مُّشَيَّدَةٍ ۗ... ﴿٧٨﴾﴾ النساء: ٧٧ - ٧٨ کۆمەڵێك لە یاوەران (خوا لێیان ڕازی بێت) هەر داوای جیهادیان دەکرد، بەڵام هەر فەرمانیان پێدەدرا کە سەبر بگرن. لێرەدا خوای گەورە باسیان دەفەرموێ: مەگەر حاڵی ئەوانت نەدیی کە هەر داوایان دەکرد جیهاد بەرپابێت و هەر پێیان دەوترا سەبر بگرن، نوێژی خۆتان بکەن و زەکاتان بدەن، کەچی کە جەنگ و جیهادیان لەسەر فەرزبوو، هەندێکیان ئەوەندە لە ڕووبەڕووبوونەوەی کوشتن و زامداربوون و بەزین ترسان زیاتر لەوەی لە خوای گەورە دەترسان! خۆفی دوژمنیان لە دڵ چەقیبوو بەقەدەر خۆفی خوا و زیاتریش، هەر دەیانوت: خوایە گیان بۆچی لەم کاتەدا جەنگ و جیهادت لەسەر فەرزکردین؟ دەبا بۆماوەیەکی

---

(١) موسلیم (١٨٥٢).

تریشـــت دواخســـتایا، یا بۆ ماوەیەکی کورتیش بوایە.. پێیان فەرموو: ژیان و چێژی دنیا کورت و کەمە، ڕۆژی دوایی چاکترە بۆ کەســـانێکی خاوەن تەقوا و ســـەرڕاســـت.. خۆ بەقەدەر توێکڵی ناوکە خورمایەکیش ستەمتان لێناکرێت ئیتر بۆچی فەرمانی خوای گەورە ڕاناپەڕێنن و زەخیرەی قیامەتتان زۆرکەن؟ ئێوە لەهەر جێیەك بن مردنتان دەگاتێ، تەنانەت ئەگەر لەناو قەڵا و قوللەی مەحکەم و دوورەدەستیش بن کە ئەجەلتان هات دەبێت بمرن.

- هەروەها دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ قَالُواْ لِإِخۡوَٰنِهِمۡ وَقَعَدُواْ لَوۡ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُواْۗ قُلۡ فَٱدۡرَءُواْ عَنۡ أَنفُسِكُمُ ٱلۡمَوۡتَ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ١٦٨ ﴾ آل عمران: ١٦٨ واتە: ئەو دووڕووانەی کە بە براکانی خۆیان دەوت لە ئەهلی کەفر (یان ئەو موسـولْمانە ئیمان لاوازانەی دەربارەی برا شەهیدەکانی خۆیان کە لە ئوحوددا کوژران) ئەگەر ئەوانیش وەکو ئێمە دانیشـــتنایە و نەچونایەتە غەزاکە، ئەگەر گوێڕایەڵی ئێمە بوونایە و بەقسـەیان بکردینایە ئاوا نەدەکوژران، وەکو ئێمە ساغ و سەلیم دەمان! پێیان فەرموو: دەی سا ئەگەر ڕاست دەکەن مردن لە خۆتان دوورخەنەوە و مەهێڵن مەرگتان بگاتێ!

- هەروەها دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَقَالُواْ لِإِخۡوَٰنِهِمۡ إِذَا ضَرَبُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَوۡ كَانُواْ غُزّٗى لَّوۡ كَانُواْ عِندَنَا مَا مَاتُواْ وَمَا قُتِلُواْ لِيَجۡعَلَ ٱللَّهُ ذَٰلِكَ حَسۡرَةٗ فِي قُلُوبِهِمۡۗ وَٱللَّهُ يُحۡيِۦ وَيُمِيتُۗ ١٥٦ ﴾ آل عمران: ١٥٦ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، ئێوەش وەکو ئەوان دەبن کە دیدوڕێی کوفریـان گرتبووەبەر کە دەربـارەی براکانیان کە دەچونە ســـەفەر و لەڕێ دەمردن، یان لە جەنگدا دەکوژران، دەیانوت: ئەگەر لای ئێمە بمانایەتەوە و نەچوونایەتە سەفەر/جەنگەکە نەدەفەوتان! ئێوەش ئەی موســـوڵمانینە شـــتی وا دەربارەی برا شـــەهیدەکانمان مەڵێن، کە دەبێتە مایەی خەم و خەفەت و حەسرەت لە دڵی کەسوکاریاندا و دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەم قســـە هیچوپوچەوە.. خۆ خوای گەورە خۆی خەڵکی دەمرێنێت و دەژیێنێت.. ژیان و مردن بە ویستی ئەوە و بەس..

## ٤- پەروەردەبوون لەسەر ئەو حەقیقەتە ڕەهایەی کە سەرکەوتن لە خوای گەورەوەیە، نە بەژمارە زۆرییە نە بەهێزی چاك و ئازایەتی..

- خـوای گەورە دەفەرمـوێ: ﴿كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿٢٤٩﴾﴾ البقرة: ٢٤٩ واتە: زۆرجاربووە کە کۆمەڵێکی کەم زاڵبووە بەسەر کۆمەڵێکی زۆردا.. چونکە خوای گەورە ویستی وابووە.. خوای گەورە وەل ئارامگر و خۆراگراندایە و بەڵێنی سەرکەوتنەکەیان بۆ دەهێنێتەدی کە پێیداون..

- هەروەهـا: ﴿إِن يَنصُرْكُمُ ٱللَّهُ فَلَا غَالِبَ لَكُمْ ۖ وَإِن يَخْذُلْكُمْ فَمَن ذَا ٱلَّذِى يَنصُرُكُم مِّنۢ بَعْدِهِۦ ۗ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿١٦٠﴾﴾ آل عمران: ١٦٠ واتە: ئەگەر خوای گەورە سـەرەتانبخات بەهیچ شێوەیەك کەس بەسەرتاندا زاڵ نابێت، ئەگەر خوای گەورەش لەسەرتان نەکاتەوە کێ هەیە بتوانێت سـەرتانبخات؟! دەی مادام وایە با ئیمانداران پشـتیان بە خوای گەورە ببەسـتن و ئیعتیماد بکەنە سەر ئەو بەس..

ئەمە مانای وانییە خۆمان ئامادەنەکەین یان کەمتەرخەمیی بکەین لە بەدەسـتهێنانی چەك و تفاقی سـەربازی و هۆکاری زاهیری زاڵبوون، ئەمانەش فەرزن و دەبێت دەستیان خەین، بەڵام نابێت وابزانین ئەمانەن کە سەرماندەخەن..نا، ئەوەی سەرماندەخات خوای گەورەیە و بەس. وەکـو دەفەرمـوێ: ﴿وَيَوْمَ حُنَيْنٍ ۙ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنكُمْ شَيْـًٔا ﴿٢٥﴾﴾ التوبة: ٢٥ واتە: کە لە غەزای حونەیندا بە زۆریی خۆتان سەرسام بووبوون و دەتانوت ئەمرۆ مەحاڵە بشکێین! کەچی ئەو هەموو زۆرییەتان دادی نەدان و بەزین و هەڵاتن.!

مەبەست لەمانە جەخت کردنەوەیە لەوەی کە بزانین هۆکارەکانی سەرکەوتن چین کە خوای گەورە دیاریانکردوون، کە دیارە یەکەمینیان نییەتپاکی و بۆ خوا سـاغبوونەوە و لێبڕاوانە بۆ سـەر خسـتنی دینەکەی.. کاتێك ئەم بۆ خوا سـوڵحانە ڕوودەدات؛ بەڵێنی سـەرکەوتنە خواییەکەش دێتەدی. وەك دەفەرموێ: ﴿إِن تَنصُرُوا۟ ٱللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ ﴿٧﴾﴾ محمد: ٧ واتە: ئەگەر ئێوە دینەکەی خوا سەرخەن، خوای گەورەش ئێوە سەردەخاتو پێ قایمتان دەکات تا

ورەتان بەرزبێت و نەبەزن.

- هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ ۝٤٠ ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَنَهَوۡاْ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۗ وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلۡأُمُورِ ۝٤١﴾ الحج: ٤٠ - ٤١ واتە: بەتەئکید خوای گەورە ئەو کەسە سەردەخات کە دینی خوا سەردەخات، کە بۆی لێبڕاوە و هۆشی لە سەرخستنێتیو خوای گەورە بەهێز ودەسەڵاتدارە. ئەو کەسانەی تەمکین/دەسەڵاتیان لەسەر زەمیندا پێدەبەخشین -چونکە بۆ خوا سوڵحابوون و دینداری سەرڕاستبوون - دوای دەسەڵاتدارییەکەش ئەوەی جێ بایەخیانە دینەکەیە، پایەدارکردنی نوێژ و وەرگرتن و بەشکردنەوەی زەکات و فەرمان بەچاکە و بەرهەڵستی لە خراپەیە.. چارەنووسی هەموو کاروبارێکیش بۆ خوای گەورە دەگەڕێتەوە.

## ٥- پەروەردەبوون لەسەر شەیدابوونی شەهیدی، چونکە ڕۆژی دوایی چاکترە لە ژیانی دونیا و شەهیدبوونیش ژیانە:

- خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَقُولُواْ لِمَن يُقۡتَلُ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمۡوَٰتُۢۚ بَلۡ أَحۡيَآءٞ وَلَٰكِن لَّا تَشۡعُرُونَ ۝١٥٤﴾ البقرة: ١٥٤ واتە: بەو کەسانەی لەپێناوی خوای گەورەدا دەکوژرێن مەڵێن مردوو، چونکە ئەوانە زیندوون و ئێوە درکی پێناکەن.

- ﴿وَلَا تَحۡسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمۡوَٰتَۢاۚ بَلۡ أَحۡيَآءٌ عِندَ رَبِّهِمۡ يُرۡزَقُونَ ۝١٦٩﴾ آل عمران: ١٦٩ واتە: وا گومان نەبەن بەو کەسانەی لە پێناوی خوای گەورەدا کوژراون مردووبن، نا، ئەوانە زیندوون و لای خوای گەورەن، ڕزق و ڕۆزیی خۆیان بۆ دەچێت، بەوەی کە خوای گەورە لە فەزڵ و کەرەمی خۆیەوە پێی بەخشیون شادمان و کامەڕانن..

## ٦- پەروەردەبوون لەسەر بێباک بوون لە دوژمن و نەترسان لێی:

لەگەڵ حەزەرلێکردنی بەردەوامیدا تا نەژمارە و ڕیز و گەلەکۆمەکێی چاوترسانیان بکەن و نە چەك و تەقەمەنی و تفاقی شەڕ و شۆڕیان و نە دەسەڵات و نەخشە و پیلانیان.

پێویسته موسوڵمان وا پەروەدە ببێت کە گاڵتەی بە دوژمن و هێزی بێت لەگەڵ هۆشداری و ئیحتیاتکردنی تەواو لە فاك و فیك و چۆنیەتی شەڕیی.. چونکە موسوڵمان هەر لە سەرەتای ئیمان و دینداریتیەکەیەوە لەوە دڵنیایە کە هەڵسوڕێنەری هەموو بزاوت و سرەوتێکی گەردوون و ژیان و مرۆڤ بەپێی قەدەری خوای تاکو تەنهایە و هیچ شتێك بەبێ ویست و توانا و زانستی ئەو ڕوونادات. ئەمە وا لە موسوڵمانانی تێگەیشتوو دەکات کە لەهاوکێشەی هێز و دەبەریەك ڕاچوون و بەزین و سەرکەوتن بگات و بزانێت بەری ئەمبەر خوای زانا و دانایان وەلدایە و بەری ئەوبەریش شەیتان؛ ئەمە حەقیقەتێکی تری عەقائیدی و ڕێسایەکی تری گەردوون و ژیان و گۆڕانکارییە، وەك دەفەرموێ:

- ﴿ وَلَمَّا رَءَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلْأَحْزَابَ قَالُواْ هَٰذَا مَا وَعَدَنَا ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَصَدَقَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ ۚ وَمَا زَادَهُمْ إِلَّآ إِيمَٰنًا وَتَسْلِيمًا ﴿٢٢﴾ ﴾ الأحزاب: ٢٢ واتە: کاتێك (لەغەزای خەندەقدا، کە بە غەزای ئەحزابیش ناسراوە) موسوڵمانان دەستە و کۆمەڵی شەڕخوازی تیرە و هۆزەکانیان بینی (وا لەهەموو لایەکەوە -جگە لە تەرەفی لای مەدینەوە- گەمارۆی ئەمانیانداوە و لەشکرێکی ئێجگار گەورە و زۆرن و جولەکە و دووڕووەکانیش لەناو موسوڵماناندا شەڕی واتەواتیان لەبەرژەوەندیی کافران دەکرد) وتیان: ئەمە تا ئەم کات و شوێنە جێی هاتنەدیی بەڵێنەکەی خوای گەورە و مژدەی پێغەمبەرەکەیەتی (ﷺ) کە بە موسوڵمانانیان ڕگەیاندبوو کە سەردەکەون، بۆیە هەموو هاواریان کرد خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ڕاستگۆن و بەڵێنی هەقیانداوە و دەیبەنەسەر، ئەم بەڵێنە ئەوەندەی تر باوەڕی پتەوکردن و زیاتر بۆ خوای گەورە لێبڕان.. زیاتر بۆ خوای گەورە ساغبوونەوە و تێکۆشان.

- ﴿ وَلَا يَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ سَبَقُوٓاْ ۚ إِنَّهُمْ لَا يُعْجِزُونَ ﴿٥٩﴾ وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا ٱسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ ﴿٦٠﴾ ﴾ الأنفال: ٥٩ - ٦٠
واتە: با ئەو کافرانەی بە سەلامەتی لە غەزای بەدر دەرچوون، واگومان نەبەن کە ئیتر لە مەرگ و بەزین قوتاربوون، نا، لەدەست دەرناچن.. ئێوەش ئەی موسوڵمانینە چیتان لە تواناداهەیە لە هێز و توانای سەربازی ئامادەی بکەن بەرامبەریان.

- ﴿ ٱلَّذِينَ قَالَ لَهُمُ ٱلنَّاسُ إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدۡ جَمَعُواْ لَكُمۡ فَٱخۡشَوۡهُمۡ فَزَادَهُمۡ إِيمَٰنٗا وَقَالُواْ حَسۡبُنَا ٱللَّهُ وَنِعۡمَ ٱلۡوَكِيلُ ١٧٣ ﴾ آل عمران: ١٧٣ واته: ئەو موسوڵمانانەی کە نوعەیمی کوڕی مەسعوودی ئەشجەعی و هاوڕێکانی هەواڵیاندانێ کەوا دوژمن بە سەرۆکایەتی ئەبوسوفیان و هاوشانانی خۆیان لە دژت کۆکردۆتەوە و نیازیانە هێرشتان بکەنە سەر، جا بەحەزەربن و خەمیانتان لەبەربێت، چونکە هێزەکەیان زۆر زۆرە و نیازیان وایە ریشەکێشتان بکەن، خۆیان لێ لادەن و لە ڕووبەڕووبوونەوەیان بترسن.. بەڵام ئەمان بەو هەواڵە ئەوەندەی تر باوەڕیان پتەوبوو، دڵیان پڕ لە یەقین بوو و فەرموویان: خوای گەورە بەسە، کە پشتیوانی ئێمە و دژ بەوانە، خوای گەورە شایستەی ئەوەیە خۆمان و کاروبار و چارەنووسمانی تەسلیم بکەین و لێی بێ خەم بین..

- ﴿ قَٰتِلُوهُمۡ يُعَذِّبۡهُمُ ٱللَّهُ بِأَيۡدِيكُمۡ وَيُخۡزِهِمۡ وَيَنصُرۡكُمۡ عَلَيۡهِمۡ وَيَشۡفِ صُدُورَ قَوۡمٖ مُّؤۡمِنِينَ ١٤ وَيُذۡهِبۡ غَيۡظَ قُلُوبِهِمۡۗ ١٥ ﴾ التوبة: ١٤ - ١٥ واتە: دژیان بجەنگن و بێباك بن، چونکە خوای گەورە بەدەستی ئێوە تووشی ناسۆر و ژانیان دەکات و شکستیان بەسەردادەهێنێت و سەرتان دەخات بەسەریاندا، جا ئەو کاتە دڵ و دەروونتان ئۆقرە دەگرێت و دەڵێن ئۆخەی کە ئەم ڕۆژەمان بە چاوی خۆمان دی کە ئێمە سەرکەوتوو و ئەوان ڕسوا و زەلیل و زەبوون کەوتوون.. موسوڵمانان لەو ڕۆژەدا خۆشحاڵن چونکە خوای گەورە شیفای هەناوی دابوون، ئاخ و داخی پەنگخواردووی دڵ و دەروونیانی ڕامالیووە.. چونکە لە باوەڕیان بە بەڵێنی خواییدا گەیشتوونەتە دڵنیابوون.

## ٧- پەروەردەبوون لەسەر بەڕاست نەزانینی پڕوپاگەندە و قبوڵنەکردنی و خێرا گەیاندنی بە ئەمیر و بەرپرسانی باڵای کۆمەڵکاری و بزاوت و دەسەلاتدارانی دەوڵەت و سزادانی ئەو کەسانەی دەبنە مایەی بلاوبوونەوەی ئیددیعاکانی دوژمنان و بۆی دەبنە بڵندگۆی شەڕی واتەواتی..

- خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا جَآءَهُمۡ أَمۡرٞ مِّنَ ٱلۡأَمۡنِ أَوِ ٱلۡخَوۡفِ أَذَاعُواْ بِهِۦۖ وَلَوۡ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ

مِنۡهُمۡ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسۡتَنۢبِطُونَهُۥ مِنۡهُمۡۗ وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ لَٱتَّبَعۡتُمُ ٱلشَّيۡطَٰنَ إِلَّا قَلِيلٗا ﴿٨٣﴾

النساء: ٨٣ خوای گەورە لێرەدا باسی لە کۆمەڵێك موسوڵمان دەكات كە هێشتا لە ئیسلامەكەدا قاڵ و قووڵ نەبوونەتەوە و دژواری قسەگێڕانەوە نازانن و هێشتا پەی بەبوارەكانی ململانێی دوژمن نابەن و نازانن شەڕی واتەوات چۆن بەرامبەر موسوڵمانان دەكرێت، بۆیە كە قسەیەك/هەواڵێك/ئیددیعایەك دەبیستن یەكسەر بڵاویدەكەنەوە.. لێرەدا گلەیی لەوانە دەكرێت كە: هەر كە هەواڵەكەیان دەربارەی ئەمان یان ترس پێدەگات یەكسەر بڵاویدەكەنەوە، وەكو ئەوەی موسوڵمان لەكات و شوێنێكدان هەست بە ئەمان دەكەن و هێدی و هێمنن؛ لەناكاو یەكێك هەواڵیان دەداتێ كە دوژمن بە هێزێكی بێ شومارەوە هاتۆتە دەوروبەری ناوچەكە و نیازی وایە هەڵمەتێكی سەخت بكاتە سەر موسوڵمانان.. بێگومان ئەوە موسوڵمانان دەخرۆشێنێت و تووشی شپرزەیی و بێ سەروبەرەییان دەكات، چونكە حیسابی نزیكیان بۆ شتی وا نەكردووە و لە ڕێكەوتنداابوون.. كە لە واقیعدا هەواڵەكە ڕاست نییە و هەر ئیددیعایەی دوژمنانە -لە كافر و دووڕوو و ناحەزان- یان بە پێچەوانەوە موسوڵمانان لە كات و شوێنێكدان كە وریان و بەحەزەرن، لەپاسەوانی و شەونخوونیدان، خەمیانە هێرشێكی ناكاویان بكرێتە سەر، بۆیە هەموو خۆیان بەستووە و ئامادەی هەرە جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەكن، ئەمانە لەم حاڵەتەدان لە ناكاو یەكێك هەواڵیان دەداتێ كە بۆچی وا خۆتان سەغڵەت كردووە؟ خۆ دوژمن دوورە و ڕێكەوتن لە ئارادایە و هێزیان پەرتوبڵاوە و ئەوەندەش نین هێرش بكەنە سەرتان.. بێگومان ئەمە وا لە موسوڵمانەكان دەكات شلگیرانەتر ڕەفتاربكەن و ئەوەندە زیت و هۆشدار و بەحەزەر نەبن، پاسەوانێتی كەمتر دەكەنەوە و خۆ دەكەنەوە و چەك دادەنێن و دەحەوێنەوە، لەكاتێكدا كە لە واقیعدا هەواڵەكە وانییە و هەر ئیددیعایەی دوژمنە، چونكە دوژمن خۆی ئامادەكردووە و چاوەڕێی هەلی هێرشكردنە.. جا ئایەتەكە ڕەخنە لەڕەفتاری ساویلكەیی ئەو موسوڵمانە سادانە دەگرێت كە گوێبیستی قسەی لابەلاو بێ خاوەن و سەرچاوە بزرن. دەفەرموێ: ئەگەر هەواڵەكەیان بە بێدەنگی بگەیاندایەتە پێغەمبەری خوا (ﷺ) یان

گەورە پیاوانی یاوەران (لەدوای ئەوانیش بەئەمیر و بەرپرسانی کۆمەڵکاری و بزاوت و دەوڵەتی خۆیان) حەتمەن ڕراست و ڕەواتر دەبوو، چونکە ئەمان دەیانزانی شیکار بۆ قسەکە بکەن، دەیانزانی مەبەست لێی چییە و حوکمی چییە و ڕەفتاری بەرامبەری دەبێت چۆن بێت؟ جا خوای گەورە دەفەرموێ: ئەگەر فەزڵی خوای گەورەتان بەسەردا نەبوایا و لەژێر چاودێری و سەرپەرشتیی ئەودا نەبوونایە و باڵی ڕەحمەتی ئەو نەیگرتنایەخۆ بەدڵنیاییەوە هەمووتان دەکەوتنە شوێن شەیتان! مەگەر کەمێکتان نەبێت کە قسەکەیان بەڕاست نەزانیبوو.

- ﴿ لَّئِن لَّمْ يَنتَهِ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَالْمُرْجِفُونَ فِي الْمَدِينَةِ لَنُغْرِيَنَّكَ بِهِمْ ثُمَّ لَا يُجَاوِرُونَكَ فِيهَا إِلَّا قَلِيلًا ﴿٦٠﴾ مَّلْعُونِينَ ۖ أَيْنَمَا ثُقِفُوا أُخِذُوا وَقُتِّلُوا تَقْتِيلًا ﴿٦١﴾ ﴾ الأحزاب: ٦٠ - ٦١ **واتە:** ئەگەر دووڕووەکان و ئەوانەی دڵ نەخۆش و ورە ڕووخاون و ئەوانەی ساویلکە و ترسنۆك و خۆشباوەڕن، ئەگەر ئەمانە واز لەو ڕەفتارەیان نەهێنن کە قسەی کافرانی شەڕانی بڵاودەکەنەوە و ڕەواج بەدید و ڕا و هەڵوێستیان دەدەن -بەئومێدی ڕووخاندنی ورەی موسوڵمانان-، ئەگەر کۆڵنەدەن و هەر وەها بەردەوام بن؛ زاڵت دەکەین بەسەریاندا تا هەموو زەلیلانە بکەونە بەردەستت و ئەوکاتە جەنابیشت ناهێڵیت نە سوکنایانت لێوە نزیك بێت و نە بێنە ناو کۆڕەکانیشت، پاشان ناچار دەبن ناوچەکە جێ بهێڵن، یان ئێوە وەدەریان دەنێن، ئەمانە لەهەرکوێ بن مەلعوونن، کەوتوونەتە بەر غەزەبی خوای گەورە و دوورخراونەتەوە لەسۆز و لوتف و ڕەحمەتی، کە لە ژێر سایەی دەسەلاتیشتاندا دەرچوون ئیتر ئەمانیان نادرێتێ و حیسابی جەنگاوەری شەڕانیان بۆ دەکرێت و حوکمیان کوشتن و بنبڕکردنیانە.

## ٨- پەروەردەبوون لەسەر نەبوونی جورئەتی کوشتنی موسوڵمان:

مەگەر لە حوکم و دەسەڵاتی خەلیفە و ئەمیری شەرعی یاخی بووبێت و بەپێی ئەحکامی شەرع کوشتنی جائیزبێت، لەهەمان کاتدا پێی خۆش بێت کافر بکوژرێت، چ خۆی

بیکوژێت چ برا موســـوڵمانەکـانی.. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا ضَرَبْتُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَتَبَيَّنُواْ وَلَا تَقُولُواْ لِمَنْ أَلْقَىٰٓ إِلَيْكُمُ ٱلسَّلَـٰمَ لَسْتَ مُؤْمِنًا تَبْتَغُونَ عَرَضَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا فَعِندَ ٱللَّهِ مَغَانِمُ كَثِيرَةٌ ۚ كَذَٰلِكَ كُنتُم مِّن قَبْلُ فَمَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْكُمْ فَتَبَيَّنُوٓاْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا ۝٩٤﴾ النساء: ٩٤ واتە: ئەی ئەو کەســانەی باوەڕتان هێناوە، ئەگەر بۆ جیهادکردن کەوتنە جەولە و بڵاوبوونەوە، تا دڵنیانەبن لە بەرامبەرتان کە کافری شـەڕانین نەیانکوژن، بەکەسـێك کە سـڵاوتان بە (السلام علیکم) لێدەکات یان شایەتمان دەهێنێت مەڵێن هەر کافرە و کوشـتنی جائیزە و بیکوژن[1]، بەو هەنجەتەی گوایە لەترسی کوشتن یان بردنی ماڵ و سامانی وای وتووە.. مەڵێن موسوڵمان نییە و بەو بەهانەوە ماڵ و ســامانەکەی ببەن بۆ خۆتـان.. مـاڵی دنیا چییە؟ خوای گەورە غەنیمەتی زۆرتری لایە و چاوەڕوانی دەســکەوتنی ئەوبن نەك بردنی ماڵی کەســێك کە بەرەفتاری موســـوڵمانانە لەگەڵتـان جوڵاوەتەوە.. خۆ ئێوەش پێشـــتر وابوون و خوای گەورە نیعمەتی ئیمـانی پێبەخشین و موسوڵمانبوون. ئاگاداربن، سەرنجبدەن و بکۆڵنەوە پێش ئەوەی دەست بخەنە خوێن و مـاڵی خەڵکەوە.. بشـــزانن کە خوای گەورە ئـاگـاداری کـار و کردەوەکـانتانە و بەهەموو هەست و نەستێکتان دەزانێت.

- ﴿مَا كَانَ لِنَبِىٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسْرَىٰ حَتَّىٰ يُثْخِنَ فِى ٱلْأَرْضِ ۝٦٧﴾ الأنفال: ٦٧ واتە: ناشـێت پێغەمبەرێك لەســـەرەتـای جەنـگ و جیهـادییـدا دیل ڕاگرێت، بەڵکو دەبێت کوشـــتاری بێ ئەمانیان بەرامبەر ڕاگەێنێت.

- پێغەمبەری خواش (ﷺ) دەفەرموێ: (لا يجتَمِعانِ في النَّارِ مُسـلِمٌ قتلَ كافرًا ثمَّ سـدَّدَ

---

(١) مەفرەزەیەك لە یاوەران لەجەولەدابوون کابرایەکیان دی لەتیرەی (بەنی سولەیم) بوو، مەڕوماڵاتی پێ بوو، کابرا بە سڵاوی ئیسـلامی پێی وتن (السـلام علیکم)، بەڵام ئەوان فەرموویان هەر سـەرزارەکی وای وتووە و موسـوڵمان نییە (چونکە تیرەکەی هێشتا موسوڵمان نەبووبوون)، ئیتر کوشتیان و مەڕوماڵاتەکەیان بۆ بەیتولمال هێنا.. ئەم ئایەتە لەسەر ئەوان هاتە خوارەوە.

وقارَبَ)[1] واته موسوڵمان وئەو کافرەی کە کوشتویّتی لە ئاگری دۆزەخ کۆنابنەوە.. مادام موسوڵمانەکە دوای کوشتنی کافرەکە بەشەرعەوە پابەندبووە وسەرِاستانە وشیاوانە دینەکەی پاراستووە وگەیاندووە.

٩- پەروەردەبوون لەسەر بەردەوامیی ململانێی بەرامبەر کوفر و خۆراگرتن و پشوودرێژی و شل نەبوون و ورە نەڕووخان و ساردنەبوونەوە و کەنارنەکەوتن و سووربوون لەسەر شکستهێنان بەدوژمن.

- خوای گەورە دەفەرمویّ: ﴿وَلَا تَهِنُوا۟ فِى ٱبْتِغَآءِ ٱلْقَوْمِ ۖ إِن تَكُونُوا۟ تَأْلَمُونَ فَإِنَّهُمْ يَأْلَمُونَ كَمَا تَأْلَمُونَ ۖ وَتَرْجُونَ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا يَرْجُونَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿١٠٤﴾﴾ النساء: ١٠٤ واتە: لاوازمەبن و ورە بەرنەدەن لەتاقیبکردنی کافران و بەدواداگەڕانیاندا بۆ دۆزینەوە و جەنگکردن بەرامبەریان، ئازابن و ئێوە بچنە سەریان، خۆ کە ئێوە ئازارتان پێدەگات؛ ئازاری جەستەیی و دەروونی، کافرانی بەرامبەریش هەروەکو ئێوە ئازاری جەستەیی (زامداربوون) و دەروونی(بەزین و دیلی و زەلیلی) دەچێژن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان چاوترسێن نابن و سوورن لەسەر شەڕپێفرۆشتنتان و لەسەر هێرشکردنە سەرتان، جا ئیتر ئێوە بۆچی وا پاشەکشە دەکەن و خۆدەدزنەوە؟! لەکاتێدا کە ئێوە ئومێدتان بە خوای گەورەیە کە پاداشتتان دەداتەوە و متمانەتان بە بەڵێنی هەیە کە سەرتان دەخات.. ئێوە کە خاڵێکی ئیمانی جەوهەریی ئاوا ئیزافیتان هەیە بۆچی دەبێت بهێڵن ئەوان لەئێوە بوێرتربن بۆ هێرشهێنان؟! خوای گەورە شارەزا و دانایە..

- ﴿فَلَا تَهِنُوا۟ وَتَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱلسَّلْمِ وَأَنتُمُ ٱلْأَعْلَوْنَ وَٱللَّهُ مَعَكُمْ وَلَن يَتِرَكُمْ أَعْمَٰلَكُمْ ﴿٣٥﴾﴾ محمد: ٣٥ واتە: ورە بەرمەدەن و کز و کڵۆڵ بکەون بەشێوەیەك کە ئێوە ناچاربن دەستی ئاشتی بۆ کافرانی

(١) نووسەری ڕەحمەتی نووسیویەتی (رواه مسلم)، بەڵام ئەم فەرموودەیە لای نەسائییە بەژمارە (٣١٠٩)، شێخی ئەلبانیش لە (صحيح النسائي)ـدا بە حەسەنی داناوە. ئەوەی لای ئیمامی موسلیمە بە لەفزی جیاواز هاتووە: (لا يَجْتَمِعانِ في النَّارِ اجْتِماعًا يَضُرُّ أحَدُهُما الآخَرَ، قيلَ: مَن هُمْ يا رَسولَ اللهِ؟ قالَ: مُؤْمِنٌ قَتَلَ كافِرًا، ثُمَّ سَدَّدَ). موسلیم (١٨٩١).

شەڕانی درێژبکەن و بەسولْح ڕازی بن، لەکاتێکدا کە خوای گەورە وەل ئێوەدایە و هەر ئێوە سەرکەوتوودەبن.. خوای گەورە یارمەتیدەرتان دەبێت و هیچ لە پاداشتدانەوەتان کەم ناکاتەوە..

## ١٠- پەروەردەبوون لەسەر خۆگری و نەبەزین و هەڵنەهاتن و مانەوە تا کۆتایی ململانێکە:

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ زَحۡفٗا فَلَا تُوَلُّوهُمُ ٱلۡأَدۡبَارَ ١٥ وَمَن يُوَلِّهِمۡ يَوۡمَئِذٖ دُبُرَهُۥٓ إِلَّا مُتَحَرِّفٗا لِّقِتَالٍ أَوۡ مُتَحَيِّزًا إِلَىٰ فِئَةٖ فَقَدۡ بَآءَ بِغَضَبٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَمَأۡوَىٰهُ جَهَنَّمُۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ١٦﴾ الأنفال: ١٥ - ١٦ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە کاتێك تووشتان دەبێت بەتووشی لەشکری بێ شوماری کافرەکانەوە، ئەگەر چی ئەوەندەش زۆربن کە وەکو لافاو جمەیان بێت و وەکو ئەوە دیاربن کە لەسەر سك دەخشێن، لەبەریان هەڵنەیەن و پشتیان تێنەکەن.. هەرکەسێك پشتیان تێکات و ڕاکات/هەڵێت دەکەوێتە بەر غەزەبی خوای گەورە و جێی حەوانەوەی ناو دۆزەخ دەبێت! و چارەنوسێکی زۆر خراپ و دژواری دەبێت، مەگەر کەسێك لەو بەرەیەوە خۆی دزیبێتەوە تا لە پشتەوە یان لە لایەکی ترەوە هەڵمەت بەرێتە سەر دوژمن، یان قورسایی شەڕەکە وای لێکردبێت بەهانای براکانی تریەوە چووبێت و شوێنی خۆی جێ هێشتبێت (ئەمەش کە دەبێ بە فەرمانی فەرماندەکەی بێت).

- ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا لَقِيتُمۡ فِئَةٗ فَٱثۡبُتُواْ وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرٗا لَّعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٤٥ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡۖ وَٱصۡبِرُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ٤٦ وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ خَرَجُواْ مِن دِيَٰرِهِم بَطَرٗا وَرِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ بِمَا يَعۡمَلُونَ مُحِيطٞ ٤٧﴾ الأنفال: ٤٥ - ٤٧
واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، ئەگەر لە جەنگ وجیهادا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك لە کافران بوونەوە، خۆڕاگرن و نەکەن هەڵبێن، خۆ تەسلیم بە خوای گەورە بکەن و یادی بکەن، زۆر هۆشتان لەنیەتپاکی و متمانەکردنتان بێت بە مەددەدی خوایی و سەرکەوتنی، تا

سەرفراز و سەرکەوتووبن، ملکەچی فەرمانی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بن و نەهێڵن ناکۆکیتان بکەوێتە نێوانەوە، ئەگینا شکست دەهێنن و هێز و پێزتان دەفەوتێت و لاواز دەکەون، سەبریش بگرن، خۆگر و پشوودرێژبن و بشزانن کە خوای گەورە وەل ئارامگران و خۆڕاگراندایە.. ئێوە ئەوان مەبن کە زۆر مەغرورانە لە ماڵ هاتنەدەرەوە و بۆ ڕیابازی و خۆنواندن خۆیان و هێز و لەشکری گەورەیان نیشاندا و سووربوون لەسەر بەرەنگاریی بانگەوازی خوایی و ڕێگرتن لێی..(باسی قورەیشە کە دوای گەیشتنی هەواڵی کاروانەکەی ئەبوسوفیان کە گوایە کەوتۆتە دەست پێغەمبەری خوا (ﷺ) وموسوڵمانان، ئاوا بە لەشکرێکی پڕ چەك و تفاقەوە کە زیاتر لە هەزار جەنگاوەربوون هاتنە شەڕ.. بەڵام الحمدلله تێکشکان-لەبەدردا-).

## اا- پەروەردەبوون لەسەر هۆگربوونی جیهاد زیاتر لە ماڵ و منداڵ و کەسوکار:

چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿قُلْ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَٰنُكُمْ وَأَزْوَٰجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَٰلٌ ٱقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ تَرْضَوْنَهَآ أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٍ فِى سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُوا۟ حَتَّىٰ يَأْتِىَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٢٤﴾﴾ التوبة: ٢٤

واتە: بڵێ ئەگەر ئێوە باب و باپیرانی خۆتان یان کوڕ و کچەکانتان یان هاوسەر و کەسوکار و تیرە و هۆزەکانتان یان ماڵ و سامانی گەنجینەکراوتان یان ئەو کەسابەت و بازرگانییەی ڕەواجی هەیە و دەترسن نوشوست بهێنێت، یان ئەو کۆشك و تەلارەی دروستتان کردوون و دڵتان پێیان دەکرێتەوە.. ئەگەر ئەمانە یان یەکێکیانتان بەلاوە خۆشتر و چاکترە لە جیهادکردن و زیاتر حەز لەوان دەکەن وەك لەم، ئەگەر ئەوانە یان یەکێکیانتان دەوێت و هۆگرین زیاتر لە خواپەرستی و شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و خۆشویستنیان، دەی سا چاوەڕێی سزای خوای گەورە بن تا فەرماندەدات و دەتانگرێتەوە.. خوای گەورە ڕێنمایی کەسانێك ناکات کە لادەر و گوناحکار و مونحەریفن..

**١٢- پەروەردەبوون لەسەر زاهیدێتی لەبەرامبەر ماڵ و سامانی گشتیدا و چاولێنەبوونی و نەخواردنی، مەگەر بە مۆڵەتپێدانی خەلیفە و جێگر و نوێنەرانی کە ئەوانیش مەرجە بە پێی شەرع ڕەفتار و بڕیاری تێدابدەن.**

- خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡأَنفَالِۖ قُلِ ٱلۡأَنفَالُ لِلَّهِ وَٱلرَّسُولِ ۝١﴾ الأنفال: ١ واتە: لێت دەپرسن کە ماڵ و سامانی غەنیمەت بۆ کێیە و چۆن بەشدەکرێت؟ بفەرموو ئەوە لێگەڕاوە بۆ فەرمانی خوای گەورە و پێغەمبەری خوا (ﷺ).

- ﴿وَمَن يَغۡلُلۡ يَأۡتِ بِمَا غَلَّ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ ۝١٦١﴾ آل عمران: ١٦١ واتە: هەرکەسێك خیانەت لە ماڵ و سامانی غەنیمەت بکات و پێش دابەشکردنی لێی بماشێتەوە و بۆخۆی هەڵگرێت، لەڕۆژی قیامەت کە دەیهێننەوە بەر لێپرسینەوە، ئەو ماڵ و سامانەشی بەگەردنەوە هەڵدەواسرێت.

کەوابوو موسوڵمان بۆی نییە شتێکی غەنیمەت هەڵگرێت پێش ئەوەی خەلیفە یان نوێنەری یان ئەمیرێکی راسپێردراو دابەشی بکات، نەماڵ و نەسامان و نەئافرەت کە مەرجە جارێکی سوری مانگانە بەسەردابێتەوە یان ئەگەر دووگیانبوو دەبێ وازی لێ بهێنرێت تا کۆرپەکەی دەبێت..

*********************************

ئەمە هەندێك ڕێسا و بنەمای سەرەکی بوو کە سوپای ئیسلامیی لەسەر پەروەردە دەکرێت، کە لەڕاستیدا بەشێکە لە ئاڕاستەکردنی مەعنەویاتی سەربازەکان کە ئەمیش بەشێکی سەرەکی مەشقی سەربازی و پێگەیاندنە.. مەشقی سەربازی بەشێوەیەکی گشتی دەبێت ئەم جۆرە مەشقانەی خوارەوە لەخۆ بگرێت:

**١- ئاڕاستەی مەعنەویات:** کە بریتییە لە ڕوونکردنەوەی ئەو دید و تێڕوانینە عەقائیدییەی سەربازی موسوڵمان لە پێناویدا دەجەنگێت، ئەوە کە بۆتە پاڵنەر و عیززەت بەردان و حەماسەت و خرۆشانی، کە سوورە لەسەر سەرخستن و باڵادەستکردنی و

ئامادەیە گیانی خۆی لە پێناوی ئەم ئاوات و ئامانجەدا بەخت بکات.

٢- ڕاهێنان لەسەر بەکارهێنانی چەک: بەشێوەیەك کە تا کۆتا پلەی توانین و زانین سوودی لێ ببینرێت.

٣- ڕاهێنانی جەستەیی: کە وادەکات سەربازەکە لیاقەتی بەدەنی زۆربێت و ئاسان هەموو جۆرە بزاوتێکی پێ بکرێت، هەروەها جەنگی دەست و پل (کۆنفۆ و جۆدۆ و کاراتی و ..هتد) و سەبرگرتن لەسەر ئازاری مەشق و ڕاهێنان و ماندووبوونی.

لەڕاستیدا ئەم دوو ڕاهێنانەی دواییان (چەك و جەستەی شایستە) لای ئێمەی موسوڵمان هەر لەمنداڵیەوە دەستپێدەکات، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو: (عَلِّموا أولادكم السباحة والرماية وركوبَ الخيل)، واتە منداڵەکانتان فێری مەلەوانی و تیرئەندازەیی و ئەسپ سواری بکەن. هەروەها: (ومروهم أن يثبوا على الخيل وثباً) واتە: فەرمانیشیان پێبدەن کە بەسەرسواری ئەسپەوە بتوانن دەست بوەشێنن و خۆگرن، یان هەڵمەت ببەن و بوەشێنن.

هەموو ئەمانەش بەوە دێنەدی کە سەربازی خوای گەورە و حزبوالله پێك بهێنرێت بەو مواسەفاتانەی کە لە کتێبی (جندالله ثقافة وأخلاقاً)دا ڕوونمان کردۆتەوە، کە دەبێت بارودۆخی شیاوی سەربازی و بەرپرسان بە هاوکاری ماڵ و کەسوکار و قوتابخانە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ئاڕاستەکردن و مزگەوت و سوپا و ئیدارەی حکومەت هەموو بەشداربن لە سازدانی کەشی گەشە و نەشونمای گیانی سەربازی و پێگەیاندنی سەربازی شیاو..

# باسی پێنجەم:

# ناسینی دوژمن و خۆئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی:

ناسـینی دوژمن بەپێی بارودۆخ و کات و شـوێن و هێز و مەڵبەندەکانی هێز دەگۆڕێت، لە کتێبی (الرسول (ﷺ)) بەشی دووەمیدا باسمان کردووە کە چۆن پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەفرەزەی دەنارد بۆ زانینی شوێن و ژمارە و توانای دوژمن و تەنانەت حاڵەتی دەروونی و پەیوەندی نێوان تیرە و هۆزەکانیشـیان.. یان تاکە تاکە خەڵکی نەناسی دەناردە ناویانەوە تا نهێنی زیـاتر پەیدابکەن، لەکاتێکدا کە جەنابیشـــی (ﷺ) هەندێك زانیاریی پێویســـتی دەدایە ئەو کەسانەی کە دەیناردن دەربارەی تیرەوهۆزەکان و پیاوماقوڵان و ماڵ و بازاڕیان.

هەر لەو کتێبەدا باسـمان لە ژیانی سەربازی و سیاسیی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد کە چەند بایەخی پێدەدان و کاروباری هێزی ســـەربازی و ســریە و لەشـــکری ڕێکدەخســـت، فەرموودەکەی بەناوبانگە لە بواری ســەربازیدا بۆتە ڕێسای نێودەوڵەتی: (الحرب خدعة)، واتە: جەنگ چەواشەکاریی دوژمن و فریودانێتی.

بواری ناســینی دوژمن گومانی تێدانییە کەسـانی شـارەزا و پسـپۆڕی دەوێت، دەبێت دەزگـا و ڕێکخراوی ئەمنیەتی تـایبەتی هەبێـت، کە بتوانێـت بەدواداچوون بۆ هەموو وردەکارییەکی توانا و بزاوت و سرەوت و پلان و پیلانی دوژمنان بکات و کە زانیی هەلی گونجاو ڕەخساوە بۆ هەنگاوهەڵێنانەوەیەکی سیاسی یان سەربازی یان ئابووری یان ئەمنی زوو دەبێـت زانیـاریی تەواو بخاتە بەردەســـت کاربەدەســـتانی خاوەن بڕیار تا هەنگاوی پێویســـت هەڵهێننەوە.. هەموو لایەکیش نابێت پشـــت بەخوابەســـتن فەرامۆش بکەن، یان شلگیرانە ڕەفتاری تێدابکەن، چونکە لەم سەردەمەی ئێمەدا ئەم بوارە زۆر ئاڵۆز و دژوارە و لێزانین و شـــارەزایی بـاشـــی دەوێت، جگە لەهەبوونی ئامێری جاســـوســـی و زانینی بەکارهێنانی چ لەلایەن دوژمنانەوە، چ لەلایەن ئەهلی ئیسـلامەوە .. ئەهلی ئیسلام ناتوانن ئاسان ببنە سوارچاکی ئەم بوارە تا بەتەواوی ئیعتیماد نەکەنە سەر خوای کارزان و دانا کە سەرپەرشتیاری موسوڵمانانە، پاشان بە ئیعتیمادکردنە سەر شارەزایی و توانای خۆیان..

# بەندی چوارەم:

# سیاسەتی جەزائی (سزادان) لە ئیسلامدا

باسی یەکەم: سەرنجدانێکی گشتی لە تاوان و سزا

باسی دووەم: دەربارەی تاوان

باسی سێیەم: دەربارەی سزا

## ڕێڕەوێک:

مامۆستای شەهید عبدالقادر عۆدە (رحمەالله) کتێبە بەنرخەکەی (التشریع الجنائي في الإسلام)ـی نووسی، هەقی تەواوی خۆی داوەتە بابەتەکە و بوارەکەی تێروتەسەل کردووە. لەم کتێبی (الإسلام)ـــەشدا هەر دەبێت مرۆڤ هەندێك زانیاریی لەسەر ئەم بوارە هەبێت. بۆیە وامان بە چاك زانی کە کورتەیەکی کتێبەکەی ئەو لێرەدا بهێنینەوە.

ئەم کورتەیەش بۆخۆی بەسەرهاتێکی هەیە:

لەســەرەتـای بیرکردنەوەمـدا لەم پرۆژەیە (نووســینی ئەم لێکۆڵینەوە مەنهەجییـانە) نەخشــەکە وابوو کە چەنـد برایەك هەموو پێکەوە هاوکارانە کارەکە بگرنە ئەســتۆ، لەو کـاتەدا برایەکم تەکلیفی کرد کە ئەو کتێبەی مامۆســتای شــەهید کورتکاتەوە، ئەویش کارەکەی ئەنجامدا و ئەم باسەی خستە بەردەستمان کە لێرەدا منیش دەیخەمەوە بەردەستی ئێوە.

کورتەی کتێبەکەم خوێنـدەوە کە زۆر گشــتگیر و نـایاب بوو، خســتمە ئەم بەندەی کتێبەکەوە، دوای ئەوە هەندێك دەســکاریم کردەوە کە پێم وابوو پێویســت بێت، دڵنیاشــم بڵاوکردنەوەی لێرەش و لە کتێبی سەربەخۆشدا بەسوود دەبێت.

ئەم بەندە لێرەدا سێ باس لەخۆ دەگرێت:

باسی یەکەم: سەرنجدانێکی گشتی لە تاوان و سزا.

باسی دووەم: دەربارەی تاوان.

باسی سێیەم: دەربارەی سزا .

ئیستاش بەرەو باسەکان.

# باسی یەکەم:

# سەرنجدانێکی گشتی لە تاوان و سزا

بڕگەی یەکەم: مەبەست و بنەما و بەشەکانی تاوان لە سیستەمی جینائیی ئیسلامیدا:

بڕگەی دووەم: ڕێسا سەرەکیەکانی سیستەمی سزادان لە ئیسلامدا:

## پێشەكییەک:

سیستمی سزا لە ئیسلامدا ئاڵقەیەکی زنجیرەی سیستمی کامڵی ئیسلامە، کە خوای پەروەردگار ناردوێتیە خوارێ بۆ پێغەمبەری پێشەوامان (ﷺ) تا بۆ مرۆڤایەتی ببێتە دیدورێ و بەرنامەی قییەمی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی تا بەهۆیەوە لەدنیا و قیامەتدا سەرفرازببێت، بەخێر و خۆشی و ئاسوودەیی دنیا و لێخۆشبوونی خوای گەورە و پاداشتی لە ڕۆژی دواییدا. بەسەلماندن و چەسپاندنی ئیسلامەکە لە تاك و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەتدا ئەو فەرمانە جێ بەجێ دەبێت کە خوای گەورە مرۆڤی بۆ خەڵقکرد و ناردیە سەرزەمین. لەبەر ئەوەی سیستمی ئیسلامی بۆ ئەوە هاتووە تا لەکۆمەڵگەیەکی بەشەریدا بچەسپێنرێت، کە بواری چەسپاندنەکەشی هەر ئەو مرۆڤەیە کە زۆریان زۆرجار دیندارانە و خوانەناسانە خۆڕاناگرن لەبەرامبەر شەپۆڵی حەزو و ئارەزووەکانیاندا، بۆیە سنور دەبەزێنێت، دەستدرێژی دەکەنە سەر یەکتر و ستەم لە یەکتری دەکەن، ئەمەش ئەمانی کۆمەڵگە دەخاتە مەترسییەوە و بەرژەوەندی خەڵکی لەدەست دەدات بۆیە هەر دەبوو وەسیلەیەك هەبێت ماف و ئەرك و دەسەڵاتی تاك کۆ کە بەپێی شەرعی ئیسلام خۆی دیاریکراون بپارێزێت، لەم ڕوانگەوەیە کە سزا لە ئیسلامدا دانراوە و جێ و ڕێ و ڕۆڵی خۆیی هەیە..

بەڵام سیستمی ئیسلامی سزادانی کردۆتە کۆتا چارەسەر، چونکە پێشتر زۆر شێوازی تر بەکاردەهێنێت تا ڕێ لە سنووربەزاندنی تاك و کۆ بگرێت، هەموو ئەمانەش -بێگومان- دوای ئاڕاستەکردنی ڕۆژانەی پەروەردەکارییە کە ماڵ و قوتابخانە و مزگەوت دەیگرنە ئەستۆ و کۆمەڵگە و دەوڵەتیش هاریکارییان تێدادەکات.

ئیسلام هەر لە سەرەتاوە جارێ بایەخ بە ئیسلاحکردنی دڵ و دەروون و هەست و هزری مرۆڤ دەدات، دڵی بەخۆشەویستی خوای گەورە پاراو دەکات، هزر و ژیری و هەست و هۆشی دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی مەبەست و گوفتارو ڕەفتاری خۆیەوە و قەناعەتی

پێدەکات کە ڕۆژی قیامەت هەیە و دێت، لەوێ خوای گەورە داوەرە و لەهەموو بزاوت و هەڵوێست و مەبەستێکی دەپرسێتەوە.. ئەم خۆشەویستی و هەست و هۆشە وا لە مرۆڤە ئاراستەکراوەکە دەکات کە مەیلی بەلای گوێڕایەڵی فەرمانی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەیدا (ﷺ) بچێت و حەزی دینداریتیی تێدا دەڕوێنێت، ئەمەش یەکەمین ئاسەواری ئیجابی باوەڕهێنانە کە لێرەوە پێیدەڵێت لادان و خراپەکاری، سنووربەزاندن و حەرامکاری زیانی بۆ خۆت و خوشك و برایانی دیندارت هەیە، بۆیە دەبێت خۆت تەقواکارانە ڕابگریت.. (ئەمە وەکو چاودێریی زاتی (الرقابة الذاتية)ی ناخی خۆی).

لەلایەکی تریشەوە سیستمێکی ئیدارە و ئاراستەی تەواوی سیاسی و سەربازی و ئابووری و جینائی و ڕەوشتی و داوەریشی بۆ دیاریکردووە کە بە پیادەکردنی بارودۆخی یارمەتیدەری ژیانی پارسەنگی بۆ دەستەبەر دەکات، بەوەی ڕێی حەرامی لەبەر تەسکدەکاتەوە و ڕێی حەڵاڵی لەبەردەمدا بۆ واڵا دەکات، ناهێڵێت هیچ جۆرە پێویستیەکی ناچاری سنووربەزاندنی بکات. ( ئەمەش لێی دەبێتە چاودێری دەرەکی (الرقابة الخارجية)، ئاوا بە پەروەردەکراوی دەکەوێتە نێوان چاودێری تەقوا و چاودێری کۆمەڵگە و دەسەڵاتەوە).

ئاوا دەبینیت هەقخوازی و دادپەروەری ئەوە دەخوازن کە سزایەك هەبێت بۆ سنووربەزاندن، مەرجیشە ڕاست و ڕەوا بەسەریاندا بچەسپێت، تا کەس بۆ هێنانەدیی حەزی مونحەریف و تەماع و گیانی شەقاوە و ستەمکاری لە سنووری خۆی دەرنەچێت و مافی ئەوانی تر پێشێل نەکات.. ئەگەر ئەمە لەبەر چاوان نەمێنێت حەتمەن مونحەریف و لادەران ئەمانی کۆمەڵگە و بەرژەوەندی خەڵکەکەی تر دەخەنە ژێر مەترسیەوە.

## بڕگەی یەکەم:
## مەبەسـت و بنەما و بەشـەکانی تاوان لە سیستمی جینائیی ئیسلامیدا:

### خاڵی یەکەم: مەبەستی سیستمی سزادان لە ئیسلامدا:

ئیسـلام لە مەسـەلەی تاوان و سزادا دید و بۆچوون و ڕا و پێناسەی سەربەخۆی خۆیی هەیە، کە وەکو دید و پێناسەی هیچ سیستمێکی تری حوکمڕانی سەرزەمین نییە، چونکە تا کۆتا سـنووری بەشـەریێتی چووە لە ناسـاندن سـەلماندن و چەسـپاندنی دادپەروەریدا، پارسەنگانە ماف و ئەرك و دەسەڵاتی تاك و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەتی خۆی دابین کردووە، نە وەکو کۆمەنیسـتیە تا ماف و دەسـەڵاتی کۆمەڵگە و دەوڵەت ئەوەندە بە پیرۆز بزانێت کە بەهیچ کلۆجێك تاك بۆی نەبێت داوای مافی تەواوی خۆی بکات، نە وەکو سـیسـتمی لیبراڵێتیشـە کە ماف و دەسـەڵاتی تاك ئەوەندە بە پیرۆز بزانێت کە نەهێڵێت کۆمەڵگە و دەوڵەت هیچی لێ بگۆڕن، ئەگەر چی لە بەرژەوەنـدی خودی کۆمەڵگەکەشـیـان بێـت. چونکە ئیسـلام وا دەڕوانێتە هەردوولا (تاك) و (کۆ) کە هەریەکەیان خاوەنی ماف و ئەرك و دەسـەڵاتن و دەبێت پارسـەنگانە بۆیان بسـەلمێت و بەسـەریاندا بچەسپێت. لەلایەکەوە زۆر سوورە لەسەر ئەمان و سەلامەتیی کۆمەڵگە و دەوڵەت، چونکە دەزانێت کۆمەڵگەی دیندار و دەوڵەتی شـەرعی زامنی دەستەبەرکردنی ئەمان و دادپەروەری و کامەڕانیی تاك تاکی خەڵکەکەن، چونکە کۆمەڵگە و کاربەدەسـتانی دەوڵەت هەر تاکی ئەو خەڵکەن و لەوانەوە و بە نوێنەری ئەوان بۆ سەلماندن و چەسپاندنی شەریعەتی خوای گەورە هاتوون، لەلایەکی تریشـەوە ئیسـلام سـوورە لەسـەر سـەلماندن و پاراسـتن و چەسپاندنی هەموو مافێکی تاك و هەموو ڕێز و کەرامەتێکی مرۆڤیانەی کە خوای گەورە بۆی دیاریکردووە و ڕێی بەکەس نەداوە هیچ مافێکی پێشێل بکات.. لەبەر ئەمەیە کە دەبینین هەرچی تاوانێك کە ئیسلام ناساندویێتی و بەگوناح و حەرامی داناوە ڕەفتار خراپ و تێکدەرن، نان و ئەمانی

تاك و كۆ دەخەنە مەترسیەوە، ئەگەر نەوەستێنرێت و ڕێبدرێن لە کۆمەڵگەدا تەشەنەبکات، ئیتر نان و ئەمان نامێنێت و فەوزا و پشـێوی دێتەکایەوە و ئەوکاتە سـنووری هیچ ماف و ئەرك و دەسـەڵاتێك سـەلامەت نامێنێت و دەسەڵاتدار و بەهێز و موستەکبیران بە ئازادیی خۆیان ڕەفتار دەکەن و ڕەفتارە ستەمکارییەکەشیان بەزۆری و زۆرداری لەخەڵکەکەی تر دەکەنە یاسا و دەستوور!

هەموو کۆمەڵگەیەکی بەشەری لەسەر چوار دەزگا دادەمەزرێت، کە دەزگای سەرەکیی تاك و کۆن کە بریتین لە سیستمی خێزانی، سیستمی خاوەنێتی، سیستمی کۆمەڵایەتی و سیستمی حوکمڕانی.. ئیسلامیش سووربووە لەسەر پاراستنی ئەم چوار سیستمەی خۆی و بەموسـولّمانانی ڕاگەیاندووە کە نان و ئەمانتان لەسـەلماندن و چەسـپاندنی ئەم چوار سیـستمەتاندایە و کوێرەوەری و ترس و پەرتەوازەییشـتان لە نەمان یان لە کزبوونی ئەم چوار سیستمەتاندایە.

- سـیسـتمی خێزانی: کە بە هەبوونی ژن و مێردێـك دێتەدی کە توانـای وەچە خستنەوەیان هەبێت و منداڵییان ببێت، کە منداڵیانبوو، پێویستیان بە بەخێوکردنە تا دەگەنە قۆناغی باڵغ بوونیان، ئەمەش وایکرد کە هەریەك لە ژن و مێردەکە منداڵەکان بەهی خۆیان بزانن و سـووربن لەسـەرمانەوە و پاراسـتن و پێگەیاندنیان، سـووربوون لەسـەر پێکەوە ژیانی هەموویان.. ئاوا لەسـەرەتاوە خێزان پێکهات و پەیوەندی تایبەتی خێزانی لە نێوان ئەندامانی خێزاندا دروستبوو.. ئەمەش خێزانی کردە بناغەی هەموو کۆمەڵگەیەك.

- سـیسـتمی خاوەنێتی: ئەمیش لە پێداویستی مرۆڤەوە پەیدابووە.. هەموو مرۆڤێك کە پێویسـتیی بە خواردن و خواردنەوە و پۆشـاك و سـوکنا و ئامێرەکانی بەرهەمهێنان و ئـامێری تری سـوودمەنـدبوو، هەوڵی تەواوی دا تـا ئەمـانەی دابین بکـات، ئـامێری مسـۆگەرکردنیـانی هەبێـت و خۆی خـاوەنیـان بێت، خۆی و خێزانەکەی تا هەر یەکەیان بتوانێت بەکاری بهێنێت و ئەو پێداویسـتیانەی خۆی و ئەندامانی خێزانەکەی پێ دابین

بکات.. ئەمەش بوو بە پاڵنەر و هۆکاری سـەرەکی و سـەرەتایی سـیسـتمی خاوەنێتی کە دیاریکردنی ماف و سنووری خاوەنێتیی دەخواست.

- **سـیسـتمی کۆمەڵایەتی:** ئەمیش هەر لە زۆری پێداویسـتی تاکەوە پەیدا بووە، لەلایەکەوە پێویسـتی بە زۆر شـت هەبوو کە دەبوو دابینی بکات، لەبەرامبەریشـدا ئەوەنـدەی هێز و کـات و توانـا نەبوو بەتەنهـا خۆی دابینیان بکات بۆیە ناچاری یارمەتی وەرگرتن دەبوو، بەرامبەرانیشـی نـاچاری وەرگرتنی یارمەتیی ئەم دەبوون، بەتایبەتی کە هەموو کەسـێك نەیدەتوانی هەر خۆی ئـامێری بەرهەم دروسـت بکات، ناچاردەبوو لە یەکێکی تر کە دروسـتی دەکرد وەربگرێت و لەبەرامبەردا ئەمیش شـتێکی بداتێ -وەکو بەرهەمی ڕەنجی- کەئەو پێویسـتیی پێیدەبوو.. ئاوا کۆمەڵکاریی ناچاری و کۆمەڵکاریی حەزی پێکەوەبوون دروستبوو، هەبوونی سیستمی خێزانی و سیستمی خاوەنێتی هەبوونی سـیسـتمێکی کۆمەڵایەتیی دەخواسـت کە ماف و ئەرك و دەسـەڵاتەکان بۆ هەر لایەك دیارییکات، بەتایبەت بۆ خێزانەکان.. ئەمەش دابونەریت و قیەمی کۆمەڵایەتی (خانەوادە و تیرە و هۆز)ـی هێنایە پێشەوە کە بوو بە یاسای کۆمەڵایەتی.. ئاوا سیستمی خاوەنێتی تاك بوو بە بناغەی دامەزراندنی سیستمی کۆمەڵایەتی..

- **سـیسـتمی حوکمڕانی:** دوای پێکهـاتنی کۆمەڵگە و زەرووەرەتی مـانەوەی و پاراستنی ماف و ئەرك و سنووری خاوەنێتی و ڕێزی قەوارەی خێزانی؛ سیستمی حوکمڕانی وەکو پێویسـتیەکی کۆمەڵگا هاتەکایەوە، تا ئەمان و ئاشتی بۆ هەمووان بێتەکایەوە، هەر دەبوو دەسـەڵاتـدارێك هەبێـت پـارسـەنگی ڕەفتـاری هەمووان ڕاگرێـت، بڕیـاری ئەم دەسەڵاتدارە جار بۆ جار دەبوو بە یاسا.. لەگەڵ گەورەبوونی کۆمەڵگاکەدا دەسەڵاتداریش پێویسـتی بە یـاریـدەدەر و هاوکاران دەبوو.. ئاوا دەسـتەیەك حوکمڕان هاتنەکایەوە، کە لەسـەر چەندین دیدوڕای یاسـایی ڕێدەکەوتن، تا بۆیان ببێتە دەسـتووری حوکمڕانی و ئەمانی کۆمەڵگەکەیان لە هێزی دەرەکی بپارێزن، لەناوەوەش هێمنی و ئاشـتی بۆ هەموو تاك و کۆی کۆمەڵگەکەیان دابین بکەن، ئاوا هێز گەورەتربوو، بوو بە سـوپا و حوکمکردن

بوو بە سیستم ..

شەریعەتی ئیسلام لە ڕوانگەی سووربونیەوە لەسەر مانەوە و گەشەی کۆمەڵگە و پارسەنگبوونی، کۆمەڵێك ڕێسای بۆ پاراستی ئەم سیستمە سەرەکییە دارشتووە و لەهەموو جۆرە دەستدرێژییەك پاراستوونی، ئیسلام هەموو جۆرەکانی دەستدرێژی و پێشێلکاریی ماف و سنووری ئەم سیستمانەی حسێب کردووە و هەموویانی بە تاوان ناساندووە، هەندێکیان بەتاوانی دژوار و سەخت و هەندێکیان کەمتر، بەرنامەی ڕێگرتنی بۆ هەموویان دارشتووە و سزای بۆ دیاریکردوون.

لەلایەکی ترەوە شەریعەتی ئیسلام بە پاراستنی بنەما کۆمەڵایەتییەکان ماف و بەرژەوەندییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگەی سەلماندووە و هەوڵی پاراستی داون، چونکە پاراستنی ئەو ماف و بەرژەوەندییانەی تاك، پاراستنی ژیانێتی، ڕاگرتنی بناغە و بنەمای ئاسوودەییەتی، ئیسلام کە بۆ ئەوە هاتووە فەرمانی خوای تاك و بەدەسەڵات بۆ مرۆڤ ڕوون بکاتەوە و هانی بدات لەسەر جێبەجێکردنی، جێبەجێکردنەکەی بەتەواوی بەختەوەریی هەریەك لە تاك و کۆی مرۆڤەکان دابین دەکات.. شەریعەتی ئیسلام بۆ سەلماندنی حیکمەتی خوایی هاتووە لە وجودی مرۆڤدا لەسەرزەمین.. بۆیە ئیسلام سوورە لە سەر پاراستی تاك، نەك هەر پاراستنی لە هێزێکی بەدەر لەخۆی، بەڵکو پاراستنی لە خودی خۆشی، چونکە لە دیدی ئیسلامدا مرۆڤ ئازاد نییە لەئازارگەیاندندا بەخۆی، چونکە خۆی هەر موڵکی خۆی نییە، کۆمەڵگەکەی پێویستیان پێیەتی، پێویستیان پێیەتی کە ساغ و سەلیم و تەندروست و پارسەنگ بێت، لەهزر و ژیریدا ئاقڵ و لەدەروونداپارسەنگ و لەبەدەندا ساغ و لە ویژداندا ئاسوودە و لەهەست و هۆشدا ڕاقی بێت، بۆیە هەر جۆرە ئازارێك کە لەم بوارانەدا پێی بگەیێنرێت ڕێنەدراوە، با خۆی بەویستی خۆشی بیکات، چونکە ئازارپێگەیاندنی لە یەکێك لەم بوارانەیدا زیانێکە لەویش دەکەوێت و لە کۆمەڵگەکەشی کە لە ناویاندا دەژی..

ئەو دەستدرێژییانەی شەریعەتی ئیسلام بە دژواری ناساندوون لەسەر کۆمەڵگا و تاکەکانی، هەمووی ڕاشکاوانە لە قورئان و سوننەتدا -کە ئەسڵی یاسا و ڕێسا و شەرعی ئیسلامن- دیاریکراون، کە بریتین لە:

١- زینا.

٢- تۆمەتبارکردن بە زینا.

٣- شەراب خواردنەوە.

٤- دزین.

٥- جەردەیی و ڕێگری.

٦- لەدین هەڵگەڕانەوە.

٧- دەستدرێژی و ستەم.

٨- کوشتن و بریندارکردن لە هەردوو حاڵەتی ئەنقەست و هی تر.

ئەمانە سەرسەختترین تاوانن کە دژ بە ئەمانی کۆمەڵگەن -هەموو کۆمەڵگەیەك-، بۆیە ئەو بنەمایانەی لەسەریان دامەزراون جێی بایەخن و گرنگی و کاریگەرییان هەیە، بۆیە لە ئیسلامیشدا شەرع زۆر بایەخی پێداون، بەدەقی ڕاشکاو و ڕۆشن و ئاشکرا وا باسی لێوەکردوون کە ئەگەر بواری گۆڕین لەخۆنەگرن یان چاوپۆشیکردنیان بەهیچ شێوەیەك تێدانەمێنێت.

دوای دیاریکردنی ئەم تاوانە سەختانە، کۆمەڵێك بنەما و ڕێسای تری گشتیی داڕشتووە کە کۆمەڵگەی ئیسلامی و دەوڵەتەکەی دەتوانن ئەو تاوانانەی لەسەردەمە جیاوازەکاندا

دێنەکایەوە بخەنە قاڵبی ئەو ڕێسایانەوە تا حوکمی شەرعی وەربگرن.. ئاوا ئیسلام ئەمانی تاك و کۆی لەهەموو سەردەمێکی هەموو کات و شوێنێکدا پاراستووە و لەچوارچێوەی شەرعدا سزای بۆ هەموو تاوانێك دیاریکردووە.

## خاڵی دووەم: بنەماکانی تاوانبارکردن و سزادان لە سیستمی ئیسلامیدا:

ئیسلام سیستمێکی خواییە، مومکین نییە نوقسانی و هەڵە و نارەوایی تێدابێت، خوای گەورە ئاوا وەسفی کردووە: ﴿صِبۡغَةَ ٱللَّهِ وَمَنۡ أَحۡسَنُ مِنَ ٱللَّهِ صِبۡغَةٗۖ ١٣٨﴾ البقرة: ١٣٨ واتە: دین و بەرنامەی خوای گەورەیە، کێ چاکتر و جوانتر لەو بەنامە دادەرێژێت؟! بێگومان ئەم وەسفە سیستمی سزادانیش دەگرێتەوە کە بەشێکە لە سیستمی گشتیی ئیسلامی. شەریعەتی ئیسلامی سروشتی مرۆڤی رەچاوکردووە، ئەحکامەکانی سازاوانە لەگەڵ بنەما رەسەنە رەوشتیەکانیدا دارشتووە.. لەگەڵ هەبوونی ئومێد و ترسانیدا، یان هێز و لاوازیدا، بۆیە ئەحکامەکانی شەرع شیاوی هەموو کات و شوێن و حاڵەتێکی بەشەرین، چونکە سروشتی مرۆڤ شوێن و کاتەکانی یەکە و کات و شوێن ئەو بنەما ڕەسەنانەی مرۆڤ ناگۆڕێت.. مرۆڤ هەموو کات و شوێنێك بۆ نموونە ئەو چوارسیفەتەی تێدایە: ( ئومێد و ترس و بەهێزی و لاوازی).. بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فِطۡرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيۡهَاۚ لَا تَبۡدِيلَ لِخَلۡقِ ٱللَّهِۚ ٣٠﴾ الروم: ٣٠ واتە: خوای گەورە هەمووانی لەسەر یەك سروشتی خەڵق کردن دروستکردووە، کە هەموو خەڵکیی ئاوا لەسەر خەڵق کردوون، یەك بەرنامەشی بۆ ناردوون کە ئیسلامەکەیە.. حەتمەن دەبێت ئیسلامەکەش وابێت کە لەگەڵ مرۆڤی هەموو کات و شوێنێکدا بگونجێت ئا ئەوەشە خاڵی نهێنی شیاوێتی شەریعەتی ئیسلام لە کۆن و نوێدا بۆ هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی، هەر ئەمەش خاڵی نهێنی شیاوێتی هەموو شوێنێکی نوێ و کاتێکی تری داهاتوو..

سزاكانیش -كە لە شەریعەتی ئیسلامیدا دیاریكراون- بەو هەڕەشە و توندی و سەرزەنشتكردنەوە كە تێیاندایە، چارەسەری سروشتی تەبیعەتی مرۆڤایەتییە. كاتێك كەسێك بەرژەوەندییەكەی خۆی لە دەستدرێژیكردندا دەبینێت و دەیەوێت هەلپەیەك بۆ دەستخستنی بكات، ئەگەر سزایەكی لەبەر چاونەبێت یەكسەر بە پاڵنەری حەزەكەی خۆی هەلپەدەكات، بەڵام ئەگەر زانیی سزایەكی توند بەرامبەر ئەو جۆرە ڕەفتارە هەیە و حەتمییە؛ سڵدەكاتەوە و پاڵنەری ئیمان و هزر و ژیری ڕێی لێدەگرن و ناهێڵن خۆ بخاتە بەر ئەو سزایە.. چونكە یەكسەر لە ناخیدا بەراوردێكی لە نێوان هێنانەدیی بەرژەوەندییەكە و قورسیی سزاكەیدا بۆ دەكەن، قەناعەتی پێدەكەن كە دوورخستنەوەی زیانی سزاكە لەپێشترە وەك لەدەستخستنی سوودی دەستدرێژییەك. بەهەمان شێوە: كاتێك بیر لە قورسی و نارحەتیی بەجێهێنانی ئەركێكی دەكات، حەزدەكات وەلیكات و خۆی لێراپسكێنێت، بەڵام كە هزر و ژیری هۆشی دەبەنە سەر ئەو زیانەی لە وازهێنانی ئەركەكەوە دێتە ڕێی كە زۆر و سەختە؛ سەبر دەگرێت و ئەركەكە جێبەجێ دەكات، چونكە پێی وایە ئەوە سوكترە لەسزا.

سزا بۆ ئەوە دانراوە تا خەڵكی ناچاربكات لەسەر ئەنجامدان/ئەنجامنەدانێك كە سوودی تاك و كۆی كۆمەڵگە و دەوڵەتی تێدایە، تا بەو ناچاركردنە وایان لێبێت خۆ لە حەز و هەواوهەوەسی بەد بگرنەوە و هۆشیان بچێتە سەر ئەوە كە ئەنجامدان/ئەنجامنەدانی ئەو ڕەفتارە خراپەی لێدەكەوێتەوە.

لەم زەمینەوە دەتوانین بڵێین كە تاوان: بریتییە لە ئەنجامدانی ڕەفتارێكی حەرام كە سزا لەسەر ئەنجامدانی هەیە، یان ئەنجامنەدانی ڕەفتارێكی حەڵاڵ كە سزا لەسەر ئەنجامنەدانی هەیە.

شەرعناسان ئاوا پێناسەی تاوانیان كردووە كە (ڕەفتاری ڕێپێنەدراوی شەرعە كە خوای گەورە سزای حەدد یان تەمێكردن (تەعزیر)ـی بۆ داناوە). دیارە كە ڕێپێنەدراو نواندنی

ڕەفتـارێکە کە نەهیی لێکراوە، یـان نەکردنی ڕەفتـارێکە کە فەرمـانـدراوە بەکردنی. کە ئاماژەیان بەوەداوە کە (شەرعە): مەبەست ئەوەیە کە دەبێت شەریعەتی ئیسلام بە تاوانی ناساندبێت و ڕێلێگرتنیشی بە شێوازێکی شەرعی بێت، واتە لە شەرعدا (تاوان)ـــە و هەر شەرعیش ڕێی لە ئەنجامدانی گرتووە.

هەر ڕەفتـارێـك بە تـاوان بنـاسـرێـت، دەبێـت دەقێکی شـــەرعی هەبێت کە بەتاوانی ناسـاندبێت، چونکە بنەما و ڕێساکانی سیستمی سزادانی ئیسلامی ئەوە بەیەکەمین خاڵی دەسپێك دادەنێن[(١)].

شـــەریعەتی ئیســـلامی لە ڕوانگەی ســـووربوونیەوە لەســـەر دژایەتیکردنی تاوان و نەهێشـــتنی، بۆ دەســـتەبەرکردنی ئەمانی تاك و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەتی ئیســـلامی و جێگیرییان، ســووربووە لەسەر پاراستنی بنەما سەرەکییە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەکە. بۆیە بە دەقی ڕۆشـــن و ڕاشـــکاو دەســـتدرێژییە خەتەرەکانی ناســـاندووە، کە لە هەموو کۆمەڵگەیەکی تری مرۆڤایەتیدا هەر بە دەستدرێژیی خەتەر دەناسرێن، لە هەموو کات و شـــوێنێکـدا هەروابووە و ئێســـتـاش هەروایە، ئینجـا ســـزای شـــیـاوی بەرامبەر هەر دەستدرێژییەکیان ڕۆشن و ڕاشکاوانە دیاریکردووە.

لەم دید و تێڕوانین و پێناســـەوەیە کە شـــەرعناســـانی ئیســـلام تاوانیان کردووە بە دوو پۆلەوە، پۆلێکیان ناو ناوە تاوانە حدوودییەکان (جرائم الحدود) کە سزای حەددیان لەسەرە (وەکو زینا و دزی و..). پۆلی دووەمیان ناو ناوە تاوانەکانی هەقساندنەوە (جرائم القصاص والدیة) (وەکو ســزای دان شــکاندن یان قۆچ لێدانێك یان خەرمان ســووتاندنێك یان زیان

---

(١) لەم ڕوانگەوە دوو بواری زۆر بەرفراوان کراونەتەوە بۆ ســزادانی تاوانبار، کە دەبێت لە دادگایەکی شــەرعیی شــیاودا کە قازییەکی لێوەشـاوە داوەریەکە دەکات دەبێت دوو شت بسەلمێت: ١- (تجریم الفعل)، واتە: بسەلمێت کە کە ڕەفتارەکە تاوانە. ٢- (تجریم الفاعل)، واتە: بســەلمێت کە تۆمەتبارەکە تاوانەکەی کردووە و هەنجەتی بەرگریشــی نییە وەکو نەزانین یان منداڵی و شێتی، یان ناچارکردنی لەسەرکردنی، کە پێیان دەوترێت (موانع الحکم).

گەیاندنێك.. وەهەروەها).

پاشان شەریعەتی ئیسلامی بۆ کاملّکردنی و گشتگیریی سزادان مافی هەندێك سزادانی داوە بە خەلیفە و نوێنەرانی کە حوکمی ئەو تاوانانەی پێبدەن کە بە پێناسەی شەرع تاوانن، بەڵام سزایەکی دیاریکراوی نییە، هەروەها مافی ناساندنی هەندێك ڕەفتاری زیانبەخش بەوەی کە (تاوان)ـە و دەبێت سزای لەسەر بدرێت.. شەرعناسان بەم جۆرە سزایانە دەڵێن تەمێکردن (التعزير)، بە ڕەفتارەکانیشی دەڵێن: (جرائم التعزير).

ئاوا دەبینین شەریعەتی ئیسلام لە دیاریکردنی تاوان و سزادا دیدوڕای خۆی هەیە. تاوانەکانی کردووە بە دوو پۆلەوە، بۆ هەر پۆلێکیان ئەحکامی تایبەت بەخۆیانی دیاریکردووە کە بە پێی جۆر و کاریگەریی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتییە، یان بەپێی دژوارێتی ئەنجامدانەکەیەتی.. ئیتر ئاوا تاوانەکانی بەپێی (چی لێ دەکەوێتەوە) دیاریکردووە و سزای هەر یەکێکیشیانی بەجیا دیاریکردووە.

## خاڵی سێیەم: بەشەکانی تاوان:

### بەشی یەکەم: تاوان دژی کۆمەڵگە و بنەما سەرەکییەکانی:

ئەمانە ئەو تاوانەن کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ئابووری و ئەمان و قییەمی کۆمەڵگەکەوە هەیە.. شەریعەتی ئیسلام ئەم بەشەی کردوونە بە دوو جۆرەوە، بۆ هەر جۆرێکیشیان سزایەکی داناوە کە کەمێك لە سزای ئەوانی تر جیاوازن:

**جۆری یەکەم: تاوانی حەدد (جرائم الحدود):** واتە ئەو تاوانانەی سزای حەددیان لەسەرە. حەدد: ئەو سزایەیە کە پێی دەوترێ مافی خوای گەورە[1]، ئەمە هەموو ئەو تاوانانە

---

(١) کوردیش هەر وایان وتووە: (حەقوالله و حەقونناس)، واتە ئەوی مافی خوای گەورەیە و ئەوی مافی خەڵکی تێدایە.

دەگرێتەوە کە کاریگەرییە خراپەکەی گشتییە و سوودی سزاکەشی گشتییە، واتا خراپیی تاوانەکە خەڵکیش دەگرێتەوە و سـزادانەکە کە باشــە لە سـوودی گشـتی خەڵکییە، ئەم تاوانانە بە پێی پێناسەی شەرع حەوتن:

١- زینا.

٢- تۆمەتبارکردن بە زینا (القذف).

٣- شەراب خواردنەوە.

٤- دزین.

٥- جەردەیی و ڕێبڕین (خەڵك ڕووتکردنەوە لە ڕێگاوبان).

٦- دەستدرێژی.

٧- پاشگەزبوونەوە لە دین.

شـەریعەتی خوای گەورە بۆ هەریەکێك لەم تاوانە گەورانە سـزایەکی شیاوی سەختی دیاریکردووە کە هیچ کەسـێك نە خەلیفە و کاربەدەسـتانی و نە قازی و دادوەر نە زیان لێکەوتوو و کەسوکاری بۆیان نییە لەم سزایانە کەم بکەنەوە یان زیاتری بکەن، بۆیان نییە بیگۆڕن، بۆیان نییە لە تاوانکارەکە ببورن ولێی خۆشبن.

ئەم توندی و سـەختگیرییەی شەرع لە ئەحکامی سزای ئەم تاوانانەدا لەبەر ئەوەیە کە تـاوانەکـان زۆر گەورە و دژوار و تـونـد و سـەخـتن لەسـەر کۆمەڵگەکە و بنەمـا کۆمەڵایەتییەکـانی هەموو کۆمەڵگەیەك، ئـاسـانکـاری و شـلگیری تێیـدا حەتمەن سەردەکێشێت بۆ لاسەنگبوونی سیستمی حوکم و نەمانی ئەمان و تەشەنەکردنی فەساد و داڕمانی دابونەریت و ڕەفتار و ڕەوشـت، ئەمانە نەخۆشـییەکن کە تووشـی هەر کۆمەڵ و

کۆمەڵگەیەك بووبن بوونەتە هۆی لاوازی و پەرتەوازەیی و لێك هەڵوەشـــان.. ئەمەش ئەنجامێکە کە شـەریعەتی خوایی بەهیچ شـێوەیەك نایەوێت لە کۆمەڵگەی موسـوڵمانان دروسـت ببێت. کەوابوو توندوتیژیی سزا و سەختگیریی ئەحکامەکانی تاوان بۆ پاراستنی سـیستمی حوکمڕانی و قییەمی کۆمەڵایەتی و بنەماکانی ڕەوشت و پارسەنگی ڕەفتارەکە ئەمـان و هێمنی کۆمەڵگەکەیە. بەمـانایەکی تر: ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی کۆیە.. ئەمەش کە بۆتە مافی خوایی..

**جۆری دووەم: تاوانی هەقسـەندنەوە و بڕی خوێن (جرائم القصـاص والدية):** ئەمە ئەو تاوانەن کە گیان و جەستەی تاك تاکی مرۆڤەکان دەگرنەوە، کە سزای هەقلێکردنەوەیە، ئەگەر تاوانێکی وەکو کوشـتن بەهەڵە (القتل الخطأ)ـــیش بێت خوێنی کوژراوەکە هەر دەدرێـت کە پێـدەوترێـت (الـديّة).. ئەمانە مافی تاکەکانی کۆمەڵگە خۆیانن. ئەم تاوانانە ئەمانەن:

١- کوشتن بە ئەنقەست (القتل العمد).

٢- کوشتنی وەکو ئەنقەست (القتل شبه العمد).

٣- کوشتن بەهەڵە (القتل الخطأ).

٤- تاوانی ئەنقەستی کەمتر لە کوشتن.

٥- تاوانی هەڵەی کەمتر لە کوشـتن (وەکو چەقۆ لێدانی کەسـێك یان زیانگەیاندن بە دوکانی، یان بەزەوی و زار و ماڵاتی..).

شەریعەتی ئیسلام دوو سزای بۆ ئەم تاوانانە داناوە: هەقسەندنەوە و خوێن وەرگرتن[1].

---

(١) واتە هەقی خوێن وەرگرتن/هەقی کوشتنی کەسێك لە بکوژەکە کە نایکوژنەوە بەڵام دەبێت ماڵ و سامان بدات.

خوێن وەرگرتنەکە لە کاتی بەهەڵە کوشتندایە، لە کوشتنی ئەنقەستدا ئەگەر خاوەن خوێنەکە/کەسوکاری کوژراوەکە لێی خۆشبوون هەقساندنەوەکەی لەسەر نامێنێت، بەڵام دەبێت خوێنی بدات، ئەگەر لەمیشیان خۆشبوون، ئەمیشی لەسەر نامێنێت، لەهەڵە کوشتنیشدا ئەگەر لەهەقی خوێنەکە خۆشبوون، هیچی لەسەر نامێنێت.

شەریعەتی ئیسلام وایانداناوە کە ئەگەر هەقساندنەوەی کوشتنی بەئەنقەستی لەسەر لاچوو، هەروەها حەقی خوێنەکە لە حاڵەتی بەهەڵە کوشتندا ئیتر خەلیفە و نوێنەرانی بۆییان نییە سزایەکی تەمێی بدەن، ئەگەرچی هەندێك لەشەرعناسان وەکو ئیمامی مالیك فەرموویانە کە هەر دەبێت سزایەکی تەمێکردن بدرێت (چونکە هیچ سزایەکی تری هەقساندنەوە و خوێندانی لەسەر نەماوە).

هەردوو سزای هەقساندنەوە و خوێندان دیاریکراوی نەگۆڕن، نە خەلیفە نە والی، نە قازی و نە داوەران بۆیان نییە ئیلغای بکەنەوە یان بیگۆڕن یان لێی کەم بکەنەوە یان بۆی زیاد بکەن، یان بە سزایەکی تری بگۆڕنەوە، یان لە تاوانکارەکەی خۆشبن.. کەس بۆی نییە ڕەفتاری وای تێدابکات، چونکە مافی جێگیری تاکەکانە.

هۆی ئەوەی کە وایکردووە کە شەریعەتی ئیسلام دید و هەڵوێستی وای بەرامبەر ئەم جۆرە تاوانانە و سزاکانیان هەبێت، ئەوەیە ئەگەر ئەم تاوانانە ئەگەرچی کاریگەریی گشتی لەسەر کۆمەڵگەش هەیە، بەڵام کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر غەدرلێکراوەکەیە، بۆیە بەرژەوەندیی غەدرلێکراوەکەی تێدا دەخرێتە پێش بەرژەوەندی گشتیی کۆمەڵگا، بۆیە ئەگەر لەکاتێکدا ئەهلی غەدرلێکراوەکە -ئەوانەی خاوەن هەق و خوێنەکەن- لێی خۆش بن، ئیتر هیچ پاڵنەر و هۆکارێك نامێنێت سەختکردنی سزاکەی بخوازێت، چونکە ئاسەواری دژواری تاوانەکە لەسەر کۆمەڵگە بە لێخۆشبوونەکە نامێنێت و تاوانەکە دژوار نامێنێت و کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگەکە لاوازدەبێت، بەتایبەتی ئەگەر لێخۆشبوونی کەسوکاری غەدرلێکراوەکە لەبەرامبەر ماڵ و سامانێکدا بووبێت کە

تاوانبارەکە دابێتی، یان هەر بێبەرامبەر لێی خۆشبووبن و بەس، لەم حاڵەتەدا مەبەست لە سزاکە هاتۆتەدی، یان لانی کەم بەشێکی زۆری هاتۆتەدی، بەتایبەتی کە کەس و کاری غەدرلێکراوەکە کە کاتێك بەراوردی کوشتنەوەی بەوەرگرتنی ماڵ و سامانێك دەکەن، یان بە گەورەیی و پیاوەتی و کاریگەریی چاك لە دڵ و دەروون و ڕەفتاری تاوانبارەکە و کەسوکارەکانیشیدا دروست دەکات و ئاگری ئاژاوە و دووبەرەکی و دوژمنداریشی پێ دەکوژێتەوە، ئەمەش لەبەرژەوەندیی کۆمەڵگەکەیە، کە گیانی لێبوردن و سینەفراوانییان لە نێواندا بڵاودەبێتەوە و خێرخوازانە ڕەفتار لەگەڵ یەکتریدا دەکەن.

مەسەلەیەکی تر ماوە کە شەرع ئیعتیمادی تێدا کردووە و چارەسەری گونجاو و سازاوی لەگەڵ بەرژەوەندیی کۆمەڵگەدا بۆ داناوە، کە وەڵامی پێشینەی ئەو گومان و ڕەخنەیەیە کە هەندێك کەس دەیوروژێنن، کە گوایە نەهێشتنی ئەم تاوانە گەورەیە لە کۆمەڵگەدا بەهەست و سۆز (عاتیفە)ی کەسوکاری غەدرلێکراوەکە دەبەسترێتەوە، یان بە سوودوەرگرتنی ماددی لە کۆتاییهێنان بە تاوانەکە، ئەمەش بەرژەوەندیی کۆمەڵگەی تێدا ئیهمال دەکرێت کە پێویستە ئەمان و مافی تاك و کۆی لەو جۆرە تاوانبارە دژوارانە بپارێزرێت کە ئاسان دەتوانن خۆ لە سزا لادەن چ بە شێوازی عاتیفی و ناردنی ئەم و ئەو بۆ لێخۆشبوون، چ بەپارەدان و فریودان کە ئەنجامەکەیان هەر یەکە: کە بریتییە لە ڕزگاربوونی تاوانبارە دژوارەکە لە هەموو جۆرە سزایەك.. ئەمە وادەکات تاوانباران و کەسوکاریان خراپ سزاکە بەکاربهێنن بەوەی تاوانبارەکەی لێ کەناردەن.. ئەمە لە ڕاستیدا ئاوا ڕێ ئازاد نییە.. چونکە خەلیفە و کاربەدەستانی دەوڵەت مافی چاودێریکردن و موراقەبەی تاوانبارە لێبوراوەکەیان هەر هەیە ئەگەر هەست بە ئیستیغلال کرا یان تاوانبارەکە ئیصلاح نەبوو، دەشێت سزای تەمێکردنی بۆ دابنرێت کە گونجاوی ڕەفتاری دوای لێخۆشبوونەکەی بێت.. ئاوا بەرژەوەندیی کۆمەڵگەکەش دەپارێزرێت و ڕێنادرێت تاوانباران و هاوکارانیان خراپ مافی لێخۆشبوونەکە بەکاربهێنن.

## بەشی دووەم: تاوانی تەمێکردن (الجرائم التعزیر):

واتە ئەو تاوانانەی کە حەددیان لەسەر نییە، بەڵام سزای تەمێکردن و ئەدەبدادان دەیانگرێتەوە، کە هەموو جۆرە تاوانێکی تری غەیری جۆرە تاوانی بەشی یەکەم دەگرێتەوە کە لە ژیانی تاك و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەتدا ڕوودەدەن.. سزای تەمێکردن دیارە کە ناوی بەخۆیەوەیەتی، واتە سزایەك کە فێری ئەدەبی ڕەفتارکردنی پارسەنگی بکات.. سزای تەمێکردن بە دەقی شەرع (قورئان و سوننەت) دیارینەکراوە، نە لە ڕووی جۆری سزاکە و و نە لەڕووی ڕادە و بڕ و چەندێتییەکەیەوە، بەڵام بوارە مافێکە بۆ خەلیفە و بەرپرسان هێڵراوەتەوە تا سزای ئەو تاوانبارانەی تێدا بدەن کە تاوانی داهێنراوی نوێیان ئەنجامداوە، یان ڕەفتاری لاسەنگ کە بەردەوامبوونی دەبێتە مایەی زیانگەیاندن، چ بەخۆیان و چ بەدەوروبەریان و چ بەتاك و کۆی کۆمەڵگەکە.

شەریعەتی ئیسلام ئەوەی کردووە بە تەوەرە خاڵی گرنگی سزای تەمێکردن کە سزایەك بێت ببێتە مایەی ڕێگرتن لە تاوانەکە و بەرژەوەندییەکی تاك و کۆی کۆمەڵگە یان دەوڵەتی تێدابێت (وەکو قەدەغەکردنی هەندێك خۆراك، خواردنەوە، پۆشاك، کەرەستە، یاریی)، یان ڕەفتاری زیانبەخشن (وەکو بێ ئەدەبی ئەولاد بەرامبەر دایك و باوك، یان بەدڕەفتاری بەرامبەر دراوسێ، یان خۆ ڕووتکرنەوە لەسەر جادەیەك، یان بڵاوکردنەوەی جۆرێك فەساد یان ڕێ خۆشکردن بۆی) کە دەبنە مایەی زیانی کۆمەڵگە یان دەوڵەت، خەلیفە و کاربەدەستان بۆیان هەیە جۆرەها یاسای سزای تەمێکردن بۆ نەهێشتنی ئەم ڕەفتارانە دارێژن.

لەدارشتنی یاسای سزای ئەم جۆرە تاوانانەدا شەریعەتی ئیسلام ڕێسا و بنەما ئوصوڵییەکانی دەکاتە سەرچاوە، کە سیستمی هەموو سزادانێکی لەسەر بیناکراوە.. ئەوەی لەم بازنەیەدایە ئەمانەن و ئاوان:

١- سزا دیاریکردن بۆ هەرکەسێك کە شتێکی سەلمێنراوی ئیسلام وازلێدەهێنێت یان

گوناحێك ئەنجام دەدات كە شەرع سزایەكی تایبەتی بۆ دیارینەكردووە، وەكو ئەو گوناحانەی نە سزای حەددیان لەسەرە و نە كەفارەتیان هەیە، جا گوناحێك بن بەرامبەر مافی خوای گەورە بن یان بەرامبەر مافی خەڵكی وەكو سووكاری و نەپاراستنی ڕاسپاردە، جنێودان و سوكایەتی پێكردن، بەرتیلكاری، سووك كێشان و كورت پێوان، زەكات نەدان، خواردنی حەرام، پێچەوانە ڕەفتاركردن لە هەڵسوكەوتە خواپەرستیەكاندا..

٢- سزا دیاریكردن بۆ هەر ڕەفتارێك یان ڕێنەگرتن لە تاوانێك، مادام سزاكە بەرژەوەندیی گشتیی كۆمەڵگەكەی تێدایە[١]، ئەگەرچی ڕەفتارەكە خۆی لە خۆیدا حەرام نەبووبێت، بۆ نموونە سزای پابەندنەبوون بە تەعلیماتی هاتووچۆ و وەستانی سەیارەوە یان پابەندنەبوون بە سیستمی فێرخوازی ڕەسمی، یان دەوامی دائیرە و جۆری پیشە و چۆنیەتی چارەسەری نەخۆشی.. یان كەمتەرخەمی لە چارەسەری ئافاتی چاندن و بەروبووم، یان لە هۆكاربوونی لە دەستدانی سوود و قازانجی گشتی.. وەهەروەها.

٣- سزا دیاریكردن بۆ حاڵەتی بەردەوامبوونی لاسەنگی و خراپەكاریی تاوانبارێكی لێبوراو كە دەبوو سزای حەدد بیگرێتەوە، بەڵام لێخۆشبوون و سزاكە نەیگرتۆتەوە، بەڵام هێشتا ڕەفتاری زیانبەخشان دەنوێنێت، یان كەسێك لەبەر هەبوونی گومان (شوبهە)یەك سزا نەیگرتۆتەوە، بەڵام وازی لەوڕەفتارە نەهێناوە كە بردیە بازنەی تۆمەتباركردنەوە..

---

(١) شێخ صالح بەلحیدان لەگەورە زانایان و شەرعناسانی عەرەبستانە، ماوەی ٤٢ ساڵ قازی بوو، ساڵانی دوایی وەزیفەی گەیشتە پلەی قازی باڵای وڵات كە پلەی وەزیرە، لە دیدارێكیدا دەربارەی خاوەن ئەو كەناڵە تەلەڤزیۆنانەی فەساد بڵاودەكەنەوە و بە تەعلیماتەوە پابەند نابن فەرمووی: دەشێت پلە بە پلە سزای تەمێكردنیان زیاد بكرێت، ئەگەر وازیان نەهێنا دەشێت لە دادگادا حوكمی كوشتنیان بەسەردا بدرێت، چونكە فەساد بە كوشتنەكە كۆتایی دێت.. هەرچەندە ئەم فەتوایەی زۆر لەسەر كەوت و بۆ سبەینێ لە هەموو كاروپلەیەكی لادرا.. بە فەرمانی مەلیك عەوڵای كوڕی عبدالعزیز كە لە مانگی ٢٠١٥/١ دا مرد، دوای ئەوەی سەدان بڕگە یاسای كوفرینی دارِشت.

## بڕگەی دووەم:
## ڕێسا سەرەکیەکانی سیستمی سزادان لە ئیسلامدا:

لەبەر ئەوەی سیستمی سزادان لە ژیانی مرۆڤدا کاریگەرە، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە بنەماکانی ژیانیەوە هەیە، ژیان و تەبیعەتی مرۆڤیش تایبەتە، سزا پەیوەندیی بەهێز و ڕاستەوخۆی بە هەبوون و ماف و ئازادی و سەلامەتی و ئەمانی مرۆڤەوە هەیە، ئەمە وایخواستووە کە دەبێت سزادان ڕێسای ڕۆشن و ئاشکرا و ڕاشکاوی هەبێت تا لەکاتی جێبەجێکردنیدا هەڵە ڕوونەدات و هەر تاکێکی کۆمەڵگەش سنووری ئازادی خۆی بزانێت لە کوێدا کۆتایی دێت تا سنوور نەبەزێنێت و بشزانێت کە چ ڕەفتارێکە کە تووشی سزای دەکات، تا لێی دوورکەوێتەوە، یان چ ڕەفتارێك ئەرکێتی و دەبێ بیکات و بەنەکردنی سزادەدرێت.

هەموو ئەم هۆیانەش وایان کردووە کە سیستمی سزادان لە ئیسلامیشدا ڕێسای تایبەتیان هەیە، جگە لە ڕێسا گشتیەکانی داڕشتنی ئەحکامی شەرع.. گرنگترین ڕێسای سزادانی ئیسلامی ئەمانەن :

١- مرۆڤ تا تاوانی لەسەر نەسەلمێت بێتاوانە، لەم ڕێسایەشەوە ئەمانە جوێ دەبنەوە:

أ- هەڵەکردن لە لێبوردندا چاکترە وەك لە هەڵەکردن لە سزاداندا.

ب- هەبوونی گومان سزادان ڕادەگرێت.

٢- هیچ تاوان و سزایەك بێ هەبوونی دەقێك نابێت.

٣- ناشێت یاسای سزادان ئاسەواری (ڕەجعی)[1] لێبکەوێتەوە، مەگەر لە دوو حاڵەتدا:

أ- تاوانە سەختە دژوارەکان کە پەیوەندییان بە ئەمنیەتی گشتی و سیستمی گشتییەوە هەیە.

ب- ئەگەر یاساکە لە بەرژەوەندیی تاوانبارەکەبوو.

٤- هەموو نیشتەجێیانی دارولئیسلام -بێ جیاوازی و لێ بەدەرکردن- لەبەردەم داوەریدا یەکسانن.

٥- هیچ کەسێك -هەرچەند پلەی بەرپرسێتی بەرزیشی هەبێت- بۆی نییە لێبوردن بۆ تاوانبارێك دەرکات ئەگەر تاوانەکەی پەیوەندی بە (مافی خوای گەورە)ـەوە هەبوو، لەوانەی پێیان دەوترێت (تاوانی سزای حەدد).

ئێستا دێینە سەر ڕاڤەی ئەم ڕێسایانە:

---

(١) ئاسەواری ڕەجعی ئەوەیە کە ناشێت یاسایەك ئەمڕۆ دەرکراوە و سزای تاوانێکی پێ بدرێت کە پێش مانگێك لەمەوبەر ئەنجامدراوە، حوکمی ڕەجمکردنی زیان کاتێك چەسپا بوو بە سزای زینای لەوەودوا نەك لەوەوپێش.

## ڕێسای یەکەم: مرۆڤ تا تاوانی لەسەر نەسەلمێت بێتاوانە:

یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی شەریعەتی ئیسلام ئەوەیە کە مرۆڤ هەر بەرپرسیارە لە ڕەفتارەکانی خۆی، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ﴿١٨﴾﴾ فاطر: ١٨ واتە: کەس بەرپرسیارێتی گوناحی کەسێکی تر هەڵناگرێت. هەروەها: ﴿كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ ﴿٣٨﴾﴾ المدثر: ٣٨ واتە: هەموو کەسێك گیرۆدەی ڕەفتارەکانی خۆیەتی.

ئەمە ئەوە دەخوازێت کە مادام سزادان ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ماف و ڕێز و وجودی مرۆڤەوە هەیە، دەبێت وردەکارانە مامەڵە لەگەڵ تۆمەتبارکردندا بکرێت و بەشێوەیەکی بنبڕانەی بێ گومان دڵنیابووبن لەوەی ئەو کەسە خۆی ئەو ڕەفتارە حەرامەی ئەنجامداوە. ئیسلام زۆر جەخت لەمە دەکاتەوە و لەسەری سوورە، لەهەموو لایەنێکەوە تەئکید لەوە دەکاتەوە کە دەبێت بە تەواوی تاوانەکە لەسەر تۆمەتبارە دیارەکە بسەلمێنرێت.. بۆ ئەمەش ڕێسای زۆر وردەکارانەی دارشتووە، دیارترین بەڵگەی ئەمەش سەختگیریی شەرعە لە سەلماندنی تاوانەکانی حەددا.

یەکێك لە ڕێسا فقهییە گشتییەکانی شەریعەتی ئیسلام ئەوەیە (الأصلُ براءة الذمة) واتە: بێ تاوانی ڕێسای ڕەسەنە. ئەمەشە سەرچاوەی ئەم ڕێسایەی سزادانە کە ئیسلام لە سەری سوورە، واتە: هەموو کەسێك بێتاوانە تا تۆمەتێکی لەسەر دەسەلمێت.

بۆ چەسپاندنی ڕاست و ڕەوایی ئەم ڕێسایە گرنگە، دوو ڕێسای تری گرنگ دەبینین کە هەر لەم ڕێسایە جودابوونەتەوە کە بریتین لە:

أ- هەڵەکردن لە لێبوردندا چاکترە وەك لە هەڵەکردن لە سزادانداا.

ب- هەبوونی گومان سزادان ڕادەگرێت .

سووربوون لەسەر سەلماندن و چەسپاندنی دادپەروەرێتییە وایکردووە ئەم دوو ڕێسایە

بێنەکایەوە، نەبادا تۆمەتێك بخرێتە پاڵ کەسێکی بێتاوان و لە ناهەق سزایەکی بەسەردا بدرێت..

ئەم ڕێسا سەرەکییە و دوو ڕێسا گرنگەکانی کە لێی جودابوونەتەوە هێمنی و بێ خەمی دێنێتە پێش، کەسێکی ئەمان دەسازێنن و دڵ و دەروونی هەموو خەڵکی -بە تایبەتی تۆمەتبارکراو- ئارام دەکەنەوە، کە مەترسە و خەفەتت نەبێت، مادام تۆ تاوانەکەت نەکردووە و تێیدا بەشدارنیت سزانادرێیت.

## خاڵی یەکەم: هەڵەکردن لە لێبوردندا چاکترە لە هەڵەکردن لە سزاداندا:

ئەم ڕێسایە سەلماندن و چەسپاندنی کردەوەیی ئەو فەرموودەیەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (إنَّ الإمامَ أنْ يُخطئَ في العفوِ خيرٌ من أنْ يُخطئَ في العقوبةِ)[1] واتە: پێشەوا (خەلیفە) لە لێبوردندا هەڵە بکات چاکترە لەوەی لە سزاداندا هەڵە بکات. ئەمە فەرمانە کە: ناشێت کەسێك سزا بدرێت پێش ئەوەی لەسەری ئیسپات بوویێت کە ئەو تاوانەکەی کردووە، دەقەکە لەسەر تاوانە، ئەمما ئەگەر گومانێك لەوەدا هەبێت کە ئایا تۆمەتبار ئەو تاوانەی کردووە یان نا، یان ئەو دەقی سزایە ئەو تاوانە دەگرێتەوە یان نا، ئەوە دەبێت تۆمەتبار عەفو بکرێت و ڕاگەیێنرێت کە بێتاوانە، ئازادکردنی تاوانبار لە کاتی هەبوونی گومانێکدا (لە تاوانەکە یان لە تۆمەتبارەکە) چاکترە بۆ کۆمەڵگا و مایەی چەسپاندنی دادپەروەرییە، کە کەسێکی بێتاوان بە هەبوونی گومان لێی سزانادرێت، ئەمە

(١) ترمذی (١٤٢٤)، حاکم (٣٨٤/٤)، بەیهیقی لە (السنن الكبرى) بەژمارە (٢٣٨/٨) بەکەمێك جیاوازییەوە هێناویەتی و دەفەرموێت (إسناده لا يصح)، شێخی ئەلبانیش لە (ضعيف الترمذي)دا بە زەعیفی داناوە. لەسەنەدەکەیدا یەزیدی کوڕی ئەبو زیاد هەیە کە زەعیفە، بەڵام ترمذی دەفەرموێت لەڕێی زیاتر لەیەك یاوەرەوە هەر وا ڕیوایەت کراوە.

لەوەوە هاتووە کە مەبەســـت لە ئەحکامەکانی شــەرع ســـەلماندن و چەســـپاندنی داد و هێنانەدیی بەرژەوەندی گشتیی کۆمەڵگەیە، ئەمەش بەوە نایەتەدی کە کەسێکی تۆمەتبار بە گومان سزای تاوانبارانەی بەسەردا بدرێت لە کاتێکدا تاوانەکەی نەکردووە .

ئەم ڕێســـایە هەموو جۆرە تـاوانێـك دەگرێتەوە لە تـاوانەکـانی حەدد و تـاوانەکـانی هەقساندنەوە و خوێن و تاوانەکانی تەمێکردن.

ڕێسا فەرعییەکەی دووەمیش (هەبوونی گومان سزادان ڕادەگرێت) هەر لەم ڕێسایەوە هاتووە، بگرە چەسپاندنی کردەوەیی ئەوە، لانی کەم لەو حاڵەتانەدا کە سزای حەدد لە سەر تۆمەتبار لادەبات و بێتاوان دەیناسێنێت.

## خاڵی دووەم: هەبوونی گومان سزادان ڕادەگرێت:

ســـەرچاوەی ئەم ڕێســـایەش فەرموودەکەی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) کە دەفەرمویٚ: (ادرَؤُوا الحدودَ بالشُّـبُهاتِ)[1] واتە سزای حەدد ڕاگرن ئەگەر گومان لە کێشەکەدا هەبوو (چ لە ئەنجامدانی تاوانەکە و چ لە بکەرەکەیدا کە تۆمەتبارکراوە)، بۆ چەسپاندنی ئەمە لە ســـەیـدنـا عـومەرەوە (خـوای لـێـی ڕازی بـێـت) هـاتـووە کە دەیـفەرمـوو: (لإن أُعَطِّلَ الحدودَ بالشـبهاتِ أَحَبَّ إليَّ من أنْ أُقيمها في الشـبهاتِ) واتە: چەسـپاندنی سـزا لە کاتی هەبوونی گوماندا پەك بخەم پێم خۆشـــترە لەوەی لە هەبوونی گوماندا ســـزا بدەم و

(١) ئیبنو عەدیی بە مەرفوعی لە ئیبنو عەبباســەوە (خوای لێ ڕازی بێت) گێراوێتییەوە: ئیمامی سـیوطی لە (الجامع الصـغیر) (٢٣/١) (٣١٤) ئاماژەی پێ کردووە، وە حارثي لە موسنەدی ئەبی حەنیفە (ل٣٩) (ل٧٠)، وە هەروەها ئیبنو حەجەر لە (التلخيص الحبير) (١٠٥/٤) ئاماژەی پێکردووە و فەرموویەتی کە کەسـێك لە سـەنەدەکەیدا هەیە کە نەناسراوە. وە بەچەند لەفزێکی تری جیاواز لە چەند هاوەڵێکەوە بەمەرفوعی و مەوقوفی هاتووە.

جێبەجێی بکەم.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) و خەلیفە ڕاشیدەکان خوا لێیان ڕازی بێت زۆر سەختگیرییان دەکرد لە سەلماندن و چەسپاندنی سزاکانی حەددا و زۆر سۆراغیان دەکرد تا دڵنیابن کە تاوانەکە ڕوویداوە و گومان لە تۆمەتبارەکەدا نەماوە و گومانیش لەوەدا نییە کە ئەو سزایە ئەو تاوان و تاوانبارە دەگرێتەوە.. بۆیە هەر کێشەیەکی وا گومانێکی لە لایەکەوە بۆ دروست ببوایە سزاکەیان ڕادەگرت.

## ڕێسای دووەم: هیچ تاوان و سزایەک بێ هەبوونی دەقێک نابێت:

ئەم ڕێسایەش لە دوو بنەمای سەرەکیی شەریعەتی ئیسلامییەوە هاتووە کە بریتین لە:

### ١- ئەسڵی هەموو شت و ڕەفتارێک شیاوێتییەتی:

هەر کارێك کە بکرێت یان نەکرێت، هەر شـتێك کە هەیە بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی، هەر خۆراکێك بخورێت یان نەخورێت، ئەسڵیان ئەوەیە کە ڕێدراون، جائیزن، حەڵاڵن، مادام دەقێکی شـــەرعی نەهـاتووە ڕەفتـارێکیـان حەرام بکـات و بفەرموێ ئەوە بکەن و ئەمە مەکەن(١).

### ٢- هیچ حوکمێک لەسەر ڕەفتاری ژێر نادرێت پێش هاتنی دەقێک:

واتە کەسێك کە باڵغ و ژیرە ڕەفتارێك دەنوێنێت کە خۆی لێی بەرپرسە، ناشێت هەر لە خۆڕا بوترێـت حەرامە مـادام دەقێـك لەســـەر ئەوە نەهاتووە کە ڕەفتاری وا حەرامە، بۆیە کردنی ئاســاییە و هیچی لەســەر نییە، یان نەکردنی ئاســاییە و هیچی لەســەر نییە، مادام دەقێك نییە بفەرموێ: کردنی حەرامە، یان نەکردنی حەرامە.

ئەم دوو بنەما گرنگە جەخت لەیەك مانا دەکەنەوە، ئەویش ئەوەیە کە ناشـێت کردن یان نەکردنی ڕەفتارێك بە تاوان دابنرێت تا دەقێکی ڕۆشـــن و ڕاشــکاو نەیگرێتەوە کە کردنی حەرامە، یـان وەلکردنی حەرامە. جـاکە دەقێـك بۆ حوکم لەســـەردانی نەبێـت کەوابوو نە بەرپرسـێتی لەســەرە و نە سزا لەسەر بکەر یان وازلێهێنەری هەیە، جا کە تاوان بریتیبێت لەو ڕەفتارەی شــەرع بە تاوانی ناســاندووە و ســزای لەســەر داناوە، کەوابوو هیچ تاوان و هیچ ســزایەك بەبێ هەبوونی بەڵگەی شــەرعی نابێت، دەقی شــەرعی بڕیاردەدات کە ئەوە تاوانە یان نا؟ سزاکەشی ئەمەیە یان سزایەکی تر؟.

---

(١) بۆ نموونە هەموو پۆشــاکێك بۆ پیاوی موســوڵمان حەڵاڵە بپۆشـێت جگەلە قوماشــی ئاوریشــم و چاکەت و قەمســەڵەی چەرمی بەراز و ... چونکە ئەمانە دەقیان لەسەرە کە حەڕامن.

ئەم بنەما و ڕێسا ئوصولییانە لە چەندین دەقی ئاشکرا و ڕاشکاوەوە هاتوون کە ئەم مانایانە دەگەیێنن، وەکو:

- خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا ١٥﴾ الإسراء: ١٥ واتە: نەدەشیا ئازاری هیچ کەسێك بدەین پێش ئەوەی نێرراومانی بۆ بنێرین، نەدەکرا هیچ کەسێك سزابدەین پێش ئەوەی پەیامی بۆ بچێت و بزانێت چ ڕەفتارێك سزای لەسەرە..

- ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ مُهْلِكَ ٱلْقُرَىٰ حَتَّىٰ يَبْعَثَ فِيٓ أُمِّهَا رَسُولًا ٥٩﴾ القصص: ٥٩ واتە: نەدەشیا/شیاونەبوو خوای پەروەردگارت فەوتێنەری ناوچەیەك بێت پێش ئەوەی نێرراوی خۆی لە ناویاندا هەڵبژێرێت بۆیان.

- ﴿رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةُۢ بَعْدَ ٱلرُّسُلِ ١٦٥﴾ النساء: ١٦٥ واتە: ئەو پێغەمبەرانەمان نارد کە مژدەدەرو هۆشدەریی گەلەکانیان بوون، تا دوایی خەڵکی بەهانەیان بە دەستەوە نەبێت کە نەماندەزانی.

ئەم دەقانە ئاشکرا و ڕاشکاون کە تاوان دەبێت پێشتر بناسرێن و خەڵکی بزانن چین و سزاکەشیان چییە، چونکە خوای گەورە کەس سزا نادات پێش ئەوەی هەمووی بۆ ڕوون نەکردبێتەوە و هۆشداریی نەدابێتێ لەسەر زمانی نێرراوەکانی علیهم السلام، تەکلیف لە کەسێکیش ناکات کە کارێك بکات لە توانایدا نەبێت. شەریعەتی ئیسلام ئەم ڕێسایە لەهەموو تاوانێکدا وەکو یەك بەکارناهێنێت، چونکە تاوانە حەددەکان جیاوازن، چۆنیەتی و ڕادە و بڕی سزاکانیشیان جیاوازن، هەروەها سزای تاوانەکانی هەقساندنەوە و خوێن و تاوانەکانی تەمێکردن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە شەریعەتی ئیسلامی سوورە لەسەر هاتنەدیی مەبەست لە سزاکانی پاراستنی کۆمەڵگەکەی لە بەرەڵایی و هەرچی و پەرچی و دەستدرێژیی پیاوخراپ و ڕەفتاری دەروون نەخۆش و کەسانی لاپرەسەن کە دەیانەوێت بواری خراپەکارییان زۆربێت.

### ١- له تاوانەكانی حەددا:

لەبەر ئەوەی ئەم تـاوانانە گرنگییەكی تایبەتیان هەیە و كاریگەریی زۆریان لەسـەر كۆمەڵگە هەیە و چەسـپاندنی سـزاكەشـیان ئەنجامی باشـی لێدەكەوێتەوە و سـوودی بۆ كۆمەڵگە و دەوڵەت دەبێت، بۆیە شـەریعەتی ئیسـلام ڕێسای (هیچ تاوان و سزایەك بەبێ هەبوونی دەقێك نابێت) دەچەسپێنێت، كە زۆر ڕۆشن و ڕاشكاو لە دەقەكان دەردەكەوێت. هەر كەسـێـك سـەرنجبـداتە دەقەكـانی ئەم بوارە دەبینێت هەندێكیان خودی تاوانەكان پێناسـەدەكات، هەندێكی تریان سـزاكان و چۆنیەتی سـەلماندن و چەسـپاندنیان ڕوون دەكەنەوە، چ هەردووكیان لەیەك دەقدا بێن چ لە دوو دەقی جودادا.

شـەرع كاربەدەسـتانی ئازادنەكردووە كە چ سزایەك هەڵبژێرن و چەند سزابدەن، ڕێی نە بە خەلیفە و نوێنەرانی داوە و نە بە قازی و دادوەر، دەقەكان یەك جۆر حوكم دیاریدەكەن و چۆنیەتی و چەنـدێتیشـی دیـاریـدەكەن، ئەگەر چی تـاوانی وا هەیە دوو جۆر سـزا دەیگرێتەوە، بەڵام ئەم جۆرە دەگمەنە.

### ٢- لە تاوانەكانی هەقساندنەوە و خوێندا:

شـەریعەتی ئیسـلام لەمانیشـدا هەمان مەنهەجی ڕەچاوكردووە كە لە سـزاكانی حەددا گرتوینەتەبەر، واتە دیاریكردنی ڕۆشـن و ڕاشـكاوی تاوانەكە و دیاریكردنی ڕۆشـن و ڕاشـكـاوی سـزاكە، بەڵام لێرەدا بوارێكی بۆ خـاوەن حەقەكە كردۆتەوە كە بتوانێت لە تاوانبارەكە خۆش بێت و تەنازوول لە هەقساندنەوە بكات.

### ٣- لە تاوانەكانی تەمێكردندا:

شەرع لەمانەدا بواری زۆرتری بۆ چەسپاندنی ڕێساكە كردۆتەوە، چونكە بەرژەوەندیی گشـتی و سـروشـتی سزای تەمێكردن ئەو بوارە زۆر بەرفراوانانە دەخوازێت، كە زۆرجار لەسەر حسابی خودی سزاكە دەبێت و كەمجاریش لەسەر حسابی تاوانەكە.

هەبوونی بواری زۆر بۆ چەسپاندنی سزای تەمێکردن لەسەر حسابی سزاکە لەبەر ئەوەیە کە دیارینەکراوە کە هەموو تاوانێك سزایەکی دیاریکراوی خۆیی هەبێت، بۆیە قازی سەرپشکە لە هەڵبژاردنی سزایەکی شیاو بۆ هەر تاوانێك لەو کۆمەڵە سزایانەی کە عادەتەن لەبەردەستیدادەبن کە هەموویان سزای تەمێکردنن، کە لە ئامۆژگاریکردنی تاوانبارەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە زیندانکردن و تەنانەت کوشتنیشی، بەتایبەتی لە تاوانی گەورە و دژواردا کە وازی لێناهێنێت، ئەمە مانای ئەوە نییە ڕێساکە لێرەدا ناچەسپێنرێت، بەڵێ لێرەشدا هەر دەچەسپێندرێت، بەڵام قازی و داوەر چەندین جۆر سزایان لەبەردەستدایە و بۆیان هەیە یەکێکیان بە شیاوتر دابنێن و بڕیاری لەسەر بدەن. ئەم دەسەڵاتە بۆ ئەوەیە کە قازیی خۆی تەقدیری گەورەیی و دژواری و کاریگەری تاوانەکە بکات و سزایەکی گونجاوی بۆ بڕیاربدات.. ئەمەش دەسەڵاتێکی شایستەیە بۆ سەلماندن و چەسپاندنی چاکتری دادپەروەری..

ئەمما هەبوونی بواری کەم یان دەگمەن لەسەر حسابی تاوانەکە، لەوانەدایە کە هەندێك سیفەتی دیاریکراویان تێدایە کە دەقێك -بەشێوەیەکی گشتیش- لەبەردەستدا نییە کە ڕەفتارەکە بە تاوان بناسێنێت، بۆیە خەلیفە و نوێنەرانی یان قازی و داوەر ئازادن لەوەسفکردنیدا بەوەی کە تاوانە[1] {بێگومان ئەمە ئەگەر لە یاسای سزادانانادا سزای شتی وا دیارینەکرابێت، ئەمما ئەگەر خەلیفە یاسایەکی بۆ حاڵەتی وا دارِشتبێت ئەوە قازی ئەو وەردەگرێت و بڕیاری پێدەدات مادام پێچەوانەی شەرع نەبێت}[2].

---

(١) بۆ نموونە لەسەر جادەیەك لە دەمەقاڵێی دوو کەسدا، یەکێکیان بەتوورەییەوە دەستی لەمەی تر بەرزکردۆتەوە، ئەویش لەترساندا وا خۆی لاداوە کە کەوتۆتە بەر سەیارەیەك و بۆ نموونە دەستی شکاوە.

(٢) ئەمە دەقی قسەی شێخ سەعید حەووایە لەسەر دەقە نەقڵکراوەکانی عبدالقادر عۆدە رحمهما الله... لەمنەوە نییە.

## ڕێسای سێیەم: ناشێت یاسای سزادان ئاسەواری (ڕەجعی)ـی لێبکەوێتەوە مەگەر لە دوو حاڵەتدا:

١- لە تاوانە سەختە دژوارەکاندا کە پەیوەندییان بە ئەمنییەتی گشتی و سیستمی گشتییەوە هەیە.

٢- ئەگەر یاساکە لە بەرژەوەندیی تاوانبارەکەبوو.

یەکێك لە ڕێساکانی شەریعەتی ئسلامی ئەوەیە کە هیچ دەقێکی جینائی (یاسای سزادان) نابێت پێش ڕاگەیاندن و زانینی خەڵکی کاری پێبکرێت، چونکە یاسای سزادان لە ئیسلامدا ناشێت لەسەر تاوانێك بچەسپێندرێت کە پێش دەرچوونی یاساکە و زانینی خەڵکی ئەنجامدراوە، ئەمەیە کە پێیدەڵێن (أثر رجعي) ..

چونکە دەبێت کاتێك سزای تاوانێك بدرێت کە لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا ئەو سزایە ڕاگەیێنرابێت و خەڵکی زانیبێتیان.

هەرچەندە ئێمە لە سەرچاوە فیقهییەکاندا باسی ئاسەواری ڕەجعی دەقەکان نابینین، بەڵام ئاسان دەتوانرێت لە بەدواداچوون و خوێندنی ئایەتەکانی ئەحکامدا، هەروەها لە هۆکانی هاتنەخوارەوەیانەوە ئەوە وەربگرین، هەموو ئەحکامە شەرعییەکانی ئیسلام کە گوناحەکانی دیاریکردووە و حەرامی کردوون و سزای لەسەر داناون کاتێك هاتوون کە ئیسلام بڵاوبۆتەوە و زانراون، سزای تاوانێکی نەداوە کە پێش هاتنەخوارەوەی حوکمەکەی کرابێت، جگە لە سێ حاڵەت کە پەیوەندییان بە خودی تاوانەکانەوە هەبووە، چونکە پێش ئیسلامیش بە تاوان هەژماردەکران، ئەو سێ حاڵەتەش: تۆمەتی داوێنپیسی دانەپاڵ (بوختانی داوێنپیسی) و تاوانی زیهار و تاوانی ڕێگری و جەردەیی کە کوشتنی لێ بوویێتەوە. {لە کۆمەڵگەی جاهیلی ئەو سەردەمەدا ئەوە زانرابوو کە ئەمانە تاوانن و نابێت بکرێن، بەڵام سزاکانیان ڕوون نەبوو، بۆیە دواتر لە ئیسلامدا بە تاوان ناسێنرانەوە و سزایان

بۆ دیاریکرا}[1] .. غەیری ئەم سێ حاڵەتە هیچ هەواڵ و باسێکمان پێنەگەیشتووە کە سزایەك لەسەر تاوانبارێك چەسپێندرابێت کە تاوانەکەی پێش هاتنەخوارەوەی حوکمەکەی ئەنجامدرابێت.

سزاکانی زیناکردن و حەرامێتی مارەکردنەوەی باوەژن و دایك و کچ و مەحرەمی تر، یان مارەکردن و هەبوونی دووخوشك بە ژنی کەسێك لەیەك کاتدا، یان پێنجەمین ژن کە چواری تری هەبووبێت.. هەموو ئەمانە کاتێك حەرام کران و سزایان دیاریکرا، حوکمەکە حاڵەتەکانی ئەمانەی پێش دابەزینی حەرامێتیەکەی نەگرتەوە..
هەروەها حەرامێتی شەراب خواردنەوە و سزاکەی، یان دزیکردن و سزای دز، یان سوو خواردن و سزای سووخۆر، سزای هیچ یەکێك لەم تاوانانە نەدرا بەسەر کەسێکدا کە پێشتر ئەم تاوانانەی کردبن پێش هاتنەخوارەوەی حوکم. لەهەمان کاتدا ئێمە دەقەکان دەبینین کە باسی حەرامێتی ئەم تاوانانە دەکەن، تێشیاندا، یان لە زۆربەیان دەفەرموێ ئەوانەی پێشتر کردووتانن بەر لێبوردن کەوتوون، واتە دەقەکان ئاسەواری رەجعییان نییە، چونکە ئەو دەقانەی کە دەفەرموون تاوانی پێشترتان بەر لێبوردن کەوتوون: ﴿عَفَا ٱللَّهُ عَمَّا سَلَفَ ۚ ﴿٩٥﴾﴾ المائدة: ٩٥ گشتین، هەموو دەقێکی جینائی (یاسای سزادان) دەگرێتەوە.

بەڵام ئەگەر ئاسەواری رەجعیی سزایەك لە بەرژەوەندی تاوانکارەکە بێت، کاری پێدەکرێت و پێویستە ڕەچاو بکرێت:

چەسپاندنی سزا بۆ ئەوەیە چاکترین حاڵەتی چاکسازی دروست ببێت، مەبەست لە سزادان ڕێگرتنە لە تاوان، تا کۆمەڵگەی لێ بپارێزرێت، سزادان زەروورەتێکی کۆمەڵایەتییە بەژەوەندیی کۆمەڵگە خواستوێتی، هەموو زەروورەتێکیش بەقەدەر

(١) ئەوەی لەنێوان ئەم جۆرە کەوانانەدا {} بێت ڕای شێخ سەعید حەووایە رحمه الله کە لەناو دەقی نووسینی شێخ عبدالقادر عۆدەی ڕەحمەتیدایە. لە کتێبی تریشیدا هەر وایکردووە، وەکو لە کتێبی (تزكية الأنفس)ـەکەیدا کە کورتەی کتێبی (إحياء علوم الدين)ـە.

پێویست ڕەچاودەكرێت، ئەگەر بەرژەوەندی كۆمەڵگە لەوە دابێت كە سزاكە سووك بكرێت پێویستە ئەو تۆمەتباكراوەی هێشتا حوكمی نەدراوە بواری هەبێت سوود لەم سووككردنەی سـزاكەی وەربگرێت، چونكە بەرژەوەندیی كۆمەڵگەكە لێرەدا لە سـەختكردنی سـزاكەیدا نییە، دادپەروەریش وا دەخوازێـت كە سـزا نـابێـت لەڕادەی پێـداویسـتی كۆمەڵگەكە زیاتربێت مادام سـزا لە بەرژەوەندیی كۆمەڵگە داڕێژراوە.. ئەمە مەبەسـتێكە كە تیۆری سزادان لە سیستمی ئیسلامیدا داوای كردووە.

لە نموونە دیارەكانی ئەم لێبەدەربوون (ئیستیسنا)یە تاوانی كوشتنە، عەرەبەكان لەپێش ئیسـلامـدا ڕایـان جیاواز و سـزایان جیاوازبوو لەوەرگرتنی خوێندا، ئیعترافیشـیان بەم جیـاوازیـانەیـان كردبوو، بۆ نموونە كـاتێـك پیاوماقوڵێكیان بكوژرایە، هەقی خوێنەكەی چەنـدین بەرابەری كەسـێكی تری ئـاسـایی هۆزەكەیـان دەبوو.. ئەمە بەرفراوانتربوو تا گەیشتە ئەوەی كوژراوی ئەم هۆزە خوێنی زیاتربێت لە كوژراوی هۆزی تر وە هەروەها..

كە ئیسلام هات هەندێك تیرە و هۆز داوای كوشتنەوە و سامانیشی دەكرد، بەڵام ئیسلام ئەم حوكمە جاهیلییانەی سڕییەوە و سـزای كوشـتنی كرد بەیەك، ئیتر بكوژ و كوژراو لە هەر تیرە و هۆزێك بووبن یان پلە و ئاستی كۆمەڵایەتیان هەرچەند باڵا و خواروو بووبێت.. ئایەتی هەقساندنەوە (قصاص) كە هاتە خوارەوە هەموو جۆرە جیاوازییەكی خوێن و زام و هاوشێوەیانی یەكخست و كردی بە ئەحكامی هەر تاوانێك كە لەم جۆرە بوو و ڕوویدابوو، بەڵام ئاسـەواری گیانی تۆڵەسەندنەوەی مابوو، بۆیە ئیسلام كاری بەم دەقانە كرد و كردی بە سزای حاڵاتی ڕابردووش (ئاسەواری رەجعی)ـی دایە دەقەكان، چونكە لە بەرژەوەندیی تاوانبارەكان بوو..

## ڕێسای چوارەم: هەموو نیشتەجێیانی دارولئیسلام لەبەردەم داوەریدا یەکسانن:

هەموو موسـولْمانان لە دیدی شـەریعەتی ئیسلامدا هەرچەند لە گەل و تیرە و هۆزیاندا جیاوازبن هەر یەکسـانن، لە مافدا یەکسـانن، لە ئەرکیاندا یەکسـانن، لە بەرپرسـیارێتیدا یەکسـانن.. شەریعەتی ئیسلام تا کۆتا سنوور ئەم یەکسانیە دەسەلمێنێت و دەچەسپێنێت، هیچ جۆرە سـنوور و ڕێگر و لێبەدەرکردنێك لەمەدا نییە. یەکسـانییەکی تەواویان هەیە، تـاکەکـانیـان یەکسـانن بەیەکتری و کۆمەڵەکـانیـان یەکسـانن بەیەکتری، توخمە جیاوازەکانیان لەشـەرعدا یەکسـانن، هەروەکو کە دەسەڵاتدارانی حوکمڕان و ڕەعییەتیان وەکو یەکن و یەکسـانی تەواون، تەنانەت غەیرە موسـوڵمانی نیشـتەجێی دارولئیسـلام لەبەردەم ئەحکامی شـەرعدا یەکسـانن بە موسـوڵمانان {جگە لە هەندێك حاڵەتی تایبەت بەخۆیاندا کە بەپێی ئەحکامی دینی خۆیان داوەری نێوان خۆیان دەکەن و ئەوەی پەیوەندیی بەدین و دینـدارێتی خۆیـانەوە هەبێـت ئازادن تێیدا، هەندێك حاڵەتیشـیـان هەیە کە جێی ڕاجیاوازی شـەرعناسـانە، خەلیفە و نوێنەرانی یان ئەمیر و دەسـەڵاتداری ئیسـلامی بۆی هەیە بەپێی بەرژەوەندی و ڕەچاوکردنی کات و شـوێن و حاڵەتەکان دیدوڕای موجتەهیدە پێشەواکان وەربگرێت}.

تا ئێستـا هیچ سیسـتمێکی سزادان لە سیستمە زەمینییەکان نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە باڵایەی کە سیسـتمی سزادانی ئیسـلامی دایڕشـتووە و بەشێوەیەکی ئێجگار بێ وێنەی نموونەی ئەم یەکسـانییەی سـەلمـاندووە و چەسـپاندووە، لەوانەیە هەندێك کەس ئەم قسـەیەی بەلاوە سـەیر بێت، بەتایبەتی لەوانەی کە تایبەتمەندێتی یاساناسییان نییە، بۆیە ئێمە هەندێك نموونەی یەکسان بوون دەهێنینەوە کە لە یاسا دارێژراوەکانی مرۆڤدا تۆمارە و پاشـان دەبینین کە چۆن ئیسلام هیچ کەلێنێکی بۆ یەکسان نەبوون نەهێشتۆتەوە، یان بۆ خۆدزینەوە لێی، یان بۆ نەچەسـپاندنی، نەك هەر لە لایەنی تیۆریی دەقەکانەوە، بەڵکو لە لایەنی کردەوەیی (پراکتیزەکردن)ـی دەقەکانەوە لەم واقیعی ژیانی تاك و کۆی کۆمەڵگە

و دەوڵەتدا کە لەسەردەمە جیاوازەکانی مێژووی شەریعەتی ئیسلامیدا چەسپێنراوە..

### ا- یەکسانی نێوان سەرۆکی دەوڵەت و تاکەکانی ڕەعییەتەکەیدا:

**- لە یاسا و ڕێسای بەشەریدا:** هەموو کاتێك لە یاسا و ڕێسای بەشەریدا جیاوازی هەبووە و - هەیە - لە نێوان سەرۆکی دەوڵەتدا سیستەمەکە پاشایەتی بێت یان کۆماری - بەرامبەر تاك تاکی ڕەعییەتەکە- لەکاتێکدا کە هەموو هاولاتیان دەچنە بەردەم یاسا و ملکەچی دەبن، لە زۆرینەی سیستەمەکانی حوکمڕانیدا سەرۆکی وڵات ناچێت و ملکەچی نابێت بەو بەهانەی کە خۆی سەرچاوەی یاساکان بووە و ئەو سەروەریێتی _باڵاترین دەسەڵات)ی هەیە و ناشێت بهێنرێتە ژێر دەسەڵاتی کەس و دەزگایەکەوە کە پلەی لە خوار خۆیەوەیەتی.. زۆر لە دەستووری پاشایەتی وا دادەنێن کە مەنزیلەی مەلیك پیرۆزە و دەبێت بە پارێزراوی بمێنێتەوە و زۆر بەڕێزەوە تەماشابکرێت، چونکە گوایە مەلیك هەڵە ناکات(!)..

لە سیستمی کۆماریشدا سەرۆکی دەوڵەت بەرپرس نییە، هەموو گەلانی دنیا تا سەدەی نۆزدەهەمی ڕابردوو ئیعترافیان بەمە دەکرد و بەڕاست و ڕەوایان دەزانی، پاشان دواتر خۆیان لێی دارنی و هەوڵیاندا یەکسانی بسەلمێنن.. هەندێك دەستوور تا ئێستاش سەرۆك کۆمار تەنها لەکاتێکدا بەتاوانبار دەزانێت کە (خیانەتی عوزما)ی کردبێت (دەستی لەگەڵ دوژمناندا دژ بە گەل تێکەڵ کردبێت) یان دەستدرێژیی کردبێتە سەر دەستوور.. هەندێك دەستووریش وای دادەنێت کە دەشێت تاوانی ئاسایی بکات و بەرپرس بێت لێی و سزا وەربگرێت، بەڵام بۆ دادگاییکردنی دەڵێن دەبێت ڕەزامەندیی پەرلەمانی بەزۆرینەی دەنگ لەسەربێت ئینجا دادگایی دەکرێت.

**- لە شەریعەتی ئیسلامدا:** ئەمما شەریعەتی ئیسلام سەرۆکی دەوڵەتان و هاوڵاتیانی پێ یەکسانە، یاسا لە سەر هەردوولایان وەکو یەك جێبەجێدەکات، چونکە هەردوو لایان وەکو یەك دەبینێت کە بەرپرسن لە ڕەفتاریان و هەر لایەکیان تاوانێك بکات

سزادەدرێت. لەشەریعەتی ئیسلامدا هیچ سەرۆك وڵاتێك پیرۆزیی نییە و لە هیچ شتێکدا لە هاوڵاتیانیان جیاوازنین. هەر سەرۆکێك تاوانێك ئەنجامبدات و لەسەری بسەلمێت، وەکو هەر یەکێکی تر سزا وەردەگرێت، بۆ خەلیفەش هەر وایە، کاتێك سەیدنا ئەبوبەکر بوو بە خەلیفە و بەیعەتی درایێ، سەرکەوتە سەر مینبەر و یەکەمین شتێك کە ڕوونی کردەوە جەختکردنەوەی بوو لە ماناکانی یەکسانی و نەفیکردنی هەموو جۆرە تایبەتمەندیی یاسایی لە هەموو کەسێك، لەکاربەدەستان و ڕەعییەتەکە. بەخەڵکەکەی فەرموو: (أيُّها النَّاسُ، فإنِّي قد وُلِّيتُ عليكُم، ولسْتُ بخَيرِكُم، فإنْ أحسَنْتُ فأَعينُوني، وإنْ أَسأْتُ فقَوِّمُوني) واتە: هۆ خەڵکینە، وا من بووم بە باڵادەست بەسەرتانەوە و من لە هیچتان چاکترنیم، ئەگەر چاك ڕەفتارمکرد یارمەتیم بدەن، ئەگەر خراپیش ڕەفتارمکرد، ڕاستمکەنەوە.. پاشان لە کۆتایی وتارەکەیدا جەختی لەوە کردەوە کە ئەو گەلەی هەڵیبژاردووە بۆ پۆستی خەلیفایەتیەکەی مافی لابردنیشی هەیە، فەرمووی: (أَطيعوني ما أَطَعْتُ اللهَ ورسولَهُ، فإذا عَصَيْتُ اللهَ ورسولَهُ فلا طاعةَ لي علَيكُم)[1] واتە: ملکەچی فەرمانم بن، مادام دەبینن ملکەچی فەرمانی خوا و پێغەمبەرەکەیم (ﷺ)، ئەگەر پێچەوانەی فەرمانی خوا و پێغەمبەرم (ﷺ) کرد، ئیتر هیچ ملکەچی و گوێڕایەڵییەکم لەسەرتان نامێنێت.

- سەیدنا عومەریش خوای لێ ڕازی بێت هەر وای فەرموو، زۆر توندتر جەختی لەو مانایانە دەکردەوە، تەنانەت بەڕاست و ڕەوای دەزانی خەلیفە بکوژرێت.. ڕۆژێك وتاری هەینیی دەدا، فەرمووی: (لوددتُ أني وإياكم في سفينة في لُجّة البحر تذبُ بنا شرقاً وغرباً، فلن يعجز الناس أن يولوا رجلاً منهم، فإن استقام إتبعوه، وإن جَنَفَ قَتَلوهُ، فقال طلحة: وما عليك لو قلتَ وإن تَعَوَّجَ عَزلوه؟ فقال: لا، القتل أنكلُ لمن بعدَهُ)[2] واتە: نموونەی من و ئێوە

---

(١) تاريخ ابن الأثير (١٦٠/٢).

(٢) تاريخ ابن الأثير (٣٠/٣).

ئەوەیە کە حەزم دەکرد هەموومان لە کەشتیەکدا بووینایە و لە ناوەڕاستی دەریادا بووینایە، شەپۆڵ بەرەوە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ببردینایا، جا خەڵکی لە ناچاریدا (بۆ کەشتیوانیەکە) کەسێکیان لە خۆیان هەڵبژاردایە و بیانکردایەتە بەرپرسیان، ئەگەر ڕاست و ڕەوا کاروباری بەڕێوەبرد شوێنی کەوتنایە و بەقسەتان بکردایە، ئەگەر ئەملاولای پێ بکردنایە بیانکوشتایە، سەیدنا تەڵحەی کوڕی عوبەیدوالله خوای لێ ڕازی بێت فەرمووی: چ دەبوو ئەگەر بتفەرمووایە ئەگەر قاچی خواردانایە لەسەر کاریان لابردایە؟ سەیدنا عومەر فەرمووی: نا، کوشتنەکەی لەسەر ئەوی دوای خۆی کاریگەرتر دەبێت.

- سەیدنا ئەبوبەکر ڕێگای دەدا ڕەعییەتەکەی هەقی لێ بکەنەوە، ئەگەر شتێکی بەرامبەر یەکێکیان بکردایە، هەروەکو کە والییەکانی موحاسەبە دەکرد و هەقی ڕەعییەتەکەی لێدەستاندنەوە ئەگەر مافی یەکێکیانیان نەدایا.

سەیدنا عومەریش خوای لێ ڕازی بێت بەهەمان شێوە و توندتریش، زیاتر لە جارێك هەقی خەڵکیی لەخۆ کردۆتەوە، کە عەرزیان کرد بۆچی وادەکەیت؟ فەرمووی: (رأيت رسول الله (ﷺ) يعطي القود من نفسه، وأبا بكر يعطي القود من نفسه، وأنا أعطي القود من نفسي)[1] واتە: پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینی هەقی خەڵکیی لە خۆی دەکردەوە، ئەبوبەکرم بینی هەقی خەڵکیی لە خۆی دەکردەوە، منیش هەقی خەڵکی لە خۆم دەکەمەوە..(واتە لە کێیان دابێت فەرموویانە دەبێ لێمان بدەیتەوە).

سەیدنا عومەر والییەکانیشی لەسەر ئەوە ڕاهێنابوو، ناچاری دەکردن وابن و وابکەن، بە ئاشکرا لەکاتی حەجدا ئەمەی بە خەڵکی ڕادەگەیاند.. جارێك کە هەموویانی کۆکردبۆوە بەخەڵکەکەی فەرموو: (أيها الناس إني ما أرسلُ إليكم عمالاً ليضربوا أبشاركم، ولا ليأخذوا أموالكم، وإنما أرسلهم إليكم ليعلموكم دينكم وسنة نبيكم، فمن فعل به شيء سوى ذلك

(١) ئیمامی شافعی لە کتێبی (الأم) (٤٤/٦) لەڕەبیعەوە دەیگێڕێتەوە.

فليرفعه إليّ، فوالذي نفسي بيده لأقصَّنَّهُ مِنهُ) واته: هۆ خەڵكینە، من والیم بۆ نەناردوون قامچی لە پشتتان بدەن و ماڵ و سامانتان لێ بسەنن، من ناردوومن دینەكەتان و سوننەتی پێغەمبەرەكەتان (ﷺ) فێربكەن، هەر كەسێك غەیری ئەمەیان پێكرد، با سكاڵای بەرزبكاتەوە بۆ من، بەو خوایەی گیانی عومەری بەدەستە تۆڵەی لێدەكەمەوە و هەقی لێدەسێنمەوە.. عەمری كوڕی عاص خوا لێی ڕرازی بێت كە والیی میسر بوو لەوكاتەشدا لەوێ بوو، هەستا فەرمووی: ئەرێ ئەمیری موسوڵمانان، ئەگەر موسوڵمانێك بوو بە بەرپرسی ڕەعیەتەكەی و ویستی یەكێكیان ئەدەبدادات چما جەنابت هەقی لێ دەستێنیتەوە؟ سەیدنا عومەر فەرمووی: (أي والذي نفس عمر بيده، إذن لأقصنه منه، وكيف لا أقصه وقد رأيت النبي (ﷺ) يقص من نفسه)[1] واتە: ئەرێ بەوەی گیانی عومەری بەدەستە هەقی لێ دەستێنمەوە، چۆن هەقی لێناسێنمەوە كە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینی هەقی خەڵكی لە خۆی ساندەوە..

لە واقیعی ژیانیشدا تۆمارە كە چەندین جار چەندین خەلیفەی ڕاشید خوا لێیان ڕازی بێت ڕازیبوون دادگایی بكرێن، دادگاییكردنەكەشیان هەر وەكو ئەو خەڵكەی تر دەبوو، لەبەردەم دادگای ئاسایی گشتیدا ..

ئەوە سەیدنا عەلی كوڕی ئەبوتالیب خوای لێی ڕازی بێت لەكاتی خیلافەتی خۆیدا زرێیەكی دزرابوو، كە دۆزیانەوە بینیان لای جولەكەیەكە و دەڵێت موڵكی خۆمە، سەیدنا عەلی سكاڵای دەباتە لای قازی و شكاتی لێدەكات، بەڵام قازی بڕیاردەدات كە زرێكە هەر بۆ جولەكەكە دەبێت چونكە خەلیفەی بەڕێز بەڵگەی نەبوو كە موڵكی ئەوە..[2]

---

(١) تاريخ ابن الأثير (٣٠٨/٣)، كتاب الخراج لأبي يوسف (لا ٦٠).

(٢) سەیدنا حەسەنی كوڕیشی شاهێدی بوو، بەڵام قازی شورەیح فەرمووی كوڕی خۆتە و بەشاهێدی قبوڵ ناكەم لەم كێشەیەدا.. قازی شورەیح ماوەی زیاتر لە پەنجا ساڵ قازێتیی كرد.

## ٢- سەرۆكی دەوڵەتە بێگانەكان:

- **لەیاسا و ڕێسای بەشەریدا:** یاسا و دەستووورە بەشەرییەكان ناهێڵن سەرۆكی دەوڵەتە بێگانەكان -مەلیك بن یان سەرۆك كۆمار- لەسەر هەر تاوانێك كە دەیكەن لە دەرەوەی وڵاتی خۆیاندا دادگایی بكرێن ئەگەر تاوانەكەیان لە وڵاتی غەیری خۆیان كردبوو، جا بە سیفەتی ڕەسمی چووبنە ئەو وڵاتەوە كە تاوانیان تێدا كردووە یان بەسیفەتی غەیرە ڕەسمی. ئەم بڕیارە هەر سەرۆك دەوڵەتەكە ناگرێتەوە، بەڵكو هەموو پاسەوان و دەرگاوان و خزمەتكار و دەستوپێوەندەكانیشی دەگرێتەوە!

بەهانەی ئەمە ئەوەیە كە گوایە ڕێدان بە دادگاییكردن و سزادانی سەرۆكی دەوڵەتێك و هاوڕێیانی لە وڵاتی میوان لەگەڵ دابونەریتی میوانداری و ڕێزگرتنیدا ناوەشێتەوە، جگە لەوەی ڕێزنەگرتنە لە سەروەریتی دەوڵەتەكەی خۆی كە لێوەی هاتووە، بەڵام بەڕاستی ئەم بەهانەیە لەگەڵ حەق و لۆژیك و ژیریدا یەكناگرێتەوە، سەرۆكی دەوڵەت وا خۆی بهێنێتە خوارەوە بۆ ئاستی لاسەنگ و لاپەرسەنگ (و سەرسەری)و بكەوێتە تاوانەوە و لەسەری ئیسپات ببێت چۆن لە ریزی میوانداریدا دەمێنێت؟ كەسی وا چۆن شایانی ڕێز و تەقدیركردنە؟ پاشان چۆن هەر وا سادە ڕێدەدرێت بەو هەموو پاسەوان و سكرتێر و ئیداری و خزمەتكارەی بكەونە تاوانەوە و بێ خەمیش بن لەوەی كەس لێیان ناپرسێتەوە؟

لە ڕاستیدا ئەم عەفوكردنەی سەرۆك و دەستوپێوەندەكەی لە سزای تاوانكردنیان لە وڵاتانی تردا بۆ نەریتێكی پاشایەتی كۆنە، پێش ئەو سەردەمەیە كە یەكسانیی تێدا ڕاگەێنرا، بەڵام تا ئێستاش هەر ماوە و وەكو زۆر تەقلیدی تری مەلەكی هەر ماوە. ئەوەی وایلێكرد هەر بمێنێت بڕیاردانی دەوڵەتانە لەسەری، كە وڵاتە زلهێزەكان كردوویانە بە ماددەیەك لە یاسای نێودەوڵەتی..

- **له شـەریعەتی ئیسـلامیدا:** شـتی وا نییە، سەرۆکی باڵای دەوڵەتی ئیسلامی هیچ ئیمتیـازێکی زیـاتری لە خەڵکی نییە، چ جـای سـەرۆکی دەوڵەتێکی بێگـانە کە بێتە دارولئیسلامەوە و تاوان بکات.. لە ئیسلامدا سەرۆك و پاسەوان و حاشیە و دەستوپێوەندی هەر دەوڵەتێك بێنە دارولئیسلامەوە و تاوانێك بکەن، وەکو هەرکەسێکی تر سزا دەدرێن.

## ٣- پیاوانی سلکی دیبلۆماسی:

- **له یاسا و ڕێسای بەشەریدا:** یاسا و دەستووری وڵاتان کەسایەتییە سیاسیەکان و ئەوانەی نوێنەراییتی وڵاتی خۆیان دەکەن چەسپاندنی یاسای ئەو دەوڵەتانەیان کە تێیاندا کاردەکەن بەسـەردا ناچەسـپێنرێت، خۆیان و پاسـەوان و ئیداری و خزمەتکار و پێوەندی تریان.

هەنجەتی یاسـای نێودەوڵەتی لەمەدا ئەوەیە کە نوێنەرانی سـیاسی و دیبلۆماسیی هەر وڵاتێـك نوێنەرایەتی دەوڵەتەکەیـان دەکەن، ئەگەرچی لەسـەر خـاکی دەوڵەتێکی تریش کاردەکەن، بۆیە هیچ دەوڵەتێکی غەیری خۆیان بۆیان نییە سـزایان بدەن، لە سـزالادانیان پێویسـتیەکی بەرێکردنی کاروباریانە کە پشـکنین و گرتن و داوەریکردنیان کاروباریان پەك دەخات.

دەشـێت لەبەرچی ئەم دوو بەهانەیەیان بەوە بدرێتەوە کە نوێنەری سـیاسـی بریتییە لە تاکێکی ڕەعییەتی دەوڵەتێکی بێگانە، دەوڵەت مافی خۆیەتی کە بێگانەیەك لە وڵاتەکەیدا تاوانێك دەکات دادگایی بکرێت لەسـەری و سـزابدرێت، پشکنین و گرتن و دادگاییکردنی سـیاسـییەکی تاوانبار کاروباری دەوڵەتێك ڕاناوەسـتێنێت، ناشـکرێت یاسا و دەستووری دەوڵەتی میوانی بۆ ڕاوەسـتێنرێت کە تاوانی لەسـەر خاکەکەی کردووە، چونکە ئەو کە سیاسەتمەدار و نوێنەری دەوڵەتێکە دەبوو زیاتر ڕێز لە یاسا و دەستووری دەوڵەتی میوان بگرێت و کەسایەتی خۆشی پارسەنگ ڕاگرتایە، نەك خۆی بخاتە بەر سزا.

**- لەشـەریعەتی ئیسـلامیدا:** شتی وانییە، کەس لە سزا عەفوو ناکرێت، لە ئیسلامدا هەر کەسـێك لە سـلکی دیبلۆماسـیی دەوڵەتێك لەدارولئیسـلامدا تاوانێکی ئەنجامدا -پەیوەنـدی بە تـاك تـاکی خەڵکییەوە هەبێت یان بە کۆمەڵگە و دەوڵەتی ئیسـلامییەوە- سـزای شـەرعی دەیگرێتەوە، هەروەکو کە خەڵکی ڕەعییەتەکە دەگرێتەوە. لەڕێسـاکانی شـەرعدا بڕگەیەك نییە ئەوان عەفوو بکات و ڕێبدات ئەحکامی شـەرع نەیانگرێتەوە. ئەمەش لەکە نییە بەشـەرعەوە، نوقسـانی یان ڕێزنەگرتن نییە، مادام ئەحکامی شـەرع ئەوانی لەگەڵ ڕەعییەتەکەی دارولئیسـلامدا یەکسـان داناوە، دەبێ لەبەردەم یاسـا و ئەحکامیشـدا یەکسـان بن، دەبێ سزای تاوان لەسەر ئەوانیش بچەسپێنرێت، هەروەکو کە لەسەر تاك و کۆی ڕەعییەتی دارولئیسلام دەچەسپێندرێت.

ناشێت ئەوان ڕەفتاری تایبەتیان بەرامبەر بکرێت لە کاتێکدا کە خەلیفەی موسوڵمانان ڕەفتاری تایبەتیی -لە ڕووی جینائییەوە- لەگەڵدا ناکرێت. نوقسـانی و لەکە و شورەیی بۆ یاسـا و ڕێسا بەشەرییەکانە کە کەسانی سلکی دیبلۆماسی بەجیا لە خەڵکی داناوە و ڕێی تـاوانکردنی -لاوەکیـانە- بۆ کردوونەتەوە، بەو بەهـانەی گوایە دەبێ مـامەڵەی تـایبەتیـان لەگەڵـدا بکرێـت و کـارێکیـان بەرامبەر نەکرێـت کە کـاروبـاریان پەکبخات، ئەگەرچی تاوانیش بکەن. لە ڕاستیدا کەسێکی سیاسی و دیبلۆماسی کە نوێنەری دەوڵەت و گەل و وڵاتێکە شـایانی پاراستن لە سزا نییە مادام تاوانکارە، شایانی دانانی لەو جێگایەشدا نییە ئەرکێکی وا بەرێز و گرنگی پێ بسـپێررێت، ئەوەی کەسـی سـیاسـی و دیبلۆماسـی دەپارێزرێت و بەرز و بەرێز ڕایدەگرێت پارسـەنگی ڕەفتار و ڕەوشتی خۆیەتی کە دەبێت دووربێت لەکات و شوێن و حاڵەت و ڕەفتاری گومانلێکراو.

ئەمما کە دەوترێت: ئاخر دەشـێت تۆمەتبارکردنی هەر بۆ دروستکردنی تین و فشاربێت لەسـەر خۆی و دەوڵەتەکەی. ئەمەش ترس و خەمێکە کە لە شـوێنی خۆیاندانین، چونکە تین و فشـار بۆ هێنان شـێواز و هۆکار و وەسـیلەی تری هەیە کە لەمە خێراتر و ئاسانتر و کاریگەرترە.. ڕێگرتن لە دادگاییکردنی نوێنەری سـیاسـی ڕێ لە تین و فشـار ناگرێت کە

بخرێتە سەری و کاریگەریی لەسەر دروست بکرێت.. ئەو هەنجەتانەی بۆ دادگایینەکردنی دەیهێننەوە زۆر سادە و لاوازە، بەتایبەتی کە ئەگەر ڕێگا بدرێت بەرگری لە خۆی بکات و پارێزەر لە وڵاتی خۆیەوە بهێنێت، یان باشترین پارێزەری دارولئیسلام بگرێت بۆ بەرگری لە خۆی {دەڵێم حەتمەن دەبێت جۆری ئەو تاوانانەش دیاری بکرێت کە دەشێت نوێنەرێکی سیاسیی دەوڵەتێك تێبکەوێت و بیکات، چونکە دەبێت جیاوازیی ڕۆشن هەبێت لە نێوان جۆرە تاوانێکدا کە سەفیرێك یان فەرمانبەرێکی سەفارەت دەیکات و پەیوەندیی -ڕاستەوخۆ یان لاوەکی- بە ئەمنییەتی وڵاتمان یان بە سیستمی حوکمڕانیمانەوە هەبێت، لەگەڵ جۆرە تاوانی ئاسایی تردا کە دەشێت لە وڵاتی خۆشی تاوان بێت و سزای لەسەربێت}[1].

## ٤- ئەندامانی دەزگای یاسادانان (پەرلەمان):

**- لە یاسا و ڕێسای بەشەریدا:** یاسا و دەستووری بەشەری سەردەم نوێنەرانی گەلان (ئەندامانی پەرلەمان)ـەکان لە سزادان دەبوێرن. لەو لەو وڵاتانەدا کە نوێنەرایەتی (نیابی)یە و پەرلەمانیان هەیە، هەر ڕەفتار (گوفتار و کردار) لە ئەندام پەرلەمانەوە دەرچێت لەکاتی دەوامیاندا بەرپرسیارێتی جینائی لەسەر نییە، چونکە (حەصانە)یان هەیە. هەنجەتی ئەمەشیان ئەوەیە کە دەبێ ئەندام پەرلەمان ئازادبێت تا بتوانێت بەشێوەیەکی ڕاست و چاك ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێ بکات.

لە ڕاستیدا ئەم ئازادکردن و تاوانبارنەکردن و سزانەدانە دەستدرێژییەکی دژوارە و دەکرێتە سەر یەکسانی، چونکە لە زۆر وڵاتاندا کەسان و دەزگا و دائیرەی وا هەیە کە فەرمانبەرەکانی زیاتر کاردەکەن و کارەکەشیان لە لەکاری ئەندام پەرلەمانی پەرلەمان

---

(١) ئەمەی نێوان دوو کەوانە {} ڕای سەعید حەووایە رحمە اللە، بەڵام پێم وایە ئەمە تەفسیلاتی دەوێت، چونکە لەوانەیە ئەوەی لای ئێمە تاوان بێت لای سەفیر و وڵاتێکی تر ئاسایی بێت. بۆ نموونە هۆڵەندییەك کە لە وڵاتی خۆی جۆر و بڕێکی یاسایی مادده موخەددیرات بفرۆشێت ئاساییە، بەڵام کە بوو بەسەفیر لەدارولئیسلام بۆی نییە مامەڵەی وا بکات.

کاریگەرترە و ئەو(حەصانە)شیان نییە.

- **لە شـەریعەتی ئیسـلامیدا:** شـتی وانییە، شـەریعەتی ئیسلامی ڕێ بەهیچ ئەندام پەرلەمانێك نادات لەکاتی دەوامیدا ڕەفتار (گوفتار یان کردار)ێك بنوێنێت کە تاوان بێت، هەر کەسـێك ڕەفتاری وا بنوێنێت وەکو خەڵکەکەی تری ڕەعییەت ئەحکامی بەسـەردا دەچەسـپێت، سـزای خۆی وەردەگرێت، لە ئیسـلامدا جیاوازی لە نێوان ئەندام پەرلەمان و عەوامێکدا نییە، هەر کامێکیان تاوانیان کرد سـزادەدرێن لەسـەری، چونکە کەس ڕێی تاوانکردنی پێ نەدراوە.

بێگومان ئەم جیاوازییە یاساییەی نێوان ئەحکامی شـەرع و یاسا و ڕێسای بەشەریدا هەیە دەگەرێتەوە بۆ جیاوازیی دیدوتێڕوانینی عەقائیدی و فیکری (و فەلسەفی) هەردوولا.

ڕێسـای سـەرەکی یاسـا و دەسـتووری بەشەری دەڵێ نابێ یەکێك جنێو بە یەکێکی تر بدات یان سوکایەتیی پێبکات، ئەگەر وابکات سزادەدرێت. جا ڕاستگۆبێت لە ڕەفتارەکەیدا یان درۆزن. ئەم ڕێسایەکە بێتاوانان لەزمانی بەدی درۆزن و بوختانکاران دەپارێزێت، بەڵام لە هەمان کاتدا خەڵکی سەرسەری و مونحەریف و بەڕەڵا و خیانەتکار و لاسەنگەکانیش لە زمانی ڕاسـتگۆیان دەپارێزێت و ناهێڵێت بەشـداربن لە ڕاسـتکردنەوەیاندا، بەمەش جیاوازی نێوان چاك و خراپ و لاسـەنگ وپارسـەنگ و خراپەکار و چاکسـاز نامێنێت. ئەمەش هۆکارێکی سـەرەکییە بۆ ئەو دارِمانە ئەخلاقییەی لە زۆر وڵات دەبینرێت، چونکە پیاوچاك و خێرخوازان ناتوانن ئامۆژگاری کەسـانی بەد و لاسـەنگ بکەن، بۆیە بەدکاران زیاتر سـنوور دەبەزێنن و دەگەنە کۆتا سـنووری پشێوی و ئاژاوەنانەوە، چونکە نە لە یاسا دەترسـن نە شـەرمییان دەمێنێت، هیچیان پێ عەیب نابێت، ئەگەر کەسـێك جورئەتی دا بەخۆی و ڕەخنەی گرت، بەوەی کە هەر شـتە و ناو و پێناسـە حەقیقییەکەی خۆیی بداتێ، خێرا تاوانباردەکرێت بەوەی مافی کەسـانی تری خواردووە، ئاوا پیاوچاك گیرۆدە دەبێت و پیاوخراپیش لەژێر سایەی یاسادا نەك هەر دەنگ (دلێر) دەبێت، بەڵکو پارەش وەردەگرێت

له قەرەبووی (جنێو) پێدان و (سوکایەتی) پێکردنیدا.

ئەمما له شـەریعەتی ئیسلامدا؛ هەر لەسەرەتاوە درۆکردن و بوختان هەڵبەستن حەرامە و ڕاستگۆیی و دەمپاکی و سیفەتە رەسەنەکانی تر داواکراون.. هەر کەسێك تۆمەتێکی دایە پاڵ کەسێك دەبێت بەشێوازی شـەرعییانە ڕاستییەکە بسەلمێنێت. ئەمە ڕێسا و فەرزی گشتییە و هیچ لێ لادانێك قبوڵ ناکات. مەرجی ڕەفتاری هەموانە و کەسی لێ بەدەرنییە. هەموو کەسێك بۆی هەیە ڕەخنە لە ئەدای کاربەدەستانی دەوڵەت بگرێت و گلەیی و سکاڵا بەرامبەر ئەندام پەرلەمان و وەزیر و گزیر و کاربەدەستانی دەوڵەت تۆمارکات و عەیبوعاریان دەرخات، مادام بەڵگەی هەیە و دەتوانێت قسەکانی بسەلمێنێت، تەنانەت دەتوانێت بەدواداچوون بۆ هەندێك تایبەتمەندیی کەسایەتی وماڵیشی بکات (وەکو چۆنیەتی دەوڵەمەندبوون و واسیتەکاری و خزم خزمێنە و هاوشێوەیان)، بەڵام مەرجە ڕاستگۆبێت، چونکە شەرع درۆ و دووڕوویی دەبوغزێنێت و ریابازی لە کەس قبوڵ ناکات، چەنکە لە ئیسلامدا ئەو کەسەی لە ژیانی تایبەتی خۆیدا سەرڕاست و پارسەنگ نەبوو، شیاوی ئەوەش نابێت کاروباری بخرێتە ئەستۆ.

بە پێی شەرع هەموو کەسێك لە هەموو کاتێکدا بۆی هەیە ئەو ڕەفتار (گوفتار و کردار)ــە نیشانبدات کە ڕاست و دروست بەڵگەی شەرعیی هەیە، با ڕەخنە و گلەیی و گازاندەش بێت لەخەڵکی تر (مادام دەتوانێت بەرێگای شەرعی ئیسپاتی بکات، ئەگەرچی ئامۆژگاریی تەنهایی و نهێنی چاکترە)، ئەمە ماف و ئەرکی هەموو کەسێکە، لە هەر ئاست و پلەیەکدا بێت، چونکە شەریعەتی خوا بۆ ئەوە هاتووە یەکسانێتی لەناو خەڵکیدا بچەسپێنێت و ڕەفتار و ڕەوشتی رەسەن بکاتە دابونەریتی تاك و کۆ. ئیسلام دەخوازێت تاك و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەت بەپێی شەرع ڕەفتاربکەن، تا هەموو پارسەنگانە و دادپەروەرانە لەگەڵ یەکتریدا بژین.

## ٥- دەوڵەمەند و هەژار:

**لەیاسا و ڕێسای بەشـەریدا:** یاسای زۆرینەی وڵاتان ڕێدەدات بەسزادراو تا ڕۆژی جێبەجێکردنی حوکمەکەی ئازادبێت، یان ڕاپەڕاندنی سـزاکەی بۆ دوادەخرێت، ڕێدەدرێت لە بەرامبەر بڕێك پارەدا کە دەیدات تێهەڵچوونەوە (ئیسـتیئناف) بۆ کێشـەکەی بکاتەوە، هەروەها لە زۆر شوێن لەبەرمبەر خەواندنی بڕە پارەیەك لە بانکی حکومەتدا تاوانکار ئازاد دەکرێت تا ئاستەکانی پێداچوونەوە و تێ هەڵچوونەوە دەبڕێت، لەو ماوەیەدا دەستبەسەر نابێت.

ئەم دوو حـاڵەتە هەردووکیـان دیـارە کە بەدەر لە یەکسـانین، چونکە هەموو کـاتێك دەوڵەمەنـدەکـان دەتوانن خۆ لە کۆتی یـاسـایی قوتـارکەن و پارە بخەوێنن، یان ئۆباڵگر (کەفیل)ـی دەوڵەمەند ببێتە زامنی ئازادبوونی کاتییان، لەبەرامبەردا هەژار و دەسکورت ناتوانن هیچیان بکەن، بۆیە ناچاردەبێت ماوەی (تەوقیف) کردن لە زینادنیدا بەسەرببەن.

لەکـاتی بەرائەتیشـیـانـدا هەر وا دەبن، کـابرای هەژار کە لە زیندان ماوەتەوە لەبەر تـاوانەکەی نییە بەڵکو لەبەر نەبوونی پـارەی خەوێنراو یـان کەفیلی پـارەداربووە، ئەمـا دەوڵەمەندی تاوانبار زوو هاتۆتە دەرەوە، یان هەر بەندنەکراوە..

**- لە شەریعەتی ئیسلامیدا:** شتی وا نییە، جیاوازیی نێوان هەژار و دەوڵەمەند نییە، هەردوولایان لەبەرامبەر شـەرعدا یەکسـانن، چونکە شـەریعەتی ئیسـلام ئیعتیراف بە ئۆباڵگیری (ڕەبتی کەفیل) ناکات و ڕازی نابێت پارە بخەوبێنرێت لە جیاتی تەوقیفکردنی تـاوانبـار، ئەمە لە حـاڵەتێکدایە کە زیندانکردن سـزاکەیە، یان بەشـێکە لە توێژینەوە و سۆراغ.. سیستمی کەفالەت و پارەخەواندن دادپەروەرانە نییە ئەگەر سزاکەی پێ لادرا.

لە ئیسـلامدا ئۆباڵگیری (کەفالەت)ـــی قەرزار هەیە، کەسـێك قەرزارە و ماوەی قەرزەکەی تەواوبوو، قەرزەکەی بۆ خـاوەنی نەگەڕاندۆتەوە، خەمی ئەوەش هەیە ڕاکات،

بەڵام شـەرع ڕێیداوە کەسـێکی دەوڵەمەندیی خزمی ببێتە ئۆباڵگیری و بڵێ ئەگەر رایکرد یـان پـارەکەی لە فلان کـاتـدا نەدایەوە، من دەیدەمەوە و هەقەکەی دەبێتە قەرز لەســەر کابرای خزم، ســا یان وەریدەگرمەوە لێی، یان لێی خۆشــدەبم.. ئەمە ڕاوبۆچوونی هەندێك لەشەرعناسانە، نەك هەموویان. ڕەنگە هەموو کەسێك بتوانێت (کەفیل) پەیدابکات، بەڵام هەموو ناتوانن پارە بخەوێنن.

## ٦- ڕەچاونەکردنی کەسایەتی و پلە و وەزیفە:

**لەیاسا و ڕێسای بەشەریدا:** هەندێك کەس بەحوکمی وەزیفە و ناوداری و لە هەندێك شــوێن پارەدارییەوە داواکاری گشــتی (النيابة العامة) ڕێنادات وەکو خەڵکی ئاســایی مامەڵەی جینائییان لەگەڵدا بکرێت، وەکو پارێزەر و پزیشك و فەرمانبەری دارایی و وەزیر و ئەندام پەرلەمان (و تەنانەت سکرتێری هەندێك لە بەرپرسانی دەوڵەتیش)، مەگەر دوای بەدەســتهێنـانی مۆڵەت و ڕێپێـدانی هەنـدێـك بەرپرس یـان دەزگای تر (وەکو ســەرۆك حکومەت و موخابەرات..)، لە هەندێك وڵات دادگایی دەکرێن بەڵام نەك لە دادگای گشتی خەڵکی.. یـان ســزادەدرێن بەڵام ســزای ئیـداری (وەکو کەمکردنەوەی پلەی وەزیفە یان نەقڵکردن یان دواخستنی تەرفیع و هاوشێوەیان)، لە کاتێکدا کە ئەم ئیمتیازە بۆ خەڵکێکی تر نییە.

لەمەش نـامـۆتـر ئەوەیە کە تەقـدیری پـارەی قەرەبووکردنەوەی زیـان بەپێی پلە و وەزیفەکـان دەگۆڕێـت، بۆ نموونە ئەگەر کەســێك تەقەی لە دائیرەیەك کرد، بەڕێوەبەر و فەرمـانـبەرێـك بەرکەوتن و بریـنـداربوون، کە قەرەبوو(تەعویز) وەردەگرن، وەکو یەك وەرنـاگرن، بەڕێوەبەرەکە چەنـدین بەرابەری فەرمـانبەرەکە پـارە وەردەگرێـت، ئەگەرچی لەوانەیە برینداریی ئەمیان سـەختتربووبێت! چونکە حکومەت یان یاسـا لەم حاڵەتەدا بڕی مووچەی هەردووکیـان لەبەرچاودەگرێت نەك یەکســانی بریندارببوونەکەیان، لەبەرئەوەی موچە و پلەی وەزیفیی بەڕێوەبەرەکە زیاترە، پارەی زیاتر وەردەگرێت.

- **له شەریعەتی ئیسلامیدا:** شتی وا نییە، شەرع جیاوازی وای پێ ڕەوا نییە، چونکە ئیسلام نە حیساب بۆ دەوڵەمەندی و هەژاری دەکات و نە بۆ ناوداری و بێناوی، یان پلەباڵا و پلەنەوی و نە وەزیفە و بێکاری.. بەڵکو قەرەبوو (تەعویز) بەقەدەر ڕادە و بڕی زیانەکە دەداتەوە، خوێنی وەزیرێـك یان ســەرۆك عەشــرەتێك، هەر وەکو خوێنی ڕەنجبەرێك یان بێکـارەیەکە.. ئەگەر لە حاڵەتی نموونەکەی ســەرەوەدا بەڕێوەبەر و فەرمانبەرەکە وەکو یەك زیانیان لێکەوتبوو، هەروەکو یەك قەرەبوو دەکرێنەوە.. {بەڵام ئەگەر ڕووداوەکە بووە هۆی پەککەوتەیی هەردووکیـان، مووچەی تەقاویتیان هەروا جیاواز دەمێنێت، هەر وەکو کە پێش ڕووداوەکە مووچەیان جیاوازبووە}..

## ڕێســای پێنجەم: خەلیفەش بۆی نییە لێبوردن بۆ ســزادراوی تاوانی حەدد دەربکات:

وتمان کە تاوان سێ جۆرن: ئەو تاوانانەی سزای حەددیان لەسەرە (جرائم الحدود) و ئەو تاوانانەی هەقسـاندنەوە و خوێنیان هەیە (جرائم القصاص والدية) و ئەو تاوانانەی سزایان تەمێکردنە (جرائم التعزير). هیچ بەرپرسـێکی دەوڵەتی ئیسلامی -لە نێوانیاندا خەلیفەش- بۆیان نییە کەسـێك عەفوو بکەن لەسـزا ئەگەر تاوانی حەدد یان تاوانی هەقسـاندنەوە و خوێنیان لەسـەر بێت، تەنها دەتوانن سزای تەمێکردن سووکتر بکەن یان لە سەر تاوانباری لادەن و عەفووی بکەن.

شەریعەتی ئیسلام بە پێی دید و تێڕوانین و ڕێساکانی سیستمی خۆی دەربارەی تاوان، سیستمێکی تایبەتی بۆ لێبوردن داناوە کە بریتییە لە:

### ١- لێبوردن لە تاوانەکانی حەدد (جرائم الحدود)ـدا:

شەریعەتی ئیسلام مافی ئەوەی بە هیچ کەسێك نەداوە سزای تاوانی حەددەکان ڕاگرێت و تاوانبارەکەی عەفوو بکات، جا هەرکەســێك بێت و لە هەر پلە و پایە و ناوداریيەکدا بێت، مافی لێبوردن نە خەلیفە و دەســەڵاتداران هەیانە نە غەدرلێکراو یان سەرپەرشتیار و کەسـوکاری، چونکە ئەم جۆرە تاوانانە دەرهەق بە مافی خوای گەورە کراون، شـەرعناسان ناویان ناوە (تاوانی حق الله)، هەر کەسـێك لەم تاوانانەی لەسـەر سـەلمێنرا، شـایانی سزا دیاریکراوەکەی دەبێت و پێوسـتە کۆمەڵگە و دەوڵەت بەسەریدا بچەسپێنن، عەفووکردنی لەلایەن دەســەڵاتـدارەوە یـان لەلایەن غەدرلـێکراوەکەوە یـان لەلایەن کەســوکـار و ســەرپەرشــتیاری غەدرلێکراوەکە هیچ بەهایەکی شــەرعی نابێت و کەس پابەندناکات پێوەی چونکە مافی خوای گەورەیە و کەس بۆی نییە ســزایەك ڕاگرێت یان بگۆڕێت یان ئیلغای بکاتەوە کە خوای گەورە دیاریکردووە و فەرمانی بە جێبەجێکردنی داوە..

## ٢- لێبوردن له تاوانەکانی هەقساندنەوه و خوێندا (جرائم القصاص والدية):

شـەریعەتی ئیسلام مافی لێبوردنی لەمم جۆره تاوانانەدا داوەته دەست غەدرلێکراوەکه یان سەرپەرشتیارەکەی و بەس، کەسی تر ئەم مافەی نییه، نه خەلیفه و دەسەڵاتداران و نه قازی و داوەر و نه خزم و کەسـوکار،ئەمیش له سـزای هەقسـاندنەوه و هەقی خوێندایه و بەس.

بۆ نموونه خەلیفه یان قازی ئەگەر لێبوردنیان بۆ تاوانبارێکی ئەم جۆره تاوانانه دەرکرد، هـیچ نـرخ و کـاریـگەریەکـی لەسـەر نەمـانی مـافەکەی نـابێـت و غەدرلێکراو و سـەرپەرشـتیارەکەی بەو لێبوردنەوه پابەندنابن، چونکه ئەوه مافی خۆیانه و بەس، کەسی تر بۆی نییه بڕیاری تێدا بدات. هەروەکو که خەلیفه و قازی بۆیان نییه سـزای کەفارەتی تاوانێك لادەن یان بیگۆڕن یان ئیلغای بکەنەوه.. کابرای تاونبار سزاکەی کەفارەتدان بێت، کەس بۆی نییه عەفووی بکات یان بۆی بگۆڕێت بەسـزایەك تری وەکو بەندکردنی، ئەمه مافێکه قورئان و سوننەت به غەدرلێکراو و سەرپەرشتیاری غەدرلێکراویانداوه.

- خوای گەوره له قورئاندا دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى...فَمَنْ عُفِيَ لَهُ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ فَاتِّبَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ وَأَدَاءٌ إِلَيْهِ بِإِحْسَانٍ...﴿١٧٨﴾﴾ البقرة: ١٧٨ واته: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوه هەقسـەندنەوەی کوژراوتان لەسـەر فەرزکراوه... ئەمما ئەو کەسـەی که له برا (بکوژه)کەی خۆشـدەبێت و هەقی لێ ناسـەنێتەوه، بەراسـتی ئەوه هەڵوێسـتێکی چاك و پەسەنده و پیاوەتییەکی گەورەیه له گەڵیدا.

- هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَا أَنَّ النَّفْسَ بِالنَّفْسِ...فَمَنْ تَصَدَّقَ بِهِ فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَهُ...﴿٤٥﴾﴾ المائدة: ٤٥ واته: له تەوراتدا لەسـەرمان فەرزکردن که گیان به گیانه، هەر کەسـێك یەکێکی بەناهەق کوشـت دەبێ بکوژرێتەوه. ئەگەر لێیخۆشـبوون، یان هەقی خوێنیان له بڕیدا وەرگرت، ئەوه دەبێته کەفارەتی ڕەفتاریی بکوژەکه و گوناحی پێ پاك دەبێتەوه.

### ٣- لێبوردن له تاوانەکانی تەمێکردندا:

شـەرعناسـان لەسەر ئەوە یەکڕان کە خەلیفە و نوێنەرانی مافیان هەیە لێبوردن دەرکەن بۆ تاوانبارانێك کە سـزای تەمێکردن (تەعزیر) گرتونیەتەوە، ئەمە مافی تەواوی خەلیفەیە. دەتوانێت لە تاوانەکەی خۆشـبێت، هەروەکو کە دەتوانێت لە سـزاکەشـی خۆشـبێت، بۆی هەیە لە هەموو تاوانەکە خۆشـــبێت و بۆشـــی هەیە لەهەندێکی خۆشـــبێت، بۆی هەیە لەو تاوان و سـزایانە ببورێت کە شـەرع بۆ تەمێکردن دایناون، یان خۆی یان خەلیفەی پێشـتر دایرشتوون، هیچ مەرجێك لەمەدا نییە، مەگەر ئەو مەرجە سەرەتاییە سەرەکییە زانراوە کە نابێت لێبوردنەکەی دژایەتی هەبێت لەگەڵ دەقێکی قورئان و سـوننەتدا، یان پێچەوانەی بنەما گشـتییەکانی شــەرع بێت، بەڵام ئەوەش بەڵگەنەویســتە کە دەبێ لێبوردنەکەی لە بەرژەوەندیی گشـتی خەڵکیدابێت، یان خراپەیەکی پێ لادرێت، بێگومان لێبوردنەکە دەبێ دوای ئەنجـامـدانی تـاوانەکە بووبێت، نەك پێش کردنی! چونکە پێشـــتر یەعنی ڕێپێدانی ڕەفتاری حەرام.. بێگومان ئەوەش بەڵگەنەویستە کە عەفووکردنی ئەو نەبێتە مایەی زیان لە غەدرلێکراوەکە، چ لە کەسایەتی و چ لە مۆڵك و ماڵ و ناوی..

بێگومان خەلیفە و دەســەڵاتدارانی دەوڵەت یان ســەرپەرشــتیاران (وەلی ئەمر) بۆیان هەیە ڕێگا بە ڕەفتارێك بدەن کە پێشتر قەدەغەیان کردبوو، مادام دەبینن ئێستا بەرژەوەندی لە ئیلغاکردنەوەیدایە.. ئەمما ئەو ڕەفتارانەی هەر لەســـەرەتاوە شـــەرع حەرامی کردوون، بەهیچ شـێوەیەك بۆیان نییە حەڵاڵی بکەن، چونکە شەرع تەنها مافی لێبوردن لە تاوان یان لە سزاکەی داونەتێ نەك حەرامکردن و حەڵاڵکردن.

غەدرلێکراو لە تاوانەکانی تەمێکردندا بۆی هەیە لە هەقی خۆی خۆش بێت، نەك زیاتر، ئەگەر ئەم لە تاوانبارەکە خۆشبوو، قازیش بۆی هەیە هەڵوێستەکەی ڕەچاوبکات..

# باسی دووەم:

# دەربارەی تاوان

بڕگەی یەکەم: ڕوکنی شەرعیی تاوان:

بڕگەی دووەم: ڕوکنی ماددیی تاوان:

بڕگەی سێیەم: ڕوکنی ئەدەبی تاوان:

### - پێناسەی تاوان:

تاوان لە ڕوانەگەی شـەریعەتی ئیسـلامەوە بریتیە لە: (ڕێپێنەدراوانێکی شەرعین کە خوای گەورە ســزای حەدد یان تەمێکردنی بۆ دیاریکردوون)، یان (ئەنجامدانی ڕەفتارێکە یان نەکردنی ڕەفتارێکە کە شەریعەتی ئیسلام بە حەڕامی داناوە و سزای لەسەر داناوە).

- ڕێپێنەدراوان: کردنی کارێکە کە نەهیی لێکراوە یان نەکردنی کارێکە کە فەرماندراوە بکرێت (بێ گومان قسەش بە کردار هەژمار دەکرێت، بۆیە من دەنوسم ڕەفتار کە (گوفتار و کردار) دەگرێتەوە). دەوترێت ڕێپێنەدراوی شــەرعی تا بزانرێت کە ئەو کردن/نەکردنە لە ڕوانگەی شـەرعی ئیسلامەوە تاوانە، ئەمەش بەگەڕختنی ڕێسای (هیچ تاوان و سزایەك بێ هەبوونی دەق نابێت).

لە پێناسەکەی تاوان دەردەکەوێت کە ئەنجامدانی ڕەفتارێك یان وازلێهێنان و نەکردنی ڕەفتارێك کاتێك بە تاوان هەژمار دەکرێت کە ســزا بیگرێتەوە، ئەگەر نەیگرتەوە دیارە کە تاوان نییە {ئەگەرچی هەر لە شەرعدا بەچاك یان خراپ دادەنرێت}.

### - جۆرەکانی تاوان:

هەموو تاوانەکان لەوەدا هاوەبەشــن کە ڕەفتارێکن ســزایان لەسەرە، بەڵام ناوخۆشیاندا جیاوازن. بە پێی دید و تێڕوانین دەشێت تاوانەکان ئاوا پۆلێن بکرێن:

١- بەپێی دژوارێتی لەسەر بنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵگە: لەم ڕوانگەوەیە کە وتومانە سێ جۆرن:

أ- تاوانەکانی حەدد.

ب- تاوانەکانی هەقسەندنەوە و خوێن.

جـ- تاوانه‌كانی ته‌مێكردن.

٢- به‌پێی مه‌به‌ستی تاوانكاره‌كه‌: دوو جۆره‌:

أ- تاوانی ئه‌نقه‌ست.

ب- تاوانی نائه‌نقه‌ست.

٣- به‌پێی كاتی كه‌شف بوونی: دوو جۆره‌:

أ- تاوانی ئاشكرا و ڕۆشن.

ب- تاوانی ئاڵۆز و نادیار.

٤- به‌پێی چۆنیه‌تیی كردنی: ئه‌میش سێ جۆره‌:

أ- تاوانی ئیجابی و تاوانی سلبی.

ب- تاوانی سووك و تاوانی ئاسایی.

جـ- تاوانی كاتی و تاوانی ناكاتی.

٥- به‌پێی سروشتی تایبه‌تی تاوانه‌كه‌: دوو جۆره‌:

أ- تاوان دژی كۆمه‌ڵگه‌ و تاوانی دژی تاك.

ب- تاوانی سیاسی و تاوانی ئاسایی.

هه‌موو ئه‌م پۆلێنكردنه‌ بۆ ئاسانكردنی خوێندن و توێژینه‌وه‌ و ساغكردنه‌وه‌ی تاوان كراوه‌، چونكه‌ هه‌ر تاوانێك سزای تایبه‌تی خۆی هه‌یه‌ و ئه‌حكامه‌كانیان جیاوازن، تا

وردەکارانە تاوانەکە بسەلمێت و بزانرێت چ جۆرێکە، پاشان بزانرێت کام حوکمی شەرعی دەیگرێتەوە؟ تا بڕیاری دادپەروەرانەی لەسەر دەرچێت. ئێمە لێرەدا ناچینە تەفسیلاتی ئەم بابەتانەوە، چونکە زۆری دەوێت و ئێمەش لەسەرەتاوە وتمان باسەکە بەکورتی دەخەینە بەردەست.

## - ڕوکنەکانی تاوان:

لە پێناسەی تاواندا وتمان کە ڕێپێنەدراوانێکی شەرعین کە خوای گەورە سزای حەدد یان تەمێکردنی بۆ دیاریکردوون. بەڵام لەبەر ئەوەی فەرمان و بەرهەڵستی (الأوامر والنواهي) تەکلیفی شەرعین، دەخرێنە ئەستۆی کەسانی ژیر کە تێبگەن تەکلیف (ئەرکی شەرعی) چییە؟ لەم ڕوانگەوەیە کە دەبێت هەر تاوانێك سێ ڕوکنی تێدابێت تا پێناسەکەی تێدا بچەسپێت کە ئەمانەن:

١- هەبوونی دەقێك: کە تاوانەکە قەدەغە دەکات و سزاکەی ڕۆشنانە دیاریدەکات، ئەمە ئەوەیە کە پێی دەڵێن: <u>ڕوکنی شەرعیی تاوان یان ڕوکنی یاسایی تاوانەکە.</u>

٢- ئەنجامدانی تاوانەکە: تاوانەکە کردنی بەرهەڵستیلێکراوێك بێت یان نەکردنی فەرمان پێدراوێك بێت ئەمەش ئەوەیە کە پێی دەڵێن: <u>ڕوکنی ماددیی تاوانەکە.</u>

٣- تاوانکارەکە بەرپرس بێت لە تاوانەکەی: واتە شیاوی تەکلیف بووبێت. ئەمەشیان ئەوەیە کە پێی دەڵێن: <u>ڕوکنی ئەدەبی تاوانەکە.</u>

هەبوونی ئەم سێ ڕوکنە لە هەموو تاوانێکدا پێویستن، چونکە بێ هەبوونی یەکێکیان تاوان و سزاکە نایەنەدی.. بەڵام لەگەڵ ئەم سێ ڕوکنەشدا، هەر تاوانە و ڕوکنی تری تایبەتیشی هەیە، تا ئەو سزایە بیگرێتەوە کە بۆ ئەو تاوانە دیاریکراوە. ئەم ڕوکنە تایبەتانە لەڕووی چۆنێتی و چەندێتییانەوە بەپێی جۆری تاوانەکان دەگۆڕێن. لێرە بەدواوە باسی ئەو ڕوکنە بەسێ بڕگە دەکەین إن شاء الله:

## بڕگەی یەکەم:
## ڕوکنی شەرعیی تاوان:

شەریعەتی ئیسلام ئەوەی فەرزکردووە کە دەبێ دەقێکی شەرعی هەبێت ئەو ڕەفتارەی بەتاوان ناساندبێت و سزاکەشی ڕاگەیاندبێت، ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە:

١- دەبێ دەقەکە لەوانەبێت کە ساتەوەختی ئەنجامدانی تاوانەکە کاری پێبکرێت.

٢- دەبێ دەقەکە حوکمی تاوانی شـوێنێك بێت کە تاوانەکەی لێکراوە، تا لە توانادابێت جێبەجێبکرێت.

٣- دەبێ دەقەکە حوکمی ئەو کەسە بگرێتەوە کە تاوانەکەی کردووە.

٤- نابێت هیچ هۆکارێکی تەبریری ئەنجامدانی تاوانەکە هەبێت، نابێت هەلێکی حەڵاڵ بوونی تێدابووبێت. لەبەر ئەوەی دەقی جینائی تایبەتمەندی خۆی هەیە و کاریگەرییەکی دژواری لەسـەر بنەماکانی گیانی مرۆڤ و سەلامەتی و ئەمانی هەیە. شەرعناسان لەسەر ئەوە یەکدەنگ بوون کە سەرچاوەکانی حوکم دەرکردن سێن:

قورئان و سوننەت و کۆڕا (ئیجماع)، کە دەبنە سەرچاوەی وەرگرتنی دەقی جینائی. بەڵام لەچوارەمین سەرچاوەیدا ڕاجوێ بوون کە بەراوردکردن (قیاس)ـــەکە ئایا سەرچاوەیەکی تری دەقی جینائییە یان نا؟

### خاڵی یەکەم: دەبێ دەقەکە لە سـاتەوەختی ئەنجامدانی تاوانەکەدا کارابووبێت:

کـارابووبێـت، واتە کـاری پێبکرێـت، نەك حوکمەکەی لابرابێـت (نەســخ بووبێتەوە)،

نەسـخبوونەوە: ئیلغا کردنەوەی حوکمێکی شـەرعییە بە بەڵگەی شـەرعی تر کە ئاشکرا و ڕاشـــکـاو یـان لاوەکی باس لە نەمانی کارپێکردنی هەموو یان هەندێکی کردووە، چونکە بەرژەوەندیی گشـتی وایخواسـتووە[1] . {نەسـخی شـەرعی بەکامڵبوونی شـەرع کۆتایی پێهاتووە، کە کۆچی دواییکردنی پێغەمبەر (ﷺ) کۆتایی هاتنی وەحییە، بەڵام خەلیفە بۆی هەیە بەپێی بەرژەوەنـدیی کۆمەڵگە یـان تـاوانبار یان دەوروبەری سـزایەکی تەمێکردنی سووك یان قورستر بکات}.

هەبوونی دەقە کـاراکە هەرئەوەنـدە نییە کەلە دادگـا هەبێت، یان لەدەسـەڵاتدارەوە بۆ قـازیی هـاتبێـت، بەڵکو مەرجە ڕاگەیێنرابێـت وخەڵکـانێـك زانیبێتیـان وو ڕۆشـن لێی تێگەیشتبن. هەروەکو پێشتر لە باسی ئاسەواری ڕەجعی دەقدا باسمان کرد.

## خـاڵی دووەم: دەبێ دەقەکە حوکمی تـاوانی شـــوێنێـک بێـت کە تاوانەکەی لێکراوە:

ڕاستە شەریعەتی ئیسلام جیهانییە و تایبەت بە ناوچەیەك نییە، بەڵام بارودوخ ئەوەی خواسـتووە کە چەسـپاندنی ئەحکامەکانی شــەرع لەناوچەیەکدابن کە لەژێر دەسـەڵاتی موسـوڵماندایە (حوکمی شـەرعییان پێ دەچەسـپێنرێت)، نەك ببێتە حوکمی شـوێنێك کە دوورەدەسـتی دەسـەڵاتی موسـوڵمانانە. بۆیە لەم لایەنەوە چەسپاندنی شەرع -ئەگەر چی نێونەتەوەییە- بەڵام بۆتە حوکمی ناوچەیی..

شەرعناسان جیهانیان کردووە بە دوو وڵاتەوە:

یەکەمیان: دارولئیسلامە کە هەموو وڵاتێکی ئیسلامی دەگرێتەوە (کە حوکم بە ئیسلام

(١) وەکو ڕێپێدانی ئیسلام لەسەرەتایدا بە خواردنەوەی شەراب و سەوداوامامەڵەی سووکاری و هەبوونی پێنج ژن یان زیاتر لەیەك کاتدا، یان هەبوونی دوو خوشك بەژنی یەك پیاو لەیەك کاتدا.. بەڵام ئەمانە دواتر نەسخ بوونەوە.

دەکات و شەرع تێیدا سەروەرە).

دووەمیان: دارولحەربە کە وڵاتەکانی ترن.

شـەریعەتی ئیسـلامی لە دارولئیسـلامدا دەچەسـپێندرێت، نەك لە وڵاتانی دووەمدا، چونکە لە تواناداا نییە، ڕێسـای گشـتیی شەرعیش وایە کە ئەحکامی شەرع دەبێتە سزای ئەو تاوانانەی لە دارولئیسـلامدا دەکرێن، جا تاوانکارەکەی هەر کەسـێك بێت. هەروەها سـزای ئەو تـاوانـانەیە کە لە دارولحەربـدا دەکرێن، لەلایەن کەسـانی نیشـتەجێی دارولئیسلامەوە {لەگەڵ هەبوونی تەفسیلاتێکدا لەم بوارەدا}.

## خـاڵی سـێیەم: دەبێ دەقی حوکمەکە ئەو کەسـە بگرێتەوە کە تاوانەکەی کردووە:

وتمان لە ڕێسـاکانی شەرع و بنەماکانێتی کە ئەحکامی شەریعەت بەسەر کەسانێکدا دەچەسـپێنرێت کە لە دارولئیسـلامدان بێ لێدەرکردنی کەس. لەکەسـیش نابورێت تێیدا، هەر ناو و پلە و سیفەت و وەزیفە و توانایەکی هەبێت.

## خـاڵی چوارەم: نـابێـت هۆکـاری تەبریر یـان هەلی ڕێپێدانی تاوانەکە هەبووبێت:

هەبوونی هۆیەکی تەبریرکردنی تاوان، یان بوارێکی ڕێگاپێدان (سـووکە بەڵگەیەك یان هەنجەتێـك) بەسـە بۆ ڕاگرتنی دەقی سـزاکە، چونکە لە پێناسـە و سـیفەتی تاوانەکە کەمـدەکـاتەوە و ڕوکنی شـەرعێتی تـاوانەکە دەخاتەلاوە و ڕەفتارەکە وەکو حەڵاڵ یان ڕێپێدراو دەردەخات، لەم حاڵەتەشـدا ناشێت سیفەتی تاوانی بدرێت بەسەردا و بەزۆر سزا بیگرێتەوە.

## * هۆكارەكانی تەبرير (هەنجەت) و هەلی ڕێپێدان:

دەشـێت یەكێك لەم خاڵانەی خوارەوە ببنە بەهانەی ڕاگرتنی سـزای تاوان، چونكە دەبنە هەلی ڕێپێدانی ڕەفتارەكە:

١- بەرگریكردن.

٢- مەبەستی ئەدەبدان.

٣- چارەسەری نەخۆشی.

٤- وەرزشكاری.

٥- خوێن هەدەربوون.

٦- ماف و ئەرك و دەسەڵاتی دەسەڵاتداران.

### ا- بەرگریكردن:

بەرگریكرن هەنجەتە یـان بوارێكی ڕێپێدانی ڕەفتارە، لەكاتی هەبوونی ئەم هەنجەت و بوارەدا ڕەفتارەكە -كە خۆی لە خۆیدا تاوانە- تاوان نامێنێت و سـزا نایگرێتەوە. بەرگریی شـەرعیانە لە شـەریعەتی ئیسلامیدا دوو جۆرە: یەكەمیان بەرگریی شەرعییانەی تایبەت. كە شەرعناسان پێی دەڵێن (دفع الصائل) واتە: وەستاندنی هێرشهێن، كەبەرگری لە خۆ یان لە غەیرەكردنە. دووەمیان: بەرگریی شـەرعییانەی گشـتی كە شـەرعناسـان پێی دەڵێن: فەرمانكردن بە چاكە و بەرهەڵستیكردن لە خراپە.

**أ- بەرگریی شـەرعییانەی تایبەت:** بەرگریی شـەرعییانەی تایبەت لە شـەریعەتی ئیسـلامیدا مـافی مرۆڤە كە بەرگری لەخۆی یـان لە گیـانی كەسـانی تر بكات، یان لە

پاراستنی ماڵ و سامانی خۆی، یان لە پاراستنی ماڵ و سامانی کەسانی تر، لە هەموو دەستدرێژییەك کە ستەم و سنوور بەزاندنە، هەموو جۆرە هێزێك شیاوە لەم بەرگریکردنەدا بەکاربهێنرێت، تا بتوانێت دەستدرێژییەکە ڕەتکاتەوە.

بەڵگەی بەرگریی شەرعییانەی تایبەت ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێ: ﴿فَمَنِ ٱعۡتَدَىٰ عَلَيۡكُمۡ فَٱعۡتَدُواْ عَلَيۡهِ بِمِثۡلِ مَا ٱعۡتَدَىٰ عَلَيۡكُمۡ ١٩٤﴾ البقرة: ١٩٤ واتە: هەرکەسێك دەستدرێژیی کردە سەرتان، ئێوەش هێرشی بکەنەوە سەر هەر بەو شێوەیەی دەستدرێژیی کردووە.[١]

- هەروەها فەرموودەی: (مَن أُرِيدَ مالُه بغيرِ حقٍّ فقاتلَ فقُتِلَ فهو شــهيدٌ)[٢] واتە: هەر کەسێك ویستیان ماڵ و سامانەکەی بەزۆر بەناهەق لێ بستێنن و بەرگریی کرد و کوژرا ئەوە شەهیدە.

شـەریعەتی ئیسـلامیش هەر وەکو کە مافی بەرگریکردنی کەسێکی لە خۆی و ئابڕ و مـاڵ و سـامـانی خۆی کردووە و ڕێپێداوە و هانیداوە بەهەرچی هێزێك لەدەسـتی دێت دەستدرێژیی هێرشهێن ڕەتکاتەوە، مافی بەرگریکردنی لەکەسانی تریش داوەتێ، لە گیان و ئـابڕ و مـاڵ و سـامـانی ئەوانیش. هەروەکو کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (انْصُرْ أَخَاكَ ظَالِمًا أَوْ مَظْلُومًا)[٣] واتە: براکەت سەرخە ستەمکاربێت یان ستەملێکراو.

سـەرخستنی برای ستەملێکراو دیارە کە بە بەرگریلێکردن و سەندنەوەی ماڵ و سامانی لێسـەنـدراوێتی، سـەرخسـتنی برای سـتەمکـاریش بەگرتن و ڕێ لێگرتنی دەبێـت لەدەستدرێژی و ستەمکردنی، هەر وەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەتەکمیلەی فەرموودەکەدا

---

(١) ئایەتەکە ڕەفتاری ئێمەشی ناوناوەتەوە (ٱعۡتَدَىٰ) تا کاردانەوەیەکی هاوشێوەی بەرامبەرەکە بێت کە دەستدرێژیەکە ڕاگرێت و هەق بسەنرێتەوە، نەك ئەگەر ئەوان ئافرەتیان فەساد کردین وا لە ئافرەتیان بکەینەوە.

(٢) ترمذی (١٤٢٠)، ئەبو داود (٤٧٧١)، شێخی ئەلبانیش لە (صحيح الجامع) بەژمارە (٦٠١١) بە سەحیحی داناوە.

(٣) بوخاری (٢٤٤٣).

شەرحی دەکات.

- بەڵگەی بەرگریکردنیش لە کەسانی تر ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (إِنَّ الْمُؤْمِنِيْنَ يَتَعَاوَنُونَ عَلَى الْفَتَّانِ)[1] واتە: موسوڵمانان یارمەتیدەر و پشتگیری یەکترن لە دژایەتیی فیتنەگێڕ و ئاژاوەنەرەوەدا.

بۆ ئەوەی شەرعێتی بەرگریکردن نەبێتە بەهانەی دەستدرێژی و سنووربەزاندن و ئەنجامدانی ڕەفتاری ناڕەوا کە ئاسەواری دژوار و خراپی لێدەکەوێتەوە، شەرعناسان چەندین مەرجیان بۆ شەرعێتیی بەرگریکردن داناوە:

## - مەرجەکانی بەرگریی شەرعییانەی تایبەت:

بۆ ئەوەی بەرگریەك شەرعێتی وەربگرێت، دەبێت چوار مەرجی تێدا بێتەدی:

**١- دەبێت دەستدرێژکارێک یان دەستدرێژکارییەک هەبێت:** کە دەستدرێژی نەکرابێت ناشێت بەکارێك بوترێت بەرگری و کاردانەوە. دەشێت ڕەفتارێك هەبووبێت بەڵام پێناسەی دەستدرێژیی بەسەردا نەچەسپاوە، وەکو: باوکێك بۆ ئەدەبدان لە کوڕەکەی خۆی داوە، یان مامۆستایەك بەجۆرێك سزای قوتابییەکی داوە، یان پۆلیسێك حوکمی ئیعدامی لەسەر کەسێك جێبەجێکردووە.. ئەمانە دەستدرێژی نین.

دەستدرێژی دەشێت بۆ سەر گیان و ناموس و ماڵ و سامانی کەسەکە بێت، یان بەرامبەر گیان و ناموس و ماڵ و سامانی کەسانی تر بووبێت ئەم بەرگریی لێکردبن، هەروەکو کە دەشێت دەستدرێژییەکە هەر لە بکەرەکە خۆیەوە بێت و ئەم بەرگریی کردبێت، وەکو ئەوەی ئەو ویستوێتی خۆی بکوژێت، یان شوێنێکی خۆی ببڕێت و ئەم

(١) ئەم فەرموودەیەم بەم لەفزە نەدۆزیەوە، بەڵام فەرموودەی تر هەیە کە بە لەفزی جیاواز هاتووە کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (المسلمُ أخُو المسلِم، يسعُهم الماءُ والشَّجرُ، ويتعاونونَ علَى الفُتَّانِ) ئەبو داود (٣٠٧٠)، ئەبو نەعیم لە (معرفة الصحابة) (٧٨١٦)، هەروەها بەیهیقی (١٢١٧٦) بە کەمێك جیاوازییەوە.

نەیهێشـــتووە.. لەم حاڵەتەی بەرگریدا مەرج نییە غەدرلێکراو چاوەڕوانبێت تا غەدرکارەکە پەلاماری دەدات، نا، مادام هەســـت دەکات کە ئەو خەریکە غەدرەکە بکات، یان حاڵەت و بارودۆخەکە ئەوە دەگەیەنێت کە نیازی وایە دەستدرێژی بکات، ئەم پێشتر بەرگری دەکات و ناهێلێت دەستدرێژییەکە بکرێت.

**٢- دەبێت دەســـتدرێژییەکە هەنووکەیی بێت نەک دواخراو:** بەرگری کاردانەوەی دەســـتدرێژییە یان کاردانەوەی هەڕەشــە و نەخشــە و پلانی تەئکیدی دەســـتدرێژییە. بۆیە دەبێت نیشــانە و بەڵگەی هەبوونی هەنووکەیی دەســپێکی دەســـتدرێژییەکە هەبووبێت، تا بەرگرییەکەشـــی شـــەرعییانە بووبێت. ئەمما ئەگەر ڕەفتارێکی نەکراو و دواخراو، یان لە داهاتوویەکی دووردا ئەگەری کردنی هەیە، ئەوە هێشتا بە دەستدرێژی هەژمار ناکرێت[١].

**٣- ئەگەر بە غەیری ئەو بەرگرییە نەدەکرا دەســتدرێژییەکە بوەســتێنرێت:** ئەوە بەرگریی شــەرعییانە نییە کە دەیتوانی بە چەندین شێوەی تر دەستدرێژییەکە بوەستێنێت، بەڵام چۆنیەتیەکی بەکارهێناوە کە واقیعەکە نەیدەخواســـت مادام دەیتوانی لێی لە هاواردا و خەڵکی تێگەیەنێـت، کە غەدرکـارەکە لە ترســـانـدا هەڵـدەهات، ئەمەی چاکتربوو وەك لەوەی بە چەقۆ ڕووەوڕووی ببێتەوە، چ جای ئەوەی بەمەبەســـتی کوشـــتنی فیشــەکی پێوەناوە.. ئەمە برگری نییە و دەستدرێژییە لەمەوە بۆ ئەو..

ئایا هەڵاتن/ڕاکردن لەدەستدرێژی یان مەترسی دەستدرێژکار بەرگریە و دەبێت وابکات؟ شــەرعناسان دووڕان لەسەری. هەندێکیان دەفەرموون: بەڵێ، هەندێکی تریان دەفەرموون: ئەگەر بە عەیب و شـــورەیی لەســـەری بکەوێت و ڕانەکات؛ ئەوە بەرگری نییە، ئەگەر لە حاڵەتی وادا ڕاکردن عەیبە نەبێت، دەبێت بە ڕاکردن بەرگری لەخۆی بکات.

---

(١) وەکو یەکێك بە یەکێکی تر بڵێت: ئەگەر ئەمساڵ گەنم بچێنیت ئەوا کاتی دوورینەوەی یان خەرمانکردنی دەیسووتێنم.

**٤- دەبێت بەرگرییەک بێت بەقەدەر ئەوەی دەســتدرێژییەکەی پێدەوەســتێت:** زۆرتر لەوە دەستدرێژییە لەمەوە بۆ سەر ئەو. ئەو هەڕەشەی کردووە بەڵام ئەم لێیداوە، ئەو زللەیەکی لەم داوە، ئەم چەقۆی لەو داوە، ئەو دەیویســـت بەدەســـت لێیدا، ئەم فیشــەکی پێوەنـاوە.. بێگومـان کـاردانەوەکـانی (ئەم) ســنوربەزاندنی بەرگرییە و کەوتۆتە خانەی دەستدرێژییەوە، بۆیە ڕەفتارەکەی بەرگریی شەرعییانە نییە و تاوانە.

**ب- بەرگریی شــەرعییانەی گشــتی (فەرمان بە چاکە و بەرهەڵســتی لە خراپە):** ئەم جۆرە بەرگرییە شـەرعییە لەو بوارانەیە کە شـەریعەتی ئیســلامیی تێیدا تاقانەیە و لە ئیســلامدا زۆر جێبایەخە، تەنانەت بە نیشانەی ئیمانداریێتیی داناوە، ئەم بەرگرییەگشتییە هەر ئەوەندە نییە خێر و جوامێرییە، بەڵکو لەسەر موسوڵمانانی بەتوانا و لەحاڵەتی شیاودا فەرزە.

شــەرعناسان ئەو ڕێگایانەی بەشیاو و چاك و کاریگەرییان زانیوە لە ڕاگرتن و لادان و ڕادانی خراپەکاری (مونکەر)ـدا لە حەوت چۆنیەتیدا پێناسەیان کردوون، کە ئەمانەن:

١- ناساندن (ناساندنی تاوان و سزاکەی).

٢- بەرهەڵستیکردن بە ئامۆژگاری و هاندان لەسەر وازهێنان و ڕێنیشاندان.

٣- سەرزەنشتکردن و توندوتیژبوون .

٤- گۆڕانکاریی بەدەست.

٥- هەڕەشەکردن بەلێدان و کوشتن.

٦- لێدان و کوشتن.

٧- داوای یارمەتی و لەسەرکردنەوە لەکەسانی تر بەرامبەری..

## ٢- ئەدەبدادان:

ئەدەبـدادان لە دوو بواردا زیـاتر دەردەکەوێـت: ئەدەبـدادانی ژنەکەی و ئەدەبـدادانی منداڵانی بەردەستی.

**أ- ئەدەبدادانی ژنەکەی:** لە شـەریعەتی ئیسلامیدا پیاو مافی ئەدەبدادانی ژنی خۆی هەیە، ئەگەر ســەرپێچی لە ئەرکەکانی خۆی کرد لەوانەی خوای گەورە وەکو ژنی مێردار لەسەری فەرزکردووە. دەبێت گوێڕایەڵی مێردەکەی بێت لەو ئەرکە شەرعییانەدا کە مادام یارمەتیدەری ژنەکەیەتی لە جێبەجێکردنیاندا.. خوای گەورە دەفەرمویّ: ﴿ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ ﴿٣٤﴾﴾ النســاء: ٣٤ واتە: پیـاوان بەســەرژنـانەوە بـاڵادەســتن و ئیـدارەی ژنەکانیان لەدەستدایە.

هەروەهـا دەفەرمـویّ: ﴿وَٱلَّٰتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَٱهۡجُرُوهُنَّ فِي ٱلۡمَضَاجِعِ وَٱضۡرِبُوهُنَّۖ فَإِنۡ أَطَعۡنَكُمۡ فَلَا تَبۡغُواْ عَلَيۡهِنَّ سَبِيلًاۗ ﴿٣٤﴾﴾ النســاء: ٣٤ واتە: ئەو ژنـانە (ژنـی مێرددارن)ــەی دەترسـن کە سـەرپێچیتان بکەن، نیازیان وایە لێتان یاخی ببن (کە لە ڕەفتـاریـانـدا دەردەکەوێـت)، ئامۆژگارییان بکەن، شـەرعێتی و ناشــەرعێتی بزاوت و هەڵویســتیان بۆ ڕوون بکەنەوە و پاداشــت و ســزای خواییان وەبیربهێننەوە، ئەگەر هەر بەردەوام بوون پێخەفی سـەرجێییان لەگەڵدا جیا بکەنەوە (لەسـەر یەك جێ و پشتیان تێ کەن پاشـان جێگاکەشـتان جیا بکەنەوە و بچنە شـوێنێکی تر)، ئەگەر هەر بەردەوام بوون لەســەر یـاخیبوون لێیـانـدەن (لێـدانی ئـەدەبـدادان نەك ڕق پێ ڕشــتن و تۆڵە)، ئەگەر گوێڕایەڵتان بوونەوە ئیتر هەقی لێدان و جێگۆڕینتان نیە..

ئەمە بەو سێ چۆنیەتیە ئەبێت کە یەك لە دوای یەك دەگیرێنەبەر (ئامۆژگاری، پاشان جیا کردنەوەی پێخەف، پاشان لێدانی ئەدەبدان).

ئیمـامی ئـەبو حـەنیفـە و ئیمـامی مـالیك (رحمهما اللّه) دەفەرموون: هەر مێردێك ئەم

قۆناغكارییەی نەگرتە بەر ئەبێت سزا بدرێت. واتە: لێدانی ناشێت تا سێ جار بێگوێیی دووپات نەكردبێتەوە كە مەرجە مێردەكەشی لە جاری یەكەمدا ئامۆژگاری كردبێت و هەوڵی لەگەڵدا دابێت، دووەم جار جێگایان لێك جودا كردبێتەوە و مێردەكە لەسەر جێ جێیهێشتبێت، پاشان لێدانە ئەدەبدادانەكە دێت كە مەرجە توند نەبێت (چونكە لە ڕاستیدا لێدانێكی دەروونیە نەك مەبەست ئازاردانی جەستەیی بێت ئەگەرچی ئەمیش هەر چارەسەری هەندێك ئافرەتە).

نابێت لێدانەكە شكاندن و بڕین یان شین و مۆر بوونەوە یان هەر ئاسەوارێكی تر جێ بهێڵێت. ناشێت لە شوێنێكی ناسكی بدرێت وەكو دەموچاو(ڕوو) و سنگ و سك. كەوابوو لێدانەكە مافێكە بە مەرجی سەلامەتیەوە بەندە. ئەگەر مێردێك ئاوا لە ژنەكەی خۆی دابوو لە ڕووی جینائی و مەدەنییەوە سزا نادرێت لەسەری، چونكە تاوانی نەكردووە و مافی خۆیی بە كار هێناوە، مادام لە سنووری شەرعدا بوو بێت. ئەمما ئەگەر لێدانەكە لەو چۆنیەتیانە زیاتر بوو ئەوە لە ڕووی جینائی ( سزا دان)ـەوە مێردەكە بەرپرسە و دەدرێت بە دادگا.

**ب- ئەدەبدادانی منداڵ:** شەریعەتی ئیسلامی ڕێگای بە لێدانی منداڵ داوە لە فێركردن و ئەدەبدادنیدا، ئەمە مافی باوكە یان باپیر یان سەرپەرشتیاری بەرپرسی، هەروەها مافی مامۆستاكانێتی؛ فێركاری قوتابخانە بن یان وەستای پیشە. ئەوانەی لە ئەدەبدادانی ژندا لەسەر مێرد مەرج بوون لە ئەدەبدادانی منداڵیشدا مەرجن كە لێدانەكە نابێت توند و سەخت بێت و مەرجیشە ڕەچاوی تەمەنی منداڵەكەیش بكرێت، بۆ ئەمیش هەر نابێت لە شوێنی هەستیاری بدرێت وەكو دەموچاو (ڕوو) و سنگ و سك و عەورەتی.

پێویستە لێدانەكە بە مەبەستی ئەدەبدادانی بێت و زێدەڕەویی تێدا نەكرێت، لەو چوارچێوەیەدا بێت كە گەورەیەك گچكەیەك ئەدەب دادەدات. ئەگەر لێدانی منداڵ بەم مەرجانە و ئەو خاڵانەی تێدا ڕەچاوكرابێت هیچ بەرپرسییەكی یاسایی لەسەر لێدەرەكە

ناکەوێت.

## ٣-چارەسەری نەخۆشی:

شەرعناسان لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە فێر بوونی زانستیەکانی پزیشکی فەرزی کیفایەیە، لەسەر هەر کەسێك فەرز ببێت لەسەری لاناچێت تا ئەو کاتەی کە کەسانی تر فێری دەبن و مومارەسەی دەکەن. هۆی فەرزێتی فێربوونیشی ئاشکرایە کە پێویستی ئوممەتە پێی، چونکە پزیشکی پێداویستیەکی هەموو کۆمەڵگەیەکی بەشەریە بۆیە پزیشکێتی فەرزە و خۆ لێ دەربازکردنی نییە. کەوابوو بەڵگەنەویستە کە پزیشك و سلکی تەندروستی بەرپرسن لە کار و باریاندا، بەرپرسن لە بەجێهێنانی ئەرکەکانی چارەسەر و تەندروستی لە بەر ئەوەی ڕێسایەکی شەرعی هەیە کە دەفەرموێت: سەلامەتی مەرجی جێبەجێ کردنی هەموو ئەرکێك نییە، بۆیە لە بەر ئەوەی بوار و ئازادی ڕەفتار بۆ پزیشك کراوەتەوە کە ئیجتیهادی زانین و کردەوەی خۆی بکات مادام وادەزانێت بەرژەوەندی نەخۆشەکەی لەوەدایە. ئەگەر زیانێکی بە نەخۆش گەیاند بە دواداچوونی بۆ دەکرێت کە ئایا کار و ڕەفتاری ئاسایی و شەرعیانەی ئەدا کردووە یان کەمتەرخەمێتیی بۆتە مایەی زیان گەیاندن بە نەخۆشەکەی. ئەگەر کەمتەرخەم بوو لە ڕووی جینائییەوە بەرپرس دەبێت، بەڵام ئەگەر سەرڕاستانە و پیشەییانە زانست و ڕەنجی خۆی خستە کار بەڵام نەخۆشەکە هەر تووشی زیان بوو شەرعناسان لەسەر ئەوە کۆڕا (ئیجماع)یان هەیە کە بەرپرس نابێت لە زیان لێکەوتنەکە، بەڵام لە ئەنجامی تری زیان لێکەوتنەکەدا ڕاجوێ بوون، ئیمامی ئەبوو حەنیفە ئەفەرموێ: ئەگەر نەخۆشەکە یان سەرپەرشتیار و کەس و کارانی پێشتر ڕازی بووبن کە ئەو کەسە ئەو چارەسەرەی بۆ بکات و تووشی زیان بوو پزیشکەکە بەرپرس نییە چونکە زەروورەتی کۆمەڵایەتی و پزیشکێتی هۆکاری ئەسڵی حاڵەتەکەن. ئیمامی شافیعی و ئیمامی ئەحمەد دەفەرموون: کە کەسیان مەبەستیان خراپ نەبووبێت بەرپرسێتی ناکەوێتە سەر کەس. ئیمامی مالیك دەفەرموێ: دە بێ پێشتر

دەســەڵاتـداران رێیـان بـە پزیشـــکەکە دابێت و نەخۆشــەکەش ڕازیبوونی دەربڕیبێت، پزیشـکەکەش لە لایەن زانسـتی پزیشکی و مومارەسەی چارەسەرکردنەکەوە هەڵەی تێدا نەکردبێت ئینجا بەرپرس نابێت.

لە ڕاوبۆچوونی ئەم پێشــەوایانەوە دەتوانین بڵێین: کاتێك پزیشـــك بەرپرس نابێت کە چەند مەرجێك هاتبنەدی:

**١- دەبێت کەسـی چارەســەرکار پزیشـکی ڕێپێدراو بێت:** واتە ئیجازەی رەسـمی پزیشـکێتی لە دەسـەڵاتدارەوە هەبێت (کە ئیعتیماد دەکاتەوە سـەر ئەو شوێن و کەسانەی پزیشـــکێتیی لێوە فێر بووە). دەبێ ئـەو مـەرجـانـەی تێدا بووبێت کە دەســەڵاتداران بۆ پزیشکیان داناوە.

**٢- دەبێ بە مەبەسـتی پاك و پزیشـکانە و بۆ چارەسەری ڕەفتارەکەی کردبێت:** واتە مەبەسـتی چارەسـەرکردنی نەخۆشەکە و چاکبوونەوەی بووبێت کە مەبەستی هەموو پزیشـکێکی سـەرڕاستە، بۆ نموونە ناشێت بە مەبەستی (پاك)ــی ئەوەی گوایە نایەوێت زیاتر ناســۆر و ژان بچێژێت بیکوژێت، ئەگەر داواشــی لێ کردبێت نابێت بیکات، دەبێ ئـەوەی کردوویەتی لە چوارچێوەی پێویســـتیدا بووبێت. بۆ نموونە: ناشــێت گڵاندەکانی جنسی نەخۆشەکە پەك خات یان دەریانبهێنێت کە هیچ زەروورەتێك نەبووە بۆی. هەروەها ناشـێت بە مەبەسـتی خۆ تاقیکردنەوە و ئەزموون و شارەزابوون چارەسەر تاقیبکاتەوە. لە هەر یەك لەم حاڵەتانەدا نەخۆش هەر زیانێکی پێ بگات پزیشـك یان چارەسـەرکارەکان لە ڕووی جینائییەوە بەرپرســن لە ڕەفتارەکەیان و بە (تاوانی ئەنقەســت) دادەنرێت، تەنانەت ئەگەر نەخۆشەکەش ڕازی بووبێت و پزیشکەکەش نیەتی پاك بووبێت.

**٣- دەبێ ڕەفتارەکەی بە پێی ڕێسـاکانی زانسـتی پزیشـکی بێت:** هەر ئەوەندە نییە کە بڕوانامەی هەیە، بەڵکوو دەبێت پزیشـکە پسـپۆڕەکان و شـارەزایانی دەوروبەری شــاهیدییـان بۆ دابێت کە توانای چارەســەرکردنی هەیە. ئەمانیش نابێت چاوپۆشــی لە

نەزانینی ئەو بکەن مادام چۆتە ریزی خاوەن پیشـەکەیانەوە، لە هەمان کاتیشـدا پزیشـك دەبێت تا ڕادەیێکی شایستە ئازادی ئیجتیهاد و ڕەفتارکردنی چارەسەرانەی هەبێت.

بۆ نموونە بتوانێت هەندێك ڕاوبۆچوونی نوێی چارەسـەری نەخۆشـییەك بگرێتە بەر ئەگەرچی هێشـتا بە تەواوی یەکلانەبوویێتەوە، مادام ئیجتیهادێکە و پسپۆڕانی ئەو بوارە لە چارەسەردا کردوویانە (وەکو بەکارهێنانی دەرمانێك)، بەڵام ئەگەر نەخۆشییەکی سەخت بوو کـە عادەتەن پسـپۆڕی شـارەزاتری لەو دەویێت یان دەزگا و ئامێری پێشـبردووتری دەویسـت و ئەم سـوور بوو لەسـەر ئەوەی خۆی بیکات یان بە دەزگا و ئامێری کۆن و تـەقلیدی و نەخۆشـەکە تووشـی زیان بوو؛ حەتمەن پزیشـکەکە کەمتەرخەم بووە و بەرپرسێتی جینائیی دەکەوێتە ئەستۆ چونکە دەبوو نەخۆشەکە حەواڵەی پسپۆڕی تایبەت یان نەخۆشخانەی پێشکەوتووتر بکردایە.

**4- نەخۆشـەکە یان سـەرپەرشتیارەکەی ڕازی بووبێت:** کە ئەو پزیشکە لەو شوێنە ئـەو چـارەسـەری بۆ بکـات. ئەگەر پزیشـکەکە ئەم ڕازیبوونەی وەرنەگرتبوو بۆی نییە چارەسـەری بکات مەگەر حاڵەتەکەی دژوار بێت و وەرگرتنی ڕەزامەندییان سـەخت بێت (وەکو حاڵەتی بورانەوەی کەسێك دوور لە کەس و کاری).

## 4- یارییەکانی سوارچاکی: واتە وەرزشکاری:

شـەریعەتی ئیسـلامی بایەخ بە یارییەکانی سـوارچاکی دەدات و شوێنکەوتووانی هان دەدات لەسـەری بەو سـیفەتەی کە بۆ بەهێزکردنی بەدەن و چالاککردنی هزر و ژیری و تەندروسـتی سوود بەخشن و زەروورە. بە تایبەت ئەو جۆرانەی تاك و کۆ بەهێز دەکات و شارەزایان دەکات کە لە کاتی ئاشتی و جەنگدا سوودیان لێ وەربگیرێت، وەکو پێشبڕکێی پیادەڕۆ و ئەسـپسـواری و پێشـبڕکێی تر، یان وەرزشـەکانی هاویشـتن و شـمشـێر و بـەکـارهێنـانی دار، یـان زۆرانبـازی و بـەرزکردنەوەی قورسـایی و مەلەوانی و گوریس

ڕاکێشان و هیتری هاوشێوەیان.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێشبڕکێی پیادە و ئەسپسواری و حوشترسوارییی کردووە و ئامادەی کێبڕکێی تیرئەندازەیی و ڕمبازی بووە و خۆی (علیه الصلاة والسلام) زۆرانی لەگەڵ (رەکانە)دا کرد و ڕمبازیی دەکرد و مەشقی لەسەر ئەسپ دەکرد، بێ زین و بە سەر زینەوە و هەڵمەتی پێ دەبرد.

## - حوکمی برینداربوون و کوژرانی کاتی وەرزشکاری:

بێگومان لە کاتی ورزش و مەشقەکانیدا یاریزانان و مەشقەوانان بریندارەبن و دەشێت لێیان بمرێت، هەر وەکو کە دەشێت خەڵکی تریشی بەرکەوێت. ڕێسا ئەوەیە کە ئەگەر ئەو ڕەفتارە یان بەکارهێنانی ئەو ئامێرە لە خودی ئەو یارییەدا زەروورى نەبووبێت بەرپرسێتی یاسایی لەسەر زیان لێ کەوتنەوەی دەکەوێتە سەر، ئەگەر یارییەکە جۆری توندوتیژەکان نەبوو، بەڵام یاریزانێك بە جۆرێك لە جۆرەکان توندوتیژیی تێدا بەکارهێنا و زیانی لە کەسانی تردا، بێگومان بەرپرسە لە ڕەفتارەکەی و سزای دەکەوێتە سەر (وەکو: لە تۆپێندایە بەڵام شەقێك بە ئەنقەست لە شوێنی هەستیاری یاریزانەکەی بەرامبەری دەدات و زیانی لێ دەدات)، ئەوە زیان لێدانی ئەنقەستە و تاوانە. ئەمما ئەگەر یارییەکە خۆی وا توندوتیژیی دەخواست وەکو بۆکسێن و زۆرانبازی و هاوشێوەیان، مادام لە خودی یارییەکەوە بێت هیچی لەسەر نییە (بەڵام بۆ نموونە داوەر فیکەی لێدا کە ئەو جەولەیە تەواو بوو کە دەبێت زۆرانبازەکان بکەونە گۆشەیەکەوە و بحەوێنە، بەڵام یەکێکیان لەو کاتەدا بەوی تریان کێشێت و زیانی لێدا، حەتمەن ئەمە تاوانە و سزای دەبێت).

## <u>٥- بێ خوێنی (بەهەدەرچوون):</u>

بێ خوێنە واتە کوشتنی جائیزە و کەس هەقی کوشتنەوەی ناسێنێتەوە. شەریعەتی

ئیسلامی لەم بوارەشدا تاقانەیە و بە دەگمەن لە یاسا و دەستووری تردا ئەمە دەبینرێت ئەگەر بشبێت بە ڕادەیەکی کەمە. ئەو کەسانەی خوێنیان هەدەر دەبێت؛ واتە دەکوژرێن بێ ئەوەی هەقی تۆڵە یان خوێن گرتنەوەیان هەبێت ئەمانەن:

١- کافری شەڕانی (موحاریب).

٢- پاشگەزبۆوە لە دین (مورتەدد).

٣- زیناکار کە هاوسەریشی هەیە.

٤- جەردە و ڕێگر.

٥- یاخی بوو لە خەلیفەی شەرعی.

٦- ئەوی هەقی خوێنی لە ئەستۆدایە.

٧- دز.

**ا- کافری شەڕانی (الحربي):** کافری شەڕانی ئەو کەسەیە کە سەر بە دەوڵەتێکی دارولحەربە کە جەنگیان دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی ڕاگەیاندووە، هەروەها ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە هاوپەیمانیان بوون و ئەمانیان بە پێی ڕێکەوتن وەرگرتووە بەڵام کاتی پەیمانەکەیان بە سەرچووە یان مەرجی ئەمانەکەیان هەڵوەشاندۆتەوە و خوێنیان هەدەر بووە. ئەو کەسانەی ئەمە وەسفیانە هەر کەسێك بیانکوژێت خوێنیان لەسەری نابێت، هەروەها ئەگەر بریندارکران؛ بریندارکارەکەیان سزا نادرێت چونکە کەسێکی کوشتووە یان بریندارکردووە کە بێ خوێنە، بەڵام دەشێت لەو لایەنەوە سزا بدرێت کە کارەکەی خۆبەسەری کردووە، چونکە ئەوە کاری دەسەڵاتدارانی حکومەتە و ئەو لە خۆیەوە کردوێتی، ئەمما لە مەیدانی جەنگ و جیهاددا کوشتن و بریندارکردنی کافری شەڕانی هیچ

سزایەکی لەسەر نییە، هەروەها ئەگەر موسولْمانێك لە بەرگری لە خۆیدا بەرامبەر کافرێکی شەڕانی کوشتی. ئەمما ئەگەر کافرە شەڕانیەکە بە نهێنی هاتبووە دارولئیسلامەوە یان دیل کەوتبوو یەکێك هات و کوشتی، یان ئەوی بە دیل گرتوێتی کوشتی، هیچ لەسەر ئەم بکوژانە ناکەوێت چونکە کافری شەڕانی خوێنی هەدەرە و دەسگیرکردن و دیلکردنی سیفەتی (کافری شەڕانی)ـێتی لێ ناکاتەوە، بۆیە خوێنی هەدەرە و هیچ بەرپرسێتیەك ناکەوێتە سەر بکوژەکەی. ئەگەر_هەر لەو لایەنەوە بێت کە بکوژەکە لە واقیعدا دەستدرێژیی کردۆتە سەر مافی گشتی دەسەڵاتی سیاسی و داوەری، چونکە دەسەڵات بەرپرسە لە ڕەفتارکردندا لەگەڵ کافرانی شەڕانی و جاسووس و ئەوانەی بە نهێنی دێنە وڵاتەوە، بۆیە لەم لایەنەوە لێپرسینەوە لەگەڵ بکوژەکە دەکرێت و سزای شیاوی دەدرێت، چونکە ڕێزی دەسەڵاتی وڵاتەکەی خۆیی نەگرتووە.

کوشتنی کافری شەڕانی بێگومان لە کاتی جەنگ و جیهاددا فەرزە، هەروەها لە کاتی بەرگریکردنی موسولْماندا لە خۆی یان لە کەسانی تر، لە گیان و ماڵ و ئابڕووی خۆی یان لە ماڵ و گیان و ئابڕووی کەسانی تر، غەیری ئەم دوو حاڵەتە بۆی هەیە کافرانی شەڕانی بکوژێت نەك فەرز بێت لەسەری.

**٢- پاشگەزبۆوە لە دین (موڕتەدد):** پاشگەزبۆوە یان هەڵگەڕاوە: ئەو موسولْمانەیە کە دینەکەی گۆڕیوە و چۆتە سەر دینێکی تر، کەوابوو پاشگەز بوونەوە ڕەفتارێکە لە ناو موسولْماناندا ڕوودەدات، ئەگینا غەیری موسولْمان بچێتە سەر دینی تر بە پاشگەزبۆوە هەژمار ناکرێت. پاشگەزبۆوە لە شەریعەتی ئیسلامدا خوێنی هەدەرە ، ئەسڵیش ئەوەیە کە دەبێت دەسەڵاتداری ئیسلامی سزاکەی بە سەردا بچەسپێنێت و فەرمان بدات جێبەجێ بکرێت. ئەمما ئەگەر کەسێك یان کەسانێك لە خۆوە چوون و پاشگەزبۆوەیەکیان کوشت ئەوە خراپەیان بەرامبەر دەسەڵاتدارییە ئیسلامییەکە کردووە کە پێی دەڵێن (افتئات)، لەسەر ئەم ڕەفتارەی سزا دەدرێت نەك لەسەر کوشتنی پاشگەزبۆوەکە.

هۆی کوشــتنی پاشــگەزبۆوە ئەوەیە کە لە ســیســتمی کۆمەڵایەتی (کە ئیســلامە) دەرچووە، دەر چوون لە ســیســتمی کۆمەڵایەتی ئیســلامیش دژوارە، تاوانێکی ئێجگار گـەورەیە (کە وەکو خیانەتی گەورەیە دژی ئوممەت و خیلافەت)، بۆیە ســروشــتیە کە سزاکەی کوشتنی بێت تا سیستمە کۆمەڵایەتیەکە بپارێزرێت.

بەڵگە لەســەر چەســپاندنی ئەم ســزایە ئەو فەرموودەیەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمویێ: (مَن بَدَّلَ دِينَهُ فَاقْتُلُوهُ)[١] واتە: هەر کەســێك دینەکەی گۆڕی (چووە ســەر دینێکی تر) بیکوژن.

هەروەها کە دەفەرمویێ: (لا يحلُّ دمُ امرئٍ مسلمٍ إلَّا بإحدى ثلاث :كفرٌ بعدَ إسلامٍ، أو زنًا بعدَ إحصانٍ، أو قتلُ نفسٍ بغيرِ نفسٍ)[٢] واتە: کوشتنی موسوڵمان بە سێ شت دەبێت کـە یـەکێکیـان ئـەنجام بـدات: کـافر بوون دوای موســوڵمـان بوون، زینـاکردن دوای هاوسەرگیری (ژن هێنان یان شووکردن) و کوشتنی کەسێك کە خوێنی لە ئەستۆدا نەبێت.

**٣- زیناکاری خاوەن هاوســەر:** پیاوە و ژنی هەیە یان ژنە و مێردی هەیە. لە شەریعەتی ئیســلامیدا ســزای خـاوەن هاوســەری زیناکار ڕەجمکردنێتی، واتە بەردەبارانکردنی تا دەمرێت، ئەمما زیناکاری ڕەبەن (کە هاوســەری نییە) ســزاکەی جەڵدە لێدانێتی. بێگومان ســزای ڕەجم ســزایەکی کوشەندەیە، حەتمەن بەردەبارانکراوەکە دەبێت لە ژێر بەردەباراندا گیـانی دەرچێـت کـە بۆ ئـەو پـاکبوونـەوە و بۆ غـەیری ئـەو مایەی ڕاگرتنی تاوان و چاو ترساندنێتی. زیناکاری خاوەن هاوسەر خوێنی هەدەرە.

پێشــەوایانی شــەرع ئیمامی ئەبوو حەنیفە و مالیك و ئەحمەد و ڕای پەسەندی ئیمامی

---

(١) بوخاری (٣٠١٧).

(٢) ئەبو داود (٤٥٠٢)، ترمذی (٢١٥٨)، نەسائی (٤٠٣١)، ئیبن ماجە (٢٠٥٨)، لەفزی فەرموودەکەش هی ئەبو داودە.

شـافیعی ئەوەیە کە کوشتنی زیناکاری خاوەن هاوسەر بێ خوێنە چونکە بە زیناکردنەکەی خوێنی خۆی بەهەدەر داوە. ئەگەر کەسێك لە خۆیەوە چوو زیناکارێکی خاوەن هاوسەری کوشت کوشتنەوە یان سزای لەسەر نییە، مەگەر سزای ئەوەی کە بێ پرسی دەسەڵاتداری شەرعی کردوێتی، ئەوە ئەرکی دەسەڵاتە شەرعییەکەیە و ئەو تەدەخولی تێدا کردووە، بۆیە لەم لایەنەوە دەکەوێتە بەر سزای شیاو.

ئەمما زیناکاری ڕەبەن سـزای زیناکردنەکەی جەڵدە لێدانێتی، بۆیە هەرکەسێك لەکاتی غـەیری زیناکردنەکەیدا بیکوژێت بە (قاتڵ) هەژمار دەکرێت و سـزای خۆی وەردەگرێت، چونکە بە کۆڕا ( ئیجماع)ــی پێشـەوایان کەسـێکی بێتاوانی کوشتووە، ئەمما ئەگەر لە حاڵەتی زیناکردنەکەیدا کوشتی بە ڕای ئیمامی ئەبو حەنیفە و مالیك و ئەحمەد و ڕایەکی مەزهەبی شـافیعی بە بکوژ (قاتڵ) هەژمار ناکرێت. بەڵگەشـیان دید و هەڵوێسـتی سەیدنا عومـەرە خوا لێی ڕازی بێـت کە: (ڕۆژێك لە کاتی نانخواردنیدابوو کە کابرایەك بە هەڵە داوان خۆی کرد بە ماڵیدا، شـمشـێرەکەی بە دەسـتەوە بوو خوێنی لێ دەتکا، لە خزمەتی سـەیدنا عومەردا دانیشـت، کومەڵێك پیاویش بە دوایەوە بوون، گەیشـتنە سـەری، کابرا عەرزی سـەیدنا عومەری کرد: شـمشـێرم لە هەردوو ڕانی ژنەکەم دا و کەسـێك لە نێوان ڕانـەکـانیدا بوو کوشـتوومە. سـەیدنا عومەر بە کۆمەڵەکەی فەرموو: ئێوە چی دەڵێن؟ عەرزیان کرد: شـمشـێرەکەی وا وەشـاندووە کە هەردوو ڕانی ژنەکەی بڕیوە و ناوقەدی پیـاوەکـەی ئێمـەش و کردوێتی بـە دوو پـارچـەوە. سـەیـدنا عومەر ڕووی کردە کابرا و فـەرمووی: ئـەگـەر کـەسـێکی تریش وای کرد وا بکـەرەوە). ئـاوا خوێنی زیناکارەکەی بەهەدەردا.

هـەنـدێـك لـە شـەرعنـاسـان ئەوە دەکەن بە هەنجەتی کوشـتنی زیناکار لە حاڵەتی زیناکردنەکەیدا کە بکوژەکە غیرەت گرتوێتی و زۆر ئیستیفزاز بووە (وروژێنراوە).. بەڵام جیـاوازی دەخـەنـەوە نێوان حاڵەتی ئینتیمای ئافرەتەکە و دەفەرموون: ئەگەر خزمی خۆی بێـت بـە عوزر هـەژمار دەکرێت، ئەمما ئەگەر بێگانە بوو (مەحرەمی نەبوو) و کوشـتی

بەرپرسە لێی.

زۆرینەی شەرعناسان غیرەت گرتن و ئیستیفزاز و ورژان بە هەنجەت دانانێن و جیاوازیش ناخەنە نێوان مەحرەم و بێگانەوە، دەفەرموون: هەنجەتەکە بەرهەڵستیکردنە لە خراپە (مونکەر) و وەستاندنێتی بە دەست کە فەرزە لەسەر موسوڵمانان مادام لە توانایدا بێت، ئەم کەسەش لە توانایدا بووە و کردوێتی.

شەرعناسان دەفەرموون: ئەگەر زیناکردنەکە بە بەڵگەی شەرعی سەلمێنرا کوشتنەکە فەرز دەبێت، جا بە حوکمی دادگا بووبێت یان بە ڕەفتاری ئەو موسوڵمانە بە توانەی دیوێتی. ئەگەر بە بەڵگەی شەرعی نەسەلمێنرا بکوژەکە بەرپرسە لە ڕەفتارەکەی و سزای شیاوی تاوانەکەی وەردەگرێت کە کوشتنی ئەنقەستە.

**٤- جەردە و ڕێگر:** جەردە یان ڕێگر کەسێکە کە ڕێگا بە خەڵکی دەگرێت و ماڵ و سامانیان بە زۆر لێ دەستێنێت (کورد دەڵێ: ڕووتیان دەکاتەوە). ئەمە لە شەریعەتی ئیسلامدا پێی دەوترێت (مُفسدٌ فِي الأرض) و (المُحارب). سزای جەردەیی و ڕێگری چەند جۆرێکە چونکە ڕێگرییەکەش چەند جۆرێکە. هەردووکیان لەم ئایەتەدا ڕۆشنن کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوۡ يُصَلَّبُوٓاْ أَوۡ تُقَطَّعَ أَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم مِّنۡ خِلَٰفٍ أَوۡ يُنفَوۡاْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِ ٣٣﴾ المائدة: ٣٣ واتە: سزای ئەو کەسانەی کە جەنگ بەرامبەر خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەکەن و خراپەکاری لەسەر زەمیندا بڵاودەکەنەوە، ئەوەیە کە بکوژرێن یان لە سێدارە بدرێن یان دەستی چەپ و قاچی ڕاستیان یان دەستی ڕاست و قاچی چەپیان ببڕدرێ یان لە ناوچەکە نەفی بکرێن (دوور بخرێنەوە)). کەوابوو سزای ڕێگری کوشتن و لە سێدارەدان و بڕینی دەست و قاچی چەپ و ڕاست یان ڕاست و چەپ و دوورخستنەوەیە لە ناوچەکە. دیارە ئەمانەش هەموویان سزایەك نین کە گیانی کەسێکی پێ دەربچێت، چونکە نەفیکردن بۆ ناوچەیەکی تر وەکو کوشتن نییە.

ئیمامان ئەبوو حەنیفە و مالیك و شـافیعی دەفەرموون: سـزاکان بە پێی تاوانەکانن کە دەکرێن، ئەگەر جەردە و ڕێگر خەڵکیان کوشـت و ماڵ و سـامانیان نەبرد سزایان کوشتنە. ئەگەر سـامان و ماڵیان برد و کەسـیان نەکوشـت سـزایان دەسـت و قاچ بڕینەکەیە، ئەگەر کوشتیان و سامان و ماڵیشیان برد سزایان کوشتن و لە سێدارە دانەکەیە. ئەمما ئەگەر هەر خەڵکیان ترسـاند و ئەمانی ڕێگاکەیان شـێواندبوو سـزایان دوور خسـتنەوەیانە (ئەگەر کۆمەڵ بوو پەرتەوازە دەکرێن و نانێردرێن بۆ یەك شوێن).

ئیمامی مالیك دەفەرموێ: ئەگەر ڕێگر کەسـێکی کوشـت هەر دەبێت بکوژرێتەوە. خەلیفە مافی ئەوەی نییە سـزای کوشـتنەوەی بگۆڕێت بۆ دەسـت و قاچ بڕین یان دوور خسـتنەوەکە، سـەرپشـکبوونی وا لە نێوان کوشتن و لە سێدارەدانەکەیدا. کەسێکیش کە هەر ماڵ و سامانی لە ڕێبواران سەندووە و نەیکوشتوون خەلیفە بۆی نییە دوورخستنەوەی لە ناوچەکەی بە سـەردا بدات، بەڵکو سـەرپشـکە لە کوشـتن یان لە سـێدارەدانیدا یان لە دەسـت و قاچ بڕینەکەیدا. ئەمما ئەگەر هەر خەڵکی ترسـاندبوو خەلیفە سـەرپشـکە بە کوشـتن یان لە سـێدارەدانی یان لە دەسـت و قاچ بڕینی یان لە دوور خسـتنەوەیدا. ئەم سـەرپشـکبوونە لە دید و بۆچوونی ئیمامی مالیکدا ئەوەیە کە خەلیفە بۆی هەیە ئیجتیهاد لـە سـزادانـەکـەیدا بکات و لە نێوان ئەم چوار سـزایەدا یەکێکیانی بۆ دەرکات. ئەگەر ڕێگرەکە خاوەن ڕا و تەگبیر و نەخشەسازی بوو دەشێت ئیجتیهادی خەلیفەکە لە کوشتنی یان لە سێدارەدانەکەیدابێت تا لەناو بچێت. دەست و قاچ بڕینەکە ڕێ لە زیاندانی ناخات و خراپەکارییەکەی دەشێت نەوەستێنێت. ئەگەر خاوەن ڕا و تەگبیر و نەخشەداڕشتن نەبوو هەرکەتە و بەخۆ و بەهێزبوو سـزاکەی دەسـت و قاچ بڕینەکەیەتی. ئەگەر هیچی لەم دوو سـیفەتانە تێدا نەبوو خەلیفە سەرپشکە دووری بخاتەوە یان هەر سزایەکی تەمێکردنی بۆ دەربکات.

جـەردەیی و ڕێگری تـاوانێکـە لـە تـاوانی حـەددەکان (جرائم الحدود)، بەڵام ئەگەر ڕێگر تەوبەی کرد پێش ئەوەی دەسـگیر بکرێت سـزای ڕێگرییەکەی لەسـەر نامێنێت؛ چونکە

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ مِن قَبۡلِ أَن تَقۡدِرُواْ عَلَيۡهِمۡۖ فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٣٤﴾ المائدة: ٣٤ واتە: ئەو سزایانە بۆ جەردە و ڕێگرەکانە کە دەیانگرن و دەسگیریان دەکەن، ئەمما ئەگەر پێش ئەوەی دەستتان پێیان گاتێ تۆبەیان کرد و پەشیمان بوونەوە ئەوە عەفوو دەکرێن، خوای گەورەش لێخۆشبوو و بە بەزەییە.

لەم ڕوانگەوە شەرعناسان لە بەهەدەردانی خوێنی ڕێگردا ڕاجوێ بوون:

<u>دیدوڕای یەکەم دەفەرموێ:</u> ڕێگر خوێنی هەدەرە و دەکوژرێت، ئەگەر خەڵکی کوشتبوو یان ئەگەر خەڵکی کوشتبوو و ماڵ و سامانیشیانی بردبوو، ئەگەر هەر ماڵ و سامانی لێ سەندبوون دەستی ڕاست و قاچی چەپی هەدەر دەبن، دەبڕێن و خوێنیشیان نابێت. ئەمەشیان سووکترین سزایانە کە خەلیفە دەتوانێت لە نێوان سێ سزاکەدا هەڵی بژێرێت: کوشتن، لەسێدارەدان، دەست و قاچ برین. ئەمما ئەگەر ڕێگرەکە هەر ترس و بیمی خستبووە دڵی ڕێبوارانەوە و ئەمانی ڕێگاکەی نەهێشتبوو هیچ ئەندامێکی جەستەی هەدەر ناکرێت، ئەگەر چی خەلیفە بۆی هەیە بە هەر یەکێك لە چوار سزاکە سزای بدات.

<u>دیدوڕای دووەم دەفەرموێ:</u> ڕێگر ئەگەر خەڵکی کوشتبوو خوێنی هەدەرە، هەروەها ئەگەر کوشتبووی و ماڵ و سامانی بردبوو. ئەگەر هەر ماڵ و سامانی بردبوو دەستی ڕاست و قاچی چەپی هەدەر دەبێت، بە خەڵك ترساندن هیچی لێ هەدەر نابێت، چونکە دوورخستنەوە دەیگرێتەوە کە فەوتێنەری نییە.

بە پێی ڕێسای گشتی سزاکانیش هەدەردانی خوێنی ڕێگر لە ساتەوەختی ئەنجامدانی تاوانەکەوە دەبێت. ئەگەر بە پێی دیدوڕای یەکەمی شەرعناسان بکرێت لە دوای حوکمدانەکەی خەلیفەوە هەدەر دەبێت ئیتر سزاکە کوشتنەکەی بێت یان دەست و قاچ برینەکەی بێت، ئەمما پێش دەرچوونی حوکمەکە هەدەر نابێت.

حاڵەتی هەدەربوونەکەیان بە تۆبەکردنیان نامێنێت، بەڵام دەبێت تۆبەکردنەکەیان پێش

دەسگیرکردنیان بێت تا ڕێگرەکە ئاسایی ببێتەوە و کوشتنی حەڕام دەبێتەوە. کوشتنی ڕێگر یان دەست و قاچ برینی پێش تۆبەکردنی فەرزە نەك ماف. دەسەڵاتدارانی شەرعی بۆیان هەیە ئەگەر کەسانێك هەر لە خۆوە چوون و ڕێگریان کوشت یان دەست و قاچیان بڕی سزایان بدەن، بەڵام بەو سیفەتە نا کە تاوانبارن؛ بەڵکو بەو سیفەتەی کە کارێکیان کردووە کە ئەرکی دەسەڵاتدارانە.

٥- **یاخیبووان لە خەلیفەی شەرعی:** یاخیبوو ئەو کەسەیە یان ئەو کەسانەن کە شۆڕشیان بە ناهەق دژی خەلیفەی شەرعی بەرپا کردووە و لێی یاخی بوون. ئەم جۆرە یاخی بوونە بە دوژمندارێتی حاکم و سیستەمی حوکمەکە دادەنرێت، نەك دژ بە سیستەمی کۆمەڵایەتی. ئەمەیان پێی دەوترێت (البغي) و ئەویان پێی دەوترێت (فساد في الأرض).

بۆ ئەوەی ڕەفتارێك بخرێتە بازنەی پێناسەی یاخیبوونەوە شەرعناسان چەندین مەرجیان بۆ داناوە، وەکو:

أ- **دەبێت یاخیبووان لێکدانەوەیەکیان هەبێت:** کە دەبێتە بەهانەی شۆڕشکردنەکەیان، دەبێ بەڵگە و هەنجەتیان ڕوونبکەنەوە کە بۆچی ئاڵای یاخیبوونیان لە خەلیفە و حوکمی شەرعی بەرزکردۆتەوە، با بەڵگەکەیشیان لاواز بێت بەڵام دەبێت هەیانبێت و گوێیان لێ بگیرێت یان تۆیژینەوەی بۆ بکرێت.

ب- **دەبێت خاوەن هێزبن:** واتە کۆمەڵێکن کە هاوڕا و هاوڕێ بوون و خۆیان بە یەکتری بەهێز کردووە یان لە شوێنێکی قایمدا کۆبوونەتەوە.

جـ- **دەیانەوێت بە زەبری هێز بگەنە مەبەستیان:** واتە کۆمەڵێکی چەکدار و شەڕفرۆشن و بەرگری لە خۆیان و ڕێ و ئامانجیان دەکەن.

ئەگەر ئەم مەرجانە لە کەسێك یان کەسانێکدا هاتهدی ئەوە یاخییە و خوێنی هەدەرە. ئیمامی ئەبو حەنیفە هەر لەسەرەتای کۆبوونەوە و یاخیبوونیانەوە خوێنیان بەهەدەر

دادەنەبێت، یا هێشتا شەڕیشیان دانەمەزراندبێت یان دەستدرێژیشیان نەکردبێت. ئەمما ئیمامان مالیك و شافیعی و ئەحمەد لایان مەرجە کە دەستیان بە کوشتار یان دەستدرێژی کردبێت. هەر کۆمەڵێك پێناسەی یاخیبووی بە سەردا چەسپا جەنگ بەرپاکردن دژیان فەرز دەبێت چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَقَٰتِلُواْ ٱلَّتِي تَبۡغِي حَتَّىٰ تَفِيٓءَ إِلَىٰٓ أَمۡرِ ٱللَّهِ ۚ﴾ الحجرات: ٩ واتە: دژی ئەو لایەنە موسوڵمانە بجەنگن کە یاخی بووە تا ناچار دەبێت بێتەوە ژێر حوکم و داوەرێتی شەرع.

لە حوکمی کوشتنی یاخیبووشدا ئەگەر کەسێك خۆبەسەر چوو یەکێکی لێ کوشتن یان زۆرتر، لەسەر کوشتنەکە سزا نادرێت چونکە خوێنی یاخیبووەکان هەدەرە، بەڵام لەسەر ئەوە سزای شیاو دەدرێت کە مافێکی دەسەڵاتدارانی بۆ خۆی پچڕیوە و خۆبەسەر خەڵکی کوشتووە.

**٦- ئەو کەسەی خوێنی لەسەرە:** کەسێکی بە ناهەق کوشتووە و موستەحەقە بکوژرێتەوە لەسەری. ئەمە خوێنی لەسەرە و کوشتنەوەی فەرزە چونکە شەریعەتی ئیسلام سزای بکوژی بە کوشتنەوەی دیاری کردووە. هەر وەکو سزای کەمتر لە کوشتنی بە ڕەفتاری هاوشێوەی -ئەگەر دەشیا و دەتوانرا- دیاری کردووە. بۆیە هەر کەسێك کەسێکی تر بە ناهەق بکوژێت دەکوژرێتەوە ، ئەگەر قۆڵی یەکێکی شکاندبوو حوکمی ئەوەیە قۆڵی بشکێنرێتەوە -ئەگەر دەشیا و دەتوانرا- .

ئەم هەق ساندنەوەیە مافی غەدرلێکراوەکەیە ئەگەر مابوو، ئەگەر نا مافی سەرپەرشتیارانێتی، مافی کەسی تر نییە، چونکە غەدرلێکراو و سەرپەرشتیارەکەی مافی لێخۆشبوونیان هەیە، ئەگەر کەسێکی تر لە خۆیەوە بڕیاری دا و کابرای کوشتەوە یان قۆڵی شکاندەوە دەستدرێژیی کردووە، چونکە هەلی لێخۆشبوونی کابرای لە دەست داوە و خۆشی خۆبەسەر ئەو کارەی کردووە، بۆیە ئەمیش بەو تاوانانەی تاوانبار دەبێت.

**٧- دز:** هەر کەسێك ماڵ و سامانی کەسێکی بە بڕ و ڕادەی دیاریکراوی شەرعی دزی

بە دز هەژمار دەكرێت و دەستی ڕاستی هەدەرە و دەبێت ببڕدرێت. جێبەجێكاری ئەم سزایە دەسەڵاتدارانی شەرعی دارولئیسلامن نەك یەك یەكی خەڵكی. ئەگەر یەكێك بە بڕیاری خۆبەسەری خۆی چوو دەستی ڕاستی دزەكەی بڕی بەم بڕینە تاوانبار نابێت، بەڵام سزای (موفتەئیت) وەردەگرێت، واتە ئەو كەسەی كە بێ پرس مافی دەسەڵاتداری لە ڕاپەڕاندنی سزادا بۆ خۆی بردووە و مومارەسەی كردووە. ئەگەر دزییەكە لەسەر كابرا نەسەلمێندرا و ئەو دەستی ئەوی بڕیبوو دەستی ئەمیش دەبڕدرێتەوە.

## ٦- ماف و ئەركی دەسەڵاتداران:

**أ- ئەركی دەسەڵاتداران:** شەریعەتی ئیسلامی كۆمەڵێك ئەركی لەسەر شانی دەسەڵاتداران داناوە و جێبەجێكردنی -كە لە بەرژەوەندیی كۆمەڵگەكەیە- فەرز كردووە لەسەریان. ئەو كەسانەی لە واقیعی ڕۆژانەدا جێبەجێی دەكەن كارمەند و فەرمانبەران و هەڵسوڕێنەرانی كاروباری گشتین، لەگەڵ هەبوونی ئاست و پلەی جیاوازیاندا. هەریەكە و لە بواری خۆی و بە پێی تایبەتمەندێتی و شارەزایی كاری خۆی دەبێت. هەر فەرمانبەرێك ئەركی خۆی بە ڕێكوپێكی ئەنجامدا ئیتر لە لایەنی جینائییەوە پرسیاری لێ ناكرێت و موحاسەبە ناكرێت لەسەری. بۆ نموونە: كوشتن لە شەرعدا حەرامە و تاوانە بەڵام ئەگەر سزای شەرعییانە بوو، بە بڕیاری قازییەكی شیاو دەرچووبوو دەبێت جێبەجێ بكرێت، فەرزە لەسەر قازییەكە حوكمی كوشتنەكە دەربكات و فەرزە لەسەر كارمەند و دەزگای تایبەتیی ڕاپەڕاندنی فەرمانی قازی (كە پۆلیسە) كوشتنەكە ئەنجام بدات، هەروەها سزاكانی جەڵدەلێدان و زیندانكردن و هتر.

ڕێسای حوكمی شەرعی ئەوەیە كە فەرمانبەری ڕاپەڕێنەری حوكم بەرپرس نییە و لە لایەن جینائییەوە سۆراغ ناكرێت، مادام ئەو ئەركەی پێی سپێردراوە شەرعیانە جێبەجێی دەكات. ئەمما ئەگەر كەمتەرخەمیی تێدا نواند بێگومان موحاسەبە دەكرێت و سزای

شیاوی کەمتەرخەمێتییەکەی بەسەردا دەچەسپێنرێت، ئەمە لە کاتێکدا دەبێت کە دەزانێت سنووری ئەرکی خۆی چییە. ئەمما ئەگەر سنووری خۆیی بەزاند بێ ئەوەی زانیبێتی کە تا کوێ مـافی خۆیـەتی و نییـەتیشـــی چاك ڕاپەڕاندنی کارەکەی بوو لە ڕووی جینائییەوە هیچی لەســـەر نابێت مادام ســـنووری ماف و ئەرك و دەســـەڵاتەکەی وردەکارانە دیاری نەکراوە.

بۆ نموونە چەســپاندنی ســزای حەددەکان: شــەرعناســان ڕایان لەســەر ئەوە کۆیە کە جێبەجێکردنیان فەرزە ئەگەر بە ڕێکوپێکی -بێ کەم و زیاد- ڕاپەڕێنران؛ ئەوا بەرپرسێتی لەسەر کەس نییە ئەگەر زیانێکیان لێ کەوتەوە (بۆ نموونە لە جەڵدە لێدانەکەدا کەسەکە بمرێـت)، چونکـە ڕاپەڕاندنی فەرز پەیوەســـت نەبووە بە ســـەلامەتیەوە. ئەمما ئەگەر بە ئەنقەســـت یان بە هەڵە زیاتری کرد -وەکو زیاد کردنی جەڵدەکان- بەرپرســـە لە زیادەکانی. هەر کەسێك لە حوکمدانی دا یان لە ڕاپەڕاندنی حوکمدا -کەم یان زیاد- ڕەفتاری تێدا کرد و ڕەفتـارەکـەی بوو بـە هۆی فەوتان وەکو کوشـــتنی کەســـێك بە ئەنقەســـت -لە کاتی ســزادانییدا- یان ســەقەتبوونی ئەندامێکی، خەلیفە دەبێت ســزایان بداتەوە. سزاکەشیان لە جۆری تاوانەکەیانە، پەنجەیەکیان شـــکاندووە پەنجەیەکیان دەشـــکێنرێتەوە. جا ئەمە ئەو کەســـە بگرێتەوە کە ڕاســـتەوخۆ ڕەفتارەکەی کردووە یان ئەو کەســـە کە حوکمەکەی بۆ دەرکردووە، وەکو ئەوەی سزاکەی کوشتنەوە نەبووە و ئەم کردوێتی بە کوشتنی.

خەلیفە هەر وەکو کە ســـزای ڕەفتارە ئەنقەســـتەکەیان دەدات، دەبێت ســـزای ڕەفتارە هەڵەکەشیان هەر بدات، بەڵام لێرەدا شەرعناسان ڕاجوێن کە قەرەبوو (تەعویز)ـی هەڵەکە دەکەوێتە ســـەر کێ؟ هەندێکیان دەفەرموون: دەکەوێتە ســـەر خەلیفە و کەســـوکاری (!) هـەنـدێکی تر دەفەرموون: دەکەوێتە ســـەر بەیتولمال چونکە هەڵەکان زۆرن و خەلیفە و نوێنـەرەکـانی کە کار بۆ ڕەعییەتەکە دەکەن و لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەدان چۆن و بۆچی تەحەممولی ئەو هەموو قەرەبووانەی هەڵە بکەنەوە؟

ئیمامی ئەبو حەنیفە و مالیك و ئەحمەد (رحمهم الله) دەفەرموون: خەلیفە و نوێنەرانی هیچیان ناکەوێتە سەر نە لە هەڵەی سزای حەددەکاندا و نە لە هەڵەی سزای تەمێکردندا، جا سزاکە خۆی لە خۆیدا مرێنەر بێت وەکو ئیعدامکردن ( کوشتنەوەی بکوژ) یان مرێنەر نەبێت وەکو جەڵدەلێدانێك کە بۆتە مایەی مردنی تاوانبارەکە. ئەم ئیمامە بەڕێزانە دەفەرموون: تاوانەکەی کابرا ئەوە سزایەتی، سزای حەددەکان بێت یان سزای تەمێکردن، ئیتر ئەو کە پێی مردووە بۆچی کەسێك بەرپرس بێت لێی؟ خۆ سەلامەتی مەرجی ڕاپەڕاندنی سزا نییە.

ئیمامی شافیعی (رحمە اللە) دەفەرموێ: ئەگەر خەلیفە -یان نوێنەرانی- سزای تەمێکردنیان بهسەر کەسێکدا چەسپاند و پێی مرد یان خودی سزاکە کوشتنی تاوانبارەکە بوو خەلیفە دەبێت قەرەبووی خوێنی بکاتەوە چونکە ئەو مافی لێخۆشبوونی لە تاوانەکە هەبوو، هەر وەکو کە مافی لە لێخۆشبوونی لە سزاکە هەبوو. جگە لەوەی مافی ئەوەشی هەبوو سزای تری تەمێکردن دیاری بکات کە شیاوتر بوایە بۆ تاوانەکە و تاوانبارەکەش. سزاکەش لە ئەسڵدا مەبەست لێی تەمێکردنی بوو نەك کوشتنی، بۆیە سەلامەت مانی کابرا مەرج بووە، بۆ نموونە سزای شەڕابخۆر کە چل جەڵدەیە (بە ڕای ئیمامی شافیعی رحمە اللە) ئەگەر زیاتری لێدابێت و پێی مردبێت دەبێت قەرەبووی خوێنی بکاتەوە.

بۆچوونەکەی ئیمامی شافیعی ڕێسایەکی جوان و بە سوودی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگەیە چونکە قەرەبووکردنەوەکە دەبێتە سەرمایە یان مووچەی ماڵ و منداڵی کابرای مردوو کە بەخێوی دەکردن و ئێستا وا نەما. ڕاستە مەبەست کوشتنی نەبوو بەڵام وا کوژرا و مرد بۆیە دەبێ خەلیفە یان نوێنەرانی قەرەبووی خوێنی بکەنەوە و بیدەنە ماڵ و منداڵ یان دایك و باوك و ئەوانەی بەرپرس بوو لە بەخێوکردنیان تا خێزانەکەی لە موحتاجی بپارێزرێت.

**ب- مافی دەسەڵاتداران:** هەر وەکو هەر تاکێکی رەعییەتی ئیسلامی کە ماف و

ئـەركیـان هـەیە دەســەڵاتدارانیش ئەو ئەركانەیان لەســەرە كە لەسـەرەوە ئاماژەمان بە هـەنـدێكیـان دا، لـە بـەرامبـەریشــدا كۆمـەڵێـك مـافیان هەیە كە یەكێك لەوانە فەرمان دەركردنیانە بۆ تاكەكانی كۆمەڵگە كە فەرزە لەسەریان -مادام شەرعییە- جێبەجێی بكەن. مومارەسـەكردنی ئەم مافە لە لایەن دەســەڵاتدارانەوە ئەركەكانی خەڵكیش دیاری دەكات كـە ســەرەكیترینیـان گوێڕایـەڵی و ملكەچی دەربڕینیانە بۆیان. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡ ۝٥٩﴾ النسـاء: ٥٩ واتە: ئەی ئەو كەسـانەی بـاوەڕتان هێناوە ملكەچی فەرمانەكانی خوای گەورە و ملكەچی فەرمانەكانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و سەرپەرشتیارانی كاروباری خۆتانبن كە هەر لە خۆتانن.

مەرجی ملكەچی و گوێڕایەڵییەكە ئەوەیە كە هەر فەرمانێك سـەرپەرشتیارانی كاروباری موسـوڵمانان دەریكەن بۆیان دەبێ شــەرعی بێت، چونكە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ ۝٥٩﴾ النساء: ٥٩ واتە: لە هەر شـتێكدا ناكۆكیتان بۆ دروست بوو بۆ چارەسـەركردنی بگەڕێنەوە سەر فەرمانی خوای گەورە (قورئان) و فەرمانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) (سوننەت).

پـێـغـەمـبـەری خـوا (ﷺ) دەفـەرمـوێ: (عَلَى المَرْءِ المُسْـلِمِ السَّـمْعُ والطَّـاعَـةُ فِيما أحَبَّ وكَرِهَ، إلَّا أنْ يُؤْمَرَ بمَعْصِــيَةٍ، فإنْ أُمِرَ بمَعْصِــيَةٍ، فلا سَـمْعَ ولا طاعَةَ)[1] واتە: گوێڕایەڵی و ملكەچی لەسـەر هەر موسوڵمانێك فەرزە، لەوانەی پێی خۆشن و لەوانەشدا كە پێی ناخۆشـن مەگەر فەرمانێكی گوناحكردنی بە سەردا بدرێت، ئەو كاتە نە گوێڕایەڵ دەبێت و نە ملكەچ، فەرمانەكە جێبەجێ ناكات.

---

(١) بوخاری (٧١٤٤)، موسلیم (١٨٣٩).

هەروەها دەفەرموێ: (لا طاعةَ لأحدٍ في معصيةِ اللَّهِ)[1] واتە: لەسەرپێچی فەرمانی خوای گەورەدا بە هیچ کلۆجێك گوێڕایەڵی کەس ناکرێت و فەرمانی گوناحی ڕاناپەڕێنرێت.

کەوابوو دەرکردنی فەرمانی پێچەوانەی شەرع لە لایەن کاربە دەستانەوە فەرمانبەرانی خواریانەوە ناچار ناکات لەسەر ڕاپەڕاندنی مادام بزانن کە پێچەوانەی شەرعە. ئەمما ئەگەر نەیانزانی پێچەوانەی شەرعە و دڵنیابوون کە لەچوارچێوەی خودی وەزیفەی فەرماندەرەکەدایە و فەرمانبەرەکە جێبەجێی کرد هیچ بەرپرسێتیەکی ناکەوێتە سەر، مادام فەرمانبەرەکە نییەتی پاکە و مەبەستی ئەنجامدانی ئەرکی خۆیەتی و نەشیزانیوە کە ئەو فەرمانە لەگەڵ شەرعدا نایاتەوە. ئەگەر بەرپرسێك فەرمانی ناڕەوای کوشتن یان جەڵدە لێدانی کەسێکی بە کارمەند/ سەربازێکی خۆی دا و جێبەجێی کرد و کەسەکە مرد، هەردووکیان بەشدارن لە کوشتنەکەدا، فەرمانبەرەکە/سەربازەکە ئەو بەهانەی لێ قبووڵ ناکرێت کە بڵێ من ڕاپەڕێنەری فەرمانم و بەس، نا، چونکە دەیزانی فەرمانەکە ناڕەوایە و بە پێی شەرع نییە، چۆن بەشدار دەبێت لە کوشتنی کەسێکدا کە شایانی کوشتن نییە؟ ئەگەر بشڵێت ناچار بووم، هەر قبووڵ نییە (چونکە خۆ مانەوەی خۆی لای خوای گەورە بەڕێزتر نییە لە مانەوەی کوژراوەکە، بۆچی کوشتنی خۆیی پێ ڕەوا نەبوو -کە ئەگەرێکە- بەڵام کوشتنی ئەوی پێ چاك بووە کە حەتمی بوو؟).

شەریعەتی ئیسلام نایەوێت فەرمانبەر و سەرباز و بەردەست لەسەر گوێڕایەڵی کوێرانە پەروەردە ببن، دەیەوێت لەسەر ڕەفتار ( گوفتار و کردار)ی هەقخوازی پەروەردە ببن. ڕەوشتیان بە شەرع پارسەنگ بێت و سووربن لەسەر چەسپاندنی شەرع تا دادپەروەری بچەسپێت. لەم حاڵەتەدا کە فەرمانبەرەکە فەرمانی فەرماندەرەکە جێبەجێ ناکات،

---

(١) فەرموودەکە بەم لەفزە ئیبنو حەزم لە کتێبی المحلى (109/11) هێناویەتییەوە و دەفەرموێ سەحیحە، شێخی ئەلبانیش لە (صحيح الجامع) بەژمارە (٧٥١٩) بەم لەفزە هێناویەتییەوە: (لا طاعةَ لأحَدٍ في معصيَةِ اللهِ ، إنَّما الطاعةُ في المعرُوفِ)، دەفەرموێ: سەحیحە.

فەرماندەرەکە دەسەوسان و کز و کڵۆڵ دەمێنێت، دەزانێت کە ناتوانێت پێچەوانەی شەرع بڕیار بدات، دەزانێت ئەگەر پێچەوانەی شــەرع فەرمان دەرکات کەس نابێت ڕایپەڕێنێت، ئەمەش لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتداران و ڕەعییەتەکانیاندایە.

## بڕگەی دووەم:
## ڕوكنی ماددیی تاوان:

تـاوان ڕەفتـارێكـە كـە مرۆڤ دەیكـات كـە لـە زۆرینەی كاتدا زیان بە حەقێك یان بە بـەهایـەك یـان بـە بـەرژەوەنـدییـەكی یـاســایی دەگـەیێنێـت یـان یەكێك لەمانە دەخاتە مەترسییەوە، ئەم ڕەفتارە لەم لایەنەیەوە ڕوكنی ماددی تاوانەكەیە. شتێكی بەڵگەنەویستە كـە تاوان نایاتەدی تا ڕوكنە ماددیەكەی نەیەتەدی، چونكە دیمەنە دیارەكەی تاوانە كە بە دەركەوتنی ئەو؛ واقیع و كۆمەڵگەكە شـاهێدیان لەسـەر ڕوودانی داوە، تاوانی پشێوی لە كۆمەڵگەدا دەنێتەوە و ئەمان و ڕەوتی سیستمی بەڕێوەبەرێتی تێك دەدات.

### خاڵی یەكەم: توخمەكانی ڕوكنی ماددیی تاوان:

**١- كـارێكی حـەڕامكراوە كـە بكەر كردوێتی:** كە دەشــێت چالاكییەكی باشــی لێ بكـەوێتـەوە و دەشــێـت چـالاكی خراپی لێ بكەوێتەوە، وەكو خۆگرتنەوە لە ئەنجامدانی كارێك كە ئەركە و دەبێت بیكات.

**٢- لێكـەوتنەوەی ئەنجامێكی خراپ لە ڕەفتارەكە:** كاتێك ڕەفتاری بكەرەكە دەبێتە تـاوان كـە زیـانێكی لێكـەوتبێتـەوە، ئەم ئەنجامە (زیانەكە) ئەوەیە كە شــەرع نایەوێت ڕووبدات و ڕێی لێ دەگرێت.

**٣- هـەبوونی پـەیوەنـدیی هۆكـارییانەی نێوان ڕەفتارەكە و ئەنجامەكەی:** دەبێت ئەوە بسەلمێنێت كە ئەو ئەنجامە پەیوەندیی بەو ڕەفتارەوە هەبووە، كەسێك سزا نادرێت تا ئەوەی لەســەر ساغ ئەكرێتەوە كە ڕەفتاری ئەو بۆتە مایەی ئەو زیانەی كەوتووە، دەبێ بە دڵنیاییەوە ئەمەی لەســەر ئیســبات ببێت كە ڕەفتاری ئەو پێشــەكی و ڕێڕەو و هۆكاری ئەنجامەكەیە.

شەریعەتی ئیسلامی ئەوە ناکاتە هۆکاری تەنهای سزادان، نافەرمویّت تەنها ئەو ڕەفتارە یان ئەو ڕووداوە مایەی هاتنەدیی ئەو ئەنجامەیە و بەس، نا؛ دەشیّت ڕەفتاری تۆمەتبارەکە هۆکاریّکی سەرەکی بیّت لە ڕووداوەکە. وەکو مردنی نەخۆشیّك دوای عەمەلیاتکردنی، خۆ نەخۆشەکە پیّشتر نەخۆشییەکی کوشەندەی هەبووە بەڵام ڕەفتاری پزیشکەکان بۆتە هۆکاری سەرەکی مردنەکە. کەسیّك یەکیّکی کوشتووە، دەشیّت ئەمە هۆکاری سەرەکی کوشتنەکەبیّت، بەڵام ڕێ لەوە ناگریّت هۆی تریش هەبیّت بەشدار بووبیّت لە ئەنجامەکەدا (وەکو خراپ گواستنەوەی دوای برینداربوونی، زوو چارەسەرنەکردنی و هیتر). هەر وەکو کە دەشیّت ڕەفتاری تۆمەتبارەکە تاکە هۆکاری ئاشکرای بیّت (وەکو ئەوەی فیشەکیّکی بە سەریەوە ناوە یان لەسەربانیّکەوە فڕیّی داوەتە خوارێ). ئەگەر پەیوەندیی هۆکاری لە نیّوان ڕەفتاری تۆمەتبار و ئەنجامەکەدا زۆر باش ڕۆشن نەبیّت ناتواندریّت تۆمەتبار تاوانبار بکریّت کە نەخیّر هەر ئەو کوشتویّتی، وەکو ئاڵۆزی شیّوەی کوشتنەکەی و نەبوونی ئاسەواری ڕەفتاری ئەو[1]. دەشیّت ئەو گەیشتۆتە سەر ڕووداوەکە و تۆمەتبار کراوە، بەڵام بکەرەکە پیّشتر تاوانەکەی کردووە و خۆی شاردۆتەوە. دەشیّت پەیوەندی نیّوان تاوانبار و تاوانەکە ڕاستە وخۆ نزیك نەبیّت، دواتر و بە جۆرەها تۆیژینەوە بسەلمیّت کە ئەوە.

## خاڵی دووەم: بەشداربوون لە تاواندا:

تاوان دەشیّت یەك کەس بیکات، هەر وەکو کە دەشیّت چەندین کەس تیّیدا بەشداربن، کە هەریەکەیان پشکیّکی ڕاپەڕاندنی نەخشەکەی بەردەکەویّت یان یارمەتیدەری

(١) لەو تاوانە سەیرانەی لە ٢٠١٤دا خویّندمەوە: لە سەعیدی میسر کابراییّکی جووتیار ویستبووی ژنەکەی خۆی بکوژیّت بەڵام لە بەر کاردانەوەی کەس و کاری نەیویّرابوو هیچی لیّ بکات. دوار ماریّکی کوشەندەی پەیدا کردبوو لە ژووری نوستنی خۆی و ژنەکەیدا خستبوویە گونیەیەکەوە، شەو هەستا بوو مارەکەی بەڕەڵا کردبوو، خۆی چووبووە دەرێ، مارەکە بە ژنەکەوەی دا بوو، کوشتبووی.

تـاوانبـارێـك دەبێـت لـە تـاوانكردنەكەیدا. چۆنیەتییەكانی بەشـــداریكردن و یارمەتیدان بەگشتی لە چوار حاڵەت بەدەر نین:

- دەشێت لەگەڵ كەسانی تردا ڕێكەوتبێت كە تاوانەكە پێكەوە ئەنجام بدەن.

- دەشێت هاندەری تاوانەكە بووبێت.

- دەشـــێـت بـە هۆكـاری ئـەنجـامدانی تاوانەكە یارمەتیدەر بووبێت بەڵام بەشـــداری ڕاستەوخۆی نەكردبێت (وەكو پەیداكردنی چەك بۆ تاوانبارێكی كوشتن).

هـەر یەكێك لەوانە بە بەشـــداربووی تاوانەكە هەژمار دەكرێت، جا لە ڕوكنی ماددیی تاوانەكە بەشـداربووبێت یان بە شێوەیەكی تر. ئەو كەسەی لە ڕاپەڕاندنی ڕوكنی ماددیی تاواندا بەشـداری دەكات پێی دەوترێت (بەشـداری ڕاسـتەوخۆ) ( الشريك المباشر) و ئەو كەسـەی ڕاسـتەوخۆ لە جێبەجێكردنی تاوانەكەدا نەبووە پێی دەوترێت (بەشداری هۆكار) (الشريك المتسبب).

لەم ڕوانگەوە بەشداربوون لە تاواندا دوو جۆری هەیە:

١- بەشـــداری ڕاســـتەوخۆ: بریتییە لە هاوبەشـــبوون لە جێبەجێكردنی ڕوكنی ماددیی تاوانەكەدا.

٢- بەشـــداری هۆكار: بریتییە لە بەشـــداربوون لە ئەنجامدانی تاوانەكەدا بە ڕێكەوتن لەســـەری یـان بـە هـاندان یان بە ئاســـانكاریكردن و یارمەتیدانی تاوانبارەكە، بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ بەشداری ئەنجامدانی تاوانەكەی كردبێت.

چۆنیەتییەکانی بەشداربوون لە تاواندا:

## ١-بەشداریی ڕاستەوخۆ (هاوکار):

ئەسڵی ئەمە ئەوەیە کە چەند کەسێك بەشداری دەکەن ڕاستەوخۆ لە ئەنجامدانی ڕوکنی مادديی تاوانێکدا، بۆیە ڕەفتارەکەیان بە بەشداری ڕاستەوخۆی تاوان دەناسرێت ئەگەر:

### أ- دوو کەسەکە پێکەوە بەشداری یەک جۆرە ڕەفتاریان لە تاوانێکدا کرد. هەردووکیان وەکو یەک تاوانبار دەبن:

بۆ نموونە: دوو کەس پێکەوە تەقە لە کەسێك دەکەن و دەیکوژن، هەر یەکەیان بەشداری ڕاستەوخۆی تاوانەکەیە. لێرەشدا شەرعناسان دوو زاراوە بۆ بەرپرسێتی ڕاستەوخۆ یان لە پێشتری یەکێکیان دادەنێن: (التوافق) و (التمالؤ).

**- التوافق ( گەلەکۆمەکێی هەنووکەیی):** ئەوەیە کە بەشداربووان -دوو کەس بن یان زیاتر- پێشتر ڕێکەوتنیان لە نێواندا نەبووە، وا ڕوودەدات کە لە ژێر کاریگەری پاڵنەری دەروونی یان بیرۆکە هەنووکەییەکەی ئەو ساتەوەختە پەیدابووە پێکەوە تاوانەکە ئەنجام دەدەن. وەکو حاڵەتی شەڕ و پێکدادانی دوو کەس کە لە پڕێکدا کەسانی تریش تێوە دەگلێن، بێ ڕێکەوتنێکی پێشینە چەند کەسێکیان گەلە کۆمەکێ دەکەن و یەکێك دەکوژن، لەم حاڵەتەدا هەر یەکەیان بەرپرسە لە ڕەفتارەکەی خۆی، نەك لە ڕەفتاری ئەوانی تریش.

**- التمالؤ (گەلەکۆمەکێی بەتەگبیر):** ئەمە ئەوەیە کە بەشداربووان لە تاوانێکدا پێشتر لە ناو خۆیانا کۆمەڵکارانە تەگبیریان کردووە، نەخشەیان داڕشتووە، کار و ڕۆڵی هەر یەکێکی خۆیان دیاریکردووە، هەموو لەسەر ئەجامدانی تاوانەکە ڕێکەوتوون تا مەبەستێك بهێننەدی کە کۆلکەی هاوبەشی نێوانیانە. بۆیە لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا

هەر یەکەیان ئەو ڕۆڵە دەبینێت کە پێی سـپێردراوە و تاوانەکە وا ئەنجام دەدەن هەر وەکو کە لەسـەر نەخشـە و ڕاپەڕاندنی ڕێکەوتبوون. لەم حاڵەتەدا هەر یەکەیان بەرپرسـە لە تاوانەکە و هەموو وەکو وەکو یەك تاوانبارن.

## ب- کەسـی بەشـداری هۆکار بە بەشـداریکاری ڕاستەوخۆی تاوان دادەنرێت ئەگەر ڕاپەڕێنەرەکە وەکو ئامێری بەردەستی هەڵدەسووڕا:

کەسـێك یەکێکی تری لە بەردەستدایە و هەموو فەرمانێکی پێ دەدات و ئەویش بۆی ڕادەپەڕێنێت. بە بۆچوونی زۆرینەی پێشـەوایانی شـەرع بەشـداره هۆکارەکەش وەکو تـاوانبـارەکـە تاوانبارە، بەڵام ئیمامی ئەبو حەنیفە دەفەرموێ: وایان دادەنێت مەگەر لەو حاڵەتەدا کە فەرماندەرەکە فەرمانبەرەکەی ناچارکردبێت. (پێشـەواکانی تر دەفەرموون مادام هەردووکیان ڕازین ڕۆڵبینی فەرماندە و فەرمانبەرێتیەکە کاریگەر نابێت بۆیە هەر دووکیان وەکو یەك تاوانبارن).

## - سزای بەشداربووانی تاوان:

شەرع دەفەرموێ: فرە بکەری (زۆری ئەنجامدەران) کاریگەری لەسەر سزا نییە، هەر یەکەیان سزاکە وا وەردەگرێت وەکو ئەوەی تەنها ئەو کردبێتی. بۆیە سزای بەشداربووانی ڕاستەوخۆی هەر تاوانێك وەکو سزای یەك کەسێکە کە هەمان تاوانی کردبێت، ئەگەرچی بـەشـداربووەکان هەر یەکەیان بەشـێکیان لە ئەنجامدانی تاوانەکە بەرکەوتووە نەك هەمووی.

## ٢- بەشداری هۆکار (لاوەکی):

هەر کەسـێك هۆکارانە بەشـداربێت لە ئەنجامدانی تاوانێکدا کە سزای بۆ دیاریکراوە، بە ڕێکەوتن لەگەڵیدا شـایانی سـزایە ئەگەر بەشداریکردنەکەی بە هاندان یان یارمەتیدان یان بە ئاسـانکاری بۆ کردنی تاوانکردنەکە بووبێت. مەرجیشـە کە مەبەسـتی بووبێت کە

لەگەڵ تاوانبارەکەدا ڕێکەوتووە یان هانی داوە یان یارمەتی داوە.

### - مەرجەکانی بەشداری هۆکار:

کورتەی ئەوەی سەرەوە ئەوە دەگەیێنێت کە بەشداری هۆکار کاتێك حوکم دەدرێت کە سێ مەرجی تێدا هاتبێتەدی:

**مەرجی یەکەم:** هەبوونی ڕەفتارێك کە سزای لەسەرە، کە تاوانەکەیە: مەرج نییە تاوانەکە بە تەواوی ڕوویدابێت چونکە دەشێت بکەرەکە فریای تەواوکردنی نەکەوتبێت بەڵام بەشدارەکانی ڕۆڵی خۆیان بینیوە، نەخشەوانەکە کاری خۆی لە تاوانەکەدا تەواوکردووە، هەروەها یارمەتیدەر و هاندەرەکان. یان دەشێت بکەرەکە تێیدا تاوانبار نەبێت و سزا وەرنەگرێت، وەك ئەوەی منداڵە یان شێتە و پێیان کردووە، بەڵام شەریکەکان هەموویان سزای تاوانەکەیان بەسەردا دەچەسپێت.

**مەرجی دووەم:** دەبێ بەشداربوونەکە بە ڕێکەوتن بێت لەسەر تاوانەکە یان بە هاندان لەسەری یان بە یارمەتیدانی بکەرەکەی.

**مەرجی سێیەم:** دەبێ بەشدارەکان مەبەستیان بووبێت کە ئەو کارە ئەنجام دەدەن کە دەشزانن سزای خۆی هەیە، واتە بەشداربووەکان بە ڕێکەوتن و نەخشەدانان و هاندان و یارمەتیدانەکەیان بزانن کە بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە دیاریکراوەیە. چونکە ئەگەر یەکێك لەمان یارمەتیدەر بووبێت -بۆ نموونە لە پەیداکردنی چەکەکەدا- بەڵام مەبەستی ئەمە نەبوو ئەم کابرایە بچێت و ئەو کەسەی پێ بکوژێت، ئەم یارمەتیدەرە لەم حاڵەتەدا هیچی لەسەر نییە.

### - سزای بەشداربووی هۆکار:

بەشداربووی هۆکار سزایەکی تەمێکردنی بەسەردا دەدرێت نەك سزای تاوانەکە،

چونکە ڕاستەوخۆ لە ئەنجامدانی تاوانەکەدا نەبووە و ڕەفتارەکەی جێی گومانە، گومانیش سزای پێ دەوەستێنرێت. ئەمما ئەگەر بەشدارەکە بەرپرسێکی کارتێکەرە لەسەر بکەرەکە، واتە بکەرەکە بە فەرمانی ڕاستەوخۆی ئەو تاوانەکەی کردووە بێگومان بەرپرسەکەش سزای هەمان تاوان وەردەگرێت، نەك سزای تەمێکردن، چونکە لەم حاڵەتەدا دەبێتە بەشداری راستەوخۆ و هاوکار نەك بەشداری هۆکار.

قازی بۆی هەیە کاتێك سزای تەمێکردن بڕیار دەدات بۆ بەشداربووانی هۆکار مەرج نییە سزاکەی سووکتربێت لە سزای تاوانەکە، نا؛ بۆی هەیە قورستر لەویش دەرکات، هەر وەکو کە بۆی هەیە سووکتری بۆ دەرکات، ئەوە بە پێی بارودۆخ و ڕادەی کاریگەرێتی تەمێکردن و بەرژەوەندیی گشتی و تایبەت دەبێت کە قازییەکە ڕەچاویان دەکات و سزاکەش تەقدیر دەکات.

## بڕگەی سێیەم:
## ڕوكنی ئەدەبی تاوان:

ئەم ڕوكنە ئەوەیە كە دەبێت تاوانبارەكە موكەللەف (ژیر و باڵغ) بێت، واتە بەرپرسێتی تاوانەكەی بكەوێتە ســەر، لە بەر ئەوەی فەرمان و بەرهەڵســتی ئەركی شــەرعییانەن و دەكەونە سەر شانی كەسانی ژیر كە بزانن ئەركەكە چییە و پەی پێ ببەن، چونكە تەكلیف دوانـدنـە، دواندنیش لەگەڵ خاوەن هزر و ژیردا دەكرێت كە تێبگات چی پێ دەوترێت. ئەو كەسـەی ژیر نییە و لەوە تێناگات فەرمان و بەرهەڵستی چییە و بۆچی داوای لێ دەكرێت لە حوكمی ئاژەڵ و بێ گیانەكاندایە. ئەو كەسەش كە ئەسڵی دواندنەكە حاڵی دەبێت -وەكو منداڵ و شـێت- بەڵام نازانێت سـزا و پاداشــت چییە چونكە نوقسـانە و پەی بەوانە نابات حوكمی هەر وەكو ئاژەڵ و بێ گیانە، بۆیە جێی تەكلیف نین. لەم ڕوانگەوەیە كە شــەرع ئـەو كەســە بە بەرپرســی تاوان دەزانێت كە مرۆڤێكی زیندوو و ژیر و باڵغە و لە كاتی تاوانكردنەكەدا سەربەست و سەرپشك بووە.

### * دەقە شەرعییەكان بە بایەخەوە جەخت لەمە دەكەنەوە:

- خوای گـەورە دەفـەرموێ: ﴿فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِۚ ١٧٣﴾ البقرة: ١٧٣ واتـە: هەر كەسێك ناچار بوو (مردارەوەبوو یان خوێن یان گۆشتی بەراز) بخوات لەسەری ناكەوێت، نە لە ریزی موســوڵمانان دەچێتە دەرێ و نە لە ســنوور دەردەچێت و بە هیچ شـێوەیەكیش گوناحی ناگاتێ.

- پێغەمبەری خواش (ﷺ) دەفەرموێ: (رُفِعَ القَلَمُ عَنْ ثَلَاثَةٍ: عَنِ الصَّبِيِّ حَتَّى يَحْتَلِمَ

وَعَنِ النَّائِمِ حَتَّى يَصْحُو وَعَنِ المَجْنُونِ حَتَّى يَفِيقَ)[١] واتە: بەرپرسێتی لەسەر سێ پۆل خەڵك هەڵگیراوە و عەفوون: منداڵ تا باڵغ دەبێت، خەوتوو تا خەبەری دەبێتەوە، شێت تا چاك دەبێتەوە.

هەروەها دەفەرموێ: (إِنَّ اللَّهَ وَضَعَ عَنْ أُمَّتِي الْخَطَأَ وَالنِّسْيَانَ وَمَا اسْتُكْرِهُوا عَلَيْهِ)[٢] واتە: خوای گەورە سزای ئەو ڕەفتارە تاوانانەی لەسەر ئوممەتەکەم هەڵگرتووە کە بە هەڵە یان لەبیرچوونەوەدا دەیکەن یان ناچار دەکرێن کە بیکەن.

## خاڵی یەکەم: بەرپرسێتیی جینائی:

### ١- بنەماکانی بەرپرسێتیی جینائی:

لەمەوە کە باسمان کرد دەردەکەوێت کە بنەماکانی بەرپرسێتی جینائی لە شەریعەتی ئیسلامدا سێیە، هەر کاتێك هەرسێکیان هاتنەدی بەرپرسێتییەکە دەچەسپێت، ئەگەر یەکێکیان نەهاتەدی بەرپرسێتی جینائی ناچەسپێت. ئەو بنەمایانەش ئەمانەن:

١- مرۆڤێك کارێکی حەرامکراوی کردووە.

٢- بکەرەکە ئازاد و سەربەستە و سەرپشك بووە لە کردنیدا.

---

(١) ئەم فەرموودەیەم بەم لەفزە نەدۆزییەوە، بەڵام بە لەفزی تر هاتووە: (رُفِعَ القلمُ عن ثلاثةٍ: عنِ النَّائمِ حتَّى يستيقظَ، وعنِ الصَّبيِّ حتَّى يحتلمَ، وعنِ المجنونِ حتَّى يعقلَ)، ئەبو داود (4403) لەفزەکەش هی ئەمە، ترمذی (1423)، نەسائی لە (السنن الكبرى) (7346)، ئەحمەد (956) بەکەمێك جیاوازی، وە ئیبنو ماجە (2042) بە کورتی هێناویەتییەوە.

(٢) ئیبنو ماجە لە ئیبنو عەبباسەوە (٢٠٤٥)، وە لە ئەبو ذەڕەوە (٢٠٤٣) بە لەفزی: (إِنَّ اللَّهَ تَجَاوَزَ لِي عَنْ أُمَّتِي: الْخَطَأَ، وَالنِّسْيَانَ، وَمَا اسْتُكْرِهُوا عَلَيْهِ) ڕیوایەتی کردووە، وەهەروەها تەبەرانی لە الكبير (١١ / ١٣٣) ( ١١٢٧٤ ) و الأوسط ( ٨٢٧٣ ) و الصغير (٧٦٥)، هەروەها حاکم (١٩٨/٢) فەرموویەتی بە پێی مەرجەکانی بوخاری و موسلیم سەحیحە و زەهەبی لایەنگیری کردووە. وە ئیبنو ماجە لە (الزوائد)دا دەفەرموێ: «إسناده صحيح» و فەرموودەوانی تر بە سەحیحیان داناوە.

٣- بکەرەکە پەی بە کارەکە بردووە کە چییە؟

## ٢- پلەکانی بەرپرسێتیی جینائی چوارن:

**ا- ڕەفتارکردن بە ئەنقەست:** واتە تاوانبارەکە مەبەستی بووە ئەو کارە ڕێپێنەدراوە بکات؛ وەکو کوشتنی بە ئەنقەستی کەسێك کە بکوژەکە مەبەستێتی کوژراوەکە بگەیێنێتە ئەو ئەنجامە کە نەمانێتی. بۆیە لە شەرعدا ئەم ڕەفتارە زەقترین یاخیبوونە، بۆیە ڕۆشنترین سزای هەیە.

**٢- ڕەفتاری وەکو ئەنقەست:** کە لە کوشتن و تاوانی کەمتر لە کوشتندا دەردەکەوێت کە بریتییە لەوەی تاوانبارەکە ڕەفتاری کوشتن دەنوێنێت بەڵام مەبەستی ئەو ئەنجامە نییە کە کەسەکە بکوژرێت، ئەمە وەکو کوشتنی بەئەنقەست وایە.

پێشەوایانی شەرع یەکڕانین لەسەری، ئیمامی مالیك ئیعتیرافی پێ ناکات چونکە ئەو دەفەرموێ کوشتن: بریتییە لە ڕەفتارێك بە مەبەستی دەستدرێژی. واتە ئەنجامی ڕەفتارەکەی لا مەرج نییە.

پێشەوایانی تر کە ئیعتیرافی پێ دەکەن لە هەبوونیدا (لە کەمتر لە کوشتندا) جیاوازن بەڵام لە هەبوونیدا لە کوشتندا ڕایان یەکە. لای ئەوان وەکو ئەنقەست بریتییە لە ڕەفتارێك بە مەبەستی دەستدرێژی، ڕەفتارەکە کوشەندەیە بەڵام تاوانبارەکە کوشتنی غەدرلێکراوەکەی مەبەست نەبووە.

بەڵام ڕەفتارەکە کە کوشتنی لێدەکەوێتەوە. بەڵگەی ئەوانەی کە ئیعتیرافی پێ دەکەن ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (ألا إنّ في قتيلِ خطأ العمد قتيل السوط

والعصا والحجر مائة من الإبل)[1] واته: ئەرێ خوێنی کوژراوە هەڵە، کوژراو بە قامچی و دار و بەرد، سەد حوشترە.

بۆیە ناو نراوە وەکو ئەنقەست چونکە ڕەفتارەکە هەر وەکو بەئەنقەستە بەڵام لەوەدا لەو جیاوازە کە کەسەکە مەبەستی کوشتن نەبووە.

ڕەفتاری وەکو ئەنقەست لە غەیری کوشتندا بریتییە لە ئەنجامدانی کردارێك بە مەبەستی دەستدرێژیکردن بێ ئەوەی ئەو ئەنجامەی مەبەست بوویێت کە لێی کەوتۆتەوە (دارێکی بە دەستیدا کێشاوە تا ئازاری بدات بەڵام دەستی شکاندووە).

ڕەفتاری وەکو ئەنقەست لە ئەنقەست کەمترە بۆیە سزاکەی سووکترە.

**٣- هەڵە:** ئەوەیە کە تاوانبار ڕەفتارەکەی ئەنجام داوە بێ ئەوەی مەبەستی بوویێت خۆ بخاتە تاوانەوە بەڵام هەڵەی کردووە؛ چ لە نییەتیدا چ لە ڕەفتارەکەیدا. هەڵەی نییەت: وەکو موجاهیدێك سەربازێك لە بەرەی دوژمنەوە دەبینێت وا دەزانێت دوژمنە و پۆشاکی ئەوانی لە بەردایە و دەیکوژێت، دوایی بۆی دەردەکەوێت کە کەسێکی موسوڵمانی خۆمانی کوشتووە. هەڵەی ڕەفتاریش وەکو: کەسێك تەقە لە باڵندەیەك دەکات ڕاوی بکات کەچی بەر کابرایەك دەکەوێت و دەیکوژێت.

**٤- ڕەفتاری وەکو هەڵە:** ئەمە دوو حاڵەتی هەیە:

أ- تاوانبار مەبەستی ئەوە نەبووە ڕەفتارێکی وا بکات، بەڵام سەرەنجامی کەمتەرخەمی خۆی کردویەتی، وەکو کەسێك بە دەم خەوەوە بە سەر منداڵێکدا دەکەوێت و دەیکوژێت.

---

(١) ئەم فەرموودەیەم بەم لەفزە دەست نەکەوت کە نووسەری ڕەحمەتی هێناویەتییەوە، بەڵام فەرموودەی تری هاوشێوەی هەن کە هەر یەك لە نەسائی (٤٧٩١)، ئیبنو ماجە (٢٦٢٧)، ئەحمەد (٦٥٣٣) بەلەفزی جیاواز ڕیوایەتیان کردووە، هەروەها ئیبنولعەرەبی لە الأحکام القرآن (٦٠٥/١) بەم لەفزە هێناویەتییەوە: (ألا إنَّ في قتيلِ عمْدِ الخطأِ قتيلَ السَّوْطِ والعصا مِائةٌ من الإبِلِ...)، بەڵام سەحیح نییە.

ب- تاوانبار بۆتە مایەی ڕوودانی ڕەفتارە حەرامکراوەکە بێ ئەوەی مەبەستی بووبێت ڕەفتاری وا بکات. وەکو کەسێك چاڵێکی قووڵ بۆ زێراب هەڵدەکەنێت بەڵام کەسێکی تێدەکەوێت و دەمرێت.

ڕەفتاری هەڵە بێگومان سەختتر و دژوارترە لە ڕەفتاری وەکو هەڵە. چونکە لە ڕەفتاری هەڵەدا تاوانبار مەبەستی بوو ڕەفتارەکە بکات بەڵام سەرەنجامی کەمتەرخەمێتییەکەی خۆی و ئیحتیاتی نەکردنی تەواو ئەنجامە تاوانەکە هاتۆتەدی. بەڵام ئەوی وەکو هەڵەیە تاوانبار مەبەستی نەبووە ڕەفتاری وا بکات، بەڵام ڕەفتارەکە ڕووی داوە و سەرەنجامی کەمتەرخەمی یان بوونی بە هۆکاری هەڵەکە.

## خاڵی دووەم: کاریگەری نەزانین و هەڵە و بیرچوونەوە لە بەرپرسێتیی جینائیدا:

### ا- نەزانین:

لە ڕێسا سەرەکییەکانی سیستمی جینائیی ئیسلامی ئەوەیە کە تاوانبار ئەگەر ڕەفتارێکی حەرامکراوی نواند، بەڵام نەیدەزانی کە حەرامکراوە (یاسایی نییە) بەرپرسێتی لەسەر ناکەوێت و سزا نادرێت پێی. بەڵام ئەمە مانای وا نییە کە دەبێت هەموو کەسێك شارەزای ئەحکامەکانی شەرع بێت؛ نا، ئەمە مەحاڵە.

ئەگەر ئەوەندە بزانێت کە لەوانەیە حەرام بێت یان قەدەغە بێت بۆی نییە بیکات. هەر کەسێك گەیشتە ژیرێتی و لە توانایدابوو بپرسێت و بزانێت ڕەفتاری حەرامکراوی لێ قەدەغە دەبێت. ئەم ئاستی زانینەش بەوە دەبێت کە خۆی دەقە شەرعییەکان بخوێنێتەوە یان پرسیار لە مەلا و شارەزایانی شەرع بکات.
شەرعناسان دەفەرموون: (لە داورلئیسلامدا نەزانین بۆ کەس نابێتە عوزر). نەزانین؛

نـەزانینی دەقـەکـان نییـە، نەزانینی کارپێکردنیانە (ملیۆنەها کەس هەن دەزانن شـــەراب خواردنـەوە حـەرامـە بـەڵام هیچ دەقێکی قورئان و ســـوننەتیش لەو بارەوە نازانن، ئەگەر شـەراب بخۆنەوە دەزانن سـزای هەیە). کۆمەڵێك موسـوڵمان لە شـام شەرابیان خواردەوە چونکە پێیـان وابوو حـەڵاڵە بە بەڵگەی ئەوەی کە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿لَيْسَ عَلَى الَّذِينَ ءَامَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوا﴾ المائدة: ٩٣ واتە: هەر کەسـێك باوەڕی هێنا و کردەوە چـاکەکانی کرد ئیتر گوناحی ناگاتێ هەرچی شـــتێك بخوات و بخواتەوە. بەڵام هەموویان داری حەددیان لێ درا لەســـەر خواردنەوەکە و تۆبەیان کرد لە بەحەڵاڵ زانینی (دەنا کافر دەبوون بە بەحەڵاڵ زانینەکەی). کەوابوو نەزانینی دەقەکە هەنجەتە و بۆ هەڵە تێگەیشتنی و نەزانینی حوکمەکە لە دارولئیسلامدا.. چونکە عوزری (نەتوانین زانین) نامێنێت.

## ٢- هەڵە:

هـەڵە ئەوەیە کە ڕەفتارێك لە کەســێکەوە ڕوودەدات بێ ئەوەی ویســـتی لەســـەری بووبێـت، ئـەو کـەســـەی کـە تـاوانی بـەهـەڵـە دەکات، نەیویســـتووە تاوانەکە بکات و مەبەستیشی ئەوە نەبووە، بەڵام بێ ویست و مەبەستی ئەو ڕوویداوە.
هەڵەکار لە ڕووی بەرپرسێتی جینائییەوە وەکو بکەری تاوان بەئەنقەستە، ئەگەر کارێکی نـاشـــەرعی لێوە دەرکـەوت، بـەڵام هۆی بـەرپرســێتییـەکەیان جیاوازە. هۆی ســزادانی ئەنقەستکارەکە ئەوەیە کە تاوانەکەی کردووە، زانیوێتی کە تاوانە و ویستوویەتی بیکات و بە ئەنقەســت پێچەوانەی شـــەرع ڕەفتاری کردووە، یان فەرزەکەی ئەنجام نەداوە. بەڵام هەڵەکارەکە بێ ویســت و مەبەسـت تاوانەکەی کردووە، کەمتەرخەمی بووە یان ئیحتیاتی تەواوی نەکردووە و لە شـەرعێتی و ناشەرعێتی کارەکە دڵنیا نەبووە. ئەسڵی حوکمدانیش لە شـەرعدا ئەوەیە کە بەرپرسـێتی جینائی دەکەوێتە سەر کەسێك کە تاوانێك دەکات کە زانیوێتی تاوانە و ویســتوێتی بیکات نەك هەڵەکار. هەڵەکردن عەفووکراوە، خوای گەورە دەفـەرموێ: ﴿وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَا أَخْطَأْتُم بِهِ وَلَٰكِن مَّا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ﴾ الأحزاب: ٥ واتـە:

ئەوەتان بە گوناح لەسەر حسێب ناکرێت کە بە هەڵە دەیکەن، بەڵکو ئەوەی کە بە ئەنقەست و بە ویست و حەزی هزر و هۆشی خۆتان دەیکەن.

بەڵام هەموو هەڵەیەك هەر عەفووکراو نییە چونکە هەڵە لە کوشتندا سزای لەسەرە کە خوێندان و کەفارەتدانێتی. لە بەرئەوەی لە ئەسڵدا ئەوە ڕێسایە کە سزا لەسەر ڕەفتاری ئەنقەستە، بەڵام ڕەفتاری هەڵەی لێ بەدەرکراوە. بۆیە هەر تاوانێك بە ئەنقەست کرابێت سزای شیاوی خۆیی لەسەرە، ئەگەر بە هەڵە کرابوو سزای لەسەر نییە، جگە لە هەندێك حاڵەتی تایبەت کە پێشتر شەرع ناساندوونی و ڕوونی کردوونەتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هەڵەکاری ڕوکنێکی تاوانکاریی ئەنقەست نییە، بەڵام کە سزای جینائی نەکەوێتە سەر مانای وا نییە ئیتر مەعفوو بێت بەڵکو بەرپرسێتی مەدەنیی دەکەوێتە سەر، واتە سزایەکی کۆمەڵگە کە قەرەبووکردنەوە و بژاردنەوەی زیانەکەیە کە لە گیان و ماڵ کەوتووە چونکە لە شەرعدا خوێن و ماڵی خەڵکی دەبێت پارێزراو بمێنێت.

دەبینیت ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتی سزای هەڵەکاریی خواستووە، چونکە تاوانی وا زۆرە و دژوارە و ڕاستەوخۆ ماڵ و سامان و قییەمی خەڵکی دەگرێتەوە، بۆیە سزای مەدەنی هەیە، سزاکەش بەرژەوەندیی خەڵکیی تێدایە.

### ٣- بیرچوونەوە:

بیرچوونەوە یاد نەکەوتنەوەی شتەکەیە لە کاتی پێویستدا. (بیری چووبۆوە کە تاوانە، بیری نەبوو کە سزای لەسەرە). بیرچوونەوە و هەڵە عادەتەن پێکەوە باسیان دێت، وەکو لە ئایەتی: ﴿رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَآ إِن نَّسِينَآ أَوْ أَخْطَأْنَا ۝٢٨٦﴾ البقرة: ٢٨٦ واتە: خوایە گیان لێمان مەگرە کە ڕەفتارێك بە هۆی بیرچوونەوە یان هەڵە دەکەین. یان فەرموودەی: (إِنَّ اللَّهَ وَضَعَ عَنْ أُمَّتِي الْخَطَأَ وَالنِّسْيَانَ...) ، واتە: خوای گەورە سزای ئەو ڕەفتارە تاوانانەی لەسەر ئوممەتەکەم هەڵگرتووە کە بە هەڵە یان لەبیرچوونەوەدا دەیکەن.

شەرعناسان لە حوكمی ڕەفتاری لەیادچوونەوەدا ڕاجوێ بوون. هەندێكیان دەفەرموون: هەر ڕەفتارێك بە هۆی لەبیرچوونەوەوە بكرێت یان نەكرابێت، لە پەرستنەكاندا بێت یان لە سـزاكـانـدا هیچی لەســەر نییـە چونكە بیرچوونەوە عوزرە بۆیە ڕەفتاری لەم جۆرە هیچ سزایەكی لەسـەر نییە، بەڵام كە سـزای جینائیی لەسـەر نییە بەرپرسێتی مەدەنی لەسەرە چونكە گیان و ماڵی خەڵكی دەبێت پارێزراو بێت.

هـەنـدێكی تریـان دەفـەرموون: بیرچوونـەوە لـە قیـامەتدا عوزری ســزادانە، ئەمما لە ئەحكامەكانی دنیای شـەرعدا عوزر نییە و سـزای دنیایی لەسەر هەر تاوانێك هەیە كە بە هۆی بیرچوونەوەوە ئەنجام درابێت. هەر ڕەفتارێك بیرچوونەوە تێیدا عوزرێكی سـروشتی بێت لە مافی خواییدا دەبێتە عوزر مادام هیچ كەس و هۆكارێكی بیرخستنەوەی نەبووبێت. وەكو كـەســێكی ڕۆژووەوان كـە بـە هۆی لـە یادنەبوونی ڕۆژووەكەیدا خواردبێتی یان خواردبێتیەوە چونكە سـروشتی مرۆڤ وایە كە دەبێت بخوات و بخواتەوە، ئەمما لەوانەی پەیوەندییان بە مافی خەڵكی ترەوە هەیە بیرچوونەوە عوزر نییە.

## خاڵی سێیەم: سزای ڕەفتاری حاڵاتی ناچاری و سەرخۆشی و شێتی و منداڵێتی:

### ا- سزای ڕەفتاری ناچاربوون:

هەندێك لە شەرعناسان وا پێناسەی ناچاری دەكەن كە بریتییە لە ڕەفتارێك كە كەسێك بێ ویست و ئیرادەی خۆی دەیكات، یان ئیختیاركردنەكەی خۆیی بە دەستەوە نامێنێت.

ناچاركردن دوو جۆرە:

- جۆرێكیان ڕازیبوون ناهێڵێت و ئیختیاركردنەكە دەشــێوێنێت، بەمە دەوترێت ناچاری تەواو، یان ناچاری بێ‌پەنا. ئەمە ئەوەیە كە مەترسی لەسەر ژیانی هەیە.

- جۆرەکـەی تریـان ڕازیبوونـەکـە نـاهێڵێـت و ئیختیارکردنەکە ناشـێوێنێت، بەمەیان دەوترێت ناچاری نوقسان. ئەمە ئەوەیە کە مەترسی لەسەر ژیانی نییە.

ناچارکردنی نوقسـان کاریگەری لەسـەر ئەو ڕەفتارانە هەیە کە ڕازی بوونیان لەسـەر دەوێت، وەکو کڕین و فرۆشتن و کرێ و بڕیار لەسەردان. ئەمەیان کاریگەری لەسەر تاوان نییە.

ناچارکردن دەشـێت بە شتێکی ماددی بێت، هەر وەکو کە دەشێت بە شتێکی مەعنەوی بێت.

أ- مەرجەکانی ناچاری: بۆ ئەوەی ڕەفتارێك بناسرێت کە بە ناچاری ئەنجامدراوە دەبێت چەند مەرجێك بێتەدی:

ا- دەبێت مەترسـییەک لەسـەر ناچارکردن هەبێت کە ڕازی بوون نەهێڵێت: وەکو لێدانێکی توند و کوشتن و ئەوانەی دەگەیێنێتە کوشتن، کە عادەتەن دەبنە هەڕەشەی توند و ناچارکردن کە جۆری کەس و بارودۆخیش کاریگەری زیاتر یان کەمتری لە حاڵەتەکەدا دەبێت.

دەرچوونی بڕیاری دەسـەڵاتداران خۆی لە خۆیدا دەبێتە مەترسی ناچارکردن، بێ ئەوەی هـەڕەشـەی لـەگـەڵدا بێـت. چونکە یـەکسـەر ئـەوە دێتـە هـەسـت و هۆش کـە هـەر پێچەوانەکارییەك لە فەرمان و بڕیاری دەسـەڵاتداراندا سـزای پێوەیە؛ کوشـتن، زیندانی کردن، لێدان و بەندکردنی ماوەدرێژ. ئەمما بڕیار و فەرمانی کەسـانێك کە دەسەڵاتدار نین نـابێتـە مـایـەی نـاچـارکردن مـەگەر لە حاڵەتی دڵنیابووندا کە ئەگەر گوێڕایەڵی نەکرێت مەترسی سزای لێ دەکەوێتەوە.

بڕیـار و فـەرمانی مێرد بۆ ژنەکەی وەکو بڕیار و فەرمانی دەسـەڵاتداران وایە. ئەگەر

ژنەکە لەوە ترسا کە ئەگەر سەرپێچیی لێ بکات مەترسی ناچارکردنی دەبێت. هەڕەشەکردن خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە ناچارکردن. ڕاجوێییەك لەسەر هەڕەشەکردن بە فەوتاندنی ماڵ و سامان هەیە. هەندێك لە شەرعناسان بە هۆکاری ناچارکردنی دادەنێن کە بە پێی کەسایەتی و حاڵەتی هەڕەشەلێکراوەکەش جیاواز دەبێت. هەندێکی تریان هەڕەشەی ماڵ و سامان بە هۆکاری ناچارکردن نازانن.

**٢- هەڕەشەکە هەنووکەیی بێت:** واتە: ئەگەر ناچارکراو ئێستا نەیکات هەڕەشەکەی لەسەر دێتەدی. ئەگەر وا نەبوو بە ناچارکردن هەژمار ناکرێت، چونکە هەڕەشەلێکراو کاتی داهاتووی لەبەردەمدایە کە دەتوانێت تێیدا تەگبیری خۆپاراستنی بکات.

**٣- هەڕەشەکار لە توانایدابێت هەڕەشەکانی بهێنێتەدی:** ئەگەرنا بە ناچارکردن هەژمار ناکرێت.

**٤- هەڕەشە لێکراو لەو باوەڕەدا بێت ئەگەر داواکراوەکە نەهێنێتەدی هەڕەشەکەی دژ دێتەدی:** ئەگەر وا بزانێت کە هەڕەشەکار بە سوعبەتێتی، یان ئەگەر بە ڕاستیشی بێت ئەم دەتوانێت ڕێ لە هەموو مەترسییەك بگرێت کە لەووەوە بێت. ئەمە لەم حاڵەتەیدا ناچار نییە. دەبێ بۆچوونی هەڕەشە لێکراوەکەش مەعقووڵ بێت کە پێی وایە ئەو بە سوعبەتێتی یان ئەم خۆی دەتوانێت خۆی لە هەڕەشەی ئەو بپارێزێت.

**ب- حوکمی ناچارکردن:** تاوانەکان بە نیسبەت ناچارکردنەوە سێ جۆرن:

١- جۆرێکیان ناچارکردن کاریگەری لەسەر نابێت، بۆیە ڕێ بە قبووڵکردنی ناچار بوونی نییە.

٢- جۆرێکی تر ناچاربوونی تێدا جائیزە و هەر ڕەفتارێك لە ژێر تین و فشاری ناچارکردندا بە تاوان هەژمار ناکرێت.

٣- جۆرێکی تر ناچارکردنی تێدا دروسته، هەر ڕەفتارێکی وا تاوانە بەڵام سزای لەسەر نییە.

## ا- ئەو جۆرە تاوانانەی کە ناچارکردن تێیاندا کاریگەری لەسەریان نابێت:

شەرعناسان لەسەر ئەوە کۆن کە ناچارکردنی نوقسان (کە مەترسیی لەسەر ژیان نییە) سزا لەسەر ناچارکراو لانابات ئەگەر تاوانی کوشتنی یان ئەندامی لەش بڕینی ئەنجام دا، یان ئەوەندەی لە یەکێك دابێت تا کوشتبووی.[1] بەڵگەشیان ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَقْتُلُوا۟ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ﴿١٥١﴾﴾ الأنعام: ١٥١ واتە: هیچ کەسێك بە ناهەق مەکوژن کە خوای گەورە حەرامی کردووە. هەروەها: «﴿وَٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ بِغَيْرِ مَا ٱكْتَسَبُوا۟ فَقَدِ ٱحْتَمَلُوا۟ بُهْتَٰنًا وَإِثْمًا مُّبِينًا ﴿٥٨﴾﴾ الأحزاب: ٥٨ واتە: ئەو کەسانەی کە بە ناهەق ئازاری موسوڵمانان -پیاو و ژنیان- دەدەن بێ ئەوەی هیچیان کردبێت ئەوانە درۆیەکی زۆر گەورەیان کردووە و بوختانیان هەڵبەستووە و گوناحێکی ئاشکرایان خستۆتە ئەستۆی خۆیان.

شەرعناسان دەفەرموون: هەموو تاوانێك کە لە ژێر تین و فشاری ناچارکردندا ئەنجام بدرێت دەشێت ناچارکردنی بۆ ببێتە عوزر جگە لە کوشتن و لێدانی وا کە مردنی لێ بکەوێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا شەرعناسان هەر لەسەر سزاکەی ڕاجوێن. ئیمامی مالیك و ئەحمەد دەفەرموون: دەبێ هەق لەو ناچارکراوە بکرێتەوە. ئەمە ڕای پەسەندی مەزهەبی شافیعیشە کە دەفەرموون سزاکەی خوێندانێتی، چونکە ناچارکردنەکە گومانێك بووە و بۆتە هۆی ڕاگرتنی سزای کوشتنەوەی، بۆیە دەبێ خوێنەکەی بدات. بۆچوونی ئەبو یوسفیش (ئیمامی دووەمی حەنەفیەکان) هەر وایە. ئەمما ئیمامی ئەبو حەنیفە خۆی و موحەممەدی کوڕی حەسەن دەفەرموون: ناچارکراوەکە هیچی لەسەر نییە، تەنها دەشێت

(١) کەسێك کە هەڕەشەی کوشتنیان لێ نەکردووە بۆی نییە لە ژێر تین و فشاری ناچارکردنیدا کەسێکی تر بکوژێت یان ئەوەندەی لێدا کە ئەگەری مردنی لێ بکەوێتەوە.

سزای تەمێکردنێکی شیاوی بدرێت.

### ٢- ئەو جۆرە تاوانانەی کە ڕێیان پێ دەدرێت لە ژێر ناچارکردندا بکرێن:

ناچار بووبێت یان ناچار کرابێت لەسەر ئەم جۆرە تاوانانە هەر هیچی لەسەر ناکەوێت، وەکو خواردنی مردارەوەبوو و خواردنەوەی خوێن کە حەڕامن، چونکە خوای گەورە ڕێی داوە لە حاڵەتی ناچاریدا بخورێن یان بخورێنەوە، وەك دەفەرموێ: ﴿فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِۚ ١٧٣﴾ البقرة: ١٧٣ واتە: هەر کەسێك ناچاربوو ئەو حەڕامکراوانە بخوات ئەوە نە لە ڕیزی موسوڵمانان چۆتە دەرەوە و نە سنووری بەزاندووە بۆیە گوناحی ناگاتێ.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَقَدۡ فَصَّلَ لَكُم مَّا حَرَّمَ عَلَيۡكُمۡ إِلَّا مَا ٱضۡطُرِرۡتُمۡ إِلَيۡهِۗ ١١٩﴾ الأنعام: ١١٩ واتە: خوای گەورە بە دوور و درێژی ئەوەی بۆ باس فەرموون کە چیتان لێ حەڕامە، هەروەها ئەوەش کە لە ناچاریدا دەیخۆن و گوناحتان لەسەر نانوسرێت.

بێگومان خواردنی گۆشتی مردارەوەبوو و خواردنەوەی خوێن حەڕامە، بەڵام لە کاتی ناچاریدا ڕێپێدراون؛ ڕای پەسەندیش ئەوەیە کە ئەگەر ناچارەکە نەیخوارد یان نەیخواردەوە و دوایی مرد یان تووشی نەخۆشی بوو گوناحی چۆتە ئەستۆ، چونکە خۆی گەیاندۆتە ئەو حاڵەتە، لە کاتێکدا خوای گەورە مۆڵەتی خواردنیانی پێ داوە.

ئەم تاوانانەی کە دەقیان لەسەرە کە لەکاتی ناچاریدا بکرێن سزایان لەسەر نییە، هەموویان لە بواری خۆراك و خواردنەوەی حەڕامدان وەکو گۆشتی مردارەوەبوو، بەراز، خوێن، پیسی تر. جمهوری پێشەوایان (سێ لە چوار ئیمامە بەڕێزەکە) دەفەرموون: ئەمە هەموو حەڕامێك دەگرێتەوە، بەڵام ئیمامی مالیك دەفەرموێ: شەراب ناگرێتەوە ئەگەرچی سزای شەراب خواردنەوەکەی لەسەر لادەچێت.

### ٣- ئەو جۆرە تاوانانەی لە ژێر ناچاریدا شیاون بەڵام سزایان لەسەر نابێت:

جگە لەو تاوانانەی لە دوو بڕگەی سەرەوەدا باس کران، ئەنجامدانی هەر جۆرە تاوانێکی

تر له ژێر تین و فشـــاری ناچارکردندا -ناچاری تەواو- هەر بە تاوان هەژمار دەکرێت بەڵام سزایان لەسەر نابێت، هۆیەکەی ئەوەیە کە کەسەکە دەزانێت ڕەفتارەکە ڕێپێنەدراوە، بەڵام ئازاد و سـەرپشك نەماوە لە کردنیدا، ناچارە و دەبێت بیکات. لەم حاڵەتەشدا سزای تاوانی وا ڕادەگیرێت.

بەڵام لە بەر ئەوەی گیان و ماڵی خەڵکی دەبێت بپارێزرێت، هەرچەندە تاوانکارەکە سزا نەیگرتۆتەوە بەڵام لە لایەنی مەدەنییەوە بەرپرسیارە لەوەی زیانی لە کەسانی تر داوە.

## * حاڵەتی ناچاری و پێویستی (زەروورەت):

حـاڵەتی پێویســـتی (زەروورەت) هەروەکو حاڵەتی ناچارییە، بۆیە حوکمیشـــی وەکو حوکمی نـاچـارکردنە، تەنها لە هۆکاری ڕەفتارەکەدا جیاوازن. لە ناچارکردندا ناچارکراوەکە وا لە ژێر تین و فشار و هەڕەشەی کەسێك یان کەسانێکدا، بەڵام لە حاڵەتی پێویستییەکەدا ناچارکراوەکە لە بارودۆخێکدایە ناچارە تاوانەکە بکات تا گیانی خۆی یان گیانی کەسانی تر قوتار بکات، ئەویان ناچارکردنە و ئەمیان ناچاربوونە.

### أ- مەرجەکانی حاڵەتی پێویستی:

١- دەبێت پێویسـتییەکە ئەوەندە زۆر بێت کە مەترسیی مردنی خۆی یان کەسانی تری لێ دەکەوێتەوە، یان ئەندامانی لەشیان دەفەوتێت ئەگەر ڕەفتارە تاوانەکە نەکات.

٢- دەبێـت پێویســـتییـەکـە هـەنووکـەیی بێـت، واتـە هـەر لەو کاتەدا بێت نەك دواتر ڕوویدات.

٣- نـابێـت هۆکـارێکی تری غـەیری ڕەفتـارە تـاوانـەکـە بۆ قوتـاربوون و دەربڕکردنی پێویستییەکە هەبووبێت.

٤- دەبێت ئەوەندە ڕەفتارە حەرامەکە بکرێت کە پێویســـتییەکەی پێ دەبڕ دەبێت، نەك زیاتر.

## ب- حوکمی حاڵەتی پێویست (زەروورەت):

حاڵەتی پێویســـت بە پێی جۆری تاوانەکە دەگۆڕێت، تاوانی وا هەیە حاڵەتی پێویســـت کاریگەری لەسەری نییە، تاوانی واش هەیە پێویستی ڕێی پێ دەدات، تاوانی وا هەیە هەر سزاکەی لە بەر پێویستی لەسەر هەڵدەگیرێت:

### ا- ئەو تاوانانەی پێویستی کاریگەریی لەسەریان نییە:

وەکو کوشـــتنی کـەســـێـك، یـان برینـدارکردنی، یـان بڕینی ئەندامێکی لەشـــی، یان پەکخســـتنی، ئەمانە ناکەونە ژێر کاریگەریی پێویستییەوە، واتە ناشێت یەکێك بڵێ: ئاخر پێویست بوو وا بکەم، چونکە لە هیچ حاڵەتێکدا ناچارکراو بۆی نییە کەسێکی تر بکوژێت یـان ئـەندامێکی ببڕێت یان پەکی خات یان بریندراری بکات بە بیانووی ئەوەی زەروورەت بوو تا خۆی قوتار کات!

ناشـــێت ناچارکراوێك یەکێکی تر ناچار بکات و ژیانی لێ بســـتێنێت، چونکە ژیانەکە مافی خۆیەتی و خۆی شـــایانێتی، ژیانی ئەو و ئەم ناچارکراوە وەکو یەکە، ئەگەر ئەم ئەو بکوژێت بەرپرسە لە تاوانەکەی و بە بکوژ (قاتڵ)ـی کەسی بێتاوان دادەنرێت، چونکە بە ناهەق کەسێکی تری بێتاوانی کوشتووە.

### ٢- ئەو تاوانانەی پێویستی نابێتە بەهانەی کردنیان:

تـاوان لـە کـاتی پێویســـتیدا ڕێی پێ دەدرێت بکرێت، بەڵام ئەمە دەبێت ئەوە بێت کە شـــەرع جۆرەکانی دیاری کردووە و حاڵەتەکانی ناســـاندووە. ئەم جۆرە تاوانانە تایبەتن بە خۆراك و خواردنەوەوە، وەکو خواردنی گۆشـــتی مردارەوەبوو، خواردنی گۆشـــتی بەراز، خواردنەوەی خوێن و پیســـی (وەکو میز). شـەرعناسـان ڕاکۆن لەسەر شیاوێتی خواردن و

خواردنـەوەی ئـەمـانـە لـە حـاڵـەتی پێویســـتیـدا، بـەو مـەرجـەی بـەو بڕە بخورێت کە پێداویســـتییـەکـەی پێ دەبڕ دەبێت.[1] زۆرینەی شـــەرعناســـان دەفەرموون: خواردن و خواردنـەوەی ئـەم حـەرامـانـە لـەو حاڵەتە زەروورەتەدا فەرزە نەك ماف. هەندێکیشـــیان دەفەرموون: مافە نەك فەرز.

## ٣- ئەو تاوانانەی لە بەر پێویستی سزایان لەسەر نامێنێت:

جگە لەو تاوانانەی لە دوو خاڵی ســـەرەوە باس کران هەر تاوانێکی تر کە کەســـێك لە بەر پێویستی دەیانکات کارەکە هەر حەرام دەمێنێت بەڵام سزای لەسەر لادەدرێت، ئەمەش بەو مەرجەیە کە:

أ- ئەوەندە بە کاربهێنێت کە پێویستییەکەی پێ پڕ دەبێتەوە.

ب- دەبێ ڕەفتارەکە لەو جۆرە بێت کە پێویســـتییەکە پڕ دەکاتەوە. ناشـــێت کەســـێکی برســـی کەل و پەل بدزێت و بڵێ دەیانفرۆشـــمەوە و نان بە پارەکەیان دەکڕم! ئەمە ناشـــێت چونکە کەل و پەلەکان ڕاســـتەوخۆ پێویســـتییەکە چارەســـەر ناکەن، ئەمما دزینی بڕێك خۆراك دەشێت ببێتە هەنجەتی جائیز.

## ٢- سەرخۆشی (مەست بوون):

شـەریعەتی ئیسـلام شەراب خواردنەوەی حەڕام کردووە، سەرخۆش بکات یان نەکات، زۆر و کەم خواردنەوەی بە تاوان داناوە و سزای حەددی بۆ دیاری کردووە کە جەڵدە لێدانە. سـەرخۆشـی واتە هۆش لە دەسـتدان بە هۆی خواردنەوەی شـەراب و هاوسـیفەتییەوە کە خۆرەرەوەیان مەست دەکات.

هەر کەسـێکی تریش بە هەر شـتێك مەسـت ببێت و هۆشـی لە خۆ نەمێنێت یان ژیری لە

(١) کەسێک شتێکی لە گەروو گیراوە، بە دوو قوم شەراب دەچێتە خوارەوە، نایکات بە سێ قوم، بێگومان لە کاتی نەبوونی شلەمەنی حەڵاڵدا.

دەســت بدات حوكمی شــەراب خوارنەوەی دەبێت، ئەگەر خۆی هۆكاری حاڵەتەكەی بوو. ئەمە بۆچوونی ئیمامی ئەبو حەنیفەیە. ئەمما سـێ پێشەواكەی تر و ئیمامی ئەبو یوسف و موحەممەد (لە حەنەفییەكان) دەفەرموون: سـەرخۆش بوون هەموو حاڵەتێكە كە بە سـەر كەسـێكدا دێت كە قسەی هەلەق و مەلەق بكات و خۆشی نەزانێت چی دەڵێت؟ بەڵگەیان ئـەو ئـایـەتـەیـە كـە خوای گـەورە تێیدا دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمۡ سُكَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعۡلَمُواْ مَا تَقُولُونَ ﴿٤٣﴾﴾ النساء: ٤٣ واتە: ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە كاتێك سەرخۆش دەبن، توخنی نوێژ مەكەونەوە تا بزانن چی دەڵێن. كەوابوو هەر كەسێك نەیزانی چی دەڵێت سەرخۆشە.

## * سەرخۆشی و بەرپرسێتی جینائی:

ڕای پەسـەندی هەر چوار مەزهەبەكە ئەوەیە ئەگەر كەسێكی سەرخۆشكراو (بە زۆر) یان سـەرخۆشـبوو (بە ناچاری بە كارهێنانی دەرمان) تاوانی كرد، سـزا نادرێت، هەروەها كەسـێك ئەگەر ماددەیەكی سـەرخۆشـكردنی خواردەوە و نەیزانی سەرخۆشدەكات پاشان هەر ڕەفتارێكی تاوان بكات لە ڕووی جینائییەوە بەرپرس نابێت، واتە سزا نادرێت، چونكە لـە كـاتێكـدا تـاوانـەكەی كردووە كە بێ هۆش بووە و هزر و ژیری لە كاردا نەبووە. ئەم حاڵەتانەی سەرخۆشی وەكو حاڵەتەكانی شێتی و نووستن و هاوشێوەیان بە عوزر هەژمار دەكرێت.

ئەمما ئەو كەسـەی بە سەربەستی و سەرپشكی خۆی شەراب دەخواتەوە و سەرخۆش دەبێت بەرپرسـە لە هەر تاوانێك كە لە كاتی سـەرخۆشـییەكەیدا بیكات، جا بە ئەنقەست بیكات یان بە هەڵە، هەر كامێكیان بێت سـزای شـەرابخۆری بە سەردا دەدرێت، چونكە بە ویست و ئیختیاری خۆی خۆی بێ ئەقڵ كردووە و هەر خۆی هۆكاری تاوانكارییەكەیەتی، بۆیـە دەبێـت تـەحـەمولی ئـەنجـامی ڕەفتارەكەی بكات تا تەمێخواردوو ببێت. ناشـێت سزاكەی لەسەر لابدرێت، چونكە دەبێتە ڕێخۆشكار. هەموو لاسەنگێك دەتوانێت شەراب

ئەوەندە بخواتەوە تا سەرخۆش دەبێت، ئینجا ئەو تاوانە دەکات کە نەخشەی بۆ داڕشتووە بە بەهانەی ئەوە کە گوایە سەرخۆش بووە و سەرخۆشی عوزرە! ئەمە ناشێت.

### ❊ سەرخۆشی و بەرپرسێتیی مەدەنی:

ئەگەر سەرخۆشێك بوو بە خاوەن عوزر و سزا نەدرا، مانای وا نییە ئیتر وەل بکرێت و سزای مەدەنی نەیگرێتەوە چونکە ئەمیان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کۆمەڵگەوە هەیە کە دەبێت گیان و ماڵیان پارێزراوە بێت. مەبەست بوون ئەگەر بشبێتە ڕاگرتنی سزا نابێتە ڕاگرتن و ئیلغا کردنەوەی سزای بەهەدردانی گیان و ماڵی خەڵکی.

### ٣- شێتی:

هەر کەسێك باڵغ و ژیر و سەرپشك بوو لە ئیسلامدا موکەللەفە واتە ئەرکە شەرعییەکانی دەکەوێتە سەر، ئەگەر سەرپشك نەبوو یان پەی پێبردنی (ژیری و ئەزموونی گەورەیی) نەما تەکلیفی شەرعیشی لەسەر نامێنێت. پەی پێبردن واتە سوود وەرگرتن لە هێزی هزر و ژیری و بەکارهێنانی، هەر کەسێك ژیری لە دەستدا بە شێتی یان بە شتێکی تر، ئەوە پەی پێبردنی نامێنێت.

### ❊ حوکمی شێتی:

حوکمی شێتی بە پێی ئەوەی کە کاتی تاوانەکە هەبوو یان دواتر پەیدا بووە دەگۆڕێت:

**- حوکمی شێتی کاتی تاوانەکە:** هەر کەسێك لە کاتی ئەنجامدانی تاوانێکدا شێت بوویێت بەرپرسێتی لەسەر نامێنێت چونکە پەی بە تاوان و سزا و چۆنیەتی ڕەفتارکردنی نابات. شێتێتی تاوان شیاو ناکات، بەڵام سزاکەی ڕادەگرێت. ئەمە دید و بۆچوونی شەرعناسانە و کۆڕای پێشەوایانی لەسەرە. هەڵگرتنی سزا لەسەر شێتی تاوانبار مانای ئەوە نییە کە بەرپرسێتی مەدەنیی ناکەوێتە سەر، چونکە گیان و ماڵی خەڵکی دەبێت

پارێزراو بێت. هەبوونی عوزری شەرعی حەڕامێتی تاوان ناگۆڕێت، کە شێتێك تاوانێك ئەنجام دەدات و سزای جینائی نایگرێتەوە بەڵام سزای مەدەنی دەیگرێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر ماڵ و سامانی کەسێکی خەسار کردبوو، دەبێ لە سامانی شێتەکە ببژێررێتەوە و بۆ خاوەنی قەرەبوو بکرێتەوە، هەرچەندە شەرعناسان لەمەدا ڕاجوێن:

ئیمامی ئەبو حەنیفە و مالیك و ئەحمەد دەفەرموون تاوانی ئەنقەستی شێت هەڵەیە؛ واتە: ئەگەر کەسێکی کوشت هەقی خوێنی دەکەوێتە سەر، سەر خۆی ئەگەر پارەی هەبوو، دەنا سەر پەرشتیار و کەسوکار و خزمەکانی.

ئیمامی شافیعی دەفەرموێ: تاوانی ئەنقەستی شێت هەڵە نییە، ئەگەر زیانی ماڵی لە کەسێك دا هەر لە پارەی خودی شێتەکە -ئەگەر هەیبوو- دەبژێررێتەوە.

- **حوکمی شێتبوونی دوای ئەنجامدانی تاوانەکە:** مەبەست لە شێتبوونی تاوانبارەکەیە لە دوای تاوانەکەی کە پێش دەرکردنی سزاکەیەتی یان دوای دەرچوونی سزاکەیەتی:

**أ- شێتبوون پێش دەرچوونی حوکمەکەی:** بە پێی مەزهەبی شافیعی و حەنبەلی شێتبوون ڕێ لە گرتنی دادگا و داوەری ناگرێت، بە ڕای ئەمان تەکلیف لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدایە، ئەمەش دژی شێتەکە نییە، چونکە دادگاییکردنی تاوانباران بە گشتی زەمانەتی باشی هەیە، کاریگەری شێتییەکە ئەوەیە کە شێتە تاوانبارەکە ناتوانێت بەرگری لە خۆی بکات. ڕێسای شەرعیشە کە نەتوانینی بەرگری لەخۆکردن ڕێگا لە بەستنی دادگا و دادوەرییەکە ناگرێت.

حەنەفییەکان و مالیکییەکانیش دەفەرموون: شێتبوون پێش دەرچوونی حوکم دەبێتە مایەی ڕاگرتنی سزاکەی تا ئەوکاتەی شێتەکە چاك دەبێتەوە. بەڵگەی ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە مادام مەرجی سزا هەبوونی تەکلیفی شەرعییە دەبێ ئەم مەرجە لەکاتی دادگاییکردندا

ڕەچاو بکرێت. ئەوەش ئەوە دەخوازێت کە تاوانبار دەبێ لەکاتی دادگاییکردنەکەیدا موکەللەف بووبێت. ئەگەر نا؛ داوەری ناکرێت.

ب- شێتبوون دوای دەرچوونی حوکمەکەی: ئیمامی شافیعی و ئەحمەد ڕایان وایە کە شێتبوونی دوای دەرچوونی حوکم ڕاپەڕاندنی سزاکە ناوەستێنێت مەگەر سزای حەدد بێت و تاکە بەڵگەی سەلماندنی تاوانەکە ئیعتیراف کردنی بووبێت و حوکمەکە بەم بەڵگەیە دەرچووبێت، چونکە پەشیمان بوونەوە لە ئیعتیرافکردن ڕاپەڕاندنی سزا دەوەستێنێت، لەبەر ئەوەی شێتبوون ڕێ لە پەشیمانبوونەوەی ئیعتیرافی پێشووی دەگرێت، بەڵام لەم حاڵەتەیدا ئیعتیرافی لەسەر تاوانەکەی کردووە و حوکمەکە دەرچووە، ئێستا کە شێت بووە پەشیمان بوونەوەی لە ئیعتیرافەکەی جێ ناگرێت بۆیە مافی خۆیەتی سزاکەی ڕاگرن تا کاتێك چاك دەبێتەوە.

ئەمما ئەگەر حوکمەکە بە هۆی بەڵگەی ترەوە دەرچووبوو پەشیمان بوونەوە لە ئیعتیرافکردن ڕاپەڕاندنی حوکمەکە ڕا ناگرێت. ئەسڵی ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە سزای تاوانێك کە تاوانبارێك کردوێتی کە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا بەرپرسیتیی لە ڕووی شەرعییەوە لەسەر بووە ئیعتیماد دەکاتە سەر حاڵەتی تاوانبار لەو کاتەیدا، نەك کات و حاڵەتی پێش تاوانکردنەکە یان دوای کردنی، ئەسڵیش دەرچوونی سزا و ڕاپەڕاندنێتی. پاشان حیکمەت لە هەبوونی سزا ئەدەبدادان و چاو ترساندنە، ئەگەر یەکێکیان -کە ئەدەبدادانەکەیە- بە شێتبوونەکە ئیلغا بۆوە (چونکە کابرا شێت بووە ئیتر چ ئەدەبێکی دا بدەین؟) ناشێت چاو ترساندنەکە (کە بۆ خەڵکی ترە) ئیلغا ببێتەوە.

بەڵام ئیمامی مالیك ڕای وایە کە شێتبوون ڕاپەڕاندنی سزاکەی دەوەستێنێت. سزاکە ڕادەگیرێت تا ئەو کاتەی شێتەکە چاك دەبێتەوە. ئەمما ئەگەر سزاکە هەقساندنەوە بوو لێی - بە ڕای هەندێك- ئەگەر بێئومێد بوون لە چاکبوونەوەی؛ حوکمەکەی بۆ دەگۆڕرێت بە قەرەبووکردنەوەی (تەعویزدانی) پارە و ماڵ. هەندێك شەرعناسی تر دەفەرموون -لە

حاڵەتی بێئومێدیی چاك بوونەوەی شێتە تاوانكارەكەدا- دەبێت شێتەكە (كە حوكم دراوە) بدرێتە دەست خاوەن خوێنەكان، ئەگەر ویستیان دەیكوژن لە هەقی خوێنی كوژراوەكەی خۆیاندا، ئەگەر نا هەقی خوێنەكە لە كەسوكاری وەردەگرن.

ئیمامی ئەبو حەنیفە ڕای وایە كە سزای شێت ئیلغا دەبێتەوە و جێبەجێ ناكرێت، مەگەر شێتبوونەكە دوای دەرچوونی حوكم و بە دەستەوەدانی بووبێت بۆ ڕاپەڕاندنی حوكمەكە لەسەری، ئا ئەو كاتە ئەگەر شێت بوو حوكمەكەی لەسەر ڕادەپەڕێنرێت، دەنا نا. ئەمما ئەگەر سزاكە هەق لێ سەندنەوەی بوو، كابرا دوای دەركردنی حوكمەكەی شێت بووبوو، پێش ئەوەی تەسلیم بكرێت بە ڕاپەڕاندنی حوكمەكە لەسەری، سزاكەی هەق ساندنەوەكە لێی دەبێتە قەرەبووكردنەوە بە پارە و ماڵ.

## ٤- منداڵێتی (گچکەیی):

وتمان كە بەرپرسێتیی جینائی لە شەریعەتی ئیسلامدا لەسەر دوو توخم دەوەستێت: پەی پێبردن و سەرپشك بوون (پەی پێبردن یەعنی ئەقڵ پێ شكان و زانینی تاوان و سزا و درك پێكردنیان). ئەحكامی سزای منداڵ بە پێی قۆناغەكانی گەورە بوون و فامكردنەوەی دەگۆڕێن، هەر لە كۆرپەییەوە تا دەگاتە كاتی پەی پێبردن و سەرپشك بوونەكە (كە سەربەست بوونی ڕەفتار نواندنێتی).

### قۆناغی یەکەم: کاتی نەفامی:

هەر منداڵێك تەمەنی نەگەیشتبێتە حەوت ساڵان بە (غیر ممیز) دادەنرێت، واتە (بێفام). ئەگەرچی هەندێك منداڵی زیت و وریا پێش حەوت ساڵانیش ئەقڵیان بە شت دەشكێت، بەڵام هەر لە ڕیزی منداڵی بێفامدا دا دەنرێن. ئەم قۆناغە (قۆناغی كاتی نەفامی)یە لە ساتەوەختی لە دایك بوونیەوە دەستپێدەكات تا تەمەنی دەبێتە حەوت ساڵان. لەم ماوەیەدا پێی دەوترێت (صبي غیر ممیز) (منداڵی نەفام). شەرعناسان حەوت

ساڵێتی منداڵیان کردووه به سنوور، که به شێوه‌یه‌کی گشتی منداڵ له‌و ته‌مه‌نه‌ی به دواوه زیاتر چاوی ده‌کرێته‌وه و شتی تایبه‌ت فێر ده‌بێت. له لایه‌کی تریشه‌وه بۆ ئه‌وه‌ی شه‌رعناس و موفتی و قازی و داوه‌ر و حوکمڕانه‌کان بشێو نه‌بن له مه‌سه‌له‌ی ماف و سزای منداڵاندا.

هه‌ر منداڵێکی نه‌فام (که‌متر له حه‌وت ساڵی) هه‌ر تاوانێکی ئه‌نجام دا هیچ سزایه‌کی ناکه‌وێته سه‌ر، نه جینائی و نه سزای ئه‌ده‌بدادان، به‌ڵام عه‌فووکردنی له سزای جینائی، له سزای مه‌ده‌نی لای نادات که مافی خه‌ڵکیی بکه‌وێته سه‌ر، چونکه خه‌ڵکی مافی خۆیانه گیان و ماڵیان پارێزراو بێت. ئه‌گه‌ر زیانی له خه‌ڵکی دا و خاوه‌ن ماڵ و سامان بوو ده‌بێت قه‌ره‌بوو (ته‌عویز) کردنه‌که له ماڵ و سامانی خۆیه‌وه ده‌رچێت.

### قۆناغی دووه‌م: قۆناغی کاڵفامی:

ئه‌مه ماوه‌ی فام کردنه‌وه‌یه‌کی لاوازی منداڵه که ده‌که‌وێته نێوان حه‌وت ساڵان و باڵغ بوونیه‌وه، که به گشتی شه‌رعناسان ده‌فه‌رموون پازده ساڵییه‌تی. هه‌ر که‌سێك گه‌یشته ته‌مه‌نی پازده ساڵی (به ساڵی کۆچی که ده‌کاته چوارده ساڵ و حه‌وت مانگ) له ڕووی حوکمی شه‌رعییه‌وه به باڵغ هه‌ژمار ده‌کرێت، ئه‌گه‌رچی له‌وانه‌شه باڵغ نه‌بووبێت (منداڵی واش هه‌یه پێش پازده ساڵان باڵغ ده‌بێت).

له‌م قۆناغه‌دا هه‌رچه‌نده منداڵ به‌فامه به‌ڵام ناکه‌وێته ژێر به‌رپرسێتی جینائییه‌وه ئه‌گه‌ر تاوانی کرد. بۆ نموونه ئه‌گه‌ر دزیی کرد ده‌ستی نابڕرێت، ئه‌گه‌ر زینای کرد داری حه‌ددی لێ نادرێت، ئه‌گه‌ر که‌سێکی کوشت یان بریندارکرد ناکوژرێته‌وه یان هه‌قی بریندارکردنه‌وه‌ی لێ ناسه‌ندرێته‌وه. به‌ڵام به‌رپرسێتی ئه‌ده‌بی ده‌که‌وێته سه‌ر، واته سزای ئه‌ده‌بدادانی ده‌بێت، به پێی جۆری تاوانه‌که‌ی که کردوێتی. منداڵ له‌م قۆناغه‌یدا سزای ته‌مێکردنیش نادرێت، به‌ڵام ده‌شێت سه‌رزه‌نشت بکرێت یان لێی بدرێت بۆ ئه‌ده‌بدادانی (پێشتر باسمان کردووه). هه‌روه‌ها به‌رپرسێتی ڕه‌فتاره‌کانی خۆیی ده‌رهه‌ق به خه‌ڵکی ده‌که‌وێته سه‌ر له ڕووی مه‌ده‌نییه‌وه، ئه‌گه‌رچی سزای جینائیی نه‌که‌وتۆته سه‌ر.

### قۆناغی سێیەم: قۆناغی فامداری تەواو:

ئەمە قۆناغی پەی پێبردن و ئیدارك و فامكردنەوەی تەواوە كە بە ساڵی پێگەیشتن (سن الرشد) دەست پێدەكات، لێرەوە مرۆڤ بەرپرسیارێتی جینائی خۆیی دەكەوێتە سەر، واتە سزای هەموو ڕەفتارێكی تاوانی خۆی بە سەردا دەدرێت.

## باسی سێیەم:
## دەربارەی سزا

برگەی یەكەم: سزا دیاریكراوەكانی تاوانی حەدد:

برگەی دووەم: سزا دیاریكراوەكانی تاوانی هەقساندنەوە و خوێن:

برگەی سێیەم: سزای كەفارەتەكان:

برگەی چوارەم: سزا دیاریكراوەكانی تاوانی تەمێكردن:

برگەی پێنجەم: ڕاپەڕاندنی سزاكان:

برگەی شەشەم: سزا ڕاپەڕاندن لەسەر نەخۆش و لاواز و سەرخۆش:

## * بەشەكانی سزا:

شەرعناسان بە زۆر شێوە و جۆر سزاكانیان پۆلێن كردووە، بۆ ئەوەی بۆ خوێندنیان و بۆ لێكۆڵینەوەی كەسانی باسنووس ئاسان بێت..هەموو پۆلێنكردنەكانیشیان لە وەسف و سیفەتی خودی سزاكانەوە هاتووە؛ وەكو:

### - سزاكان بە پێی پەیوەندیی نێوانیان چوار بەشن؛ كە ئەمانەن:

١- سزا ئەسڵییەكان: ئەو سزایانەن كە هەر لەسەرەتاوە بۆ تاوان دانراون، وەكو كوشتنەوەی قاتڵ و بەردەبارانكردنی زیناكاری خاوەن هاوسەر و بڕینی دەستی دز.

٢- سزا بەدیلەكان: ئەو سزایانەن كە خراونەتە شوێنی سزا ئەسڵییەكان، كە بواری ڕاپەڕاندنیان لەبەر هۆی شەرعییانە نەبووە، وەكو خوێندانی كوشتن و سزاكانی تەمێكردن.

٣- سزا پاشكۆكان: ئەو سز ئیزافیانەن كە بە دوای سزای ئەسڵیدا دێن، وەكوو مەحرووم بوونی قاتڵ لە میرات.

٤- سزا تەواوكەرەكان: ئەو سزایانەن كە ڕاپەڕاندنی سزای ئەسڵی دەیانخوازێت، وەكوو هەڵواسینی قۆڵی دز دوای بڕینی دەستی.

### - سزاكان بە پێی دەسەڵاتی قازی و تەقدیركردنی؛ دوو پۆلن:

١- ئەو سزایانەی یەك حەددیان لەسەرە: ئەو سزایانەن كە قازی بۆی نییە ئیجتیهادیان تێدا بكات، بە زیادكردن یان بە لێ كەمكردنەوەیان، وەكو جەڵدەی دیاریكراوی حەدد.

٢- ئەو سزایانەی دوو حەددیان لەسەرە: كە سزایەكی قورس و سزایەكی سووكتریان لەسەرە و قازی بۆی هەیە بڕیاری یەكێكیان بدات، وەكو حوكمی زیندانكردن

و جەڵدە لێدان لە سزاکانی تەمێکردندا.

**- سزاکان بە پێی فەرزێتیی حوکم دەرکردنیانەوە؛ دوو پۆلن:**

**١- ئەو سزایانەی بە بڕ و ڕادەیان دیاریکراون:** هەروەها جۆر و چۆنیەتیان، کە بریتین لە سزاکانی حەدد و هەقساندنەوە و خوێن.

**٢- ئەو سـزایانەی بڕ و ڕادەیان دیاری نەکراون:** کە وەلکراون بۆ ئیجتیهادی قازی جۆر و ڕادەکەیان دیاری بکات، وەکو سزاکانی تەمێکردن.

**- سزاکان بە پێی شوێنی سزادانەکە؛ سێ پۆلن:**

**١- سـزا بەدەنییەکان:** کە دەکەونە سـەر جەسـتە، وەکو: کوشـتن و جهڵدە لێدان و زیندانکردن.

**٢- سزا دەروونییەکان:** کە دەکەونە سەر دڵ و دەروونی تاوانبار، وەکو ئامۆژگاری و سەرزەنشت و هەڕەشە.

**٣- سـزا داراییەکان:** کە دەکەونە سـەر ماڵ و سـامانی تاوانبار، وەکو: خوێندان و غەرامە و موسادەرەی ماڵ.

**- سزاکان بە پێی جۆری تاوانەکانیش پۆلێن کراون بۆ چوار پۆل:**

**١- سـزا حەددەکان:** ئەو سـزایانەن کە بەرامبەر تاوانی حەدد دیاریکراون، وەکو سزای زینا.

**٢- سزاکانی هەقساندنەوە و خوێن:** کە بۆ تاوانەکانی هەقساندنەوە و خوێندانراون.

**٣- سـزا کەفارەتەکان:** کە بۆ هەندێك تاوانی هەقسـاندنەوە و خوێن و هەندێك تاوانی تەمێکردن دانراون.

٤- سزاکانی تەمێکردن: ئەو سزایانەن کە بۆ تاوانەکانی تەمێکردن دانراون.

ئەمەی دواییان گرنگترین پۆلێنکردنی سزاکانە.

## * جۆرەکانی سزا لە شەریعەتی ئیسلامدا:

بێگومان سـزاکان لە شـەریعەتی ئیسلامیدا بە پێی جۆری تاوانەکانن و لێك جیاوازن. ئەم سزایانە بۆ دژایەتیکردنی پاڵنەرەکانی ناخی مرۆڤ دانراون کە بەرە و تاوانکردن پاڵیان پێوە دەنێـت و هـانیـان دەدات بۆیـان. ئـەمـە ڕێگـا و چۆنیـەتیی شـــەریعـەتـە لـە ڕووبەڕووبوونەوەی تاواندا، کە بە ڕادە و بڕ و چۆنیەتیی جیاواز دژی ئەو پاڵنەرانەی ناخ دەوەســتێتـەوە کە سـەرچاوە و دەســپێکی هەنگاوەکانی تاوانکارین. ئەو تاوانانەی بە پاڵنەری حەز و چێژی جەستە کراون سزاکەیان ئازار گەیاندنە بە جەستەی تاوانبارەکە، بۆ ئەوەی چێژی تاوانەکەی بە ژانی جەستەی بیر بچێتەوە. کەسانی تریش چاوترسێن دەبن و کە بەراوردێـك لە نێوان چێژی حەرامی گوناحەکە و ژانی سـزاکەدا دەکەن خۆ دەگرنەوە لەوەی خۆ بخەنە ئەو حاڵەتەوە و بیر لە ئەنجامدانی ناکەنەوە. بەم شێوەیە دەبینیت ئیسلام دژایـەتی تاوانەکە لە ناخ و دەرووندا دەکات پێش ئەوەی بە ئازار لە هەسـت و هۆشـدا بیکات. بەو چۆنیەتییەش چارەسەری کردووە کە هیچ ڕێگایەکی تر و چۆنیەتیەکی تر لەو شـیاوتر نییە. ئەمە لە هەموو ئەو سزایانەدا دەردەکەوێت کە بۆ تاوانی حەددەکان دانراون، هەروەها تاوانەکانی هەقسـاندنەوە و خوێن کە هەموویان سـزاکانیان بە ڕادە و چۆنیەتی دیاریکراون، لەم ڕوانگەوەیە کە تاوانی تر سـزای تەمێکردنیان بۆ دادەنرێت کە بوارێکی بەرفراوانی ماف و دەسەڵاتی خەلیفە و نوێنەر و داوەرانە.

## بڕگەی یەکەم:
## سزا دیاریکراوەکانی تاوانی حەدد:

وەکوو پێشتر وتم تاوانەکانی حەدد حەوتن:

١- زینا.

٢- بوختان هەڵبەستن (تۆمەتبارکردن بە داوێنپیسی).

٣- شەڕاب خواردنەوە.

٤- دزین.

٥- جەردە و ڕێگری.

٦- پاشگەز بوونەوە لە دین.

٧- یاخیبوون لە خەلیفە و حوکمی شەرعییانە.

سزای ئەم تاوانانە لە ئیسلامدا پێی دەوترێت (حەدد). حەدد: بریتییە لەو سزایانەی کە مافی خوای گەورەن، ئەو سزایانەن کە لەبەرژەوەندی کۆمەڵگەن، کە شەرعناسان بەم حەددانە دەڵێن مافی خوای گەورەن، مەبەستیان ئەوەیە کە هیچ کەسێك -هەرچەند دەسەڵاتدار بێت- بۆی نییە ئیلغایان بکاتەوە، یان بیانگۆڕێت، یان بیانخاتە کەنارەوە، یان سزای تریان لەگەڵدا داڕێژێت، یان لێگەڕێت ڕانەپەڕێنرێن، یان لەسەر کەسێکیان لابدات. چونکە خراپەکاری ناهێڵێت و ئەمان و پارسەنگی ڕەفتاری تاکوکۆی کۆمەڵگە و دەوڵەتی ئیسلامی دێنێتەدی.

سزاکانی حەدد جگە لە سیفەتە سەرەکییەکانی تری هەموو سزاکان لە ئیسلامدا ئەمان

سێ سیفەتی جیاوازیان هەیە کە تایبەتن بەمانەوە، بریتین لە:

١- هیچ حساباتێك بۆ کەسایەتی تاوانبارەکە ناکرێت تێیاندا، کە گرتییەوە دەبێت بە سەریدا بسەپێنرێت.

٢- ڕادە و بڕ و چۆنیەتی ڕاپەڕاندنیان دیاریکراوە و پێویستە هەروا بمێنن، هیچ کەسێك بۆی نییە کەم و زیادیان بکات، یان بیانگۆڕێت بە سزای تر.

٣- دیارە کە مەبەست لێیان ریشەکێشکردنی پاڵنەرەکانی ناخی خەڵکین کە هانیان دەدات بۆ تاوانکردن.

## ا- سزای زیناکردن:

زینا کردن لە شەریعەتی ئیسلامدا سێ سزای هەیە: جەڵدە لێدان و نەفی کردن (دوور خستنەوەی لە شوێنی زینا کردنەکە) و بەردەباران (ڕەجم) کردن. جەڵدە لێدان و دوور خستنەوە سزای زیناکاری ڕەبەنە و بەردەباران کردنەکەش سزای زیناکاری خاوەن هاوسەرە.

### أ- جەڵدە لێدان:

بڕی سەد جەڵدەیە. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ٱلزَّانِيَةُ وَٱلزَّانِي فَٱجۡلِدُواْ كُلَّ وَٰحِدٖ مِّنۡهُمَا مِاْئَةَ جَلۡدَةٖۖ وَلَا تَأۡخُذۡكُم بِهِمَا رَأۡفَةٞ فِي دِينِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۖ وَلۡيَشۡهَدۡ عَذَابَهُمَا طَآئِفَةٞ مِّنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٢﴾ النور: ٢ واتە: ئافرەتی زیناکار و پیاوی زیناکار هەر یەکەیان سەد جەڵدەیان لێدەن، لە چەسپاندنی حوکمی خوای گەورەدا بەزەیی نەتانگرێت ئەگەر ڕاست دەکەن باوەڕتان بە خوای گەورە و ڕۆژی دوایی هێناوە، با سزاکەشیان کۆمەڵێك خەڵکی موسوڵمان ببینێت کە لەسەریان دەچەسپێنرێت.

پاڵنەری ئەنجامدانی تاوانەکە حەز و چێژی جەستەیە، تاکە بەربەستێکیش ڕێ لەو

حەز و چێژە دەگرێت ئازاری لەشە، جا چی لەوە بە ژانتر کە سەد جەڵدە (قامچی) لە لەشی دەدرێت؟

شەریعەتی ئیسلامی بە هەوانتە ئەم سزایەی بۆ زیناکار دانەناوە، بە پێی سروشتی مرۆڤ دیاریی کردووە، شەرع دەزانێت هزر و هۆشی مرۆڤ و دڵ و دەروون و جەستە و هەستی مرۆڤ چۆنە؟ بۆیە پاڵنەرە دەروونیەکەی زیناکردنی بە پاڵنەری تری دەروونی پێچەوانە وەستاندووە، ئەگەر پاڵنەرەکانی حەز و چێژ بەسەر پاڵنەرەکانی خۆ لادان لە ژان و ئازاری جەستە و دەروونیدا زاڵ بوون و کەسەکە بۆ جارێك کەوتە زیناوە و پاشان بۆ جارێك کەوتە بەر تینی ژان و ئازاری لەشی، چێژکردنەکە لە زیهن و هەست و هۆشی خۆی دەکاتە دەرەوە و هزر و ژیریی وا دەخاتە گەڕ کە جارێکی تر بیر لە زیناکردن نەکاتەوە.

## ب- دوور خستنەوە (نەفیکردن):

شەریعەتی ئیسلام بە پێی بۆچوونێك (سزایەکی ئیزافی) جگە لە لێدانی سەد جەڵدەکە بۆ زیناکاری ڕەبەن داناوە کە دوورخستنەوەیەتی لە ناوچەکەی خۆیەوە بۆ ناوچەیەکی تر تا ماوەی ساڵێك دەبێت لەوێ بمێنێتەوە. سەرچاوەی یاسایی ئەم سزایە فەرموودەکەی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) کە دەفەرموێ: (الْبِكْرُ بِالْبِكْرِ جَلْدُ مِائَةٍ وَتَغْرِيبُ عَامٍ)[1] واتە: زیناکردنی ڕەبەن لەگەڵ ڕەبەندا سزاکەی سەد جەڵدە و دوورخستنەوەی ساڵێکە.

ئەو شەرعناسانەی دوورخستنەوەکەش بە سزای دووەمی زیناکاری ڕەبەن دادەنێن دەفەرموون: دەبێت ماوەی ساڵێك لەو ناوچەیە -کە زیناکەی لێ کردووە- دوور بخرێتەوە بۆ ناوچەیەکی دارولئیسلام کە لانی کەم مەسافەی کورتکردنەوەی نوێژی موسافیر (٨٣

(١) موسلیم (١٦٩٠)، ترمزی (١٤٣٤)، ئەبوداود (٤٤١٥)، نەسائی لە (الكبرى) (٧١٤٢)، ئەحمەد (٣١٣/٥)، ترمذیش دەفەرموێت: (حدیث حسن صحیح).

کم) دوور بێت. ئیمامی مالیك دەفەرموێ: دەبێ لە ناوچەکەی دووەم زیندان بکرێت. ئیمامی شافیعی دەفەرموێ: هەر دەخرێتە ژێر چاودێری (موراقەبە)وە. ئیمامی ئەحمەد دەفەرموێ: دوورخستنەوەکەی بەسە، نە زیندان و نە موراقەبە دەکرێت. ئیمامی ئەبو حەنیفە دەفەرموێ: دوورخستنەوەکەشی دەکەوێتە سەر خەلیفە یان نوێنەرانی، ئەو بڕیاری لەسەر دەدات.

## چ- بەردەباران (ڕەجم) کردن:

بەردەبارانکردن تا مردن سزای زیناکاری خاوەن هاوسەرە -پیاو بێت یان ژن-، بەردەبارانکردنی کوشتنێتی بە بەردتێگرتنی. سەرچاوەی یاسایی ئەم سزایە سوننەتی گوفتاری و کردەوەی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) کە فەرمانی پێداوە و یاوەرانیشی پاش جەنابی چەسپاندوویانە. لەو فەرموودە بەناوبانگەی لەم بوارەدا هەن ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (لا يحلُّ دمُ امرئٍ مسلمٍ إلَّا بإحدى ثلاثٍ : كفرٌ بعدَ إيمانٍ أو زنًا بعدَ إحصانٍ ، أو قتلُ نفسٍ بغيرِ نفسٍ)[1] واتە: کوشتنی موسوڵمان بە یەکێك لە سێ هۆکار شیاو دەبێت: کافر بوونەوەی دوای باوەڕ هێنان و زیناکردن دوای هاوسەرگیری و کوشتنی کەسێك بە ناهەق.

ئەوەش بە ناوبانگە کە فەرمانی دا ماعز (ناوی یاوەرێکە و پیاوێکە) و غامدییە هەردووکیان بەردەباران بکرێن چونکە زینایان پێکەوە کردبوو. ئوممەت کۆڕا (ئیجماع)ی لەسەر ئەوەیە کە سزای زیناکاری خاوەن هاوسەر ڕەجم کرنێتی.

شەریعەتی ئیسلامی لەم سزایەشدا -وەکو هەموو جۆرە سزاکانی تری تاوان- وردترین پێوەر و کاریگەرترین شێواز و دادپەروەرانەترین چارەسەری داناوە. زیناکاری خاوەن

---

(١) ئیمامی شافعی لە (کتاب الديات) (٩٦/٢)، لەفزەکەش هی ئەوە، هەروەها ئەبو داود (٤٥٠٢)، ترمذی (٢١٥٨)، نەسائی (٤٠٣١)، ئیبنو ماجە (٢٠٦٨)، ئەحمەد (٤٥٢).

هاوسەر -پێش هەموو شتێك- نموونەیەكی خراپی كەسانی ترە، كەسانی ئاواش لە شەریعەتی ئیسلامدا مافی ژیان و مانەوەیان بەو نموونە خراپەیەوە نییە، بە تایبەتی كە شەریعەتی ئیسلام هەمووی لەسەر پاكی و پارسەنگی و دادپەروەری دارێژراوە، سوورە لەسەر پاراستنی ڕەوشت و نامووس و ڕەچەڵەك، وە پێی لاری و چەوتی و نەنگییە نەسەب بە پیسی تێكەڵ بە یەكتری ببێت. ئیسلام مرۆڤ هان دەدات لەسەر داوێنپاكی، لەسەر خۆ گرتنەوە لە تێركردنی حەرام، ڕێی حەڵاڵی بۆ داڕشتووە كە هاوسەرگیرییە، هەر كاتێك توانای جەستەیی و دارایی و ژیری و هاوسەرگیری هەبوو هاوسەر دەگرێت و ژیانی خێزانی دادەمەزرێنێت، نەك بكەوێتە حەرامەوە و خۆی بخاتە بەر سزا. سزای جەڵدە لێدان و داركاری و شەرمەزاری -ئەگەر ڕەبەن بوو- یان سزای بەردەباران و ناوزڕان و چاوشۆڕی -ئەگەر خاوەن هاوسەر بوو-.

بۆچی زوو نەكەوتە هاوسەرگیری؟ بۆچی كە هاوسەری هەبوو چاوی لە حەرام بوو؟ ئەمیان كە ژنی خۆی هەبوو، بۆچی خۆی خستە حەرامەوە؟ لە كاتێكدا هەمان سەرجێیی بە حەڵاڵی لە بەر دەستدابوو؟ ئەویان كە مێردی حەڵاڵی خۆی هەبوو بۆچی چاوی لە پیاوی تر بوو؟ بۆچی بۆ ساتەوەختێكی چێژی جەستە -كە لای مێردی خۆی بە حەڵاڵی دەستی دەكەوت- ئاوا خۆی خستە ژێر بەردەبارانەوە؟ ئەگەر مێردەكەی لێی دوور بووە، دەیتوانی داوای تەڵاق بكات و دوای عیددە شوو بكاتەوە، ئەگەر مێردەكەی نەخۆشە یان پەككەوتەیە و پێی ناكرێت دەیتوانی خولع كات و جیابێتەوە و دوای عیددە شوویەكی تر بكاتەوە. مەگەر ئەمە ڕێگایەكی چاك و پاك و سەربەرزانەتر نەبوو وەك لەوەی ئاوای بە سەر خۆی هێنا بۆ چێژێكی زۆر كەم و كاتی؟ مێردەش هەروەها. ئەگەر دەیزانی ژنەكەی نەخۆشە و پەككەوتەیە و ڕۆڵی جنسیی خۆی نابینێت خۆ دەیزانی ژنێكی تر بهێنێت، خۆ دەیتوانی ئەم تەڵاق بدا و ژنێكی تر بهێنێت. بۆچی وا خۆی ڕسوا كرد؟ ئاوا دەبینیت شەریعەتی ئیسلام هەموو ڕێگایەكی حەڵاڵ و پاك و پارسەنگی لەبەردەم هەردوو هاوسەرەكەدا واڵا كردووە، ئیتر بۆچی حەزێكی سەركەش و ئارەزوویەكی مونحەریف

ڕایدەکێشـێتە ئەو چارەنووسـە ڕەشـەوە؟ ئاخر خۆ لە لایەنی هزر و ژیری و سـروشـتیی بەشـەرییانەوە هیچیان بەهانەیان نەبوو. لە هەر لایەکەوە تەماشـای تاوانەکەیان بکرێت هـەروا دەبینرێت کە بەردەبارانکردنیان تا مردن سـزای شـیاوی زاڵ بوونی حەزی وێڵ و ئارەزووی نامەعقووڵیانە. کەسـانی وا کە دەبوو ببنە کەشـی ئەمانی خێزانی و کەژاوەی خۆشەویستی هاوسەری و باوەشی سۆزی گۆشکردنی منداڵان، چۆن ئاوا ڕێیان بە خۆیاندا بۆ چێژێکی کەم و کاتی هەموو پڕۆژەکانی هاوسەرێتی و خێزان و ئابڕوو تەدمیر بکەن؟

لەبەرژەوەندی کۆمەڵگەکەیە کە هەموو کەسێك بزانێت کە سزای زیناکردن ئاوا بەژان و شـەرمهێنە، تا داچڵەکێت و ڕاچڵەکێت، تا موچوڕکی ترسـی پێدابێت و بزانێت ئەمەی لەسـەر دەچەسـپێت و بێ ڕەحمانەش دەسـەپێنرێت. چونکە ئایەتەکە ئا ئەم مانا کاریگەرە دەخـاتـە بـەرچـاو کە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَأْخُذْكُم بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ﴾ النور: ٢ واتە: هیچ سـۆز و بـەزەیی، هیچ ڕەحمەت و شـەفەقەتێك نەتانگرێت لە ڕاپەڕاندنی سـزاکەیاندا. هەروەها: ﴿وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ النور: ٢ واتە: با سـزا و ئازارەکەیان، با ژان و ناسـۆر و چاوشۆڕییەکەیان ئاشکرا نیشان بدرێت و کۆمەڵێك لە موسوڵمانان ببینن.

## ٢- سزای تۆمەتبارکردن بە داوێنپیسی (بوختانی بێ ئەخلاقی):

هەر کەسێك کەسێکی تر بەوە تۆمەتبار بکات کە زینای کردووە و بە شێوەیەکی شەرعی نەیسەلمێنێت سزا دەدرێت. سزاکەی دووە: سزایەکی ئەسڵی کە جەڵدە لێدانێتی، سزایەکی دووەمیش کە لەسەر ئەوەوە بینا دەکرێت کە قبووڵ نەکردنی شاهیدی دانێتی لە داهاتوودا. هەردوو سزاکە خوای گەورە بڕیاری لەسەر داوە کە دەفەرموێ: ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ النور: ٤ واتە: ئەو کەسانەی کە ئافرەتی موسوڵمانی داوێنپاك بە زیناکردن تۆمەتبار دەکەن و چوار شاهێد ناهێنن شایەتی بدەن کە ڕووداوەکە ڕاستە و خۆیان دیویانە، یەکی هەشتا جەڵدەیان لێدەن و هەتا هەتا شـاهێدییان لێ وەر مەگرن، چونکە ئەوانە مونحەریفن، گوناحی گەورەیان بە

ئاشكرا كردووە.

شـەریعەتی ئیسلام كاتێك ئەم سزایانە بۆ تۆمەتباركار دەردەكات كە تۆمەتەكەی هەر بوختان و درۆ و ســومعە شـێواندن بێت دەنا ئەگەر ســەلماندی كە واقیعییە و ڕاســتە بێگومان سزا نادرێت لەسەری.

ئـەو پـاڵنەرانەی وا دەكەن كەســێك بوختان بۆ یەكێكی تر هەڵبەســتێت و لە ڕووی ناموسەوە تۆمەتباری بكات زۆرن؛ لەوانە: حەسوودی پێبردن و كێبڕكێ و تۆڵەسەندنەوە و رق لێبوون و هـاوشــێوەكـانیـان، بەڵام هەموویان یەك مەبەســت و ئامانجیان هەیە كە سووككردنی كەسەكە و ناوزڕاندنێتی.

شەریعەتی ئیسلامی كە ئەم دوو سزایەی لەسەر ئەم تاوانە داناوە، دەخوازێت دژی ئەم ڕەفتارە ناقۆڵایە بوەســتێتەوە و نەهێڵێت رقنێك ببێتە مایەی ئازاری دەروونی بۆ كەسـانی پاك و پارسەنگ. بۆیە كاتێك رقنەكە ئەو ئازارە دەروونییە بۆ بوختان بۆكراوەكە دروست دەكات، شەریعەتیش ئاوا نەفسییەتی دەشكێنێت و جەستەی بە جەڵدە لێدان ئازار دەدات كە لەبەر چاوی خەڵكی دەبێت. جا چونكە ئەو ویستوێتی داوێنپاك و پارسەنگەكە سووك بكات و ناوی بزڕێنێت كە تاكێكە وای لە تاكێك كردووە، شــەرع وا ســزای دەروونی و كۆمـەڵایـەتیی دەداتـەوە كـە تـا مـاوە شــاهێدی لێ قبووڵ نەكرێت. ئەمە ناوزڕانێتی لە كۆمەڵگەدا، ئەمە كۆمەڵگەیە كە ئاوا ئازاری دەروونیی پێ دەگەیێنێتەوە! ئەم ســزایەیان جێ متمانەییەكەی ناهێڵێت و مۆری (فاسق)ـێتییەكەشی هەر دەمێنێت.

## ٣- سزای شەڕابخۆری:

شـەریعەتی ئیســلام شـەڕاب خواردنەوە بە تاوان دادەنێت مادام شـەڕابە و سـەرخۆش دەكات (مەرج نییە كابرای ســەرخۆش كردبێت، هەر خواردنەوەی تاوانەكەیە). ســزاكەش هەشــتا جەڵدەیە بە بۆچوونی جمهووری پێشــەوایان، بەڵام ئیمامی شــافیعی (رحمه اللّٰه)

دەفـەرموێ: چـل جەڵـدەیـە. بـەڵگـەی ئـەوەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) چل جەڵدەی لە شەڕابخۆرێك دا و چلی تریش بۆ تەمێکردنی بوو.

سەرچاوەی یاسایی ئەم سزایە فەرموودەی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) کە دەفەرموێ: (مَنْ شَـرِبَ الْخَمْرَ فَاجْلِدُوهُ، فَإِنْ عَادَ فَاجْلِدُوهُ)[1] واتە: هەر کەسـێك شـەڕابی خواردەوە جەڵدەی لێدەن، ئەگەر دیسان خواردییەوە هەر جەڵدەی لێدەن.

ڕای پەسـەند ئەوەیە کە سـزای شـەڕابخۆر بە هەشتا جەڵدە لە زەمانی سەیدنا عومەری کوڕی خەتتابدا (خوا لێی ڕازی بێت) سـەلمێنرا و چەسـپێنرا. دوای ئەوەی کە ڕاوێژی بە یاوەرانی پێغەبەری خوا (ﷺ) کرد کە دەربارەی سزای شەڕابخۆر چی دەفەرموون؟ سەیدنا عەلی (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: هەشـتا جەڵدە، چونکە ئەگەر شـەڕابی خواردەوە مەسـت دەبێت، کە مەسـت بوو قسـەی هەلەق و مەلەق دەکات، لە ناو ئەو قسـانەشـدا حەتمەن بوختان دەکات، سزای بوختانکاریش هەشتا جەڵدەیە.

یاوەران (خوا لێیان ڕازی بێت) کە لەو کات و شـوێنەدا ئامادە بوون هاتنە سـەر ئەو بۆچوونە.

<u>کەوابوو سـەرچاوەی حەڕامکردنی شـەڕاب قورئانە و سـەرچاوەی سـزاکەی سوننەتی پاك و پیرۆزە و بڕی جەڵدەکانی بە پێی کۆڕا (ئیجماع)ـە.</u>

پاڵنەری شەڕاب خواردنەوە ئەوەیە کە گوایە بۆیە دەیخواتەوە تا ئازارە دەروونییەکانی بۆ مـاوەیـەك لەبیرکـات و بچێتـە دنیـای خـەیاڵاتەوە کە (بەختیاری)ـــیە و شـەڕاب خواردنەوەکە سازی دەکات!

شـەریعەتی ئیسـلامی دژایەتی ئەم پاڵنەر و دید و هەستەی بەوە کردووە کە مادام ئەو

---

(١) ئەمە بەشـێکە لە فەرموودەیەکی درێژ کە بەچەند لەفزێکی جیاوازەوە هاتووە: سەیری نەسائی لە (السنن الکبری) (٥٢٧٨)، ئەبو داود (٤٤٨٥)، تەبەڕانی لە (المعجم الکبیر) (٨٤٦)، ئەحمەد (١٨٠٥٣).

بە هەنجەتی ئەوە دەخواتەوە کە لە ئازار ڕا بکات دەبا سزاکەی هەشتا جەڵدە بێت کە سزای جەستەیی و دەروونییە بۆی.

دەیەوێت لە ئازار و ژانی حەقیقەتەکانی ژیانی هەڵێت و خۆ بگەیێنێتە بەختیاریی خەیاڵات و وەهم بەڵام جەڵدە لێدانەکەی بەڕاستی دەیهێنێتە ناو ئازار و ژانی حەقیقییەوە کە لێیان هەڵاتووە! ئاوا ئازاری حەقیقەتەکان و ئازاری سزاکەی دەچێژێت.

## ٤- سزای دزین:

شەریعەتی ئیسلامی دەست بڕینی دیاری کردووە سزای دزین بێت، چونکە خوای گەورە فەرمانی پێداوە کە فەرموویەتی: ﴿وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقۡطَعُوٓاْ أَيۡدِيَهُمَا جَزَآءَۢ بِمَا كَسَبَا نَكَٰلٗا مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ٣٨﴾ المائدة: ٣٨ واتە: پیاو کە دزیی کرد و ئافرەت کە دزیی کرد، دەستیان ببڕن (لە مەچەکیانەوە) لە سزای ئەوەی کردوویانە، کە لە خوای گەورەوەیە.

شەرعناسان لەسەر ئەوە کۆن کە وشەی ﴿أَيۡدِيَهُمَا﴾ دەست و قاچ دەگرێتەوە، بۆیە ئەگەر کەسێك دزیی کرد سزاکەی بڕینی دەستی ڕاستێتی، ئەگەر جارێکی تر دزیی کردەوە قاچی چەپی دەبڕرێت. بڕینی دەستی لە جومگەی مەچەکیەوە دەبێت، قاچیش لە جومگەوە. سەیدنا عەلی (خوا لێی ڕازی بێت) نیوەی قاچی دەبڕی و پاژنەکەی دەهێشتەوە تا بتوانێت لەسەری بڕوات.

حیکمەتی دەست بڕینەکە لەوەدایە کە دزەکە کە بیری لەوە کردۆتەوە بدزێت، ویستوێتی بە کاسبی کردن و ڕەنجی خەڵکی خۆ دەوڵەمەند بکات. دەیەوێت لەم ڕێگایەوە توانای مەسرووفاتی خۆی زیاتر بکات و دەوڵەمەند دەرکەوێت، نایەوێت لەسەر ڕەنجی خۆی بژی و بەس، بەڵکو دەیەوێت حەواوە دانیشێت و ڕەنجی ئەم و ئەو بخوات و داهاتووی بە ماڵ و سامانی خەڵکی دابین بکات. پاڵنەری دزییەکەی ئەمانەیە کە دەیەوێت زیاتری هەبێت. شەریعەتی ئیسلامی دژی ئەم پاڵنەر و حەزە مونحەریفەی مرۆڤ

دەوەستێتەوە و سزای دەست بڕینی بۆ دیاری کردووە، چونکە ئەو کەسەی دەستی دەبڕێت و پاشان قاچی حەتمەن کاسبی تەواوی پێ ناکرێت و کەمتر پەیدا دەکات و حەزەکەی کە قەناعەتی لەگەڵدا نەبوو دەبێت ئاوا بپوکێتەوە و ئەوەندەی پێ پەیدا بکرێت کە دەیخوات و دەژی، ئەوکاتە مەسـرووفی زیادەی پێ ناکرێت و ناچار دەبێت ڕەنجی خۆی زیاتر بخاتە کار و خەمی داهاتووشی بەردەوام هەبێت.

شـەریعەتی ئیسـلامی کە دەسـت بڕینی کردۆتە سـزای دزین ئەم هۆکارە دەروونییەی پووکاندۆتەوە کە بۆتە پاڵنەری تاوانکردن و تەماعکردنە ماڵ و سـامانی خەڵکی. سـزای دزین شـکاندنی نەفسـیەتی دزی تێدایە کە پێچەوانەی شـانازی و خۆبادانەکەی بووە بە جورئـەتی دزینی. هزر و هۆش و حـەز و سـۆزی دزەکـە دەکـەوێتـە نێوان حەز و هەوڵی دزیکردنەکە و ژان و شـەرمی دەست بڕینەکە. ئەوە لای هەموو کەسێك دەبێتە بەربەستی ڕێی دزیکردنی، ئـەگەرنا دەسـت بڕینەکەی لێ دەبێتە وەسـتێنەری دزی، چونکە دڵنیایە دزیکردنی دووەم جاری قاچ بڕینی پێوەیە کە ژیانەکەی ئێجگار سەخت و دەروونی تەواو دەڕووخێت پێی و جارێکی تر بیر لە تاوانەکە ناکاتەوە.

واقیعی کۆمـەڵگەی مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو -بەتایبەتی لەم سـەردەمەیدا- ئەوە دەسـەلمێنێت کە هیچ سـزایەکی ئاوا کاریگەر نەبووە و نابێت لە وەسـتاندنی دزی و دەستەبەرکردنی ئەمانی ماڵ و سـامان. ئاماری وڵاتان دژواریێتی ئەم تاوانە نیشان دەدات، لەگەڵ شکست هێنانی چارەسەرەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگە. ئێستا لەم سەردەمەدا شەپۆلی دزین و ماشینەوە (الإختلاس) لەسەراسەری جیهاندا دەبینین.

تەنانەت لە دەیان وڵات دزین بووە بە پیشـە و بواری کاسـبیکردن! هەر ئەوەی ماوە حکومەتەکان بە ڕەسمی ئیعتیرافی پێ بکەن کە وەسیلەیەکی کاسبیە!

هەموو خاوەن چاو و گوێیەك کە گەردیلەیەك ژیری هەبێت و سـۆراغ بکات دەبینێت و

دەبیستێت کە ڕۆژانە لە هەموو وڵاتێك دەیان هەواڵی دزی بڵاودەكرێتەوە، ئەوەی بڵاونابێتەوە بە سەدانە. ئەمە جگە لە دزیی گەورەی نێودەوڵەتان کە ڕێکخراوی گەورە (ی مافیایی) دەیکات کە بە ڕەسمی دەوڵەتانیش کۆنگرەی بۆ دەگرن و کۆبوونەوەی بەردەوامیان بۆ ڕێ لێ گرتنی هەیە چونکە لە هەندێك وڵات ڕێکخراوی چەکداری بەهێز و دەوڵەمەندی هەیە کە بوجەکەی لە بوجەی هەندێك وڵاتان زیاترە. هۆکاری هەمووی چارەسەرنەکردنی ریشەییەتی بە سزای وەستێنەری کاریگەری وەکو دەست برینەکە.[1]

## ٥- سزای جەردەیی و ڕێگری:

پێشتر لە باسی تاوانەکەدا باسی سزاکەشیمان بە تەفسیل کرد.

## ٦- سزای پاشگەزبوونەوە لە دین:

پاشگەزبوونەوە لە دین دوو سزای هەیە؛ یەکەمیان کە ئەسڵییە کوشتنێتی و دووەمیان پاشکۆیە کە موسادەرەکردنی ماڵ و سامانی مورتەددەکەیە:

### أ- کوشتنی پاشگەزبۆوەکە (مورتەددەکە):

لە شەریعەتی ئیسلامدا سزای پاشگەزبۆوە کوشتنێتی. بەڵگەی ئەمە ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێ: ﴿وَمَن يَرۡتَدِدۡ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَيَمُتۡ وَهُوَ كَافِرٞ فَأُوْلَٰٓئِكَ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ٢١٧﴾ البقرة: ٢١٧ واتە: هەر کەسێکتان لە

---

(١) ئێستا بە دزی یاسایی و ماشینەوە دەڵێن گەندەڵی (corruption). ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی (٢٠١٤)دا ڕایگەیاند کە زیانی گەلان بە هۆی دزی و فزی گەندەڵییەوە گەیشتۆتە ٢,٦ تریلیۆن دۆلاری ئەمریکا واتە ٢،٦٠٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠ دۆلار! (کتێبی الإصلاح الإداري، دکتۆر غازی محمد مزيج، منشورات الحلبي الحقوقية، لوبنان، چاپی یەکەم، ٢٠١٤، ل ٥. هەندێکیم لێ کردووە بە کوردی خوا پارمەتیدەر بێت بۆ زیاتری.
لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٥)دا ڕاپۆرتی نووسینگەی فیدڕاڵی توێژینەوە (FBI)ی ئەمریکی نووسیی کە لە ساڵی (٢٠١١)دا تەنها ئەمریکا بڕی ٤٨٥ میلیۆن دۆلاری لە ڕێی ئینتەرنێتەوە لێ دزراوە. لە جیهانیشدا ساڵانە ١١٤ میلیارد دۆلار دەدزرێت.

دینەکەی پاشــگەزبێتەوە و بە کافری بمرێت ئەوانە هەموو کار و کردەوەکانیان پووچەڵ دەبێتـەوە، لـە دنیا و ڕۆژی دواییدا دادیان نادات، ئەوانە ئەهلی دۆزەخن و بە نەمری تێیدا دەمێـنـنـەوە. هـەروەهـا ئـەو فـەرمـوودەی کـە پێغـەمبـەری خوا (ﷺ) دەفـەرموێ: (مَن بَدَّلَ دِينَهُ فَاقْتُلُوهُ)[1] واتە: هەر کەسێك دینەکەی خۆیی گۆڕی بیکوژن.

پاشگەزبوونەوە: وەلکردنی دینی ئیسلام و چوونە دەرەوەیە لێی، دوای ئەوەی کە پێشتر قبووڵی کردووە و موسـوڵمان بووە. کەوابوو پاشـگەزبوونەوە تاوانێکە غەیری موسوڵمان نایکات. شەریعەتی ئیسلام سزای پاشگەزبوونەوەی بە کوشتنی کەسەکە دیاری کردووە، چونکە تاوانەکە دژ بە دینی ئیسـلامە کە سیستمی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی موسوڵمانی لەسـەر دامەزراوە. هەر جۆرە شـلگیری و ئاسانکارییەك لەم سزایەدا دەبێتە مایەی لەق و لۆق بوونی حوکمی ئیسلامی.

### ب- موسادەرەکردنی ماڵ و سامانی پاشگەزبۆوە:

پێشـەوایانی شـەرع لە ڕادەی موسـادەرەکردنی ماڵ و سـامانی پاشگەزبۆوەدا ڕاجویێ بوون:

مـەزهەبی ئیمامی مالیك و شــافیعی و ڕای پەســەندی مەزهەبی حەنبەلی ئەوەیە کە هـەموو مـاڵ و ســامـانی مورتـەدد موســادەرە دەکرێت. مەزهەبی حەنەفی و هەندێك لە شــەرعناســانی حـەنبـەلی دەفـەرموون: تـەنها ئـەو مـاڵ و ســامـانـەی کـە لـە دوای پاشـگەزبوونەوەکەی پەیدای کردووە موسـادەرە دەکرێت. ئەمما ئەوەی کە پێشتر هەیبووە مافی میراتگرانێتی لەوانەی کە موسوڵمانن.

---

(١) بوخاری (٣٠١٧).

## ٧- سزای یاخی بوون لە خەلیفە و دەسەڵاتی شەرعی:

شەرع حوکمی کوشتنی دیاریکردووە بۆ ئەو کەسانەی لە خەلیفە و دەسەڵاتی شەرعی هەڵدەگەڕێنەوە و لێی یاخی دەبن، یان شۆڕشی لە دژ بەرپا دەکەن، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَإِن طَآئِفَتَانِ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱقْتَتَلُوا۟ فَأَصْلِحُوا۟ بَيْنَهُمَا ۖ فَإِنۢ بَغَتْ إِحْدَىٰهُمَا عَلَى ٱلْأُخْرَىٰ فَقَٰتِلُوا۟ ٱلَّتِى تَبْغِى حَتَّىٰ تَفِىٓءَ إِلَىٰٓ أَمْرِ ٱللَّهِ ۝٩﴾ الحجرات: ٩ واتە: ئەگەر دوو کۆمەڵ لە موسوڵمانان بەرامبەر یەك وەستانەوە و جەنگیان بەرامبەر یەکتری ڕاگەیاند و کەوتنە کوشتاری یەکتری، ئێوە ڕێکیان بخەنەوە و پێکیان بهێننەوە، هەر کامێکیان نەهاتنە ژێر باری شەرع و سووربوو لەسەر هەڵوێستی کوشتار ئێوەش دژی بجەنگن تا ناچار دەبێت و دێتەوە ژێر سایەی شەرعی خوای گەورە.

هەروەها ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) تێیدا دەفەرموێ: (ستكون هناتٌ و هناتٌ، ألا ومَن خرج على أمّتي وهم جميعٌ فاضربوا بالسيف عنُقَه كائنا من كان)[(١)] واتە: فیتنە و سەرگەردانیەکی زۆر ڕوودەدات، ئەرێ ئەوە بزانن کە هەر کەسێك دژ بە ئوممەتەکەم ڕاست بێتەوە لە کاتێکدا کە دید و ڕایان کۆیە بە شمشێر لە گەردنی بدەن، هەر کەسێك بێت.

تاوانی یاخی بوون دژ بە سیستمی حوکمی شەرعییانە ڕاگەیێنراوە و ئەوانەی تێیدا بەشدارن بە ناهەق دژی خەلیفە و سیستمی حوکمی ئیسلامی وەستاونەتەوە. شەریعەتی ئیسلامی لە بزاوت و هەڵوێستیدا زۆر بە توندی دژی بزاوت و هەڵوێستی یاخیبوونە، چونکە پشێوی و ئاژاوەی زۆر لێ دەکەوێتەوە. هێمنی و ئاشتی کۆمەڵگە دەکەوێتە مەترسییەوە کە دەبێتە مایەی چەقبەستوویی پێشکەوتن و نەمانی ئەمان و ئاسوودەیی

---

(١) ئەم فەرموودەیەم بەم لەفزە نەدۆزیەوە، بەڵام لای ئیمامی موسلیم (١٨٥٢) بەم لەفزەیە: (إنَّه سَتَكُونُ هَنَاتٌ وهَنَاتٌ، فمَن أرادَ أنْ يُفَرِّقَ أمْرَ هذِه الأُمَّةِ وهي جَمِيعٌ، فاضْرِبُوهُ بالسَّيْفِ كائِنًا مَن كانَ)، هەروەها لای ئەبوداوود (٤٧٦٢) و نەسائی (٤٠٢٠) (٤٠٢١) نزیك لەمە.

جگە لە دووبەرەکی و دوژمنداریّتی. بۆیە بەڕاستی تەنها سزای کوشتنە کە ئاژاوەی وا دادەمرکێنێتەوە و ڕێ لە گەورەبوونی بگرێت کە هەڵسوڕێنەرانی جگە لە دەسەڵات و سامان و دەرکەوتن هیچی تریان نەویستووە.

## بڕگەی دووەم:

## سزا دیاریکراوەکانی تاوانی هەقساندنەوە و خوێن:

وەکو پێشتر باسمان کرد سزاکانی هەقساندنەوە و خوێن ئەمانەن:

١- کوشتن بەئەنقەست.

٢- کوشتنی وەکو بەئەنقەست.

٣- کوشتن بەهەڵە.

٤- بریندارکردنی بەئەنقەست.

٥- بریندارکردنی بەهەڵە.

سزا دیاریکراوەکانی ئەم تاوانانەش ئەمانەن:

١- هەقساندنەوەی کوشتن و بریندارکردن.

٢- خوێندان.

٣- کەفارەتدان.

٤- مەحرووم بوون لە میرات.

٥- مەحرووم بوون لە پشکی ڕاسپاردە (وەسێت).

ئێستاش دێینە سەر باسی هەر یەکەیان ان شاء اللّە.

## ١- هەقساندنەوە:

شـەرع هەقسـاندنەوە (القصـاص)ـــی کردووە بە سـزای کوشـتنی بەئەنقەسـت و بریندارکردنی بەئەنقەسـت، مانای هەقساندنەوە تۆڵە لێکردنەوەی تاوانبارەکەیە بەوەی ئەو ڕەفتـارەی بـەرامبـەر بکرێتـەوە کە خۆی بەرامبەر غەدرلێکراوەکە کردویێتی؛ دەکوژرێت مادام کەسـێکی بێتاوانی کوشـتووە، کەسـێکی بریندارکردووە، لە هەمان جێیدا بریندار دەکرێتەوە. دەستی کەسێکی شکاندووە دەستی لەو شوێنەدا دەشکێندرێتەوە.

سـەرچاوەی ئەم سزایە قورئان و سوننەتە. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِصَاصُ فِي ٱلۡقَتۡلَىۖ ٱلۡحُرُّ بِٱلۡحُرِّ وَٱلۡعَبۡدُ بِٱلۡعَبۡدِ وَٱلۡأُنثَىٰ بِٱلۡأُنثَىٰۚ فَمَنۡ عُفِيَ لَهُۥ مِنۡ أَخِيهِ شَيۡءٞ فَٱتِّبَاعُۢ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَأَدَآءٌ إِلَيۡهِ بِإِحۡسَٰنٖۗ ذَٰلِكَ تَخۡفِيفٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَرَحۡمَةٞۗ فَمَنِ ٱعۡتَدَىٰ بَعۡدَ ذَٰلِكَ فَلَهُۥ عَذَابٌ أَلِيمٞ ١٧٨﴾ البقرة: ١٧٨ واتـە: ئەی ئەو کەسـانەی باوەڕتان هێناوە هەقسـاندنەوەتان لەسـەر فەرزکراوە کە کوشـتن بەرامبەر کوشـتن بێت، بکوژی سـەربەسـت بە کوژراوی سەربەست و کۆیلە لەبەرامبەر کۆیلەی کوژراو و مێیینە لەبەرامبەر مێیینەدا، هەر کەسـێك لە برا (بکوژەکەی) خۆش ببێت و ڕازی بێت خوێنی کوژراوەکەی وەرگرێت، هەڵوێسـتێکی چاك و پەسـەندە، بەڵام دەبێـت خوێن وەرگرتنەوەکە لە ڕادەی چاکەخوازی و پیاوەتی و جوامێریدا بێت و بکوژ و کەسوکارەکەشی بە شێوەیەکی جوان ڕەفتاری ئاشتی ویستن بنوێنن و زوو هەقی خوێنەکە بـە تـەواوی بـدەن. ئەم حوکمە ئاسـانکارییەکە کە خوای گەورە بۆی بڕیار داون، چونکە دەیەوێت بە ڕەحمەتی خۆی ئاڕاستەتان بۆ خێرخوازی بکات (تا ڕووداوێکی کوشتن نەبێتە دوژمنداریێتی و بەردەوامی خوێن ڕشـتن)، دوای ئەم ڕێکەوتنە هەر کەسـێك دەسـتدرێژی بکات ئەوە بە تەئکید سزایەکی بەژانی دەبێت.

-﴿وَلَكُمۡ فِي ٱلۡقِصَاصِ حَيَوٰةٞ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٧٩﴾ البـقـرة: ١٧٩ واتـە: لـەم جـۆرە هەقسـاندنەوەدا بەردەوامی ژیانتانی تێدایە، ئاوا خوێن و دوژمنداریێتی دەوەسـتێت نەك بە کوشتن و ڕشتنی خوێنی تر، هۆ ژیرگەلینە! ئەمە چارەسەرە، ئەمە ڕێگای تەقواکارییە.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفْسَ بِٱلنَّفْسِ وَٱلْعَيْنَ بِٱلْعَيْنِ وَٱلْأَنفَ بِٱلْأَنفِ وَٱلْأُذُنَ بِٱلْأُذُنِ وَٱلسِّنَّ بِٱلسِّنِّ وَٱلْجُرُوحَ قِصَاصٌ ۚ فَمَن تَصَدَّقَ بِهِۦ فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَّهُۥ ۚ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٤٥﴾﴾ المائدة: ٤٥ واتە: لە تەوراتدا لەسەر بەنوئیسرائیلمان فەرزکرد کە هەر کەسێك یەکێکی بە ناهەق کوشت بکوژرێتەوە و هەر کەس چاوی یەکێکی کوێرکرد کوێر بکرێتەوە و هەر کەس لووتی کەسێکی بری لووتی ببڕرێتەوە و هەر کەس گوێچکەی یەکێکی بڕی یان سەقەتی کرد (کەڕی کرد) وای لێ بکرێتەوە و دان بە دان و بریندارکردنیش هەروەها ئەگەر لە توانادا بوو، وەکو کەسێك دەستی یان قاچی کەسێکی قرتاندووە، دەست یان قاچی ئەویش بقرتێنرێتەوە، ئەوەی ناشکرێت وەکو خۆی بکرێتەوە (وەکو چەقۆ لێدانێك کە گۆشتەکەی داماڵێبێت و ئێسقانێ نەشکاندبێت) قەرەبوو کردنەوەی بە ماڵ و سامان دەکرێ، دەبێ بۆی بژێررێتەوە، هەق لێکردنەوەکە یان قەرەبووکردنەوەکە هەقساندنەوەیە و نابێت زیاتری بەرامبەر بکرێتەوە، دەنا دەبێتە دەستدرێژی، هەر کەسێك بەوە حوکم نەکات کە خوای گەورە ناردوێتییە خوارەوە، ئەوانە ستەمکارن.

- سوننەتیش بە هەمان شێوە جەخت لەم دید و هەڵوێست و حوکمە قورئانییە دەکاتەوە. پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (مَن اعتبط مؤمناً بقتل فهو قود به إلّا أن يرضى ولي المقتول)[١] واتە: هەر کەسێك موسوڵمانێکی بە ناهەق کوشت دەکوژرێتەوە مەگەر کەسوکاری کوژراوەکە لێی ببوورن. هەروەها دەفەرموێ: (مَن قُتِلَ له قتيلٌ فأهله بين خيرتين: إن أحبّوا فالقود و إن أحبّوا فالعقل)[٢] واتە: هەر کەسێك کەسێکی کوژرا دەکەوێتە نێوان دوو ئیختیاری چاکەوە: ئەگەر پێیان چاك بوو بکوژەکە دەکوژنەوە، ئەگەر

---

(١) نووسەری ڕەحمەتی نوسیویەتی نەسائی، بەڵام ئەم فەرموودەیە لای نەسائی (٤٨٥٣) بەم شێوەیە: (أنَّ من اعتبط مؤمنًا قتلاً عن بيِّنة فإنَّه قوَدٌ ، إلا أن يرضى أولياءُ المقتول).

(٢) نووسەری ڕەحمەتی نووسیویەتی ترمذی، بەڵام ئەم فەرموودەیە لای ترمذی (١٤٠٦) بەم شێوەیە: (فَمَنْ قُتِلَ لَهُ قَتِيلٌ بَعْدَ اليَوْمِ ، فَأَهْلُهُ بَيْنَ خِيرَتَيْنِ ، إِمَّا أَنْ يَقْتُلُوا ، أَوْ يَأْخُذُوا العَقْلَ).

پێشیان باش بوو خوێنی وەردەگرن لە بکوژ و کەسوکارەکەی.

هەقی خوێن وەرگرتن لە جیهاندا لە هەموو شـوێنێك هەیە، لە هەقسـاندنەوەکە زیاترە، سزای شیاوی تاوانبارە، چونکە هەقی وەکو خۆی لێ دەکرێتەوە، ئەگەر کەسێکی کوشتبوو هەر دەبێت بکوژرێتەوە (مەگەر لێی خۆش بن). ئەو کە کەسەکەی کوشتووە بە پاڵنەری مانەوەی خۆی بووە لە ژیاندا، یان بە پاڵنەری دەسـەڵاتداری و ماڵ و سـامان و زاڵبوون بووە، هەمووی هەر بە ئۆمێدی زۆرتر ژیان و چاکتر ژیانی خۆی بووە، بۆیە کوشـتنەوەی ئـەو ئۆمێـدەی دەپووکێنێتـەوە و ژیـانی کۆتایی پێدەهێنێت. ئەگەر هەموو کەسـێك ئەم سـزایەی لەبەرچاوبێت، ئاوا ئاسـان جورئەتی خەڵك کوشـتنی نابێت، سـەد جار حسـاباتی تۆڵەسـەندنەوە و هەق لێکردنەوەی دەکات، چونکە دەزانێت سـزاکەی کوشـتنەوەیەتی مەگەر لێی خۆش بن یان ڕازی بن خوێنی کوژراوەکەیان وەرگرن.

شـەریعەتی ئیسـلام جۆری سـزای کوشتن و بڕینی کردووە بە یەك جۆر، چونکە جۆری دوو تـاوانەکە یەکە، هەردووکیان لە یەك جۆر پاڵنەرەوە هاتوون، کوشـتنیش لە زۆربەی حـاڵـەتـەکـانـدا بـە بریندارکردن دەسـت پێدەکات ئینجا دەگاتە مردن، بەڵام شـەرع ڕێی عەفووکردن و خوێن وەرگرتنەوەشی خستۆتە بەردەستی کەسوکاری کوژراوەکە هەروەکو کـە مـافی کوشـتنـەوەی قـاتڵەکەیان هەیە، بۆ ئەوەی تا لەتوانادابێت ڕێ لە کوشـتن و کوشـتنکـاری بگیرێـت. ئەگەر بکوژ عەفوویش بکرێت خەلیفە یان نوێنەری هەر دەبێت سزایەکی شیاوی تەمێکردنی بەسەردا بدەن.

شەرع ئەم مافەی داوە بە غەدرلێکراوی ئەم جۆرە تاوانانە، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کەسایەتی ئەوەوە هەیە زیاتر لە ئەمانی کۆمەڵگە، چونکە دەبینیت خەڵکی لە کەسێك نـاترسـن کە کەسـێکی کوشـتووە یان بریندارکردووە، چونکە دەزانن ئەوە ڕووداوێکی شـەخسـییە، چونکە کەس نییە لە دووی کوشـتن و بڕین بگەڕێ وەکو کە دز لە ماڵ و سـامانی هەموو کەسـێك دەگەڕێت، بۆیە خەڵکی لە دز زیاتر دەترسـن وەك لە بکوژی

ڕووداوێکی شەخسی، چونکە هەر کەسێك بڕێك پارەی هەبێت لە دزەکە دەترسێت پێی بزانێت و بێت بۆی بەڵام ئاوا لە قاتڵەکە ناترسن، چونکە دەڵێن دەی داخۆ لەسەر چی کوشتویێتی؟ چونکە پەیوەندیی بەوانەوە نابێت. شەرع حەکیمانە ئەو مافی لێخۆشبوونەی بە غەدرلێکراو و کەسوکارەکەی داوە چونکە لێخۆشبوون دوای ڕێکەوتن و ڕازیبوون و دڵپاکبوونەوە دێت لە گیانی دوژمنداریێتی و تینی تۆڵەسەندنەوە، ئەمەش ڕێگایەکی تری دامرکاندنەوەی خوێن ڕشتنە، ئەمەش لەبەرژەوەندیی گشتی کۆمەڵگەیە کە ئاسەواری تاوانی ئاوا تێدا دەسڕێتەوە تا ئەمان و هێمنی و ئاشتی نەفەوتێت کە ئەسڵی کۆمەڵگەیە.

حوکم دەرکردن بۆ هەقساندنەوە بەندە بە هەلی توانین و هەبوونی مەرجەکانیەوە، ئەگەر لە تواناد نەبوو یان مەرجەکانی نەهاتنەدی حوکمی کوشتنەوەکە دەرناچێت و مافی خوێندانەکە فەرز دەبێ،ت. ئەگەرچی غەدرلێکراوەکە و کەسوکاریشی داوایان نەکردبێت، چونکە خوێندانەکەش سزایە و دەرکردن و ڕاپەڕاندنی لەسەر ڕازیبوونی خەڵکی ناوەستێت.

لە شەرعدا ڕێگرێك نییە کە لەگەڵ سزای خوێندانەکەدا سزایەکی تری تەمێکردنیش هەبێت، ئەگەر ئەم دووانە زیاتر بەرژەوەندی دەهێنێتەدی وەك لە کوشتنەوەکەی قاتڵەکە، مەزهەبی ئیمامی مالیك سزایەکی تەمێکردن لەگەڵ خوێندانەکەدا بە (واجب) دەبینێت.

## ٢- خوێندان[١] (الدية):

شەریعەتی ئیسلام خوێندانی بە سزای ئەسڵی کوشتن و بریندارکردنی وەکو ئەنقەست و هەڵە داناوە. سەرچاوەی ئەم سزایە قورئان و سوننەتە. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَن يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلَّا خَطَـًٔا ۚ وَمَن قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَـًٔا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ

(١) لە کوردەواریدا بەو ماڵ و سامانەی لە ڕێکەوتنی نێوان کەسوکاری بکوژ (قاتڵ) و کەسوکاری کوژراودا دەدرێت دەوترێت: خوێن. واتە هەقی خوێنڕشتنی کوژراوەکە. کە دەوترێت خوێنی لە سەرە واتە کەسێکی کوشتووە و دەبێت لە جیاتی کوشتنەوەی ئەو بڕە ماڵە (پارەیە) بدات کە دیاریکراوە. لە کوشتنی هەڵەشدا وایە.

﴿أَهۡلِهِۦٓ إِلَّآ أَن يَصَّدَّقُواْۚ ٩٢﴾ النساء: ٩٢ واته: نابێت موسـولْمان موسولْمانی تر بکوژێت مه‌گه‌ر به هه‌ڵه که مه‌به‌ستی نه‌بووبێت. هه‌ر که‌سێك موسولْمانێك به هه‌ڵه بکوژێت سزاکه‌ی ئه‌وه‌یه که کۆیله‌یه‌کی موسـولْمان ئازاد بکات و هه‌قی خوێنه‌که‌ش بداته که‌سوکاری موسولْمانه کوژراوه‌که مه‌گه‌ر ئه‌وان وه‌ری نه‌گرن و لێی خۆش ببن.

پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) هه‌قی خوێنی کوژراوی هه‌ڵه‌ی وه‌کو ئه‌نقه‌ست به پێدانی سه‌د حوشتر له‌و سه‌رده‌مه‌دا دیاری کردبوو، فه‌رمووی: (ألا إنَّ في قَتيلِ خَطَأ الْعَمْدِ قَتِيلُ السَّوْطِ وَالْعَصَا وَالْحَجَرِ مِائَةٌ مِنَ الإِبلِ) واته: ئه‌ریّ بزانن که خوێنی کوشتنی که‌سێك به هه‌ڵه یان وه‌کو به‌ئه‌نقه‌ست، کوژراوی به قامچی و دارده‌ست و به‌رد سه‌د حوشتره.

خوێن (الـديـة): بڕێکی دیاریکراوه له ماڵ و ســامان، ئه‌گه‌رچی ئه‌مه ســزایه و ده‌بێ بـدرێـت، بـه‌ڵام نـاچێته به‌یتولماله‌وه، چونکه ده‌درێته که‌ســوکاری کوژراوه‌که، بۆیه له‌م لایه‌نه‌وه وه‌کو قه‌ره‌بوو (ته‌عویز)کردنه‌وه وایه. ســزای خوێندانه‌که قازی بۆی نییه که‌م و زیادی بکات. خوێندان ئه‌گه‌رچی له کوشـتنی وه‌کو به‌ئه‌نقه‌ست جیایه له کوشتنی هه‌ڵه و خوێنی بریندارکردن و بڕین به گوێره‌ی جۆر و شــوێن و ڕاده و بڕی برینه‌که جیاوازه، به‌ڵام ڕاده و بڕی خوێن بۆ هه‌ر حاڵه‌تێکی تاوانه‌که نه‌گۆڕه، خوێنی منداڵێکی گچکه هه‌ر وه‌کو خوێنی پیاوێکی گه‌وره‌یه، خوێنی لات و لاوازێك هه‌ر وه‌کو خوێنی به‌هێزێکه، خوێنی بێناو و داماوێك هه‌ر وه‌کو خوێنی ناودار و خاوه‌ن پله و پایه‌یه‌که، خوێنی که‌سێکی ڕه‌عییه‌ته‌که هـه‌ر وه‌کو خوێنی ده‌ســه‌ڵاتـداری بـاڵایه، به‌ڵام ئه‌وه‌ی لـه‌ســه‌ری کۆن ئه‌وه‌یه که خوێنی ئافره‌تێکی کوژراو نیوه‌ی خوێنی پیاوێکی کوژراوه.

شـه‌رع جیاوازیی خسـتۆته نێوان سـزای کوشـتنی به‌ئه‌نقه‌ست و سزای کوشتنی وه‌کو به‌ئه‌نقه‌سـته‌وه، سـزای تاوانی یه‌که‌میان (به‌ئه‌نقه‌سـت) هه‌قساندنه‌وه‌یه‌تی و سزای تاوانی دووه‌م (وه‌کو به‌ئه‌نقه‌ســت) خوێندانی ســه‌ختێتی، چونکه تاوانبار (بکوژه‌که) له حاڵه‌تی یه‌که‌مدا مه‌به‌ستی بووه غه‌درلێکراوه‌که بکوژێت به‌ڵام له حاڵه‌تی دووه‌مدا بکوژ مه‌به‌ستی

کوشتنی غەدرلێکراوەکەی نەبووە.

هەروەها شەرع جیاوازیی خستۆتە نێوان سزای کوشتنی بەئەنقەست و سزای کوشتنی بەهەڵەوە، سزای حاڵەتی کوشتنی بەئەنقەست هەقساندنەوەیە و سزای حاڵەتی کوشتنی بەهەڵە خوێندانە. شەرع سزای حاڵەتی کوشتنی بەهەڵەی بە هەقساندنەوە (کوشتنەوەی قاتڵەکە) دانەناوە چونکە لەمیاندا پاڵنەری کوشتنەکە مەبەستێك نەبووە لە دڵی بکوژەکەدا بوویێت، مەبەستی ئەنجامدانی بەئەنقەستی تاوانەکە نەبووە و بیری لێ نەکردۆتەوە و نەخشەی پێشوەختی بۆ دانەڕشتووە وەکو کوشتنی بەئەنقەستەکە، بەڵام لەبەر ئەوەی تاوانی کوشتنە و سەرەنجامی ئیهمالی و کەمتەرخەمی ڕووی داوە و بۆتە مایەی زیانی گیانی و ماڵی غەدرلێکراو و کەسوکاری شەرع وای داناوە کە قەرەبوو کردنەوەکە بە ماڵ و سامانی قاتڵەکە بێت کە بە لایەوە -دوای گیان- بەنرخترین سامانن.

لەمەوە دەردەکەوێت کە خوێندان سزایەکی هاوبەشە لە نێوان (کوشتنی بەئەنقەست لەوەی هەقساندنەوەی تێدا نییە و کوشتنی وەکو بەئەنقەست) و (کوشتنی بەهەڵەدا)، بەڵام لە حاڵەتەکانیدا ڕادە و بڕی خوێنەکە یەکسان نییە، چونکە لە کوشتنی بەئەنقەست و کوشتنی وەکو بەئەنقەستدا قورسترە و لە کوشتنی هەڵەدا سووکترە.

لە ئەسڵدا سزای خوێندان سەد حوشترە، ژمارەکەی لە هیچ حاڵەتێکی کوشتندا ناگۆڕێت، بەڵام کە جۆر و تەمەنی حوشترەکان جیاوازە، ئەمیان ڕەچاو دەکرێت.

کە دەوترێت (الدية: خوێن) مەبەست لە خوێندانی تەواوە کە سەد حوشترە لە هەردوو حاڵەتی سزای قورس و سووکیدا. ئەوەی کە لەو خوێنە کەمتری دەوێت وەکو سزای شکاندن و بڕین و هاوشێوەیان پێی دەوترێت (الأرش: بریندارکردن)، ئینجا دەوترێت (أرش اليد وأرش الرِّجل)، واتە: بریندارکردنی دەست و بریندارکردنی قاچ، وەهەروەها.

بریندارکردن (الأرش) دوو جۆرە: دیاریکراو و دیارینەکراو. دیاریکراوەکە ئەوەیە کە

شــەرع ڕادەو جۆری دیـاری کردووە و دووەمیان بۆ قازی جێ هێڵراوە کە خۆی تەقدیری حاڵەتی تاوانەکە بکات و سزای بۆ دیاری بکات.

## * کێ خوێنی کوشتنەکە دەدات؟

ئەسڵ ئەوەیە کە خوێنی کوژراو لە سەروەت و سامانی بکوژەکە دەردەچێت، جا سزای کوشـتن بێت یان سزای بڕین و شکاندن، بەڵام شەرعناسان لەوەدا ڕاجوێ بوون کە ئەگەر تاوانبارەکە گچکە بوو یان شێت بوو خوێنەکە کێ دەبێت بیبژێرێت؟:

مـەزهەبی ئەبو حەنیفە و مالیك و ئەحمەد دەفەرموون: لە هەموو حاڵەتێکی تاوانباری منـداڵ و شـــێتدا هەر دەبێ ئەو کەســـوکارەی کە میراتیان بەر دەکەوێت خوێنەکە بدەن. ڕایەکی شافیعییەکانیش هەر وایە.

شـافیعییەکان دەفەرموون: کوشـتن و بڕین لە لایەن منداڵ و شـێتەوە کە بەئەنقەسـت بووبێت حوکمی بە ئەنقەسـتی -وەکو کەسـانی باڵغ و ژیر- هەیە و خوێنیشـی هەر لەسەر منداڵ و شێتەکەیە.

شەرعناسان لە حوکمی خوێنی کوشتنی وەکو ئەنقەست و هەڵەدا، هەروەها لە کەمتر لە کوشتن تێیاندا ڕاجوێ بوون:

ئیمامی مالیك و ئەحمەد دەفەرموون: میراتگران سـێیەکی خوێنەکە بە تەواوی دەگرنە ئەسـتۆ. ئەگەر هەموو خوێنەکە بەقەدەر سـێیەکی خوێنێك بێت (بۆ نموونە سـی و سـێ حوشتر و یەك لەسەر سێی) دەبێ تاوانبارەکە خۆی بیدات.

ئیمامی ئەبو حەنیفە دەفەرموێ: میراتگران بیستیەکی (٥%)ـی هەقە خوێنی تەواویان بـەردەکـەوێت و دەبێت بیدەن، ئەگەر ســزاکە لەو بڕە کەمتر بوو دەبێت تاوانبارەکە خۆی بیدات.

ئیمامی شافیعی دەفەرموێ: میراتگران هەموو خوێنەکە لە ئەستۆ دەگرن، زۆر بێت یان کەم.

پاشان لەو بڕەی دەکەوێتە سەر تاوانبارەکە؛ ئیمامی ئەبو حەنیفە و مالیك دەفەرموون: ئەو بڕەی دەکەوێتە سەر تاوانبارەکە وەکو ئەو بڕەیە کە دەکەوێتە سەر هەر یەکێك لە میراتگرەکان. ئیمامی شافیعی و ئەحمەد دەفەرموون: ئەگەر هەقی خوێن کەوتە سەر کەسوکارە میراتگرەکان تاوانبارەکە خۆی هیچ نادات.

## ❊ بەرپرسێتیی میراتگران (العاقلة):

حەنەفییەکان دەفەرموون (العاقلة) ئەوەیە کە (عقل)ـی کەوتۆتە سەر، واتە پشکە هەقی خوێندانی کوشتن؛ بۆیە پێی وتراوە (عقل) چونکە کەسوکاری بکوژەکە هەقی خوێنی کوژراوەکە دەدەن دەمی کەسوکاری کوژراوەکە دەبەستن.[1] هەروەها وتراوە (العاقل) واتە کەسوکاری بکوژەکە کە ڕێی کوشتنەوەی دەگرن و دەبن بە بەربەست. (عقل) بەم مانایە قەدەغە کردن و ڕێ لێ گرتنە.

(عاقلة القاتل) واتە کەسوکاری بکوژەکە، بەڵام هەموو کەسوکارو خزمانی ناگرێتەوە، زڕبراکانی لە دایکەوە و شووبرا ناگرێتەوە. (عاقلة)ی کەسێك هەموو ئەوانەن کە لە میراتی کەسەکە پشکیان بەردەکەوێت ئەگەرچی زۆر دووریش بن، مەرجیش نییە ئەو ساتەوەختەی کوشتنەکە بە میراتگر هەژمار بکرێن، بەڵکو لەو کاتەدا کە کەسیان لە پێشتر نابێت لە وەرگرتنی پشکە میراتدا (ئێمە لێرەدا هەر بە میراتگران ناوی دەبەین).

میراتگران نابێت ئەوەندەیان بڕە ماڵ و سامان بکەوێتە سەر کە کار لە ژیانی خۆیان و ماڵ و منداڵیان بکات. خۆ ئەوان لە تاوانەکەدا نەبوون تا پشکێکی زۆریان بکەوێتە سەر،

---

(١) مانای ئەسڵی (عقل) بەستنەوەیە، کە بە ژیری وتراوە (عقل) لە بەر ئەوەیە کە ڕەفتاری خاوەنی دەبەستێتەوە و بەرەڵا نابێت.

ئەسڵ کە لەسەریان دانراوە بۆ سووککردنی کۆڵی تاوانکارەکەیە، بۆ بەدەنگەوەچوون و دڵنەواییەتی تا هەست بکات لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا خەمخۆری هەیە.

شەرعناسان لە دیاریکردنی بڕە پشکی کەسوکاردا ڕاجوێن:

ئیمامی مالیك و ئەحمەد دەفەرموون: دەبێ دەسەڵاتداران پشکی هەر یەکەیان دیاری کەن بە شێوەیەك کە زیانیان پێ نەگەیێنن. لە مەزهەبی مالیکیدا دەفەرموێ: هەر خزمە و دینارێك بدات. لە مەزهەبی حەنبەلیدا ئەوانەی هەبوون دەبێ نیو مسقاڵ زێڕ بدەن، ئەوانەی لە خواروەوترن و کەمدەرامەتن چارەکە مسقاڵێك. لە مەزهەبی شافیعیشدا هەروایە. ئیمامی ئەبو حەنیفە دەفەرموێ: نابێت لە کەسیان لە ٣ یان ٤ درهەم زیاتریان لێ وەربگیرێت، هەژار و دەوڵەمەندیان هەر ئەوەندەیان بەر دەکەوێت بیدەن.

ئەم هەقی خوێندانە لەسەر هەژاران و ئافرەتان و منداڵان و شێت و گەلۆران نییە. چونکە هەژار ناچارکردن لەسەر دانی بڕێك هەقی خوێن ستەم لێکردنێتی، ئافرەت و منداڵ و ئەوانی تریش بەشێك نەبوون لە لایەنگرتن. ئەگەر بەشداری تاوانیان کردبێت بێگومان سزا دەدرێن و پشکیان دەکەوێتە سەر.

ئەگەر تاوانکار کەسوکاری میراتگری نەبوو، یان هەیبوو بەڵام هەژار و دەستکورت بوون یان کەم بوون و لە توانایاندا نەبوو هەقی خوێنێك بدەن، شەرعناسان دەربارەی ئەم دوو حاڵەتە دوو ڕایان هەیە: یەکێکیان دەفەرموێ: دەبێ بەیتولماڵ ببێتە بەدیلی کەسوکاری و هەقە خوێنەکە هەمووی بدات. بەڵام ئیمامی مالیك و شافیعی و ئەحمەد و ڕایەکی مەزهەبی ئیمامی ئەبو حەنیفەش ئەوەیە کە کەسوکارەکە ئەوەندەی پێیان دەدرێت دەبێ بیدەن پاشان بەیتولماڵ تەکمیلەی دەکات. ڕای دووەم دەفەرموێ: هەقی خوێن هەر دەبێ لە ماڵ و سامانی بکوژەکە دەربچێت، چونکە ئەو بەرپرسی هاتنەپێشی کێشەکەیە. ئەمە ڕایەکی ئیمامی ئەبو حەنیفەیە کە موحەممەدی کوڕی حەسەن لێیەوە گێڕاویەتییەوە،

هەروەها ڕای هەندێك لە حەنبەلییەكانە.

## * بۆچی دەبێت خزمانی میراتگر هەقی خوێن بدەن؟

بۆ ئەوەی سۆز و بەزەیی و یەكسانی و دادپەروەری بێتەدی، بۆ ئەوەی ڕێ لە خوێنڕێژی بگیرێت و هەموو كەس مافی پارێزراو بێت، لە هەر پلە و ئاست و حاڵەتێكی ئابووری و بێ كەسی و كەسداریدا بێت. ئەوە بەشێكە لە وەڵامی ئەو پرسیارە كە: كەسوكاری تاوانبار كە هیچییان نەكردووە و بەشداری تاوانەكە نەبوون بۆچی سزای دارایی بدرێن؟ بەڵام لە سەرنجدانێكی وردەكارانەی هەقی خوێندا كە كەسانی میراتگری بكوژ دەیدەن دادپەروەری و هاوسۆزی دەردەكەوێت، ماف و ئەرك بە دیاریكراوی دەچەسپێت، ئەمەش هەندێك هەنجەتە كە هەر یەكەیان دەشێت وەڵامێكی ئەو پرسیارە بێت و هەمووشیان وەڵامێكی بەهێز و بنبڕن:

١- ئەگەر شەرع ئەم بڕیارەی نەدایا و تاوانبار هەر خۆی هەقی خوێنی كوژراوەكەی بدایا سەرەنجام چ دەبوو؟ دەوڵەمەندەكان -كە كەمینەی هەموو كۆمەڵگەیەكن- پارەكەیان پێ دەدرا و هەژارانیش -كە زۆرینەن- پێیان نەدەدرا، ئەوە یەعنی كەسوكاری كوژراوەكە هەقی خوێنەكەیان بە تەواوی لە بكوژی دەوڵەمەند وەردەگرن و لە مامناوەندیش بڕێك و لە هەژاریش هیچ، ئەمەش نە یەكسانییە و نە دادپەروەرییە، نە تاوانباران یەكسان دەبوون و نە غەدرلێكراوان، ئەمەش وای دەكرد بكوژی دەوڵەمەند عەفوو بكرێت و بكوژی هەژار بكوژرێتەوە، چونكە هۆكاری هاندانی لێخۆشبوونی نییە، وەكو دەوڵەمەندەكە.

٢- هەقی خوێن ئەگەرچی سزایە بەڵام لە هەمان كاتدا مافێكی دارایی غەدرلێكراو و كەسوكارەكەیەتی، وا هەقی خوێنەكە تەقدیركراوە كە ببێتە بەدیلێكی دادپەروەرانەی تاوانەكە (كە ناتوانرێت كوژراوەكە زیندوو بكرێتەوە)، ئەگەر بكوژەكە بە تەنها هەر خۆی هەقی خوێنەكەی بدایا، زۆرینەی غەدرلێكراو و كەسوكارە جەرگ بڕاوەكەی

نەدەگەیشتنە بڕی تەواوی هەقی خوێنەکە، چونکە عادەتەن هەقی خوێن لەسەروەت و سامانی تاکەکانی کۆمەڵگە زیاترە، چونکە سەد حوشتر لە کۆن و نوێدا بڕە سامانێکی ئێجگار زۆرە کە لە کۆندا هەر حوشترێك هەزار دیناری ئیسلامی بووە (کە زێڕە). ئەگەر هەقی خوێن بەو شێوە ئیسلامییە دابەش نەکرایا و نەدرایا، دەبوو تەنها کەسێك بیدات، ئەوەش یەعنی مەحرووم بوونی غەدرلێکراو و کەسوکاری لە گەیشتنە مافی خۆیاندا.

ئەوەش لە بەرچاو بگیرێت کە غەدرلێکراوان لە کوشتنی بەئەنقەستدا ناکەونە ئەم حاڵەتەوە، چونکە سزای ئەسڵی کوشتن، کوشتنەوەیە، مەگەر کەسوکاری کوژراوەکە لە بکوژەکە خۆش ببن کە ئەوەش بەرامبەر هەقی خوێنەکەی دەکەن، لێی خۆش نابن تا دڵنیا نەبن لەوەی هەموو هەقی خوێنی کوژراوەکەیان مسۆگەر دەبێت و دەستیان دەکەوێت، ئەگەر دڵنیا نەبن دەیکوژنەوە.

٣- کەسوکارانی بکوژ هەقی خوێن لە کوشتنی بەهەڵە و کوشتنی وەکو بەئەنقەستدا دەدەن کە خراوەتە ریزی کوشتنی بەهەڵەوە. ئەسڵی حاڵەتەکانی تاوانی کوشتنی هەڵە ئیهمالکردن و زۆر وریا نەبوونە، ئەمانەش بە هۆی خراپ پەروەردەبوونی بکوژەکەوەن کە دەبوو چاکتر پەروەردە بکرایا. ئەوانەی بەرپرسی پەروەردەکردنەکەشن هەر ئەم خزم و کەسوکارانەین کە هەقی خوێنی کوژراوەکەیان دەکەوێتە سەر، چونکە هەموو سەر و بەری یەکترن. هەموو کەسێك عادەتەن لە ناو کەسوکار و خزمانیدا گەورە دەبێت و داب و نەریت و ڕەوشتی ئەوان هەڵدەگرێتەوە، ئەمە وەکو ئەوە دێتە پێش چاو کە ئەوانیش بە شێوەیەکی لاوەکی (غیر مباشر) بەشدارن لەو ئیهمالی و کەمتەرخەمی و ئیحتیات نەکردنەدا، بۆیە دەبێت ئەوانیش هەر یەکەیان بە بڕێك پارە تەحەممولی بەرپرسێتییەکە بکات، بە هەموویان دەتوانن قەرەبووەکە بکەنەوە، بەیتولمالیش هاوکاریان دەبێت ئەگەر نەیانتوانی.

دەشتوانین ئەوەش ئیزافە بکەین کە ئەم ئیهمال کردن و وریا نەبوونە یان کەمتەرخەمی

و گوێ نەدانەی تاوانکارەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەست و تەسەورکردنەی کە بە کەسوکاریەوە بەهێزە، بۆیە دەبینرێت ئەو کەسەی ئەندامی خێزانی زۆرە و کەسوکاری بەهێزە ئیهمالی و کەمتەرخەمیی لە دەستدرێژیکردندا کەمترە لەو کەسەی بێ کەسە. ئەو کەسەی کە خێزانی کەم و کەسوکاری بێ‌هێزە زۆر وریایانە خۆ دەگرێتەوە و گیانی دەستدرێژیکردنی کەمترە لە خاوەن عەشیرەتێك، لە کۆمەڵگەشدا ئەو کەسەی سەر بە کەمینەیە وریاترە و زۆر ئیحتیاتی ئەوە دەکات کارەساتی وای لە دەست نەقەومێت وەك لەو کەسەی سەر بە زۆرینەیەکی بەهێزە. لەم ڕوانگەشەوە هەقە کەسوکاری بکوژ هەقی خوێنی کوژراوی دەستی کوڕەکەیان بدەن کە سەرەنجامی ئیهمالی و کەمتەرخەمی و هەڵەکاری ئەوەی لە دەست قەوماوە.

٤- سیستمی خێزان و سیستمی کۆمەڵایەتی بە پێی سروشتی پێکهاتە و پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامانی لەسەر پشتگیری و هاریکاری و خەمخۆری دادەمەزرێت. ئەرکی سەرشانی هەموو ئەندامێکیانە کە یارمەتیدەری کەسوکاری بێت و بەردەوام بە هانایانەوە بچێت، ئەمە ئەرکی ئەندامی خانەوادەی گەورە و بەرەباب و تیرە و هۆزیشە. بۆیە کاتێك هەقی خوێنی کوژراوی دەستی ئەندامێکیان دەکەوێتە ئەستۆ -کە لەسەرەنجامی هەڵەی تاوانکارەکەیانە- دەبێ ئەرکی سەرشانیان لە یارمەتیدان و هاریکاری و بەدەنگەوەچوونیدا بهێننە جێ. ئەمە ڕەفتاری لازم و مەلزوومی ئەم تاك و کۆیانەیە. نابینیت کەسێك کە دەکەوێتە کێشەیەکەوە یەکسەر هانا بۆ خزمانی دەبات و خزمانیش کە هەواڵەکە دەبیستن یەکسەر دێنە لای و کۆدەبنەوە و ڕێی چارەسەر دادەنێن؟ ئێ ئەوەتا شەرع ڕێی چارەسەری دەستەجەمعییانی بۆ دیاریکردوون کە بە هەموویان هەقی خوێنەکە بدەن. لەبەر ئەوەی عادەتەن تاوانی بەهەڵەش زووزوو ڕوودەدات، کەوابوو خزمانیش زووزوو کۆدەبنەوە و زۆر بە هانای یەکترییەوە دێن و بەردەوام لە خەمی یەکتریدا دەبن.

٥- کاتێك هەقی خوێن دەکەوێتە سەر تاوانکار و کەسوکارەکەی، ئەمە سووککردنی

کۆڵەخەمی تاوانبارەکە و ڕەحم پێکردنێتی، ستەمێکیش نییە لە کەسوکارەکەی بکرێت، چونکە ئەمڕۆ ئەوان دەستەجەمعی شان دەدەنە بەر کۆڵەخەمی ئەم، سبەینێ ئەمیش شان دەداتەوە بەر کۆڵە خەمی هەر یەکێکیان، خۆ هەموو کەسێك قابیلی هەڵەکردنە و هەر دەکەوێتە جۆرە کێشەی ترەوە، ئەگەر نەشکەوێتە هەمان جۆرە هەڵەی ئەمەوە.

٦- ڕێسای سەرەکیی شەرع پاراستنی گیانی خەڵکی و بەهەدر نەدانێتی، ئەگەر کەسێك بەهەڵە کەسێکی کوشت خۆ دەبێ وەکو ڕێز لە گیانی کوژراوەکە و مافی بوون و مافی کەسوکارانی هەقی خوێنەکەی بدرێت کە لە جیاتی کوشتنەوەی بکوژەکەیە، جا ئەگەر هەر بکوژێك بەتەنها هەر خۆی هەقی خوێنەکەی لەسەر بێت بیدات و نەتوانێت بیدات، ئەوە یەعنی بە فیڕۆچوونی خوێنەکە و مافی وجوودی ئەو و مافی کەسوکارەکەی لە وجوودیدا، کەوابوو ئەمە ڕاست و ڕەوایە کە خزمانی بکوژەکە دەستەجەمعی هەقی خوێنەکە بدەن تا خوێنی ئەویش بە فیڕۆ نەڕوات.

## ٣- کەفارەتدان:

کەفارەتدان سزایەکە خوای گەورە فەرزی کردووە کە فەرموویەتی: ﴿وَمَن قَتَلَ مُؤۡمِنًا خَطَـٔٗا فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مُّؤۡمِنَةٖ وَدِيَةٞ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦٓ إِلَّآ أَن يَصَّدَّقُواْۚ فَإِن كَانَ مِن قَوۡمٍ عَدُوّٖ لَّكُمۡ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مُّؤۡمِنَةٖۖ وَإِن كَانَ مِن قَوۡمِۭ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَهُم مِّيثَٰقٞ فَدِيَةٞ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦ وَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مُّؤۡمِنَةٖۖ فَمَن لَّمۡ يَجِدۡ فَصِيَامُ شَهۡرَيۡنِ مُتَتَابِعَيۡنِ تَوۡبَةٗ مِّنَ ٱللَّهِۗ ﴿٩٢﴾﴾ النساء: ٩٢ واتە: نابێت موسوڵمان موسوڵمانی تر بکوژێت مەگەر بەهەڵە کە مەبەستی نەبووبێت، هەر کەسێك موسوڵمانێك بە هەڵە بکوژێت سزاکەی ئەوەیە کە کۆیلەیەکی موسوڵمان ئازاد بکات و هەقی خوێنەکەش بداتە کەسوکاری موسوڵمانە کوژراوەکە، مەگەر ئەوان لێی خۆش ببن و وەری نەگرن. ئەگەر کوژراوەکە موسوڵمان نەبوو (لە ئەهلی دارولکوفر بوو) لە ریزی دوژمناندا بوو، بەڵام ئەوەی کە کوشتبووی موسوڵمان بوو، دەبێ کۆیلەیێکی موسوڵمان لە کەفارەتیدا ئازاد بکات بەڵام هیچ کەفارەت نادات بە کەس. ئەمما ئەگەر

کوژراوەکە لە ئەندامی کۆمەڵە خەڵکێك بوو (تیرە و هۆز یان حزب و ڕێکخراو) کە ڕێکەوتن و پەیمانتان لەگەڵیاندا هەیە کە ئەمان دەدەنە یەکتری دەبێت هەقی خوێنەکەی (کە سێیەکی خوێنی موسوڵمانە) بداتە کەسوکاری کوژراوەکە و کۆیلەیەکی موسوڵمانیش ئازاد بکات، ئەگەر نەیبوو (یان دەستی نەکەوت) دەبێ دوو مانگ لەسەر یەك بەڕۆژوو بێت تا خوای گەورە لە تاوانەکەی ببوورێت.

ئەم کەفارەتە سزای ئەسڵییە کە بریتییە لە ئازادکردنی کۆیلەیەکی موسوڵمان، ئەگەر پارەی کڕینی کۆیلەیەکی موسوڵمانی نەبوو، یان لە کات و شوێنێکدا بوو کە کۆیلەی دەست نەکەوت لەسەری فەرزە دوو مانگ لەسەر یەك (یەك لە دوای یەك بێ پساندن) بەڕۆژوو بێت. دوو مانگ بەڕۆژووبوونەکە سزای بەدیلە، ناشێت تا دڵنیا دەبێت کە سزا ئەسڵییەکە لە تواناادا نییە بدرێت (کۆیلەی موسوڵمان نییە، یان هەیە و ئەم پارەی کڕینەوەی نییە). زاهیری دەقەکە وا نیشان دەدات کە ئەوە کەفارەتێکە و لە سزای کوشتنی بەهەڵەدا دانراوە. شەرعناسان لەسەر ئەوە کۆن کە ئەو کەفارەتە لە کوشتنی بەهەڵەدا فەرزە، هەروەها لە کوشتنی وەکو بەئەنقەستدا چونکە ئەمیش وەکو کوشتنی بەهەڵەیە کە لە هەردوو حاڵەتەکەدا بکوژ مەبەستی نەبووە کە کوژراوەکە بکوژێت.

شەرعناسان لە کەفارەتی کوشتنی بەنقەستدا ڕاجوێ بوون:

ئیمامی شافیعی دەفەرموێ: لە کوشتنی بەئەنقەستدا کەفارەتدان فەرزە، چونکە ئەگەر لە حاڵەتی کوشتنی بەهەڵەدا -لەگەڵ ئەوەشدا کە گوناحبار نابێت- بدرێت، لە کوشتنی بەئەنقەستدا -کە گوناحباریش دەبێت پێی- لەپێشتر و شایانترە بیدات.

ڕای بەناوبانگی مەزهەبی ئیمامی ئەحمەد ئەوەیە کە کەفارەت لە کوشتنی بەئەنقەستدا نییە، چونکە دەقەکە باسی نافەرموێت.

ئیمامی ئەبو حەنیفە دەفەرموێ: کەفارەتدان لە کوشتنی بەئەنقەستدا نییە، چونکە

سزایەکی دیاریکراوە و دەقێکی لەسەر نییە.

ئیمامی مالیك دەفەرموێ: کەفارەتدانەکە لە کوشتنی بەئەنقەستدا پەسەند (مەندووب)ـە لە حاڵەتێکدا ئەگەر لەبەر هەبوونی بەربەستێکی شەرعی یان لێخۆشبوونی هەقی لێ نەسەندرابێتەوە.

### * کەفارەتدانەکە لەسەر کێیە؟

ئیمامی شافیعی و ئەحمەد ڕایان وایە کە کەفارەتی کوشتن لەسەر بکوژەکەیە، هەر کەسێك بێت؛ باڵغ بێت یان گچکە، ژیر بێت یان شێت، موسوڵمان بێت یان غەیری موسوڵمان، بەڵگەیان ئەوەیە کە کەفارەتەکە سزایەکی داراییە تاوانباریش دەبێ تەحەممولی ڕەفتارە هەڵەکەی بکات و زیانەکە ببژێرێت کە داوێتی.

ئیمامی مالیك دەفەرموێ: لەسەر غەیرە موسوڵمانان نییە، چونکە کەفارەتدان خواپەرستییە.

ئیمامی ئەبو حەنیفە دەفەرموێ: لەسەر غەیری موسوڵمانی باڵغ نییە، چونکە موسوڵمانی باڵغ بەم شەرعە دەدوێنرێت، غەیرە موسوڵمان بەم خواپەرستییەوە پابەند ناکرێت، کەفارەتیش خواپەرستی و سزایە.

### * ڕۆژووگرتنی کەفارەت:

ڕۆژووگرتنی دوو مانگ لەسەر یەك کەفارەتی بەدیلی سزای کوشتنەکەیە کە ئازادکردنی کۆیلەیەکی موسوڵمانە. کاتێك ئەم سزایە ڕادەپەڕێنرێت کە بکوژەکە کۆیلەیەکی موسوڵمانی دەست نەکەوێت ئازادی بکات یان هەبێت بەڵام ئەم لە توانایدا نییە بیکڕێت و ئازادی بکات. ئەگەر دەستی کەوت، یان توانای کڕینی هەبوو ئەوەیان دەکات نەك ڕۆژووگرتنی دوو مانگ لەسەر یەك.

## ٤- مەحرووم بوون لە میرات:

مەحرووم بوون لە میرات سزایەکی ئیزافییە کە بکوژێکی پێ سزا دەدرێت کە حوکمی کوشتنەوەی بە سەردا دراوە. بەڵگەی ئەم سزایە ئەو فەرموودەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) تێیدا دەفەرموێ: (ليس للقاتِلِ مِنَ الميراثِ شيءٌ)[1] واتە: بکوژ (قاتڵ) هیچ شتێکی لە میرات بەر ناکەوێت. هەروەها کە دەفەرموێ: (ليس لِقاتِلٍ ميراثٌ)[2] واتە: بکوژ میراتی بەرناکەوێت.

شەرعناسان دەربارەی مەحرووم بوون لە میرات زۆر ڕاجوێ بوون:

ئیمامی مالیك ڕای وایە کە تەنها کوشتنی بەئەنقەست دەبێتە مایەی مەحرووم بوون لە میرات، ئەگەرچی بکوژەکە منداڵ یان شێتیش بێت.

ئیمامی ئەبو حەنیفە ڕای وایە کە ئەگەر کوشتنەکە ڕاستەوخۆ لە بکوژەکەوە بێت نەك هاوکار و ئاسانکار، هەروەها مەرجە بکوژەکە ژیر و باڵغ بێت، کەوابوو لەسەر شێت و منداڵ نییە.

لە مەزهەبی شافیعیدا لە هەموو حاڵەتێکدا بکوژ مەحرووم دەبێت لە میرات، جۆری کوشتنەکە هەر جۆرێك بێت؛ بەئەنقەست بێت یان بەهەڵە حوکمەکە ناگۆڕێت، یان بکوژەکە گچکە بێت یان باڵغ، یان ژیر بێت یان شێت.

مەزهەبی ئیمامی ئەحمەد ئەوەیە کە کوشتنی نامسۆگەر ڕێ لە میراتگری ناگرێت، وەکو کوشتنێك کە بەهۆی بەرگری لەخۆکردندا قەومابێت، یان کوشتنێك کە هەقساندنەوە بووبێت، ئەو کاتە بکوژەکە لە میرات گرتن مەحرووم دەبێت گچکە بێت یان گەورە.

---

(١) ئەبو داود (٤٥٦٤) بەدرێژی هێناویەتییەوە، نەسائیلە (السنن الكبرى) (٦٣٦٧) لەفزەکەش هی ئەوە.

(٢) ابن ماجه (٢٦٤٦)، شێخی ئەلبانیش بە سەحیحی داناوە.

## ٥- مەحرووم بوون لە وەسێت:

مەحرووم بوون لە وەسـێت سـزایەكی ئیزافییە، بەڵگەش لەسـەری ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) كە دەفەرموێ: (لَيْسَ لِقَاتِلٍ وَصِيَّةٌ)[1] واتە: بكوژەكە مەحرووم دەبێت لە وەسێت. هەروەها: (ليسَ لقاتلٍ شيءٌ)[2] واتە: قاتڵ هیچی نادرێتێ.

شەرعناسان لە لێكدانەوەی ئەم دوو فەرمووده و چۆنییەتی چەسپاندنیدا ڕاجوێ بوون:

لە مەزهەبی مالیكیدا: كوشـتنی بەهەڵە بكوژەكەی لە وەسـێت مەحرووم ناكات، بەڵام هەندێكیان دەفەرموون: لە كوشـتنی بەئەنقەسـتدا لە وەسـێت مەحرووم دەبێت. هەندێكیتریان دەفەرموون: كاتێك مەحرووم دەبێت كە كوژراوەكە وەسێتی بۆ بكوژەكەی كردبێت دوای تاوانەكەی كە دەیزانی ئەو كردویێتی یان ئەگەر وەسێتەكە پێش كوشتنەكە كرابێت و كوژراوەكە ڕازی بێت بە مانەوەی وەسێتەكە وەكو خۆی.

ئەمما ئیمامی ئەبو حەنیفە دەفەرموێ: بكوژەكە لە وەسـێت مەحرووم دەبێت لە هەموو جۆرێكی كوشتن، مادام كوشتنەكە ڕاستەوخۆبێت و دەستدرێژییەك بێت كە باڵغ و ژیرێك ئەنجامی دابێت، بەڵام ئەگەر میراتگرانی وەسێتەكە ڕێگایان بە بكوژەكەدا، دروستە. بەڵام ئەبو یوسف دەفەرموێ: دروست نییە، ئەگەرچی میراتگرەكانیش ڕێگایان پێ دابێت.

لە مەزهەبی شافیعی و حەنبەلیدا دوو بۆچوون هەیە:

یەكەمیان دەفەرموێ: وەسێت بۆ بكوژ نییە. پاشان خاوەنی ئەم بۆچوونە لەوەدا ڕاجوێ دەبنەوە كە ئەگەر میراتگرانی وەسێتەكە ڕێگایان دا بكوژەكە مەحرووم نەبێت، هەندێكیان

---

(١) دارەقوتنی (٤٠٠٧) و بەیهەقی (السـنن الصـغیر) (١٨٢٠) و تەبەڕی لە (المعجم الأوسـط) (٨٥٠٧)، بەڵام لە سـەنەدەكەیدا كەسێكی وەلكراو (متروك)ـی تێدایە، شێخی ئەلبانیش بە (موضوع)ـی داناوە.

(٢) ئیمـامی مالیك (٢٥٣٦)، ئەحمەد (٣٤٨)، بەیهەقی لە (السـنن الكبرى) (٦/٢٢٠)، وe ئیبنو ماجە (٢٦٤٦) نزیك لەم لەفزەی گێراوەتەوە، شێخی ئەلبانیش لە (إرواء الغلیل) (٦/١١٥) دەفەرموێ: إسنادە ضعیف.

دەفەرموون: مەحرووم ناکرێت و ئەوانی تر دەفەرموون: مەحرووم دەکرێت.

دووەمیــان دەفەرموێ: هەموو کاتێك وەســـێت بۆ بکوژ جائیزە، جا میراتگران ڕازی بن یان نا.

## بڕگەی سێیەم:
## سزای کەفارەتەکان:

کەفارەت: سزایەکی دیاریکراوی گوناحکردنە کە بە ئومێدی پاکبوونەوە لێی دەدرێت یان دەکرێت. کەفارەت لە ئەسڵی خۆیدا خواپەرستییە، چونکە بریتییە لە ئازادکردنی کۆیلە یان خۆراکدان بە هەژار و نەداران یان ڕۆژوو گرتنەوە. ئەگەر کەفارەت کەوتە ڕەفتارێك مانای ئەوە نییە کە ڕەفتارەکە تاوان بووە، نا. بۆ نموونە ئەگەر کەسێك نەیتوانی لە ڕەمەزاندا بەڕۆژوو ببێت فەرزە لەسەری کەفارەتی بدات، کەفارەتەکەش ژەمە خۆراکێکی هەژارێکە. هەروەها ئەگەر بوو بە سزایەکی ئیزافی تاوان وەکو تاوانی کوشتنی بەهەڵەدا؛ کە بکوژەکە دەبێت دوو مانگ لەسەر یەك بەڕۆژوو بێت، ئەمە خواپەرستیە، هەر وەکو کە سزاشە، بۆیە بەم سزایە دەوترێت سزا خواپەرستییەکان (العقوبات التعبّديّة).

جۆر و ڕادە و بڕی کەفارەت شەرع دیارییکردوون، هەر وەکو کە ئەو تاوانانەی بە کەفارەت سزا دەدرێن دیاریکراون کە ئەمانەن:

١- بەتاڵکردنەوەی ڕۆژوو.

٢- بەتاڵکردنەوەی ئیحرامپۆشی.

٣- سوێند لێکەوتن (شکاندنی سوێند).

٤- سەرجێیی (جیماع) کردنی لە کاتی سووڕی مانگانە (حەیز)دا.

٥- سەرجێییکردن لە کاتی زیهاردا[١].

---

(١) ئەسڵی کەفارەتەکە لەسەر خودی زیهارەکەیە نەك لەسەر سەرجێییکردن لە کاتی زیهاردا. (زادی)

٦- سزای ئیزافیی کوشتنی ناهەق.

کەفارەتەکە بۆ هەموویان یەك نییە، کەفارەتی هەر یەکەیان لە جۆر و ڕادە و بڕ و چۆنیەتی ئەداکردنیدا بە پێی جۆری تاوانەکان دەگۆڕێن، بۆیە جیاوازن.

دەشێت کەفارەتەکە سزای ئیزافی بێت و خرابێتە سەر سزا ئەسڵییەکەی تاوان، وەکو لە حاڵەتی کوشتنی بەهەڵەدا، سزای خوێندانەکەش دەکەوێتە سەر بکوژەکە و ڕۆژوو گرتنیش کە کەفارەتێتی، هەردووکیشیان شەرع دیارییکردوون و دەسکاری ناکرێن. دەشێت کەفارەتەکە ببێتە سزای ئەسڵی -وەکو لە حاڵەتی زیهاردا- و سزایەکی تەمێکردنیشی بێتە سەر.

ئەو کەفارەتانەی شەرع بە سزای جینائی دایناون بریتین لە: کۆیلە ئازادکردن و خۆراك و پۆشاکدان بە هەژار و نەدار و ڕۆژووگرتن:

١- کۆیلە ئازادکردن: واتە کڕینی کۆیلەیەك و سەربەستکردنی.

٢- خۆراکدان بە هەژار و نەدار: ئەم جۆرە کەفارەتە بە گوێرەی جۆری تاوانەکان دەگۆڕێت، بۆ نموونە: کەفارەتی سوێند لێکەوتن خۆراکدانە بە دە کەسی هەژار. بەتاڵکردنەوەی ڕۆژووی ڕەمەزان (بە سەرجێیی کردن (جیماع) ئەگەر نەیتوانی کۆیلەیەك ئازاد بکات) شەست ڕۆژە، بڕی خۆراکەکەش بە قەدەر ژەمێکی نان خواردنی ماڵ و منداڵی خۆیەتی.

٣- پۆشاك بەخشین: بە دەق وەکو کەفارەت تەنها لە کەفارەتی سوێند لێکەوتندا هاتووە کە دەبێ پۆشاك بۆ دە هەژار دابین بکات (وەکو دە شەرواڵ، دە کراس و ...)، چونکە خوای گەورە لە باسی کەفارەتی سوێند لێ کەوتندا دەفەرموێ: ﴿فَكَفَّـٰرَتُهُۥٓ إِطۡعَامُ عَشَرَةِ مَسَٰكِينَ مِنۡ أَوۡسَطِ مَا تُطۡعِمُونَ أَهۡلِيكُمۡ أَوۡ كِسۡوَتُهُمۡ ﴿٨٩﴾﴾ المائدة: ٨٩ واتە: کەفارەتەکەی ئەوەیە خۆراك بداتە دە هەژارو نەدار لە جۆر و بڕی مامناوەندی ئەو خۆراکەی کە دەیدەنە ماڵ و منداڵی خۆتان،

یان پۆشاك پێدانیان.

٤- ڕۆژووگرتن: واتـه بـەڕۆژووبوونی تـاوانبـارەکـە. ئـەم کـەفارەتە لە کاتێکدایە کە نـەتوانێـت جۆری کـەفـارەتـەکـانی تر بـدات. بڕی ڕۆژەکـانی ڕۆژووگرتن بە پێی جۆری تـاوانەکان دەگۆڕێت. بۆ نموونە کەفارەتی ســوێند لێکەوتن ســێ رۆژ بەڕۆژووبوونە، کەفارەتی کوشــتنی بەهەڵە دوو مانگ بەڕۆژووبوونە، ئەوە بەڵگەنەویســتە کە کەفارەت سزای موسوڵمانە و بەس، چونکە خواپەرستییە و غەیرە موسوڵمان ناگرێتەوە.

## بڕگەی چوارەم:
## سزا دیاریکراوەکانی تاوانی تەمێکردن:

### * پێناسەی تەمێکردن (التعزير):

تـەمێکردن سـزایەکە کـە حەددی تێدا دیاری نەکراوە و مەبەسـت لێی ئەدەبدادانە، سزایەکە بۆ ئەو تاوانانەی دانراوە کە شەرع سزای دیاریکراوی بۆ دیاری نەکردوون.

تەمێکردن: کۆمەڵێك سـزای دیاری نەکراوە و چەندین جۆرە و بە چەندەها ڕێگا و بڕی جیاوازە، کە لەسـەرەتاوە بە ئامۆژگاری و ڕێ پێشـاندان دەسـت پێ دەکات، پاشـان بە سـەرزەنشـتکردن.. دەڕوات بەرەو زیندانکردن و جەڵدەلێدان.. بەردەوام دەڕوات تا دەگاتە کوشتنی، بێگومان لە تاوانی گەورە و سەخت و دژواردا. قازی سەرپشکە لە تەقدیرکردنی گەورەیی و دژواری یان گچکەیی و ئاسـانی تاوانەکە و هەڵبژاردنی سـزای بۆشـیاویدا. چونکـە نـەك هەر حاڵەتەکان جیاوازن بەڵکو حاڵەتەکانی یەك کەسـیش جیاوازن، وەکو تاوانێك کە کەسـێك بۆ سـێیەم و چوارەمین جارێتی -دوای سـزادانی- هەر دەیکاتەوە، بێگومان سزای دواتری سەختتر دەبێت.

سـزای تەمێکردن دەبێتە سـزای بەدیلی سـزای ئەسـڵی تاوانەکانی حەدد و تاوانەکانی هەقسـاندنەوە و خوێن ئەگەر نەدەتوانرا سـزا ئەسـڵییەکانی بە سـەردا بچەسـپێنرێت، هەر وەکو کە دەشێت سزای تەمێکردن ببێتە سزایەکی ئیزافی بۆ سزای ئەسڵی.

سیستمی سزادانی ئیسلامی قازیی ناچار نەکردووە کە هەر دەبێت لە سزای تەمێکردندا بۆ هەموو حاڵەتی کەسێکی تاوانبار هەر یەك جۆر و ڕادە و بڕی سزا بەکاربهێنێت، بەڵکو سـەرپشکی کردووە کە یەکێك یان دوو لەو سزایانەی بۆ تەمێکردن دانراون بکاتە بڕیاری حوکمی خۆی و بیـدات بە سـەر تاوانبارەکەدا، بەو بڕ و جۆر و چۆنیەتییەی کە خۆی وا

دەزانێـت دەبێتە ئەدەبدادان و چاکســازیی حاڵەت و دۆخ و خودی تاوانبار و پاراســتنی کۆمەڵگە لەو جۆرە تاوان و تاوانکارانە.

لە هەمان کاتدا کە قازی ئەم ســەربەســتییەی لەو بازنەیەدا هەیە کە دەتوانێت جۆر و ڕادە و بڕی ســزا و چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی فەرز بکات، ڕێ بە خەلیفە و نوێنەرانی دراوە کە بتوانن لـە تـاوانبـارەکە خۆش ببن، جا تاوانەکەیان بەرامبەر تاکێك کردبێت یان بەرامبەر کۆمەڵگە، ڕەچاوی خودی تاوانبارەکە و بارودۆخی کرابێت، یان ڕەچاوی جۆری تاوانەکە و حاڵەتی ئەنجامدانی تاوانەکەی یان حاڵەتی هەنووکەی دەوڵەتەکە.

## * جۆرەکانی سزای تەمێکردن:

شـەریعەتی ئیسـلامی لاری لەوە نییە کە سزای جۆراوجۆری تەمێکردن هەبێت، مادام مەبەسـتەکانی شـەرعیان پێ دێتەدی لە دادپەروەری و یەکسـانیی تاك و ئەمان و ئاشتی کۆمەڵگە و دەوڵەت.

گرنگترین ســزای تەمێکردن کە شــەرع بۆ ئەدەبدادان و پاراســتنی مافی تاکۆکۆی کۆمەڵگە و دەوڵەت دایناون ئەمانەن:

### <u>ا- سزای کوشتن:</u>

ڕێسـای سـەرەتایی و سەرەکیی تەمێکردن لە شەرعدا بۆ ئەدەبدادانە، بۆیە ئەگەر زانرا بە سـزایەکی سـووك و کەم ئەم مەبەسـتە دێتەدی نابێت سـزای قورس و زۆری بەرامبەر بەکاربهێنرێت (کەسـێك کە بە سـەرزەنشـتکردن تەمێ دەبێت پێویسـت بە جەڵدەلێدانی ناکات لەبەر چاوی خەڵکی). ناشـبێت بۆ تاوانی سـووك سـزای قورسـی کوشـەندە دیاری بکرێت. ئەسڵیش ئەوەیە کە کوشتن و بڕین سزای تەمێکردن نین، بەڵام زۆر لە پێشەوایانی شـەرع فەرموویانە: ئەگەر کوشتن بنبڕکردنی تاوانێك بێت کە لەبەرژەوەندی کۆمەڵگە و

دەوڵەت بێت جائیزە.[1] وەکو کوشتنی جاسووس و پێشڕەوی بیدعەچێتی و ئەو کەسەی فێری تاوانە گەورەکان بووە و کۆڵ نادات.

لەم حوکمەی دواییاندا (کوشتنەکە) ڕێ بە قازی نادرێت خۆی بڕیار بدات، بەڵکو دەبێت (دوای دادگایی کردن) مەلەفەکە بەرز بکاتەوە بۆ خەلیفە یان نوێنەری خاوەن ماف و دەسەڵات تا ئەو بڕیاری لەسەر بدات.

لە ڕاستیدا شەریعەتی ئیسلام بواری کوشتنی بەرفراوان نەکردووە، بۆیە کوشتن سزای چوار تاوانە لە تاوانەکانی حەدد و یەك تاوان لە تاوانەکانی هەقساندنەوە و خوێن، واتە شەرع لە پێنج حاڵەتدا ڕێگای بە کوشتن داوە و بەس.

## ٢- سزای جەڵدە لێدان:

جەڵدە لێدان لە سزا سەرەکییەکانە لە شەرعی ئیسلامدا، سزایەکە بە دەق دیاریکراوە، بۆیە بۆتە سزای تەمێکردنیش. بگرە جەڵدە لێدان لە سزای تەمێکردندا لە پێش هەمووانەوەیە و زۆر بە هەند وەرگیراوە بەتایبەتی لە تاوانە قورسەکاندا کە دژواری زۆرتریان بۆ تاك و کۆ لێدەکەوێتەوە، چونکە جەڵدە لێدان -کە ئازاری جەستە و چاو ترساندن و دەروون شکاندنە- کاریگەری لەسەر تاوانبار و خەڵکی سەرسەری زۆرترە، کە لەسەر تاوانکردن ڕاهاتوون و کردوویانە بە پیشە، بۆیە ژمارە و چۆنیەتیی جەڵدە لێدانەکە دەکەوێتە سەر بڕیاری قازی کە تەماشا دەکات ئەم تاوانە و ئەم تاوانکارە بە چەند جەڵدە دەشێت تەمێ ببێت و چەند و چۆن و چی لەگەڵ کەسایەتی لاسەنگیدا دەگونجێت؟!

جەڵدە لێدان لەو ڕووەشەوە زۆر گرنگە کە سزایەکە و ڕێ لە تاوان دەگرێت، لە هەمان کاتدا هیچ لەسەر دەوڵەت و بەیتولمال ناکەوێت، تاوانبارەکە زیندان نابێت، بە لێدانەکە پەکی ناکەوێت و نوقسان نابێت، کاری لێ ناسەندرێتەوە و بژێوی ماڵ و منداڵی

---

(١)- وەکو بەرهەمهێنی فیلمی جنسی کە دوای چەندین جار سزادان هەر بەردەوام دەبێت.

ناوەستێنرێت، لەبەرهەمهێنان ناوەستێت، سزاکە یەکسەر جێبەجێ دەکرێت، زیندان ناکرێت کە لایەنی سـلبیی زیاتری لێ دەکەوێتەوە، جگە لە نەمانی ئەو ئیجابیانەی سـەرەوە کە ئاماژەیان پێ درا؛ دێتەوە ناو ماڵ و منداڵ و سـەر کاسـبی و وەزیفەی، نەك (تەوقیف) بکرێت تا ڕۆژی ڕاپەڕاندنی سزاکەی، یان زیندانی بکرێت کە بە تەئکید تێکەڵ بە جۆرەها تاوانکاری دژوار دەبێت و شـارەزای بوار و چۆنیەتی تاوانکاری دەبێت، جگە لە دابەزینی ڕەوشـت و تەندروسـتی و لاسـەنگبوونی کەسـایەتی و بێزاربوون لە کاری شـەریفانە و نەکردنی.

شەرعناسان لە دیاریکردنی ئاستی باڵای ژمارەی جەڵدەدا راجوێ بوون:

- مەزهەبی مالیکی دەفەرموون: دیاریکردنی ئاسـتی باڵای ژمارەی جەڵدە دەگەڕێتەوە بۆ خەلیفە و دەسەڵاتدارانی، ئەوان دەتوانن ئیجتیهادی تێدا بکەن و بۆ هەر حاڵەتێك بڕێك دیاری بکەن.

- ئیمامی ئەبو حەنیفە و موحەممەدی کوڕی حەسـەن دەفەرموون: نابێت لە سـی و نۆ جەڵدە تێپەڕکات.

- ئەبو یوسف دەفەرموێ: تا حەفتا و پێنج جەڵدە بۆیان هەیە.

- لـە مـەزهـەبی شـافیعیدا سـێ بۆچوون هەیە: دوانیان وەکو ئیمامی ئەبو حەنیفەن، دەفەرموون: سـی و نۆ جەڵدەیە، سـێیەمیان دەفەرموون: دەشـێت بگاتە سـەد جەڵدە بە مەرجێك لە تاوانێکدا نەگاتە سزای حەدد کە بۆی دانراوە.[1]

- لـە مـەزهـەبی حـەنبەلیدا ڕاوبۆچوونی زیاد هەیە کە زۆرینەیان لەگەڵ ئەو بۆچوونە

---

(١) - واتە کە شـافیعییەکان دەفەرمون: سـزای شـەراب خواردنەوە چل جهڵدەیە، ناشـێت لە گومانی شـەڕابخواردنەوە یان ڕێ ئاسانکردنیدا بگاتە چل جەڵدە، ئەگەر بە ڕای سێ پێشەواکەی تریش بێت نابێت بگاتە هەشتا جەڵدە.

جیاوازانەی سەرەوەدا ڕێکدەکەونەوە جگە لە ڕایەکیان کە دەفەرموێ: نابێت سزای تەمێکردن لە دە جەڵدە زیاتر بێت لە هیچ حاڵەتێکدا. بەڵگەی ئەم شەرعناسانە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) کە دەفەرموێ: (لا يُجْلَدُ أَحَدٌ فَوْقَ عَشَرَةِ أَسْواطٍ، إلَّا في حَدٍّ مِن حُدُودِ اللَّهِ)[1] واتە: کەس لە غەیری سزایە حەددەکاندا کە خوای گەورە دیارییکردوون لە دە قامچی زیاتر لە کەس نەدا. ئەو ڕاجوێییە لەبەر ئەو فەرموودەیەیە، هەروەها لەبەر فەرموودەیەکی ترە کە دەفەرموێ: (مَن بَلَغ حَدًّا في غيرِ حَدٍّ فهو من المعتَدِينَ)[2] واتە: هەر کەسێك لە جەڵدهلێدانی سزادا گەیشتە ژمارەی جەڵدەی سزای حەدد ئەوە یەکێکە لە دەستدرێژکاران. تەنها مەزهەبی مالیکی ئەم فەرموودەیە ڕەت دەکەنەوە چونکە بەلایانەوە زەعیفە و حوکمی شەرعی پێ دەرناکرێت. فەرموودەکەی پێشووتریش لای ئەوانی تر قبووڵ نییە، چونکە دەفەرمون: لادراو (منسوخ)ە. بەڵام شەرعناسانی حەنبەلی قبووڵیانە.[3]

ئەو شەرعناسانەی فەرموودەی دووەمیان قبووڵە لە ئاستی باڵای ژمارەی جەڵدەکاندا ڕاجوێن کە ئایا بە قەدەر ژمارەی جەڵدەلێدانی کەسی سەربەست و ئازاد دەبێت یان بە قەدەر ژمارەی جەڵدە لێدانی کۆیلە؟!

## ٣- سزای زیندانکردن:

زیندانکردن لە شەرعدا دوو جۆرە: زیندانکردن بۆ ماوەی دیاریکراو و زیندانکردن بۆ ماوەی دیاری نەکراو.

---

(١) موسلیم (١٧٠٨)، بوخاری (٦٨٤٨).

(٢) بەیهەقی (١٨٠٤٠) بەڵام بە زەعیفی داناوە، شێخی ئەلبانیش لە (السلسلة الضعيفة) (٤٥٦٨) بە زەعیفی داناوە.

(٣) مەلیك عەبدوڵڵای کوڕی مەلیك عەبدولعەزیز مەلیکی سعوودیە کە لە (٢٠١٥)دا مرد سزای مورتەددی گۆڕی بۆ هەزار جەڵدە! کە لەسەر ڕۆژنامەنووسێکی عەلمانی چەسپێندرا، ڕۆژی سەد جەڵدە، ئەمە لە سێ لاوە مورتەدد بوونەوەیە: لادانی حوکمی شەرع، گۆڕینی حوکمی شەرع، هێنانی حوکمی تاغووتی هەواو هەوەس لە جێی شەرع.

**أ- زیندانکردن بۆ ماوەی دیاریکراو:** شــەریعەتی ئیســلام زیندانکردنی وەکو ســزای تــاوانی ئــاســایی دیاریکردووە کە مەبەســت لێی ئەدەبدادان و تەمێکردنە بۆ حوکمدانی تاوانی ئاسایی و تاوانبارانی سادە دانراوە، بۆیە دەشـێت بۆ ڕۆژێك بێت. شـەرعناسان لە دیـاریکردنی کۆتـا ماوەی زیندانکردندا ڕاجویێ بوون؛ هەیانە دەفەرمویێ: نابێت لە شــەش مـانـگ تێپـەڕکـات، هـەشــیانە دەفەرموێت: نابێت لە ســاڵ تێپەڕکات، هەندێکی تریان دەفەرموون: لێدەگەڕێت بۆ بڕیاری خەلیفە و نوێنەرە دەسەڵاتدارەکانی.

مەرجی ئەم سزایە وەکو مەرجی هەر سزایەکی ترە کە دەبێت مەبەست لێی ئیسڵاحکردن بێت، ئیســڵاحکردنی کەســەکە و کۆمەڵگە، ئەگەر وا گومان برا کە زیندانکردنەکە نابێتە مایەی چاکسازی کەسەکە، پێویستە حوکمێکی تری تەمێکردنی بۆ دەرچێت.

شــەریعەتی ئیسلامی زیندانکردنی پێ سزای سەرەکی نییە، سزایەکی زۆر لاوەکییە و تەنها بۆ تاوانە سووکەکان دەردەچێت. شەرع لەمەشدا پێچەوانەی سیستمە بەشەرییەکانە کە زیندانکردن زۆر بە سـەرەکی دەزانن و بۆ سـادەترین تۆمەت نەك تاوان چەندین مانگ زیندان دەکەن. تەنانەت زیندان دەکەن بەو بەهانەی گوایە دیراســەی تۆمەتەکە دەکەن.[1] لەبـەر ئـەمەیە کە لە وڵاتی ئیســلامدا ژمارەی زیندانکراوان زۆر کەم دەبێت پێچەوانەی وڵاتانی سەردەم کە بە ڕێژە دەوترێت (٣٦٪)[2] کەسی هاوڵاتی جارێك زیندان کراوە!! وەکو ئەمریکا و فەڕەنسا !!

توێژینەوەکان دەری دەخەن کە زیندانکردن کاریگەری لەســەر وەســتانی تاوان نییە، چونکـە لـە هـەموو کۆمـەڵگـەیـەکـدا تـاوانبـاران هـەر لـە زیادبووندان، زیاتر لە ڕێژەی پیشــەســازان! زینـدانەکانیش بوونەتە فێرگەی تاوان و جێگای شــارەزایی گۆڕینەوەی چۆنیەتی تاوان و دەربازبوون لە یاسـا! توێژینەوەکان ئەوە بە حەقیقەت دەخەنە ڕوو کە بە

(١) لە یاسای نەرویجدا داوەر بۆی هەیە تا سێ ساڵ، چوار هەفتە و هەشت هەفتە بۆ بەندکردن نوێ بکاتەوە!

(٢) جیا لەوانەی کە لە جارێك زیاتر زیندان کراون.

پێچەوانەوە هەزار کەســی چاك کە بە هەڵەیەك چوونەتە زیندان، وەکو تاوانبارەکانیان لێ هاتووە و خراپ بوون. ئەمە جگە لەو هەموو مەسرووفەی حکومەت دەبێ بیکات.[1] ئەمە جگە لە پەك خســتنی وزەی زیندانیان کە بەرهەم هێنانیان دەوەســتێت و فێری ســستی و تەممەڵی دەبن و خاو و خێزانیان ئیهمال دەکەن و وردە وردە لە خزم و کەسـوکار دادەبڕێن و لە کۆمەڵگەشـدا کارکەنار دەکەون، کە ئەوەندەی تر رقیان لە دەسـەڵات و کۆمەڵگە لا دروســت دەبێت جگە لـە کـاریگەری ســلبی لەســەر ڕەفتار و ڕەوشــت و چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ یەکتریدا.

لەبەر ئەمانەیە کە شەرع بوارێکی زۆر تەسکی بۆ زیدانکردن کردۆتەوە و کردویّتی بە سزای هەندێك تاوانکاری سەرەتایی، ئەویش بەو مەرجەی بۆیان ببێتە مایەی تەمێکردن و ئەدەبدادان.

**ب- زینـدانکردن بۆ مـاوەی دیـاری‌نەکراو:** ئەمە ســزای گەورە تاوانکارانە کە هیچ سـزایەکی پێشوو لە تاوانکردن نەیوەستاندوون. ئەمە بۆ ئەوانەیە کە خەتەرن و کۆمەڵگە لێیان هەراسـان بووە، لە دزی و خراپەکارییان، لە داوێنپیســی و شەڕفرۆشیان، لە لێدان و کوشـتن و بڕین کە سزا دیاریکراوەکان ڕاینەوەستاندوون. ئەمانە زیندان دەکرێن و ماوەی زینـدانیـان بۆ دیـاری نـاکرێـت مـەگـەر بـە تۆبەکردن و دەرکـەوتنی ســیما و ســیفەتی پـەشــیمـانبوونـەوە یـان بڕیـاری وازهێنـان لـە تاوان، کاتێك دەگاتە یان دەگەیێنرێتە ئەو قـەنـاعـەتە (و حکومەتیش کارێکی باشــی بۆ دەدۆزێتەوە) ئاوا ئازاد دەبێت، دەنا هەر لە زینداندا دەمێنێتەوە تا دەمرێت.

شەرعناسانی ئیسلام ئەمەیان پێش هەزار و قسوور ساڵ لەمەوبەر بڕیار داوە ئەگەرچی بە دەگمەن لەســەر  کەسـانێکی وا چەسـپێنراوە، ئەمە کە دەسـتوور و یاسـای بەشەری لە

---

(١) مەسروفی یەك رۆژی یەك زیندانی لە نەرویج (٢٠٠٠ دوو هەزار) کرۆنە کە دەکاتە ٢٥٠ یۆرۆ ڕۆژانە!

سـەدەی نۆزدەهەمدا گەیشتە ئەو قەناعەتە کە ئەمە چارەسەری ئەو حاڵەتە دژوارانەیە کە ئێستا بە جۆرەها شێوە کاری پێ دەکرێت.[1]

## ٤- دوور خستنەوە (نەفی کردن):

دوور خستنەوەی تاوانبار لە شوێنی سوکنای بۆ ناوچەیەکی تری نە دوور نە نزیك (٨٣ – ٨٥ کم) سـزایەکی ئیزافییە لە شەرعدا بۆ زیناکاری ڕەبەن (کە هاوسەری نییە) دانراوە. ئیمامی ئەبو حەنیفە ڕای وایە کە ئەمە سزای تەمێکردنە و لە سزا ئەسڵییەکە جودایە، بەڵام سێ پێشەوا بەڕێزەکانی تر پێیان وایە کە سزای پاشگری سزا ئەسڵییەکەیە کە لێدانی سەد جەڵدەیە لێی، بەڵام لە غەیری ئەم تاوانەی زینادا هەموو لەسەر ئەوە کۆن کە دوورخستنەوە سزای تەمێکردن (تعزیر)ە.

ئەم سزایە بە سەر کەسانێکدا دەدرێت کە چەندین جار تاوانیان کردووە و سزا دراون و مەترســی ئەوەیان لێ دەکرێت خەڵکی تر بهێننە ریزی خۆیان و فێری تاوانکارییان بکەن یان وزە و توانایان بۆ خۆیان لە تاوانکاریدا بەکاربهێنن.

زۆرینەی شــەرعناســان دەفەرموون: نابێت ماوەی دوورخســتنەوەکە لە ســاڵێك تێپەڕ بکـات، دوای ئەوە دەبێ خەلیفە یان نوێنەرانی نوێی بکەنەوە یان کات و شــوێنی تری بۆ دیـاری بکـەن. هەندێك لە شــەرعناســان دەفەرموون: دوورخراوە دەبێت لە ژێر چاودێری (موراقەبە)ی ڕەسمیدا بێت.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم ســزایەی بۆ کەســانێك دەر کردووە؛ کە دوو نێرەمووکی لە مەدینە دوور خســتەوە. هەروەها یاوەرانی بەڕێز لە دوای جەنابی؛ سەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێت) نەسری کوڕی حەججاجی لە مەدینە دوور خستەوە.

---

(١) لەو سـەخافەتانەی ئێسـتا لە یاسـا و دەسـتووری هەندێك وڵاتی وەکو ئەمریکا و ئوسـترالیا و ئیسـڕائیلدا هەیە، حوکمی کەسێك دەردەچێت بە دووسەد ساڵ و سێسەد ساڵ! یان بە چوار ئەبەدی و شەش ئەبەدی..

## ٥- لە سێدارەدان (هەڵواسین)[(١)]:

لـە سـێدارەدان سـزای جەردەیی و ڕێگرییە، هەندێك لە شـەرعناسـان دەفەرموون: لەسێدارەدان ئەوەیە کە دوای کوشتنی بە دارەوە هەڵبواسرێت تا خەڵکی ببینن، هەندێکی تریان دەفەرموون: پێش کوشـتنی هەڵدەواسـرێت، پاشـان دەکوژرێت، ئاوا پێناسـای (مصلوب)ـی بە سەردا دەچەسپێت.

شەرعناسان سزای لە سێدارەدان بە سزای تەمێکردن دادەنێن، بەڵام ئەگەر بوو بە سزای تەمێکردن کوشـتنی تێدا نابێت، نە پێش هەڵواسینی و نە دوایی، بەڵکو هەر بە زیندوویی بۆ مـاوەیەك هەڵدەواسـرێت و بەس، لە ماوەی هەڵواسـیندا ڕێی خواردن و خواردنەوە و دەسنوێژی لێ ناگیرێت، بەڵام دوای دەسنوێژ هەڵدەواسرێتەوە و نوێژەکانی بە ئاماژەکردن دەکات. شەرعناسان دەفەرموون نابێت لە سێدارەدان لە سێ ڕۆژ زیاتر بێت.

بەرگەی شەرعێتی لە سێدارەدان (هەڵواسین)ـەکە ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) حوکمی لەسـێدارەدانی کابرایەکی دا و بە داردا لەسـەر چیایەك هەڵواسـرا، بە ئەبوناب بەناوبانگ بوو.

ئەم سـزایە دیارە کە بەو شـێوەیەی لە کوشـتن و بڕین و جەڵدەلێدانی تێدا نییە، هەر سزایەکی بەدەنییە و مەبەست لێی تەمێکردنێتی بەوەی کە بەو شێوەیە دەناسێنرێت.

## ٦- سزای ئامۆژگاریکردن و کەمتر:

شەریعەتی ئیسلام ئامۆژگاریکردنی قازیی بۆ تاوانبار بە سزایەکی تەمێکردن داناوە، مادام هەسـت دەکات ئامۆژگاریکردنەکەی جێگا دەگرێت و تاوانبار لە دووپاتکردنەوەی ڕەفتارە نارەواکەی دەوەسـتێنێت. خوای گەورە ئەم جۆرە ئامۆژگارییەی بە دەقی قورئان بە سـزای

---

(١)- مەبەستمان ئیعدام کردنی نییە بە گوریس، بەڵکو هەڵواسینی بە دارێکەوە تا خەڵکی ببینن.

داناوه، کە دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّٰتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ ۞﴾ النساء: ٣٤ واتە: ئەو ژنانەی کە خاوەن مێردن و ترستان لەوە هەیە یاخی بن و بتۆرێن ئامۆژگارییان بکەن، تەقواکارییان بیر بخەنەوە و ڕاست و ڕەوایی هەڵوێستی شەرعییانەیان نیشان دەن.

لە شەریعەتی ئیسلامدا سزای لەمەش کەمتر هەیە بۆ تەمێکردن، چونکە هەندێك کەس هەر بەوەی ناوی بهێنرێت کە تاوانی کردووە دەست لەو تاوانەی هەڵدەگرێت، چ جای هێنانی بۆ بەردەست قازی کە سزایەکی ترە.

کاتێك ئەم سزایانە بڕیار دەدرێن کە قازی و پەیوەندیداران دڵنیابن کە کاریگەریی لەسەر ڕاگرتنی تاوانەکە دەبێت و تاوانبار لە مومارەسەکردنی دەوەستێنێت.

## ٧- سزای دەنگدابڕین لێی (الهجر):

ئەمیش یەکێکە لە سزاکانی تەمێکردن لە ئیسلامدا کە لە قورئاندا دەربارەی سزادانی ئافرەتی ناشیزە (یاخی و تۆراو) هاتووە کە دەفەرموێ: ﴿فَعِظُوهُنَّ وَٱهۡجُرُوهُنَّ فِي ٱلۡمَضَاجِعِ ۞﴾ النساء: ٣٤ واتە: ئامۆژگاریان بکەن، ئەگەر پارسەنگ نەبوونەوە جێی پێکەوە خەوتنیان جێ بهێڵن.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم سزایەی بەسەر سێ یاوەریدا دا بە هۆی دواکەوتنی ئەنقەستیانەوە لە غەزای تەبووك کە کەعبی کوڕی مالیك و مەرارەی کوڕی ڕەبیعە و هیلالی کوڕی ئومەییە بوون (خوا لێیان ڕازی بێت)، ماوەی پەنجا ڕۆژ هەموو موسوڵمانان دەنگیان لێ دابڕین و هیچ کەسێك قسەی لەگەڵدا نەدەکردن تا ئەو کاتەی ئایەتی قبووڵبوونی تۆبەکەیان هاتە خوارەوە کە دەفەرموێ: ﴿وَعَلَى ٱلثَّلَٰثَةِ ٱلَّذِينَ خُلِّفُواْ حَتَّىٰٓ إِذَا ضَاقَتۡ عَلَيۡهِمُ ٱلۡأَرۡضُ بِمَا رَحُبَتۡ وَضَاقَتۡ عَلَيۡهِمۡ أَنفُسُهُمۡ وَظَنُّوٓاْ أَن لَّا مَلۡجَأَ مِنَ ٱللَّهِ إِلَّآ إِلَيۡهِ ثُمَّ تَابَ عَلَيۡهِمۡ لِيَتُوبُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ۞﴾ التوبة: ١١٨ واتە: خوای پەروەردگار لە هەڵوێستی تاوانی ئەو سێ کەسە خۆش بوو کە خۆیان دوا خست و دەنگ لێ دابڕانیان وای لێ کردن ئەو زەمینە

بەرفراوانەیان لێ تەسك بۆوە و تەنانەت نەفسی خۆشیان تین و فشاری دەروونی لەسەر دروستکردن بەڵام هەر لەو باوەڕەدا بوون کە پەنایەك نییە غەیری پەنای خوایی، جێیەك بۆ مەئوا و سوکنا و هێمنی نییە غەیری داڵدەی خوایی، بۆیە هەر لە تۆبەکردندا بوون تا خوای گەورە تۆبەکەی لێ قبووڵکردن، تا زیاتر بە فەرمانی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەیەوە (ﷺ) پابەند بن، خوای گەورە زۆر تۆبەکردنی عەبدەکانی قبووڵ دەکات و زۆر بە بەزەییە بەرامبەریان.

سەیدنا عومەریش (خوا لێی ڕازی بێت) سزای (سەبیغی عیراقی) دا بە جەڵدەلێدانی تەمێکردن و دوورخستنەوەی و فەرمان دەرکردن بۆ ئەو ناوچەیەی بۆی نەفیی کرد کە دەنگی لێ دابڕن و کەس قسەی لەگەڵدا نەکات. هەروا مایەوە تا والی نامەی نووسی بۆ سەیدنا عومەر کە سەبیغ تۆبەی کردووە و وا نەماوە، ئینجا سەیدنا عومەر ڕێگای بە خەڵکەکە دا دابڕین کۆتایی بهێنن و قسەی لەگەڵدا بکەن.

## ٨- سزای سەرزەنشتکردن (التوبيخ):

سەرزەنشتکردن واتە سەرکۆنەکردن و شکاندنەوە یان تەریقکردنەوە و بەچاودادانەوە سزایەکی ترە لە شەریعەتی ئیسلامیدا بۆ تەمێکردن بۆ ئومێدی ئەدەبدادان دانراوە. کاتێك قازی وا گومان دەبات کە سەرزەنشتکردن بەسە بۆ سزادانی تاوانبارەکە، دەبێ بەوەندە بەسکات و نەچێتە سەر سزای تر.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاوا خەڵکی سەرزەنشت کردووە. ئەبو زەڕی غیففاری (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: (سَابَبْتُ رَجُلًا فَعَيَّرْتُهُ بِأُمِّه، فَقالَ لي النبيُّ (ﷺ): يا أبَا ذَرٍّ أعَيَّرْتَهُ بأُمِّهِ؟ إنَّكَ امْرُؤٌ فِيكَ جَاهِلِيَّةٌ)[١] واتە: جنێوم بە پیاوێکدا، تانەم بە هۆی دایکییەوە

(١) بوخاری (٣٠)، موسلیم (١٦٦١).

لێدا[1]. پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: تانەت بە هۆی دایکییەوە لێدا؟ تۆ کەسـێکیت هێشتا جاهیلییەتت تێدا ماوە (کە خەڵك ناساندنە بە ڕەشپێستی و سپیپێستی).

سـەیدنا عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف (خوا لێی ڕازی بێت) ناکۆکیی بۆ پەیدابوو لەگەڵ کۆیلەیەکدا لە خەڵکە ڕەشۆکەکە، ئەویش سکاڵاکەی بردە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)، لەوێ کە توورە بوو ڕووی کردە کۆیلەکە و وتی: (یا ابن السّـوداء - هۆ کوڕی ئافرەتە ڕەشـەکە)! پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆر توورە بوو، دەسـتی پاکی بەرز کردەوە و فەرمووی: (لَیس لابن بیضـاءَ علی ابن سوداء سلطان إلّا بالحقّ) واتە: کوڕی ئافرەتی سپی دەسـەڵاتی بە سـەر کوڕی ئافرەتی ڕەشـدا نییە مەگەر بە حەق. سـەیدنا عەبدوڕڕەحمان تەریق بووەوە و ڕوومەتی خستە سـەر ئەرزەکە و بە کۆیلەکەی فەرموو: پێت بخە سـەر سەرم تا ڕازی دەبیت.

## ٩- سزای هەڕەشەلێکردن:

هەڕەشـەلێکردنیش لە شـەرعدا سـزایەکی تەمێکردنە بەو مەرجەی هەڕەشـەیەکی درۆ نەبێت و قازی گومان ببات کە هەڕەشـەکەی جێ دەگرێت و لە ئەدەبدادانی تاوانکارەکەدا کـاریگـەر دەبێت. هەڕەشـەلێکردن وەکو ئەوەی قازی پێی بڵێ: ئەم جارە لێت دەگەڕێین ئەگەر تاوانەکەت کردەوە زیندان دەکرێیت، یان جەڵدەت لێ دەدرێت یان سزایەکی قورس دەدرێیت، هەروەکو کە دەشـێت سـزاکەی بۆ دەرکات و بڵێ: ڕاپەڕاندنی دەوەسـتێنرێت تا کاتێکی دیاریکراو یان هاتنەدیی مەرجێك.

## ١٠- سزای ناوزڕاندان (التشهیر):

نـاوزڕانـدن بە بڵاوکردنەوەی ناو و حوکمی تاوانبارەکە دەبێت بە ناو خەڵکیدا، ئەمەش

---

(١) کەسـەکە بیلالی حەبەشـی بوو (خوا لێی ڕازی بێت)، ئەبوزەڕ (خوا لێی ڕازی بێت) پێی وت: (یا ابن السـوداء) واتە: هۆ کوڕی ژنە ڕەشەکە.

سزایەکی تری تەمێکردنە، ئەم سزایە بەرامبەر ئەو کەسانە دەردەچێت کە شاهێدی درۆیان داوە یان لە شـاهێدیدا حەقیان شاردۆتەوە، یان لە رەفتاریاندا غەشکار بوون. لەسەردەمانی پێشـــوودا جارچی لـە بـازاڕدا ڕای دەگەیاند کە فڵانە کەس ســـزای ناوزڕاندنی دراوە و خەڵکینە لێی ئاگادار بن، بێگومان لەم سەردەمەدا بە ڕێگاکانی ڕاگەیاندن دەبێت لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و مێدیای تری نوسـراو، یان دەشێت بە پۆستەر چاپ بکرێت و لە شوێنە گشتییەکاندا هەڵواسرێت.

## II- سزای دارایی (غەرامەکردن):

شەرع سزای دارایی بە غەرامەکردن بۆ هەندێك تاوان داناوە کە لە ریزی سزاکانی تەمێکردنە، بۆ نموونە کەسێك کە سەبەتەیەك خورمای بدزیایە پێی دەبژێررا، واتە نرخەکەی لێ وەردەگیرا و سزایەکی تریش هەر پارەدان دەبوو کە بە قەدەر نرخی سەبەتە خورماکە دەبوو، واتە دووبەرابەری نرخی ماڵەدزراوەکە کە نرخی نەگەیشتۆتە ئەو بڕەی کە دەستی لەسەری ببڕرێت. ئەمە لە فەرموودەی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) هاتووە کە دەفەرموێ: (ومَن خرَج بشيءٍ منه فعليه غرامةُ مِثْلَيْه والعقوبةُ)[1] واتە: هەر کەسێك شتێکی کەسێکی حەشار دا دەبێ دووبەرابەری نرخەکەی بدات و سزاشی بدرێت.

ئـەم ســـزایـە زۆر ڕەفتـاری جیـاواز دەگرێتـەوە کـە هـەمووی دەچێتـە بازنەی تاوانی ســووکەوە، بۆ نموونە هەر کەسێك شتێکی بزربوو لە پەنایەکدا بۆ خۆی بشارێتەوە نرخی ئەو شـتەی دووبەرابەر لێدەسـێنرێت. کەسـێك ئەگەر زەکاتی نەدا، زەکاتەکەی و نیوەی ماڵ و سامانەکەشی لێدەسێنرێت.

لەگەڵ ئەمەشـدا پێشـەوایانی شـەرعناســی لەوەدا ڕاجوێ بوون کە ئایا غەرامەکردن

(١) ئەبو داود (٤٣٩٠)، نەسائی (٤٩٥٨)، ترمذی (١٢٨٩)، شێخی ئەلبانیش لە (صحیح الجامع) (٦٠٣٨) بە حەسەنی داناوە.

سزایەکی شەرعییە؟ ئایا دەشێت سزای دارایی بدرێت بە سەر تاوانبارێکدا؟ زۆرینەیان دەفەرموون: بێگومان بەڵێ. ئەوانەی گومانیان لە جائیزێتی سزای دارایی هەیە دەفەرموون: حوکمەکەی نەسخ بۆتەوە. هەروەها دەفەرموون: ڕێدان بەمە ڕێ بۆ دەسەڵاتداران خۆش دەکات ماڵ و سامانی خەڵکی موسادەرە بکەن و نایەکسانیش زیاتر دەکات، چونکە دەوڵەمەندەکان پێیان دەدرێت و هەژارەکانیش پێی هەژارتر دەبن. ئەوانەی کە لایەنگیری دەکەن دەفەرموون: ئەمە سزایەکی سووکی تاوانی بچووکە و دەرکردنی سزای واش دەگەڕێتەوە بۆ خەلیفە و بەرپرسانی دەسەڵاتی شەرعی کە زیاتر بەرژەوەندی هەموان ڕەچاو دەکەن.

لە شەرعدا جائیز نییە ئەگەر کەسێك سزای دارایی کەوتە سەر و نەییوو بیدات، زیندان بکرێت لەسەری، چونکە زیندانکردنەکە ئەوەندەی تر نەداری دەکات، بەڵام شەرع لاریی لەوە نییە کەسەکە لە کارگێڕی حکوومیدا ئیشی پێ بکرێت بە قەدەر ئەوەندەی پارەکە تەواو دەبێت، یان بەشێك لەوەی خۆی بۆ خۆی بێت کە ماوەی کارکردنەکەی زیاتر دەکات، بەڵام خۆشی بە ئیفلاسی نایاتەوە دەرەوە[١].

## ١٢- سزای تری تەمێکردن:

سزای تری تەمێکردن هەیە کە شەرع ڕەزامەندیی لەسەر دەربڕیوە کە تایبەتە بە هەندێك وەزیفە و بوارەوە:

**أ- دەرکردن لە وەزیفە:** کە لەسەر فەرمانبەران دەچەسپێنرێت.

**ب- مەحرووم بوون لە هەندێک ماف:** وەکو ڕێ نەدانی بە سەرکەوتن (تەرفیع) بۆ پلەی باڵاتری وەزیفە، یان ڕێ نەدانی بە شاهێدیدان، یان نەفەقە (مەسروف) نەکێشانی

---

(١) ئێستا لە وولاتە سەرمایەدارییەکاندا ڕەنجێکی زۆری زیندانی لە کارگەی خودی زیندانەکاندا سەرف دەبێت بەرامبەر پارەیەکی کەم، یان بێ پارە، هەر بۆ ئەوەی کاتی لێ بڕوات؛ وەکو ئەم زیندانەی منی لێم!

**جــــ- موسادەرە:** واتە لێ سەندن و بردنی کەل و پەل؛ وەکو موسادەرەکردنی ئامێری تاوان (چەك و سـەیارە و کۆمپیتەر و ...). هەروەها موسـادەرەکردنی ئەو شـتانەی حەرام بوون و گیراون لای کە زۆر شت دەگرێتەوە.

**د- لادان و ڕادان:** وەکو ڕماندنی خانوویەك کە بۆ خراپەکاری لە شـوێنێکی نەشـیاودا دروستکراوە، یان لادان و لابردنی ئامێری شەڕاب دروستکردن و پێك و کەل و پەلەکانی؛ وە هەروەها .

## بڕگەی پێنجەم:
## ڕاپەڕاندنی سزاکان:

ئەسڵ لە شەریعەتی ئیسلامیدا ئەوەیە کە سزاکانی تەمێکردن دەبێت خەلیفە جێبەجێیان بکات، بەڵام سزاکانی هەقساندنەوە دەشێت کەسە غەدرلێکراوەکە یان کەسوکارە سەرپەرشتەکانی بە دەستی خۆیان -بە پێی چەند مەرجێك- هەقی خۆی (خۆیان) بسەنەوە.

### * ڕاپەڕاندنی سزای حەددەکان:

شەرعناسان ڕایان لەسەر ئەوە کۆیە کە ڕاپەڕاندنی سزای حەددەکان دەبێ خەلیفە یان جێگرەکەی ڕایپەڕێنێت، چونکە مافی خوایە و لەبەرژەوەندیی کۆمەڵگەیە، بۆیە دەبێ بە نوێنەری کۆمەڵگەکە -کە خەلیفەیە- بسپێررێت. مەرج نییە ڕاپەڕاندنی ئەم سزایانە بە دەستی خودی خەلیفە یان جێگرەکەی بێت، مەرج نییە ئامادەش بێت، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئونەیسی نارد بۆ ڕاپەڕاندنی حەددێك و جەنابی تەشریفی نەبرد؛ فەرمووی: (وَاغْدُ يا أُنَيْسُ إلى امْرَأَةِ هذا، فَإِنِ اعْتَرَفَتْ فَارْجُمْهَا)[١] واتە: بڕۆ ئونەیس ئەگەر ژنی ئەم کابرایە ئیعتیرافی کرد کە زینای کردووە ڕەجم (بەردەباران)ی بکە. هەروەها کە (ماعز) (ناوی پیاوێکی یاوەرە) کە زینای کرد لەگەڵ (الغامدية) (ئافرەتێکی یاوەرە) فەرمانی دا بەردەباران بکرێت و جەنابی (ﷺ) خۆی تەشریفی لەوێ نەبوو کە ڕەجمیان کرد.[٢] هەروەها کە فەرمانی دا دەستی دزێك ببڕن، فەرمووی: (اذهبوا به فاقطعوه)[٣] واتە: بیبەن دەستی ببڕن.

---

(١) بوخاری (٢٣١٤)، موسلیم (١٦٩٧).

(٢) موسلیم (١٦٩٤)، ئەبوداود (٤٤٢٢).

(٣) ئەبوداود (٤٣٨٨)، نەسائی (٤٨٧٧)، بەڵام شێخی ئەلبانی لە (ضعيف النسائي) (٤٨٩٢) دەفەرموێت: (ضعيف)ـە.

مۆڵـەت وەرگرتن لـە خـەلیفـە بۆ ڕاپـەڕاندنی ســزای حەددەکان فەرزە، هیچ یاوەرێك لەسـەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) سزای حەددی بە بێ مۆڵەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕانەپەڕاندووە. هەروەها کەس سزای حەددێکی لەسەردەمی خولەفای ڕاشیدیندا (خوا لێیان ڕازی بێـت) ڕانـەپـەڕانـدووە بێ مۆڵـەتی ئـەوان، لەبـەر ئـەوەی پێغـەمبەری خوا (ﷺ) دەفـەرموێ: (أَرْبَعٌ إِلَى الْوُلاةِ: الْحُدُود وَالصَّــدَقَات وَالْجُمُعَات وَالْفَيْء) واتە: چوار ئەرك لەسـەر خەلیفەکانە: ڕاپەڕاندنی سـزای حەددەکان، زەکات کۆکردنەوە و دابەشکردنەوەی، نوێژی هەینی و وەرگرتنی فەی و دابەشکردنەوەی.

ئەم ڕێسا گشتییە کە دەبێت خەلیفە و جێگری سزا حەددەکان ڕاپەڕێنن ئەگەر کەسێك لە ڕەعییەتەکە بێ پرسـی ئەوان ڕاپیەڕاند بە دەستدرێژکار تاوانبار نابێت، بەڵام سزایەکی تەمێکردنی ئاسـانی دەکەوێتە سـەر لەسەر ئەوەی کە بێ مۆڵەتی خەلیفە یان جێگری ئەو کارەی کردووە. ئەمە ئەگەر سـزای کوشـتن یان بڕین بوو، ئەمما ئەگەر سزای جەڵدەلێدان بوویێت موحاسـەبە دەکرێت لەسـەری، بە تایبەتی ئەگەر زیان لە چۆنیەتی سـزادادانەکە کەوتبۆوە، چونکە ڕاپەڕاندنی سزای کوشتنەوە یان دەست بڕین لەسەر کەسێکە یان لەسەر ئەندامێکی جەستەی کەسێکە (دەستی یان قاچی...) کە خوێنی هەدرە، چونکە تاوانبارە بە کوشتنی ناهەق یان بە دزینی ماڵ و سامان.

## * ڕاپەڕاندنی سزای تەمێکردن:

ڕاپەڕاندنی سـزای تەمێکردن مافی خەلیفە و جێگرێتی، چونکە سـزاکە بۆ ئەوە دانراوە کـە بـەرژەوەنـدیی کۆمـەڵگـەکـە بپـارێزێـت، کۆمـەڵگە خاوەن مافەکەیە و خەلیفە بەو سـیفەتەی جێگری خەڵکەکەیە لە جێبەجێکردنی شــەرعدا ئەم سـزایە ڕادەپەڕێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەگەر لێخۆشبوونی تێدایە کەس لە ڕەعیەتەکە نابێت هەر لە خۆیەوە بڕوات و جێبەجێی بکات. بۆ نموونە ئەگەر کەسـێك لە عەوامی خەڵکەکە چوو کەسـێکی تری کوشـت کە سـزای تەمێکردنی کوشـتنی لەسـەر بێت، بە بکوژ (قاتڵ) هەژمار دەکرێت و

سزای وەر دەگرێت چونکە ئەوە ئەرکی ئەو نییە.[١]

### * ڕاپەڕاندنی سزای تاوانەکانی هەقساندنەوە:

ئەسڵ ئەوەیە کە ڕاپەڕاندنی ئەم جۆرە سزایانەش لێگەڕاوە بۆ خەلیفە، بەڵام مۆڵەت دراوە کە خاوەن خوێن یان خاوەن هەقەکە ئامادەی هەقساندنەوەکە بێت، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَمَن قُتِلَ مَظْلُومًا فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِۦ سُلْطَٰنًا فَلَا يُسْرِف فِّى ٱلْقَتْلِ ۖ ٣٣﴾ الإسراء: ٣٣ واتە: هەر کەسێك بە ناهەق بکوژرێت مافی هەقساندنەوەی خوێنیمان بە کەسوکاری داوە، بەڵام ناشێ لە کوشتنەوەدا زێدەڕەوی بکرێت. لەم ڕوانگەوە خاوەنی خوێن (کەسوکاری کوژراوە غەدرلێکراوەکە) بۆیان هەیە بکوژەکە بکوژنەوە، بەڵام دەبێت بە ئاگاداری و سەرپەرشتی خەلیفە یان جێگر یان نوێنەریان بێت، چونکە هەقساندنەوەکە بوارێکی ئیجتیهادکردنی بۆ ئەوان (خەلیفە و جێگری) تێدایە، ئەمە جگە لەوەی کە ڕاپەڕێنەرانی فەرمانی خەلیفە وەکو کەسوکاری کوژراوەکە نابن بە ڕق و قین و بەگیانی تۆڵەسەندنەوەوە بیکوژنەوە؛ کە لەوانەیە سنوور بەزاندنی تێدابێت. ئەگەر کەسوکاری کوژراوەکە بە دەستی خۆیان و بێ پرسی خەلیفە و نوێنەری هەقیان کردەوە، ئەگەر هەقساندنەوەکەشیان شەرعییانە بووبێت هەر لەو لایەنەوە تاوانبار دەبن کە بێ پرسی خەلیفە کردوویانە، بۆیە سزای (موفتەئیت) وەردەگرن، چونکە خەلیفە یان جێگر و نوێنەری دەڕوانتە شیاوێتی کەسوکاری کوژراوەکە لە ڕووی توانا و لێزانینی هەقساندنەوەکە بە ڕێکوپێکی. ئەگەر خەلیفە لەمە دڵنیا نەبوو فەرمانیان پێدەدات کە ڕازی بن (جەللاد)ی دەوڵەت سزاکە ڕاپەڕێنێت کە عادەتەن ئەو کارە ئەرکی ڕۆژانە (وەزیفە)یەتی و لە ڕاپەڕاندنیدا لێزانترە، کە دەشێت پسپۆڕی ئەو کارهێت و مووچەی لە بەیتولمالەوە لەسەر

---

(١) ئەگەر قازی و دادگا یان موفتی شیاو و لێوەشاوە فەتوای دابوو کە فڵان کەس حوکمی شەرعی کەوتۆتە سەر کە کوشتنێتی -بۆ نموونە دوای سەلماندنی کە مورتەدد بۆتەوە- بەڵام دەسەڵاتداران ئەم حوکمەیان بە سەردا نەچەسپاند؛ ڕەعیەتەکە بۆی هەیە بیکوژێت، چونکە سزاکە مافی خوای گەورەیە و دەبێت جێبەجێ بکرێت. لە ئەسڵیشدا ئەرکی کۆمەڵگەکەیە جێبەجێی بکەن.

ئـەوە بۆ دیـاریکرابێـت. ئـەمـەش سـەیر و نامۆ نییە چونکە وەزیفەیەکە کە ڕاپەڕاندنی ئەحکامی شەرعە و لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەکەیە.

ئەمما ئەگەر سزاکە لە کوشـتنەوە کەمتر بوو، ئیمامی مالیك و شـافیعی و هەندێك لە شـەرعناسانی حەنبەلییەکان دەفەرموون: دەبێت پسپۆڕێك ئەرکی هەقساندنەوەکە بگرێتە ئەستۆ نەك غەدرلێکراوەکە، ئەگەرچی بتوانێت و بشـزانێت چۆن هەقەکەی دەستێنێتەوە. چونکە لە لایەنی دەروونییەوە بە مەبەسـتی ڕق پێ ڕشـتن و تۆڵەلێکردنەوەی دەیکات و ئەگەر زیاد لە مافی خۆی سـەندەوە دەسـتدرێژکار دەبێت و دەبێت ئەمیش سزا بدرێتەوە، کە ئەم جارە تاوانبارەکە غەدرلێکراو دەبێت و هەق دەکاتەوە.. ئیتر ئاوا دەڕوات!!

بـەڵام ئیمـامی ئـەبو حـەنیفە دەفەرموێ: غەدرلێکراو ئەگەر دەیتوانی و دەیزانی هەقی خۆی بکاتەوە -لەپێشترە هەقی خۆی بکاتەوە-.

## * چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی سزای کوشتنەوە:

ئیمامی ئەبو حەنیفە دەفەرموێ: هەقسـاندنەوەی کوشتن هەر دەبێت کوشتنەوە بێت بە شـمشـێر، ئەگەرچی کوشـتنەکە بە شـمشێریش نەبووبێت. بەڵگەشی ئەو فەرموودەیە کە دەفەرموێ: (لا قوَدَ إلَّا بالسَّـيفِ)[1] واتە: هەقسـاندنەوە بە غەیری شـمشێر نابێت. ڕایەکی ئیمـامی ئەحمەدیش وایە. بە پێی بۆچوونی ئەم ئیمامانە ئەگەر کەسـوکاری غەدرلێکراو هەقی غەدرلێکراوەکەیان بە غەیری شـمشێر کردووە بە موفتەئیت هەژمار دەکرێن، چونکە مافی خەلیفەیان بۆ خۆیان زەوت کردووە، ئەگەرچی ڕاستە هەقەکەیان سەندۆتەوە.

ئیمـامی مالیك و شـافیعی و ڕیوایەتی دووەم بۆچوونی ئیمامی ئەحمەد ئەوەیە کە بکوژ

---

(١) ئیبنوماجە (٢٦٦٧)، بەیهەقی (٢٢٢/٣)، دارەقوتنی (١٠/٣)، وە ئیبنو ئەبی شەیبە (٢٧٧٢٤)، وە هەروەها (٢٧٧٢٢) بە لەفزی (لا قود إلا بحديدة) ڕیوایەتی کردووە، واتە: هەقسـاندنەوە هەر بە ئاسن دەبێت، یەکێك لە ماناکانی شمشێریش هەر (حديدة)یە. ڕیوایەتەکە هاوشێوەی تریشی هەیە؛ بڕوانە: (إعلاء السنن: ١٨/٨٠).

(قاتڵ) جێ‌حوکمه، حوکمه‌که به سه‌ر ئه‌ودا ده‌چه‌سپێنرێت، ئه‌و چۆن و به چی که‌سه‌که‌ی کوشتبێت هه‌ر به‌و چۆنیه‌تییه و به‌و ئامێره ده‌کوژرێته‌وه چونکه خوای گه‌وره ده‌فه‌رموێ: ﴿فَمَنِ ٱعۡتَدَىٰ عَلَيۡكُمۡ فَٱعۡتَدُواْ عَلَيۡهِ بِمِثۡلِ مَا ٱعۡتَدَىٰ عَلَيۡكُمۡۚ ١٩٤﴾ البقرة: ١٩٤ واته: هه‌ر که‌سێك ده‌ستدرێژیی کرده سه‌رتان ئێوه‌ش به‌و شێوه‌یه ده‌ستدرێژی بکه‌نه‌وه سه‌ر ئه‌و که ده‌ستدرێژییه‌که‌ی کردووه. هه‌روه‌ها ده‌فه‌رموێ: ﴿وَإِنۡ عَاقَبۡتُمۡ فَعَاقِبُواْ بِمِثۡلِ مَا عُوقِبۡتُم بِهِۦۖ ١٢٦﴾ النحل: ١٢٦ واته: ئه‌گه‌ر تاوانتان به‌رامبه‌ر کرا ئاوا سزا بده‌نه‌وه هه‌ر وه‌کو که تاوانه‌که کراوه. با سزاکه‌ش وه‌کو تاوانه‌که بێت (له‌وه‌دا که شیاوه و شه‌رعییه).

که‌وابوو خه‌لیفه بۆی هه‌یه به هه‌مان چۆنیه‌تی سزای تاوانبار (سزای هه‌قساندنه‌وه) بدات و به هه‌مان ئامێری به‌کارهێنراوه یان وه‌کو ئه‌و، ئه‌گه‌رچی مافی ئه‌وه‌شی هه‌یه شمشێری بۆ به‌کاربهێنێت، ئه‌گه‌ر چۆنیه‌تییه‌که ناشه‌رعی بووبێت وه‌کو ناچارکردنی که‌سێك له‌سه‌ر شه‌ڕاب خواردنه‌وه یان نێربازی، حه‌تمه‌ن ده‌بێت سزادانه‌که هه‌ر به شمشێر بێت.

## * مه‌رجه‌کانی ئامێری هه‌قساندنه‌وه:

مه‌رجه که ئامێری هه‌قساندنه‌وه‌که به‌کار بێت، کول و ژه‌نگاوی و خوار و که‌لێن تێکه‌وتوو نه‌بێت، تا نه‌بێته مایه‌ی ئه‌شکه‌نجه‌دان، چونکه یه‌کێك له مه‌رجه‌کانی هه‌قساندنه‌وه ئه‌وه‌یه که نابێت تاوانبار ئه‌شکه‌نجه بدرێت، ده‌بێت به ئاسانترین شێوه گیانی بکێشرێت، هه‌روه‌ها ده‌بێت ڕاپه‌ڕێنه‌ری سزاکه شاره‌زای کاره‌که بێت، چونکه پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) ده‌فه‌رموێ: (إِنَّ اللَّهَ كَتَبَ الإحْسَانَ علَى كُلِّ شيءٍ، فَإِذَا قَتَلْتُمْ فأحْسِنُوا القِتْلَةَ، وإذَا ذَبَحْتُمْ فأحْسِنُوا الذَّبْحَ، ولْيُحِدَّ أحَدُكُمْ شَفْرَتَهُ، فَلْيُرِحْ ذَبِيحَتَهُ)[1] واته: خوای گه‌وره ڕه‌فتارجوانیی له هه‌موو شتێکدا فه‌رز کردووه؛ ئه‌گه‌ر کوشتتان به شێوه‌یه‌کی جوان

(١) موسلیم (١٩٥٥).

بیکوژن، ئەگەر شتێکتان سەر بڕی بە شێوەیەکی جوان سەربڕینەکە ئەنجام بدەن، با ئەو کەسەی سەر بڕینەکە دەگرێتە ئەستۆ چەقۆکەی تیژ بکاتەوە تا سەربڕاوەکەی بحەوێنێتەوە.

## * ئایا دەشێت بە ئامێرێکی تری خێراتر بێت؟

لەبەر ئەوە شمشێر کراوە بە ئامێری سزادان چونکە کوشتنی خێرای پێ ئەنجام دەدرێت و زووتر تاوانبارەکە ڕوحی دەردەچێت پێی و کەمتر ئازار دەچێژێت، بەڵام ئایا دەشێت ئامێرێکی خێراتر لە شمشێر بەکاربێت؟

لیژنەی فەتوای ئەزهەر / میسر فەتوای دا کە ئەگەر ئامێرێکی تر هەبێت خێراتربێت لە شمشێر لە کوشتندا کە ئازار کەمتر بدات، لە ڕووی شەرعییەوە هیچ بەربەستێك لە ڕێی بەکارهێنانیدا نییە. ئەزهەر لە فەتواکەیدا دەفەرموێ: (لە لایەنی شەرعییەوە هیچ ڕێگرێك لە ڕێی ئەوەدا نییە کە سزا بە کورسیی کارەبایی یان مەقسەڵە[1] یان ئامێری تر ڕاپەڕێنرێت لەوانەی کە ئاسانتر و زووتر گیانیان پێ دەردەچێت، ئەمە ناچێتە ڕیزی لەتوپەتکردنی جەستەی مردوو (التمثیل بە)ەوە، ناشبێتە مایەی زیادکردنی ئازاری یان ئەشکەنجەدانی. کورسی کارەبایی کە بڕی قۆڵتیەکەی زیاتر دەکرێت زووتر گیانی پێ دەردەچێت، مەقسەڵەش خۆی ئامێری تیژی سەربڕینە و هیچیان نابنە مایەی زیاترکردنی ئازار.

## * چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی فرەسزا (چەند سزایەک لەسەر کەسێک):

ئیمامی مالیك دەفەرموێ: سەرەتا ئەو سزایەیانی بە سەردا دەچەسپێنرێت کە مافی

(١) مەقسەڵە ئامێرێکی تیژی سەربڕین بوو کە لە ئەورووپا بەکاردەهات، پارچە ئاسنێکی قورسی دەمتیژە و لە سەرەوە بە گوڕ دێتە خوارەوە و هەرچی لە ڕێیدا بێت دەیقرتێنێ. وەکو ئامێری کاغەز بڕینی چاپخانەکانە.

خوای گـەورەیـە کـە پـەیوەنـدیی بە ئەمان و بەرژەوەندیی کۆمەڵگەوە هەیە. پاشـــان ئەو سـزایەی بە سـەردا دەچەسـپێنرێت کە مافی خەڵکییە، بەڵگەی ئیمامی مالیك ئەوەیە کە مافی خوای گەورە هەر دەبێت بسەلمێنرێت و بچەسپێنرێت چونکە لێخۆشبوونی تێدا نییە، بەڵام ئەوەی مافی خەڵکییە بواری لێخۆشـــبوونی تێدایە، بەرژەوەندیی تاوانبارەکەش ئاوا دەخوازێـت. بە لای ئیمامی مالیکەوە گرنگ نییە کام سـزایەیان سـووکترە لەوی تریان؛ گرنگ ئەوەیە سزای مافی خوایی پێشتر ڕاپەڕێنرێت لەسەری.

ئیمامی ئەبو حەنیفە و ئەحمەد بە پێچەوانەوە وا دەبینن کە دەبێت سـزای مافی خەڵکی پێشتر بخرێت، بەڵام دەبێت ئەوە ڕەچاو بکرێت کە بە ئاسانترینیان دەست پێ بکرێت پاشان قورس، دوای ئەمە سزای مافی خوای گەورەی بە سەردا دەسەپێنرێت.

ئیمامی شـافیعی وا دەبینێت کە کامیان سـوکتر بوو ئەویان پێش دەخرێت: سـوکترین، ئینجا سـوکتر، ئینجا سوك پاشان قورس. بە سزای مافی خەڵکیش دەست پێدەکرێت (واتە مافی تاکەکان) پاشان سزای مافی خوایی (واتە مافی کۆمەڵگە).

## بڕگەی شەشەم:
## سزا ڕاپەڕاندن لەسەر نەخۆش و لاواز و سەرخۆش:

شـەرعناسـان لەسـەر ئەوە ڕاکۆن کە پێویستـە سـزا ڕاپەڕاندن لە حاڵەتەکانی غەیری کوشتنەوەدا دوا بخرێت ئەگەر تاوانبارەکە نەخۆش بوو، یان کاتەکەی گونجاو نەبوو، یان زۆر سەرما یان زۆر گەرمابوو، ئەمما لە سزاکانی کوشتندا چونکە مراندنێتی ئەمانە تێیدا ڕەچاو ناکرێت. هەندێك شـەرعناس دەفەرموون: سـزا ڕاپەڕاندنەکە دوا ناخرێت، بەڵام بۆی ئاسانتر دەکرێت تا نەبێتە قورسکردنی سزاکەی؛ وەکو سووکتر لێدانی جەڵدەکانی.

ئەمما سـەرخۆش؛ هەموو لەسـەر ئەوە ڕاکۆن کە چاوەڕێ دەکرێت بێتەوە هۆش ئینجا سزاکەی لەسەر ڕادەپەڕێنرێت.

### * سزا ڕاپەڕاندن لەسەر دووگیان:

لەسەرەتای هاتنی ئەحکامەکانی شەرعەوە ئوممەت لەسەر ئەوە ڕاکۆن کە هیچ سزایەك لەسـەر ئافرەتی دووگیان (حاملە) ناچەسـپێنرێت و چاوەڕوانی کۆتایی دووگیانییەکەی دەکرێت. چەسپاندنی حوکمی زیناکاری بە سەر (الغامدية)ـەکەدا ڕۆشنە، کە هاتە خزمەت پێغـەمبـەری خوا (ﷺ) و عـەرزی کرد کـە زینـای کردووە، پێغـەمبـەری خوا (ﷺ) پێی فـەرموو: (اذهبي حتّى تضـعـي حملتـكِ)[1] واتـە: بڕۆ تـا کۆرپەکەت دادەنێیت. هەروەها ریوایەتەکەی موعاز (خوا لێی ڕازی بێت) کە دەفەرموێ: (إنْ يَكُنْ لَكَ عَلَيْهَا سَـبِيلٌ، فَلاَ سَـبِيلَ لَكَ عَلَى مَا فِي بَطْنِهَا)[2] واتە: کە سـزات لەسـەر خۆی هەیە، خۆ سـزات لەسـەر کۆرپەکەی سـکی نییە. لەبەر ئەمەیە کە ڕاپەڕاندنی هەموو جۆرە سزایەك بەسەر ئافرەتی

---

(١)- موسلیم.

(٢) ئیبنو ئەبی شەیبە (٢٢٩١٢).

دووگیاندا قەدەغەیە، شەرعناسان لەسەر ئەمە ڕاکۆن، بەڵام لە هەندێ خاڵی پەیوەندیداری وردیدا ڕاجوێن:

ئیمامی شافیعی ڕای وایە کە ئەگەر گومانیش هەبوو لەوە کە دووگیانە یان نا، هەر دەبێ چاوەڕێ بکرێت تا دڵنیا دەبن کە دووگیان نییە، ئەگەر منداڵەکەشی بوو نابێت سزاکەی -ئەگەر کوشتنەوەی بوو- لەسەر بچەسپێنرێت تا دایەن بۆ منداڵەکەی دابین دەکرێت.

ئیمامی ئەبو حەنیفە دەفەرموێ: ئەگەر سزاکەی جەڵدەلێدانی بوو لێی نادرێت تا منداڵەکەی دەبێت و ماوەی زەیستانییەکەی تەواو دەبێت.

ئیمامی مالیك دەفەرموێ: زەیستانی نەخۆشییە، بۆیە دەبێ چاوەڕوانی تەواو بوون و چاك بوونەوەی بکرێت. ئەگەر کوشتنی لەسەر بوو چاوەڕێ دەکرێت تا دایەن بۆ کۆرپەکەی دابین دەکرێت، ئینجا دەکوژرێتەوە. ئەگەر دابین نەکرا چاوەڕێ دەکرێت تا بۆی پەیدا دەکرێت.

ئیمامی ئەحمەد دەفەرموێ: ئەگەر لە دوای تاوانەکەشی دووگیان بووبێت، هەر چاوەڕوانی دانانی کۆرپەکەی و دابینکردنی دایەنی بۆ دەکرێت، ئەگەرچی چاکتر و پەسەندترە (پیاوانە و جوامێرانەترە) بە کەسوکاری کوژراوە غەدرلێکراوەکە چاوەڕوانی ئەوەشی لێ بکەن تا منداڵەکەی لە شیر دەبڕێتەوە. ئەگەر دایەنی دەس نەکەوت بۆی حەتمەن دەبێت سزاکەی دواخەن تا لە شیر دەبڕرێتەوە هەر وەکو کە سزای دووگیان دوا دەخرێت تا کۆرپەکەی دادەنێت.

### * ئاشکرایی سزا ڕاپەڕاندن:

ئەسڵ لە ڕاپەڕاندنی سزا شەرعییەکاندا ئاشکراییەتی، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَآئِفَةٌ مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۝٢﴾ النور: ٢ واته: با كۆمەڵێك لە موسوڵمانان سزاكەیان (سزای زیناكارەكان) ببینن. سوننەتی پێغەمبەری خواش (ﷺ) وا جێبەجێ كراوە. سزاكە كوشتنەوە بێت یان سزاكانی تر هەروا دەبێت.

چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی سزا لە ئیسلامدا بۆ هەموو كەسێك وەكو یەكە، پلەو ئاست و ناو و وەزیفەی كەس ڕەچاو ناكرێت، هەر كەسێكیش سەرەنجامی ڕاپەڕاندنی سزای شەرعی لەسەری مرد، تەرمەكەی دەدرێتەوە بە كەسوكاری تا خۆیان چۆنیان ویست و لە كوێ خواستیان وا لەوێ بینێژن، چونكە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (اصْنَعُوا بِهِ مَا تَصْنَعُونَ بِمَوْتَاكُمْ)[1] واتە: وا لەویش بكەن كە لەگەڵ مردووەكانی خۆتانیدا دەكەن.

## * دووپاتكردنەوەی تاوان:

دووپاتكردنەوەی تاوان (كە لە پێناسەی یاسا و دەستووردا پێی دەوترێت (العَود)) واتە گەڕانەوە بۆ سەر تاوانەكە، كە بریتییە لە وازنەهێنان لە تاوانەكە، ئەگەرچی سزاشی خواردووە لەسەری. واتە پێی تەمێ نەبووە و سوورە لەسەر ئەنجامدانی تری. لە حاڵەتی دووبارەكردنەوەیدا سزاكەی لەسەر توندتر دەكرێت، ئەگەر هەر بەردەوام بوو لەسەر تاوانەكەی شەرعناسان ڕاكۆن لەسەر كوشتنی یان زیندانكردنی تا مردن، ئەمەش بە پێی بارودۆخێتی.

*************************************

(١) ئیبنو ئەبی شەیبە (١١٠١٤) لە (كتاب الجنائز)دا هێناویەتییەوە، لە سەنەدەكەیدا ئەبو حەنیفە هەیە و باقی پیاوانی سەنەدەكە پیاوانی سەنەدی فەرموودەی سەحیحن. ئەبو یوسفی قازی لە (الآثار) (باب الصید) (٥٢٩). مونذیر لە (الأوسط) لە (كتاب الجنائز) (٢٨٨٧).

ئاوا هاتینە کۆتایی بەند و باسی سیاسەتەکانی سیستمی ئیسلامی و لێرەدا کۆتایی بە باس و بابەتەکانی سیستمی جینائی هات. بەڵام حەز دەکەین بە وتەییێکی کورت کۆتایی پێ بهێنین:

دەکرا بابەتەکانی (سیستمی جینائی لە ئیسلامدا)مان بکردایەتە باسێکی تەفسیلی فیقهی دەستووری و لە ریزی یاسا و ڕێسای دەستووردا ڕاڤەمان بکردنایە. (وەکو مادده و بڕگەی یاسا و دەستوور)، بەڵام ئەوە تەفسیلاتێکی زۆر و جۆرە داڕشتنێکی تایبەت و ڕاوبۆچوونی ئیسلامی بەرامبەر هەموو بڕگەیەك دەخواست کە دەبوو ڕێسا و بنەما دەستوورییە ئیسلامییەکانیشیان لەگەڵدا بهێنرایانەوە، ئەوە دەکرا بەڵام لەگەڵ ڕەوتی ئەم کتێبەدا نەدەهاتەوە کە بە شێوەیەکی (سەرد) و یەك لە دوای یەکی باس و بابەتە گشتییەکانە. ئەم شێوازەی ئەم باسەشمان (سیستمی جینائی) پێ داڕشت هەر وەکو باس و بابەتەکانی پێشووتر بوو، تا لە ریزی (سیستمی ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی)[1]یەکەدا بێت کە هەرسێکیان پەیوەندیی جەوهەرییان پێکەوە هەیە. ئەگەرچی دەشکرا سیستمی جینائی بخەینە سەر کۆبەندی داهاتوو کە دەربارەی سزا خواییەکانە دەرهەق ئەو تاك و کۆیانەی ئیسلامیان قبوڵ نابێت و سەرڕاستانە پێوەی پابەند نابن، یان دەیخەنە کەنار و واز لە ئەحکامەکانی شەریعەتەکەی دەهێنن، ئەوەش دەکرا بەڵام پێم زەروری نەبوو، بەڵام با ئەوە بزانرێت کە هەموو باس و بابەتەکان لە هەموو سیستمەکانی (سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و جینائی و سزا خواییەکان) کە تاك و کۆی یاخییان دەگرێتەوە هەموویان تەواوکەری یەکترین، بە هەمووشیان وێنەی تەواوی حوکمڕانی ئیسلامی و ئاڕاستەی کۆمەڵگە و دەوڵەت نیشان دەدەن کە لایەنێکی ئیسلامەکەیە. بێگومان لایەنەکانی تریشی کە عەقیدە و خواپەرستی و پاڵفتەسازیی دڵ و دەروون و ئادابەکانە

(١) ئەمەش هەر بەشێکە لە کتێبی (الإسلام) کە مامۆستا کرێکار (خوای گەورە ئازادی بکات) ئەمیشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی بەناوی (بنەما ئیسلامییەکانی قیيەمی کۆمەڵایەتی)، بەڵام تا ئێستا بڵاونەکراوەتەوە، خوای گەورە ئاسانی بکات ئەمیش ئامادە بکرێت و بخرێتە خزمەت فێرخوازانەوە. (زادی)

لەگەڵ لایەنەکانی تری شـەریعەت و حوکمدا گشتگیرییەکەی ئیسلام نیشان دەدەن (بۆیە خوێنـدنی هـەموو باس و بابەتەکانی ئەم کتێبە پێویســـتە تا خوێنەر وێنایەکی ڕاســـت و دروستی دەربارەی ئیسلام هەبێت).

## پاشكۆ:

# دەزگاكانی دەوڵەتی ئیسلامی

لە باسەكانی ڕابردوودا بە شێوەیەكی گشتی سیما و سیفەتی كۆمەڵگە و دەوڵەتی ئیسلامیمان بینی كە لە سیما و سیفاتی كۆمەڵگە و دەوڵەتانی تر جیاوازە، چونكە دید و تێڕوانین و یاسا و بنەمای سیستمیان لێك جیاوازە، بۆیە ژیان لە ناو كۆمەڵگە و دەوڵەتی ئیسلامیدا جیاوازە وەك لە ناو كۆمەڵگە و دەوڵەتی تردا.

دەزگا تەنفیزی (ڕاپەڕاندن)ـەكانی دەوڵەتیش لە سیستمی ئیسلامیدا دیسان لە دەزگای تەنفیزی دەوڵەتانی تر جیاوازە. ئەگەر لە شكڵ و شێوازیشدا لە هەندێ سیفەتدا هاوبەش بن لە جەوهەردا زۆر جیاوازن، جگە لەوەی كە لە زۆریاندا لە شكڵ و ناوەڕۆكدا لێك جیاوازن. هەروەكو كە لە دیدوڕێ و ئامانجیشدا زۆر جیاوازن.

ئەو دەزگایانەی كە دەبێت بۆ پێكهاتەی دەوڵەتی داهاتووی ئیسلامیمان بیریان لێ بكەینەوە و نەخشەی هێنانەدییان دابڕێژین (إن شاء اللّه) دەشێت ئەمانە و بەم شێوە و چۆنیەتیانە بن:

١- چۆنیەتی هاتنە سەر كاتی دەسەڵاتدارانی وڵات و هەرێمەكان و چۆنییەتی دامەزراندنەوەی خیلافەت لێیاندا.

٢- چۆنیەتی دامەزراندنی دەزگای وەزارەتی هەر وڵات و هەرێمێك كە سەر بە جێگری خەلیفە دەبن.

٣- دانانی یەك خەلیفە كە دەسەڵاتی مەركەزیی بە سەر هەموو وڵات و هەرێمەكانی دارولئیسلامدا هەبێت.

٤- پێکهێنانی ئەنجومەنی شـورای خیلافەت کە لە نوێنەرانی وڵات و هەرێمەکان پێك دێـت، کـە مـافی ئـەوەیـان دەبێـت موحـاسـەبەی خەلیفە بکەن ئەگەر کەمتەرخەمیی لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیدا نواند.

٥- ئەنجومەنێکی وەزیران کە سەر بە خەلیفە بن.

٦- چۆنیەتی پێکهێنانی ئەو دەزگایانەی وڵات و هەرێمەکانی دارولئیسلام بە پایتەختی مەرکەزەوە دەبەستنەوە.

٧- دارشـتنی دەستووری گشتی هەر ویلایەتێك و دیاریکردنی چۆنیەتی پەیوەندیی بە پایتەختەوە، هەروەها دیاریکردنی ماف و ئەرك و دەسـەڵاتی هەر ویلایەتێك و گونجاندنی لەگەڵ ماف و ئەرك و دەسەڵاتی خیلافەتدا.

٨- پێکهێنانی سوپا کە خەلیفە دەبێتە فەرماندەی گشتی هەموو هێزەکانی، کە دەبێت بە بـەهێزترین توانـا و شـیـاوێتی دابمـەزرێت و بە تەواوی ڕێکوپێك بکرێت و بە فەرمانی خەلیفە ببزوێت و بسرەوێت.

٩- دامەزراندنی دەزگای بەرپرس لە بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسلامی لە جیهاندا، بە شێوەیێك کە بتوانێت وزەی داعیانی ئیسلام لە هەموو دارولئیسلامدا بەگەڕ بخات.

١٠- دارشـتنی دەسـتووری گشـتیی خیلافەت بۆ چۆنیەتی حوکم و ئاراسـتەکردنی ویلایەتەکان و چۆنیەتی سـۆراغ و لێپرسینەوەیان، لەگەڵ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندێتی دین و مەزهەب و دیدی ویلایەتەکان و جیاوازیە سروشتییەکانیان (زمان و ناوچە و ...).

١١- دامەزراندنی دادگای دەسـتووری گشـتی کە داوەری و یەکلاییکردنەوەی هەموو کێشـەیەکی نێوان ویلایەت و مەرکەز یان ویلایەتەکان لە ناو خۆیاندا بگرێتە ئەسـتۆ و ئەحکامەکانی ببێتە مەرجەعییەتی یاسـایی داوەریکردنی ویلایەتەکان لە چارەسـەرکردنی

کێشــە دەســـتوورییەکاندا، کە دەشــێت وەکو پێچەوانەکاری نێوان ویلایەتەکان -لە ناو یەکتریدا- دەرکەوێت، یان لە نێوان ویلایەتەکان و مەرکەزدا. هەروەها بۆ یەکلاییکردنەوەی هەر کێشەیەکی ناکۆکی تەبایی یان ڕاجوێیی یاسایی.

١٢- دامەزراندنی دادگای باڵای هەر ویلایەتێك کە وەکو دادگای دەســـتووری بێت و کێشەکانی یاساو دەسەڵات لەو ویلایەتەدا یەکلا بکاتەوە (سنووربەزاندنی دەسەڵاتداران و سکاڵا دژیان).

١٣- دامــەزرانــدنی دەزگــای چــاودێری ئیداریی گشـــتی مەرکەز و دەزگای چاودێری ئیداریی ویلایەتەکان و ســـکاڵا بەرزکردنەوە بۆ دادگای دەســـتووری هەرێمەکان، یان بۆ دادگای دەستووری مەرکەزی.

١٤- دامــەزرانــدنی دەســـەڵاتێکی خــاوەن مــاف کــە بتوانێــت خەلیفە ناچار بکات بە ئەحکامەوە پابەند بێت و بەرەو تاکڕەوی و ســتەمکاری نەڕوات، ئەم دەزگایە کاتێك دێتە مــەیـدانەوە کە خەلیفە بڕیاری دادگای دەســـتووری مەرکەزی قبوڵ نەبێت و بخوازێت بە ڕای خۆی بکات.[١]

************************

حــەز دەکــەین لێرەدا ئــامــاژە بــە خــاڵێــك بــدەین کــە زۆر دژاوار و کاریگەری خراپی لێکــەوتــەوە و بووە مــایــەی دارمــانی بارودۆخی زۆر وڵاتی موســـوڵمانان بە تایبەتی لەم ســـەدانەی دواییدا کە بریتییە لە ئیهمالکردنی پەروەردەبوون لەســـەر (ئەخلاقیاتی حزب اللّه)، بە تایبەتی لە بوارەکانی پەیکەری ئیداری و تەنزیمی و دیاریکردنی ئاســت و پلە و ماف و ئەرك و دەســەڵاتی هەر پلە و بەرپرسـێك، هەروەها دیاریکردنی ئەرکی چاودێری و

(١) بێگومان دەزگای تر ماوە، وەکو دەزگای ئەمنیەت و نەخشە و ئامار و موراقەبەی شەرعێتی یاسا و ... .

هەڵسەنگاندن و موحاسەبە و لادان و تەعینکردن و ڕاستکردنەوە. یان دیاریکردنی بزاوت و هەڵوێستی شیاو لە کەس و لایەن و ڕووداو و پەخشکردنی ئەمە وەکو بڕیار و ئاراستە. هەروەها دیراسات و توێژینەوە و گەیشتنە ئەنجامی ئەو پرسیارە: بۆچی سیستمی خیلافەت لە شوراوە چوو بۆ تاکڕەوی؟ ئایا ئەگەر ئا ئەو ریزبەندی و دیاریکردنی ئاست و پلەیەی کە لە نێوان یاوەراندا هەبوو کە پۆلی یەکەمی یاوەران (موسوڵمانبووانی سەرەتای وەحی، موهاجیران، یاوەرانی بەدر، ڕاوێژکاران، قورئانەوانان) ئەگەر ئا ئەمە لە نەوەکانی دوای یاوەراندا بەردەوام ببوایە ئایا حاڵی کۆمەڵگە و دەوڵەتی ئیسلامی دەگەیشتە ئەم حاڵەی پشێوی و لاوازی و پەرتەوازەییە؟!

ئا ئەو بەڵگەنەویستەی لای یاوەران بووبوو بە خواپەرستی و دینداری کە پۆلی یەکەمی موسوڵمانبووانی سەرەتای وەحی شیاو و شایستەن کە خەلیفە لە ناو خۆیاندا هەڵبژێرن و خەلیفەش والییەکانی لەوان دانێت، ئەگەر ئا ئەمە لە ناو ئوممەتدا بمایا، چما بارودۆخی موسوڵمانان ئاوا دەکەوتە نالەباری و ئاژاوە و دیارنەمان؟!

بە هەر حاڵ ئەوی ڕابورد ڕابورد، بەڵام بەرپرسێتی هەموومانە کە نەهێڵین بەردەوام بێت، نەهێڵین ئەو هێزە کاریگەرە دژوارانە دروست ببنەوە، نەهێڵین هۆکارەکانی داڕزانی کۆمەڵگە و دەوڵەت سەرلەنوێ دروست ببنەوە.

دەبێ بەرچاوڕۆشنانە، پارسەنگانە، دیندارانە پێ هەڵهێنینەوە و پەند و ئامۆژگاری لە هەموو ڕووداوێکی مێژوو بۆ داڕشتنی داهاتوومان وەرگرین. ئەمە ئەوە دەخوازێت کە بزاوت و هەڵوێستی کۆمەڵکاریمان، ڕێساکانی کارکردنمان، بە گەڕ خستنی وزە و توانامان هەمووی بەو شێواز و چۆنیەتییە بێت کە ئیسلام داوای کردووە. دەبێت هەموو ڕەفتارێکی کۆمەڵکاریمان بە شورا بێت، پەروەردەبوونمان لەسەر ڕێسا مەنهەجییەکانی خواناسی بێت، بیر و هۆشمان کراوە و وریا بین، بایەخمان بە زانستی شەرعی کەم نەکات و تێیدا بەردەوام بین (تا تەمەن تەواو دەبێت پێویستە زیاتر فێر ببین، خوێندنی زانستە

شەرعییەکان تەواو نابێت).

دەبێت کەسایەتی ئیسلامی زۆر چاك دابڕێژین، زۆر پتەو و پشوودرێژ، دەبێت لەو نموونە چاکانە کۆمەڵکاریمان دروست بکەین، لە کۆمەڵگەیەکەوە کە ئا ئەوە سیفەتی تاکەکانی بێت، دەوڵەتێکی ئیسلامی جیهانیمان بۆ دروست دەبێتەوە کە بە ئیزنی خوا دێتەدی و بە یارمەتی خوای گەورەش بەردەوام دەبێت.

*** *** *** *** ***

تەواو بوو الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِيْن

ئەمڕۆ(١٤٣٦/١١/٢ ك) بەرامبەر(٢٠١٥/٨/١٧ ز) سەعات دووی دوای نیوەڕۆ (١٤:٠٠) لە وەرگێڕانی ئەم بەشە گرنگەی کتێبی (الإسلام)ـــی شێخ سەعید حەووا (رحمه اللّه) بوومەوە کە (٢٨٧) لاپەڕەبوو لێی (٣١١-٥٩٨) بە ١٨ و ١٦ ڕۆژ (٣٤ رۆژ) تەواوم کرد والحمد للّه، لە زیندانی کۆنگس ڤینگەری نەرویج کە بۆ دووەم جارە لەســەر هەمان مەســەلە زیندان دەکرێمەوە کە گوایە هەڕەشـەی کوشـتن کردنە لە مورتەدد (هەڵمەت گۆران) کە بۆ سـوکایەتی قورئانی سـووتاند و لەسەر تەلەفزیۆنی (TV.2)ی نەرویجی تفی کردە قورئانەکە.

بە یارمەتی خوای تاك و پاك دەچمە ســەر کۆتا بەشــی کتێبەکە کە (البَابُ الرَّابع: مُؤَيِّدَاتُ الإِسْلَام)[1]ــە، ئەویش (١٥٠) لاپەڕەیە، ئومێدم بە یارمەتی خوای گەورەیە کە بە کەمتر لە (٢٠) ڕۆژ تەرجومەی بکەم؛ إِنْ شَاءَ اللَّه.

الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي بِنِعْمَتِهِ تَتِمُّ الصَّالِحَاتُ

اللَّهُمَّ أَسْلَمْتُ نَفْسِي إِلَيْـكَ — ووَجَّهْـــتُ وجْهـــي إِلَيْـــــكَ
وأَلْجَـأْتُ ظَـهْرِي إِلَيْــكَ — وفَــوَّضْـتُ أَمْــرِي إِلَيْـــــكَ
رَغْــبَةً ورَهْـــبَةً إِلَيْــكَ — لا مَلْجَا ولَا مَنْجَا مِنْكَ إِلَّا إِلَيْكَ
آمَنْتُ بكِتَابِكَ الذي أَنْزَلْتَ — وبِنَبِـيِّكَ الـــذي أَرْسَلْـــتَ

(١) ئەم بەشەی کتێبەکە چاپ و بڵاوکراوەتەوە بەناوی (زیانی وەلانانی ئیسلام لەسەر تاك و کۆ) کە لە پۆلی دووەمی ئامادەیی ئامەدی ئیسلامی ئەخوێنرێت، لەلایەن نوسینگەی تەفسیر چاپ کراوە الحمدلله. (زادی)

# ناوەڕۆک



| ژ.لاپەڕە | بـابـــــــەت |
|---|---|
| ٥ | پێشەکیی زادی: |
| ٧ | پێشەکیی نووسەر: |
| ١٩ | بەندی دووەم: سیاسەتی ئابووری |
| ٢١ | ڕێڕەوێك: |
| ٢٣ | ڕێسای یەکەم: ڕێساکانی خاوەنێتی لەئیسلامدا |
| ٢٥ | سێ بەڵگەنەویستی ڕوانگەی ئیسلامی بۆ ئابووری: |
| ٢٥ | بەڵگەنەویستی یەکەم: یەکسانیی مرۆڤ ئەستەمە: |
| ٢٧ | بەڵگەنەویستی دووەم: ناشێت خاوەنێتی بێ یاسا و سنوور بێت: |
| ٢٩ | بەڵگەنەویستی سێیەم: ناشێت دەوڵەت خاوەنی هەموو شتێك بێت و کۆمەڵگەش کرێکاری ئەو بێت: |
| ٣٢ | بڕگەی یەکەم: شێوازە ڕێگاپێنەدراوەکانی خاوەنێتی (چۆنیەتییە قەدەغەکانی): |
| ٣٢ | خاڵی یەکەم: سووخۆری (الربا): |
| ٣٧ | خاڵی دووەم: قومارکاری: |
| ٣٨ | خاڵی سێیەم: دزی و زەوتکردن و ماشینەوە: |
| ٤٠ | خاڵی چوارەم: حەرامێتی ئیستیغلالکردنی پلە وپایە و کاربەدەستێتی: |
| ٤٥ | خاڵی پێنجەم: حەرامێتی بەخاوەن بوون لە ڕێی ئیحتیکار (مۆنۆپۆڵ)ـەوە: |
| ٤٧ | خاڵی شەشەم: حەرامێتی پارەپەیداکردن بە گۆڕینی نرخ: |
| ٤٨ | خاڵی حەوتەم: پارەی شتی حەرام: |
| ٤٩ | خاڵی هەشتەم: بەکرێدانی شتی حەرام حەرامە: |
| ٥٠ | خاڵی نۆیەم: زەوتکردنی سامانی هەتیو و ئەوقاف: |
| ٥١ | خاڵی دەیەم: بەخاوەنبوونی موڵکی بەیتولمال بەخاتر و خۆتری ئەم و ئەو حەرامە: |
| ٥٧ | خاڵی یازدەیەم: مووچەی وەزیفەی نازەرووری حەرامە: |
| ٥٨ | خاڵی دوازدەیەم: پارەی غەشکاری حەرامە: |
| ٦٠ | خاڵی سێزدەیەم: پارەی ئیستیغلالکردنی موحتاجی خەڵك حەرامە: |
| ٦١ | خاڵی چواردەیەم: حەرامێتی نرخی فرۆشراوی نادیار و نەزانراو: |
| ٦٢ | خاڵی پازدەیەم: حەرامێتی پارەیەك کە بەگرێبەستی فاسد پەیدادەکرێت: |
| ٦٢ | خاڵی شازدەیەم: وەرگرتنی زەکات و خێر بێ ئەوەی موستەحەققی بێت حەرامە: |
| ٦٣ | خاڵی حەڤدەیەم: وەرگرتنی نرخی فرۆشتنی کاڵای فەوتاو حەرامە: |
| ٦٥ | خاڵی هەژدەیەم: پارەی فرۆشتن بەسوێندی درۆ: |

| | |
|---|---|
| بڕگەی دووەم: شێوازە ڕێگاپێدراوەکانی خاوەنێتی: | ٦٦ |
| خاڵی یەکەم: پێشبڕکـێی حەڵاڵ: | ٦٦ |
| خاڵی دووەم: گرتنی ماڵ و سامانی کافرانی شەڕانی: | ٦٨ |
| خاڵی سێیەم: وەرگرتنی ماڵ و سامانێك کە پێی حەڵاڵە: | ٧٠ |
| خاڵی چوارەم: ئاڵوگۆڕکردنی شەرعیانە: | ٧٠ |
| خاڵی پێنجەم: وەرگرتن بەرەزامەندی خاوەن پارە/سامانەکە: | ٧٠ |
| خاڵی شەشەم: پشکە میرات: | ٧٠ |
| بڕگەی سێیەم: مافی گشتی و مافی تایبەتی لەخاوەنێتیدا: | ٧٢ |
| خاڵی یەکەم: ماف لەسامانی زەکاتدا: | ٧٢ |
| خاڵی دووەم: زەکات لەسەر موسوڵمانانە، غەیری موسوڵمانیش جزیە و خەراجی لەسەرە: | ٧٣ |
| خاڵی سێیەم: موسوڵمانان دوو جەژنیان هەیە و دەبێت تێیاندا ببەخشن: | ٧٤ |
| خاڵی چوارەم: حەج لەسەر بەتوانا فەرزە: | ٧٥ |
| خاڵی پێنجەم: هاوسەرگیریش بەخشینی مارەیی دەوێت: | ٧٦ |
| خاڵی شەشەم: نەفەقە لەسەر مێردە: | ٧٦ |
| خاڵی حەوتەم: باجی دەوڵەتیش لەمافی دارایی و ساماندایە: | ٧٧ |
| خاڵی هەشتەم: بەخشین بەکەسی موحتاج: | ٧٨ |
| خاڵی نۆیەم: کەفارەتەکان مافن لەساماندان: | ٧٩ |
| خاڵی دەیەم: هەقدانی خوێن (قەتڵ): | ٧٩ |
| خاڵی یازدەیەم: کۆمەککردنی موسوڵمانان: | ٨٠ |
| خاڵی دوازدەیەم: کفن و دفنکردنی بێکەسان: | ٨٠ |
| خاڵی سێزدەیەم: مافی میوان و ڕێبواران: | ٨٠ |
| خاڵی چواردەیەم: مافی قوتارکردنی دیل لەسامانی تاکوکۆدایە: | ٨٢ |
| خاڵی پازدەیەم: جۆری تری مافی موسوڵمان لەسامانی تاکوکۆدا: | ٨٢ |
| بڕگەی چوارەم: ئەو بەربەست و سنوورانەی سەربەستی مرۆڤ لەڕەفتارکردنیدا بەسامانیەوە دەگرن: | ٨٤ |
| خاڵی یەکەم: حەرامێتی فەوتاندنی سامان: | ٨٤ |
| خاڵی دووەم: ئەوی خەڵکەکە پێویستێتی دەبێت بیفرۆشێت: | ٨٥ |
| خاڵی سێیەم: زیدەڕۆیی و ئیسراف کردن: | ٨٥ |
| خاڵی چوارەم: ڕەفتارکردن بەسامانەوە کە زیان بەخەڵکی تر نەگەیێنێت: | ٨٧ |
| خاڵی پێنجەم: بەرژەوەندیی گشتی دەخرێتە پێش مافی تاکێك: | ٨٩ |
| خاڵی شەشەم: ناچارکردنی خاوەن پیشە لەسەر کرێیەك: | ٩٠ |
| خاڵی حەوتەم: ناشێت ژن ڕەفتاری سەربەخۆ لەسێیەکی سامانیدا بێ مۆڵەتی مێردی بکات: | ٩٠ |
| خاڵی هەشتەم: ناشێت سنووری شەرع ببەزێنرێت لەپارە سەرفکردندا: | ٩١ |
| خاڵی نۆیەم: ئەو ڕەفتارانەی نابێت بیکات بەرتیلدانە: | ٩٧ |
| بڕگەی پێنجەم: چارەنووسی خاوەنێتی ماڵ و سامان لەئیسلامدا: | ٩٩ |

| | |
|---|---|
| خاڵی یەکەم: دەقی ئایەتەکانی میراتناسی: | ١٠٢ |
| خاڵی دووەم: دەقی فەرمووده لەسەر میرات: | ١٠٦ |
| خاڵی سێیەم: پشکەمیرات و خاوەنەکانیان: | ١٠٩ |
| خاڵی چوارەم: پشکەمیراتی کەسوکاری نزیك (العصبات): | ١١١ |
| خاڵی پێنجەم: کۆی میراتگرانی نێرینه و مێیینه: | ١١٢ |
| خاڵی شەشەم: ئەو حاڵەتانەی میرات بەر خزمه نێرینەکانی دەکەوێت: | ١١٣ |
| خاڵی حەوتەم: ئەو حاڵەتانەی میرات بەر خزمه مێیینەکان دەکەوێت: | ١١٤ |
| خاڵی هەشتەم: وەسێت: | ١١٩ |
| بڕگەی شەشەم: سیفەتەکانی ڕێسای خاوەنێتی لەئیسلامدا: | ١٢٢ |
| باسی دووەم: چارەسەری کێشه ئابوورییه کۆمەڵایەتیەکان: | ١٢٥ |
| ڕێڕەوێك: | ١٢٧ |
| بڕگەی یەکەم: ڕێساکانی زەکات: | ١٢٩ |
| بڕگەی دووەم: ڕێساکانی کەفارەت و خێر و خێرات: | ١٣١ |
| بڕگەی سێیەم: ڕێساکانی ئەوقاف: | ١٣٣ |
| بڕگەی چوارەم: ڕێساکانی مەسرووفکێشان (نەفەقە): | ١٣٥ |
| بڕگەی پێنجەم: ڕێساکانی پێنجەیەکی دەسکەوت (غەنیمەت): | ١٣٩ |
| خاڵی یەکەم: پێناسەی گشتی: | ١٣٩ |
| ١- دەسکەوتی جەنگ چۆن دابەشدەکرێت؟ | ١٤٠ |
| ٢- پێنجیەکی غەنیمەتەکە چۆن دابەشدەکرا؟ | ١٤١ |
| ٣- ڕاجوێیی له دابەشکردنی پێنجیەکەدا: | ١٤٤ |
| خاڵی دووەم: چەند تێبینییەك لەسەری: | ١٤٥ |
| بڕگەی شەشەم: ڕێسای ریکاز (کانزای ژێر خاك): | ١٤٧ |
| بڕگەی حەوتەم: دابینکردنی مووچه بۆ هەموو هاوڵاتییەکی داروئیسلام: | ١٥٢ |
| باسی سێیەم: واریدات و مەسرووفاتی بەیتولمال | ١٥٧ |
| ڕێڕەوێك: | ١٥٩ |
| بڕگەی یەکەم: واریداتی بەیتولمال: | ١٦١ |
| خاڵی یەکەم: خەراج: | ١٦١ |
| ١- پێناسه و ڕێسای خەراج: | ١٦١ |
| ٢- حوکمی زەویی خەراجی: | ١٦٩ |
| ٣- حوکمی کڕینی زەوی و عوشر له لایەن زیممیەوە چیه؟ | ١٧٢ |
| خاڵی دووەم: عشوور (گومرگ): | ١٧٤ |
| خاڵی سێیەم: واریداتی کانزاکانی ناخی زەوی: | ١٧٩ |
| خاڵی چوارەم: میراتی بێکەسان: | ١٨١ |
| خاڵی پێنجەم: موسادەرەی شەرعیانەی سامانی تاوانباران: | ١٨٢ |

| | |
|---|---|
| خاڵی شەشەم: جزیە: | ١٨٤ |
| خاڵی حەوتەم: باج دانان لە کاتی پێویستیدا: | ١٩٣ |
| خاڵی هەشتەم: مافی گشتیی دەوڵەتی ئیسلامی: | ١٩٧ |
| خاڵی نۆیەم: فەیئ: | ١٩٩ |
| خاڵی دەیەم: سزای دارایی تەمێکردن: | ٢٠٣ |
| خاڵی یازدەیەم: واریداتی موڵك و پڕۆژەکانی دەوڵەت خۆی: | ٢٠٤ |
| بڕگەی دووەم: مەسروفاتی بەیتولمال: | ٢٠٦ |
| خاڵی یەکەم: موچەی فەرمانبەران و زەمانەتی بژێویی هاوڵاتیان: | ٢٠٦ |
| خاڵی دووەم: بووجەی پڕۆژە گشتییەکان: | ٢١٠ |
| خاڵی سێیەم: دابەشکردنی بەیتولمال بەسەر هاوڵاتیاندا: | ٢١١ |
| باسی چوارەم: هەندێك لە مەبەستەکانی ئابووریی ئیسلامی: | ٢١٧ |
| ڕێڕەوێك: | ٢١٩ |
| بڕگەی یەکەم: سەربەخۆبوونی ئابووریی ئیسلامیی و بەسێتی: | ٢٢١ |
| بڕگەی دووەم: ئابووری و گەشەسەندن و ئاوەدانکردن: | ٢٢٤ |
| بڕگەی سێیەم: دابینکردنی داخوازییەکانی ژیانی خەڵکی: | ٢٢٦ |
| بڕگەی چوارەم: دابینکردنی پێداویستیەکانی ئوممەت: | ٢٢٨ |
| بڕگەی پێنجەم: ئابووریی ئیسلامی ئابورییەکی سەربازییە: | ٢٣٠ |
| بڕگەی شەشەم: نەزیاندان و نەزیانلێکەوتن: | ٢٣٢ |
| بەندی دووەم: سیاسەتی فێرخوازی و ڕاگەیاندن لە ئیسلامدا | ٢٣٥ |
| ڕێڕەوێك: | ٢٣٧ |
| باسی یەکەم: شارستانێتی ئیسلامیی و سیاسەتی فێرخوازی و ڕاگەیاندنی گونجاوی: | ٢٣٩ |
| بڕگەی یەکەم: ماهییەتی شارستانێتی ئیسلامی: | ٢٤١ |
| بڕگەی دووەم: هۆکارەکانی ڕاقیبونی شارستانێتی: | ٢٤٢ |
| بڕگەی سێیەم: تەنها ئیسلام بنەمای شارستانێـتی لوتکەیی هەیە: | ٢٤٣ |
| بڕگەی چوارەم: کامڵبونی داڕشتنی کەسایەتی مرۆڤ نیشانەی شارستانێتییە نەك پێشبردی تەکنەلۆژیا: | ٢٤٤ |
| بڕگەی پێنجەم: کلتوری ئیسلامی: بنەمای جێگیر و لق و پۆپی گەشەکارانە: | ٢٤٥ |
| بڕگەی شەشەم: بەرهەمی کلتوری ڕۆژئاوایی بۆ موسوڵمانان گونجاو نییە: | ٢٤٦ |
| بڕگەی حەوتەم: هێزو لاوازی مەدەنییەتی بە بەکارهێنانی ڕوکنەکانییەوە بەندە: | ٢٥٠ |
| بڕگەی هەشتەم: پێشکەوتن و دواکەوتن بە سیستمی حوکمەوە پەیوەست نییە: | ٢٥٢ |
| بڕگەی نۆیەم: قورئان و سوننەت و ئیجتیهادی پێشەوایان سەرچاوەی کلتووری ئوممەتن: | ٢٥٥ |
| بڕگەی دەیەم: ئیسلام و پێکهاتەکانی مەدەنێتی: | ٢٥٨ |
| بڕگەی یازدەیەم: هەبوونی پسپۆڕ لە بوارەکانی مەدەنێتیدا زەروورەتی بەهێزبوونەوەیە: | ٢٦٥ |
| باسی دووەم: سیاسەتی فێرخوازی و وزە بەگەڕخستنی کەسایەتیی ئیسلامی: | ٢٦٩ |
| بڕگەی یەکەم: وزەی مرۆڤ و بوارەکانی: | ٢٧١ |

| | |
|---|---|
| بڕگەی دووەم: ئامادەسازیی جەستەیی تاکەکان: | ٢٧٢ |
| بڕگەی سێیەم: ئامادەسازیی هزر و ژیری و گەشەی ڕۆحی: | ٢٧٤ |
| بڕگەی چوارەم: ئامادەسازیی پارسەنگانەی ڕەفتار و ڕەوشت: | ٢٧٧ |
| بڕگەی پێنجەم: بەگەڕخستنی وزەی مرۆڤەکان: | ٢٧٨ |
| بڕگەی شەشەم: سەلماندن و چەسپاندنی ئەم دید و تێڕوانینە مەنهەجییە: | ٢٨٠ |
| باسی سێیەم: زانست و تەکلیفی شەرعی و سیاسەتی فێرخوازی بەرامبەری: | ٢٨٣ |
| بڕگەی یەکەم: زانست و تەکلیفی شەرعی: | ٢٨٥ |
| بڕگەی دووەم: فەرزی عەین و فەرزی کیفایە لە فێربوونی زانستدا: | ٢٨٦ |
| بڕگەی سێیەم: ئەو زانستیانەی حەڕامن یان مەکرووهن: | ٢٩٠ |
| بڕگەی چوارەم: ئەو زانستیانەی ڕێپێدراون: | ٢٩٢ |
| بڕگەی پێنجەم: فێربوون سێ ئاستی دەوێت: | ٢٩٤ |
| باسی چوارەم: سیاسەتی فێرخوازیی ئیسلامی و گەشەپێدانی نێرینەیی پیاو و مێینەیی ئافرەت: | ٣٠١ |
| * گرنگ پێگەیاندنی ئافرەتی ساڵحە: | ٣٠٥ |
| * سیستمی فێرخوازیی ئیسلامی واقیعەکە ڕیشەیی دەگۆڕێت: | ٣٠٧ |
| باسی پێنجەم: سیاسەتی فێرخوازیی ئیسلامی و داڕشتنی پارسەنگی کەسایەتیی ئیسلامی: | ٣٠٩ |
| پاشکۆیەك دەربارەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە سیستمی ئیسلامیدا | ٣١٥ |
| بەندی سێیەم: سیاسەتی سەربازی | ٣١٩ |
| ڕێڕەوێك: | ٣٢١ |
| باسی یەکەم: تفاقی سەربازی (پێداویستیەکانی): | ٣٢٣ |
| باسی دووەم: مەشقی سەربازی و شارەزایی و شیاوبوون: | ٣٢٩ |
| باسی سێیەم: هێزی سەربازیی ئیسلامی بەرامبەر کێ بەکاردێت؟ | ٣٣٥ |
| باسی چوارەم: پەروەردەبوونێکی تایبەت: | ٣٤٣ |
| باسی پێنجەم: ناسینی دوژمن و خۆئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی: | ٣٦٥ |
| بەندی چوارەم: سیاسەتی جەزائی (سزادان) لە ئیسلامدا: | ٣٦٩ |
| ڕێڕەوێك: | ٣٧١ |
| باسی یەکەم: سەرنجدانێکی گشتی لە تاوان و سزا: | ٣٧٣ |
| پێشەکییەك: | ٣٧٥ |
| بڕگەی یەکەم: مەبەست و بنەما و بەشەکانی تاوان لە سیستمی جینائیی ئیسلامیدا: | ٣٧٧ |
| خاڵی یەکەم: مەبەستی سیستمی سزادان لە ئیسلامدا | ٣٧٧ |
| خاڵی دووەم: بنەماکانی تاوانبارکردن و سزادان لە سیستمی ئیسلامیدا | ٣٨٢ |
| خاڵی سێیەم: بەشەکانی تاوان: | ٣٨٥ |
| بەشی یەکەم: تاوان دژی کۆمەڵگە و بنەما سەرەکییەکانی: | ٣٨٥ |
| جۆری یەکەم: تاوانی حەدد (جرائم الحدود): | ٣٨٥ |
| جۆری دووەم: تاوانی هەقسەندنەوە و بڕی خوێن (جرائم القصاص والدیة): | ٣٨٧ |

| | |
|---|---|
| بەشی دووەم: تاوانی تەمێکردن (الجرائم التعزير): | ٣٩٠ |
| بڕگەی دووەم: ڕێسا سەرەکیەکانی سیستمی سزادان لە ئیسلامدا: | ٣٩٢ |
| ڕێسای یەکەم: مرۆڤ تا تاوانی لەسەر نەسەلمێت بێتاوانە: | ٣٩٤ |
| خاڵی یەکەم: هەڵەکردن لە لێبوردندا چاکترە لە هەڵەکردن لە سزاداندا: | ٣٩٥ |
| خاڵی دووەم: هەبوونی گومان سزادان رادەگرێت: | ٣٩٦ |
| ڕێسای دووەم: هیچ تاوان و سزایەك بێ هەبوونی دەقێك نابێت: | ٣٩٨ |
| ڕێسای سێیەم: ناشێت یاسای سزادان ئاسەواری (رەجعی)ـی لێبکەوێتەوە مەگەر لە دوو حاڵەتدا: | ٤٠٢ |
| ڕێسای چوارەم: هەموو نیشتەجێیانی دارولئیسلام لەبەردەم داوەریدا یەکسانن: | ٤٠٥ |
| ١- یەکسانی نێوان سەرۆکی دەوڵەت و تاکەکانی ڕەعییەتەکەیدا: | ٤٠٦ |
| ٢- سەرۆکی دەوڵەتە بێگانەکان: | ٤١٠ |
| ٣- پیاوانی سلکی دیپلۆماسی: | ٤١١ |
| ٤- ئەندامانی دەزگای یاسادانان (پەرلەمان): | ٤١٣ |
| ٥- دەوڵەمەند و هەژار: | ٤١٦ |
| ٦- ڕەچاونەکردنی کەسایەتی و پلە و وەزیفە: | ٤١٧ |
| ڕێسای پێنجەم: خەلیفەش بۆی نییە لێبوردن بۆ سزادراوی تاوانی حەدد دەربکات: | ٤١٩ |
| ١- لێبوردن لە تاوانەکانی حەدد (جرائم الحدود)ـدا: | ٤١٩ |
| ٢- لێبوردن لە تاوانەکانی هەقساندنەوە و خوێندا (جرائم القصاص والدية): | ٤٢٠ |
| ٣- لێبوردن لە تاوانەکانی تەمێکردندا: | ٤٢١ |
| باسی دووەم: دەربارەی تاوان: | ٤٢٣ |
| بڕگەی یەکەم: ڕوکنی شەرعیی تاوان: | ٤٢٨ |
| خاڵی یەکەم: دەبێ دەقەکە لە ساتەوەختی ئەنجامدانی تاوانەکەدا کارابووبێت: | ٤٢٨ |
| خاڵی دووەم: دەبێ دەقەکە حوکمی تاوانی شوێنێك بێت کە تاوانەکەی لێکراوە: | ٤٢٩ |
| خاڵی سێیەم: دەبێ دەقی حوکمەکە ئەو کەسە بگرێتەوە کە تاوانەکەی کردووە: | ٤٣٠ |
| خاڵی چوارەم: نابێت هۆکاری تەبریر یان هەلی ڕێپێدانی تاوانەکە هەبووبێت: | ٤٣٠ |
| * هۆکارەکانی تەبریر (هەنجەت) و هەلی ڕێپێدان: | ٤٣١ |
| ١- بەرگریکردن: | ٤٣١ |
| ٢- ئەدەبدادان: | ٤٣٦ |
| ٣- چارەسەری نەخۆشی: | ٤٣٨ |
| ٤- یارییەکانی سوارچاکی: واتە وەرزشکاری: | ٤٤٠ |
| ٥- بێ خوێنی (بەهەدەرچوون): | ٤٤١ |
| ٦- ماف و ئەرکی دەسەڵاتداران: | ٤٥١ |
| بڕگەی دووەم: ڕوکنی ماددیی تاوان: | ٤٥٧ |
| خاڵی یەکەم: توخمەکانی ڕوکنی ماددیی تاوان: | ٤٥٧ |
| خاڵی دووەم: بەشداربوون لە تاواندا: | ٤٥٨ |

| | |
|---|---|
| بڕگەی سێیەم: ڕوکنی ئەدەبی تاوان: | ٤٦٣ |
| خاڵی یەکەم: بەرپرسێتیی جینائی: | ٤٦٥ |
| خاڵی دووەم: کاریگەری نەزانین و هەڵە و بیرچوونەوە لە بەرپرسێتیی جینائیدا: | ٤٦٨ |
| خاڵی سێیەم: سزای ڕەفتاری حاڵاتی ناچاری و سەرخۆشی و شێتی و منداڵێتی: | ٤٧١ |
| ١- سزای ڕەفتاری ناچاربوون: | ٤٧١ |
| ٢- سەرخۆشی (مەست بوون): | ٤٧٨ |
| ٣- شێتی: | ٤٨٠ |
| ٤- منداڵێتی (گچکەیی): | ٤٨٣ |
| باسی سێیەم :دەربارەی سزا: | ٤٨٥ |
| بڕگەی یەکەم: سزا دیاریکراوەکانی تاوانی حەدد: | ٤٩٠ |
| ١- سزای زیناکردن: | ٤٩١ |
| ٢- سزای تۆمەتبارکردن بە داوێنپیسی (بوختانی بێ ئەخلاقی): | ٤٩٥ |
| ٣- سزای شەڕابخۆری: | ٤٩٦ |
| ٤- سزای دزین: | ٤٩٨ |
| ٥- سزای جەردەیی و ڕێگری: | ٥٠٠ |
| ٦- سزای پاشگەزبوونەوە لە دین: | ٥٠٠ |
| ٧- سزای یاخی بوون لە خەلیفە و دەسەڵاتی شەرعی: | ٥٠٢ |
| بڕگەی دووەم: سزا دیاریکراوەکانی تاوانی هەقساندنەوە و خوێن: | ٥٠٤ |
| ١- هەقساندنەوە: | ٥٠٥ |
| ٢- خوێندان (الدية): | ٥٠٨ |
| * کێ خوێنی کوشتنەکە دەدات؟ | ٥١١ |
| * بەرپرسێتیی میراتگران (العاقلة): | ٥١٢ |
| * بۆچی دەبێت خزمانی میراتگر هەقی خوێن بدەن؟ | ٥١٤ |
| ٣- کەفارەتدان: | ٥١٧ |
| ٤- مەحرووم بوون لە میرات: | ٥٢٠ |
| ٥- مەحرووم بوون لە وەسێت: | ٥٢١ |
| بڕگەی سێیەم: سزای کەفارەتەکان: | ٥٢٣ |
| بڕگەی چوارەم: سزا دیاریکراوەکانی تاوانی تەمێکردن: | ٥٢٦ |
| ١- سزای کوشتن: | ٥٢٧ |
| ٢- سزای جەڵدە لێدان: | ٥٢٨ |
| ٣- سزای زیندانکردن: | ٥٣٠ |
| ٤- دوورخستنەوە (نەفی کردن): | ٥٣٣ |
| ٥- لە سێدارەدان (هەڵواسین): | ٥٣٤ |
| ٦- سزای ئامۆژگاریکردن و کەمتر: | ٥٣٤ |

| | |
|---|---|
| ٧- سزای دەنگدابڕین لێی (الهجر): | ٥٣٥ |
| ٨- سزای سەرزەنشتکردن (التوبیخ): | ٥٣٦ |
| ٩- سزای هەڕەشەلێکردن: | ٥٣٧ |
| ١٠- سزای ناوزڕاندان (التشهیر): | ٥٣٧ |
| ١١- سزای دارایی (غەرامەکردن): | ٥٣٨ |
| ١٢- سزای تری تەمێکردن: | ٥٣٩ |
| بڕگەی پێنجەم: ڕاپەڕاندنی سزاکان: | ٥٤١ |
| * ڕاپەڕاندنی سزای حەددەکان: | ٥٤١ |
| * ڕاپەڕاندنی سزای تەمێکردن: | ٥٤٢ |
| * ڕاپەڕاندنی سزای تاوانەکانی هەقساندنەوە: | ٥٤٣ |
| * چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی سزای کوشتنەوە: | ٥٤٤ |
| * مەرجەکانی ئامێری هەقساندنەوە: | ٥٤٥ |
| * ئایا دەشێت بە ئامێرێکی تری خێراتر بێت؟ | ٥٤٦ |
| * چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی فرەسزا (چەند سزایەك لەسەر کەسێك): | ٥٤٦ |
| بڕگەی شەشەم: سزا ڕاپەڕاندن لەسەر نەخۆش و لاواز و سەرخۆش: | ٥٤٨ |
| * سزا ڕاپەڕاندن لەسەر دووگیان: | ٥٤٨ |
| * ئاشکرایی سزا ڕاپەڕاندن: | ٥٤٩ |
| * دووپاتکردنەوەی تاوان: | ٥٥٠ |
| پاشکۆ: دەزگاکانی دەوڵەتی ئیسلامی | ٥٥٣ |
| ناوەڕۆك | ٥٥٩ |

زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی